# پیاوە ناماقوڵەکان

# پیاوە ناماقوڵەکان

خالید مەجید فەرەج

تەنز

٢٠١٧

- ناوی کتێب: پیاوە ناماقوڵەکان
- نووسینی: خالید مەجید فەرەج
- بابەت: تەنز
- تایپ: نووسەر
- دیزاینی بەرگ: هەرێم عوسمان
- دیزاینی ناوەرۆك: هەرێم عوسمان
- چاپ: چاپخانەی سارا
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- ساڵی چاپ: ٢٠١٧ - سلێمانی
- نرخ: ٨٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (   ) ی ساڵی ٢٠١٦ ی پێدراوە

## قسەیەک کە دەبا بکرا

خالیـد مەجیـد فەرەج وەک نـاوێکی پڕشـنگدارە لە بـواری یاسـادا ، نـاوێکی دیـارو رووناکیبەخـشە لە جیهـانی نووسینیـشدا. مـن لە دەوری خوێنـدکاریەوە دەیناسـم کاتێـک کە رشـتەی یاسـای هەڵبژارد بـۆ ئەوەی چـالاکی خـۆی تێـدا بنـوێنێ . لە دوای دەرچـوونی لە دادگـا دامەزراو ئەمەش یارمەتیـدەری بـوو بـۆ ئەوەی تووشـی گەلێـک کێـشەی کۆمەڵایەتیی بێ و دواتر ببن بە هێوێنی گەلێک لە نووسینەکانی . ئەو لە سـەرەتادا بەرنـامەیەکی تەلەفیزیـۆنیی هەبـوو بـۆ وتـو وێـژو چارەسـەری کێـشە کۆمەڵایەتییەکـان ، چـونکە زۆر جـار بـاری خراپـی سیاسـی دەرهاویشتەی بارە خراپە کۆمەڵایەتییەکەیە و رەنگ دانەوەیەتی . دوای ئەوە گۆشـەیەکی دیـارو روونـاکی لە رۆژنـامەی خۆشەویستی کوردستانی نوێـدا داگیـر کـرد و خـوێنەرێکی زۆری بـۆ خـۆی راکێـشا ، چـونکە ئەو تەنیاکێـشە کۆمەڵایەتییەکانی بە رووتـی و وەک خـۆی پیـشان نەدەدا ، بەڵکو گەلێک جار ژیانی خۆی و هەندێک جار رووداوگەلێکیشی تێکەل بە کێشان دەکرد کە بە رای من وەکو رتووشێک وابوو کە وێنەگرەکان بـۆ وێـنەی کارەبـایی دەیـانکرد و جـوانییەکی بە وێـنەکە دەبەخـشی . ئەو کێـشە خەموروورژێنەکـانی تـێکەڵ بە تەنـز کـردووە ، واتە تێکەڵکردنـی گریـان و پێکەنـین ،یـان بەوتەیەکی دیـکە ئەوگـاڵتە بە گریـان دەکـات . هەروەها نووسینەکانی ئەو نووسەرە یاسانـاسـە لە یاسای وشک و رووت

دووردەکەوێـتەوە بەو رتووشــە جــوانی و گەشــییەک بە نووســینەکانی دەبەخـشێ و بەمەش خـوێنەر بـۆ خوێنـدنەوەی پەلکـێش دەکـات . مـن نـامەوێ بە نـاوی سـتایش و پێدا هەڵـدانەوە باسی کاک خالیـد بکەم ، بەڵکــو تەنیــا ئەوە دەڵــێم ، ئەو قەڵەمێکـی بە پێـزو راســتی دەرخەرو جوانیبەخـشە بە نووسـین و دەربـڕی پـاکی و رەوایـیـشە لە نووسـینەکانیدا هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ دەخوازم .

عەبدولکەریم شێخانی

## ئاوێنەکەی سەی شوکر

ئەوساڵە ئەورەحمان تەلەفزیۆنێکی کریبوو چووم بۆلای زۆر دڵی پێ خۆش بوو، وتی: حەمە سەعی برام ئەشەمبیللا لەم عێراقەیا دانەیەکی تری وای تیانیە، مارکەکەی ناشناڵە.وتم: کاکە ناشناڵ دەمێکە هاتۆتە عێراقەوە، وتی ئەمەی من عەلامەتەکەی جیایە، کاکە نەوعی نیە تۆ سەیری سافیی و جوانی رەسمەکەی کە.

ئەی چۆنت دەست کەوت؟ ئەمە هی ماڵی کابرایەکە سەفیر بووە لەخاریج هێناویەتی ویستویەتی زایەی کا ئیتر من بەهۆی ناوسیاوێکمەوە لەبەغا دراوسێیانە دەستم کەوت. بەدەم هەڵ قوڕانی چا شیرینەکەوە وتم: یاخوا موبارەک بێ، یەک سەلاجەشت هەر لەم ناشناڵە هەبوایە ئیتر بۆ خۆت قەپات بووی.

نیوەڕۆیەک لەلای مەیانی ماستەکەوە بینم هەر لەبەر خۆیەوە سێو دووی بوو، وتم: کاک ئەورەحمان ئەوەچیە واچویتە ژێری ئەڵێی نامان بینی ؟ وتی: کاکە وازم لێبێنە ماڵم کاول بووە، دوێنی ئیوارە بەملی شکاومان چووینە ماڵی براکەی مناڵیان بووە، تاهاتینەوە بۆ خۆی تەلەفزیۆنەکەیان بردووە، هەر خزم و ناسیاوە دەرگاکە نەشکاوە برا، تۆ چۆنی تێ ئەگەی؟ وەڵلا بڵێم چی، بێقەزابی تۆش لەهەرکوێیەک

دائەنیشتی ئیتر گوێت نەئەیا بەوەی کێ دانیشتوە کێ دانەنیشتووە، سەری زمان وبنی زمانت ئەم ناشناڵە بوو. بزانە کێ بیستویەتیەوە خۆی بۆ ناوەتەوە. ئەورەحمان: دەی بۆ خاتری ئەو قورعانەی وا لەو مزگەوتەیایە خێری لێنەبێنێ وا منی ئاوا خێر نەدیو کرد.

عەبو بەکر لەولاوە خەریکی لستنەوەی پەنجەی شەهادەتی بوو کردبووی بە مەنجەڵە ماستیکا تاقیئەکردەوە ئاخۆ چاکە تابیکرێ گوێی لێبوو وتی: کا ئەورەحمان هیچ دڵ لەدڵ مەیە وەرە ئێوارە ئەچین بۆلای سەی شوکر ئەو بەئاوێنە، دزی تەلەفیزیۆنەکەت بە ملەوەنی پیشان ئەیا!. هەردوکمان ئەبڵەق بووین، بەجووتە: چۆن چۆن! چاک، کاکە چەنەها دزیی ئاشکرا کردووە، وتم: کەی بچین؟ وتی: ئیوارە دوای نان خواردن ماڵەکەی لەخوار باخەکەی شێخ لەتیفەوەیە، ئەورەحمان لەخۆشیا پێی لەعەرزی نەئەکەوت (لەبەر خۆیەوە خوابکا نەیشکانبێ سەقەتی نەکردبێ چوونکە ئەو تەلەفیزیۆنە زۆر موتەتەوریرە دزی سەگباب ئێستا هەر لەخۆیەوە دەست بەدوگمەیا ئەنێ).

ئێوارە لەگەڵ ئەورەحمان چووین بۆ ماڵی عەبوو بەکر هەرسێکمان بەرەو ماڵی سەی شوکر غل بووینەوە لەدەرگامان یا مناڵێک کردیەوە عەبوو بەکر وتی: مام سەید لەوێیە؟ مام سەید زانی مشتەرین هەر لەکونی ژورەوە بەیەک هەنگاو گەیشتە بەرقاپی فەرموون وەرنە ژورەوە دانیشتین. عەبو بەکر:مام سەید گیان ئەورەحمان دۆستمەو دوێنی شەو دز چۆتە سەریان و تەلەفیزۆنە ناشناڵەکەیان بردووە خێرت ئەگا بەشکم سەیرێکی ئاوێنەکەی بۆ بکەی چەنیش ئەڵێی ئەیخەینە سەرچاومان.

سـەی شـوکر:بەسـیتە لەمنـاڵەکەی خـوڕی رۆڵە هەسـتە ئەو ئـاوێنەیە لەودیوە بیهێنە. ئاوێنە هات وتی: بەدەوریا دانیشین سەیریکەن بەڵام نابێ چـاو بتـروکێنن لەپێـشا ئەڵـقەیەک ئەبینـین و دوای ئەوە ئەبـێ بە نوختەیەکی رەش دوای ئەوە شتەکان دەرئەکەوێ.

هەرسـێکمان بەڵێ باشـە منـاڵەکەش لەگەڵمـان دانیـشت سێ چـوار دەقە زیاتر چاومان بڕیە ئاوێنە هیچمان نەدی مناڵەکە لەپڕ هاواری کرد: ئەوەهـات عەگال بەسـەرێکە حوشـترێکی پێیە!، ئەوە لەژێـر دارخورماکەیا حوشـترەکەی بەسـتەوە ئەوە دانیـشت، جەماعەت:هـیچ نـابینین وتـم: مـن بینیم! سەی شوکر: ئەڵحەمیللا دە چیت ئەوێ لێی بپرسە؟ وتم:(عمی الله یخلیک ماشایف بعیر)! مام ئەورەحمان: کاکە من تەلەفزیۆنم براوە نەک حوشـتر، : ئەزانـم بـراکەم بەڵام ئاوێنەکەی مـام سـەید کابرایەکی عەرەبی هێنـاوە هەزار سـاڵ کـۆنە ئەو قوربەسـەرە چـوزانێ تەلەفزیـۆنی ناشـناڵ چیە.

## ■ دانەکانی ئەسپ

فـرانس بیکـۆن ئەڵـی لەسـاڵی ١٤٣٢ دەمەقـاڵەیەکی گەرم لەسـەر ژمارەی دانەکانی ئەسپ ئینشیقاق ئەخاتە بەینی کۆمەڵێک برای دایک و باوکیەوە و سیانزە رۆژی رەبەق بە موناقەشەی فیکری بەحیدەت، هەتا ئەگاتە شـەرە بۆ کسیش یەک ئەهێنن ویەک ئەبەن.هەر لایەنەێکیش بۆ سـەلماندنی راستی بـۆ چـوونەکەی خـۆی کتێبێکی مێژوویی وەیـان ئـاینی نـامێنێ بەبەڵـگە نەیهێنێـتەوە، ئەڵـێن ئەو موناقەشـەیە لەروی فیکـریەوە ئەوەنـدە دەوڵەمەنـدبووە کە پێشتر لەوناوچەیە هیچ کەس موناقەشـەی لەوجۆرە پڕ لەزانیاریەی گوێ لێنەبووە.

قەشـەیەکی گەنـج لەنـزیکەوە ئاگای لەو هەرایە ئەبێ و پەیوەنـدیەکی باشی لەگەڵ گەورە قەشـەکانی خۆیا ئەبێ پێیان ئەڵێ: ئەگەر ئیجازە بەن منیش رای خۆم دەرئەبڕم؟ هەموو سـەریان لە جورئەتی ئەم قەشـە لاوە ئەسـوڕمێ چۆن ئەتوانێ بەشـدرای موناقەشـەیەکی فیکری ئاوا بێـت کە بەهێنـانەوەی دەیـان سـەرچاوە هێـشتا هەقی تەواوی خـۆی نەدراوەتـێ، ئـاخر هەرزەیەکی وا چی پێیە تـاکو بیخـاتە سـەر ئەو بیرو بۆچـوونە تێرو تەسـەلانەی ئێمە؟ قەشـە ئەڵێ: باشـە لەبری پەنا بردن بۆ کتێبە پیرۆز و مێژوویەکـان بـۆ دەمـی ئەسـپەکە نـاکەنەوە تـاوەکو خۆتـان دانەکـانی بژێرن؟.

هەردوو تەرەفی موخالیف کە گوێیان لەمە ئەبێت بەریچاویان تاریک دایە، هەست ئەکەن کە تاسەریەسقان کەرامەتیان بریندار بوو چۆن ناشیەکی ئاوا، جورئەت ئەکاو پێچەوانەی کتێبە موقەدەس و فەرمایشتە ئاینیەکان و بەبەکارهێنانی میکانیزمێکی نا موقەدەس بەدوای راستیا بگەڕێ وهەقیقەت بدۆزێتەوە؟ ئیتر هەردوولا ناکۆکیەکەی خۆیان بیر ئەچێتەوەو و بەشەق وشەپازلە ئەکەونە وێزەی قەشەی لاو. دوای چەن ڕۆژێک لەو فیتنە گەورەیەی کەخەریک بوو هەمویان بەهۆیەوە لەناو بچن، ئەگەنە نەتیجەیەک کە ئەڵێ: لەبەر ئەوەی لەهیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی یان لاهوتیا ئاماژەیەکی وا بە ژمارەی دانەکانی ئەسپ نەدراوە بۆیە بڕیار ئەیەن کە ئەوە نهێنیەکی موقەدەسە و نابێ چیتر کەس لەوە بکۆڵێتەوە.

ڕۆژێک حەمە ئاریان وتی: مامۆستا ئەزانی ئەم حیزبانەی خۆمان وتم نەوەڵلا چی ؟ وتی: نابێ تەداخولی ئیشی پارلەمانتاران بکەن. وتم وانیە برا لەهەموو وڵاتە دیموکراسیەکانی دنیا حیزبەکان لەرێگەی نوێنەرەکانیانەوە واتا ئەندام پارلەمانەکانان هەوڵ ئەیەن ئەو بەرنامەو وەعدو بەڵێنانەی کە بەجەماوەرەکەیان داوە جێ بەجێی بکەن. وتی کاکە وانیە، وتم: ئەمە قسەی خۆتە یان هی کەسێکی کە؟ وتی: مەعلوم هی کەسێکی روناکبیرە وتم ئەو روناکبیرە لەم شوێنەیا زانیاریەکەی کورتی هێناوە، وتی: چۆن کورتی هێناوە، جار نیە بانگی نەکەن بۆ سەر تەلەفزیۆن و چاوپێکەوتنی لەسەر مەسەلە گرنگەکان لەگەڵ نەکەن، جەنابیشت بۆ یەکجاریش نەمان بینی هیچ تەلەفزیۆنێک راوبۆچونێک

بەکلاوەکەی تۆ بپێوێ، ئیستا ئەو هەڵەیەو تۆ راستی؟ وتم: قسەی کەسمان بەراست وەرمەگرە بچۆ خۆت لەسەرچاوەکانیەوە زانیاری لەسەر وەرگرە وتی: روناکبیرێکی ئاوام هەبێ ئەچم سەیری سەرچاوە ئەکەم؟ ئەو خۆی سەرچاوەی هەموو شتێکە، بەڵایە، وتم دیارە زانیاریەکانی روناکبیرەت بەئەندازەی ژمارەی دانەکانی ئەسپ موقەدەسەو نابێ دەستکاری بکرێ؟ وتی کاکە تۆ رائەبوێری ئەسپی چی و دانی چی! وتم لەروناک بیرەکەت بپرسە ئەگەر زانیاری هەبوو پێت ئەڵێ، ئەگەر نەیشی بوو راوەستە تاوەکو ئەیخوێنێتەوەو تێ ئەگا ئەوجا رەنگە لەسەر تەلەفزیۆن باسیکاو تۆش ئیستیفادی لێبکەی.

## ▪ دۆستی کورد

میللەتانی ژێردەست ئەگەڕێن لەهەر قوژبنێکی دنیا یەکێک هەبێ بەحەرفێکیش لەسەر مەزلومیەتیان هاتبێتە دەنگ، بیدۆزنەوەو لانی کەم چەپکێ گوڵی بەدیاری بۆ بەرن. جۆرج گالەوەی کۆنە پارلەمانتاری بەریتانی بەدیانەت مەسیحی و بەرەگەز ئەوروپی-م لەبەرنامە تەلەفزیۆنیەکانا ئەبینی، دۆستێکی سەرسەختی فەلەستینیەکان بوو بەتایبەتی برادەرانی حەماس! بەجۆرێک داکۆکی لێئەکردن ئەتوت باپیرە هەرە گەورەی لەگەڵ سەلاحەدینی ئەیوبی خۆمانا پێکەوە دژ بە خاچ پەرستەکان جەنگاون. دواتر چوومە بنج و بناوانی ئەو سڕەوە زانیم ژنەکەی فەلەستینەو لەژێر کاریگەری ئەوا ئەو بەزمەی دەست داوەتێ! جاری واش هەیە خەڵکیک هەروەکو هەق بێژیان وەکو حاڵەتە ئینسانیەکە لەرەگەزو پێست و ئاینی خۆشت نیە، بەڵام داکۆکیەکی بێ ئەنازەت لێئەکاو رەنگە هەموو بەرژوەندیەکانی خۆشی بخاتە پێناوی ئەو مەسەلەیەوە کە بەهەقی ئەزانێ.

ئێمەش ناهەقامان نیە ئەگەر حەوت وولات ببڕین، بۆ ئەوەی بەدیداری دۆستێکی کورد شادبین و سوپاسی بکەین، ولانیکەمی پێزانینمانی بەدەعوەتێک یان کۆبوونەوە لەدەوری و نەختێک رەسمیشی بۆ یادگاری لەگەڵ بگرین و لەژێر ناوی چەن وێنەیەکمان لەگەڵ دۆستی

گەورەی میللەتەکەمـان بـڵاوی بکەیـنەوە. ئەوەشـمان بیرنـەچێـت لەو هەڵمەت بردنەمانا بۆئەوەی شـەرەفی یەکەمین کەسمان پێبڕێت کە ئەو دۆستەی بەسـەرکردۆتەوە رەنگە پێمان نابێ بەسـەر سنگی دەیان کوردی ئەسڵیی دایک و باوک کوردا، کە هەموو ژیانی خۆی بۆ ئەم گەلە بەخت کـردووە و بەسـەر گۆری دەیـان شـەهیدی ئەورێگەیەیا بێمـنەت بازمـان یابێ.

لەحەدیـقەی قاوەخـانەکە لەگەڵ کاک سـاماڵ دانیـشتبووین وتـی: ئەزانـی ئەوکـابرایە کێـیە کەلەگەڵ کـاک سـەردێڕ دانیـشتووە؟ وتـم: لەئەوروپـی ئەچێـت؟ وتـی: ئەڵـێن دۆسـتی کـوردە دەعـوەت نامەیـان بـۆ نـاردووە تـاوەکو لەنـزیکەوە چـاوی بەکوردسـتان بکەوێـت. وتـم: شـتێکی چاکیان کـردووە دیارە زۆر شتی بۆ کورد کـردووە، وتی: وەڵا رەنگە هیچی واشـی نەکردبێ تەنها لەئـاهەنگێکی نەورۆزا بانگیـان کردبێ، نەختێـک لەسـەرلا هەڵپەریبێ و دوای ئەوە بەلەمێـک بریانیـشی ئـاودیو کردبـێ ؟ چـاووم چـووە پـشتی سـەرم وتـم:ئەوسـاڵەش لەو ووڵاتە بـرادەران دەعـوەتێکی گەورەیـان لەسـەر شـەرەفی یەکێـک لەم دۆسـتانە کردبـوو دانیـشتبوو دۆڵمەی ئەخـوارد، پەلەپیـتەکەت لێبامـایە ئەتەقـیم. لەدڵی خۆما ئەم وت بزانە ئەو هەموو چەرمەسەری وخەباتە و هەڵدێرو بەفرو بارانی ئەو کوردستانە وپاتە لەسـەر پاتە درینەم بۆ ئەم کوردە، دودانە دۆڵمە و کولەیەکەیەک و پیازێکی پر لە برنجی تیا نەبوو! کاک ساماڵ وتی بۆ؟ وەڵا بێلم چی ئەیان وت کاکە ئەمە خواردنێکی فۆلکلۆری کوردەوای خۆمـانە(بـۆ زانیـاریش بەئەسـڵ کـوردی نـیە یۆنـایە) خێزانەکەی کـاک

خەیـرەدین بەتـایبەتی بـۆ ئەو دۆسـتە خۆشەویـستەی کـورد و ئەوانەی کەلەگەڵی هـاتوون دروسـت کـردووە، نەکا بەش نەکا تکایە لێی بەدور بن.

داخی برادەرێکیش لەوێ بوو ئەیوت من تەنها وتار لەسەر مەسائلی ستراتیژی ئەنووسم ئەوانەی تر هەمووی فشەیە کاک ساماڵ وتی: ئەو چی؟ ئەیـوت گەورەتـرین کێـشەی کـورد ئەوەیە کە دۆسـتی نـیە؟ منـیش وتـم کـاکە چـوونکە خەریکـی سـتراتیژیاتی هەر دور ئەبینی ئەهـا ئەوە دانەیەکە بەرانبەرمان دانیشتووە بە چەتاڵ دۆڵمە ئەخوا!.

## ▪ کۆلیسترۆڵ

سەدرەدین خەیاڵ بوو، باسی نەهێشتنی گەندەڵی و ئەو خەتەواتانەی کە خۆی بۆ ئەومەبەسەتە داینــاوە، ئەکرد و ئەیگوت ئەگەر ئەم پلانە جیهەتێکی موخلیس ئیشی پێبکا، بڕواتان هەبێ لەواعەی شەش مانگا ئەودیاردەیە ئەبێ بە مێژوو.

پێموت رۆژانە تا سەعات چەن دەوامتان هەیە؟ وتی: خۆی تا دووە، بەڵام کلاواتە وتم: چۆن کلاواتە. وتی: هەر تاقەتم نەبێ شتێک ئەدۆزمەوە وبەجێی ئەهێڵم. وتم: وەڵڵا لەئەوروپا یەک دەقە بەجێی بێڵی پارەی ئەودەقەیەت لێئەبڕن، وتی کاکە وازمان لێبێنە ئەمانیش فێرمەکە با سەرمان لێ نەشێوی.

سەرێکی هەڵبڕی و هاواری لەو برادەرەی سەر مقەڵیەکە کرد، توخوا با شیشەکەی من کەمێک چەوری زیاد بێ، ئەویش وتی: وەی بەسەرچاو هەرتۆو چەوری ئەوە دووپارچە دوگی ئیزافیشم بۆ خستیتەپاڵی، ئەی رەحمەت لەمردوت، کاک سەردرەدین وتی.

وتم: ئەرێ برا جار و بار فەحسی خوێن ئەکەیت؟ وتی بۆچی بیکەم؟ وتم: بۆ زانینی نیسبەتی شەکر و کۆلیسترۆڵ و ئەوانە وتی: خاڵە بەسەری خۆم و خۆت هەمووی فشەیە، لە کویا پچرا لەولا تر گرێی بەرەوە. من باوەڕم بەوشتانە نیە لەوەتەی فامم کردۆتەوە، هەموو حەفتەیەک لانی

کەم سێ بەیانی زوو ئەچم بۆ گیپە خواردن. وتم: ئێ، ئەو مەتعەمەیشی بەڕۆنی حیللە برنجەکە لێنەنێ من دانوم لەگەڵیا ناکوڵێ. وتم: ئێ، وتی: ئەوە لەگەڵ مەشروب و جگەرەشا لەهەرزەکاریمەوە ئیتیفاقمان هەیە تـــاوەکو ئەم ســـەعاتەی کە لەگەڵ تـــۆ وئەم خۆشەویـــستانە لێـــرە دانیشتووین بۆ یەک رۆژیش لەیەک دانەبڕاوین. برادەران شایەتن ئێوارە نـا ئێـوارەیەکیش لەو دەشـت و دەرە، بەدەم چـرە دوکەڵەوە ئەیکەیـن بەبەزمی قسەی خۆش و موناقەشەی سیاسی.

وتم:ساوەڵڵا ئەوروپی ناتوانن بەشەش مانگیش جارێک ئاوا کەوەکو تۆ ئەیڵێی گردبنەوە، وتی: کاکە ئەوانە سیلەی رەحمیان پچراوە مادیین، وتم: مەسەلە ئەوە نیە، وتی: ئەی چیە وتم: هیلاکی ئیشن.

پـاش مـاوەیەک بیـستمەوە سـوکە جەڵـتەیەک لێی یـاوە، فەحـسی کۆلیـسترۆڵیان بەزۆر بـۆ کردبـوو، چـووم بـۆلای وتـی: دکتـۆر پێی وتـووم کاکە نەختێک رەحم بەخۆت بکە، بەخـوا چوارسـەدی تێپەرانـووە. وتم: کۆلیـسترۆڵ یـان شـەکرە وتـی:کۆلیـسترۆڵ، بەنـاخێری گیانیـشی ئەڵێ شـەکرەشـت بەرزە . وتـم ئەی خـۆت چیـت قەرار یـاوە، چی ئەڵێی، وتـی ئەڵێم :

ساقی ئۆباڵی منت بەئەستۆ

توخوا کەمردم تۆ لاچۆ مەمشۆ

بەو عارەقەی تۆ و گۆشت و سەروپێ

هەرچی خوێن بەرمە بوون بە چیمەنتۆ

## ▪ مامۆستاو قوتابی جاران

ئەوکاتانەی کە لەقۆناغی سەرەتایی بووم دایکم هەموو جارێک پێی ئەوتین ئەوەی ئەیەوێ مانگی رەمەزان بگرێت، ئەبێ بیری نەچێ شەوانەکەچووەسەر جێگا، بڵێ نێتمەبەیانی بەرۆژو ئەبم، رۆژوی مانگی ڕەمەزان، یانیش هەر لەیەکەم شەوەوەنێتی گرتنی هەموو مانگەکەبەیەک کەڕەت بێنێ، لەوەش گرنگتر ئەبێ هەموو ڕۆژەکان بەتەواوی بگرێ، و پارشێویش بکا باشەچوونکەخێرەکەی زیاتر ئەبێ، ئەگەر ئەوانەبەرێکو پێکی بکا خەمی نەبێهەموو مەخسوودەکانی حاصل ئەبن. دیارەمەخسوودی ئەوکاتەی ئێمەی قوتابی کەلەقۆناغی سەرەتایی بووین، لەناجیح بوون بەبێ سەعی بەیەکەم، و خەرجی زۆر، و جلی جوان، و سەعات و پێڵاوی تازە، و ساڵێک پانزەجەژنی تێبکەوێ، و تەحتیلی سەری ساڵ لەسێ مانگەوەبۆ شەش مانگ، زیاتر نەبوو!. هەرچەنەمن ئەوانەم لەخەڵکی زیاتر پێویست بوو، بەڵام هەموویم وەلا نابوو، و لەداواکاریەک زیاتر هیچی ترم نەبوو، شەوانی ڕەمەزان لەجیاتی یەک کەڕەت نیەت هێنان، دەجار لەناخی دڵمەوەبەدەنگێکی بیستراو هاوارم ئەکرد، و ئەم گوت نێتمەبەیانی بەڕۆژوو ئەبم، خوایەگیان لێم قبووڵ کەی. جاری واهەبوو دایکم ئەی گوت کوڕم یەک جار بەسە، ئەو عالەمەخەوتون تۆ هەموو گەڕەکت تێگەیان بەیانی بەڕۆژوو ئەبی،

باشەئەگەر ئاوا هاوار نەکەی خوا نازانێ تۆ بەرۆژوو ئەبی ؟ بەڵام ئەوشتەی کەلەدڵما بوو، و ڕۆژووەکەم لەپێناوا ئەگرت، بۆئەوەی پێم نەزانن، زۆر بەنزمی لەخوام داوا ئەکرد، لێفەکەشم ئەیا بەسەر دەموو چاووما، نەوەک جووڵەی لێووم بخوێننەوە، و تێم بەربن، چوونکەلەکاتێکا کەهەموو کەس حەزی ئەکرد مناڵەکانیان ببنەموهەندیس، و دکتۆر، و مامۆستا، و محامی، جەنابم ئەی وت دەخوایەبۆخاتری ئەم مانگی ڕەمەزانە، بەیانی مەکتەبەکەمان وابڕوخێنی سەقفەکۆنکرێتەکەو ئەرزەکەی لەگەڵ یەکا جووتکەی، و دوور لەقوتابیەکان یەک مامۆستای بەمودیرو موعاونی مودیرو موڕاقیبەنەعلەتیەکەشمانەوەی لێ دەرنەچێ، جیقو فلیقی هەموویان دەربێ، و ببن بەقاورمە(جاران هەمبەرگر نەبوو دەنا باشترین شوبهاندن ئەمیان بوو نەک قاورمە). سەبەبیشم هەبوو، مەکتەبی ئەوعانەلەسەر فەلسەفەی دار لەجەنەتەوەهاتووەئەڕۆیشت، لەکۆبوونەوەی باوکانیشا کەدووساڵ جارێک ئەکرا، باوک لەباسی کوڕەکەیا بەمودیری ئەفەرموو جەناب گۆشتەکەی بۆ تۆ یەسقانەکەی بۆمن!. بۆیەکەئەچووینەسنفەوە، هەتا مامۆستاو دارەکەی ئەگەیشتن، موراقیب(کەبەردەوام لەتەمەڵەکان هەڵئەبژێران)، ناوی چەند دانەیەکی لەهاروهاجەکان کەبەندەی دایم تیا بوو، لەسەر تەختەڕەشەکەریز ئەکرد، و پێش دەست پێکردن بەوانەوتنەوە، ئەوانەی ناویان نووسراوە، ئەگەر دەستیان لەژێر زەبری دارەکەی ئەفەنیا سەقەت نەبوایە، تاکید ئیتر ئاگایان لەو مەعریفەتەنەئەما کەلەزاری

مامۆستاوەئەباری، و تاجەرەسی کۆتاییش بۆ ئەوەی نەختێک ئازارەکەی بشکێ ئەبوو هەر فووی تێبکەن و هەڵیبگلۆفن. ئەو کاتانەئاستی گوزەرانی خەڵک زۆر نزم بوو، زۆربەی قوتابیەکان زستان و هاوین یەک جلیان لەبەرا بوو، زستانان هەر سنفێک و عەلادینێکیان بۆدانابوو، مامۆستاش ئەیبردەلای خۆیەوە! قوتابیەکمان لەگەڵ بوو باوکی وەزعی مادی باش بوو، هەم سەرو کەلەی وەکو سەرو کەلەی ئێمەنەبوو، هەم جلەکانیشی وەکو ئێمەنەبوو، سەرەڕای ئەوەی پۆشتەو پەرداخیش بوو، هارمونیەکی زۆر هێمنیش لەنێوان ڕەنگەکانیا هەبوو، ڕۆژێک مامۆستا ئاقڵەکەمان هێنایەبەردەمی تەختەرەشەکە، و پێی وتین چاوتان لێیەچەن جلەکانی پاک، و خاوێن، و جوان و بەتەرتیبن، ئەمەوێ هەموتان بەیانی وەکو ئەم بن! هەتا ڕەمەزان دانەهاتایەخەڵکان بیریان نەئەکەوتەوەخێر بکەن، لەوانەش مامۆستا کەوەکو هەموو موسڵمانانی تر لەسەری بوو خێر بکات، ئەوان وەسیلەیەکی بەلاشیان دۆزیبۆوەیەک فلسی تێ نەئەچوو، لەهەمان کاتیشدا بەخێر بۆیان ئەنووسرا، ئەوان کردبوویان بەعادەت لەنزیکی تەواو بوونی رەمەزانا، هەر کەسەو لەوانەکەی خۆیا، بەقوتابیەکانی ئەوت، هەموو زمان بهێننەدەرەوەیەک یەک سەیری زمانیان ئەکردین، ئەوەی زمانی سپی بوایە، ئەوەبەڕۆژوو بوو، مەکرومەکەی مامۆستا کەبیست دەرەجەوەیان زیاتر یان کەمتر بوو ئەیگرتەوەو بۆی ئەخرایەسەر دەرەجەکانی، بەلام شمولی ئەوانەی نەئەکرد کەزمانیان سوور بوو. هەر ئەوزەمانەمامۆستاکان کردبوویان بەعادەت ئەیان پرسی، لە پاشەڕۆژا ئەتانەوێ ببن بەچی؟ رۆژێک

مامۆستایەک ئەوپرسیارەئاراستەی قوتابیەکانی ئەکا، تەمەڵ ترین قوتابی لەدکتۆر کەمتر هەڵنابژێرێ، دوای ئەوەی بەسەر هەموویانا ئەگەڕێ، یەک لەوی تریان پلەوپایەی بەرزتر بۆخۆی تاعین ئەکا، قوتابیەک ئەمێنێ ئەڵێ مامۆستا گیان من ئەمەوێ ببم بەفەڕاش، مامۆستا کەلعادەبەدارو چەپۆک تێی بەر ئەبێ، ئەڵێ هەتیو هیچ نەما فەراشی نەبێ، دیارەناتەوێ بخوێنی، ئەڵێ مامۆستا بەرەوەڵڵا، بەڵام ئەگەر ئەو هەموو عالەمەبین بەموهەندیس و مامۆستاو فەرمانبەری گەورە، و دکتۆر، ئەی کێ شوێنەکانیان پاک بکاتەوەو، خۆ ئەبێ یەکێکیش خۆی تەبەڕوع بکا بێ بەفەڕاش.

## ▪ یانزە سوارەی مەریوان!

ئێوارە ئیش تەواو بوو، خۆم ئاخنیە بنی بنەوەی ئەوپاسەی کە لە شوێنی ئیشەکەمەوە شانزە کیلومەتر بەرەو ماڵەوە ئەبێ ببڕێ، پاڵم یایەوە بەکورسیەکەوە و بەدەم وەنەوزی کەم خەوتن و هیلاکیەوە، خەیاڵ خۆت بگرەو هاتم. بیرم ئەکردەوە عیللەتی چی بێ وا عەرەب داستانیان لێکردووین بە هەقیقەتی تەواو و تائێستاش بەزیندوێتی رایان گرتووە و فارسیش چەندین

داستانی پاڵەوانی وخۆشەویستیان هەیە سەدان ساڵ کۆنن ئێستاش لە زاکیرەی ئەوخەڵکەدا هێشتویانەتەوە. ئەی ئێمەی کورد چەن داستان و بەسەرهاتی بەراست رووداومان هەیە بۆ هیچیان دیار نین یان کەس باسی ناکا ئەگەر بشکرێ هەر بۆ خۆمانە کەسی تر ئاگای لێنیە تۆ بڵێی هی ئەوەبێ کە میدیای ئەوان عەقڵی راگەیاندنی پێشکەتوو بەرێوەی ئەباو ئیشی تیا ئەکا بۆیە واجوان بەرچاوی خەڵک ئەکەون ؟.

وەستانی پاسەکە لە وێستگەی سەرەکی و دابەزین و راکردنی خەڵکەکە بۆ ئەوەی فریای قیتارەکانیان بکەون خەبەری کردمەوە، کاتێک گەیشتمە ماڵەوە نانم خوارد و لەسەر قەنەفەکە پاڵم لێیایەوە، خەریک بووم کەناڵەکانم سەروخوارو سەرەو ژوور ئەکرد، لەپر دیمەنی ڤیستیڤاڵێکی کوردەواری خۆمانم لەیەکێک لەتەلەفزیۆنەکانەوە بەرچاو

کەوت و لەویا وەستام و هاوارم کرد کوا قۆریەکە ئێستا چای شیرین وخەست خۆشە سەد هەزار ئەڵلا و ماشەڵڵا لەو دیمەن و رەسم وعادەتە جوانەی کوردەواریمان. بابە هێمن بە گاڵتە نەیوتووە (کوردەواری ئەی وڵاتە جوانەکەم) و بۆ تأکید کردنی بۆ چوونەکەی من لەوعانەیا موزیعە سەرکەوتووەکە بەم شێوەیە تێی چریکان: ئازیزان بینەرانی تیڤیە خۆشەویستەکەتان لەهەرکوێیەکی ئەو دنیایەن لەئاسیا ئەفەریقا ئەوروپا کەندا ئەمەریکا سەیرکەن و لێی رامێنن ئەم دیمەنە چ سەروەریەکمان وەبیر دێنێتەوە، ئائەمە مێژووی سەرکەوتنی ئیرادەی پۆڵایینی گەلەکەمان نیە؟ لەچ لاپەرەیەکی مێژووی دنیادا بینیوتانە هێزێکی کەم لە شەبەیخونێکی شەوێکی ئەنگوستەچاودا هیزێکی بێ شوماری تەییاری پڕ چەک وتفاق تێک بشکێنێ!، بەرێزان ئەوا سوارەکان هاتن، بەغار هاتن، قیسمێک غاریشیان تێپەڕان کردیانە چوار ناڵە، دوانزە سوارەی مەریوان هاتن! عەینەکەم لەچاو کرد تا باشتر بیان بینم چی ببینم! سواری مل باریک ولاواز ئەسپ لەخۆیان لاوازتر لەسەر لا ئەرۆیشتن ئەتوت بەزۆر هێنراون. ؟ وتم: وەڵلا ئەگەر دوانزە سوارە ئەسڵیەکە لەم بیچمە بووبن ئەم مێژووەشمان فت. دایکی مناڵەکان: رۆڵە فریاکەون ئەو کەناڵە بگۆڕن ئەم هەژدیهایە هیچی بەدڵ نیە. وتم: ئاخر چیم بەدڵ بێ بەهەرچی ئەولیا هەیە نەک دوانزە، سەدو بیست هەزاری سواری وا مەخفەرێکیان پێ ناگیرێ ئەمانە دوانزە سواریش نیش یانزەن! لەوە ئەچێ سوارێکیان بن دیوار بوبێ!.یان وتبێتیان دوانزەی بۆچیە ئێمە بەیانزە تەواوی ئەکەین.

## ■ بابچینە سەر وەیس

زاکیـرەی سـلێمانی وەیـسی پیـاو چـاکی بەسـتۆتەوە بە قەزاوەت لەنێوان عاشقانا.سەیرەکە لەوەیایە کە مەزاری ئەم کەسایەتیە لەچەن شـوێنێک هەیە، لەشـام مزگەوتێکیـان لەسـەر دروسـت کـردووە. ئەوەی مــن بەبیــرم بــێ لەقۆنــاغی ســـەرەتاییا مەکتەبەکەمــان بەرانـــبەر بەرێوبەرایەتی ناسنامەو رەگەزنامە بوو لەچوارباخ. ئەوکاتە بینایەک بوو تەمەڵ خانەکەیان پێئەوت دواتر کرا بە ئینزیبات خانە. لەراستیا شوێنی تەمەڵ نەبوو خەڵکی پیرو پەککەوتەی لێبوو کە بێ کەس و کارو دەرتان بوون.

مەکــتەبەکەی ئــێمە نــاوی مەولەوی بــوو، پــشتەکەی ئەکەوتە کــۆڵانەکەی مەکتەبــی فریــشتە، کە پێــشتر پەیمانگــای پێگەیانــدنی مامۆسـتایان بـوو. بەردەمەکەیشی وەکو وتم: تەمەڵ خـانە یـان دیـواری پشتی دایەرەی رەگەزنامەو باری شارستانی ئێستا بوو، کەئێستا وابزانم ئەویش لەوێ باری کردووە. شـوێن وپشتی مەکتەبی فریشتە کە ئیستا کــراوە بە باڵەخــانەو وهێــشتا تەواو نەبــووە تــا ســەرجادەکە ( جــادەی سالم)، دەشتێک بوو قەبرێکی لێبوو ئەیان وت ئەوە قەبری وەیسە!.

دواتر کرا بە شـوێنێکی عەسکەری. رۆژێک لەمەکتەب ئەهاتمەوە، ، بینــیم قەبــرەکە هەڵــئەیەنەوە کەســێک هەردوو دەســتی خــامی

تێهەڵکێشابوو یەسقانەکانی یەکە یەکە دەرئەهێنا ئەیان خستە تورەکەوە بۆ گواستنەوە بۆ شوێنێکی کە.

من کوری سلێمانیم لەدوعای دایک و داپیرەکانمانا گوێم لێبووە کە لە حاڵەتی هەست کردن بە خەتەردا پەنایان بۆ غەوزی گەیلانی، کاک ئەحمەیی شێخ، پیرانی تەریقەت، شێخ مارفی نۆ دێ، خیری زیننە(خدری زیندە)، بردووە.بەڵام قەت بۆ بەفریا کەوتن ناوی وەیسیان نەهێناوە. موفارەقەکەش لەوەیەیا کە هەر ئەو وەکو رەمزی هەقبێژی خراوەتە گۆرانیەوە.

وەیس لەمێژوی عەرەب وئیسلاما بە اویس القرنی ناسراوە، اویس لە دێی قرن لە یەمەن لەدایک بووە، ئەوان ئەڵێن سەرەتای ئیسلام و خولەفای راشدیندا ژیاوە وبەوە مەشهور بووە، کە پیاو چاک بووەو قەت ماڵی دنیای نەویستووە. بەردەوام جلەکانی شڕۆڵەو دور بووە لەدەسەڵات ودەستکەوتەکانیەوە. بەئیستیلاحی ئەوان اویس لە هەرە چاکەکانی تابعین بووە. ریوایەتەکە ئەڵێ لەسەردەمی خەلیفە عومەردا چووە بۆ کوفەو لەوێ خۆی وون کردووە، رەنگە هەر لەبەر ئەوهۆیەش بێت کە مەزارگەی لەچەن شوێنێک بۆ هەڵبەسترابێ.!.، ئەوگۆرانیەش تایبەت لەسلێمانی دروست کراوە، ، کە بەرای من یەکێکە لە پر ئیحساسترین گۆرانیە کۆنەکانی ئێمەی کورد.

هەر لەتەنیشت ئەو شوێنەوە کە ئەو گۆڕەی لێبوو بینایەک هەبوو شوێنی ئیسراحەتی گەورە بەرپرسان بوو، .ئەکەوتە تەنیشت مەعمەلی جگەرەکە پێی ئەوترا (ریست هاوس)، واتا ماڵی حەوانەوە لەسلێمانی

هەر ئەوتـرا (رەیـس تـاوس) سـەرۆک تـاوس!. عەبـدولرەحمان عـارف سـەرۆکی کۆمـاری ئەوکاتەی عێراق هـاتبوو بـۆ سلێمانی. مەکتەبەکانیـان بردبوو بەریـز رایان گرتبوون بۆ پێشوازی لێی.وتیان مەکتبی کچان وەک پرســتۆ کردنــی جەنــگ دژی کوردســتان تێکــرا پــشتیان کردبــووە مەوکیـبەکەی، ئەوەش جـوانترین هەسـتی بەرەنگاری مەدەنیـانە بـوو کە ئەوسەردەمە لەسلێمانی بەرێوەچوو.

بێیـنەوە سـەر پـرس پێکـردنەکەی وەیـس، ئایـا خەتـای کاممـانە ؟ برواناکەم هیچ کەس لەو ئاشقانە چووبنە لای بۆ ئەو پرسیارە، ئەویش لەبەر ئەوەی نەکو کەشـف بـن خەتـای کامیـانە وخەتابـار دەرچـن دواتـر ئەوی تریـان پەلامـاری بـا!. شـارەوانی سـلێمانی نـاوی جـادەو کۆڵانەکـانی سلێمانی رێکخستەوە، خۆزگە پرسیان بەوانەی لانیکەمی مێژووی تازەی شـارەکە ئەزانـن ئەکـرد.ئەگەر بەمـن بـوایە ئەو فەرعەی کە لە جـادەی سالمەوە بۆلای فەرمانگەی باری شارستانی ئەچێ ناوم ئەنا شـەقام یان کوچەی وەیس.

وەیـس لەوێ نەمـا بەڵام سـلێمانی هەر ئەڵێـین بـابچینە سـەر وەیـس وەیسی خۆمانە پرسیاری لێبکەین خەتای کاممانە..گەر خەتای من بوو بمکـا شـێت و وێـت..گەر خەتـای تـۆ بـوو خێر نەیەتە رێـت. مـن شـیعری ئیحساسی زۆر ئەنووسم بەڵام تاوەکو ئیستاش وەکو رۆحی ئەو دو دێرەم قەت بـۆ نەنوسـراوە!. بـا وەیس اویـس ی قەرەنی یەمەن بوبێـت بەڵام لە سـلێمانی کـرا بەوەیـسی خۆمـان وهەر بەکـوردی قـسەی لەگەڵ کـراوە ئەوەیش ئاکاری کەڵچەری میللەتی زیندووە.

## ■ باراش

ووشـــەیەکی لێکـــدراوە دیـــارە لەبـــار و ئاشـــەوە هـــاتووە، بـــارەکە دانەوێـڵەکەیەو ئاشـەکەش مەکیـنەو بینـاکەیە کە جـاران بەئـاو ئیـشی کـردووە دواتـر بە نەوت و ئێـستاش بەکارەبـا. کـاتی خـۆی وەکـو ئێـستە نەبـووە لەبـازار ئـارد زۆر بێ و بەئیـسراحەت بیکـڕن وبـیکەن بەنـان ئەو عەیامە خەڵک بەکەروبار یان بەعارەبانە، یان بەکۆڵ باریان بردووە بۆ ئـاش. لەوێ ئیتـر سـەرە گیـراوە وهەر کەسـەش بەپێـی سـەرەی خـۆی تـورەکەکەی لەدوای ئەوانیترەوە دانـاوە. لە کوردەواری خۆمانـا نەقڵێـک هەیە بەنـاوی دەوەن بەئـاش ئەڵێ دوو کەس لەئـاش ئەگەڕێـنەوە یەکی کۆڵێک ئاردیان پێ ئەبێ، لەوشـوێنێکا بۆ ئیسراحەت کۆڵەکە لە پشتیان ئەکەنەوەو دائەنیشـن باس باسی نۆرە بڕی و کوڕ ئەوکورەیە تـورەکەی خـۆی پیش ئەوانی تر بکا بەدەمی ئاشـەکەیا. یەکێکیـان ئەڵێ دەسـا وەڵڵا نێرنیە لەوئاشـە پێش مـن بکەوێ، لەویـا دەمیـان لەیەک گیرئەبێ و زۆر یەکتری ئەهێنن وئەبەن فایدەی نابێ ئەڵێن قسە هەزارەو دوانی بەکارە، بـا ئەم دەوەنەی لامـانەوە ئاشـەکەبێ بـزانین کاممـان پێش ئەوی ترمـان باراشی خـۆی لەئاش ئەکا، پڕ ئەکەن بەتورەکەی خۆیانا و دەوەن خۆت بگرەو هاتم، ئارد لەبری نان ئەبێ ئاردی ناو دڕک و دەوەن!.

کاک عـومەر بەدەم تێکـدانی سـەهۆڵی نـاو ماسـتاوەکەوە بەپەنـجە تـوتەی وتـی: کـاکە ئەم باسـانە راسـتە خۆشـن، بەڵام کـۆنن پەیوەنـدی بەئێـستامانەوە چـیە؟ ئەمـرۆ رۆژی باسـی سـەردەمیانەیە ئەم جـیلەی ئەمـرۆ تینـووی تـازەگەرین، تینـووی ئەدب و نووسـینی نـوێ و نوسـەری مـۆدێرنن ئەیـانەوێ خۆیـان بیـریکەنەوە. عـاجز مەبە کەلەگەڵ تـۆ دائەنیـشم، ئەڵێی سـاڵانی زووی جـادەی سـابون کەرانە و یـادی بەخێر خالیـد زامـدار لەدیـوارەکەی ئەوبەرەو، خەریکە قـسەیەکی نەسـتەق یـان شـیعرێک ئەنوسێ. وتـم: جـا ئەوزەمـانە نـاخۆش بـوو ؟ - نـاخۆش نەبـوو بەڵام خـۆ ئیـستاش شـتی خـۆش هەیە، کە هی ئەم زمـانە بێ بـۆ باسـی نـاکەی؟ وتم: راسـت ئەکەیت بەڵام کەی ئەبێ بەگێرانەوە و یادگاریی کە ئـاوا سێ چڵ سـاڵێکی بەسـەرا تێپەر بـووبێ و ئەم جیلە ئەیگێرێتەوە کە ئەوکاتە تەمەنیان وەکو ئێستای من و تۆی لێدێ.

کـاک عـومەر وتـی: باشـە بـاراش و دەوەن بەئـاش و سـەرەگرتن چـی هێنـایەوە مەیـان، ئێـستا دوهەزارو چـواردەیە سـەردەم سـەردەمی دیجیتـاڵ و ئەلکترۆن و کۆمپیـوتەرە، ئەوعـالەمە خەریکی تەکنەلۆجیـای نانۆن ئێمە تازە خەریکی باراشین! وتم کاکە عـومەر لەم سەردەمەی کە تۆ ئەڵێی هی دیجتـاڵە ئەو ئێـوارەیە، نـزیکەی بیست شـاعریان لەهۆڵێک کردبـوو وتی: ئێ بـۆچی؟ وتـم: بـۆ شـیعر خـوێنەوە و دەربڕینی هەسـت و ووشـەی ناسکی سەردەمیانە! وتی: ئێ؟ وتم: دوایی بوو بە عـاجزی لەگەڵ ئەوەی کە سـەرەکانی نووسـیبوو وتـی: بـۆ ئەوەش پـێش و دوای فەرقی هەیە؟ وتـم: ئەی بێقەزابـی ئیـستا ئەوزەمـانە نەمـاوە حەسـەن زیـرەک

بەخۆشحاڵیەوە بێ بەکۆرس بۆ ماملێ و گۆران بەشەرمە شیعرەکانی بەرێ بۆ پیرەمێرد بۆی بڵاوکاتەوە. ئێستا ئەوەی گۆرانیەکی وتبێ ئەنوسن عاشقانی دەنگە بەسۆزەکەی، ئەوەی لەتەشیعرێکی لەوبڵاوکراوە ناشیعریانەیا دابەزیبێ قبوڵی نیە نالیش پێشی کەوێ.

## ■ باش کاتب

سـەرەتای سـەدەی پێـشو لەموسـڵ کـۆمەڵەیەک دروسـت بـووه، بەناوی کۆمەڵەی سـفرەچیەکان، لەوانه پێک هاتووه که کەباب وکوبه یـان هەرخـواردنێکی که دوگ یـان بەز، بەشـێک بوبێـت له پێکهـاتەکەی دروسـتیان کـردووه. سـەیرەکه لەوابـووه ئەو جەمعـیەته شـیعارەکەی حیزبـی ئیتیحـاد و تەرەقی (حریـت و مـساواة وعـدالەت) یـان لەسـەر ئـاڵاکەی دەوڵەتـی عوسـمانلی نوسـیووەو کردوویـانه به ئـارمی خۆیـان! باشـه دوگ پەیوەنـدی به عەدالەت ومـساواتەوه چیه! ئەمه جەمعیەتی پیشەیی بووه یان سیاسی؟.

لەدەوڵەتـی عوسـمانلیا وەزیـفه بەرزەکـان لەقەبیـان هەبـووه، بـۆ نمـوونه (نەشـاتچی باشـی) ئەو کەسـەبوو که ئیشی هەڵگرتنی مۆرەکانی سـوڵتان بـووه، ئەوەش وەزەیفەیەکـی تـابڵێی گرنـگ بـوو، چـونکه ئەوفەرمانـانەی که سـوڵتان دەری ئەکـردن، بەبـێ مـۆرکردن هـیچ بەهایەکیان نەئەبوو. وەزیفەیەکی تر هەبوو پێی ئەوترا (دەفتەر دار)، که ئەکـاته وەزیـری دارایـی ئێـستا، رەنـگه نـاوەکەی لەوەوه هـاتبێ که هەرچیەک هاتبێ یان رۆیشتبێ وەکو پارەی نەخت لەدەفتەرەیا تۆماری کردبـێ. هەروەهـا (حەکـیم باشـی یـان جەراح باشـی) ئەوانه گەوره دکتـۆری دەربـاری سـوڵتانیی بـوون. (قەفتـان اغاسـی) بەرپرسـی شـیاکەو

جلەکانی دەرەوەی سولْتان بووە. وەزیفەیەکی تری باڵا هەبووە، کە ناوی (جەماشیر اغاسیوهو) کەسێکی بەرێز بەرپرسی جلەکانی ناوەوەی، خوا سیبەرەکەی بپارێزێ سوڵتان بووە. ئەوەی خاولیەکانی بۆ سوڵتان یاوە بەسەرشانیاو وەستاوە تا خەلیفەی موسڵمانان، دەست و دەم و چاوی موبارەکی ئەشوا، ناوی (بشکیر ئاغاسی) بووە.ئەمانە پلەکانیان واتا رێزو تەقدیرو مەعاشیان بەرانبەر بە وەزیرو وەکیل وەزیر بووە.

لەسەر ئاستی عەسکەرییش لەقەبی زۆریان هەبوو بۆ نمونە (سلەحدار) ئاغا وەکو قائید فیرقەی سوڵتانی وابووە. (عەرەبانچی باشی) بەرپرسی عەرەبانەکانی سوڵتان بووە. بە سوپای غەیری نیزامیان ( میلیشیا) وتووە (باش بوزوق)، (بەڵتەجی باشی) وەزیفەکەو مواسەفاتی لەهەموو ئەوانەی تر جیاوازتر بووە، کەسێکی باڵابەرزو تێکسمراو بووە بەردەوام لەحزوری سوڵتانا بەکوتەکێکەوە وستاوە ئیشەکەی ئەوەبووەئەگەر سوڵتان ویستبێتی کەسێک تەمبێ بکا، یان تەربیەتی دابا، تەسلیمی بەڵتەچی باشی کردووە، ئەویش بەدڵی سوڵتان بە بەڵتەکەی (کوتەکەکەی) کوتاوێتی. مەرجیش نەبووە ئەوەی وەزیفەی بەڵتەچی ئەبێنی کەسێکی زیرەک یان پاک یان حەکیم بوبێت، تەنها شەرت کەپێویستبووە تیا مەوجود بوبێت، ئەبوو کەسێکی زەبەلاح بێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەڵتە قورسەکەی سوڵتان هەڵگرێت.سەرچاوەیەکی تریش ئەڵێ لە کۆتاییەکانی حوکمی عوسمانلیا بەوکەسانە وتراوە بەڵتەچی کە بێ کارو عەمەل سوراونەتەوە و ژنەکانیان بەخێویان کردون.

لەساڵی ١٥١٧ بەدواوە عوسمانلیەکان بەرەو ئەو وڵاتانەی کە پێی ئەوترێ عەرەبی چوون و خستیانە ژێر قەڵەم رەوی خۆیانەوە، میسریەکان خۆفێکی زۆریان لەناو هێنانی (بەڵتەچی باشا) چووبوە دڵەوە، دیارە جگە لەسوڵتان کە لەئەستانە دائەنیشت، هەر والیەکیش بەڵتەچی تایبەت بەخۆی هەبووە، دوابەدوای ئەوە ئیتر خەڵکانی تریش ئەوانەی کە شەقاوە بوون سەرو بەڵتەیان خستۆتەسەر شانیان و هەرکەسەو بۆ حسابی خۆی، لەگەڕەک وکۆڵانەکانی میسردا کەوتونەتە تۆقاندنی هاو وڵاتیان بەمەبەستی سەندنی سەرانە لێیان.

ووشەی باش لای عوسمانلی بەواتای سەرۆک، (رئیس) ئەهات، لای خۆشمان بۆنموونە حەماڵەکان لەناو خۆیانا حەماڵێکی بەئەزمونیان ئەکرد بە بەرپرسی خۆیان پێیان ئەوت باش حەماڵ واتا بەرپرسی حەماڵەکان.بار چاوش کە ئەسڵەکەی تورکیەو ئەگەر هەڵەنەبم رەئیس عورەفا بووە لە (باش چاویش)ەوە هاتووە، بەر پرسی دو چاویش یان چاوەش(عەریف) بووە میسریەکان ئەڵێن ( شاویش).

لەبواری نوسینا، زۆربەمان کاتبیمان پێکەمە، خۆمان بە باشکاتب ئەزانین! باشکاتبمان هەیە فڕی بەسەر شیعرەوە نیە، کەچی وتاری موعەما لەسەر لێکدانەوەی شیعر ئەنوسێ. ئیشەکانی بواری فەرهەنگیشمان زۆربەی زۆری لەبن دەستی ئەوانایە. کاک سامان وتی: باشکاتبێک ئەناسم فڕی بەسەر ئیقتیسادەوە نیە ئەڵی دیراساتی ئیتقیسادیم هەیە! بەڵام پیاو هەقیش بڵێ بەریشەکەیا زۆر لەمارکس ئەچێ.

## ▪ بایعیەکە

ساڵی ١٩٤٢ بەهۆی قەیرانی ئابوری جەنگی جیهانیەوە بۆیەکەم جار عێراقیەکان کۆبۆنی ئەرزاق دابەشکردنیان بینیوە، سەرەتا لەبەغداو دواتر لەشارەکانی تری کاری پێکراوە. شتەکانیش ئەوکاتە شەکرو چاو قوماشی لۆکەو خامی سپی و بۆرو ئاردو قاوە بوون.

نەنکم جێگەی بەهەشت بێ لەگەڵ مردوانی ئێوەیا، ئەیوت ئەوساڵە شەکرێکی بۆریان داوینەتێ خەڵکێکی زۆر وایان ئەزانی ساوەرە!.

بەرەبەیانی نۆی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ ئەوکاتە زەعیم سەدیق ئامر لیوای (عشرین) بیست بوو، وەکو حاکمی عەسکەری بریاری مەنع ئەل تەجەولی لەسلێمانی راگەیاند، هەرلەوکاتەوە ئابلۆقەی ئابوری بەبیانوی ئەوەی قەتعی ئەرزاق بەقەولی خۆیان لە عوسات بکەن! لە سەرانسەری کوردستان، کەپێیان ئەوت ناوچەی عەمەلیاتی جەیشی عێراقی راگەیێندرا. ئیتر خواردن کرا بە بیتاقە و هەرکۆمەڵە خێزانێک بایعێکیان بۆ دیاری کرا. هەتا نەوتیش چووە قاتیی و خەڵک بەتەنەکەوە بەدوای عەرەبانەی نەوتەکەیا حەوت کۆڵان رایان ئەکرد. ئەگەر سەیری بەنزین خانەکەی عەقاری، کە ئەوکاتە تاقە عەمباری نەوت و بەنزینی شارەکەبوو، بکرایە، هەرلەمزگەوتی نالیەوە تا بەردەمی دەرگای بەنزین خانەکە، عەرەبانەی نەوت یەک لەسەر یەک پارکینیان کردبوو،

چـــاوەڕێ بـــوون ســـەرەی نەوت وەرگرتنیـــان بـێ، ئیتـر کەی نۆرەیـــان ئەگەیشتێ ئەوە عیلمێک بوو تەنها لای دەسـەڵات داریی عەسکەری بوو. ئینزیباتەکان ئیهانەیەکی زۆری نەوت فرۆشـەکانیان ئەکرد.هەر ئەو کاتانە عەبدولـسەلام عـارفی سـەرۆکی ئەوکاتەی عێراق لەدوای شکـستە یەک لەدوای یەکەکەکانی جەیـش وعەشـایەرە عەرەبەکـان کە سـواری زیلی عەسـکەریان کردبـوون بەنـاو سلێمانیا ئەیـانگێڕان وهۆسـەیان ئەکێـشا (احـنە البـدو ویـن العـدو)، پەنـای بـۆ سـوریای شـەقیقە(برا)بـرد، چەن وەحـدەیەکی عەسـکەری لە وێـوە بەفەرمانـدەیی لیـوا فەهـد ئەلـشاعیر هـاتن بـۆ شـەری کـورد. کاتێـک کە عەبدوالـسلام ئەچێـت بەپیریـانەوە بەناوی ئومەی عەرەبیەوە بەخێر هاتنیان ئەکات، ئەڵێ: ( اخوانی احییکم باسـم الأمـة العربیـة) بەوە ئیتر هـیچ گومـانێکی نەهێـشتەوە کەئەوانـی عەرەب شەری کورد بەگشتی ئەکەن چونکە ئەوشێوە بەخێر هاتنە ئەوە ئەگەێنی ئەو سوپاسـیان ئەکـا چـونکە بەهانـای عەرەبەوە دژی کـورد هاتوون.

بێـنەوە سـەر بـایعی لەکوردسـتان هەمـو سـەری مانگێـک ئەبـوایە تـورەکەو سـەتڵ هەڵگیرایە بـۆ بـایعیەکە تـورەکەکە بـۆ بـرنج و شـەکرو چـاکە بـوو سـەتڵەکەش بـۆ رۆنەکە کە بەکیلـۆ بـۆی تێئەکـردی سـەتڵی رۆن شـیوەیەکی سـەیری هەبـوو فـافۆن بـوو دەسـکی هەبـوو بـنەکەی فــراوان وەکـو مەنجەڵـی بـرنج. ئەوکـاتە ســابونی پـشیلەو شـــەماس و سـابونێکی کە هەبوو لەوان مۆدێرن تر بوو پێیان ئەوت سـابونی جەمال کە لەکاغەزێکی جـوانەوە پێچرابـوو. هەنـدێک چـایەکی خراپیـان لەگەڵ ئەو چا باشەی کەوەریان ئەگرت تێکەڵ ئەکرد، بۆ ئەوەی بەشێک لەچا باشـەکە بفرۆشـن بەقاچـاخچی تـا ئـاودیوی کەن وئەمـانیش و ئەوانـیش

دوفلسی لێ خێر بکەن! هەندێکش بەوپارەیە ئەچونە مەکەو مەدینە بۆ حەج!.

عەباس خەریکی دوگۆڵی ئەبێ، لەپر باوکی بەرەحمەت بێ(زاڵم بوو) لەولاوە دەرئەکەوێ، ئیتر ناڵێ با لەو خۆشی ئەویاریەی نەکەم، یاڵڵا پیشم کەوە بۆ بازار، لەوێ بایعیەکەی بۆی ئەکاتە تورەکەکەوە، عەباسیش خێرا سواری پاسەکەئەبێت، کاتێک دائەبەزێ لەپەلەپەلی ئەوەیا کە زوبگاتەوە بەیاریەکە، پەلاماری تورەکە ئەیاو بەرەو برادەران بەراکردن، تورکەکە لای بەردی گۆڵەکە دائەنێ و لەکویا باوکی بۆی پچرانبوو، لەویا تێ هەڵئەجێتەوە. ئەو بەهیوای گۆڵکردنە لەوسەر یەکێک هاوار ئەکا: عەباس ئەوە گۆڵچیەکە(ئەوەی خۆیان)ترۆزیەکی لەتورەکەکەت دەرهێنا، عەباس پێئەکەنێ:ترۆزی چی؟ بایعیە. ئەچی بۆلای تورەکەکەی تەماشائەکا لەجیاتی بایعیەکە ترۆزی تیایە! تومەز لەگەڵ تورەکەیەکی کەیا لەبەر شپرزەیی خۆی بۆ یاریەکە لێی تێک چووە. ئینجا چۆن بچێتەوەماڵەوە چی بەو باوکەی بڵێ؟ پرئەکاتەوە بەتورەکەیا بەرەو مەوقیفی پاسەکە، ئەوستێ تا پاسەکە دێتەوە، سایەقەکە پێی ئەڵێ ترۆزیەکە هی ژنێک بووە ناو نیشانی ماڵەکەیانی پێوتوم بچۆ بۆی بەرەوە وبایعیەکەی خۆت بێنەرەوە. هەر لەسەر بایعی پیاوی کورد زۆر نەگبەت بوو، ئەگەر نەچوایە بۆ دەنگدان لەهەڵبژاردنەکانی بەعسا حکومەت بایعیەکەی ئەبڕی، لەماڵیشەوە ئەگەر عال وسال نەبوایە دایکی مناڵەکان بایعیەکەی ئەبڕی.

## ■ بن دیوار

شەســتەکان وحەفتاکــانی ســەدەی پێــشوو لە ســلێمانی، زســتان بەهەق زســتان بــوو. بەفرێکــی زۆر ئەبــاری، گەڕەکە کۆنەکــان وەکــو چوارباخ وسەرشـەقام و کانێسکان ومەڵکەنی وسـابونکەران. تـاک وتەرا نەبێ بـاقی ماڵەکـان لەگڵ دروسـت کرابـوون. سەربانەکانیـشیان دارەرا کرابـوو دواتـر حەسـیری خرابـووە سـەر و بەقـوڕ کە کای تـێکەڵ ئەکـراو بەقـاچ ئەشـێلرا و بەتـاس بەکێـشیان ئەکـرد بـۆ سـەرەوە سـواغ ئەدرا. هەموو سەربانیکیش چۆن ئێستا سەحنێکی سەتەلایتی لەسەرە ئەبوایە ئەوکات باگردێنێکی لێبوایە. فەسڵی بارانبارین ئەیان گێڕا بۆئەوەی دڵۆپە نەکا، مـاڵە دەسـت کورتەکان خۆیـان ئەیـان کـرد، بەڵام مـاڵە خـوا پێ یاوەکـان فەرمـان بەر و مامۆسـتاو بازرگـان بـانگوش بـۆی ئەگێـڕان. ئەم بانگوشــە لەلایەک لەموهەندیـسێک زیـاتر لەخـۆی رازی بـوو، لەلایەکی تریـشەوە کەم چـیقەڵانەش بـوو نە ئەبـوو زۆر لەبـارەی ئیـشەکەیەوە قسەی لەگەڵ بکەی، ئەو پرۆفیشیوناڵەکە لەدەرگای حەشـەوە رێک بۆ پەیــژەدارەکەو لەوێــوە بــۆ ســەربان ســەرئەکەوت. ناهەقیــشی نەبــوو چــوونکە ئەبــوایە لەمــاوەیەکی کەمــا، هەمــوو ئەوســەربانانەی کە لەعۆهـدەی ئەوان بەفـرەکەی سـەریان بمـاڵێ و بیـان گێـڕێ، چـوونکە

دڵۆپەیـــان ئەکـــرد و لەخـــوارەوە نـــوێن وکاســـەو کەوچـــک لەئـــاو هەڵئەکێشران ئیتر ڕەنگە خەڵکەکە بانگوشێکی تریان بگرتایە.

هەر ئەوســـاڵانە دوای بەفـــر بـــارین کە تینـی ڕۆژەکە دەرئەکەوت و نەختێک لەوبەفرەی سەربانەکانی ئەتوانەوە، لەپاش نیوەڕۆوە بەتایبەتی ئەگەر بـایەکی سـاردی لەگەڵابـوایە، ئەو تیـنە کەم ئەبـۆوەوە لەئێـوارەوە ئەو چۆراوگەیە دەسـتی ئەکـرد بە بەسـتن. کەبەیانی لەخەو هەڵئەسـاین لەبن گوێسوانەی ماڵەکانەوە، پارچەسەهۆڵ درێژ ئەبۆوە جاری واهەبوو بەقەدەر شمشێرێک درێژ بوو.پێمان ئەوت چلورە.لێمان ئەکردەوەو وەکو فلمەکانی سینەما شەرە شیرمان پێئەکرد.

ئەوکاتانە وەکو ئێستە نەبوو، خەڵک زۆر مەشـغول بن تەلەفزیۆن وکۆمپیوتەرو ئەسـبابی گەران وەکـو سـەیارەو تەیارە هەبێت و بەقـاتێکی جوانەوە، بەفڕکانێک لەسلێمانیەوە بتبا بۆ ئەستەموڵ یان کوالالامپور یان دوبەی و سـەری زمان و بنی زمانیشت هەر باسی گەندڵی بێ! خەڵک ئەگەر سـەفەری بەغـای بکردایە، سێ ڕۆژ پێش ئەوە کەس نەی ئەوێـرا دڵـی بـشکێنێ، ئەیـان وت لەسـەر سـەفەرە کە ئەشـهاتەوە سـاڵێک ئەیگێڕایەوە. ئەگەر نەختێـک هەتـاوەکە دەربکەوتـایە و کـزە بایەکیـشی هەبـوایە. خەڵـکەکە خۆیـان بـۆ ئەو بـن دیـوار ئەکوتـا کە بـاکە نەی ئەگـرتەوەو رووی لەتینی هەتـاوەکەش بـوو. لەوێ دائەنیـشتن و بەدەم کێشانی جگەرەوە. قسەو باسی دنیایان ئەکرد واتا بن دیوار بۆ تاوێک خۆگەرم کردنەوەی بەلاش دەمەقاڵێ بوو، لەبەر ئەو خۆرەی زستان.

برادەرێـک وتـی: ئێـستا بـن دیـوار چـۆتە فەرهەنگی سیاسـیەوە، بـۆ لەسەر مجەوری بن دیوار نانوسیت وتم بۆ بینوسم گوناحە چی کردووە ئەویش وەکو ئەوعالە سەرمایەتی ئەیەوێ نەختێک گەرمی بێتەوە، وتی: وانیە وتم: ئەی چۆنە؟ وتی: کەسێک فرێ بەسەر مجەوریی و مزگەوتەوە نـیە - ئـێ، وتـی: تـاعین کـراوە بە پـلەی مـجەور، وتـم: قەیچیکـا خـۆ تەیارەچێتی نیە هەرپاک راگرتنی مزگەوتەکە نیە؟ فێر ئەبێ وتی: بۆ ئەو بەلای مزگەوتا ئەچێ.

## ■ بۆ دوای جەژن

سـاڵانی زوو هیچ خۆشی  و بەشـارەتێکمان لەجەژنەکان زیاتر نەبوو، بەنزیـک بونەوەیـان قوتـابی دڵی خـۆش بـوو، مامۆسـتا دڵ خـۆش بـوو، گەورەو بچـوک خـۆی ئامـادە ئەکـرد. ئـێمەی مەسـت بە کلتـوری بەرەجەژنـان هەرچیەکمـان هەبـوایە لە ئیـشی موسـتەعجەل، یـان تـاقی کـردنەوەی مەکتەب یـان دەسـت کـردن بەئیـشێکی تـازە، بەبیـانوی بەرە جەژنـانەوە هەموویمـان ئەخـستە دوای جەژن. بیرمە مامۆسـتا ئەیـوت رۆژی چـوار شـەممە ئیمتیحـانە، هەمـوو بەیەک دەنـگ توخـوا مامۆسـتا ئەو رۆژە عـارفەیە بەشکم بۆمـان بخەیتە دوای جەژن. کەسێک ریخـۆڵە کوێرەی ئیستا نا ساتێکی کە خەریک بوو ئەتەقی، ئەیوت دوختەر گیـان بەرەجەژنانە، پیاوی چابە دوای جەژن داخڵی خەستەخانەم کە!.

کەڵچەری ئێمە کەڵچەری شـەیتان عەجەلەی کـرد چـاوێکی خـۆی کوێر کرد، هەڵپەسـاردن و تأجیل کردنی ئیشـەکانە!بۆ بیخەینە سـبەینێ یـان چەن رۆژێکی تـر، خۆیـشمان نـایزانین بـۆ ئیـستیفادەی چیە؟ هـیچ، بەڵام عەجەلە کـردن بـاش نیە!.ئەوسـاڵە لە دائیرەیەک ئیـشێکم هەبـوو ئەم ژوور بۆ ئەو ژوری دنیایان پێکردم، هاتمەوە ئاخیر ژوور وتم: ئۆخەی شـوکر هەر یەک مۆری ئەو کچە جـوانەم مـاوەو تەواو، چـومە بەردەمی سـەری هەڵنەبـری، - ئەیکـوا تەعـوهەدەکەت ؟ - ئەوەی بـۆچیە؟ -

ئەیەوێ کـاکە –باشـە بەسـەر چـاو –فـرک بـۆلای کـاتیبی عەدل تەعەهـودێکی جـوانم هێنـاو هـاتمەوە و وتـم: ئیتر بیـانو نەمـا، سـەیرکەم فەراشێک لەبەردەرگاکەی دانیشتوە ویستم دەرگاکەبکەمەوە - کاکە بۆ کوێ -بۆ کوێ خاڵە ئیشم هەیە، - کاکە نان ئەخۆن! وتم: ئێ قەیجێکا خـۆ بەروتـی نـان نـانخۆن هەر مـۆرێکە ئەیـخەنە سـەری ودێـمە دەرەوە لەبەیـانیەوە لەم دائیرەیەم. هەرچۆنێـک بـوو چـوومە ژورەکە فەرمـان بەرەکە: کوێرا هاتیتەوە!- تەواوم کرد وهـاتمەوە - پەلەت چی بوو بەیانی بەئیـسراحەت بتهێنایـەتەوە! زۆر بەنـابەدڵی و بەرویەک کە شـەری لێئەباری وتی: بێنە ومۆرەکەی خستە سەری.

ئەم سـبەینێیە تەنهـا لای ئـێمەی کـورد نـیە عەرەب ئەلـێن تەعـال باچر. فارس ئەلێن فەردا. تورک ئەلێن یەرن، روس ئەڵێن زافترا رۆژێک لەتەکسیەکا لەو وولاتە گـوێم لە رادیـۆی سـەیارەکە بـوو گـۆرانیەکە ئەیـوت زافترا زافترا واتـا سـبەینێ سـبەینێ لەبەرخـۆمەوە وتـم: ئەمـانە دڵداریەکاشـیان ئەخەنە سـبەینێ. لەئەوروپـای رۆژئـاوا لە رایـی کردنـی مەعـامەلاتی رەسمیا قەت گوێم لە سبەینێ وەرەوە نەبـووە، ئیشـەکەت یان ئەکرێ یان ناکرێ، راستە هەندێک ئیش وەکو دەرهێنانی پاسپۆرت یـان شـتێکی کە چەن رۆژێکـی ئەوێ، بەڵام یەک جـار ئەچیـت هەمـو پێداویستیەکانیت لێ وەرئەگرێ وەکو ئیمزای خۆت و رەسم ئیتر کەتەواو بوو تەلەفـون یان نـامەت بۆدێ بـۆ ماڵەوە، ئەڵێ وەرە وەری بگرەوە. یان معـامەلەی تـاپۆی خـانو لەرێـگەی بـانقەوە پـارەو رەسـمەکەی ئەدەیـت، ئیتر چـاوت بەیەک دائیرەو ژور ناکەوێـت، تـۆ لەماڵەویـت خـۆی تەواو

بــووه، بــۆ ئیمــزا ســەعات ورۆژوت بــۆ دائەنێــن ئیمــزای ئەکەیــت و دۆسیەی تاپۆی خانوەکە وەرئەگریت.

ئەو کۆمەڵگایـانەی کە بەکەڵـچەری سـبەینێ وەرەوە ئـیش ئەکەن نە ئەمرۆیـان ئـاوەدانەو نەسـبەینێش، رێـک وەکـو ئـێمەی قـوتـابی قۆنـاغی سـەرەتایی تەمەڵ تکاو رجامان لەمامۆستا ئەوەبوو ئیمتیحانەکەمان بۆ بخـاتە دوای جەژن! پێش جەژن لەخۆشی جەژن دەسـتمان لەکتێـبەوە نەئەیـا، دوای جەژنــیش هەوای جەژن گێـژو حــۆلی کردبــووین، هەر نەمان ئەزانی کتێبەکەمان لە چ قوژبنێک فرێ یاوە.

سـەرەتای هـاتنی داعـش بـوو بـۆ موسـل برادەرێـک شـیکاریەکی زۆر جــوانی بــۆ وەزعەکە ئەکــرد و لەســـەر شۆشـــتەی ســـەهۆڵەکەش بەتەباشیرەکەی دەستی ناوچەکەی دابەش ئەکرد، ئەیگوت ئەمە عێراق وئێرانە لەبەریەک هەڵئەوەشێنەوە بەڵام دەستی لەتورکیاوە نەیەیا! ئێمە سنورمان بە عەرەبی عێراقەوە نەماوە، سەربەخۆیی ئێمەش بو بەئەمری واقیـع. ئەوانە هیچیـان رووی نەیـا پـێم وابێ سـەربەخۆییەکەش کەوتە بەرەجەژنــانەوە و وەکــو هەمــوو شــتەکانی تــر ئەویــشمان چــووە دوای جەژن.

## ■ بێ مێشک

زۆر جار ئەکەوێتە کێشەیەکەوە، کە کێشەی تۆنیە، بەڵام هەرئەوەنەت زانی لەناوەڕاستی شەڕەکەیایت و زۆر بەگەرمتر لەوانەی کە کێشەکە کێشەی خۆیانەو لەسەری بەشەرهاتوون پەلامار ئەبەیت وپەلامارت بۆ ئەهێنن. ئیتر ئەبیت بەساحێبی ئەو داوایەی کە نازانی رەوایە یان نارەوایە.

ساڵێک بەوعەیام دوو دەستە لەژێر پردەکەی ناوبازارا لێیان بوو بەشەر، شەق وبۆکس وزلە بەڵاش بوو، کەسیان لێ بێبەش نە ئەکرد تەنها مەرج ئەوەبوو جلی کوردی لەبەرابێ! رەنگە یەکێک بڵێ ئەو تێک بەربوونە لەبەینی دوو تاقمابووە خۆ ئەو هەموو عالەمە لەوشەرەوە نەگلابوون ئەوان بۆ؟ وەڵامەکەی روونە لەبەر ئەوەی دەستەی شەرکەران سەرەرای ئەوەی هەرلایەی فەوجێک ئەبوون، هیچیشیان جلێکی تایبەتی و رەنگێکی دیاری کراویان لەبەرانەبوو، تاوەکو وەکو تیپی تۆپ تۆپێن یەکتری بناسنەوە، هەردولا جامانە وجلی کوردی بوو، هەندێکیشیان سەر روت یان هەر کلاوێک، هەرچی تەماشاکەرانیشە واتا ئێمەو مانان، (ئەوکات مناڵ بووم لەو مەکرومەیەم بەرنەکەوت)، هەمان جلی ئەوانمان لەبەرابوو بوو بۆیە کەس بەکەس نەبوو لەپڕ شەپازلە خواردویەک ئەیوت: کاکە بۆ لەمن ئەیەی منی تیانیم! من بەس

تەماشا ئەکەم، هاوارێک لەولاوە بەرز ئەبۆوە بەبراکەی ئەوت بێمێشک ئەوەنە لێیان مەچۆرە پیشەوە دوایی بەزلە هارت ئەکەن، نابینی ئەوگاجوتە خۆی رائەپسکێنێ دەستی ئەڵێی لەواشەیە! بەربێت لایەکی ئەم ژێر پردە رائەماڵێ مەردی خوابە وەرە بەم لاوە.

ئەوەنەی من لەبیرم مابێ مامەوە تاشەرکە کۆتایی پێهات وکڵاوی کەوتوو کرایەوە سەرسەرو جامانە بەسترایەوەو هەردولاش بە راوەشانی پەنجەی هەرەشەوە مەیانی شەرەکەیان بەجێ هێشت، بۆ جەولەی داهاتوو وەیان یاری گەرانەوە، بەڵام کەس نەیئەزانی ئەمجارەیان لەکام مەلعەب بەرێوە ئەچێ!.

بابێینەوە سەر بێمێشکی، ساڵێک وتیان: مەردی خوابە وەرە لەپێناوی مەنفەعەتی عاما رای خۆت بەراشکاوانە لەسەر فلان بڵێ، تۆ لەنزیکەوە ئەیناسی بەتەمای پۆستێکی گەورەیە و ئیدارە دوودڵن لێی تۆ ئەڵێی چی؟ وتم: من بڵێم چی بۆ یەکلایی نەبۆتەوە؟ وتیان: کاکە تاوەکو رای بەرێزانێکی وەکو ئێوە ومانان نەزانین چۆن ئەو بڕیارە ئەیەین؟ خۆ هەروا هەوانتە نیە، قسەی ئیوە سەنگی مەحەکە، ئاگات لەچیە کاکە لەسەرەوە زۆر حساب بۆ قسەی ئیوە ئەکرێت و راو بۆچوونەکانتان بەهەند وەر ئەگیرێ!. وتم: ئەگەر وایە کەواتە ئیستا بووە بە ئەرکێکی نیشتیمانی لەسەرم، بەڵام هەر بەینی خۆمان بێت وتیان بێ قەزابی ئەمە رەنگە پەیوەندی بەئەمنی قەومیشەوە هەبێ، لێرەوە ئەبرێ و لەولاوە ئەخرێتە قاسەی سرپاتەوە!. وتم: مادام وایە با عەرزی بە خزمەتتان بکەم، ئەم کابرایە ئاوا وئاوایە وتیان: خۆشمان دوو ئەوەندە

مەعلوماتمـان هەیە لەسـەری و یەک بـاوڵ مەلەفی لامـانە. وتـم: ئیتر بـۆ لەمن ئەپرسـن؟ وتیـان کاکە میـسداقیەتی قـسەکانی بەرێزتـان لەسـەرو بەڵـگە رەسمیەکانیـشەوەیە، ئەمە رای ئـێمە نـیە رای قیـادەیە لەســەر جەنابتـان. هەفـتەیەک دوای ئەوە ئەو کابرایەم بینی بـرادەران پیرۆزبـایی پۆستە نوێکەیان لێ ئەکرد، هەستم کرد لـوتەلایە بەزەردەخەنەیەکی پڕ لە گلەییەوە وتی: کوڕی بـاش پیـاو دۆسـتی وەکو تـۆی هەبێ ئیتر دوژمنی بۆچیە!.

## ■ بیجامەکەی کاک تەحسین

شەوێک بەدیار تەلەفزیۆنەکەوە دانیشتبوم هەروەکو عادەتی خۆم سەرەو خوارو ژوروم بە کەناڵە کوردیەکانی خۆمانم ئەکرد. یەک لەیەک بێ بەرنامەتر بوون، نەخێر بابچم بۆ عەرەبیەکان لەوێ ئەگەر چی نەختێک باشتر بوون بەڵام لەوێش خۆم رانەگرت وتم با بیخەمە سەرکەناڵە کانی ئەم وڵاتەی کە لێی ئەژیم، کەناڵێک هەیە شەوی دوو فلم پیشان ئەیا شانسی خۆم تازە دەستی بە فلمی یەکەم کردبوو. بە تایتل و مەشهەدەکانی پێشەکیەکەیا لەوەئەچو، بهێنێت بەدیاریەوە دانیشی. سەردێری فلمەکەی بەناوی مناڵە بیجامە خەتخەتە کەبوو، یان راستر ئەو کورە بچکۆلەیەی کە بیجامە خەتخەتەکەی لەبەرایە. فلمەکە بە هاوبەشی لەنیوان ئەمەریکا و بەریتانیا دروست کرابوو، لەدەرهێنانی مارک هیرمانەو لە رۆمانێکی نوسەری ئیرلەندی جون بوین کە هەر بەهەمان ناوە وەرگیراوە و لە پایتەختی هەنگاریا بۆدابیست وێنەی گیرابوو. چیرۆکی فیلمەکە باسی ئەفسەرێک ئەکا لە یەکەیەکی نوخبەی ئەڵمانیە لەگەڵ ژنەکەی کە کورو کچێکیان هەیە، کورەکە ناوی برونۆیە تەمەنی هەشت ساڵانە، ولەبەر ئەوەی باوکەکە ئەفسەرێکی دڵسۆزو بەوەفای بیرو باوەڕی نازیەت بووە، تەرفیع ئەکاو ئەینێرن بۆ دەرەوەی بەرلین. برونو نازانێ کەماڵە نوێیەکەیان کە

کەوتۆتە دێیەک نزیک کەمپێکە کە جولەکەی لێ کۆئەکەنەوە و باوکی بەڕێوەبەری نوێی ئەو کەمپەیە. ئەودێیە نە منداڵی تری لێیە تاوەکو پێکەوە یاری بکەن و نە بۆشی هەیە لە باخچەی ماڵەکی خۆیان زیاتر دور بکەوێتەوە. ڕۆژێک برونو بەدزیەوە ئەچێتە دەرەوە، باخێک ئەبینێت کە بەسیاجی تەل مەحکەم دەوری گیراوە، لەو دیو تەلەکەوە منداڵێک ئەبێنێت کەلەتەمەنی خۆیایەتی وبیجامیەکی خەتخەتی لەبەرایە. بەناوی شەمول پەیوەندیەکەیان زۆر قوڵ ئەبێتەوە. برونو ڕۆژانە دێت بۆ ئەو شوێنەو لەم دیوی تەلەبەنکەوە قسەی لەگەڵ ئەکا و جارێکیش پارچەیەک کێکی لەماڵی خۆیان بۆ ئەدزێت ڕۆژێک شەمول پێ ئەڵێ باوکم دیارنیە برونو ئەیەوێت یارمەتی بات بۆ دۆزینەوەی باوکی. بەیانی زو خاکەنازێکی بچکۆلە لەگەڵ خۆی دێنێ تاوەکو بن تەلبەندەکە بکۆڵێتەوە شەمۆلیش بیجامەیەکی لەو شیوەیەی خۆی بۆ ئەهێنێ بۆئەوەی لەبەری کاو کاتێک هاتە ناوکەمپەکەوە شکی لێنەکەن. بەوشێوەیە ئەچێتە کەمپەکەوە وئەورۆژەش سەرەی وەجبەیەکی ترە، لەو جولەکانەی ناوکەمپەکە کە بەغاز بخنکێنرێن ودواتر بسوتێنرێن. برونۆ کە کوڕی زابتە ئەڵمانیەکەی بەڕێوبەری کەمپەکەیە لەگەڵ شەمۆل ڕاپێچی فرنی غازەکە ئەکرێ. باوکی لەدەرەوە ئەبێت کاتێک ئەچێتەوە ماڵەوە، برۆنۆ نابینێت شک ئەکات چوبێتە کەمپەکەوە، ڕائەکات فریابکەوێت بەڵام کاتێک کە ئەگاتە کەمپەکە کار لەکار کار ترازاوەو کورەکەی ئەویش لەگەڵ شەمۆل وجولەکەکانی ترا خراونەتە فرنەکەوە، پەیوەندی ئەوەی کە گێرامەوە تەنها لەبیجامەکەیایە، بە

بـابەتەکەی گۆشـەی ئەمجـارەوە لە وولاتـانی دنیـا بیجـامە بـۆ شـەوێکی درەنـگ کـاتی نوسـتن لەبەر ئەکرێـت. لای ئـێمە بەیـانی ونیـوەڕۆ وئێـوارە بیجـامەیەکی جـوانی لەبەر کـردووەو دانیـشتوە، ئەچیـتە ماڵێـک بـۆ نـان خـواردنی نیـوەڕۆ بیجامەیەکـت بـۆ ئەهێـنن، ئەڵـێن ئەوە لەبەرکە، ئەڵێی بابە گیان خۆ ناخەوم نان ئەخۆم ئەم بیجامەیە بۆ ئەڵێن ئاخەر بەخوا ئاوا رەحەت تـر دائەنیـشی!.ئەورۆژە بەیـانی زوو هەڵـسام نەم ئەزانی چی بکەم وتـم: بـابچم نەختێـک سـەمون یـان نـانی گەرم بێـنم کاتێـک چـومە نانەواخــانەکە بینــیم، یەکێــک بە بیجــامەیەکی خەت خەتەوە وەســتاو لەپەستاش باسی سیاسـەت و وەزعەکە ئەکاو ئەوەشی بیر نەئەچو باسی بـاری کـۆمەڵایەتی خۆشـی بکـا، کە سێ ژنـی هێنـاوە، واتـا زۆر موسـەیتر قــسەی ئەکــرد. یەکێکــی کەم بینــی لەســەیارەکەی دابەزی ماســت و پێداویـستی بەرچـایی بکڕێـت، ئەویـش بیجـامەیەکی گوڵگـوڵی لەبەرابـوو. لەدڵی خۆما وتـم: پیـاو سـەیارەکەی پەکی بکەوێـت یـان حادیـسەیەک بکا وبیجــامەی لەبەرابــێ چــۆن لەوبــازارە دائەبەزێ؟ لەوخەیاڵەیــا بــووم یەکێـک لەدواوە چەپـۆکێکی قـایمی یـا بەسـەر شـانماو وتـی: کـوری بـاش ئەڵێی نامـان ناسـیتەوە ئـاورم یـایەوە کـاک تەحـسین بـوو بیجـامەیەکی خەتخەتی لەبەرابـوو، وتـم: بیجـامەکەت زۆر لێهـاتووە! وتـی: بەسـەری تـۆ قەت حـازری لەبەر نـاکەم، خەیـاتی خـۆم هەیە بەتـایبەتی بـۆم ئەدورێ، وتـم: مەعلـوم وەکـو قـات پـراوەی یەکەم ودوەمیشی هەیە وتـی: بـۆ بیجـامە هەر یەک پراوە.

## ▪ بیست وچوار سەعات کارەبا

خـزمێکم لەگەڵ بـوو لەفەیـسبوک قـسەمان ئەکـرد، جـار جـار ئەرۆیـشت وئەهـاتەوە، لـێم ئەپرسـی ئەرێ ئەوەچـیە کەشـتێکت بـۆ ئەنووسم ئەڵێی ئەچی بۆ گەرەکی ئەودیو لەوێ وەڵامەکای چاپ ئەکەیت و دێیتەوە ؟ ئەیوت: رابـوێرە بـۆ خۆتـان قەپاتن لە ئەوروپـان بیـستوچوار سـەعاتە کارەباتـان ئەگەرێ، ئـێمەش لێرە بەدەسـت کارەبـاوە حاڵمـان حەلوەلایە؟. وتم: راستە وایە بەڵام خۆ ئەوروپا بەلاش خانە نیە خەڵک لەوێ شـەوان تەنها یەک گڵـۆپی زۆری دانیـشتن ئەتـوانن داگیرسـێنن، چوونکە مانگانە ئەبێ دوو وەرقە بۆ کارەبا بنێرن.

وتـی: چـۆن یـانی ئەوهەمـوو کارەبایەیـان هەیەو یەک گڵـۆپ دائەگیرسێنن؟ ساوەڵلا لەماڵی ئێمە، بێجگە لە ژووری دانیشتن شەوانە لانـی کەم شـەش حەوت گڵۆپمـان داگیرسـاوە، توخـوا راوەسـتە سـەر دەرگای حەوشە دوان ناو حەوشە دانەیەک یارەبی تۆبە دوانە، سیانیش لەملاو ئەولا، ئەوە ژووری دانیشتم هەر کردووە بە چراخان، کاکە ماڵ رونـاک نەبـێ یەک فلـسی قەڵـب نـاهێنێ، لەوە ئەچێ ئەوروپـی رەزیـل وچروک بن، ئاخر توخوا ئەوە حاڵە شـەو وەکو شەمشەمە کوێرە بەدیار یەک گڵـۆپەوە دانیـشی ئەی کارەبـاو گڵـۆپ بـۆچی کـراوە؟.وتـم: ئەزانـی سـەبەبی ئەوکارەبا بڕانە لەسـەریەکە چیە؟ وتی: غێر دەسـەڵاتی گەندەڵ

دەســاڵە کیــشەی کارەبایــان حەل نەکــردووە.وتــم: ئەوە بەشــێکێتی بەشـەکەی تـری ئەکەوێتە سـەر ئەوخەڵکەی کە وەکو تۆیە، هەروتیـان کارەبــا هــاتەوە پــانزە گڵــۆپ و هیــتەرو ســپلیت و گیــزەری کارەبــا بەســەریەکەوە دائەگیرسـێنی. وتـی: ئەی باشــە کێـشەی بەنـزینیش هەر خەتای ئێمەیە؟ خۆ ئەویش گڵۆپەکە نیە هەتا بڵێی زۆر دائەگیرسێنن، بە خـوا قەسـتەم لەئێـوارەوە سـەرەم گرتـووە هەتـا بەیـانی یـاڵڵا بەرم کەوتـووە. وتـم: ئەوەش بەشـێکی لەسـەر حکـومەتەو کەرتێکی باشیـشی لەسـەر هـاو ووڵاتی، وتی: ئەی بەزیای خێرم نەکردبێ، تـۆ هـاتووی پشتی ئەم میللەتە بگری یان دیفاع لەودەسەڵاتە بکەی.

وتـم: بەقوربـان مەسـەلە ئەوەنیە تـۆ بیەڵە قـسەکەم تەوا بکەم لەو ئەوروپـایە کەخۆیـان دروسـتی ئەکەن، سـەیارە وەکـو لای ئـێمە بەکـار نـاهێنن، وتـی: ئەی بـۆ جـوانی دایـان نـاوە ؟ وتـم: نـابراکەم بـۆ چـوونە سـەرئیش، کـاری زەرور لەوە بترازێ قەت دەری نـاکەن، هـاوینی پێـشوو کەهـاتمەوە بـۆ سـلێمانی شـەوێک لەسـەهۆڵەکە لەگەڵ دوسێ بـرادەر وەســتابووین چامــان ئەخــواردەوە، درۆم نەکردبــێ یانزەجــار تــۆم لەسەیارەکەتا بینی لەسـەرەوە بۆ خـوارەوە لەخـوارەوە بۆ سـەرەوە. وتی: ئێ خۆهەر من نیم زۆربەی خەڵـک ئێـواران بۆ خۆشی بەسەیارە پیاسـە ئەکا، وتم: ئێ ئەوەش وەکو پانزە گڵۆپەکەوایە ئیتر بەنزین چۆن چۆڕی لێنابڕێ.

وتی: وەڵڵا کاکە خێری پێوەبوو کە تۆ چویت بۆخاریج بەزاتی خوا لێرە بوویتایە و خوا بەورۆژەی نەکا ببویتایە بە سـەرۆکی شارەوانی، عەدادت

لەسەر جادەی سەهۆڵەکەش دائەنا، بۆمان نەبوو رۆژی لەدوجار زیاتر بەسەیارە پیابرۆین. کاکە من بەجێت ئەهێڵم وتم: بۆ کوێ وتی وەڵڵا ئێستا جەو خۆشە نەختێک پیاسەی ناوشار وتم: بەپێ وتی: پیاو رەخشێکی چوار دەفتەری هەبێ بەپێ ئەگەرێ؟.

## ▪ لێیدەن بە ئیفتیخاری

ئەم رستەیەم لەو کاسێتانەیا گوێ لێ بووە، کە بەزمی گۆرانی شادی واتا ریتم خێرای تیا گێردراوە، ولەپێشا یەکێک وەکو پیشکەشکاری ئاهەنگەکە گۆرانبێژ و دەستەی ئۆرکێست، کە دیارە لەچەن ئامێرێکی کەمی موزیک و ریتم پێک هاتووە، ودواتر دێتە سەر میوانەکان و بەتایبەت خاوەن داوەت وخۆشیەکە ئەناسێنێ وبۆ یادگاری ناوەکانیان لەسەر ئەوئاهەنگە، بەدەنگ تۆمار ئەکا و ئەوجا ئەڵێ لێیدەن بە ئیفتیخاری. ووشەی ئیفتیخار لەفەخری عەرەبیەوە هاتووە، واتا شانازی رەنگە هەر مەبەستی لێیدەن بەشانازیەوە بێ، یان رەنگیشە واتای بەخۆشی ببەخشێ. بەهەر حاڵ هەرچۆنێکیان بەکار هێنابێ مەبەستەکە زیاتر رەونەق دان بووە بە مەجلیسەکە.

هەرکاتێک بگەرێمەوە ووڵات، ئەبێ سەرێکی کەمالی حاجی سەعی بەم وبۆ ئەرشیفی خۆم داوای کۆمەڵێک گۆرانی ودانیشتنی ناوازەی هونەرمەندانی لێئەکەم، ئەویش بۆم گوڵبژێرئەکاو بۆم دائەنێ. ئەوساڵە کالعادە چومە لای و وتم: باشە حەسەن زیرەک چەن جار هاتووە بۆ سلێمانی؟ دیارە ئەوکات ئێمە مناڵ بووین وکۆرو دانیشتنی ئەویش لەماڵان بووە، بۆیە نەمان توانیوە لەنزیکەوە بیبینین. ئایا ئەوکاتە کەسێکی رۆشنبیرو خوێنەوارو هونەردۆست نەبووە، هەندێک شتی بۆ

بکا؟ وتی: وەکو چی؟ - وەکو وتووێژ دەربارەی خۆی، هونەرەکەی، ئەوگۆرانی و ئاهەنگانەی کە ئیجرای کردوون، ئەوکابرایە ئەگەر هونەرێکی ئاوا بەرزو رەسەنی بوبێ، دیارە قسەشی هەبووە لەسەری. باشە کەس ئەقڵی بەوە نەشکاوە؟ راستە ئەوکات تەلەفزیۆن ورادیو وەکو ئیستا نەبووە، بەڵام وەکو کاری ئەرشیفی بۆ مێژوو ئەبوو بە تۆمار کردن لەسەر شریت، کەئەوسا بەکرەیان پێئەوت ئەوە بکرێ. هەتا هاتمە سەرئەوەی، بڵێم بریا تەمەنم نزیک تەمەنی ئەو هونەرمەندە بوایە واتا ئەو دەورانەی کەئەهات بۆ ئەم شارەو بم توانیایە لێی نزیک بومایەتەوە. ئەوکاتە خۆم ئەمزانی چیم دەربارەی ئەو پیاوە بۆ ئێستاو داهاتوو لەزاری خۆیەوە تۆمار ئەکرد.

کەسێکی تری لێبوو دیار بوو ئەویش خولیای ئەوباسانە بوو گوێگرتبوو، وتی: مامۆستا ئێمەی کورد چەندین بلیمەتی وامان بەرێ کردووە و هیچ قەدرمان نەزانیون وتم: باشە کاتی خۆی زیرەک لە ئێران سەردەمی حوکمی شا هەرچەندە نەیان هێشتووە، نەورۆزەکەی پیرەمێرد بەیتی یەکەمی نەبێ ئەوی تر وەکو خۆی بخوێنێ. بەڵام بەجۆرێک لە قورگیا ستارەی گرتووە ئەگەر نەورۆزەکەی حەسەن زیرەک لەنەورۆز دەرکەی وائەزانی ئەوساڵە نەورۆزت نەکردووە. نە ئەکرا ئەو سرودەو چەندین سرودی تریان لەم دیو بۆ تۆمار بکردایە، یان ئەویشیان هەر نەزانی؟ کاک کەمال وتی: گوێت لەم دانیشتنەی حەسەن زیرەک بووە؟ وتم: کامە کاتێک داینا کەسێک بەدەنگێکی یەکجار زیق وبەرز گۆرانی ئامینێی ئەوت، وتم: ئەم دەنگە لەگەڵ دەنگی

حەســەن ڕێـک نـاکەوێ، هەق نەبـوو پـێکەوە دانیـشتن بـکەن. کاتێـک حەسەن زیرەک لێی وەرگرتەوە وهەمان گۆرانی بە جۆرێک بەقەرار وت، وەکو ئەڵێن ئەوەی بەرانبەر ئیتر هیچی تری بۆ نەوترایەوە. ئەوە سەلیقەی هونەرمەنـدێکی ئاســایی نەبـووە، هـی بلیمەتـانە کە حەســەن بەهەق یەکێک بوو لەوان.

ئەوەی لەحەسـەن زیرەکـا وەکـو گوێگرێـک هەسـتم پێکـردووە ئەو لەدانیــشتنا واتــا گەعــدەیا، مەلیکـی دانیــشتنەکە بــوو هەروەهــا لە ئیستگەش هەر پاشای ئۆرکێستەکەبوو، بەینەما بەعزێ لەوانەی ئێستا ئەوەی لە ئێزگە نەختێک باش بێت، لەگەعدەیا نوزەی بەحاڵ لێوە دێ. ئەوەی لەگەعدەیا باش بێت، لەئێزگە هیچی لێ هەڵناکرێ. کەواتە بەڕای مـن، ئەو بەعـزە هەقە بۆیـان لێبـدرێت (مۆزیقـا) بەڵام هەر سـادە بەبێ ئیفتیخاری.

## ■ بەتەنکەو بەگاڵۆن

لە هەرێمی بەنسلفانیا لە ئەمەریکا، ساڵی ١٨٥٩ بەهۆی بورجێکی سەرەتایی کەلەتەختە دروست کرابوو، توانیان بیرێکی نەوت تا تاقولایی بیستو یەک مەتر لێبەن، ئێوارەی ئەو رۆژە دەست لەکار هەڵئەگرن بەیانی دێنەوە دەست بەهەڵکەنی بکەنەوە ئەبینن پر بووە لەنەوت ئەوکات رۆژی بیست بەرمیل نەوتی لێ دەرهێنراوە!.

لە کەرکوک لە کۆتایی حوزەیرانی ١٩٢٧، دەست کرا بەلێیانی یەکەمین بیر تاوەکو پایزی هەمان ساڵ بەردەوام بووە و قوڵی بیرەکە لە تشرینی یەکەما گەیشتۆتە ٤٦٣ مەتر ئەڵێن لەبەرەبەیانی چواردەی ئەومانگە، بیرەکە ئەتەقێتەوە بۆ ماوەی سێ رۆژ بە بەرزی سەدو چل پێ، فوارەی نەوت ئەچیت بەحەوایا، لەرۆژی حەڤەهەمینا ئینجا ئەتوانن بەتەواوی کۆنترۆڵی بکەن. ئەڵێن لەرۆژێکا نزیکەی نەوەد هەزار بەرمیل نەوت بەوناوەیا رێچکەی بەستووە.

بەپێی شارەزایان کێڵگەنەوتیەکەی کەرکوک لەپلەی پێنجەما دێ لەسەر ئاستی جیهان و درێژی ئەو کێڵگەیە نزیکەی نەوەدو پێنج کیلۆمەترو پانیەکەی چوار کیلۆمەترە. لەساڵی(١٩٣٥)وە کە بەشێوەیەکی بازرگانی نەوتی لێوە هەناردە ئەکرێ. تاوەکو ئێستا واتا نزیکەی هەشتا ساڵ ئەبێ، چواردە ملیار بەرمیل نەوتی لێبەرهەم

هاتوەو چاوەڕوان ئەکرێ نزیکەی شانزە ملیار بەرمیلی یەدەکی تیامابێ. واتا بیرەکانی کەرکوک بۆماوەی حەفتا هەشتا ساڵی ئایندەش هەر نەوتیان لێ بەرهەم ئەهێنرێ.

لە١٩٦١ عەبدولکەریم قاسم قانونی ژمارە ٨٠ دەرکرد کە ئیمتیازی گەران و بەرهەم هێنانی نەوتی لەعێراقا بەرادەی نەوەو نۆ نیو لەسەدا گەرانەوە بۆ حکومەتی عێراقی. لەساڵی ١٩٦٤ سەدەمی عەبدوالسلام عارف یاسای دامەزراندی کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی دەرچوو. سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر لە ١٩٧٢ بڕیاری خۆماڵی کردنی نەوتیان دەرکرد. بەڵام یەکسەر هەموو کۆمپانیاکانی نەگرتەوە تا ساڵی ١٩٧٥ یاسای ژمارە ٢٠٠ بەناوی یاسای خۆماڵی کردنی نەوتیان دەرکرد و بەتەواوەتی نەوت کەوتە دەست بەعس، ئەویش لەبری ئاوەدانی عێراقی پێ کاول کرد.

بگەڕێینەوە سەر بەکارهێنانی نەوت، ئەڵێن تاوەکو ساڵی ١٨٨٦ تەنها بۆ روناک کردنەوە بەکار هاتووە. لەساڵی ١٨٨٥ داهێنەرێکی ئەڵمانی بەناوی کارل بەنز توانی یەکەم ئۆتۆمۆبێل دروست بکا کە بزوێنەرەکەی بەهۆی سوتانی ناوەوە بگەڕێت. هەردوای ئەو رۆدلۆف دیزل و کۆتلۆب دیملەرو هینری فۆرد بەخێرایی ئەوانیش ئەوجۆرە ئۆتۆمبیلەیان دروست کرد، ئیتر نەوت بوو بە مادەی سەرەکی ژیان. لەشاری سلێمانی لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا و تا نیوەی یەکەمی شەستەکانیش، عەرەبانە هاواری ئەکرد نەوت بەتەنەکەو بە گاڵۆن. ئەوزەمانە خەڵک نەوتی زۆر نەکڕیوە، هەر دارو خەڵوزیان بۆ گەرم

کـردنەوەو چێـشت لێنـان بەکار هێنـاوە، لەسـلێمانی یەک بەنـزین خـانە هەبـوو شــوێنەکەی بەرانـبەر کـۆمەڵەی هەرەوەزی جـاران بـوو، نزیـک مزگەوتی مەولەوی. پەمپەکەی بەدەست ئیشی ئەکرد، دەسکێکی درێژی پێوە بوو، تا تەنکی سەیارەکە پر ئەبوو ئەبوایە بەدەست بیان هێنایەو بیان بردایە. پێش زەمانی تەنکەو گاڵۆنیش، خەڵک بەقـاپ نەوتی کریـوە دیـارە ئەوە هەر بـۆ رونـاک کـردنەوە بـووە، ئەو قـاپە بـوتڵی شـوشـەبوو، قەبارەکەی وەکو بوتڵی شیر وابووە و لەسلێمانی پێیان وتوە قاپە نەوت.

## ■ بەخوا تۆش پیری

کاک قەدری تەقاویت ببوو، جارو بار ئەهاتە چاخانەکە قەیرێک دائەنیشت و ئەرۆیشت و بەوچلەی هاوینەش دەستوری دایەرەو دانیشتن لەسەرمێزی، کاتی وەزیفەکەی تەرک نەیابوو، هەر چاکەتەکەی لەبەرابوو و بۆینباخەکەشی توند بەستبوو.زۆر حەزیشی لەقسە نەبوو حەزم ئەکرد بیدوێنم و باسی ئەو مێژووەی کە لەسەرەتای هاتنی حوکمی ئینگلیز بۆ ناوچەکەو روداوەکانی ئەوسەردەمە لە سیاسی وکۆمەڵاتیەکانی سلێمانی لێ بپرسم.ئایا بۆ دروست بوونی بیری ئیستیقلال و پێکهێنانی کیانێکی کوردی لەناوچەکایا عامیلە دینیکەبوو، کە کاریگەری لەسەر کۆکردنەوەی خەڵک بۆ بەرهەڵستکاریی سەربازیی دژی ئینگیلزی کافر هەبوو، یان روەکەی تر بوو کە بیری کوردایەتیە؟ بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە عارەب بیرمەندێک یان رۆشنبیرێکی وەکو ساتع ئەلحوسەری تیا هەڵکەوت وبانگەشەی رزگار بوونی عەرەبی ئەکرد. ئێمەش وەکو کورد دوای جەنگی جیهانی یەکەم ئەوەمان وەکو چاو لێکەری لا دروست بوو؟ یان هۆکەی ئەوگۆرانە گەورەیە بێت، بە کۆتایی هاتنی جەنگ بە بردنەوەی حولەفاو تێکشکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی دواکەوتوو، دەستی پێکرد و بومە لەرزیەکی گەورە ئەو ناوچەیەی کە بەرۆژهەڵاتی ناوەراست ناو ئەبرێ گرتەوەو لە ئاکامی

ئیتیفـاقیەی سـایکس بیکـو عـارەب گـوتەنی( خرجنـا مـن المولـد بـدون حمـص)، کـورد لەمەولـوەکە بە بێ خـواردنی نـۆک هـاتنە دەرەوە. واتـا هەموو مەراسیمەکەیان بەجێهێنا بەلام نەیان هێشت، لەو نۆک وبرنجە بخۆن کە بۆ ئامادە بوان لێنرابوو.

ئایا خەتـای خۆمـان بـوو واتـا سیاسـەتمان نەئەزانی، یـان شـتەکە لەخۆمـان گەورە تربـوو، هـیچ کاری بەسیاسـەت زانینـەوە نەبـوو؟. ئەم ویـــست ئەو موناقەشـــەیەی کەلەگەڵ بـــکەم، چـــوونکە ئەمزانـــی خـوێنەرێکی باشـە و زاکیرەشی زۆر بەهێزە، ووردە ووردە کەوتینـە قـسە هەرچەندە جیاوازی تەمەنمان بەئاشکرا پێوە دیار بوو، بەڵام بەحوکمی ئەوەی بەنـدەش خـوێنەرێکی بـاش بـوو، ئەوەی ئەو باسـی ئەکـرد لەو مێـــژووە زۆرجـــار بەنـــدە تەواو کەری قـــسەکانی، وەیـــان جاروبـــار راستکردنەوەی بیرچونەوەیەک یان هەڵەیەکی مێژووی کاک قەدری بوو، کە بەتەوازوعێکی زۆرەوە ئەیفەرموو دەم خۆش ئەوە راستە.

کـاک رامـانی تەمەن بیـست سـاڵ، لە شـانی ئەملامەوە دانیـشتبوو شـاکارە تـازەکەی! رۆماننوسـە خۆشەویـستەکەی بەدەسـتەوە بـوو چـای ئەخـواردەوە. جـار جـار سـەری ئەهێنـا بـۆلای قـسەکانی ئێمەوە، منـیش نەختێـک سـەوتم ئەیـا بە زانیاریەکـانی خـۆم و حەزیـشم ئەکـرد کـاک قەدریـش نەختێـک دەنگـی بەرزتربکـاتەوە، بـۆئەوەی ئەو گەنـجەش ئیستیفادەیەکمان لێبکا. قەیچێکا پیاو کەشتێکی زانی، بۆ حەپسی کا با ئەوخەڵکەش بەتایبەتی ئەم نەوە نوێیە، کە زۆربەیان ناخوێننەوە ئەگەر بـشخوێننەوە وەکـو ئەم کـاک رامـانە لەرۆمانەکـانی کـاک جوتیـار وەلی

بترازێ، هیچی تری نەخوێندۆتەوە با مەنفەعەتێکی پێبگا. دیاریشە کە تینوی زانیاریە، ئەوەنیە جارجار سەرنجی تەواو بۆقسەکانی ئێمە تەرخان ئەکا!. لەگەڵ کاک قەدری زۆمان قسە کرد، لەهەندێک جێگا هاوراو هەندێکی تریش زۆر بەئەدەبەوە کاک قەدری ئەیگوت هاورانیم یان زانیاری بۆراست ئەکردمەوە، یان من هەندێک شتم وەبیر ئەو ئەهێنایەوە. باسمان ئەو رۆژە نەهاتە کۆتایی، کاک قەدری خواحافیز بوونی لێکردم و رۆیشت. بە چاوێکی رەزامەند بوونەوە لەخۆم و کاک قەدری کە توانیومانە بەوقسانە نەختێک زانیاریش بەم گەنجە جوانە بەین، سەیرێکم کردو وتم: باسەکەت پێ چۆن بوو. وتی: بەخوا مامۆستا تۆش پیری! وتم: لەوهەموو قسەو باس و زانیاریانە هەر ئەوەندەی لێ تێگەیشتی! وتی: ئەی ئەگەر پیرنەبیت چۆن ئەزانی کەی سوپای عێراق ودەوڵەتی عێراق دامەزراوە؟ تاسێک بردمەیەوە ولەدڵی خۆما وتم: ئەو قۆرتە مەعریفیەی ئەم نەوەیەی تێکەوتووە، ئەوەنە قەبەیە بەهەزاری وەکو من و کاک قەدری پڕنابێتەوە. ئەمانە لەبەر ئەوەی ناخوێننەوە شتێک خۆیان تیا نەژیابن نایزانن، بۆیە وائەزانێ منیش لەبیستەکانا وەختی ژنم بووە!.

## بەرخی چەمی

جاران لە سلێمانی کابرایەک بە شوڵ ماسی ئەفرۆشت، کۆڵانەو کۆڵان ئەگەراو هاواری ئەکرد بەرخی چەمیە ماسی.

ماسی هەموو رۆژێک نەئەخورا، بۆیە چاککردن و خواردنی مەراسیمێکی تایبەت بەخۆی هەبوو. خەڵک دەرەقەتی کڕینی نەئەهات، ئەگەر گۆشتی سور هەفتەی جارێک بخورایە، رەنگە بە شەش مانگ جارێکیش ماسی نەخورایە. بۆیە کە ئەهێنرایەوە بەتایبەتی، لەزستاناو لەبەر ئەوەی بەدەگمەن ماڵیش هەبوو سەلاجەی تیابێ، پاک ئەکرایەوەو ترش وخوێ ئەکراو سەنگ و بەرد ئەنراو لەترسی پشیلەش تەشتێکی مسی قورسیان ئەکرد بەسەریا. ئەیان وت بۆ سبەینێ، ترش وخوێکە جوان هەڵ ئەمژێ ئەوسا سوری ئەکەینەوە، واتا ماڵەکان فرنیشیان نەبوو بۆ براژاندنی.

ئەو دەمانە ماسی تام و لەزەتێکی زۆر خۆشی هەبوو، رەنگە هی ئەوە بووبێ کە درەنگ درەنگ ئەخورا، یان هی ئەوە بووبێ کە هی روبارو گۆماوەکانی لای خۆمان بوون و بەسروشتی گەورە ئەبوون نەک بە عەلەفی دەست کرد. لە حەوزی پەروەردەکردنی ماسیا، من ئەڵێم هەردوکیان بوو.

هەر ئەودەمـــانە ئەگەر ماڵێـــک مریـــشک یـــان کەڵەشـــێرێکیان سەربڕپایە، بۆئەوەی برادەران بزانن خاڵە مریشکی خواردەوە. ئەی وت: ئەم ئێوارەیە تەڵەمشکێنەم لەگەڵ مەحموی برام کرد، ساردیەکم پێ دۆڕان جەمـــاعەت ئەی غەدار مریـــشکت خـــواردوە، ئەویـــش: ئـــم، سنگەکەی، جەماعەت ئای کە بەلەزەتە، ئەویش هەر لەبەر ئەوەبوو، کە کەم ئەخورا و بەسروشتیش لەوناوە ئەگەراو دانی ئەخوارد، بۆیە بەهەق ئەوکـــات بەلەزەت بـــوو. ئەوەی مـــن باســـی ئەکەم عـــامەی خەڵکەکە واتا زۆربایەتی ئەم شەعبەی سلێمانی و دەورو بەری بوو.

خەڵکی ئەو عەیامە بە ئیشەکەیەوە ئەناسرایەوە. فلان قەساب و فیسار ناتر بوو، چایچی، یەکێکی تر ئەفەنی واتا موەزەفی حکومەت بوو، یان مامۆستا، پینەچی، سەراج، دارتاش، ئاسنگەر، ترومبێل چی واتا سایەق، کڵاش دروو، عەتار، مسگەر، جگەرچی، کەبابچی، خەیات، عەرەبانچی (دوو ئەسپی و تریشقە)، یان بەزاز، سەرتاش، خۆمخانەچی، جۆلا، یان سەروپێچی. خەڵک ئاوا بەناو بانگ بوون، بۆ نموونە ئەگەر بیانوتایە کوری فلانی بەقاڵە ئیتر ئەوە ناسنامە بوو.

ئەوکات ئیش قیمەتی بۆ خەڵکەکە لەناو کۆمەڵگایا دروست ئەکرد. ئەگەر باسـی ژنێـک بکـرایە پێـوانەی رووسـوریەکەی لەپـاش مردنـی مێردەکەی ئەو نـان پیـوەریە یـان جـل شـۆری مـاڵان بـوو کە ئەیکـردو و ئەیـان وت: ئەوەنە هەتیـووی بەنـان پێیـوەری یـان جـل شـتن پێگەیـان وکردنی بەمامۆستاو موهەندیس.

زەمانیک بۆ ئەوەی زانکۆ تەواو بکەین هاوینان کرێکاریمان ئەکرد ئێستا زانکۆ بووە بە پارکی سەیارەی خوێندکار.جاران خەڵک بەساجی خۆیەوە لەبەر قەسرەکەی تۆفیق قەزازا ئەوەستا دوعای ئەکرد بیبەن بۆ کرێکاری، ئێستا لە موسڵ و نیپاڵ و فلپین وهەتا ئەفەریقاشەوە وە دێن لە کوردستان ئیش ئەدۆزنەوە. لای خۆمان لە موەزەفی کەمتر بێت ئیزراب خۆت بگرەو هاتم. تەلەفزیۆنی ئەوبەریش ئادەی بەساقەی دەست و قۆچەقانیتان بم حەرکەت لەئێوەو نەقڵ کردنی راستەوخۆش بەتیفتیفەی روناک بیرەکەوە لەئێمە.

## ■ بەرنامەو پێشکەشکار

لەلای ئـێمە هەنـدێک کە ئیماکانـاتی دامەزرانـدن و بەڕێـوەبردنی وتێچـونی گەورەو گرانـی میـدیای بینراویـان هەیە، هەر ئەوەنـدەی تێگەیـشتوون کە بینـای جـوان ودیکـۆری نایـاب و کـامیراو ئامێرەکـانی دیـکەی کە پەیوەسـتن بەوکـارەوە، لە هەنـدەران لەباشـترین سـەرچاوەکانیەوە بـۆ دابـین بـکەن و یەکێکـیش کە نـازنێ میـدیا چـیە ئەکەن بە مـودیری ئیتر ئەوەی کەنـازانێ رستەیەک هەواڵی مردنی پوری بەکـس وکـاری بگەێنێـت، ئەکـرێ بەسـەرۆکی بەشـی هەواڵ. ئەوەی کەنـازانێ لەتەلەفـونی ئاسـاییا دوقـسە بکـا، بەرانـبەرەکەی لێی تێبگـا ئەکرێ بەپەیـامنێر، ئەوەی کە هیچ لەبەرنـامە نـازانێ ئەکـرێ بەسـەرۆکی بەشی بەرنامە جوانەکانی تیڤی. ئیتر هەر بەشەو دراوەتە دەست کەسێک کە هیچ هونەرێکی لەو بوارەدە قەت لێنەبیراوە، لەوەش سەیرتر لای ئێمە پیاچوونەوە و هەڵسانگدن هیچ جێگەیەکی لە قاموسی سەرپەرشتیاران و جیهاتی سـەرف کردنی پارەیا بـۆ ئەو دەزگایـانە نـیە. داهێنـان لای ئێمە بـودعەیە و بە فەتـوای برادەرانـی دەسـت سـپی ئەتخـاتە ئـاگری جەهەنەمەوە و واشـت لێ ئەخـوێنن، جـارێکی کە بەدوچـاوی خـۆت ئەو دام ودەزگایە نەبینیتەوە.

لە ڤیستیڤاڵە ئەدەبی و هونەریەکانما هەر خەڵاتەو دابەش ئەکرێ، کەسیش نازانێ ئەوانەی کە خەڵات ئەکرێن چیان لە هونەرو ئەدەب بردۆتە پیشەوە. لەهونەرەکەمانا نەدرامایەکی تەلەفیزۆنیمان هەیە رووی مەجلیسی ئەهلی نەزەری لەو بوارەیا هەبێ هەرچی باری نوسینەکەش هەیە خۆتان وەکیل بن.

ساڵی ١٩٢٣ لەئەڵمانیا کۆمەڵێک خەڵکی بیرمەند فەیلەسوفیشیان تیابوو، پەمانگایەکیان دامەزراند کە بەقوتابخانەی فرانکفۆرت ناسراوە. لەوکاتەدا کە هەرەتی لاویی بیری مارکسیزم بوو، واتا هێشتا ئەوە ساغ نەبووەوە، ئایا هەموو بۆچونەکانی مارکس لەسەر کێشمەکێشی چینەکان و رۆڵی لەپێشکەوتنی کۆمەڵگاو بەرەنگاری نێوان چینی کرێکارو خاوەن کارگەکان و زیادەی بەها و هێنانە دی دنیایەکی تر بە دەقیقی تەواوە یان نا؟ ئەوان هاتن رەهەندی رەخنە سازی ئازادکەریان لێهێنایە مەیان، وتیان مارکسیزم بووە بە تێفکرینێکی بەستوو لەمێشکی زۆر لە بیرمەندەکانی ئەڵماندا، پێوسیتی بە دیدیکی روناک تر هەیە بۆ لێکدانەوەی.

ئەوان دنیای خۆیان بە پیاچونەوەو رەخنە بردۆتە پێشەوە، ئێمە بە پێچەوانەی ئەوانەوە بۆ موجامەلە ئەچینە کۆری ئەدەبی کەهاتینە دەرەوە دو دوو سێ سێ، پسکە پسک باسی بێ مستەوایی شیعرەکان یان نوسین و لێکۆڵینەوەکە ئەکەین. کەسمان جورئەتی ئەوەناکەین، بەخۆی بڵێن رەنگە لەوە بترسین نەبادا ئەویش لەکۆڕێکی ئێمەیا لێمان راست بێتەوە شرو شیتاڵی چیرۆکە دزراوەکەمان، یان شیعرە بێ سەرەو بەرەکەمان فرێداتە حەوشەکەوە.

تەلەفـــون: جەنابتـــان مامۆســـتا خالیـــدن؟ بەڵـــێ بەڵام بەخـــوا مامۆســتانیم نــا نانــا توخــوا ئەو قــسەیەکەمە، تــۆ مامۆســتای ئێمەی لەتۆوە فێر ئەبین. بەرێزتان بۆ رۆژی چوار شـەممە میوانی بەرنامەکەمان ئەبـن. بەڵێ باشـە دەپرسـیارم لە مـاوەی بیـست دەقەیـا لێکـرا، فریـای وەڵامی یەکێکان نەئەکەوتم ئەوی تریان لێئەکردم، تومەز پێشکەش کار ئاگای لەهـیچ نـیە یەکێـک بـۆی ئامـادەکردووە، ئەویـش وەکـو سـەقف تێکـردن ئیـشەکە ئەکـا و چـاوەرێ وەڵامـی پرسـیارەکەی پێـشوو نـیە. وەڵامەکانم هەمـووی نیـوە ناچڵ لێ وەر ئەگیرایەوە، ئەبێ دەپرسـیارەکە تەواو کـا! خەریـک بـوو پێیـان بڵـێم نەختێـک هێـواش، ئەڵێی باراشـم لێئەکەن خـۆ مەکینـەی ئاشـیش بـم ئـاوا خێرا خێرا باراشـە نـابێ بکـرێ بەقورگیــا، نــابێ ئەوەی یەکــم بهــارێ، ئینجــا ئەوەی تــری لێکەیــت؟ لەئـــاخیرا دەســـت خۆشـــی وەڵامە جوانەکانیـــان لێکـــردم و هیـــوای ســەرکەوتنیان بــۆ خواســتم. منـیش دەسـت خۆشـی ئەو پێـشکەشکردنە سـەرکەوتووەم لێکـردن، بەڵام لەدڵەوە سـەرەخۆشی جـوانە مەرگکردنی میدیای کوریم لەهەموو سەرپەرشتیارانی میدیا کوردی ئەکردا!.

## ■ بەقوربانە پیازیشی تێکە

هەرچەندە عومری لەسەربانی پەنجاوە سەیری حەوشەی ئەکرد، بەڵام ئەلهەقی لەسەیری ئەم قاتو بۆینباخ و داهێنانی قژوریشە جوان تاشراوەو بۆنی عەترە گرانەکەیا، هەر رێک پانزەساڵت بێ چەن وچون خاتر ئەگرت. سەرەرای سەرقاڵیی بە ئوموری سیاسی وکۆمەڵایەتی ووڵاتەوە، ئارەزوی خوێندنەوەی هەموو ئەوشتانەشی هەبوو، کە باس لەپاراستنی سیحەتیش ئەکەن و بەراستیش ئەگەر لەگەڵی دانیشتبای مەعلوماتێکی یەکجار جوانی لەوبارەیەوە هەڵئەرشت.یەکێک لەوشتانەی کە زۆر دوپاتی ئەکردەوە، سیر بخۆن کاکە سیر، نەوعی نیە بۆ پاککردنەوەی خوێن لەکۆلیسترۆل ودابەزاندنی زەخت، لەگەڵ ئاوا لەمەکینەی بە رۆژی یەک پەرداخ بەسە!. من بەش بەحاڵی خۆم ئەوە بەرنامەمە کولی رۆژێک.ئەچوە هەر شوێنێک بۆنی ئەوسیرەی لەگەڵ خۆی بەدیاری بۆئەبردن، ئەوعالەمەی هەموو لەگەڵ خۆی لەئیستیفادەی سیرەکە بۆ خۆی وبۆنەکەی بۆئەوان بەشدار کردبوو.

کێشەکە زۆر گەورە نەبوو ئەگەر یەکێک جورئەتی بکردایەو پێی بوتایە:خاڵۆ مەعلوماتەکانت لەسەر سیر عەیبی نیە بەڵام بەخوا بۆنەکەی، کەرو کاسی کردین!. لەلای ئێمە موجامەلە هەموو شتێکی کوشتووە، ناخۆشترین دەنگ گۆرانیبێژ کەس راستەوخۆ راو بۆچونی

خۆی پێناڵێ. بەهەمان شێوە لەهەموو شتەکانی تریشا هەروا بردومانە تەسەر. کاک حەکیم بەرهەڵستکار ونارەزای بۆنی سیرەکەی دەمی زۆر بوون، بەڵام وەکو ئەڵێن موعارەزەی بێدەنگ بوون.لە پشتی سەری خۆیەوە هەموو بەدەنگی بەرز دادو بیدادیان بوو، بەڵام کە خۆی ئامادە ئەبوو هەر ئەوەندەی مابو پێی بڵێن قەرزارمان بیت، ئەمە دنیایە سیرت لێبرا، دوانزەی شەویش بێت بەس نوکەیەمان بۆبکە، ئەگەر بەدوسێ کیلۆ سیری جوانەوە نەگەیشتینە سەرت هەقی خۆتە بڵێی ئەمانە هەر هاوڕێی عانی خۆشین.

کاک رەحمەت تانیوەشەو چوار پێنج جار تەلەفونی کرد پیاوی چا بە بەیانی هەر ئەبێ چاوم پێت بکەوێ ئەگەر ئەو بابەتەت لەنزیکەوە لەگەڵ باس بکەم زۆر باشتر ئەتوانم حاڵیت بکەم وەکو لەوەی ئاوا بەتەلەفون، -بەڵێ باشە.. لەچاخانەکە..بەڵی فەرمایشتە.. کەچوم پەلاماری یام ئەملاو لای ماچ کردم بۆنی پیازی ناو پاروە قاورمەکە، کاسی کردم...دەبا پارویەکی جوانت بۆ بپێچێتەوە... بەزیا بێ ناخۆم.. چای بانگ کرد و روی دەمی بەقسەو بەفیعلیش تەواو تێکردبووم... لەبەر بۆنی پیازەکەی بەئەدەبەوە روی خۆم ئەکرد بەولاوە.. چەناگەی ئەهێنامەوە رێکی خۆی، خەریک ئەبو بوو پێابتەقەمەوە بڵێم بۆنی پیازەکەت کوشتمی کاکە، خۆ سەحنی سەتەلایت نیە روی لە قەمەر سەناعیەکە نەبێ وەری نەگرێ، بەخوا ئاواش گوێم لێتە. کێشەکە چیە؟ ئەو ئەیزانێ ئەگەر قاتی لەبەر کرد ئەبێ بۆینباخ وکراس وهەتا پێلاوەکەشی رەنگەکانیان لەگەڵ یەک رێکبخات. ئەزانێ نابێ

سەیارەکەی ناوەو دەرەوەی پاکو تەمیز نەبێ، ئەزانێ چی جوانە و خەڵک بە مۆدێلی ئەزانێ بۆ خانوەکەی یان ناوماڵەکەی دابینی بکا، بەڵام نایزانێ هەموکاتێک کاتی سەلکە پیاز خواردن نیە.

## پاتەی قوڕاوی

لەساڵی ١٨٩٤ کوڕی کابرایەکی پێڵاو درووی چیکی بەناوی تۆماس باتا، لەگەڵ براکەی ئەنتۆنین و خوشکەکەی ئانا، کۆمپانیایەکی پێڵاو دروست کردنیان دامەزران وناویان لێنا باتا.ئەوکات دە کرێکاریان بەئیشی بەردەوام و موچەی حەفتانە هەبوو، کە لەو زەمانەیا ئەوە شتێکی زۆر ناوازەبووە، ئەڵێن لەساڵی ١٨٩٥ کۆمپانیاکە توشی قەیرانێکی دارایی سەخت ئەبێ وقەرزێکی زۆری لەسەر کەڵەکە ئەبێ، بۆیە قەرار ئەیەن کە پێڵاو لە گونیەو پێستە پێکەوە دروست بکەن. ئەو مۆدێلە بەجۆرێک لای خەڵکیی شیرین بوو، کارمەندانی کۆمپانیاکە لە دە کەسەوە بوون بە پەنجاکەس.

لەساڵی ١٩٠٤ بەدواوە باتا شێوازی دورست کردنی پێڵاوی لە دەستیەوە کرد بە میکانیکی و ئیتر باتا بوو بە پێشەنگی کۆمپانیاکانی پێڵاو دروست کردن بە جوملە لەسەر ئاستی ئەوروپا، دوای ئەوە بەجۆرێک ئەو کۆمپانیایە و ژمارەی ئەوانەی کە ئیشیان تیا ئەکرد پەرەی سەند، ئەوەبوو لە بیستو حەوت وڵات، فابریقەی کردەوە و ژمارەی کارمەندانیشی سی هەزار کەسی تێپەراند و ئێستا لە نەوەد وڵاتدا پێشانگای فرۆشتنی ئەو پێڵاوە هەیە.

لەعێراقیش لەساڵی ١٩٣٢ بەدواوە وەکالەتی پێڵاوی باتا فرۆشتن دانراو سەرنجی ئەو خەڵکەی لەبەر جوانی و پتەویی مۆدێلەکانی وا بەلای خۆیا راکێشابوو، ئەیان وت کاکە فڵان لۆرتە پێڵاوی باتە نەبێ لەپێی ناکا.

لە سەردەمی مەلەکییا، نوری سابیت- ی رۆژنامە نوسی بەناو بانگ و خاوەنی رۆژنامەی (حبزبوز) لەبەغدا ئەنووسێ، (مەجلیسی نواب جەلسەکانی خۆی لەسەر ریتمی پێڵاوی باتا دەست پێئەکا). واتا نایبەکان هەموویان پێاوی باتایان لەپیایە.لەمۆریتانیاش لەحەفتاکانی سەدەی رابردوودا شیعاری (یەک هەنگاو بەبێ باتا نانرێ) بوو!.

ئەوەی من لەبیرم بێ لەشاری سلێمانی لەشەستەکانی سەدەی رابردوودا پێشانگای فرۆشتنی پێڵاوی باتا لە جادەی مەولەوی لەوبەرەبوو کە پشتەکەی حەمامی قشڵەبوو. لەوێ مشتەری بەرویەکی خۆشەوەپێشوازی لێئەکراو کورسی هەبوو بۆ ئەوەی لەسەری دانیشێ تاپێڵاوەکە تاقی بکاتەوە و ئەگەر چەن جارێک هەڵبژرادنەکانیشی بگۆڕیایە، ئەوکەسەی کە پیڵاوەکانی بۆ ئەهێنای قەت رووی گرژ نەئەکرد. کڕین و لەپێ کردنی ئەوپێڵاوە موناسەبەیەکی ئەوەنە شکۆدار بوو، ئەگەر لەبازرەوە بەرەو ماڵەوە بهاتیتایەتەوە قوتوی پێڵاوی باتا- ت بەباوشەوە بوایە لەسەری کۆڵانەکەی خۆتان ئەیان وت: بیشارەوە باکەس نەیبینێ نەکو چاوو نفوسمان پیا هەڵبێنن!.

کوردەواری خۆشمان بەپێڵاوی لاستیکیان ئەوت، پاتە و بۆ ناو قوڕیش ئەوپێڵاوە لاستیکە لەپێڵاوی چەرم باشتر بەرگەی ئەگرت،

وپـێش تەڕنەئەبـوو.لە ئەدەبیـاتی سیاسـی شـۆرش وپێشەمەرگایەتیـشا زۆری عەدەدی پـاتە دڕیـن بـوو بە هێمـایەک، بـۆ درێـژی ژیـانی پێشمەرگایەتی. بۆ تەوسیش بە بەرانبەر ئەوترا بەقەدەر کیشی بەرێزتان پاتەم لە وشاخ وکێوە لەڕێگەی کوردایەتیا دڕیوە.

## ■ پارەی تێنەکراوە

سـنوقێک یـان جیهـازێکی زیـرەک هەیە، خـواردنەوەی تێـئەکەن وساردی ئەکا، ئەگەر پارەی تێبکەی بۆ نموونە قوتویەک بیبسی ساردت ئەیاتێ. یەکێک ئەبینێ کابرایەک لەلای یەکێک لەو جیهازانەوە راوەستاوە لەپەستا بیبسی وکۆلاو فانتا ئەخواتەوە، لێی نزیک ئەبێتەوە ئەڵێ برادەر ماوەیەکە لەوبەرەوە سـەیرت ئەکەم یەک لەدوای یەک هەڵی ئەقـوڕێنی دیـارە زۆرت حەز بیبـسی و ئەوانەیە، ناهەقیـشت نیە بەخـوا ئەمرۆ زۆر گەرمە، ئەویـش ئەڵێ نەوەڵا شانـسم هەیە ئەوە سـەعاتێکە ئەم یـاریە ئەکەم، یەک جـار نەم دۆڕانـووە. هەر پـارەی تێـئەکەم و بیبـسیەک یـان کۆلایەکم بۆ دەرئەچێ، تومەز داماوە وای زانیوە یانسیبە!

چـووم بـۆ ئاهەنگێـک کە بەبـۆنەیەکەوە ئەیـان گێـرا، دیـار بـوو خۆبەخـشی بـوو، هەسـتم کـرد یەکێــک لە مۆسـیقا ژەنەکـانی سەرشانۆکە کەیفی نەبوو، ئەتوت بەزۆر هێناویانە، لەوەی تەنیشتمەوە پرسی ئەوەچیە ئەو برادەرەمان هیچ شـەوقی نیە وتی:کاکە ئەوە ئـاوایە ئەگەر پارەی تێنەکەی ئیش ناکات، جیهازی بیبسیەکەو کابرام بیرکەوەتە پێکەنین گرتمی.

لەگەڵ هونەرمەند کاک سەلاح رەشید لەسەر زیافەتی کاکە شوان میـرەی هونەرمەنـد بـووین، لەمـاڵی خۆیـان دوای خـواردنی ئەوکفـتە

جـوانەی سـلێمانی، قـسەوباسی هـونەریی دامەزرا، بەتـایبەتی لەسـەر مێژووی گۆرانی لەسلێمانی. کاک سەلاح بەحوکمی ئەوەی کە چەن جار لەگەڵ حەسـەن زیرەک وەکو ژەنیار بە سـوحبەتی بەهەشـتی شـەوکەت رەشیدی برایی و مامۆستا ئەنوەر قەراخی بەشداری ئاهەنگەکانی بوون، لەسلێمانی هەندێک شتی دەربارەی ئەوزاتە باس کرد. بەراستی جێگەی هەڵوێـست و تێرامـانینی قـوڵ بـوون. کـاک سـەلاح وتـی: لەدانیـشتنێکا حەسـەن بەهەستێکی تەواو لەگەڵ گۆرانیەکەیا کە ئەیوت تێکەڵ ببوو لەوکاتەیـا یەکێـک لەئامـادە بـوان، بەسـتەیەک پێـنج دینـاری بـاران بەسـەریا، دیـارە وەکـو نەریتی شـاباش بـووە، کە لە شـاییەکانا شـاباش کەران ئەیان کردو ئیتر گۆرانی خوێن ئەیوت مەبلەغی ئەوەندە شاباشی فڵانـی کـوری فـڵانە و سوپاسـی ئەکـرد. مـن بـۆ خـۆم منـاڵ بـووم لە ئـاهەنگێکی بـوک گواسـتنەوەیا، لەشـاری سـلێمانی لەسـەر دیـواری مـاڵەکەوە تەماشـامان ئەکرد بینیم یەکێک لەپەستا شاباشی ئەناردو شـایەریش بە کەرەم و بەخشندەییا هەڵی ئەیا. دوایی تێگەیشتم حەزی لـەکچێـک کـردووە و ئەویـش لەوێ هەڵـئەپەڕی، بـۆئەوەی سـەرنجی رابکێشێ ئەوە ئەکات. لەگەڵ شـایەریش رێک کەوتـووە کە بەشێک لەو مەبەلەغە هەڵبگـرن وبـاقیەکەی دوای شـاییەکە بـدەنەوە. بێیـنەوە سەرباسـەکەی مامۆستا سەلاح و چیرۆکی سەفتە پێنج دیناریەکەی کە بەسەر حەسـەن زیرەکا هـاتە خوارەوە. وتی: حەسـەن هیچ دەنگی نەکرد واتـا گـۆرانیەکەی نەبـڕی، کە تەواو بـوو هەڵـسا هەمـو پـارەکەی کۆکردەوەو ودایەوە بە ساحێبەکەی، وتی: تکایە فێری پارەم مەکەن من

قەت بەپارە گۆرانیم نەوتووە. کاک سەلاح ئەوەیشی وت کە حەسەن زیرەک لەو کاتەیا یەک دینار لەگیرفانیا نەبووە، ئەگەر حەسەن وماملی وعەلی مەردان و خاڵە تایەرو مەزهەر و هەموو ئەو گۆرنیبێژانی تر، کە خەرمانێک لە هونەری رەسەنی کوردەواریان بۆ تۆمار کردووین، وەکو ئەو بڕادەرانە بوونایەو تا پارەمان تێنەکردنایە نەک هەر لەبۆنە خۆشەکانا، بەڵکو لەبۆنەی یادی کارەساتەکانیشمانا یەک دانە گۆرانیان نەدایناتێ، قور ئەکرا بەسەر ئەم میللتەیا و دەگۆرانیان بۆ بەجێ نەئەهێشتین.

## ▪ پورزای کارمەندمان

راگەیاندنی وەفات کردنی ئەوخەڵکە، کاتی خۆی لەرۆژنامەکانا لەلاپەرەی مردوەکانا بڵاو ئەکرایەوە، مەبەستم عەرەبیەکانەهەندێک جار لەرادیۆی(کویت)یش گوێم لێ ئەبوو، کەلەدوای هەواڵەکان ناوی ئەوانەی ئەخوێنەوەکەوەفاتیان کردووەو رەحمەتیشی بۆ ئەناردن و داوای لێبوردنیشی لەخوای پەروەردگار بۆ ئەکردن. رەنگەئەوانیش ئەوەلەئەوروپیەکەنەوەفێربووبن، بەواتا ئەوانیش ئەودەمانەیان پیشتر ئەوەیان هەبووە، چوونکەئیستاش لەلاپەرەی رۆژنامەمحەلیەکانا هی شارەوانیەکان ئەوەیان هەیەناوی لەدایک بوو مردووەکانیش بەجیا ئەنووسن، بەڵام رەحمەتیان بۆ نانێرن چونکە لە کەلتوری ئەوانا واستە ناخوا هەریەکەو بەپێی ئەعمال وسێڤی خۆی!. ئەوەی کەنەم دیووەلەو وڵاتانەهەڵواسینی ئەو لافیتانەیەکەناوی کۆچکردوەکەو شوێنی تەعزێکەو بەریز ناوی خزمانی مردوەکە، لەسەر لافیتەکەبنووسن. ئەوەی لەو ووڵاتانەبینیومەکۆکردنەوەو ئامادەبوونی تەنها دۆست وخزمەنزیکەکانە، لەو مەراسیمانەیا، ئەویش بەهۆی ئەو راگەیاندنەوەنیەکەشارەوانی، لەرۆژنامەی شارەوانیەکەیا ئەیکا، بەڵکو بەهۆی پەیوەندیەکۆمەڵایەتیەکەوەیەکەوایان لێ ئەکا، گۆرانکاریەکانی

باری ژیانی تەندروستی یەکتری بزانن. بۆیەنابینی لەو رێورەسمانەیانا هاتوان لەچەن دانەکەسێک تیپەڕبکا، لای ئیمەوەهەتا شوێنی تەعزێ و مزگەوت قەرەبالغ بێت رەسیدی کۆچکردوو و کەسوکاریشی وەکو ئیعتیباری کۆمەڵایەتی لەسەرەوەئەبێت. ئەڵێن بابەئێمەخەڵک ئەمان ناسێ و رووومان تێئەکەن!.

کاتی خۆی ئەم لیوای سلێمانیەئۆتۆمبێلی کەم بوو، پێوەری رێز ومەکانەتی مردوو بەعەدەدی ئەوسەیارانەبوون، کەلەدوای جەنازەکەوەرێچکەیان ئەبەست. ئەوترا شوکر بۆ خوا چۆن لەم دنیایەرێزو حورمەتی وەزیرێکی هەبوو (هی جاران) لەمردنەکەشیا بەساقەی بم، ماشەڵڵا سی تا چل سەیارەبەدوای جەنازەکەیەوەبوون!.

کاک سیروان هیوایەتی چوون بۆ پرسەبوو، ئەورۆژەدیم چاکەتێکی گەورەی بەو چلەی هاوینەژەنی بوو بەبەری خۆیاو لەپەستا ئەیوت بەخوا گەرمیەکەی لەتەحەمولا نەماوە!. کاکەسەرو پەنجایەساڵان کەی وا گەرم بوو ئەم وت ساڵان ئەم هەموو سپلیت وسەیارەبەرزەنەبوو ئەیوت ناکاکەئەوەخەتای نەوەویەکەی ئەوساڵەی جنوبی عێراقی تەحالوفەمەناخی بەجارێ گۆڕیوە!. ئەمرۆ سێ تەعزێ چووم، هەر یەکەی لەشوێنێک.ئەم وت: کاکەزەرور بوو بۆ هەرسێکیان بچیت؟ ئەی نەئەکرا بەتەلەفون یان مەسجێکی جوان سەرەخۆشی خۆت وبەشداریی خەمیان بۆ بنێرێت؟. فەرقی چیە، خۆ لەمزگەوتەکەش کەدائەنیشی ئەو پەری دوفاتیحا یان سیان و هەڵئەسی تێی ئەتەقێنی بۆ دەرەوە. ئەیوت بێقەزابی تۆش، بەشداری کردن بەحەی واتا فیعلی،

شتێکەو تەلەفون شتێکی کەیەئێ باشەکاکەسیروان گیان، ئەگەر وابێ ئەبێ پیاو رۆژانەلەتەعزێی ئەو خەڵکەبێت ئەی ئیش و کار؟. کاک سیروان: کاکەگیان بەشداریی کردن لەروی کۆمەڵایەتیەوەکەتۆ هیچی لێ نازانی دەوری خۆی هەیە، ئەگەر تۆش خوا نەخواستا لێت قەوما وتەعزێیەکت هەبوو، ئەوانیش هەمان شت بەپیری تۆوەدێن. وتم: کاکەسیروان گیان هەر چەنەلەگەڵ زۆری ئەو عادات و باوەکۆمەڵایەتیانەیا نیم، کەرێگەلەکار کردن ئەگرێ، چوونکەرۆژێک بۆ سێ تەعزێ چوون واتا بێ ئیشی، کاکەئەلحوکم ولیللا، ئەوەش هەر قەینا بەڵام لەوەناگەم کەلەبەردەرگای نەخۆش خانەیەکا، کەئەبێت هەتا رەنگی دەرگاو دیوارەکانیشی هیوای ژیان ببەخشێت بەو نەخۆشەی کەلێوەی ئەیبەنەژوورەوە، بینیم لافیتەیەکی رەشی قەترانی هەڵواسرابوو نوسرابوو پورزای کاک فەریدی کارمەندی نەخۆشخانەکەمان، فلانی کوری فیسار بەنەخۆشیەکی کوتوپر جوانە مەرگ بووا!.

## پوشێک خورما

زەمانێـک بـوو لـەم لیـوای سـلێمانیا پـاقلاوە خانەکـان بە پەنـجەی دەسـت ئەبژێـران، وەکـو ئێـستا دوکـانی شـیرین فرۆشـی بەهەزارو یەک نەوع تـام و شـێوەو رازانـنەوە نەبـوو. ئەوەی کە هەبـوو یەک شـێوەو یەک تامیـان هەبـوو، زۆربەشـی هەر بـرمەو پاقلاوەیـان لەسـەر یەک دیـزاین دروسـت ئەکـرد.ئەگەر بـۆ شـیرینی یـان شـەکراو خـواردنەوەی کچێـک بچوونـایە، بەو نەوعەی ئێـستا قەرەبـالغی و هـۆڵ گـرتن ومەلا هێنـان و سـەیارە ریـز کـردن و دوسـێ جـۆر شـیرینی و میـوەو سـاردی وشـەربەت نەئەبینرا.

لەماڵە باوانی کچەکە لەژورێکی فەرەحی سێ بە چوارا پیاوانی نزیکی هەر دوولا کۆئەبوونەوە و موبارەک بێ موبارەک بێ و دەست ماچ ئەکرا. کـورتە رسـتەی شـەکراو خـواردنەوە، زیـاتر دەلالەت لە شـلەمەنی ئەکا کەدیـارە گـرتنەوەی شـەکر لەئـاودا بـووە، رەنـگە نەختێـک رەنگیـشیان تێکردبـێ و بەپەرداخ دابێتیـــان بە میوانەکـــان. ئەودەمـــانە عـــامەی ئەوخەڵــکە نەدارا بـــوون، بەدەگـــمەن ئەتبینـی یەکێـــک پـــاقلاوەی ببردایەتەوە بۆمـاڵەوە، جـار جـار ئەچـوونە پـاقلاوە خـانەکە بە مـوفرەد ئەیان خـوارد ئەمە لەگەڵ سێوو مـۆز و زۆر بـابەتی تـری میـوەش، پێیـان

ئەوتـرا کەمالیـات واتـا زەرور نەبـوون، چـوونکە خەڵـکەکە هەر بـایی ژیانەکەی بۆ دابین ئەکرا.

بنیـایەمیش مەگەر دکتـۆر لێی مەنـع کـا، ئەگینـا هەر بە تەیبعەت لەشـەرق و غەرب هەمـوو حەزیان لەشـیرینیە جـاران بـۆ تەعـویزی ئەوە، پەنـا ئەبـرایە بەر خورمـا، ئەویـش دو نەوعی هەبـوو.یەکێکیـان نەختێک رەق بـوو پێیـان ئەوت کـورد کـوژە، ئەڵـێن لەبەر ئەوەی رەقە بـۆیە وای پێئەڵێن؟ من ئەڵێم لەبەر ئەوەی ووشک بوو هەڵگرتنی ئاسان بوو هەتا ئەکرایە گیرفانیشەوە، چوونکە شیلەی پێوەنەبوو درەنگ خراپ ئەبوو، خەڵکی لادێ وشـاریش تـاحەدێکی زۆر حەزیـان لێبـوو واتـا کوشـتەی ئەو جـۆرە خورمـایە بـوون، بـۆیە ئەونـاوەی لێنرابـوو!. نەوعێکی تـر هەبـوو، پێیـان ئەوت خەسـتەوی ئەوەیـان جـوان گەیی بـوو لەوخـوارانە ئەکـرایە زەمیلەیەکی پوشـەوە، کە دەسکی نەبوو لەشـیوەی مەنجەڵێکا دروسـت ئەکـرا خـوا پـێم نەگـرێ، ئەیـان وت خورمـاکەی بە پـێ لەقە تیـا ئەپەستنەوە، تا جوان پری ئەکەن.

ئەوکـات بیـرم دێ یەک پـوش لەوخـورمـایە بە سـێ پەنجـایی بـوو ئەگەر قیاست بکردایە بە سیعری پاقلاوەکە، زۆر زۆر هەرزانتر بوو بۆیە نەک هەر لەبـری پـاقلاوە ئەیـان خـوارد، بەڵکـو وەکـو خـواردنیش بەکـار ئەهـات. ئەیـان کـرد بە خورمـاو رۆن، بـۆ سـێرۆژگانەی مـردووی بەسـاڵا چــووش هەر خورمــاو رۆن ئەکــرا، جــاری واش هەبــوو پــاش ئەوەی نەختێک لەرۆنەکەیا سـور ئەبۆوە یەک دوو هێلکەیان تێئەکردو لەسـەر سینی دایان ئەنا، ئەوە نانی نیوەرۆ یان ئێوارەش بوو.

بەنـدەی موخلیـسیش هەر لەمنـاڵیمەوە تـاوەکو ئیـستاش زۆر حەزم لەشـیرینیە، خـوا بەوەش رەحمی کـردووە شـەکرەم نەگرتـووە، بیرمە ئەوکاتەنەی منـاڵ بـووم سـاڵێک خـاڵم هـات بـۆ ماڵمـان وەختی دەرجە وەرگـرتن بـوو، وتی: خالیـد دەر ئەچی؟ وتـم: ئەی قـابیلە وتـی: بەخـوا کـز دێیتە بەرچـاوم، وتم ئەی ئەگەر دەرچـوم؟ وتی شـەرت بێ دیاریەکت بـۆ بکرم حەزت لەچیە؟ وتم یەک پوش خورما!.

## ■ پیاوی حیزب

سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی پێشوو بۆیەکەمین جاربوو لەمێژووی ئەم میللەتەیا بتوانێ خۆی خۆی بەرێوە بەرێ، هەڵبژاردن بکا، حکومەتی ناوچەیی خۆی پێک بهێنێ، پارلەمانی خۆی بەئیرادەی خەڵکی خۆی هەڵبژێرێ. هەرچەندە کەس لەتوانایا نەبوو، وەکو کیانێکی سەربەخۆ خۆی کاندید بکا واتا هەموو گوڵبژێرەکان لە رێگەی حیزبەکانەوە چەپک ئەکران و وەکو لیست تەقدیمی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان ئەکران. کە ئەمانە کاندیدو خۆشەویستی ئێمەن، بەمانە نەبێت نەکارمان بەرێوە ئەچێ و نە ئاواتاکانی ئەم گەلە ستەم دیدەشمان بۆ دێتە بەرهەم! فەلەبەر ئەوە هەر چەند مەعاشیان بێت زۆر کەم ترە لەچاو ئەو جوهدەی کە لەو پێناوی وەتەنا سەرفی ئەکەن. ئیتر هەر لەو عانەوە ئەو رێزلێنانەی پارلەمانتار نەک هەر لەکوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراقیش بوو بە رێسایەک تاوەکو ئیستاش هەر لەسەری ئەرۆین.

هەر ئەوکاتانە و بە هیمەتی دڵسۆزان و ئیرادەی ئەم یەکێتی نیشتیمانیەی ئێستا، کورد بو بەساحێبی تەلەفزیۆنی خۆی، خەڵکێکی زۆر بەپەرۆشەوە بوون، بچن لەوێ دەنگ ورەنگی خۆیان تاقی بکەنەوە و

ئەگەر توانیـان خزمەتێـک لایەکەوە بە نـاوو ناوبـانگی خۆیـان لایەکـی دیکەشـەوە بەمیللەتەکەیان بگەیێنن. بەنـدە یەکێک بـوو لەوانە، ، نـازانم کاری خۆبەخـشی بەبێ بەرانبـەر یـان بە بەرانبەرێکی زۆرکەم بـۆچی توانـا وبەهـــرە راســـتەقینەکان دەرئەخـــا؟. مـــن وای بـــۆ ئەچـــم ئەگەر دەســـتکەوتێکی مـــادیی باشـــی لەدواوە بێـــت، کـــارەکە ئەکەوێـــتە کـــوڕ ئەوکوڕەیە هەوڵ بـاو شـتێک بـۆ خـۆی بپچڕێ. ئیتر تەلەفـون وتەلەفـون کـاری ونـامەی تەوسـیەو تەوسـیەکاری تـێ ئەکەوێ، هەر ئەوەنەت زانـی شـوێنەکە قەپات ئەبێ. بەڵام لەکێ لەخەڵکی بێ بەهـرەو بێ بەسـەوادا!. خۆش بەختـانە ئەوکاتەنە ئەوەنەبـوو، بۆیە بەئاسـانی جێگەمان ئەبۆوە وتوانیمـان خۆمـان بـسەلمێنێن. شـتێکی تـریش هەبـوو کە یـارمەتی دایـن ئەوەبـوو، کەم کەس هەبـوو ئەوکـات هەمـو هێلکەکـانی خـۆی بخـاتە سـەبەتەی حیزبێکەوە، کە بەوە ناسـرابوو تونـد بـوو بەرانـبەر بەعـس و ئەتـوانم بڵێم هێزێکی سـەرەکیش بـوو کەلەبەرەکان بەرانـبەر بە سـوپای عێراق وەسـتابۆوە. ئەو شـتانە خەڵکی خـوێنەوارو بەرژوەنـدچی سـەدان حسابیان بۆ ئەکرد، بۆ نمونە ئەوترا کاکە ئەم حیزبە زۆر رەقە بەرانبەر حکومەتی مەرکەزی!.ئەگەر هاتو وەزعەکەمان لێتێک چۆوە، ئیتر ناتوانی دانیـشی ئەو سـەرنجانە شـایەنی هەڵویـست ولێرامـان بـوون، بەتـایبەتی منـی محـــامی ئەم تـــوانی دانیـــشم و لەدادگاکـــان پیـــشکەی خـــۆم بە دەستکەوتێکی زۆر باشەوە بەبێ سەرئێشە ئیجرا بکەم. بەڵام خۆ ناکرێ هەمویشمان دانیشن خۆئەبێ تاک وتەرای لەخۆ بوردومان، هەوڵێک با قەیچێکا بائێمە یەکێک بین لەوانە.

ئەوەی تێبینی ئەو جۆرە خەڵکە بوو، کە لەنیوەی ڕێیا ڕوویدا قەیرانێکی ئابوری سەخت یەکێتی نیشتیمانی گرتەوە. ئەوکات داهات تەنها هی گومرگەکان بوو، بەتایبەتی ئەومەرزەی لێوەی ئەچون بۆ تورکیا، بێ پارەیی ودەست کورتی بەجۆرێک کاری لێکردبووین، ڕۆژێک لەگەڵ برادەرێک کە خۆی وتەنی پیاو لەسیاسەتەوە نەگلێ باشە. نیوەڕۆ بوو لەبازار بووین، زۆرم برسی بوو وتی: ئەڵێی چی بچین لە سەندەویچ خانەکەی زۆراب دوولەفەی مریشک بەپێوە بخۆین؟ منی ئەوکاتەی یاساو کۆمەڵ و ئەوهەموو عالەمە خۆشی ئەویستم وئەفەنیەکی موعتەبەر بووم، پارەی لەفەیەکم پێنەبوو!. وتم: من ئەوەنە نابێ نانم خواردووە، کاتێک چووینە لای لەفە فرۆشەکە، کابرا بەدەم پێچانەوەی لەفەکە بۆ برادەرەکەم، وتی: ئەی کاک خالید ناخوا برادەرەکەم وتی: کاکە لێی گەڕێ ئەمانە پیاوی حیزبن قەپاتن وەکو ئێمەو مانان نین بێزیان نایە لەفە بخۆن!.

## ▪ پیاوی ئازا خوێنەواریی بۆچییە؟

*بەنەخوێنی شەرواڵەکەی بەدان گرتووەو چۆغەکەی لای خوارەوەی دەرزی سنجاقی لێئەیا. بۆئەوەی جوان لەبەریا بوەستێ لەبەرخۆیەوە (جل هەیە لەکوردی جوانتر، قەوم هەیە لەکورد ئاقڵتر، ئەی رەقیب، ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە، کورە شوێن هەیە بڵێ کوردستانم خاسەتەن لەبەهارا، کوردستانە جێی شێرانە ئەبێ سەرکەوێ، بستێ لەم خاکە نایەم بەقەسری قەیسەری)، لەپڕا هاوار ئەکا بۆ ئەودیو ژنەکە ئەو ئالایەم بۆ دانێ ئێستا وەختێتی، فاتیح ئەڵێ سەری گۆیژە باکەی خۆشە ئەیبەم با بۆخۆی لەوێ بشەکێتەوە. دوای خواردنو خواردنەوە پاش خۆرو عەلاگەو شووشە بەجێهێشتن، لەو سەرەوە سلف لێئەیاو فڕ بەرەوخوار تل ئەبیتەوە، تا خۆڵ وەستابێ بەجادەی قیردا ناڕوات، یەک سەیران چی کوردی بەشەرەفی ئەمبەرو ئەوبەری جادەکە لەتەپوتۆزی خاکی شیرینی وڵات بێبەش ناکات!.

*کەوتە پیامەڵدانم (تۆ پیاوێکی زیرەکو بەتوانایت هەمیشە، رۆحیت) هەستم کرد کڵاوێکی پێیەو بەو قسانە ئەیەوێت بیکاتە سەرم، وتم توخوا ئەو کڵاوەم بەرێ، وتی کامە؟ وتم ئەوەی لەپشتەوەیەوە، وتی چۆنت زانی؟ وتم هەقت چییە چۆنم زانی تۆ بمدەرێ، دایمێو خۆم

کردمە سەری خۆم، وتم خێرم بنووسێ رزگارم کردی لەو موجامەلە دوورو درێژە.

*ساڵێک بەوعەیام کابرایەکی شەقاوە گیرابوو، ئیتر باس باسی ئازایەتیو دەستو دەمانچەکەی بوو. کۆمەڵێک لەبەر دوکانێکدا دانیشتبوون یەکێکیان ئەیوت کاکە ئێوە ئەڵێن چی، ئامۆزایەکم سجنە هەر لەو قاوشەی کە ئەوی تیایە، جەماعەت ئێ ئێ! کاکە زۆر بەڵایە، رۆژێک بەفیشەک لەسەر دیواری سجنەکە ئیمزای خۆی کردووە. ئەوکات هێشتا نەیان ئەهێشت وەکو گەورە قسە بکەم، خۆم نەگرت وتم ئەو شەقاوەیە خوێنەواریی هەیە؟ وتیان دەماخ سز پیاوی ئازا خوێنەواریی بۆچییە! وتم کەواتە بڵێن بەگولە پەنجەمۆری کردووە، ئەو چوزانێ ئیمزا چییە؟ بەهەموویان راویان نام.

*مەڵێن شیعری مامۆستا فلانو مامۆستا فیسار.. لەشیعردا مامۆستاو قوتابی نییە، یان ئەوەتا ئەو کەسە تەواو شاعیرە یان شاعیر نییە.

*پێشکەشکارێک ئەڵێت چەپڵەیەکی تایبەت بۆ ئەم بەرێزە لێدەن! (بیلامانێ)، ویستم منیش لای خۆمەوە بۆی لێدەم. هەرچەنە ئیختیساسیشم چەپڵەیە، چونکە لەوەتەی فامم کردۆتەوە چەپڵەمان پێ لێئەیەن، بەڵام چەند سەرم هێناو سەرم برد نەمزانی چەپڵەی تایبەت چۆن لێئەدرێ! ئەرێ هی تایبەت چۆن لێئەدرێ؟

## ■ پیاوه ناماقوڵەکان

لەسلێمانی ئەگەر کەسێک قسەیەک بکاو ئەوەی بەرانبەر هەراسان بکـا، ئـەڵـێن ناماقوڵـت کـرد، یـان نامـاقوڵی مـەکـەو ئیتـر دوای ئەوەئیحتیمالی زۆرەشەری قورسی تێ کەوێت. ووشەی ناماقول لە(غیر معقـول)ی عـەرەبیـەوەهـاتووە، بـەکـار هێنـانی لای ئـەوان زۆر جیاوازەچونکـەئـەوان بـۆ ئـەو مـەبـەستـەی ئێمـەبـەکاری نـاهێنن.بـۆ نمونـەئـەگـەر شـتێک ئـەقـل قبـوڵی نـەکـا، ئـەڵـێن نـا مـەعقـول بەپێچەوانەشەوە، ئەڵێن معقول کە ماقوڵی خۆمان ئەگرێتەوە.

بـەپێی بنـەماکانی مافـەکانی مـرۆڤ، ئـەبێ هاوڵاتیـانی هـەرێـم، لـەبـەردەمی قـانون و لـەنـەزەری قیادەی سیاسـیا، هـەروەکو دانـەکانی شـانەهـەمویـان لـەیـەک ئاسـتابن. سـەرەرای ئەوەش ئەگەر سیاسـەتمەداران بـدوێنی و باسـی شـەعبی کوردییـان لێبپرسـی، ئەڵـێن جەژن ئەو جەژنەیە کە لەگەڵ خێـزانە بـێ دەرەتـان و کەم دەسـت و شـەهیدی ئەم میللەتەیـا، بەقوربـانی بـم ئـەیکەیـتەوە. فـیعلەن وهەندێکیشان ئەبینی چوار مشقی لەماڵە کەم دەستێک ئەوەڵ رۆژی جەژن دانیشتوون ولەپەستا کامیرای تەلەفزیۆن وفۆتۆگراف کە بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ خۆیان بردویانە رەسم وفلیم هەڵئەگرن، بۆ مێژوو و بەینی خۆمان بێ بۆ هەڵبژاردنی ناو حیزب و دەورەی حیزبیش عـەیبی نیە!.

هەردوای ئەوە و لەبۆنەیەکی ترا یەکێک لەو سیاسەت مەدارانە سەدانی ناوچەیەک ئەکا، هەمان دەستور کامیرا وێنەو هەڵسوکەوتەکانی ئەویش هەر بۆ مێژوو تۆمار ئەکا!.بۆ ئێوارە لە یەکێک لەوکەناڵانەی کە لە عاسمانەوە پەخش ئەکاو بۆ هەموو دنیا بڵاوی ئەکاتەوەو، ئەڵێ: سەرکردەسیاسیەکە، لەیەکێک لە ناوچەکانی هەرێم، دوێنێ چاوی بەپیاو ماقوڵانی ئەو شوێنەکەوت‌ونیوەرۆ خوانێکی بەلەزەتیشتی لەگەڵا نۆش کردن. ئەگەر سەیری ژمارەی ئەوپیاوانە بکەیت کە لەو چاوپێکەتنەیا ئامادەبوون لەچەن دانەیەک تێپەر ناکا، ئایا ئەمەئەوەناگەیەنێت کەپیاوەکانی تری ئەو ناوچەیەکەدیارە زۆرینەکەیەتی وهەر چوار ساڵ جارێک بۆ دەنگدان و هەموو کاتێکیش، بۆ ئەگەری مەترسی لەسەر کوردستان وەکو شەرکەر وەکو پیشمەرگە پێویستمان پێانەو و لەرابردوشا هەر ئەوانە لە ریزی پێشەوەی قوربانی دانا بوون، ئەو چاوپێکەوتن و زیافەتەبۆیە شمولی نەکردون، چونکەناماقوڵن!.

هەر لەرێگەی ئەو میدیایانەوە، سەرکردەسیاسیەکان نامەی پرسەو سەرەخۆشی بەشداری خەم بونیان، تەنها بەبۆنەی کۆچی دوایی ئەو پیاوانەی کە بەماقوڵیان ئەزانن، ئاراستەی خانەوادەکانیان ئەکەن، لەسەردێری گرنگترین هەواڵەکانیانا بڵاو ئەکرێنەوە، ئەوەش هەر نەریتێکی نادەستوریە، کە لەسەر سیاسەتمەدارە گەورەکانە خۆیانی لێ لادەن ئەگەر خۆیان ئەیزانن، ئەگەر ناشیزانن لەخوا بەزیا بێت یەکی لانی کەم چەن دانەیەک راوێژکاری ئەفەنی دانا وخوێنەوار لەدەوری

خۆیـان دانـاوە، بـۆ لەوان ناپرسـن بەڵام مـن شـکم هەیە کە ئەوانـیش بیــزانن! چـــوونکە زۆربەیـــان بەچـــاکەت وپانتۆڵەکەیانـــا وائەزانـــی خـوێنەوارن!. بـۆیە یـان ئـەو تـەقلیـدەنـا دەسـتوریەئەبێـت رابگیرێـت، یـان شـەوانەلانی کـەم سـەعاتێـک لـەمیـدیا تـەرخـان بکرێـت، بـۆ خـوێندنـەوەی پرسـەو سـەرەخۆشی سـەرکردایەتی سیاسی بۆ خانەوادەی هـەمو مردوانی هـەرێم .ئەگـەر وانـەکـەن دیارەئەو سـەرکردایـەتیـەتـەنها چـەند مردویـەک لـەسـەرانـسـەری هـەرێـم بـە مـاقـوڵ ئـەزانـێ بـاقی مـردوانیش شـایەنـی بەشداری خـەم بونی کەسوکاریان نین، چونکەناماقوڵ بون.

رۆژێـک چومـەبـەردەمی خانویـەک وتـم: بـەراسـتی ئـەمـەکۆشـکـەنـەک خـانو، ئـەبێ هی کێ بێ؟ وتیـان وەرەسـەی شـەهیـدێکی مـاقـوڵ، وتـم بـۆ شـەهیدی ناماقوڵیشمان هەن؟ وتیان ئەی بێقەزابی هەر چەندانەیەکی ماقوڵمـان هـەیـە، ئیتر باقیـەکـەی نامـاقوڵن، وتـم: ئـەی مـەسـکـەنـی واریــسەکـانی ئـەوان لــەکـوێن وتیــان هەر یەکەی لەجـێگەیەکە وزۆر شارەزاش نەبی نایاندۆزیتەوە.

## ■ پەیکەرستان

لە هەموو وڵاتانی دنیا، بەرز ڕاگرتن و هێشتنەوەی بیرەوەری ئەو کەسایەتیانەی کە ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەریان لە بوارەکانی ژیانی زانستی و کۆمەڵایەتی و فیکریی و هونەریی و هەتا سیاسیشدا هەبووە لە زاکیرەی نەوەکانیانا، لە ڕێگەی دروستکردنی پەیکەریان ناولێنانی شەقام و گۆرەپان بەناویانەوە بووە و ئەوەش بڕیارێکی مەزاجی و عاتیفی نەبووە، کە لەو ناوە بێ ساحێب کەوتبێت، و هەر دەستەو گروپ و لایەنێك کە وائەزانن ئەتوانن قەزاوەت لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەن بێن و خۆیان بکەن بە خاوەنی و دواتر داوا لە لایەنە بەرپرسەکان بکەن بودجەی بۆ تەرخان بکرێ و بڕیاری دروستکردنی لێبدەن. ئەگەر نەشکرا دەست بکەن بە گلەیی لەو حاڵەی کە گەیشتۆتەوە ئەوەی تەنانەت پەیکەرێکیش بە فڵانە هونەرمەند یان نووسەر ڕەوا نابینن، کە هەموو ژیانی خۆی بۆ هونەرو ئەدەب و ووشەی کوردی تەرخان کردبوو!.

لە دروستکردنی پەیکەرا، یان هەر ناولێنانێك لە ووڵاتانی سەرچاوەی هونەر و زانست و ئەدەب و فیکرا، پێوەری زۆر وورد پەیڕەو ئەکرێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو کەسایەتیەی کە نیاز وایە پەیکەری بۆ هەڵببەسترێت. یان شەقام و گۆڕەپانی بەناوەوە بکرێت و دواتر ئەو لایەنەی کە قەزاوەت لەسەر ئەو مەسەلەیە ئەکات، نێوەندە ئاکادیمیە

پرۆفیشۆناڵەکانە، نەوەك نووسەری چەند دانە شیعرێك یان کتێبێک یانیش چەن دانە وتارێکی لاواز.

ئەوەی لەم وڵاتەی ئێمەدا ئەگوزەرێت، سەدو هەشتا پلە پێچەوانەی ئەو نۆرمانەیە کە بۆ بەرجەستەکردنی کەسایەتیەکان لەبەرچاو ئەگیرێت، هیچ بەرنامەو پلانێکمان نییە، ئەگەر ناوەندی ئەکادیمیشمان هەبێت ئاخر کەسن کە پرسیان پێئەکرێت، بۆ نموونە لە ئەوروپا سەدان ناوی بەرزیان لە بواری مۆسیقادا وەك (تأليف) یان ژەنین هەیە، بەڵام نابینی پەیکەریان بۆ دروستکرابێت، راستە پەیکەر بۆ بلیمەتانی وەکو بیتهۆڤن، موزارت یان باخ دروست کراوە بەلام ئایا ئەوان چ نەقشێکیان لەسەر ئەومۆسیقایەی کە پێی دەڵێن کلاسیک بەجێ هێشتووە؟.

لای خۆمان ئەڵێی شیعاری پەیکەر بۆ هەموو-مان هەڵگرتووە بەشیوەیەک کە خەڵکی هێشتا زیندووش پەیکەری بۆ ئەکەین، چاوەروانی ئەوەناکەین، مێژوو بیسەلمێنێ ئەو کەسە چ رۆڵ و پێگەیەکی کاریگەری هەبووە لە و بوارەی کە تیا قاڵ بووە، ئایا خزمەکەتەی ئەوەندە بەرچاو بووە، بۆ ئەوەی لەلایەک لەبیر نەچێتەوە و لەلایەکی تریشەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو ببێتە سەرمەشق تاوەکو هاندەرانیان بی بۆ زیاتر داهێنان؟ بۆیە بەباشی ئەزانن وەکو وەبیرهێنانەوەیەک لەشوێنێکی گشتیا بیخەنە بەرچاوی ئەوخەڵکە.

بەڕای بەندە دروستکردنی پەیکەر ئەگەر بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت، ئیتر هەر کەسێک بۆی هەیە پەیکەرێک بۆخۆی لای

پەیکەر سازێک بەکرد بدا ئەگەر لەشوێنە گشتیەکانیشا رێگەی پێنەدرا زۆر بەسیتە لەبەر ماڵەکەی خۆیا قوتی ئەکاتەوە   بە دەعوای ئەوەی ئەمانیش هیچیان کەمتر نیە لەهەندێک لەوانەی کە پەیکەریان بۆ ئەکرێ! بەڵام تەنها فەرقەکە لە کوالیتیا ئەبێت، بێدەرامەتەکە لە قور یان گەچ دروستی ئەکات و دەوڵەمەندەکەش لە برۆنز یان بۆ دیقە دیقەی ئەوانی تر لە ئاڵتون.

## ▪ تورکیی ئەستەمولٚی

• لەهەمــوو جێیەکی دنیــا خەڵکێــک ئەرکەکەیــان ئەوەیە کە کارێــک بــکەن بەرانبەرەکەشــی وەرئەگــرن، بــۆ نمــوونە لای ئــێمە سیاسیەکە، ئاگرکوژێنەوەکە، پۆلیس، یان ئەوانەی شەقامەکان پاک ئەکەنەوە، کارمەندانی خەستەخانەکان یان میدیاکارەکان و هەتا دوایی، ئەبینی سەدان دەستخۆشیان بۆ کوژاندنەوەی ئاگرێک یان گەیشتنە سەر رووداوێک یان پێشکەشکردنی هەواڵێک یان گۆرانیەک یان گرتنی دزێک یان هەڵوێستێکی سیاسی دیاری کراو بۆ ئەچێت. لەشوێنانی تر کەس دەستخۆشی نانێرێت بۆ ئەو خەڵکانە، چوونکە ئەوەکاری خۆیانەو لەسەریانە بەباشترین شێوە بەجێی بگەیێنن دەنا دەیان بێ ئیش هەن چاوەروانن جێگەکەیان بگرنەوە واتا کەس بۆ هەتاهەتایە لەشوێنێک تاعین نابێت ئەوەندە ماوەکەی بۆ درێژ ئەکەنەوە کە ئیشەکەی خۆی بەباشی جێبەجێ بکا.

• لەیادی کارەساتێکی کوردەواریا لەبەر پەرۆشیمان بۆ قات وبۆینباخ و رانکوچۆغەو کراسەکەمان داخۆ رەنگەکانیان لەگەڵ یەک دێنەوە؟ و ئەوەنە مەراقی جوان دەرکەوتنمان بووین، ئەسڵی ئەو مەسەلەیەمان هەر بیرنەمابوو کە بۆی ئەچین. کاتێکیش وێنەکانمان لەفەیسبوک دانا ئەوەنە لایک و دەست خۆشی و ماشەڵڵامان لەپای

ئەوهەست و سۆزە کوردانەیەمان بەسەرا باری، نەمان ئەزانی بیخەینە کوێوە.

- خوانەکا شیعرێک بۆنی کلاسیکی لێبێت ئەوەندە بێڕێز سەیری ئەکەن زۆر ئاستەمە بڵاوی بکەنەوە، ئەگەر روگیریش بن و بڵاوی بکەنەوە لە سوچێکی وەها دایئەنێن کەم کەس بیبینێت، نەبادا لەسەریان بکەوێت. لەولاشەوە ئەبینی ڕۆژە نا ڕۆژێک هۆڵێکی گەورە بۆ خوێندنەوەی شیعری کلاسیک ئامادە ئەکەن و بە مۆسیقا و تیفتیفەوە ئەیخوێننەوە و جەماوەر و بەعزێک لە سەرپەرشتیاری ئەو بڵاوکراوانەش لەوێ دانیشتوون، لە بەینی کۆپلەیەک و کۆپلەیەکی تردا ئەیەن لە هاڕەی چەپڵە و ناردنی دەست خۆشی بۆ شاعیری کلاسیکی مەرحوم و ئەوەیشی بە ئیلقاو، مۆزیقاوە ئەیخوێنێتەوە!

- دراماکە تەواو ببوو بەڵام هێشتا پیشان نەدرابوو ستافەکەی بانگ کرابوون بۆ بەرنامەیەکی تایبەت، بەو زنجیرەیە باس باسی چۆن چۆنێتی دەرهێنان و تەمسیل و مەزبوتی هاتنی هونەرمەندان بۆ شوێنی تەسویرو ئەوشتە خۆشانەی کەلەکاتی تۆمارکردنیا هاتۆتە رێیان. ئەوەنەی خۆش بوو کەدەرگای پەیوەندی تەلەفوونی بۆ هاولاتیان خرایە سەرپشت، ئیتر هەزار دەستخۆشی بەفلسێک. لەجێگەی خۆمەوە منجە منجێکم کرد ماڵەوە وتیان هەمدیسان نارازیە، وتم لەچی رازیبم خۆجارێ دراماکە نەکەوتۆتە بەرچاوی ئەوبینەرانە، تێ ناگەم ئەم لەدەستخۆشی وهەلهەلەیەی لەپای چی بۆ ئەنێرن ؟ وتی لەسەر سیقە!.

- ساڵێک بەوعەیام وەفدێکی تورکی دێت بۆ سلێمانی نازانن بۆ کوێی بەرن تاوەکو شتێکی پیشان بەن لەهیچ شوێنێکی دنیا نەیان بینیبێ! بیرئەکەنەوە لەپڕ کاک محمەد کەبەوە مەشهورە ئێران وتوران گەراوە، ئەڵێ دۆزیمەوە! گوزەری گەزۆ فرۆشەکان بگرن وبەری مەیەن!. جەولەیەکی ئەوێیان بۆ رێک ئەخەن، ئەیانەوێ پێیان بڵێن کە ئەم گەزۆیە لەسەدا سەد سروشتیە. بەڵام تورکی نازانن یەکێک ئەڵێ من تورکیەکەم رێک هی ئەستەموڵە! ئەڵێن وەڵڵا زۆریش مەمنون. ئاوا تێیان ئەگەێنێ: ( عاسمانەکەی سافندە بارندە سەر دارندە تەورو تەوراس بڕندە لەبەر هەتاو ووشکندە بەدەسکەوان کوتندە گەزۆ در های گەزۆ در).

## ■ تەحلیلی سیاسی

هەر کاتێک باسی سیاسەت بهاتایەتە پێشەوە، ئەیوت کاکە ئەگەر ئەتانەوێ تەحلیلی مەزوعیانەتان چنگ بکەوێت، بچن بۆ لای کاک حەمە زەریفی خۆمان. بڕوا بکەن هێشتا سەتەلایت دا نەهاتبوو ئەو شەوانە ئیش و کاری نەبوو مەوجی رادیۆ بایان نەبێ، لە لەندەنەوە بۆ مۆنتی کارلۆ لەوێوە بۆ سەوتی ئەمەریکا و نەختێک بەم لاوە مۆسکۆ ئێستاش سەری کردۆتە ئەم جەزیرەو مەزیرەیە عەرەبیەکەشی فوڵەو باش تێی ئەگا و مێشکیشی وەری ئەگرێ.

جا کاک حەمە زەریفمان لەکوێ چنگ کەوێ نەختێک پرسیاری ئەم وەزعەی لێبکەین ئاخۆ بە ئاقارێکا ئەروا، بەرەو باشی یان بەجارێک قڵپ ئەبێتەوە بەسەرمانا ؟ کاکە ئێستا کەناڵەکان سەرەیان بۆ گرتووە بەرناکەوێ، هەر شەوەی تەلەفزیۆنێک لەگەرمەی هەواڵەکان و روداوەکانی دنیاو ناوچەکەیا تەلەفوونی بۆ ئەکەن یان بانگهێشتی ئەکەن، بۆ ستۆدیۆ تاوەکو بە بۆ چوون و زانیاریەکانی تیشک بخاتە سەریان و بابەتەکان دەوڵەمەندتر بکا. خۆزگە پێرێ شەو ئەتان بینی لەکەناڵی ئای ئێم ئێم چەن جوان باسی لەقەیرانی مووچەی نێوان هەرێم و بەغدا ئەکرد. لەهەمووی بەقوەت تر ئەوە بوو، کە وتی: رەمبێ ئەم کێشەیە بە تەفاهومی هەردولا چارەسەر ببێت!. من خۆم زۆر حەزم

لە تەحلیلات و گوێگرتنە لە بۆچوونی هەموو چاودێرە سیاسیەکانمان و موتابەعەیان ئەکەم، بەڵام ئەلهەقی بڵێم تاوەکو ئیستا کەسیان بەو جۆرە پەیان بە دۆزینەوەی ئەو رێگەچارەیە بۆ قەیرانی موچە نەبردووە، کە کاک حەمەزەریف لە میانەی چاو پێکەوتنەکەیا تەرحی کرد. ئەی ئافەرەم خۆزگە سێ چاودێری تری ئاوامان ئەبوو، جابزانە کەس سەیری کەناڵی عەربیەو جەزیرەی ئەکرد!.

شەوی رابردووش لەکەناڵی قەوماو، میوان بوو قسەی لەسەر کاریگەری هاوپەیمانیەتی نێو دەوڵەتی و لێدانی داعش بەتەیارەو ناردنی چەک و جبەخانە بۆ کورد ئەکرد. لەوەڵامی پرسیارێکا کاک حەمە زەریف وتی: (ئەمەریکا مەجموعەیەک ختوتی عەریزەی لەمەڕ ئەم کێشەیە دارشتووە، بەهیوایە جێبەجێیان بکا، بەڵام لێرەدا ئیشکالیەتێک هەیە ئەو ئیشکالیەتیە تاوەکو ئێستا حەلی بۆ نەدۆزراوەتەوە. یان بە جۆرێک لەجۆرەکان نایانەوێ بۆی بدۆزنەوە ئەوان لەناوچەکەیا کورد بە هاو پەیمانی راستەقینە ئەزانن، بۆیە من پێم وایە ئێستاشی لەسەربێ ئەو چەکانە خراپ نیە بۆ گۆڕینی هاوکیشەکە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستا. کەسیش لەپڕیاکا نەبۆتە کوڕێ ئێمەی کوردیش پێویستە تێکۆشین و شوێنی خۆمان لەناو ئەو ختوتە عەریزانەیا بدۆزینەوە، هەموو جارێکش نابێ بەئەمەریکا بڵێین بەڵێ باشە جاری واهەیە وا ئەخوازێ بڵێین نا. ئیتر ئەمە سیاسەتە رەمبێ باش بێ رەمبێکیش خراپ.چوونکە ئەوەتا دنیای تاک جەمسەری ووردە ووردە خەریکە ئەبێتەوە بە دوو جەمسەری، جا ئێمەی کورد ئەبێ ئەوە

بزانین وخۆمانی بۆ حازر کەین). وتم خالۆ ئەم تەحلیلەی حەمەزەریف ئەڵێی کەلیماتی موتەقاتیعەیە هیچی بەسەر هیچەوە نیە وتی: دەوەڵڵا موزیعەکەش لەئاخیرا دەست خۆشی لێکرد، وتم: ئەو تەرحە موزیعە ئەبێ هەر چاودێرێکی سایسی وەکو کاک حەمە زەریف میوانی بێ.

## ▪ تەعزێکەی هەندەران

لەکوردەواری خۆمانا لەدوو بۆنەیا ماڵ قەرەباڵغیەکی تارادەیەک زۆر بەخـۆیەوە ئەبینێ، یەکەمیـان شـاییە، ئەوی تریـان شـین ولە هەردوو بارەکەشـا خـواردنێکی زۆر بـۆ خەڵکی ئامـادەبوو حـازر ئەکرێت. هەرچی بۆنە خۆشەکەیە لای خێزانە دەست رۆیشتووەکان و خەڵکی عەشایەری زوو حەوت شـەوو حەوت رۆژ دەهـۆڵی تیـا کـوتراوە. واتـا حەوت رۆژ خـواردن ئامـادە کـراوە، لەشـاریش جـاران لەحەوشـەی مـاڵەکە یـان لەکـۆڵان دەسـت ئەگیـراو هەڵـئەپەڕین. ئێـستا ئەو خەڵـکەکە زیـاتر شارسـتانی بـوون هـۆڵی تـایبەت بەو بۆنـانە ئەگـرن و گـۆرانیبێژ تـا درەنگانێک بەمۆسیقای ئەلکترۆنیەوە ئەوەی ئەیڵێ نایڵێتەوە وخەڵکیش شـان هەڵئەتەکێنن، برنج و شلەکەی جارانیش نەماوە گۆراوە بەلەفە و ساردی.

هەرچی شینەکەیە تا ئەودەمانەی دوایش رەنگە ئیستاش هەروابێ، ماڵی تازێبارەکە ئەبوو سێ رۆژ لەسەریەک خواردنی تیا ئامادەبکرایە. بـۆ خۆیـان و ئەوکەسـانەی کە لەدوورەوە هـاتوون، لایەنـی سـازی ئەم نەریتە، هاوکاری وهاوسۆزی خەڵکەکەی لەناو یەکا بەتایبەتی دەرهەق بە کۆسـت کەوتـوو دەرئەخـست. لەوانە چەن ژنێکـی گەرەک بەخۆبەخـشی لەماڵەکەیـا خواردنیـان دروسـت ئەکـرد.بەڵام لایەنـی

ناسازی نەریتەکە ئەوەبوو، سەرەرای کۆستەکە تازێبار ئەرکێکی ماڵی وەیان نەختی ئەهاتە سەرشانیان بە کرینی ئازوقە بۆ برێکی زۆر لەخەڵک. هەرچەندە لەزۆر حاڵەتا کەس و کاری تازێبار، یەکێ بە تەنەکەیەک رۆن، ئەوی تر بە فەردەیەک برنج هاوسۆزی خۆیان ئەنوان، بەڵام لەکۆی گشتی تازێبار هەر برێکی باشی ئەکەوتە سەرشانی خۆی. لەوەختێکا کە هەروەکو کوردەواریمان ئەڵی وەختی ئەو مەسرفە نەبوو یان ئەویش هاتە بانی.

بەپێی کلتورەکەی ئەولا واتا رۆژئاوا، تەعزێ دانان نیە نە لەکەنیسە ونە لەماڵ هەر رۆژی ناشتنەکەیە و تەنها ئەوانەی کە کارتی دەعوتنامەیان لەلایەن تازی بارەوە بۆ چووە. ئەچن بۆ سەرقەبران بۆ ناشتنی دوای ئەوەی لەسەرقەبران دێنەوە تازێ بار بۆ رێزلێنان لەو خەڵکەی کەهاتوون بەپیر کۆستەکەوەو چەن سەعاتێک لە مەراسیمەکەیا بەشدار بوون، هیلاک بوون و رەنگە برسیان بێت ئەیان بەن بۆ قاوەخانەیەک لەوێ ژەمێک (ئەویش قوبڵی و بامێ نا) تەنها لەفەی سەمونە پەنیری تیایە، لەگەڵ قاوە لەسەر میزەکە دانراوە بۆیان ئەوە ئەخۆن، هەر یەکە ئەچێتەوە بەلای کاری خۆیەوە.

کوردێک کە لەهەندەران ئەمە ئەبینێ پێی جوان ئەبێ ئازیزێکی عەمری خوا ئەکا، کوردەکانی دەور و بەر ئاگادار ئەکەنەوە و رۆژی ناشتنی ئەچن بۆ سەرقەبران. دوای ئەوەی کە لەمەراسیمی ناشتنەکە ئەبنەوە ساحێب تەعزێکە روو ئەکاتە ئامادەبووان و سوپاسی بەشداری و ئەزیەت کێشانیان ئەکا، ئەڵی: خوا جەزای بەخێرتان باتەوە ماندوو

بـوون رەحمەتی خواتـان لێبێـت، فەرمـوون لەگەڵم تەشـریف بەریـن بـۆ فـڵان چێـشت خـانە، لەوێ نـان وچـایەک بخـۆین. ئەڵـێن هەنـدێک لە ئامادەبوان لەبەینی خۆیانا بەیەکتری ئەڵێن وەڵا چێشت ئەنگاو لەخەو هەڵـساوین ئەوەنە نـیە نـانی بەیانیمـان خـواردووە ئەلعـان هیچمـان بـۆ ناخورێ چار چیە؟ ئەڵێن سێبەشی خەڵکەکە بەگوێی لۆقنتە چیەکەیانا چرپـانووە وەسـتا گیـان زۆر مەمنـون ئەبـین، ئەگەر بۆمـان بـکەی بە سەفەری!.

## ■ تەنز نووس

برادەرێکـی ئـازیزم دوکـانی پـێلاو فرۆشـتنی هەیە، لەبەردەمـیەوە ئەڕۆیشتم سەرێکم کێشایە ژورەوەو وسڵاوێکم لێکرد، وتی وەرە ئەوە بۆ وابێ رەحم بووی. قەرنێکە دیارنیت، چەن رۆژە تەشریفتان هێناوەتەوە؟ وتـم: سێ چـوار رۆژە. وتـی: شـار چـۆن ئەبینی؟ وتـم: ئەی بێقەزابـی زۆر گۆراوە ئەوهەموو جادەو پارک وپردو باڵەخانانە و ئۆتۆمبێلە کەشخانە، وەڵڵا باوکم لەبەعزێ شاری ئەوروپاشا هەر ئەوە هەیە. وتی: بەراستە؟ وتم باوەڕکە گاڵتەناکەم بەجدیمە، بەڵام یەک شت هەیە کەلێرە هەیە لەوێ نیە. وتی: چیە کلاشە؟ وتم: وەڵڵا ئیتالیەکان کلاشیشیان دروست کـردووە. وتـی: ئەی چی ؟ وتـم: ئەو بـێ تەنـزیمیەیە، وتـی: چـۆن؟ وتـم مەسـەلەن یەکێـک ئیجـازە لەشـارەوانی وەرئەگـرێ بـۆ دروسـت کردنی باڵەخانەیەک کەس پێی ناڵێ کاکە تۆ نابێ هەمووی بکەی بە چیمەنتۆ خـۆ ئەبێ بەشـێک لەو زەویە، بهێڵیـتەوە بـۆ سـەوزایی. وتـی: ئەشـەمبیلا وایە. چیتر ؟وتم لێخوڕینی ئوتۆمبیل زۆر ناقانونیە، چۆن؟ وتم: لەهەموو جێیەک لەشـەقامەکانی ناوشـار ئەبێ بەخێرایی سـی کیلـومەتر ئەوپەری پەنجا بـڕۆی، لای راسـت پێشرەوەی هەیە لەم کوردسـتانەی ئێمە کـوڕ ئەو کوڕەیە پێش هەموو فرتەی بۆ ئەکا.

چیتر؟ وتـم بەیانیـان زوو ئەوخەڵـکە پیرو گەنـج راکە راکەیـانە بـۆ ئەوەی لەکاتی خۆیا بگەنە سەرئیش و لەکاتی دەوامیشا خەڵکێکی زۆر کەم بەسەرجادەوە ئەبینی، ئەی لای خۆمان؟ عەرزی برای خۆم بکەم

لای خۆمان بەیانی تا ئێوارە ماشەڵڵا ئەڵێی مەسیرەیە. چیتر؟ وتم لەو وولاتانە پرە لەسەنتەری راهێنان وفێرکردن، ئەی لای ئێمەو؟ وتم: لای خۆمان دەیەها سەنتەری رۆشنبیری کراونەتەوە وپڕە لە ئەفەنی و بۆ رۆشنبیرێکی تەواویش ئەچین بەحەوایا.

چیتر؟ وتم بەم چلەی هاوینە زۆربەی خەڵک چاکەت وپانتۆڵی لەبەرایە هەموو ئەڵێی زاوان وبوکیان بۆ دابەزیوە. ئەی لەو وولاتانە؟ وتم: زۆر بەدەگمەن خەڵک ئەبینی چاکەت وپانتۆڵ لەبەر بکا. بۆ؟ وتم: جلێکی عەمەلی نیە نە بۆ ئیش ونە بۆ دەرەوە.

وتم: لەوە گەرێ ئیشەکەی تۆ چۆنە رازیت لێی؟ وتی: نەوەڵڵا وتم: بۆ خێرە؟ وتی: کاکە لەم جادەیەی کەتۆ ئەیبینی، جاران دوو پێلاو فرۆشی لێنەبوو، وتم: وایە، وتی: دەتۆ ئێستا ئا لێرەوە دوسەد مەتر بچۆرە خوارەوە و وەرەوە سەرەوە بۆلای برای خۆت. بزانە چەنی لێیە ئەوەی سەر شۆستەکانیشت لەبیر نەچێ، وتم: بەهەمووی پێنجی لێیە، وتی: کورە بڵێ دە، یەک سەرتاشخانە ئەکرێتەوە بۆ بەیانی لای سەرەوە دوان ولای خوارەوە سیان کراوەتەوە. وتم: بەخوا کاکی برا بواری نووسینەکەش لەوەی ئێوە خراپتر، وتی:چۆن؟ وتم: مەسەلەن ئەوەی تەنز ئەنووسێ ئەبێ کەسێک بێ بە زگماکی خۆش مەشرب و رۆحی نوکتەی هەبێ دواتریش سەلیقەی تەواوی نووسینی ئەوبابەتەی بەخوێندنەوەیەکی زۆر پەیاکردبێ، وتی: وایە، وتم: دەبڕۆ ئێستا هی وا هەیە ئەگەر خۆشترین و دانسقەترین نوکتەی بەیتێ سەقەتی ئەکا، لەولاتەوە مێزێکی داناوە نووسیویەتی تەنز نووس.

## ■ سەهۆڵەکە

ئەو شـەقامەی کە لەئامـادەیی پیـشەسازیەوە شـۆرئەبێتە خـوارەوە تـانزیکی ئەوگـردەی کە پێی ئەوتـرا مـاڵی موتوسـەریف، ودواتـر موحـافیز، دوو دانە کـارگەی سـەهۆڵی لەسـەر بـوو. یەکێکیـان دەسـتە راسـتی ئەو جـادەیە بـوو ئەوی تریـان کەوتبـووە دەسـتە چەپیەوە. ناو لێنـانی سـەهۆڵ وەیـان جـادەی سـەهۆڵەکە، لەبـوونی ئەوکارگـانەوە سـەرچاوە ئەگرێـت، ئەوکاتـانە ئەو جـادەیە زۆر هـێمن بـوو ژمـارەی ئۆتۆمۆبیـل بەم شـێوەیەی ئێستا نەبوو، ئەمانەکانی (پاسی مەسڵەحە) خەتی سـەرچنار و بەکرەجۆ لەسەر ئەوجـادەیە مەوقفیـان (جێی وەسـتانی پـاس) هەبوو. دواتر یەکێک لەو کارگەی سـەهۆڵانە کە ئەکەوێـتە بەری راسـتی جـادەکە ئەگەر بەرەو سـەرچنار بڕۆی لەکار کەوت وئێستا شـوێنەکەی بووە بە خانوو.

بەڵام ئەوەی ئەو بەرەوە هەرمـاوە و نـاوی جـادەکەش هەرچەنـدە لەرەسـمیاتا سـالمە، بەڵام لەزاکیـرەو بەکارهێنـانی میللیـدا هەر بە سـەهۆڵەکە، ئەناسـرێتەوە و نـاو ئەبرێـت. مـاوەیەکی زۆر بـوو بـۆم رێـک نەکەوتبوو بەسـەردان بێمەوە کوردسـتان، بەتایبەتیش شـاری سلێمانی، چەن سـاڵێک لەمەو بەر بوو کاتێک خـۆم ئامادەی سـەفەر ئەکـرد، کاک نەژاد وتی: وەکی گەرایتەوە یەکەم ئیشـت چ دەبێ؟ وتـم: سـەرەتا ئەچمە سـەهۆڵە لەوێ چایەکی سـەر خەڵـوز ئەخـۆمەوە، ئیتر دوای ئەوە ئەزانم

چی ئەکەم، پێش ئەوە هیچ ناکەم. وتی: ئەو سەهۆڵەی ئاوایە! ئەرەوەڵڵا لەوەش زیاتر کاکە هەرچی دۆست وئەحبابە، ئێواران لەوێ پۆل پۆل پیاسەئەکەن. وتی:جاوەڵڵاهی ناهەقت نیە برام، ئەتو بەوەی دوو کێشکەی بەیەک بەردی لەسەر داری دێنیتە خوارێ، هەم چای سەر رەژوش دەخۆی ئەوە لەبۆ خۆی تامەکی تایبەتی هەیە هەم برادەرانیش دەبینی.

هەروەکو عەهدم کردبوو ئاوا ئەورۆژەی گەیشتمەوە شار ئێوارە بەرەو خواربوومەوە بۆ ئەو سەهۆڵەی کە نزیکەی پێنج ساڵ بوو خەوم پێوە ئەبینی.راست بوو من هاوین هاتبوومەوە دنیا خۆی بەتەبیعەت گەرمە، بەڵام کاتێک گەیشتمە سەهۆڵەکە شاڵاوی گرەیەکی سەیر بەرەو رووم هات! سەیر ئەکەم هەر پێنج هەنگاوو پەرەمێزێک داگیرساوە یەکێ گوڵەبەڕۆژە ئەبرژێنێ، یەکێک کترێەک ئاوی گەورەی خستۆتە سەرو نێڵە نێڵ ئاگری پەرەمیز گەرمی ئەکا، یەکێ فەلافل سور ئەکاتەوە، یەکێکی تر لەفەی جگەری سورەوەکراو ئەفرۆشێ، یەکێکی کە نۆکاوی خستۆتە سەر، ئەوی تر پاقلە، لەکەناریشەوە مەتعەمەو بە غاز مریشک ئەبرژێنێ بەجۆرێک نەک هەر سەهۆڵ بەرگەی ئەو هەموو ئاگرە ناگرێ بەڵکو جادەکەش خەریکە ئەتوێتەوە.

کاک نەژاد لەهەندەرانەوە زەنگی بۆ لێدام وتی: من بزانم ئەلعان لە سەهۆڵەکەی، ئێستا بەئاواتی خۆت گەیشتی؟ وتم: نەوەڵڵا، وتی: لۆ؟ وتم:جادەی سەهۆڵ نەما نە، وتی: چۆن نەما خۆ باری نەکردووە!

وتـم:بـاری نەکـردووە هەر لەجێی خـۆیەتی وتـی: ئەیچی؟ وتـم: نـاوەکەی گۆڕاوە! وتی: کردیتیان بەچی؟ وتم: بە جادەی پەرەمێژەکەی.

لـەخـەومـا سـەهۆڵەکە وەکـو سـەهۆڵەکەی سـاڵانی دوور لەئـاگری پەرمێژەکـانی لێهـاتبۆوەوەکـو دەرکەوتەیەکـی کـۆمەڵایەتی و رووپەکـی سلێمانی جارێکی کە، فراوان ببۆوەو خەڵکان ئەیان توانی بەئیسراحەت ئێـوارە پیاسـەکەی خۆیـانی لێبکەن، بەڵام تەنها بەئێـواران چـوونکە ئەو شـوێنەی کە ئەو دوسـێ چـڵە دارەی کە لەوێ ناشـتووە وتـویەتی ئەم جادەیە لەسـەرەوە بـۆ خـوارەوە سـەهۆڵە سـاردە سێبەری بـۆچیە؟ ئێـوە دوعا بکەن ئەوخەڵکە رەق نەبنەوە.

## ■ جارانی سلێمانی

ئێـواران پیـاوانی گەڕەک کە لە کـارو پیـشەی خۆیـان ئەبـوونەوەو ئەهـاتنەوە بـۆ مـاڵەوە، ئیتـر لەسـەری کـۆڵانەکەوە دەرئەکەوتـن بەرەو مـزگەوتەکە ئەهـاتن، جلـو بەرگە دیارەکـانی ئەو سـەردەمە شـەرواڵ وسـتارخانی بـوو زۆریـان سـتارخانیەکەیان بەسـەر شـەرواڵەکایان بەرئەیـایەوە، پـشتێنیان نەئەبەسـت، یـان شـەرواڵ ومراخـانی بـوو، بەشێکیش کەواو سەڵتەیان لەبەرابـوو. جـۆرەکەی تریـان کە کارگوزارو مەعموری حکومەت بوون، چاکەت وپانتۆڵ و بۆینباخ بوو هەش بوو ئەگەر هـاوین بـوایە هەر کراسـێک وشـەرواڵێک بەڵام کـلاوەکەی هەر لەسەرا بوو، هەموو ئەوانەشی کە نوێژی جەماعەتیان ئەکرد تەمانیان سـەرو چـل سـاڵ بـوو گەنجیـان تیـانەبوو.دوای تەواو بـوونی نـوێژ هەرکەسـەو بەرەومـاڵی خـۆی ئەچـۆوە، منـاڵ هەمـوو لەدەوری سـفرە دانیشتبوون چاوەروان بوون باوک بێتەوەو خواردن تێکرێ.

بـۆ نـوێژی عیـشا جـارێکی کە پیـاوان ئەچـونەوە دەرەوە، بەڵام ئەم جـارە چـونکە نـانی ئێـوارە خورابـوو برسـیان نەبـوو، واتـا پەلەیـان نەبـوو زوو بگەنەوە ماڵەوە، نەرم تـر هەنگاویـان ئەنـاو درەنـگ تـر ئەگەیشتنەوە، باسی باسی وەزع وئەو دنیایە بوو. هەشیان بوو وەکو تریسکەی تفەنگ بەرەومـاڵەوە تێـی ئەتەقـان، ئەوەیـان لەونەوعەبـوو کە ئەی وت مـن

بابـایەکی کاسـبم هەقی سیاسـەتم چـیە! هەش بـوو ئەگەر پرسـیارێکی شـەرعیی لەخـزمەت مامۆسـتای مزگەوتەکەیـا هەبـوایە ئەمـایەوە تـا جوابەکەی وەرئەگرتەوە.

ئەگەریـش میـوان بهاتنـایە بەشـەو ئەهـاتن و بەبێ مەوعیـد، واتـا ناخافڵ. چـونکە ئەوکاتـانە عەیـب بـوو بڵێی ئەمـانەوێ دێنیتـان بکەیـن، یان لەماڵن ؟ شتی وات بکردایە، ئەوماڵەی کە بەنیاز بووی سەردانیان بکەیت ئەیکردی بەکێوا. ئەوەش زیـاتر کاریگەریی ئەو کەڵچەرەکە بـوو، کە پێی لە تونـدو تـۆڵیی پەیوەنـدیە کۆمەڵایەتیەکان دائەگـرت. خەڵـک پێوسـتی رۆحیـی بەیەکتـری هەبـوو، چـوونکە وەکـو ئەم سـەردەمە تەلەفزیـۆن و ئەو رایەڵە ئەلکترۆنیـانە نەبـوو، تـاوەکو خەڵـک مەشـغوڵ بکا و نەیانپەرژێتە سـەر بیرکردنی خزم و دراوسێ. بەرای بەنـدە هـۆیەکی تـریش هەبـوو، کە ئەو خەڵـکەی وابەسـتەی یەکتری کردبـوو، زۆربەی زۆری ئەهلـی گەرەک (شـار) ئیکتیفـای زاتیـان نەبـوو. ئەگەر ماڵێـک تەنوری هەبوایە، ئەبوو ماڵەکانی کە ئیستیفادەی لێبکەن یان ماڵێک نانیـان بکـردایە ژنـانی گەرەک بەپێـی توانـا بەهەرەوەزی بەپیریـانەوە ئەچـون، نانیـان لەگەڵ ئەکـردنەوە و قـسەو باسـی خۆشـیان لەسـەر تەنورەکە تا ئێوارە دائەمەزراند. ئەو گرد بونەوەی سـەرتەنورە سـەرەرای ئەو بەدەم یەکەوە چـوونەی ئەو ئیـستیفادەیەشی هەبـوو بۆیـان. پێداویستی ماڵیشیان لەیەکتری قەرزئەکرد بۆ نموونە پنە و بەفر ماڵ و هێڵەک سینی گەورە بۆ دۆشاو گرتن مەنجەڵ بۆ ساوەر کوڵانن ئەمانە وای لەو خەڵکە کردبوو کە نەتوانن دەست بەرداری یەکتری ببن.

کە شەو تەقولبابی ماڵێک دوسێ جار لێی ئەدرا، مناڵێک رای ئەکرد بزانێ کێیە، لەوسەری داڵانەکەوە بۆ ئەمسەری ژورەوە هاواری ئەکرد دایکە باوکە ماڵی کاک عەلیە، ئیتر هەموو بەرزەپێ هەڵئەسان وزۆر بەکەیف و زەوقەوە بەخێر هاتنیان ئەکردن، بەپەلەش نەختێک پەرشو بڵاویی ئەوناوەیان رێک ئەخستەوە، فەرموو فەرموو یاخوا بەخێر بێن ئەوە رێگەتان وون کردبوو؟ چاکەیش کە بەهەق وەسفی گوڵی مەجلیسی وەرگرتبوو لەهەموشتێک حازر بەدەست تر بوو، جێگەی هەمو شتێکیشی ئەگرتەوە.ئەگەر هاوین بوایە یەک دوو مناڵ دوای نان خواردنی ئێوارە بەکۆڵانەکەیا لەم سەر بۆ ئەوسەر هاواریان ئەکرد (مناڵی گەرەک سەربنە خەرەک وەرنە دەرێ بۆ شەرە گەرەک). ئیتر هەرمناڵ بوو فرتەی ئەکرد بۆ دەرەوە تا درەنگانێ بوژانەوەو وچاوشارکێ و راکەراک و باسی جنۆکەو ئەوشتانە بوو.

شەمسەدین شەو بەدزیەوە ئەچێ بۆ سینەما، دایکی هەر دێت وئەچێ ئەو هەتیوەم بۆ نەهاتەوە؟ رەفیقێکی ئەڵێ ئیستا ئەچم بەشوێنیا، ئەزانێ لەکام فلیمە( هنیدیەکەی کە سێ جاری بینوە) روخسەت لەقاپیەوانی هۆڵەکە وەرئەگرێ و ئەچێتە ژورەوە فلیم ئیش ئەکا هۆڵ تاریک، کاکە شەمە لەکوێ ببینێ وپێی بڵێ؟ تا هێزی تیایە هاوار ئەکا شەمسەدین هۆ شەمسەدین، دایکت ئەڵێ بەحاجی کاک ئەحمەیی شێخ هەرئێستا نەیەتەوە بۆ ماڵەوە دەرگای حەوشەی لێ دائەخەم .

## ▪ چایەکی جوان

لەسـەرەتای جەنگـی جیهـانی یەکەمـدا کاتێـک ئینگلیـز هـاتنە کوردستان، بەهۆی کۆمپانیای هیندی شەرقیەوە چایان لەگەڵ خۆیان هێنـا.سـەرەتا وەکـو هەمـوو شـتێکی تـازە، خەڵکێکـی زۆر بەپیـریەوە نەچـوون، یـان راسـتتر پێویـستیەکی ژیـاری نەبـوو بـۆ خەڵکی ئاوسـای کوردسـتان.ئەڵێن لەهەنـدێک لەمـالە خـوا پێیاوەکانی ئەودەمەی شـاری سلێمانی چایـان خـواردۆتەوە.داپیرەیەک عەسـرانێک بـۆ کارێـک ئەچێتە یەکێک لەومالانە، ئەوانیش پیاڵەیەک جای ئەخەنە بەردەم، هەر چەن سـەرئەهێنێ وسـەرئەبا، خـوایە ئەمە چـۆن ئەخـورێتەوە ئەگـاتە نەتـیجەیەک، ئەڵێ لەبەر ئەوەی کەوچکێکـی بچـوکی لەگەلایە کەواتە بەکەوچک ئەخورێتەوە. دووکەوچک لەچاکە ئەخوا وئەڵی یارەبی بەزیا بێت، خـانە خـویکە پێی ئەڵی بیخـۆرەوە ئەوپیـاڵەیە هەمـووی بـۆ تـۆیە. دوای ئەوە بەمـاوەیەکی کەم چـا دڵـو هـۆش ودەمـاخی ئەوخەڵـکەی بەجۆرێـک داگیر کـرد، کەبـوو بەخۆشـترین خـواردنەوە لەسەرتاسـەری کوردسـتان.ئەبینی لانیکەم رۆژی سێجار لەهەمـوو ماڵێـک لێئەنرێـت و بـوو بەپیـوەری رێزدانـان بـۆ میـوان، ئەگەر چایـان بـۆ لێنەنـابێ واتـا حورمەتیـان نەگرتـووە، میـوانەکە دوای رۆیـشتنی لەباسـی بێمـاریفەتی خانە خوییەکەیا ئەڵێ تەنانەت پیاڵەیەک جاشیان نەداینێ.

خۆشـترین چـا ئەوجـایەیە کەلە قـۆری شوشـەو لەسـەر خەڵـوز پێئەگەێنرێت. ئێمەی کـورد بەگشتی بە پیـاڵە چـا ئەخـۆینەوە، ئەڵێـین گوایـا وشـەی پیـاڵە ئەو سـەربازە هینـدیانە لەگەڵ خۆیـان هێناویـانە کەلەریـزی سـوپاکەی ئینگلیزدابـوون. ئیـستیکانیش لەسـێ وشـە پێـک هـاتووە ( east- tea- can) (ئێـست) واتـا خـۆرهەڵات، (تـی) واتـا چـا (کان)یش ئەو قاپە یان کوپەی کە چاکەی تیا ئەخورێتەوە. بەماوەیکەی کەم دوای گەیشتنی چـا بـۆ ئەم وولاتە، چاخانەکانیش بەسەرتاسـەری کوردسـتانا بـڵاو بـوونەوە. لەشـاری سـلێمانی هەنـدێک چاخـانەی بەناوبانگ هەبوون، لەوانە حەمە رەق، شارەوانی، ئەوقـاف، کە شـوێنی گفتوگۆو چاخواردنەوەی نووسـەرانی شارەکە بوو. لەوێ دەست خۆشی بڵاو بوونەوەی نوسینەکانیان لەرۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەوکاتە لەیەکتری ئەکرد و کتێب ونوسینیان دەستاو دەست ئەکرد. دوای ئەوەی کە ئەو چاخـانەیە نەمـا چاخـانەی شـەعب کەشـوێنی عەریـزە نـووس و موختارەکانی سلێمانی بوو شوێنی ئەوی گرتەوە.

دیـاردەیەک کەلەگەڵ دروسـت بـوونی چاخانەیـا لەدایـک بـووە، وێرکـردن یـان پارەی چـای بـرادەرانە، ئەگەر یەکێک بچێتە چاخـانە بـۆ خـواردنەوەی چـایەک ئیتـر چەن بـرادەر دوای خـۆی بـێن ئەبـێ ئەم پارەکانیان بدا، ئیتر ئەوکەسە پاشا بێت یان فەرمانبەرێکی ئاسایی، یان کرێکـار، یـان بـێ ئـیش!. ئەوە بەتەنهـا لەچاخانەکـان نابیرنێـت، بەڵکـو لەشـوێنی تـریش رۆژانە بەرچاو ئەکەوێت جاری واهەیە لەناو پاسا یان لەبەردەمـی ئەوکەسـەی کەپـارە وەرئەگرێـت کەمەتـعەم ئەبێـتە هـاتو

هاورێک هەر مەپرسە ( بەخوا نابێ شتی وانیە تازە گەیشتووە سوێنم خواردووە). زانای بواری کۆمەڵناسیی عێراقی عەلی وەردی ئەو کلتورە ئەگێڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دروست بوونی چاخانە لەناوەراست وخوارووی عێراق، کاتێک کە سەرۆک عەشرەتێک لەچاخانەیەک دائەنیشێ، بۆ ئەوەی هێزو پیاوەتی خۆی پیشان با ئەڵێ چای هەموو چاخانەکە عایدی منە! بەوەش دونیشانەی شکانوە، هەم لای رەعیەکەی رێزی وهەیبەتی خۆی زیاتر کردووە، هەمیش بۆ شێخەکەی ئەوبەری سەلماندووە کە کەس لەو پیاوتر نیە!

کێشەکە ئەوەیە کە ئەم کەرەم وپیاوەتی شێخ ودەربەگەی پارەدار شۆڕبۆتەوە بۆ ناو کاسبکار وفەرمانبەر واتا چینی ناوەراست و بەوەشەوە نەوەستاوە هەر هاتوە تا چینە فەقیرو هەژارەکەشی گرتۆتەوە!.

لە هەندەران ئەو کلتورەیان دەمێکە شەق تێهەڵداوە ئەگەر بتەوێ بچیتە قاوەخانەو قاوەیەک بخۆیتەوە تەنها پارەی ئەو خواردنەوەیەشت پێ بێ بێترس لێی دائەنیشیت چونکە لەسەرت نیە پارەی برادەرەکەشت بەیت.لای خۆمان ئەگەر پارەی لانیکەم دەچات پێنەبی ناتوانی بچیت دیژلەمەیەک بخۆیتەوە! ئەو ساڵە گەرامەوە بۆ سلێمانی ئێوارەیەکی جوانی شار چوینە دامێنی ئەزمەر دوای قسەو باسو خوارنەوەو خواردنی بەتامی دەستکردی ئەوئازیزانە، وتیان: ئەڵێن چی چاکەمان بەرینە سەهۆڵەکە وتم: ئەشهەدو میسکی خیتامە.

## ■ چۆن ئەخوریٚ؟

کاتی خۆی ئاستی گوزەرانی خەڵک زۆرنزم بوو ئەگەر فریای ژەمە خواردنە سەرەکیەکانیان بکەوتنایە، سەد جار لەسەر بەرماڵەکە حەمدو سەنایان بۆ پەروەدگار ئەنارد. کەس کاونتەرو مۆبیلیاو سپلیت و سەیارە و سیعری بەنزینی بەخەیاڵا نەئەهات، هەرئەوەش بوو کەوای کردبوو زۆر جۆر لە خواردن هەبوو یان ناوەکەی نەبیسترابوو. یان ئەزانرا هەیە بەڵام زۆر درەنگ ئەتوانرا تام بکریٚ. بۆ نموونە لە لای زۆربەی گەلانی دنیا سێو و مۆز ومیوە بەگشتی بۆ کوشتنی هەستی برسێی لەجیاتی چێشت وگۆشت پەنایان بۆ ئەبریٚ، بەتایبەتی لای ئەوانەی کە حەزناکەن بەردەوام خواردنی چەور بخۆن، ئەبینی بەیانیان بەرێگەوە بۆ چوون بۆ شوێنی ئیش هەندێکیان سێوێکیان پێیەو قەپاڵی لێئەگرن.

من بەش بەحاڵی خۆم ئەوە لەوانەوە فێربووم، کاتێک کە ئەچم بۆئیش بۆ ئەوەی نەختێک لەکێشی خۆم داگرم سێوێک یان مۆزێک ئەبەم بۆ ئەوەی نیوەڕۆ بیخۆم. چوونکە ناکریٚ تۆ نیوەڕۆش وئێوارەش هەر شتی گەرم واتا لێنراو بخۆی.

لای خۆمان کاتێک کە میوان ئەبی یان میوانت دیٚ دوای نان خواردنێکی چەرو بەلەزەت، دوای ئەوەی کە ماعیدە جێگەی پەرداخێک ئاوی یان کەوچکێکی تر برنجی تیا نابێتەوە، قاپێک سێوی

جـوان یـان شـوتی یـان هەر میوەیەکی تـر دائەنرێ و ئیتر لـەپەسـتا ئەوتـرێ تـو ئەو خـوایە ئەگەر دەسـت رانەکێـشی! خـوانە خـوێکە بەدم داکرمـانی خەیـارێکەوە ئیـشارەت بـۆ شـوتیەکە ئەکا و ئەڵێ ئەمـساڵ شـوتی خـراپم نەکریوە، بەخوا سێوی ئاوا گەورەو جوانیش ساڵان هەرنەبوو.

مـن پـسپۆری چـۆنیەتی و کەی وکاتی خـواردن نـیم، بەڵام هەروەکـو رۆشـنبیری گـشتی وەکو ئەوەی لە گەلانی تـرەوە فێری بـووم. ئەوان میـوە بـۆ تێر خـواردن یـان بـۆ جێگـرتنەوەی خـواردنی ئاسـایی بەکار دێنن، واتـا پێش خـواردن ئەیخـۆن. هی واهەیە ئەڵێ بـۆ ئەوەی بەشـێک لەماعیـدەم پـرکەم و کەم تـر نـان بخـۆم، هی واش هەیە ئەڵێ هەر میـوەکە ئەخـۆم وئیتر نان ناخۆم.ئێوە خۆتـان حوکم بەن دوای خـواردنی گیپە یان کفتە یان یاپراخێکی پڕ لە دوگ و گۆشتی بەرخ، یەک سێو یان مۆزێکیشی بکە بەسەرا ئەبێ ماعیدە حاڵی چۆن بێ ؟.

ئەوسـاڵە لە شـوێنێک لەم کوردستانە چوومە ماڵێک زۆر خزمەتیان کـردم نـانی ئێوارەمـان خـوارد دوسێ پیـاو بۆ بەخێر هـاتنی من ژورکەوتـن، باسی ژیانی شارو لادی کـرا هـاتە سـەر باسی پـاقلاوە، کابرای خـانەخوێ وتی باش بوو بیرم کەوتەوە، لەگەڵ ئەم حەمە ساڵحە گرەومان کـردووە لەسـەر گیـسکێک مـن ئەڵـێم پـاقلاوە بەنـانەوە ئەخـورێ! ئەو ئەڵێ تـۆ وەحشی وانیە، هەر بەروتی ئەخورێ. تو ئەو خـوایە من وەحشم یان ئەو ئەو؟ نەم ئەزانی بڵـێم چی کـابرا زۆر خزمەتی کـردووم لەپاداشـتی ئەوە گرەوێکی پێبـدۆڕێم. وتـم: ئەوی راسـتی بێ کەسـتان وەحـش نـین!. وتیـان چـۆن؟ وتـم: حەسـەبی کاتەکەیە ئەگەر لای نیورۆبـوو بەنـانەوە بیخـۆی قیمەتی قەت تەواو نابێ، عەسرانیش کە ماعیدە پڕە بێنان خۆشترە.

## ■ چەکوش ودینار

لەرۆژئاوا چەن بایەخ بە فێرکردن لەبوارە بەرزەکانی خوێندنا ئەیەن وەکو توب وهەندەسە و کیمیا ئەوانی دیکە، کە بە خوێنی باڵا نەبێ ناتوانرێن دەستە بەر بکرێن. ئەتوانم بڵێم وەکو ئەوان بایەخ بە ئامادەکردنی کادری مام ناوەندی، لەهەموو بوارەکانی سەنعەت سازیا ئەدرێ. هەموو ئەوکارانەی کە پەیوستە بە ئیدامەکردنی پیشە سازی و کشتوکاڵی و بینا سازی و بوارەکانی کارەبا وتەکنیک مەڵبەندی فێرکردن و راهێنانیان بۆ کردونەتەوەو بە بێ بەرانبەر، ئەوانەی کە بۆیان نەرەخساوە یان نەیان توانیوە پلەکانی بەرزتری خوێندن تەواو بکەن، لەو شوێنانە ئەتوانن سود وەربگرن و لەیەکێک لەو بوارانە بە بڕوانامەوە ببن بە سەنعات کار. ئەوکاتە ئیتر خۆیان پرۆژەیەک ئەکەنەوە یان لەیەکێک لەو پرۆژانەی کە دیبلومەکەیان تیا وەرگرتووە، بە مووچەیەکی باشی مانگانە کار ئەکەن. لەلای ئێمە بەپێچەوانەی رۆژئاواوە میلی سەعاتی پێشکەوتن ئەگەرێ، ئەوان بۆ پێشەوە ئێمە پشتاو پشت. ئەوەی لە مەکتەبا تێی نەهێنێ راست بۆ چاخانەکەی رۆشنبیران.

جاران باشتر بوو ئەگەر منالێک سەری لەخوێندن نەخورایە یان دەستیان کورت بوایە، ئەیان خستە بەردەستی وەستایەک تاوەکو بۆ نمونە فێری فیتەری یان کارێکی کە ببوایە. یان کەسێکی کە دەستی

ئەکرد بە کرێکاری و ئەگەر زەینی رۆشن بوایە سەرەتا ئەبوو بەخەلفەو و دواتر وەستاییەکی بۆ خۆی ئەپچری. ئیتر تا مردن وپاش مردنیش هەر بەوەستا فلان ناوت نەبرادیە، کەس نەی ئەناسیەوە.لەو وولاتانەی کە ئێمە هەموو پێداویستیەکی ژیانیان لێوە ئەهێنین، هەر لە پەتاتەوە تاوەکو تەیارە، ئەبینی ئەوخەڵکە لەباسی ئیشکردن بەولاوە هیچ باسێکی دیکە بەمێشکیانا نایەت. چوونکە هەم سیستمی ژیان و یاسا رێگە بەوەنادات، خەڵک بێ ئیش بتوانێ لانیکەمی ژیان بگوزەرێنێ. هەمیش کلتورەکەیان بووە بەکلتوری جوڵان وئیش کردن و بەردەوام خەبات، لەپێناوی دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشتر ناسراوە. لەلای ئێمە زۆر بەئاسانی توانیویەتی بەهۆی پێشینەی خەباتەکەیەوە، کەنازانرێ چەن مانگ وچەن ساڵە ژیانێکی باشتر لەخەڵکی ئیشکەر و ماندو بۆ خۆی دابین بکا. هەرکاتێکیش کە ئیشێکی لەهەر شوێنێکی رەسمی یان حیزبی هەبێ، لەپێش ئیشکەرەکەوە ئەکرێتە ژورەوەو کارەکەی بۆ مەیسەر ورایی ئەکرێ. لەوە ئەگەم کە خەڵکێک ئەزیەتی بۆ کوردایەتی چەشتبێ، مایەی شانازیە بۆ خۆیی ومناڵەکانی. بەڵام لەوەناگەم بۆ ئەبێ بێ بەمایەی مایەپوچی و گەندەڵیی، تاوەکو وای لێبێت خەڵک مەبەستم عامەی شەعبە رەحمەت بۆ کفن دز بنێرن. ئائەمە چ کەڵچەرێکە ئێمە شانازی پێوەئەکەین کە هەموو بەرهەمەکەمان لەهەموو بوارەکانا بووە بە ئەم ئێوارەیە لەکوێ دابمەزرێین! مەبەست خواردنەو خواردنی باخە، بۆ زانینیش لەخوارەوەی جەستەیەوە دەست پێبکەین بە پرۆستات دەست پێئەکا تاوەکو کۆلیسترۆڵ وشەکر و ئینجا خەڵەفاوی و کەمی

ئاستی رۆشنبیری، ودەستەپاچەیی لەهەموو بوارەکانا.یانیش رەحمەتی خواتان لێبێت ئەم پاش نیوەرۆیە لەکوێ تەعزێ هەیە؟ چوونکە ئیش وکاری نیە هەرخۆی ئەلێسێتەوە چی بکا ئەچێت نەختێک تەزبیحەکەی ئەم دیو دیو ئەکا و رەنگە مەسئولێکیش خۆی بکا بە ژورا وسەلامێکی لێبکا ئەم ماندونەناسەی بیر بکەوێتەوە بۆچی خراپە!.

لەشەستەکان وحەفتاکانا قیاسی پارە وەرگرتن بە دەست رەنگینی وئیش کردن بوو، بۆیە ئەوترا چەکوش و دینار واتا هەر یەک چەکوش لێیانێک بۆ راست کردنەوەی تەنەکەی ئەوسەیارەیەی کە دەعمی کردووە، یەک دیناری ئەوسای دراوەتێ (دیارە بە تەنەکەچی سەیارە وتراوە). کاک سلێمانی ترشیات وتی ئەی ئێستا ؟ وتم بووە بە خۆ لستنەوەو دینار.

## ■ حاتەمی تەی!

لای خۆمـان ئەگەر یەکێکی بەخـشندەو ودەسـت بـڵاو وەفـات بکـا، ئەڵـێن بەخـوا حـاتمی تەی بـوو، واتـا دەسـت ودڵی بـاش بـووە. حـاتەم لەمێـژوی عەرەبـا وا بەناوبـانگە، کە هەرگیـز ئـاگری ئاگردانەکەی نەکـوژاوەتەوە ئەگەر شـەو خەڵکیـک لەو دەشـت و بیابـانەی کە ئیـستا کەوتـۆتە بـاکوری سـعودیە، وێـڵ بوبێـت و پیوسـتی بە داڵـدە و خـواردن هەبوبێـت.لەدورەوە ئـاگرەکەی بینیـوەو بەرەو رووی رۆیـشتووە وکـاتێ گەیشتۆتە لای، نانی دراوەتێ. (حاتم ئەلطائی) بەچوار پشت ئەگەڕێتەوە سەر شاعیری بەناو بانگی عەرەب (امرئ ئەلقەیس)، خۆیشی هەر شاعیر بـووەو بە دیـانەت مەسـیحی بـووە، پـێش هـاتنی ئیـسلام مـردووە ئەڵـێن ئەوەندە بەخشندەبووە شەوێک سێ شـاعیر ئەبن بەمیوانی، ئەویش سێ حوشـتریان بـۆ سـەر ئەبری یەکێکیـان ئەڵێ ئەوهەمووە بـۆ! ئەویش ئەڵێ رەنـگ و روتـان جیـاواز هـاتە بەرچـاوم، وام زانـی هەریەکەو لە وڵاتـێکەوە هــاتوون بــۆیە وام کــرد بــۆئەوەی هەریەکە بەجیــا کە گەرایەوە نــاو قەومەکەی خـۆی ئەمەی بیـربکەوێتەوە. ئەوانەی ئەو مێژوەیـان تۆمـار کـردووە، ئەڵـێن ئەوەنـدە بەخـشندە بـووە تـا حەدی ئیـسراف. ژنەکەی لەبەر ئەو دەســت و دڵەی شــوی پێکــردووە، دواتــریش هەر لەبەر ئەو دەسـت ودڵەی وازی لێهێنـاوە! بەواتـایەکی تـر تـاوەکو ژنی نەبـووە و ماڵیـان

یەک نەبووە زۆر موعجەب بووە بەو دەست بڵاویەی، بەڵام کاتێک کە شوی پێکردووەو ئیتر یەک ماڵ وحاڵ و داهاتوویان بووە بەیەک، زۆر ترساوە لەوەی هیچ بۆ ماڵ ومناڵ نەهێڵێتەوە.

هەر لەبارەی حاتەمەوە سەرچاوەکان ئەڵێن سوارچاکێکی ئازا بووە کاتێک کە غەزای کردبێ (هێرشی بردبێتە سەر خێڵێکی کە) لە تاڵانکردنا بەدەست وبردبووەو چی بردووە، بۆ میوانەکانی داناوە واتا حاتەم ئەوەی هەیبووە و پیاوەتی لێکردووە بەتەنیا حەڵاڵی خۆی نەبووە!. لێرەوە دەرئەکەوێ کە مێژوو هەرگیز بە تێروانینێکی بێلایەن نەنوسراوەتەوە بەڵکو زیاتر سۆزو عاتیفە و تەرەف داریی، تۆماریان نەقڵی کردوە. رۆژێک لە گەڵ چەن برادەرێک دانیشتبووم باس باسی کەرەم و زیافەت و رۆح سوکی کابرایەک بوو، کە ئەوەندە بەخشندە و دەست بڵاوە لەئاستی میوانەکانی بروناکرێت لەو کوردستانە چواری واهەبن. باسی دەعوەتێک ئەکرا من قەت بەخەویش نەم دیووە باسی بوتڵێک خواردنەوە ئەکرا بایی هەشت نۆ وەرەقە بووە. واتا تا جەماعەت سەریان گەرم بووە، نزیکەی چەن هەزار دۆلارێک کەوتووە دوایش کەباسی ئەوخواردنەکەی کە لەلایەن خزمەت چیانەوە هێنراوە بۆ سەمێزەکە ئەکرا، پیاو ئەگەر تێریش بوایە برسی ئەبۆوە. لەدڵی خۆما ئەم وت ئەگەر لەناو ئەم موفتەخۆرانە مێژو نوسێکیان تیابێت لەباسی کەرەم ودەست بڵاویی وسوراچاکیا لەناو کوردا لەو زیاتر ئاماژە بەکەسی تر نایا، بۆ؟ چونکە خۆی بەردەوام ئەو مێزەی بەسەرکردۆتەوەو لە چیڤاز ویسکی کەم تری هەڵنەقوڕانووە رەنگە حاتەمی جاران ئەوەی کە

بۆ میوانی داناوە لانی کەم نیوەی حەڵاڵی خۆی بوبێت و نیوەکەی تری دەستکەوتی ئەو غەزایانە بێت کە کردونی، واتا تاڵانی ماڵی خەڵک. بەڵام دڵنیام ئەم حاتەمەی ئێستای ئێمە هەمووی هی غەزایە، واتا حەڵاڵی خۆی تیانیە! عارەب حاتەمی هەیە وەکو رەمزی خێر و دەست ودڵ باشی بەڵام خۆ ئێمەش کەریمی عەلەکەمان هەیە، ئەویش هەمان دەستور دەست ودڵ باشبووە و لەگرانیا خەڵکێکی بەرچاوی دەربازکردووە. بەڵام چونکە ئێمەی کورد خۆمان پێ هیچە، ئەگەر بەخشندەیەکمان هەبێ قەت ناڵێین بەخوا کەریمی عەلەکەیەک بوو بۆ خۆی، بوو هەر ئەڵێین حاتەمی تەی بوو.

## ■ حەسیر مەیان

لەشاری سلێمانی زۆر دەستە واژە هەبوو، کە تاوەکو بیست ساڵێش لەمەو پێش، رۆژانە دوبارەو سێ بارە ئەبۆوە. خەڵکەکەش هەمووی ئەیزانی واتای چیەو بۆ چی ولەچ بۆنەیەکا بەکار دێت، یەکێک لەو دەستەواژانە (حەسیر مەیان) بوو.

من رام وایە لەو حەسیرەوە هاتووە کە لە پەلکی دارخورما دروست ئەکراو لە باشورو ناوەڕاستی عێراقەوە ئەیان هێناو مەیانیش شوێنی کڕینی حەیوان یان شەڕیان یاریە، کە ئەی وت حەسیر مەیانم پێکرد یان پێی ئەکەم واتا وەکو ئەوحەسیرەی لێئەکا کە لەحەوشەکەیا رائەخرێ. کە ئەکاتە راکێشان و لەخۆڵ وەردان رایەکی تر ئەڵێ لە حەسر مەیدانەوە هاتووە، واتا لە مەیانێکا بەگیر ئەهێنرێ و پڕ شەق وشەپازلە یان جنێو ئەکرێ. هەندێک جار ئەوەی بانگ ئەکرا بۆ ماڵە خزمێک کە ئەهاتەوە ئەیان وت ها خێر چی بوو؟ بەتەوسەوە ئەیوت: خێری چی وەڵا حەسیر مەیانیان پێکردم! ئەیانوت لەسەرچی؟: وەڵڵا لەهیچ خۆرایی؟ درۆی ئەکرد شتێکی کردبوو یان ئەوترا لای حەوزە وشکەکەوە توشم هات، حەسیرمەیانێکی باشم لەسەر تۆ پێ کرد. ئەوەش سێ پلە بوو، خەفیف رەنگە هەرگلەیی بوبێ، وەسەت کەئەکاتە قسەی رەق و بەتوندی سەرکۆنە کردن. قورسەکەشیان ئیتر لەپیا هەڵشاخان وخۆ

راپسکانەوە بۆی بڕۆ، تاوەکو ئامباز بوون وگەوزاندن لە سەرجادەکە یان خۆڵەکە.

عەسرێکی هاوین لە نێوەندێکی سەقافی دانیشتبووین، لەوێ چامان ئەخواردەوە، باس باسی نووسین و خوێننەوە و ئایا داهێنەرکێیە و کێ نیە و بەگشتی بارە رۆشنبیریەکەی ئەمرۆی وولات بوو، تا گەیشتینە سەر ئەو تألیفاتە بێ شومارەی، کە ئەمرۆ وەکو کتێب بەرچاو ئەکەوێ. رای من وابوو زۆربەی زۆری ئەو نووسەرانە لەسەرچاوەیەکەوە یان دوانەوە بابەتەکە تەرجەمە ئەکەن، ئەویش خوا و خۆیان ئەیزانن چۆنیان کردوەو ناوی لێ ئەنێن کتێب. برادەرێ لەوێ بوو وتی: ئەوە تۆ ئەڵێی چی باوەڕ بکە ساڵێک ئەدبێکی ناسراو لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر بابەتێک ئامادە کردبوو، لەکۆڕێکی جەماوەری گەورەیا پێشکەشی کرد و زۆربەمان وەکو رۆشنبیران ئامادەی بووین. هەموو سەری ئیعجاب و ماشەڵایان لە توانا و بەهرەو جوان نووسییا لەو لێکۆڵینەوە تێرو تەسەلەیا، بۆ با ئەیا!. وتی: لەرێگا بووم بەرەوماڵەوە هەر لەبەر خۆمەوە ئەم وت ئەمە باسەم لەشوێنێک بەرچاو کەوتووە کاتێک گەیشتمە ماڵەوە گەرامەوە بۆ ئەو سەرچاوەیەی کەشکم هەبوو، لێوەی وەرگرتبێ، سەیرئەکم حەرفییەن هەمووی لەو کتێبە دەرهێناوە. واتا هیچی هی خۆی نیە! بۆ بەیانی چومە چاخانەی ئەوقاف کە پێش شەعب شوێنی رۆشنبیران بوو، باسم کرد وتم: شەرت بێ حەسیر مەیانی پێبکەم ئێوارە، خەریکی نووسین بووم لەسەری، جەرەس لێدرا کۆمەڵێک نوسەری موعتەبەر بوون هاتبون بۆ رجا کە نەینوسم، وتم بۆ ؟ وتی:

گوایە ئەدبێکی ناسراوە جوان نیە ئاوای پێبکەم! وتم: ئەگەر ئەدیبێکی نادیار بوایە؟ وتی: وەڵڵا هەرخۆیان لە حەسیر جوانتر رایان ئەخست! وتم ئەی دیارەکە بۆ ئەبێ خاتر بگیرێ؟ وتی: کاکە ئەوە حسابی هەبوو، زۆریان ئەوە ئیشیان بوو بۆیە پێویستییان بەیەکتری بوو ئەمەیان ئەکرد بەقەرز بەسەریەوە.

## ■ حەسەن زیرەک

کاتێــک لەرادیــۆی کــوردی بەغــداوە ئەو گۆرانیــانەی کە لەگەڵ ئۆرکێــستی ئەوکـاتەی ئەوێ تۆمـاری کـردوون، پەخـش ئەکـرا، گوێـت لەدەنگێکی لاو بەچریکەو زەنگێکی لەوەپێش نەبیـستراو ئەبوو، گۆرانیە باوەکـانی ئەوسـەردەمەی (فولکلـۆر) بە سـتایلێک کە هـی خـۆی بـوو ئەوتەوە. هەرچەندە موزیک ژەنی عەرەب ئامادەو کاری ژەنینی بۆئەکرد، بەڵام زیـرەک سـەر سـەختانە رۆح وئەدا کـوردیەکەی پاراسـتبوو، بە پێچەوانەی گۆرانیبێژانی کوردی تر کە هەر لەو ئیستەگەیا لەگەڵ ئەوو ودوای ئەو بەرهەمەکانیـان تۆمـار کـردووە، بەئاشـکرا ئەبینی کـاریگەریی ئەداو هەتا میلۆدی عەرەبیان پێوە دیارە.

لەیـادکردنەوەی ئەمـساڵ و سـاڵەکانی پێـشویدا، کەبەرای بەنـدە ئەکرا باشترو زانستیانەتر، قسە لەسـەر ئەو ستایڵەی حەسـەن زیـرەک بکرێـت. بۆنمـونە مەودای دەنگـی چەنـد بـووە، شـێوەی ئەداکردنـی مەقامەکـان کە تـایبەتن بەخـۆی، لەوەپـێش کەس ئـاوا نەیگوتـوون. هەروەهـا بەسـتە فۆلکلۆریەکان کە لە هیچ کەسـمان پێش ئەو ئـاوا بەو تـامەو بەو رێکوپێکیە نەبیـستوون، واتـا داهێنـانی لەئەداکەیـدا کـردووە. لام سـەیر بـوو موزیـک زانێـک وای ئەوت: (حەسـەن زیـرەک گۆرانیبێژێکی میللـی بـووە)!. ئەو بۆچـونە ئەگەر کەسـێکی ئاسـایی بیڵێـت، کەهـیچ

شارەزاییەکی لەو بوارەیا نەبێت، رەنگە بوترێ هیچی لەسەر بنیات نانرێ، چونکە قسەی نەشارەزایە، بەرای بەندە گۆرانیبێژی میللی: خەڵکانێکن رادەیەک لەدەنگ خۆشی و ئەدای گۆرانیە فۆلکلۆریە ریتم خێراکانیان بەشێوازێکی ئاسان و خۆشرەو هەیە، کە لەگەڵ ریتمی جۆرەکانی هەڵپەرکێی کوردیا دێتەوە. هەرچی ستایڵەکەی زیرەکە زۆر دورە لەریتمی کورد وتەنی دەهۆڵی، واتا هەڵپەرکێ.بەش بەحاڵی خۆم تاوەکو ئێستا گۆرانیەکی ئەوهونەرمەندەم نەبیستوە لەشایی وسەیرانەکانا خەڵک لەسەری هەڵپەرن. بەپێچەوانەوە هەروەکو هونەرمەندە میللیەکانی کوردستانی رۆژهەڵات باسی ئەکەن، ئەڵێن حەسەن گۆرانی شایی نەزانیوە.

حەسەن زیرەک لەپۆلێن کردنی هونەرمەندانی گۆرانیبێژدا لەپلەی سێهەم دایە، واتا بەرزترەین پلە کەئەویش (موتریب)ە بەعەرەبی (بەو گۆرانیبێژە ئەوترێ کە لەکاتی وتنی گۆرانیەکەیا ئەتوانێ تەسەروف لەئەداو ئاوازەکادا بکا، بەشێوەک کە بەخۆشترین شێوە بەرگوێی وەرگر بکەوێ، بێ ئەوەی لەئەساسی مەقامەکە دەربچێ، وەیان هەروەکو موسیقیەکان ئەڵێن نەشاز بکا). ئێمەی کورد خۆشبەختانە بەواستەی ئەوەوەی کە چەندین پەیمانگای هونەری مۆسیقامان هەیە، موزیکزانمان وەکو ژەنیاری باشیان پێگەیانووە. بەڵام مخابن زۆر بەدەگمەن کەسانێکمان هەیە بتوانن لێکۆڵینەوە لەوبوارەیا بکەن، بەپێچەوانەی عەرەبەوە کە زۆر دەوڵەمەندن، بەش بەحاڵی خۆم وەکو رۆشنبیری حەزم لەو بوارەیە، لەحەفتاکانی سەدەی پێشوەوە، بەردوام

وتارەکانی عـادل هاشـمی عیراقیم کەلەرۆژنـامەی (الجمهـوریه)ی ئەوسا بـڵاو ئەبـۆوە ئەخوێنـدەوە، کە بـابەتی رەخـنەو زانیـاری لەسـەر گـۆرانی ومۆسـیقا بـوو. جگە لە وتـارو لێکۆڵینەوەی کەسـانی دیکەی شـارەزا لەو بوارەیـا.ئەوە لەبڵاو کـراوە کوردیەکانی خۆمانـا نـابینم بـۆیە زۆر ئەترسـم ئێمەی کورد مۆسیقاو گۆرانیمان وەکو رۆشنبیری وەر نەگرتبێ.

زۆر لەدەنگخۆشـان نازناوی زیرەیکیان لەخۆیان ناوەم دیارە ئەوەیش لەخۆشـەویـستی دەنـگەکەی زیـرەکە، بەڵام ئەبـێ ئەوە بـزانن ئەوەی کە حەسـەن زیرەکی بە زیـرەک بە کوردسـتان ناسـاند، ئەوەبـوو کە قاڵبێـک وەیــان ســتایڵێکی بۆخــۆی لەبەردی رەق هەڵکەنــد، لاســایی کەســی نەئەکردەوە.

حەسـەن زیـرەک زۆر هـۆگری سـلێمانی وخەڵکی سـلێمانی بـوو، نـۆ گۆرانیە بەناو بانگەکەی لەسلێمانی تۆمارکرد چەندین دانیشتنی گۆرانی لەماڵەکانی سلێمانی گێراوە. بەرای بەنـدە ئەگەر سـلێمانی ئەوکاتە ئـازاد بـوایە، حەسـەن قەت نەئەچۆوە هەتـا زێدی خۆیشی.عەرەب ئەڵێن ئەو گـۆرانبێژەی ئەهلی حەڵەب لێی رازی بـن، ئەوە ئەسـتێرەی بەختی لێ دەرکەوتـوە، چـونکە حەڵەبیەکـان بە گـوێگری پـر سـەلیقەی گـۆرانی هەژمارد ئەکرێن، کە باشو خراپ خێرا لەیەک جیائەکەنەوە. سلێمانیش بۆ حەسـەن زیرەک ئەو حەڵەبە بـوو، کە بەیەک دڵ هەموو ئەهلەکەی تەعزیم سەلام بۆ ئەو دەنگەی ئەوەستان.

بـۆیە خـۆزگە ئەگەر سلێمانی هیچی نە بـوو بیکات بەناوی زیـرەکەوە هـیچ نەبـێ ئەومـاڵەی کە نـۆ گـۆرانیەکەی تیـا تۆمـار کـردووە بکـردایە بەماڵی زیرەک و هەفتانە کۆری گۆرانی و مۆسیقای رەسەنی کوردەواری تیا ئیجرا بکرایە.

## ■ حەیفە یارم منداڵە!

لەبەر ئەوەی کەناقانونیەکی زۆر لەلێخوڕینی سەیارەیا ئەبینم، قەت بیرم لەوەنەکردبۆوەکەخۆم سەیارەلێبخورم، ئەم وت لەهەر کوێیەک پێویستیم بەسەیارە بوو، تەکسیەکان خوالێیان رازی بێتبەهەرچوار دەورتا هۆرنت بۆ لێئەیەن ئیتر ئەم سەرئێشەیەبۆ؟. بەتایبەتیش کاتێک بۆ ناو بازار بچیت لەکوێ رای ئەگری، ئەوەموشکیلەی گەورەیەئەم جارەیان دۆستێک سەیارەیەکی هەبوو لەگەراجکەی رایگرتبوو وتی بائەوەت لابێ، ئیشێکەکارێکە، ودواتر باماوەیەک پێت بێ دڵنیام تۆش لەگەڵ وەزعەکەیارائێیت. وتم: باشەکەچومەناوی وسلفم لێیا وتم: کورەخۆ لەو ئەوروپایەلەکاتی ئیشکردنا تاوەکو ئێوارەگۆرانی غەربی کاسی کردوین، بانەختێک لەئێف ئێمی ئەم سەیارەیەوەزاخاوی دڵ و دەرونم بەم گۆرانیەکوردیەخۆشانەی خۆمان بەمەوە. مەعلوم هەر ئێف ئێمێک زەمی بەسەر ئەوەی تریانەوەهەیە، بۆ راکیشانی گوێگر خۆشترین گۆرانی دائەبەزێنێ. بۆچی؟ چونکێکم ئیستا بەهۆی ئەوەی کۆلیژ وپەیمانگای راگەیاندنی پاشمان هەیە، دەیان ئەگەر سەدان نەبێ کاردی موسەلەح بەعیلم وماریفەتمان لەو بوارەیا حازرن، وئەوان ئەزانن کەرادیۆ و تیڤی راستەوەسیلەو ئامرزائێکی کەیف بەسەر بردنن، بەعەرەبیەکەی تەرفیهین. بەڵام لەعەینی کاتیشا، لایەنی سەقافی و هوشیاری گرنگیشیان

هـەیـە، بۆیـەئـەبێ گرنگی پێ بـدرێت. بۆنمونـەئەوگۆرانیـانەی کە دایـان ئەنـێن چ لـەروی دەنـگ و ئـاوازو مۆسـیقاوەچ لـەروی نـاوەرۆکیـشەوە، ئەبێ‌گوێگر والێبکا کەشتی ئاست نزم قبوڵ نەکا. خستمەسەر ئێفئێمی هــەمــوو شــتێکمان لــەپێنــاوی رازی کردنــی گــوێگری ئازیزدایــە، گـورانیبێژەکـەئـەیـوت لـەو سـاتەوەی تـۆم ناسـیووەژیـانم هەمـووی دەربەدەری بــووە! لەبەرخــۆمەوە وتــم: بــۆچی دەربەدەری! ئەم کـابرایە دڵداری کردووە، یان خەباتی چەکداری! خستمە سەر ئێف ئێمێکی کە گۆرانیبێژە کە ئەیوت (خۆشەویستیت رسـوای کردم)! پیاو رسـوا بێت لە ئێشێکا، ئەبێ دەست وبرد وازی لێبێنێ کەچی لەکۆپلەی دووەما ئەیوت (بێ تـۆ نـاژیم ئـازیزەکەم)!. گـۆرانبێژێکی کە ئەیـوت (ئـازیزەکەم نەکەی بڕۆی مردنم لەگەڵ مردنی تۆیە) باشـە کێ ئەڵێ ئەو ئەروا بۆ مردن کێ ناڵی شویەک ناکا باشترین شو.

لە ئێـف ئێمێکی کە لای عـەسر ئـەیـوت (منم ئـاوارەی شـاران منم بەدبەختی جاران)، لەئاوارەی شـاران تێگەیشتم لەبەڵام ئەبێ بەدبەختی جــاران وئیــستا فەرقـی هەبــێ؟ یــان هەر بــۆ قــافیەکە شــاعیر وای هۆنیـوەتەوە!. یەکێکی کە ئەیـوت (هەرچەنەئەکەم خـۆم نـابینمەوە لە رەنگەکانی روخساری تۆیا خـۆ من رنگەکانم گـشت بۆ تۆیە تۆ بەرەنگی کێ نەخشاوی؟) لەبەرخۆمەوە وتم ئەکید ئەم گۆرانیبێژە بۆیە فرۆشە، بـۆیە رەنگی زۆرە هەر لەو گۆرانیەیـا ئەیـوت (تەرا بونـت لەخـۆرایە ئەی بێئاگا لەویستی من، خنکاوی دەریای گومانی تێناگەی لەمەبەستی من، رۆژانە لەنــاخی منــدا بەردەوام تــۆ دییــت ودەچــی)، لەمەیــان هەر

نەگەیشتم. گۆرانیبێژێکی کە ئەیوت (هەڵمت لەجەستەی بەفرینی من هەڵسان منت خستە بەرساماڵی خۆت). ئەگەر بایەک هەڵم لەبەفەر هەڵسێنێ ئەبێ هەوای موجەفیفە بێت نەک ساماڵ کە فێنکە بەڵام قسەی هەق ئەم گۆرانیە ئیستیفادەیەکی زۆری هەبوو لەوکاتەیا بیری خستمەوە موجەفیفەکەمان سوتاوە ئەبێ دانەیەکی تر بکرم. ئێف ئێمێکی کە ئەیوت رەسەنایەتی لەگۆرانی جارانایە، گۆرانیەکی بۆ دڵنیایی لەو بابەتە هاویشتە سەری ئەی وت( حەیفە یارم منداڵە لێو ئاڵ ولیمۆ کاڵە!) هەر لەبەرخۆمەوە وتم چەن ساڵە ئەم گۆرانیە ئەڵێنەوە نەمان زانیوە مەمنوعە بەگوێرەی یاسا، پیاو توخنی کچی مناڵ بکەوێ بۆ خاتری خوا مناڵ چۆن ئەبێ بەیار ؟

## ■ خەباتی دەشت

هەرکاتێک پرسیاری روداوێکی ناوشار، یان هی سەردەمی بەعست لەکاک ناسیح بکرادیە، بۆ نمونە: خۆپیشاندانەکانی نیوەی یەکەمی هەشتاکانی سلێمانی.ئەیوت کاکە من ئەو دەمە لەشاخ بووم، بەم شێوەیە هەموو وامان ئەزانی کاک ناسیح هەر لەسەرەتای هەڵگیراسانەوەی شۆڕشەوە تا راپەرین، بێپسانەوە ئەو شاخ ودۆڵ و هەردانەی بەرنەداوەو دێیەک یان کانیەک، دۆڵێک، پەنا بەردێک نەماوە شەرو نەبەردی تیا نەنواندبێ. ئەوەیشی وای لێئەکردن کە باوەڕی پێبکەین، ناوی یەک بەیەک لەتەشکیلات ومەسئول وپێشمەرگە دیارانەی ئەزانی، کەئەوکاتانە بەراستی لەشاخ بوون. ئیتر هەموو ئەوانەی کەلەدەورو بەری بووین بەتەواوی تەسلیمی ئەوە ببوین، کە کاتی ئەوە هاتوە ئیتر کاک ناسیح-یش حسابی ئەو ماندووبوونەی بۆ بکرێت ولەوەش زیاتر غەدری لێنەکرێت. رۆژێک بەسەردانێکی کورت چومە وولاتێکی نزیک، لەم وولاتەی خۆمەوە وبەرێکەوت برادەرێکم بینی، وتی ئەرێ لەوشارەی تۆ لێی ئەژیت کوردی هیچ لێنیە؟.وتم: بەرەوەڵا کاک ناسیح و چەن کەسێکی کەی لێیە بەڵام زیاتر لەگەڵ کاک ناسیحا جارو بار یەکتری ئەبینین و قسەئەکەین. وتی: کام ناسیح. وتم: بەناسیحی تەختەبەست مەشهورە، وتی کورێکی چۆنە؟ وتم:وەڵا گەنم

ڕەنگێکی چوار شانەیە، وتی: ئێ ئێ تەواوە ئەیناسم برادەری خۆمە، سەلامی لێبکە. وتم: وەڵلا پێی ئەگەیێنم، بەلام ئەویش داماوە هەتا گەنج بوو بەشاخانەوە بو ئێستاش ئاوا دەربەدەری شارانە.

وتی: بۆچی بەشاخەوە بووە، وتم: قابیلە بۆ ڕاوە حەیوانە کیوی چوبێت! هەر لەسەرەتای شۆڕشی نوێوە تا ئەڵێن ئەمرۆ ڕاپەڕینە، یەک دەقە دانەبراوە، ئەی برادەری خۆت نەبووە چۆن نازانی؟ وتی ناسیح؟! وتم: بەڵێ ئەو ناسیحە، وتی: کاکە بە سێ جزمەی قورئان یەکرۆژ پێشمەرگایەتی نەکردووە، مەگەر لەجەژنانا لەوبەر مزگەوتی گەورەیە لەپاڵ مەنزەرەی شاخا بەسواری یەسپ وتفەنگی تەبەدۆرەوە ڕەسمی گرتبێ. وتم نابێ! کاکە ئەو زۆر کەس ئەناسێ کە لەشاخ بوون، وتی: کاکە ئەوە هونەرە هەر لای ئەو نیە زۆر کەسی تریش ئاوا، زیرەکن لەناو لەبەرکردنا. زەلامی وائەبینی ژمارەی تەلەفۆنی هەرچی برادەری هەیە وەکو مەحفوزات لەبەر کردووە، وتم: ئاخر ئەو بەئیحساسی کەسێکی بەراستی لەشاخ بوو قسەئەکات. وتی: کاکە ناڵێم ساویلکەیت بەڵام دڵساف دیاریت، تۆ نازانیت درۆزنی ئەسڵی لەپێش خەڵکەوە باوەڕ بەدرۆکەی خۆی ئەکات؟. لەرێگەی گەرانەوەما لەقیتارەکەیا، شاخەکەی کاک ناسیح بردمیە ئەو خەیاڵەی ئایا بۆ ئەبێت لەناو ئێمەی کوردا، بەتەنیا هەر چوونە شاخ خەبات بێت بۆ کوردایەتی. ئەی خەباتی دەشت چیەتی؟ ئەوانەی کەلەسەردەمی زەبرو زۆنگی بەعسا سەرەرای ئەو هەموو ترساندن وتۆقاندنە بەردەوامیان بە خوێندنداو قۆناغ بە قۆناغیان بەپلەی بەرزەوە ئەبڕی بۆ یەک لەحزەش سەریان

دانەنەوانـد، نەبـۆ هەڕەشــەکانی و نە بـۆ ئەو بەڵێنـانەی کە بەهەمـوو کەسـێکی لێهـاتووی لەبـواری خوێنـدنا ئەیـا. کەئەیـوت:ئەگەر هـاتوو لەگەڵمـان بیـت ژیـانێکی تەواو ئاسـودەت لەرووی مـادیەوە بـۆدابین ئەکەین، ئایا ئەوانە چ حسابێکیان بۆ ئەکرێ؟ ئەوکەسانە بەهـۆی ئەو خەبـاتەوە ئەمـڕۆ لەبوارەکـانی فەرهەنـگ وزانـستدا بـوونەتە ئەوکـادرە لێهاتووەی کە دام ودەزگاکانی حکومەت وهەرێم بەڕێوەئەبەن.شـەو هەر بەو غـایلەیەوە خەوتـم، لەخەومـا خـوا بەخێـری بنوسـێ لەشـوێنێک ئیشێکم هەبوو، وتیان: بەڕێز بە خەتەخۆشـەکەت ئەم فۆرمەمان بۆ پر بـکەرەوە، وتـم: بەڵێ باشـە، لەیەکێـک لەخانەکانـا نوسـرابوو لەسـاڵی چەنەوە پەیوەنــدیت بەهیــزی پێــشمەرگەوە کــردووە؟ وتــم: ئەگەر پەیوەندیم بەهێزی پیشمەرگەوە بکردایە نەم ئەتوانی زانکۆ تەواو بکەم، وتیان: دەوەڵا ئەوە ئاوایە ئەبێ خزمەتت هەبێ.لەخانەیەکی ترا نوسرابوو لای کێ پێشمەرگە بوویت؟ وتم باشە ئەم فۆرمە خانەیەکی تری تیانیە بڵێ ئەگەر پیـشمەرگە نەبویـت بەچ شـیوەیەکی کە درێـژەت بەخەبـاتی کـوردایەتی یـاوە؟ تـاوەکو منـیش بنووسـم بەڵێ خوێنـدنم سـەربەرزانە تەواو کـردووە وبـووم دکتـۆر یـان پـارەزێزەر یـان میکانیـک یـان کـادری کـشتوکاڵی. وتیـان کـاکی بـرا شـتی وامـان لانـیە.لەدڵی خۆمـا وتـم: کـاک ناسـیح راسـتە نەخـوێنەوارە بەلام لەمـن زیـرەک تـرە، یەگەر بیزانیـانە خەبـاتی دەشـت شـتێکی لای ئەم بـرادەرانە لێهەڵئەکرێ لە موهەنـدیس کەمتری بۆ خـۆی نەئەنوسی وناوی هەمـوو مامۆسـتاکانی زانکۆکانیـشی وەکو ئاوو دۆ لەبەر ئەکرد.

## ▪ زاواکەی عەبدولقادر

وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا لەجەنگی جیهانی دووەمدا، ژمارەیەکی زۆر لەهێزی کاریان لەناو چوون. ودوای وەستانی شەر بەیارمەتی پرۆژەی مارشال، کەوتنە ئاوەدانکردنەوەو وەگەر خستنەوەی پرۆژە کشتوکاڵی و پیشەسازیەکان. بۆیەئەوکات پێویستیان بەهێزی کار هەبوو.ئەوە بوو لەمەغریبی عەرەبی وتورکیاوە بەشێوەیەکی بەربڵاو بەتایبەتی پیاوان بۆ کارکردن روویان لەم وولاتانە کردوە. ئیستاش نەوەی دووەم وسێهەمیان لەوێن، لەلایەکی تریشەوە ئەم وولاتانە مافی پەنابەرێتی بەوکەسانە ئەیەن کە لەووڵاتی خۆیان لەسەر چالاکیی مەدەنی یان جیاوای بیروڕای سیاسی یان ئاینی یان مەزهەبی توشی لێپرسینەوە ئەبنەوە. بۆیە ئەبینین خەڵکانێکی فرە ئاین ورەگەز لەوێ نیشتە جێ بوون و مەگەر کەسێک خۆی کێشەیەکی هەبێ دەنا پاکیان دوای مانەوەیان رەگەزنامەشیان پێدراوە.

ئەمانە جالیەی گەورە گەورە یان پێک هێناوە هەموو یان زۆربەیان بەئاین وکلتور موسڵمانن و تاوەکو ئێستاش شەعیرەکانی ئاینەکەیان وەکو نوێژو رۆژو و سەربڕینی مەر لەسەر سونەتی حەزرەتی ئیبراهیم لەیەکەم رۆژی جەژنی قوربانا بە ئینتیزام بەرێوە ئەبەن. کوڕیان بۆیان هەیە کچی دیانی یان جولەکە بخوازێت وکێشەنیە ئەگەر کچەکە

لەسەر ئاینی خۆی بمێنێتەوە، بەڵام کچیان بۆی نیە شو بەپیاوێکی دیانی یان جولکە بکا. بۆیە یان ئەوەتا ئەبێ ئەوپیاوە دیانەتی خۆی بگۆڕێت بەموسڵمان، واتا هێنای هەردو شەهادەت لەسەر دەستی مەلایەک لەم مزگەوتانەی کەلەم وولاتانە، ڕێگەیان پێدراوە بکرێنەوە، یانیش کچەکە گوێنادات بەقسەی کەسو کارو لەگەڵ کابرا ئەڕوا، بەڵام ئەوە کەمەو مەترسی ئەزیتدان تاوەکو حەدی کوشتنیشی لەلایەن کەسو کارەوە هەیە.

ئەڵێن جارێک کورێکی ئەوروپی بەئاین دیانی لەگەڵ کچێکی مەغریبی موسڵمان زۆر دڵیان بەیەکەوە ئەبێت داوای لێئەکات شوی پێبکات.کچەکە ئەڵێ لەسەر دەستوری خۆمان کەس وکارت بنێرە داوام، کاتێک ئەچنە داوای عەبدولقادر پێی ئەڵێ ئەڵێ ئێمەی موسڵمان کچمان نایەین بەغەیرە دین.کورەکە ئەڵێ ئەی چار ؟ ئەڵێ ئەگەر ئەتەوێ ئەم خوشکەی خۆمانت بدەینێ ئەبێ ببیتە موسڵمان.لەبەر ئەوەی کورەکە کچەکەی خۆش ئەوێ و لەکلتوری ئەوانیشا ئاین گۆڕین کێشەی لەسەر دروست نابێ ئەڵێ باشە عەبدولقادر ئەیبات بۆ مزگەوت وحەسەبەل ئوسوڵ شایەتمان ئەهێنێ وئیعلانی موسڵمان بوونی خۆی ئەکا، ئیتر کچەکەی ئەیەنێ وبەهۆی تێکەڵاوی لەگەڵ ماڵە خەزورانیا جار جار ئەچنە دێنیان کورە دەست بۆ هەرچیەک ئەبا ئەڵێن نەکەی ئەوە حەرامە ئەوە نابێ لەولاشەوە ئەبینێ کاک عەبدولقادری خاڵی منداڵەکانی موسڵمان بابو باپیر واتا ئەسڵیی لەگەل ئەوەی نوێژ ئەکاو بەڕۆژو ئەبێ و گۆشتی حەیوان وپەلەوەریش لای قەسابی دیانی

قەت ناکرێ جوونکە حەرام سەری ئەبرن، لەهەمان کاتا جار جار ئەگەر تلیاک خێری تیابێ ئەیفرۆشێ و مەشروب ئەخواتەوەو کچی برادەری دیانیشی هەیە بەبێ زەواجی شەرعی لەگەڵیا ئەژی. درۆش نەماوە لەگەڵ سندوقی یارمەتی بێئیشان نەیکات بۆ ئەوەی ئیشی پێنەکەن کەسیش پێی ناڵێ تۆ موسڵمان نیت یان ئەوەی کە ئەیکەیت لەگەڵ ئاینەکەتا نایەتەوە! رۆژێک تازە زاوا ئەڵی ئەرێ ماڵە خەزوران توخوا پرسیارێک چەن ساڵی تر منیش بۆم هەیە رەحەت وەکو عەبدولقادر موسڵمان بم.

## ■ بەڕێز زوحاک

سەدان ساڵەلەفیکری جەمعی ئێمەی کوردا، کاوەی ئاسنگەر پاڵەوان و رزگارکەری کەلەی ئەو گەنجەکوردانەیە، کەزوحاکی لەعین مارەکانی سەرشانی پێ دەم کوت ئەکردن، تاوەکو پێرێش کەهێشتا کاک دکتۆری مێژووناس و رۆژنامەنووس لەلێکۆڵینەوە دورو درێژەکەیا بێ پەردەو پێچ و پەنا نەی وت، برادەرینەئێوەی غەفڵەت زەدەساڵەهای ساڵەلەوەهمێدا دەژین و جگەرگۆشەنێرینەکانتان بەناوی ئەو حەرام زادەیەوەناو ئەنێن. دەبا مژدەتان بەمێ هەروەکو من بەلێکۆڵینەوەمێژوویەقووڵەکانم بۆم هەڵهێنجاون، زوحاك کوردێکی فەرمان رەوا بووەو دوژمنانیش وەکو عادەتی هەمیشەییان بۆ ئەوەی کورد دەوڵەتی نەبێ، هاتوون چیرۆکی ئەو دوو هەژدیهایەیان بۆ هۆنیوەتەوەو کاوەی نەفس نزمیان بەپارەلەخشتەبردووەو کردوویانەتەجاش و زوحاکیان پێ کوشتووە.. لەدڵی خۆما وتم ئیف خۆ من لەداخی ئەوەی کەجوولەکەکان ئەوا بۆ حەفتا ساڵ ئەبێ لەسەر ریکلامی هۆلۆکۆستی خۆیان ئەژین، کوردەحەیاتەکەی خۆشمان مونۆمێنتی هەڵەبجەکەتاقەئاسەواری هۆلۆکۆستی کوردە، بەدەم ئەڵلاهو ئەکبەرەوەلەبەر چاوی دۆست و دژمنەوەسوتان، خەوم لێ نەئەکەوت. بەڵام جار جارەدڵخۆشی خۆم بەوەئەیایەوە، مونۆمێنت رۆیشت، بەڵام خۆ هێشتا کاوەو نەورۆزمان ماوە خۆمانی پێوە بادەین، ئەوەخۆ کاک دکتۆر ئەمیشی بەجەرەی قەڵەمیك فت کرد..

بۆ ئەوەی ئەو شەکرەتەسریحەلەبیر خۆم ببەمەوە، پەنام بۆ خەو برد، بۆ نەگبەتی لەوێش ئەو غایلەیەهەر بەدوامەوەبوو، لەخەوما خوا بەخێری بگێڕێ دەسەڵاتداریی کورد بڕوای بەو تەرحەی دکتۆر هێنابوو و لەبڵندگۆکانی مزگەوتەکانەوەلەتەلەفیزێون و رادیۆکانەوەهاواری ئەکرد و ئەی وت: ئەی گەلی کوردی قارەمان زۆر شوورەییەناوی جاشیك لەخۆمان بنێن، لەوەش شورەیی تر سەدان ساڵەزوڵمێکی گەورەمان لەپیاو چاك و کورد پەروەری دێرین، زوحاك کردووە، بۆ ئەوەی ئەو هەڵەمێژوویەراست کەینەوە، تکایەهەر ماڵێ کاوەناوی هەبێ، با بیهێنێ بۆ دایەرەی نفوس تا بۆی بگۆرین بەزوحاك. ئیتر ئەو خەڵکەش لەپەستا بەدەم بانگەوازەکەوەئەچوون، لەو خەوەما ئەوەشمولی منیشی کەناوم کاوەبوو و مەنسوولێکی گەورەو بەهەیبەت بووم، ئەکرد، بۆیەیەکەمین بۆ هاندانی ئەو خەڵکەدووەمین بۆ ئەوەی نموونەبم بۆ فێرکردنیان کەئیتاعەتی قانوونەکانی هەرێم بکەن، بەباشم زانی یەکەم کەس بم لەئیقلیمی کوردستان کەناوی خۆم لەکاوەی زۆڵەکوردەوەئەکا بەزوحاکی کوردپەروەر .

سەرتان نەئێشێنم یەکێك لەحیمایەکانم ناردو دوو رەسمم یایە، بەپێنج دقەلەنفوس هەوێیەکی تازەو نفت و نوێی لەبری کۆنەکەم بەناوی زوحاکەوەبۆ هێنامەوەوە، هەر دوابەدوای ئەوەوا رێکەوت موناسەبەیەکی جەماوەری گەورەبەئامادەبوونی هەموو لایەنەکوردییەکان رێکخرا، منیش لەلایەن حیزبی خۆمەوەناوزەنەکرام بۆ خوێندنەوەی وتارەکەمان، هەرئەوەنەم خۆش بوو کەسەرەی حیزبەتێکۆشەرەکەی ئێمەهات. بۆ کاکی موزیع فووی بەمیکرۆفۆندا نەکردوو بەدەنگەزولاڵەکەی تێی نەچریکان، ئێستاش نۆبەی خەبات گێڕی ماندوو نەناس نوێنەری حیزبی (فیدات بم خاکی کوردستان) بەرێز

کاك زوحاکە، با تەشریف بێنێت بۆ خوێندنەوەی وتارە بەپێزەکەی، کەبەم موناسەبەیەوەنووسیویەتیەوە. ئیتر جەماوەر هەموو لەپێکەنینا لەسەر گازی پشت کەوتبوون. سەرم سوڕما!. وتم: چما زوحاك رەمزی کوردایەتی نییە؟ وتیان: بێگومان، وتم: ئەی هەست ناکەن ئەوپێکەنینەبێ سەبەبەلەکەمی ئەدەبەوەبێ؟ وتیان قوربان ئەویش بێ هۆ نییە، وتم: چۆن؟ وتیان: ئەی نازانی لەکولتوری کوردەواریا سیفەتی زوحاك بۆ ئەوکەسانەش بەکار ئەهێنرێ کەچاویان بەهیچ پڕ نابێتەوە؟ وتم وەکو چی وتیان مەسەلەن سەر بۆیاغ کردن و مارەکردنی کچۆلان وتم ئێ! وتیان خرکردنەوەی پارەی موسڵمانان لەناو سندوقان وتم ئێ! وتیان ستارەی فەقیران بەهاوین و زستانان لەبن کەپران ئێوەش باڵەخانەتان لێ بردیتییەحەفت تەبەقەی عاسمان! لەداخی ئەو ناو گۆڕینەم وەخت بوو شێت ئەبووم ئەوندەبەتووندی دەستم ئەکێشا بەمێزەکەی کەوتارەکەم لەسەر دانابوو بیخوێنمەوەو هاوارم ئەکرد، دایکی مناڵەکانم لەشیرن خەو راپەران، وتی چیبووەخەریکەورگی خۆت ئەدری، هێواش (تومەز بەبۆکس کەوتبوومەورگی خۆم) ئەوجا زانیم خەوم بینیوەو سەد هەزارجار شوکری باری تەعالام کرد کەخۆمم کاوەی مەنسول نیم.

## ▪ زۆپای پۆلار

ماوەیەک لەکتێبخانەی زانکۆی لیوڤن لەبەلجیکا ئیشم ئەکرد، بەیانیەک بەرێوبەرەکە هات بۆ بەشەکەی من وتی: خالید ئەمرۆ میوانت هەیە، سەرەتا حاڵی نەبووم. وتم: میوان بۆلای من! وتی: بەڵی ستافێکی هونەریی دێن لەم شوێنە ریکلامێک دروست ئەکەن.وتم: باشە بەخێر بێن، ئەوەنەی نەبرد نزیکەی هەشت نۆ کەسێک لەبەرهەم هێنەرو دەرهێنەرو یاریدەردەرەکەیی ووێنەگرو کارەبایی وهونەری و کرێکار بەخۆیان و باری کامیۆنێکەوە لەئەسبابی وێنەگرتن خۆیان کرد بەژورا.

ئەوەی سەرنجی زیاتر راکێشام، بەشێ سێژەم خواردن وخواردنەوەیان لەسەر سینی لەنزیک مێزی ئیشەکەی بەندەوە ریز کردبوو.ئەوان سەرقاڵی ئامادەکاری بۆ ئیشەکەیان بوون، منیش بەدافیعی فزول چووم بۆلای کارەباییەکە کەخوریکی رێکخستنی کابڵەکانیان بوو، پرسیم ئەرێ برادەر ئەم ریکلامەی ئێوە خەریکن ماوەکەی جەندە لەسەر تەلەفزیۆن؟ وتی: لەحدودی هەژدە بۆ بیست سانیە!وتم بەس! وتی بەس!.وتم ئەی ئەو هەموو خواردنە بۆ بیست سانیە! هیچ تەعلیقێکی لەسەر پرسیارەکەم نەبوو، تەنها بزەیەک گرتی.

ماوەی ئیشەکەی خۆم کە هەشت سەعات بوو تەواوم کرد ولەمەکتەبە هاتمە دەرەوە ئەوان هەر خەریکی پاڵپێوەنانی کامیرای سەر

سکەکە بوون، بۆ ریکلامە بۆر! لەرێگا بووم بۆ ماڵەوە ئەچووم لەبەر خۆمەوە ئەمووت ئەوە بۆیە کابرای کارەبا لاقرتی بە قسەکەم ئەهات.ئاخر منیش ناهەقم نەبوو، چونکە من بە خەیاڵی ریکلامەکەی شەربەتی چاو بنوقێنەو بینۆشەو، وچێشتخانەی بێکۆلیسترۆڵی قۆزی لەسەر برنجی کردی بەرۆنی خۆمان و بستێک چەوری لەسەر شلەکە کە بە چارەکێک وێنەی ئەگیراو ساحێبەکەشی لەناوەراستی ریکلامەکەیا وەستابوو نیشتبومە هەڵسەنگاندنی کارەکەی ئەوان.

هەندێک جار کە تەلەفزیۆن ریکلام بۆ شتێک ئەکا ئەڵی بۆ ئاگاداریتان بەتازەترین تەکنەلۆجیای سەردەمیش دروست کراوە! ئەگەر لەهەر مەجالێکسا بڵێم دەستم رەنگینە رەنگە زۆر نەکەوێ لەسەرم، بەڵام ئەگەر بڵێم لەتوجارەتیش ئەزانم دڵنیام کە هەموو بەیەک دەنگ ئەڵێن کاکە زۆر نیە! بەڵام بەچاو نوقاننیشەوە ئەتوانم بڵێم ئەشەم بیلا ئەو رستەیە لەهونەری ریکلاما هیچ جێگەیەک ناگرێ بۆ؟ باشە قابیلە کریار لەساڵی دوهەزارو دوانزەیا بەدوای غەسالەیەکا بگەرێ کە بەتەکەنەلۆجیای سەدەکانی ناوەراست ئیش بکات!

ئەوساڵە لەسەر ریکلامێکی تەلەفزیۆنی لەکەناڵێکی ئاسمانی خۆمان لەگەڵ دایکی مناڵەکانما لێمان بوو بەشەر، بەردەوام تەلەفزیۆنەکەمان لەسەر کەناڵەکانی مناڵان بوو، جارێک فرسەتم هێناو کۆنترۆڵەکەم فران و خستمە سەر یەکێک لەو کەناڵانەی خۆمان. ئەوەی من فریای کەوتم ریکلامێک بوو بەدەنگی خانمێک کەئەیوت: لەمابەینی ئێران وژاپۆندا بە هاوبەش دروست ئەکرێت. منیش رووم

کردەوە خێزانەکەم وتم: بزانە ئێوە هیچ حسابێکتان بۆمن لەم ماڵەیا کردووە! ئاگام لەیەک هەواڵی ناو خۆو جیهان نەماوە، ئەوە کەشتیەکی تەیارە هەڵگری گەورە بە ئێران و ژاپۆن دروست ئەکەن ئەوەنەتان قیژان نەتان هێشت بزانم یەکەم کەشتیە لە عالەما یان دووەم؟ وتیان ریکلامەکە وائەڵێ ؟ وتم نا بەتەنها گوێم لێبوو ئەی وت بەئێران وژاپۆن! قابیلە بە دو دەوڵەت بە ئیمکاناتە زۆرەیانەوە چیان دروست کردبێ؟ ئەگەر شتێکی وانەبێ. دایکی مناڵ وتیان ئەوا خۆم ومناڵەکان بۆت چۆڵ ئەکەین بەئیسراحەتی خۆت گوێ لەم ریکلام وهەواڵە جوانانەی خۆت بگرە.زۆری نەبرد ریکلام گەرایەوە بۆم دەرکەوت ئەوەی ئێرانو ژاپۆن دروستی ئەکەن نە پاپۆڕو نەتەرەماش زۆپای نەوتی پۆلارە! لەداخا تەلەفزیۆنم کوژانەوەوەو چووم بۆ ئەوپارکەی کە مناڵەکانی بۆ بردبوو.لەدورەوە وتیان هەواڵی جیهان و ناوچەکەت گەیشتن بەکوێ ؟وتم وەڵا ئیتر بەرە زستانە بەدوو وولات خەریکی زۆپایەکن بەناوی پۆلار دروستی ئەکەن!.

## ■ سەهۆڵ چی

ئەوسـالانەی کەلەکوردسـتان بـوون، نەک هەر ناوەکـانی خۆیـان عـارەبی بـوون، بەڵکو مناڵەکانیـشیان هەر بەوناوانەوە ناو ئەنا کەلەسـەر زاری عارەبـان وەکـو شـەکرۆکە وابـوون. بەبیـانووی ئەوەی خوێنـدن لەزانکۆ بەکـوردی نـیە، جگەرگۆشـەکانیان ئەنـاردە ئەومەکتەبـانەی کە بەعـارەبی وانەی تیـائەوترایەوە. ئەوەی بـۆنی سیاسـەتی لێهاتـایە ئەوان حەوت فرسـەخ لێـی دور ئەکەوتـنەوە، نەبـا پرپـشکێکیان بەرکەوێ وئەوجا وەرە قوری کوێ بکەن بەسەری خۆیانا، قەشمەریشیان بەباسی کـوردایەتی و خەبـات و نـاوی کوردسـتان ئەهـات وئەیـانوت ئەو قـسە قـۆڕانە مەکەن مە، نـابینین چـۆن مـاڵی حەمەدەمینیـان بە دەمەشـۆفڵ لەسەر کوڕە بێگوێکەی تەختی عەرزەکە کردووە.

لەڕۆیـشتنی ئاسایـشدا هەر پەنـا دیواریـان هەڵئەبژارد، ئەگەر پێیـان بوترایە بۆ خاتری خوا ئاخر ئەوە دنیا گڕی گرتووە، ئێواە بۆ واتەریکن؟. ئەیـان وت ئـێمە بـابو باپیرانمـان راسـتو راسـت رۆیـشتون، ماشـەڵا سەفحەیەکیان بۆ بەجێ هێشتوین ئەڵێی تویکلی هێلکەیە ئەوەنە سپیە. لێیـان ئەپرسـین لەچ بارەیەکەوە؟ئەیـان وت لەبـارەی تێـوەنەگلان و تەداخـول لەسیاسـەت، ئێـوەش ئەتـانەوێ بێـین بەو ئـاخیرەی لەکەداری بکەین؟ بە چرپەو سرپەش نەیان ئەوێرا بڵێن تاوانەکەمان تەنها ئەوەیە کە کوردین، خوا بەرداری نیە بۆ وامان لێئەکەن.

ساڵ هاتن وچوون و دەرگاکانی هەندەران کەوتنە سەر پشت، ئەوانیش یەکێک بوون لەو خەڵکانەی کە ئەو رێگەیەیان گرتە بەر، دوای ئەوەی گەیشتن و دڵنیا بوون کە نایان نێرنەوە، ئیتر کوردایەتی و سیاسەت خۆت بگرەو هاتم. عروبە بووە بە کوردە و بوشرا بەمژدەو ، جاسم بە زەردەشت و غازی بوبە شاخی! لەهەمویشی گرنگتر لەبەر ئەوەی ئەوان خۆیان بەعێراقی نازانن، وەتەنیشیان یەک دەفعە کرد بەکوردستان. ئیتر بەربونە بەکارهێنانی ووشەی کوردی پەتی. مەکتەبی چی بڵێن قوتابخانە، کتێب پەرتوک وحەدیقە باخچە، قەڵەم پێنوس و دەفتەر تیانوس، دەقە خولەک، سەعات کاژێر، عەینەک چاویلکە. ئاڵاو نەخشەی کوردستانی گەورەش لای سەروی هۆڵی دانیشتنەکەیان ویەخەی چاکەتەکەیانی بە جوانترین شێوە رازاندبۆوە. بۆ ئەوەی داب ونەریت و زمانی بابو باپیرانیشان لەبیر نەکەن دەست پێشخەر بوون لەداواکردنی مامۆستایەک بۆ وتنەوەی وانەی کوردی بە خونجە گوڵە چاوگەشەکانی ئەو شارەی خۆیان. هەر شتێکیش بکەوتایەتە بن دەستیان هەتا نەیان کردایە بەکوردی بەرەڵایان نەئەکرد. ئێوارەیەک بینیم لەگەڵ برادەرێکیا لەبن دارێکا لەسەر کورسیەک دانیشتبوون، بەوا کە سەر و دەستی زۆر بەجدی بائەیا، وتم بەخوا دیارە موناقەشەکەیان زۆر گەرمە، سەری هەڵبڕی منی بینی وتی باش بوو هاتی، وەرە کاکە تۆ نوسەری من بەحوکمی تۆ رازیم. وتم خێر؟ وتی: توخوا عەیب نیە ئێمەی کورد بڵێین سەلاجە؟ وتم کاکە تازە خەڵک وارا‌هاتوە هیچ زمانێکیش سەد دەر سەد پاک نیە. وتی: وانیە کاکە بەرانبەرەکەی لەکوردیا هەیە وتم چیە؟ وتی بەفر ساز، وتم جوانە، کەواتە کێشەی موجەمیدەشمان نەما وتی بەقوربانی خوات بم چۆن؟ وتم چۆنە ئەویش ناو بنێین سەهۆڵ چی.

## ■ مجەورەکەو پیشکەوتو خوازەکە

ســاڵانێکی دوورودرێــژ ئیعتیقــاد وابــوو، کە ئەوە جنــۆکەی بێــدینن کەڵەکە تــرێ لەســـەر یەکتـری بەرانـــبەر بەمانــگ ئەکەن و ونـــایەڵن رۆشـنایییەکەی بگاتە لای ئێمەی بەشـەری ئیمانـدار.بۆیە دەروێـشەکان ئەوانەی تەپڵ و دەفیـان هەبـوو ئەوانەشی نەیـانبوو تەنەکە قوپاویـان بەهێزو قـوەتی خۆیان ئەکوتی، بەهیوای ئەوەی کە جنۆکەکان لەترسان سەریان لێبشێوێ و بکەونە خوارەوە وبەری مانگ بەرەلا بکەن.

لەکۆتـایی شەسـتەکانا، ئەمەریکا سێ زەلامی بەسـواری ئەپۆڵـۆ بەرەو مانـگ بەرێخـست.هەمـو رادیـۆو تەلەفیزیۆنەکان وکـۆڕی مـالان وکـۆڵان هەتـا مزگەتەکانیش لەگەڵ رۆشـنفکران ئەوانەی چەپ نەبـوون وەیـان چەپ بـــوون وبەوژیـــدان بـــوون دەستخۆشـــیان لە زانـــستە فەوقولعادەکەی ئەکرد. هەرچی خەڵکە سادەکەشە هەندێکیان واقیـان ورمـابوو، هەنـدێکیش دوعـا لەسـەر دوعایـان ئەکـرد کە ئەو سـاروخە لەعاسمانەوە ببێتە کۆی زوخـاڵ، ئـاخر مانگ لەکن ئەوان وەکو زەوی نەبوو، ئەو شتێکی زۆر موبارەک بوو. لەهەمویشی سـەیرتر ئەوە بـوو.کە شــیوعیەکانیش هەمــان دوعایــان هەبــوو بەڵام ســەبەبیان جیــاواز بـوو.ئەوان ئەیـانزانی کە مانگ هەروەکو زەوی وایەو هـیچ فەرقیـان نـیە، بەڵام داخیـــان ئەوەبـــوو، وتە بەنـــرخەکە ئەفەرمـــوێ ئیمپریالیـــست بەرزتـــرین قۆناغەکـــانی ســـەرمایەداریەو دونیـــا لە ئینـــسان ئەکـــا

بەدۆزەخ.شـیوعیەتیش دواقۆنـاغی سۆسـیالیزمە (بەخـتەوەری) مـرۆڤە چۆن هینەکەی ئەوان پێش هینەکەی ئەمان بگات!

سـەرتان نەئێـشێنم سـاروخ گەیـشت و دوانیـان بەبەرچـاوی هەمـوو دنیــاوە پێیــان خــستە ســەرمانگ وسێهەمیــشیان کە ســایەقەکە بــوو لەســاروخی دایکـا مـابۆوەو بەدەوری مانگـا ئەخـولایەوە. کە تەواو بـوون لەگەڵ یەکا یەکتریـان گـرتەوەو هـاتنەوە سـەر زەوی. بـۆ درۆو راسـتیش، هەمووی بەتەلەفزیۆن پیشان درا.ئیتر ئەوەی باوەری نەبوو باوەری هێنا بەمامۆسـتای مـزگەوتەکەی کـۆڵانەکەی ئێمەشـەوە.تەنهـا مـجەورە سەرسەختەکە نەبێ کەلەبەرەی موعارەزەی دۆراوا مایەوە، هاتبوە سەر قادرمەکانی بەردەرگای مزگەوت وهـاواری ئەکـرد: ناماقوڵیـان کـرد (...) خوارد ئەوانەی ئەڵێن بەشەر چۆتە سەرمانگ.

ئەوخەڵکە هەموو ژن وپیاو کورو کچی کۆڵان لەهاتو هاواری مجەور هــاتبوونە دەرەوە و ئەیــان وت بەخــوا کــاکە حەمە خۆیــشی بەرنە ســەرمانگ بــاوەڕ ناهێنیــت. تەنهــا بــرادەرە چەپەکەی بەرەی موعــارەزە نەبێت کە هاوسۆزی خۆی بۆ خۆپیشاندانەکەی مامە حەمە دەربڕی و دەنگی خۆی خستە پاڵ دەنگی و وتی: ئەوە ئێیوەن کە زۆرتان ماوە لەم فێـڵ وتەڵەکەو درۆ شــاخدارانەی ئیمپریالیـست بـگەن.بەسـەری خـۆم وخۆتـان هەمـووی فلیمی هۆلیـودەو دروسـت کـراوە.کـاک عەبـدوڵای دوکانـدار کە نەختێـک سـەرو سـەودای لەگەڵ خوینـدنەوەیا هەبـوو، سەری هێنایە پەنا گوێمەوە، ئەرێ پێم ناڵێی چی ئەم پیشکەوتو خوازەی لەگەڵ مـامە حەمەی مـجەورا لەسـەر ئەو پلیکانـانە کـۆکردۆتەوە! وتـم: مەسڵەحەت وتی: مەسڵەحەتی چی وتم: مەسڵەحەتی بەدرۆ خستنەوەی ئەمەریکای کافر وسەرمایەدار!.

## ▪ ناوو ناتۆره

ئەڵـێن پەروەردەی منـاڵ لەخێزانەوە دەسـت پێئەکا، ئەگەر سـەرەتا منـاڵەکە بـاش پەروەردەکـرا ئەبێـتە کەسـێکی بـاش لەنـاو کۆمەڵگـا، بەپێچەوانەشــەوە خـراپ دەرئەچێـت. مـن پـێم وایە ئەم بـۆ چـوونە چەسـپاوە لەنـاو مێـشکی ئـێمەی سـەر بەکلتورێـک کە پێـی ئەڵـێن خـۆرهەڵاتیی، تـارادەیەکی زۆر، دوورە لەراسـتیەوە. ئەوەی کە بەرپرسـە لەپەروەردەکردنـی منـاڵ و پێگەیانـدنی بـۆ ئەوەی ببێـتە کەسـێکی رێـک وپێـک لەنـاو کـۆرو کۆمەڵـدا، سیـستمی پەرەوەردەیـیە کەلەبـاخچەی سـاوایانەوە دەسـت پێئەکـا، هەتائەگـاتە زانکـۆ.ئەگەر دایـک وباوکێـک خۆیـان بە سیـستمە پەروەردەیـیەدا تێپەربـووبن بێگومـان لەماڵیـشەوە لەگەڵ منداڵەکانیـان هەمـان رێگا بەکار ئەهێـنن، کەواتە ئەتـوانین بڵێـین منـاڵی پەروەردەکراو لەناو خێزانێکی سـودمەند لەسیستمێکی پەروەردەیی بـاش زۆر بەدەگـمەن خـراپ دەرئەچێـت. لەو وڵاتـانەی کە سیـستمی پەروەردەییان لەسەر بنەمایەکی راست بۆ دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست دارێژراوە ئەبینی باوک ودایک ئەوە بەمناڵەکەیان ئەڵێن کە خۆیـان لەمەکـتەب فێری بـوون. بـۆ نمـوونە: ئەگەر بیـانەوێ بـۆ چەن سـەعاتێک بنێرن بۆ مـاڵی هـاوپۆلەکەی تـاوەکو پێکەوە یـاری بکەن.پێشتر رەزامەندی بەرپرسی مناڵەکە وەرئەگرن وکاتەکەش دیاری ئەکرێت، ئەم

شێوە هەڵسوکەوتە خەڵک لەخۆوە فێری نابێت پێویستی بە بەرنامەو ڕێگـای فێربـوونە، کەجەنـدین لێکـۆڵینەوەی لەسـەر کـراوە تـاوەکو گەیشتونەتە ئەو ئاکامە.

ئەگەر مناڵێک رادەی تێگەیشتنی بۆ وانەکان وەکو مناڵێکی ئاسایی نەبێت واتا خاوتر بێت.بەبڕیاری لیژنەیەک ئەیگوێزنەوە بۆ مەکتەبێکی کە، کە ڕێگەی وانە وتنەوەی دروستی بۆ ئەو جۆرە منالانە تیا پەیرەو ئەکرێـت. بەڵام لای خۆمـان کەس لەوەناگـا، بـۆیە منـاڵ لەلایەن مامۆستاو هاورێکانی و دایک وباوکەیشیەوە بەردەوام ئیهانە ئەکرێت، لەسەرئەوەی کە مێشکی پوتە!.لەووڵاتانی سیستمی پەروەردەیی دروست ئەگەر کەسێک ئەندامێکی لەشی تەواو نەبێت، بۆ نمونە چاو یان دەست یان پێ، هەرگیز ئەوە لێی نابێتە بەربەست بۆ تێکەڵ بوون لەناو کۆمەڵگە وهەوڵدانیشی بۆ پێشبڕکێکردن لەگەڵ کەسێکی هەموو ئەندام تەواو لەهەموو ئەوبوارانەی کە ئەقڵ تیا سەروەرە. زانای فیزایی بەریتانی ستیڤن هاوکینگ لەرووی جەستەییەوە شەلەلی نزیکەی سەد دەر سەدی هەیە و لەسەر کورسیەک کەوا پرۆگرام کراوە بەدەنگی ئەو زانایە بجوڵێتەوە ئەمو کارەکانی ژیانی رۆژانەو زانستی خۆی ئەکات، بەبەناوبانگترین زانا لەبواری فیزادا لە جیهاندا دائەنرێ، لەبواری لێکۆڵینەوە دەربارەی دروستبوونی کەون!.هەرئەوکەسە ئەگەر لەم کەڵچەرەی ئێمەیا بهاتایەتە دنیاوە، ئەگەر سواڵی نەکردایە بۆ ئەوەی بژی، لەباشترین حاڵەتدا ئەبوو بەشێخ و خەڵک بۆ دۆزینەوەی ئاڵتون وپارەی دزراوو گەیشتن بە خۆشەویستەکەیان ئەچونە لای!.

کـوڕێکم هەیە کەلەدایـک بـوو نەختێـک پێیەکـانی نـاتەواو بـوون تـاوەکو چەن عەمەلیـاتێکم بـۆ نەکـردو بەتەواوی ڕێک وپێک نەڕۆیـشت، نەمــوێرا بــیخەمە بەر خوێنــدن لەترســی ئەوەی کە نــاوو نــاتۆرەیەکی بەسـەرا دانەبرن وهەتا هەتایە لیی نەبێتەوە. لەم کلتورەدا کەپیی ئەڵێن گاور کەس بەشـەل و گۆچو خێل و کەچەڵ بانگ ناکرێت، لای خۆمان قـور بەسـەر ئەوەی کەلەدایـک ئەبێـت چـاوێکی تـیلە ئیتر هەتـا ئەمرێ تـاوەکو نەڵێن فلانە خێل، یـان کەچەڵ کەس نایناسێتەوە. کەواتە ئێمە بـارە خـولقیە قورسـەکە کە لەسـەر دەرونی کەمئەنـدامەکەیە نەک هەر کەمی نـاکینەوە، بەڵکو قورسـتری ئەکەیـن لەسـەری. لەو کـۆمەڵگەیەی خۆمـان نـازانی چـۆن بیـت تاخـەڵک لێـت رازی بێـت، کەم ئەڵێیت ئەڵێن کەم دووە، نەختێـک کـراوەو موجامل بیت ئەڵێن چەنە بـازە.سـور بیت ئەحە سـوریت، ئەسـمەر بیت عەلەرەشـیت. نەختێـک هێـواش تێبگەیـت عەبە گێلیـت، بەلایەکـا بـشەلیت ئاسـۆ شـەلیت، زەعیـف بیـر سـەعە رەقیـت، کـورت بیـت هـادییە خـرەی، درێـژ بیـت وەلـیە درێژیـت، هـیچ عەیبێکیشت لەوانەی لای سەرەوە نەبێت ئەڵێن راستە جوانە بەڵام خۆ عەقڵ بەجـوانی نـیە. ئەبێ ئەو راسـتیەش بڵێم کە ئەو نـاوو نـاتۆریە بـۆ ناشـرین کردنی تەنها پیاوی فەقیرە ئەگینا دەوڵەمەندە کەچەلیەکەشی لێئەبێ بەنەخش.

## ■ نەوزادی بەلەم

بەبـۆنەی هـاتنەوەی کـاک نەوزادی بەلەم لەسـەفەرەکەی کە بـۆ کوردسـتان، لەگەڵ دوو بـرادەر چـووین بـۆ سـەردانی، تـاوەکو بەخێـر هـاتنەوەی لێبکەین. دوای قەیرێـک دانیـشتن وقـسەو بـاس وتـی: ئەزانـن جـاک خۆمـان کـرد بەپەنـگ! وتـم خێر خـۆ هیچی ناخۆشـتان لێبەسـەر نەهـاتووە؟، وتـی: کـاکە مەبەسـتم تەنیـا لەخـۆم نـیە، لەتـۆ لەهەمـوو ئەوانەی کە لێرەن وهەموو ئەوکوردانەی کە سەرمان لەخۆمان شیوان وئـاوا کەوتیـنە ئەم هەنـدەرانە. وتـم: کـاکە گیـان ئەگەر لەروی غەریبـایەتیەوە بیلێی، منیش لەگەڵتم هەمـوو هەسـتی پێئەکەین، بەڵام نابێت ئەوەشمان بیربچێت کە ئەم وڵاتانە بەبێ گویدانە ئاین ومەزهەب و بیرو بۆچوونی سیاسی و رەگەز وئاستی خوێنەواری وتەندروستی کاتێک کە لە دەرگامـان یـاون دەسـتیان نەنـاوە بەرومـانەوە. وتـی: زەحـمەت نەبێ ئەم قسانە بۆ من مەکە بەسەری خۆم وخۆت ئەمە هەمووی سیناریۆی ئیمپریالیـستی جیهـانیە، ئیـستیفادەمان لێئەکەن ئەگینـا یەک رۆژ نەیـان ئەهێشت لێرە دانیشین!.

وتم: ئاوا، وتی: ئاواو نیویش، وتم وەڵا من هەر وام ئەزانی لەهەست و سـۆزی ئینـسانیانەوەیە جێگەیـان کـردوینەتەوە، وتـی: قـور بەسـەرم تـۆ موسـەقەفی ئـاوا بیر بکەیـتەوە، ئەبێ حـاڵی ئەوانـی تـر چـۆن بێـت؟.وتم:

ئەگەر ئیجــازەم بەیــت پرســیارێکت لێــبکەم زۆر مەمنــون ئەبــم.وتــی: فەرموو، وتم: بالەتۆوە دەست پێبکەین بزانین ئیستیفادەت چی بووە بۆ ئەم ئیمپریالیــستە غەدارە؟ ئەوەتەی لێـرەی لەئیــشی رەش زیــاتر یەک ئیـشی تـرت نەکـردووە، واتـا یەک فلـس بـاج نـادەی بەم دەوڵەتەی کە خزمەت گوزاریەکانی خوێندن وتەندروستی وجێگەی دانیشتنی بۆ خۆت ومـاڵ ومناڵـت دابین کـردووە. وایە یـان مـن هەڵەم؟ نەختێـک لەوەزعی دانیــشتنەکەی خــۆی کەموناقەشــەی برایــانە بــوو گــۆڕی و وەزعــی تەحەدای لێ وەرگرتم. وتی: دەستم خۆش بێت ناشێ محامێتیش بۆ ئەم کافرانە بکەیت ؟ وتـم: لەکاتێکا کە موفت پارەی سۆسیال وەرئەگری شــانازیش بەوەوە ئەکەیــت کە هەتــا ئەگەر مریــشکێکیش بەحەڵاڵ سەرنەبڕابێ نایکەیت بەدەمی مناڵەکانتەوە، ئەرێ ئەپرسیت ئەم پارەیە چەنـی حەڵاڵەو چەنـی حەرامە، تــاوەکو حەرامەکە بەیــتەوە بەســەرو چاوی ئەو شوێنەی کە بۆت ئەخاتە سەر حسابەکەت؟ هەموو ئەزانین کەداریی گشتی ئەم وولاتـانە بەشێکی سـەرەکی بەبڕی ئەو باجەوە دێت کە ئەخـرێتە سـەرهەموو شـتێک، لەوانە تیجـارەتی بەراز ومەشـروباتی رۆحیی وهەتـا لەزەت فرۆشیش!. وتی: خاڵۆ ئەوە لەسـەر من نیە کە ئەو پرسـیارە بـکەم، مـن هەقـم چـیە، وتـم: ئەی بـۆچی بـۆ مریـشکە حەڵال سەربڕاوەکە بیست کیلۆمەتر ئەڕۆیت؟ زیـا لەدەسـاڵە لێرە ئەژیت چـوار کەلـیمە لەزمـانی ئەم کـافرانە فێـر نەبویـت، ئەورۆژەی کە کچەکەتــان لەدایک بـوو، ئەوەنە بێ زەوق بویت ئەتـوت خـۆڵ ودۆ کـراوە بەسـەرتا، دوابەدوای ئەوە خــوا کــورێکی دانــێ دوودانە بەرانـی هەڵبـژاردەت کـرد

بەخێـر بــۆی و لەخۆشــیانا هەمــوو گیانــت پێئەکەنــی. کەواتە ئەم ئیمپریالیـستە تەنـانەت نەیتوانیـوە یەک زەرە لەو ئەقـڵ ومـاریفەتەی کە پێش تەشـریف هێنانـت بۆ ئەم هەنـدەرانە لەسـەری بـووی بگۆڕێ، یـان زۆری لێنەکردویـت کە بیگۆڕیـت. وتی: موسـەقەف گیـان بـۆ نـاتەوێ پیـاو لەو کلتـورە جـوانەی بـابو بـاپیرانی خـۆی هەڵگەرێـتەوە بـۆ ئەم نەریـتە سـەقەتەی ئەمـان؟ وتـم: بـا موسـەقەف گیـان یەک نمـونەی جوانـت بـۆ بێنێتەوە لەسـەر دووهەڵوێست لەسـەر یەک کاری ئینـسانی لەدو کلتـوری جیـاوازا. وتی: تەحەدات ئەکەم ئەگەر یەک شـتی جوانیـانم پێ بڵێی، وتـم دوو ئەکتەری بەناو بـانگی هۆلیـود هەن بەنـاوی ئەنجیلا جـولی وبراد بیت لەو کلتـورە ئاویـان خـواردۆتەوە، کە بەرێزتـان قێزی لێـئەکەنەوە، وتـی: باسـی ئەوانەم بۆ مەکە ئەوانە هەر ئەخلاق نـازنن چییە! وتـم: نەختێک سـەبر بگـرە بـا تەواوی بـکەم، ئەوانەی کە تـۆ بەبێ ئەخلاقیـان ئەزانـی، ئەرکی پەروەردەکردن وبەخێو کردنی سێ دانە منـاڵی کەمبۆدی وڤێتنـامی و ئەتیوبیــان گرتــۆتە ئەســتۆی خۆیــان و بــوون بە دایــک وبــاوکی راســتەقینەیان. لەکلتــورەکەی خۆشــمانا ئەگەر کچێـک یـان کـوڕێکی بچکۆلەی جـوان بینرا هەمـوو شـێوەکانی چەوسـانەوە بەسـیمایەوە دیـار بـوو، یەکـسەر ئەڵـێن ئەگەر دایکـی خـۆی بمـایە نەئەکەوتە بەردەسـتی بـاوەژن. بەمەرجێـک منـاڵەکەو بـاوەژنەکەی کـن خۆمـان لەکلتـورو ئـاین ورەگەزیــشا هاوبەشــن ولەســەرو هەموشــیانەوە منــاڵی ئەوکــابرایەن کەبـووە بەهاوسـەری ئەو ژنە تـازەیە.بەرانبەر بەوە بـراد بیت وئەنجـیلا نە لەئــاین ونەلەرەگەز و نەلەکلتوریــــشا قەت لەگەڵ ئەومنــــاڵانەی کە

هەڵیان گرتونەتەوە یەک ناگرنەوە کەچی وەکو جگەر گۆشەی خۆشیان بەخێویان ئەکەن. کەهاتینە دەرەوە یەکێک لەبرادەران وتی ئەرێ بۆ پێی ئەلێن نەوزادی بەلەم ؟ وتم: پێش ئەوەی بێتە ئێرە لەو بەحرەی بەینی یۆنان و تورکیا قاچاخچی بەلەم بووە بەزەمان وئەمان خەڵکی دەرکردووە خواپێم نەگرێ ئەڵین بەلەمێکیشی لەبەحرکەیا قلپ بۆتەوە دەکەسی لەو بەزەمان وئەمانە خنکاون سیانیان مناڵ بوون.

## ■ وەجاخ زادە

لەسـەر ئەوەی کە چـۆتە داوای کـچەکەی، بـاوکی کچێکی سـعودی لەبنکەیەکی پۆلیس لە مەدینەی منەوەرە، شکات لەگەنجێک بەدەعوای ئەوەی، یەک کە ئەو گەنـجە لە عەشـیرەتێکی غەیـری عەشـیرەتەکەی ئەوانە و دوویـش سـایەقی تەکـسیە. واتـا ئیـشەکەی هـیچە، ئەکـات وتەوقیـف ئەکرێـت. ئەم روداوە ئەگەر لەمەنـزوری ئەقڵێکی مـۆدێرنەوە حـوکمی بەسـەرا بەیەت، بێگومـان وەکـو ئەو فیلمـانە وایە کەبـاس لەقۆنـاغی پـێش قربـوونی دایناسـۆرەکان ئەکـات. بەڵام ئەگەر بیخەیـتە کایە کلتـوریەکەی خـۆیەوە، ئەبینی لەوێ شـتێکی ئاسـاییە. کە گەنجێک بـۆی نەبێـت هەروا سـوکو ئاسـان، داوای کچێک کە ماڵە بـاوانی هێشتا لەژێر سێبەری ئەقڵی خێڵی خۆمان باشـترین خێڵە، ئەژین و بیرئەکەنەوە. لەوەش ئاسـاییتر ئەوەیە، کە لەلایەن معـاون وپۆلیـسی نـاوچەوەکەوە باڵبەسـت بکرێ و بخرێتە کونجی تەوقیـفەوەو جار جاریش سـەر زەنـشتی بـکەن کە چـۆن ئەو سـنورەی تێبەڕانـووە. دوا شـی لێـبکەن تـاوەکو نەگەیشتۆتە لای حاکم، کارەکە بەسـوڵحی عەشایەری جارەسـەربکا دەنا لەسەر ئەو ناماقوڵییەی دادگای شرعی هەروا ئاسان لێی نابورێت.

جـێگەی گومـان نـیە، لەئەوروپـاش ئەو تەرحە ئەقـلە لەسـەدەکانی ناوەراسـتا کە بەتاریکـستانی مێژوویـان بەناوبـانگە. وەکـو خۆهەڵکێـشان

بەنەسـەب و خـۆ هەڵواسـین بەچینی ئۆروکـستراتەکانیانەوە، زۆر گەرم بـووە. پاش شۆڕشی پیـشە سـازی بەهـۆی راکێـشانی هێڵی ئاسـن ودواتـر بڵاو بـونەوی ئۆتۆمۆبیـل، جیاوازیەکانی لادێ وشارسـتان کەم بـۆوە .ئەو نەریتەش ووردە ووردە وکو هەموو شتە خراپەکانی دیکە بوون بەحەرفی ناوکتێبە مێژوویەکانیان. ئێستا کچێک کە کاری پاککردنەوە ئەکات بۆی هەیە ببێـتە ژنە وەزیـر یـان سـەرمایەدارێکی گەورە وبەپیچەوانەشـەوە. لەلای خۆشـمان ئەو جـۆرە بیرکـردنەوەیە لەناوەراسـتی حەفتـا کـانەوە بەهـۆی بیرو باوەری پیشکەوتو خـوازەوە، تائەهـات کەمترولاواز ئەبۆوە، بەرادەیەک کەمنی والێ کـرد، لەدانیـشتێنکا لەگەڵ هەنـدێک عەرەب وئەوروپیا کەبـاس لەباسی کەلتـور بـوو بڵێم کاکە ئەوە ئیـوە باسی چی ئەکەن، زۆر لەمێژە ئێمەی کـوردیش فشەفـشی بەگ وئەسـڵ و وەجـاخ زادەمـان لەقەبـرێ نـاوە ولەومەسـەلە کۆمەلایەتیەیانەیا تەنها ئەوکەسـە خۆیمان لەبەرجاوە وبەس، ئیتر ناپرسین کوڕ یان کچی کێیەو چ کارەیە. ئەوە بـاوەرو قەنـاعەتی مـن بـوو هەتـا ئەوعەسـرەی کە بـاجی بەدری تەشـریفیان بـۆ مـاڵی ئێمە هێنـا. دوای بەخێر هـاتنێکی گەرم وتمـان خێر بـاجی بەدری دیـار نیـت؟وتی: بەخـوا، مەشـغولی شـەکراوو حەفـلەی کچەزام بـووین. وتمـان موبارەکە شـوی کـرد؟ - ئەرەوەڵا بەکورێکی بـاش بـاوانی لەشێخانی دەوروبەری سربستانن! وتم: جا ئەو دەوروبەرە شێخی کوا؟- ئەی بێقەزابی چۆن نیەتی. وتم وەڵلا موهیمە چۆن ئەو شێخەتان لەوێ پەیـا کـرد؟ - ئـێمە خۆمـان هەر بەوەجـاخ زادەیـی هێناومـانەو بەئەسـڵیش شـێخین، ئێ خۆنـاکرێ تێکەڵی هەمـوو کەسـێکیش بـین،

ئێـوەش خـۆش بـن خەڵکیـشمان زۆرە بە پرسـیار گەیـشتینە سـەربنج و بناوانی. لەبەر خۆمەوە ئەموت خەڵکێک وەکو ماڵی ئەم باجی بەدریە ئاوا وەجـاخ زادە بـن، ئەبێ لەدیوەخانەکەیانـا بیـست و جـوار سـەعات واتـا فـوڵ تـایم زیـرەی سـەماوەر بێـت! خـۆ ئەمـانە لەم هەنـدەرانە یـارمەتی سۆسـیالیان لێببڕێت ئەمـرن لەبرسـا.بـاش بـوو گـوێی گـران بـوو ئەگینـا خراپ عاجز ئەبوو، وتی ئەوە مامۆستا ئەڵێ چی بەخوا گوێم لێنەبوو زۆر هیـواش قـسەئەکا.دایکی مناڵەکـان وتـی: هـیچ بـاجی بەدری گیـان ئەڵی دایەرەی سۆســـیال ئەم مـــانگە بەبـــۆنەی جەژنـــی دارو درەخـــتەوە دومەعـاش ئەیەن! وتی توخـوا بەراسـتە؟ ئیتر بەتەواوەتی رەنـگ و رووی کـرایەوە و وتـی: ئێ قەیچێکـا خـۆ لێیـان کەم نـابێتەوە بالەساڵێکیـشا دومەعاشـمان بەنێ ئەگەر بێیـتە سـەر راستیەکەشـی، هەمـووی پـارەی نەوتەکەی خۆمانە لێمان ئەدزن!. قـومێکی لەشـەربەتەکەی بەردەمی یاو سـاڵی پاریش، وتمـان سـاڵی پار چی؟ - کورەزاکەم، ئێ ئەو چی؟ - کچێکی ئەڵمانی هێنا، ئەویشمان لێ موبارەک کرد وتمان حەتمەن ئەویش باپیرە گەورەی بەردی بنـــاغەی بەرلینـی دانـــاوە، وتـــی: هەر مەپرســـە ئەوەنە وەجاخ زایەن هەر نەبێتەوە.

## ئازارەکانی داهێنان

زۆر جار کەئەمەوێ لەسەر دۆخی ئەمرۆ ودوێنێی هونەری گۆرانی ومۆسیقای کوردیمان بنوسم، دۆش دائەمێنم. ئایا ئەکرێ بەمەترەی دوێنێ ئەمرۆ بپێوین؟یان هەر سەردەمەوە پیوەرێکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەی چیبکەین؟. وتم با بەراوردەکە لەگۆشەی ئیمکاناتی مادیەوە بکەم کە ئەمرۆ لەبەردەستی هەندێکا بەبێ حساب دانراوە، بەرانبەر بەو ئیمکاناتە هەژارەی کە ئەم سێ عەبقەریەی لای خوارەوە لەبەر دەستیانا بووە.

مۆزارت لەتەمەنی پێنج سالّیا دەستی کرد بەنوسینی جەن پارچەیەک لەمۆسیقا و لەتەمەنی حەوت سالّیا رابەرایەتی ئۆرکێسترای کردو بۆزانین تەنها ٣٥ سالّ ژیا، لەو ماوە کورتەی تەمەنیا(٦٢٦) ئیشی مۆسیقی بەرهەم هێنا.لەوانە (٤١) سەمفۆنیا، سەرەرای ئەوەی نەیتوانیوە بە هونەرەکەی بەباشی بژی! کە مردیش لەرۆژی ناشتنەکەیا تەنها پێنج کەس لەگەڵ جەنازەکەیان جوون بۆ سەر قەبران!.

بیتهۆڤن کەلەتەمەنی (٨) سالّیدا یەکەم کاری مۆسیقی خۆی پێشکەش کرد، خاوەنی(٩) سەمفۆنیاو چەندین کۆنچیرتۆو ئۆپێراو کاری تری مۆسیقا بووەو بەنوێکەرەوەی مۆسیقای کلاسیکی ناوئەبرێت. لەسێ سالّیدا کەڕ ئەبێت، ئەڵێت( ئای چەند زەحمەتە کە ئەبینم یەکێک

لەتەنیشتمەوە گوێی لەدەنگێکەو من گوێم لێی نیە. یان یەکێک گوێی لەو گۆرانییەیە کە شوانەکە ئەیلێت، بەڵام من هیچ نابیستم، ئەمانە منیان توشی یەئس کردوە وزۆر جار بیر لەخۆ کوشتن ئەکەمەوە. بەڵام خۆشەویستیم بۆ هەنەر رێگەم لێئەگرێت). لەساڵی ١٨٢٣ لەنامەیەکیدا کە بەخەتی خۆی بۆ برادەرێکی نوسیویەتی ئەوکات تەمەنی پەنجا ساڵ بووە، ئەڵێت: (برِی ئەو موچەیەی کەوەری ئەگرم بەشی هیچ ناکا، ئەرکی بەخیوکردنی برازاکەشم لەسەرە، نازانم پاش خۆم بەکێی بسپێرم، چاوم تێک چووە هەرچەن ئەکەم ئەدرەسی ئەو دکتۆرە نادۆزخمەوە کە حەزی لەمۆسیقایە)!.

حەسەن زیرەک هەر لەمناڵیەوە تاوەکو مردووە بەبرسیتی و دەربەدەری هێناویەتی، شیرین یاد ئەحمەد شەماڵ ئەگێرێتەوە ئێوارەیەک لە شوێنێکی نزیک لەسلێمانی بانگ ئەکرێن بۆ گەرم کردنی مەجلیسێک، دەمەو بەیان ئەگەرێنەوە بۆ ناو شار، خۆیان ئەکەن بەیەکێک لەحەمامەکانی ناوبازارا، زیرەک زۆری برسی ئەبێت ناچار، عەیارەیەک شەکری چاخانەکە ئەکاتە ناو لەپی دەستیەوە وئەیخوا، چایچیەکە تورە ئەبێت، شەماڵ پێی ئەڵێ ئەزانی ئەوە کێیە ئەڵێ هەر کەسێکە، ئەڵی حەسەن زیرەکە، زۆر بەخۆیا دێتەوەو وعوزرخوایی بۆ زیرەک ئەهێنێتەوە. ئەو زیرەکە کەلەسەر عەیارەیەک شەکر لێی تورەبوون، زیاد لە پێنج سەد گۆرانی خستۆتە سەر ئەرشیفی گۆرانی و مۆسیقای کوردی کەئەتوانم بەبێ سڵەمینەوە بڵێم بەتایبەتیش ئەوگۆرانیانەی کەلەگەل موجتەبای میرزادە تۆماری کردوون ئیعجازی کاری گۆرانی مۆسیقای کوردین و قەت دوبارە نابنەوە.

لەچاو پێکەوتنێکا لە کچە کوردە نازدارەکە کە هەموو ئیمکاناتێکی بۆ دابین کراوە، ئەپرسن پرۆژە هونەریەکانی داهاتوت چین؟ ئەڵێ: بەتەمای کۆنسێرتێکم لەیەکێ لەووڵاتە عەرەبیەکان، بەبرادەرکەم وت بۆچی ئەچی بۆ ئەوێ؟ وتی کاکە گوێت لێنەبوو؟ ئەچێ کونسێرت ساز ئەکا.واتا گۆرانی ئەڵێ، بۆ خاتری خوا تۆ چۆن موسەقەفێکی تاوەکو ئیستاش نازانی کۆنسێرت چیە!.وتم ئەزانم حەبیبم بەڵام پرسیارەکەی من ئەوەنیە، وتی تێناگەم، وتم:بەسیفەتی گۆرانیبێژێکی کورد ناچی بۆ ئەوێ؟ وتی: بەڵێ، وتم: ئەی رەحمەت لە باوکت، ئێ ئەو هەرچی گۆرانیەکی وتووە هەموو ئاوازەکانی عەرەبین! کەواتە ئەو نوێنەرایەتی هونەرو گۆرانی کوردی ناکا. وتی: ئەیچی وتم گۆرانی عەرەبی مودەبلەج بەکوردی!.

ئەفلاتۆنی حەکیم (٢٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر وتویەتی: کاتێک کەئاستی مۆسیقاو ووشەکانی دائەبەزن ئەوکاتە مەزاجی گشتیی گەلیش سەرەو خوار ئەبێتەوە، ئەو داوای لەفەیلەسوف وسیاسەتمەدارەکان ئەوەبوو کە نەیەڵن، گەڵ جارێکی کە بکەوێتە چنگی هونەری نزمەوە، چونکە یونان بەوقۆناغەیا تێپەر بوەو نابێ جارێکی کە ئەوە دوبارە بێتەوە.

## ئەساسی سەعادەت

کاتێک کەمحەمەد ئیقبال لاهوری ئەڵێن، تۆ فەیلەسوفی بۆ بیرو راکانی خۆت لەبری شیعر لەشیوەی وتارو لێکۆڵینەوەیا ناگەێنی بەخەڵک؟ئەو ئەڵێ ئەم خەڵکەی ئێمەدواکەوتوون نازانن کتێب ولێکۆڵینەوەچیە، تەنها گوێ لەشیعر ئەگرن! بۆیەناچارم بەشیعر تێیان بگەێنم. لەهیندستان کۆمەڵەخەڵکێکی لێیەئەوەنەحەزیان لەشیعرە، جارێک شاعیرێکی خۆشەویستی ناو خەڵکەکە، دەست لەتەکسیەک رائەگرێ سایەقی تەکسیەکەئەیناسێتەوەبەدەمانەچەکەی ناچاری ئەکا، لەگەڵی بڕواتەوەبۆ ماڵەوە، لەوێ هەموو خزم ودۆستەکانی کۆ ئەکاتەوەئەڵێ دەی شیعرمان بۆ بخوێنەوە!.

لەووڵاتی خۆمان پەنجا دکتۆر وموهەندیس ومحامی زیرەک بیت، ئەگەر شیعریشی لەگەڵا نەنوسیت کەواتەهیچت نەکردووە.نوسەرو رۆژنامەوانی بەناوبانگی میسری ئەنیس مەنسور، کەدکتۆرای لەفەلسەفەیا هەبوو زمانەکانی ئینگلیزی وئیتالی وروسی وفەرەنسی ئەزانی وتارەکانی بەشێوەیەکی زۆر سادەو ساکار مەبەستم لەووشەسازی وداڕشتنەئەنووسی.ئەو ئەڵێت ئەتوانی بەتەواوی دڵموتمەئینەوەبڵێی، کەئێمەی عارەب یەک دانەفەیلەسوفمان نیە! ئەمەلەکاتێکدا کەهەموو ئەزانین دام ودەزگاکانی خوێندنی باڵا لەووڵاتانی عەرب، هەنگاوی

باشیان لەبواری خوێندندا ناوە.ئەو ئەڵی بۆ ئەوەی ببیتەفەیلەسوف ئەبێ لەدۆزەکانی خوداوەند و کەون و بەها ئەخلاقی و جوانیەکانا تەفسیرێکی نوێت داهێنابێت. ئەڵێ ئێمەموفەکیریان شەرح کەری فەلسەفەمان هەیە، بەڵام بەدرێژایی مێژومان یەک فەیلەسوفمان تیا هەڵنەکەوتووە. ئایا ئەگەر ئەمەلەناوەندەرۆشنبیریەکانی ئێستای ئێمەیا بوترێ، بەردەباران ناکرێین لەلایەن هەندێک لەو خوێنەرو نوسەرانەی کەبەوتەبەنرخەکانی فلان وفیسار نووسەری بەتوانا خۆمان دەست بەنوسینەکانیان ئەکەن!

لەئیسرائیل کەبەژمارەی دانیشتوان و روبەریش لەهەرێمەکەی خۆمان بچوک ترە، ساڵانەبەقەدەر هەموو وولاتانی عەرەبی کاری تەرجەمەئەکرێ. چونکەئەوان باوەڕیان وایەکەلەو رێگەیەوەبزوتنەوەی رۆشنبیری و فیکری لەووڵاتەکەیانا، پێش ئەکەوێت. من هەست ئەکەم ئەو نەوەیەی ئێستامان بەگشتی لەکوردی زیاتر ناخوێننەوەلەبەر ئەوەئاگاداری بزوتنەوەوداهێنانی ئەدەبی وفیکری وفەلسەفی نین لەدنیادا. هەر ئەوەشەکەوای کردووەبناغەیەکی رۆشنبیری پتەومان نەبێ بۆ ئەوەی بتوانین گەشەیەکی بەتین لەو بوارانەیا بەخۆمانەوەببینین.

لای خۆمان نووسەرمان لەخوێنەر زیاترە، ئەوەش ئەگەرێتەوەبۆ ئاسان بوونی هەموو جومگەکانی بوارەئەدەبیەکە.هەر لەنووسینی رۆمانەوەبیگرەوبەشیعرا بڕۆ تاوەکو نووسینی وتارێکی سیاسی، هیچ لەمانەقەدەرێک لەخوێنەواری ورۆشنبیری لای ئێمەناوێ بۆ؟ لەبەر ئەوەی خوێنەری رۆشنبیرمان کەمەهەست بەکاڵ و کرچی شتەکان

بکـەن. ئـەبـوو ئیـدارەی سیاسـی کـورد بـۆ پێشخـستنی بـوارەسیاسـی وکۆمەڵایەتی وئیقتیسادی وفیکریەکەکۆمەڵێک کادری باشی لەزانکۆکانی وڵاتەعەرەبیەکان هاوردەبکردایە، بۆ دروست کردنی بناغەیەکی پتەو لەو بوارانـەیا. بـۆ نمونـەدەرچـوی بـەشی قـانونی زانکۆکـانی خۆمـان ئێـستا ناتوانن بەتێگەیشتێنی مام ناوەندیشەوەلەمەسەلەقانونیەکان بگەن!.

بـەڵام ئـەتـوانین هـەمـوو شـیعر بنوسـین! چونکـەئـەو بـوارەلای ئێمـەپێویـستی بـەهـیچ کـام لـەوکـەرەسـتەمـەعریفیانـەنیـە. ئـەوەی پێویستەلـەبرادەی شـاعیرا هـەبێ لـەقـەبێکـەو هێچی تـر. شـوکر بۆ خـوا مـەرجـەعـیش لـەو بـوارەیـا ئیـستا مـەحـوی ونـالی وگـۆران وهـێمن نیـە.کارەکـەزۆر ئاسـانەتـەنها بـەخوێندنـەوەی دیوانـەکـەی شـاعیری لاو پەنجا دانەکورو کچی تر دەست بەنوسینی شیعر ئەکەن چوونکەئەگەر شـیعر ئـەوەبێ کـەئـەو شـاعیرەلاوەنوسـیویەتی، خـۆ ئـەوانیش ئـەزانـن بینوسـن. کـەواتـەئـەساسـی سـەعـادەتـی واتـا بـەختـەوەریـی نوسـەرو موفـەکیـرو فـەیلـەسـوفی ئێمـەی کـورد، کـەمـی رادەی خوێنـەواری ورۆشنبیری خوێنەرەبۆیەبەئاسانی ئەتوانی ببیت بەباشترین رۆمان نوس و شـاعیرو نوسـەر چونکـەکـەس هـەسـت بـەکاڵ وکرچی و بێ بـەهـایی نوسین بیرو بۆچونەکانت ناکا.

## ئەمنەسورەکە

ناوەراستی حەفتاکابوو، کۆمەڵێک هاورێ وهاوپۆل کەزۆربەمان لەگەرەکی شورش خوار مزگەوتی نالی ئەژیان وحەزمان لەتۆپی پێ ئەکرد. تەگبیرمان کرد، تیپێکی تۆپی پێ دابمەزرێنین.ئەوەبوو بیرۆکەکەمان سەری گرت و ناومان لێنا تیپی شۆرش یان راستر سەرەتا لاوانی شۆرش.

خەونی شەوو رۆژمان ئەوەبوو، ئاخۆ کەی بێت تیپەکەی ئێمەش وەکو یانەکانی مانچستەر وئەیاکس ئەمستەردامی ئەوکاتە، لەبەر رۆشنایی پلاجکتۆر و لەناو ئەو ساحانەی کەچیمەنەکانیان خەتێکی تۆخەو خەتێکی کاڵ یاری بکات!.شایەتی ئەو خەونانەشمان ئەو وێنانەبوو کەنیشتەجێی تیپەکەمانی رازانبۆوەو جەگەلەو یانانەلای سەرەوەئەو یاریزانانەگەورانەی کەئەوکاتەناوبانگیان هەبوو ئەویشمان لەجام گرتبوو.لەوانەمۆلەرو بیکن پاوەری ئەڵمانی، ویوهان کرۆیف ی هۆڵەندی.ئەوکاتەنا هێشتا بیلیەی بەرازیلیش بەفانیلەزەردەکەیەوەکەژمارەی ١٠ لەسەر نوسرابوو لەزاکیرەی خەڵکا مابۆوە.

یەکەم یاریمان لەگەڵ تیپێک کرد، هەر نزیک گەرەکی خۆمان بوو، دەوری حەوت گۆڵیان لێکردین، دوای ئەو یاریەکۆبونەوەیەکمان کرد گەیشتینەئەو راستیەی کەئێمەراستەلەرووی ئیلتیزام ودارای

وپێداویستیەوەرزشیەکانەوەزۆر لەتیپەکانی ئەو سەردەمەی خۆمان تێرو تەسەل ترین. بەڵام هەتا راهێنەرێکی باشمان نەبێت، قەت ناتوانین تۆڵەی ئەو خەسارەتەگەورەیەبکەینەوە.ئەوەبوو کەسێکی باشمان بۆ ئەو پۆستەدیاری کرد، کەیاریزانێکی باشی تیپی مەولەوی بوو بەوەفدێکی سێ کەسیەوەعەسرێک جوین بۆ ماڵیان رازی بوکەئەو ئەرکەبگرێتەئەستۆ، بەمەرجێ گوێ رایەڵی فەرمانەکانی بین.

زۆری نەبرد سەدو هەشتا پلەئاست وتواناو لیزانینمان فەرقی کرد ئیتر لەبەغاو کەرکوکەوە، تیپمان بانگهێشت ئەکرد ویاریمان لەگەڵ ئەکردن.بیرمەچوین بۆ هەڵەبجەلەگەڵ تیپێکی ئەوێ یاریمان کرد.لەخولی تیپەمیللیەکانی سلێمانیا بەشدار ئەبون وئاکامی بەرچاومان هەبوو. شوێنی راهێنانەکەشمان ساحەیەکی خۆڵ بوو، کەهەر لەو گەرەکەبوو. کەکانیاوەجوانەکەی قۆریەشکاو ئەکەوتەدامێنیەوە، ( هەمو کاتێک ئەڵێم خۆزگەئەوگەرەکەیان هەر بەقۆریە شکاو ناوئەبرد).ئەوشوێنەخۆمان چاکمان کردبوو، رۆژێک سەیرمان کرد کۆمەڵێک هاتن و ساحەکەی ئێمەیان بەرەنگی سپی کرد بەچەن بەشێکەوە.بۆ رۆژی دوایی بەشۆفڵ دەستیان کرد بەهەڵکەندنی! زۆر خەفەتمان خوارد ئێمەهەر ئەو ساحەخۆڵەمان هەبوو، کەهەزار خەونی رەنگاو رەنگمان لەسەر بینا کردبوو ئەوا لێیان تێکداین.

هەندێک ئەیان وت بەوەیا کەبناغەکەی قوڵ هەڵئەکەنن، وروبەرەکەی هەمو ساحەکەی گرتۆتەوە، رەنگەخەستەخانەبێت، یان مەکتەب یان فەرمانگەیەکی گەورەبێت.

کاتێک بینا بەرزبۆوەودیوارەکانی دەرەوەیان بەبۆیەی سور بۆیەکرد وحیمایەیان بۆ دانا، ئەوکاتەزانیمان ئەوەنەخەستەخانەو نەفەرمانگەو نەمەکتەبە، ئەوەدائیرەی ئەمنە. کە هەر بەئەمنەسورەکەناوی رۆیشت. ئێمەش لەو رۆژەوەنەک هەر لەخەونی بوونمان بەجیهانی، بەڵکو وەکو یاری زانێکی محەلیش بێدار بوینەوەوئیتر وازمان هێناو، زۆربەمان درێژەمان بەخوێندنەکانمان لەزانکۆکان دا.ئەوەی سەیرەئێستا لەهیچ شوێنێکی کورستان وەکو هەرێم ساحەی فوتبۆڵ ناکرێ بەدائیرەی ئەمنەسورەکەو لەبری ساحەی خۆڵی پر لە بەرد چەندین ساحەی سەوزی سروشتی و سەناعی هەن. کەچی رۆژێک بەرێکەوت بینیم یانەیەک لەیانەنایابەکانی کوردستان یاری ئەکرد ئەوەی قسەی لەسەر ئەکرد ناوی هەر یاریزانێکی ئەهێنا عەرەب دەرئەچوو.

## ئەوەبۆ واگۆڕاوی

لەدنیای شارستانیا جلو بەرگ وروکاری دەرەوەی بەشەر، هەتا ئەگەر بەرادەیەکیش لەعادەتیی دەرچوبێ کەس نایکاتەجێگەی سەرنج وخەمی خۆی. چونکەلەروانگەی ئازادی تاکەکەسیەوەتا ئەو سنورەی دەورو تاسیری نەبێ بۆ ئازادی بەرانبەر، تابڵێی ئاساییەو کەس بۆی نیەنوقتەکەی بۆ بخاتەسەر. ئەو بۆچونەی لەشیوازی جلو بەرگ پۆشین و هەتا شکڵی قژو داهێنانی یان دانەهێنانی و هەتا ئەگا بەجۆری پێڵاوو جۆری رێورۆشتن و هەڵس وکەوتی، خەڵک رێزی لێئەگرێ. لەئەوروپا کەباوەری تەواویان بەو تەرحەئازادیەهەیە، ئەبینی کچێکی جوان بەپێ خاوسی بەبازارا ئەروا، یان پیاوێک پەنجەکانی دەستی هەموی ئەڵقەیەو گوێی گوارەی تێکردووە. کەسێکی تر قەڵەوەیەکێکی تر لەرادەبەدەر زەعیف، یەکێک زۆر درێژ یەکێکی کەزۆرکورت، یەکێک باوەڕی بەئاین و زیندوکردنەوەهەیە، یەکێکی کەسەدوهەشتا پلەپێچەوانەی ئەو. کەس ئاوڕ لەکەس نایاتەوە، کەس گاڵتەبەوی تر ناکا، یان سەرنج وتوانجی رەقی تێناگرێ. مەگەر کەسێک پێی لەشوێنێک هەڵکەوێ وبکەوێت یان کوتوپر لەبەر حاڵەتێکی تەندروستی وەزعی تێک بچێت، ئەوکاتەبەدەمیەوەئەچن، وئەوەی پیویست بێت لەیارمەتی پیشکەشی ئەکەن. ئەوساڵەبەپاسکیل ئەمویست بچم بۆ جێگەیەک، کەوتم

یەکسەر ئەوەی لەدوامەوەبو کچێک بوو نەم ئەناسی هات بۆلام لیی پرسیم کەئایا هەست بەئازار لەشوێنکما ئەکەم یان نا؟ بۆ ئەوەی یارمەتیم با بگەمەخەستەخانە. زۆر سوپاسم کردو دڵنیام کردەوەکەتەنها ئازارێکی کەم لەمەچەکماهەیە. جار جار کەسێکم ئەبینی هەموو قژو دەم وچاوی خۆی سپی کردبوو. دیار بوو بەبۆیەوای لێکردبوو، بۆ کەست ئەبینی توانجێک یان ئاورێکی پێکەنیناوی لێباتەوە، یان راستر هەر مەسەلەیەک نەبوو لای ئەو خەڵکەی کەبەناو بازارەکەدا هەریەکەو بۆ گەران یان کاری خۆی هاتبوو.

قەت نەم بینیوەدوکەس دوای ماوەیەکی زۆر لەیەکتر دابڕان، بەیەک بگەن و باسی سەروچاوو تەمەن وسەر سپی بوون و وورگ هاتن، یان داکەوتنی یەکتر بکەن. تەنها دوو ووشەیان رستیەک ئەڵێن: ئەوەیش (ماوەیەکی زۆرە)، ئیتر رستەکەتەواو ناکان چونکەبەرانبەر تێئەگا کەمەبەستی ماوەیەکی زۆر یەکتریمان نەبینیوە، یان دورکەوتوینەتەوە. لەبەرانبەر ئەوەلەم وولاتەی خۆمان ئەگەر ساڵێک دورکەوتیتەوەکەگەرایتەوەهەموو بەجوملە: کاکەبەخوا نەمناسیتەوەئەرێ بۆ وا پیر بووی، نەختێک قەڵەو یش بووی کورەخۆسەری پاک سپیبووە، ئەی رەنگ وروت بۆ رەش داگەراوە، بەجارێ داکەوتویت، لەوەئەچی نەخۆش بیت! رێو رۆشتنەکەشت زۆر فەرقی کردووەوەڵا لەدورەوەدەرکەوتی وام ئەزانی ئاخۆ کێیەتەکانت ئەیا کەئەرۆشتی، بەخوا باوکم پیری وهەزار عەیب ئەی باشەئەم جلانەت بۆ وایە؟ ئەمەلەکن خۆی لەخاریجیشەوەهاتۆتەوەپاریش هەر بەم

تیـشێرتەوەهاوینـەکـەی لێرەبـەسـەر بـرد.خـاڵۆ ئـەگـەر کـۆن بـوو فـڕێـی مەیەبییەبەمن! نەختێک لەولا ترەوەکاک نەوزاد ئەمە لای خۆی بەخێر هاتنەوەی ئەکردم، یەکسەر ئەرێ برا ئەم وورگەناشرینەچیەنەختێک دایبەزێنە.لەولا تر کاک جەمال یاخوا بەخێر بیتەوەبەڵام بەخوا نەم ناسـیتەوەزۆر ناشـرین بـووی ئـەرێ ئـەوەچیـە؟. ئەوەم بـۆ برادەرێـک ئەگێڕایەوە وتـی ئەوەی بەسـەرتۆ هـاتووە هـێچ نـیە لەچـاو ئەوەی بەو برادەرەیـان وتـووە ؟ بەداخەوە نەخۆشـیەکی خراپـی هەیە بەڵام زۆر وورەی بەرزە ئەو رۆژە لای بـووم باسـی بیـست سـاڵی داهـاتووی ئەکـرد. لەوکاتەیـا یەکێـک لەولاوە هـات لەبـری دڵنەوایـی، رێـک پێـی وت ئەوە خزمێکمان لەم دەردەی تۆی گرت بوو شەشمانگی نەبرد تۆ خۆش!.

## ■ خاڵە برایم

سەروبەری دۆزەخی ئەنفال بوو، ئەم ویست هەرچۆنێک بێت لەو عێراقەی کە ڕەنگی مردن نەبێ هێچی تری پێوە نەمابوو دەرچم. لەگەڵ ئازیزێک بەرەو هەولێر ڕۆیشتین، گوایا لەوێوە ئەمەلێک هەیە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا، دوای خواردنی قوبڵیەکی ساوەری خۆش لەگەڵ ترشیات و قسە و باس لەماڵی ناسیاوێک، بۆمان دەرکەوت لەوێوە سەرناگرێ. مەجبور بەرەو سلێمانی هاتینەوە، هەر سەرم ئەهێناو ئەبرد چی بکەم، هەروا دانیشم، یان کونێکی کە بدۆزمەوە؟ ئێوارەبوو لەدەرگا درا کردمەوە شادمان بوو وتی: ئەم سەگبابە دنیای لێکردووین بە چەرمی چۆلەکە، وابڕوا سەیتەرە بۆ ئەو تەیرانەش کە بەعاسمانەوەن دائەنێ، کورە خۆ خەریکە ئەودیوو شەستیەکەش ئەکا بە موحەرەمە.

وتم: ئەی چار؟ وتی: بۆ نەچین سەرێکی ئەوخزمەمان بەین، وتم: جا ئەو چی پێئەکرێ؟ وتی: ئەی بێقەزابی لەشەستەکانەوە ئەو ڕێگایە ئەکێڵێ وتم: بۆ گەنم ؟ وتی: بەخوا تۆش خۆشی ئێمە لەچیاین و تۆش هەر لە گاڵتەو رابواردنی خۆت ناکەوی، گەنمی چی بیست ساڵ زیایە خەریکی عەشیا هێنانو بردنە، بەو سنورانەیا بست بەبستی ئەو شاخ ودۆڵانە

وەکو ڕێی ماڵی خۆیان شارەزایە، دنیاش ئەناسێ.دواتر چیمان لەکیس ئەچێ؟ وتم وەڵڵا هیچ تازە گیرمان خواردوە وتی هەستە بابڕۆین.

وتم: ئاوا وتی: ئاوا، چووینە بەردەرگاکەیان جەرەسمان لێیا دەنگ نەبوو، لەدەرگامان یا دەنگێک لەودیوی دەرگاکەوە: ئێ ئێ نەختێکی پێچوو دەرگاکە کرایەوە، دەستێکی بەبەنەخوێنەکەیەوە بوو توندی ئەکردەوە، بەدەستەکەی تر تەوقەی لەگەڵ کردین فەرموو فەرموو بردینیە سەرەوە.دوای هەواڵ پرسین شادمان وتی: بۆشتێکی ئاوا هاتووین ئیتر نازانین چیت پێ ئەکرێ بۆمان؟ وتی جالەوە بەسیت تر! کە ئەوەمان بیست وەکو گوڵ گەشاینەوە.

هەر ئیستا کاغەزێکتان بۆ ئەنووسم وتمان: بۆ کێ؟ وتی: بۆ خاڵە برایم، تا بەبێ مزەرەت ڕاییتان نەکا دەستان لێ بەرنایا، وتمان جا جێگەی سیقەیە وتی: ئەی بێقەزابن بەخوا دە ساڵ خەریکی کەسابەت بوین پێکەوە ئەشەمبیللا حەلاڵمانی لێدەرکەی، ئەگینا یەک ماڵ بووین.

لەو قسانەیا بوو خێزانەکەی بانگی کردە ئەودیو کاتێک هاتەوە سینیەک چای بەدەستەوە بوو، بەدەم دانانی چاکانەوە وتی: کورە کاغەزی هەرناوێ، خاڵە برایم خۆمانەیە، کەچوونە لای بڵێن لەتەرەفی ئەوەوە هاتوین، وتمان: بەڵی باشە بەدەم باسی چاکەو پیاوەتی خەڵە برایمەوە چاکانمان خواردەوە. جارێکی کە سەری کردەوە بە موبەقەکەیا بۆلای حاجی ژن و ئەمجارە ترێیەکی ڕەشی جوانی خستبووە سەر سینیەک، دایناو هێشویەکی یا بەمن و وتی: ئەی لەم فکرو خەیاڵەی من

نازانم باسی چیمان ئەکرد؟، وتمان فەرموت بەبێ نامە هەر خۆتان بچن بۆلای خاڵە برایم و رەئسەن پێی بڵێن، وتی: ئەها دەم خۆش. وتمان زۆر چاکە هەڵساین و خوا حافیزیمان کردو تا دەرگای حەوشە هات لەگەڵمان وتی: ئەڵێم، وتمان خێر، وتی: هەر مەچن، وتمان بۆ کوێ؟ وتی: بۆلای خاڵە برایم!.

## ▪ خاوەنی پێنج دیوانم

لەچاوپێکەوتنە فەرهەنگیەکەیا کە بڵاوکراوەتەوە، بە حەرفی گەورە بۆی نوسراوە کاک عەوڵای لە هەندەران مامۆستای زانکۆیە!. بەبێ ئەوەی چارەکە دیبلۆمێکی ئەو وولاتەی هەبێ بێگومان لە و وولاتانەی کە رێزلە خوێندن و بروانامەی بەهەق وەرگیراو ئەگرن، عەرەب وتەنی ئەوە حەوت کەرەت موستەحیلە.

کاک عەوڵای هیچ نەخشێکی بەبواری رۆشنبیری محلەیشەوە نابیرنرێ بەڵام ئاماژە بۆ تەرجەمە کردنی شیعرەکانی بۆ سەر زمانەکانی ئیتالی وفەرەنسی وئینگلیزی وسویدی بەئیسراحەت، ئەکاو نمونەشی پیشان ئەیا، بەڵی مەعلوم کراوە بەڵام چۆن؟. کابرایەکی خەڵکی ئەو وولاتە ئەدۆزنەوە بەوزمانە شەق و شرەی خۆیان بۆی شەرح ئەکەن، ئەویش ئەینوسێتەوە! ودواتر چاپی ئەکەن. لەبورای رۆشنبیری ئێمەیا لەو کاک عەولایانەمان زۆرن. لەو بڵاو کراوە ناشیانەشمان لەحساب نایەن. ئێستا زانیتان بۆ بوارە سیاسی و ئابوری و خوێنەواریەکەمان کەوتۆتە ئەو قورە خەستەوە بەلوقمانی حەکیمش نایتەوە سەر جادەی قیر؟.

کاک عەوڵا زەمانێکە کوردستانی بەجێ هێشتووە، لەکوردی زیاتر هیچ زمانێکی کە فێرنەبووە!کاکە عەوڵای هیچ کارێکی کە رەنجی شان

یـان ئەقڵی پێـوە دیـار بێ نەکـردووە، بـۆ بیکـا؟ خـۆ بێ ئـیش نـیە ئەدی ماموٚستای نیە؟ ئەی ئەگەر مامۆسـتا دەسـتی بەلایەکی ئەو فەرهەنگەوە نەگرتـایە مەگەر هەر خـوای گەورە بۆ خـۆی بیزانیـایە ئێسـتا حـاڵو وەزعی ئەدەب و فیکـرو نوسـینمان چـۆن ئەبـوو! ئەو نـانەی لەوبوارەیا ئەخـورێ مەبەسـتم نـانی فیکـرە، هی مامۆسـتایە!. کاتێـک ئەو شۆرشـی لەبـواری شـیعری کوردییـدا بەرپـائەکرد، ئێـوە هەر نەتـان ئەزانی شـیعر لەکوێـوە دەنوسـرێ. مامۆسـتا بەهـرەی زۆرە، بەڵام بەهـرەی خـۆ فـشکردنەوەی لەهەمـوو بەهرەکـانی دیـکەی جـوانترو دیـاری تـرە. ئەوێ رۆژی باسـی شـیعرە وەرگێردراوەکانی خـۆی بـۆ سـەر زمـانە ئەوروپیەکان ئەکـرد بەبێ ئەوەی ئەوکەسـەی کە چـاوپێکەتنەکەی لەگەڵ کـردوە، بەیەک ووشـە پرسیاری بۆ بەتەنها هەڵبژرادنی شیعری کاکە عەولای لێبکات؟. یان ئایا ئەبـێ ئێـستا ئەوروپیەکـان چەن ئیـستیفادەیان لەو دەسـت وپەنـجە و ئیلهامە جوانەی کاکە عەولا کردبێ، ئەبێ چ ئیزافەیەکی گەورە بوبێت بۆ شیعری ئەوروپی ؟.

کـۆمەڵگەی ئەوروپـی لەبەر ئەوەی هەموویـان ئـیش ئەکەن، کـاتی خوێنـدنەوەیان زۆر کەمە ئەگەریـش کاتێـک بـۆ خۆیـان برەخـسێنن لە قیتارا کاتێک بەرێوەن بۆ ئیش رۆمانێکیان بەدەستەوەیە، ئەوەی فریای بکەون لەوکاتەیا ئەیخوێننەوە، تاوەکو ئیستا نەم دیوە کەسێک دیوانە شـیعرێکی شـاعیرێکی خۆیـانی کە لە گەڵ زەوق ریتمی ژیـان وعـاتیفەو سـەلیقەی خۆیـان دا شـیعر ئەنوسـێ، بەدەسـتەوەبێ.بەڵام بینیویـانە رۆژێـک لە شـەمەنە فەرێکا چـوار فـارغۆنی پـر لە ژن و پیـاو شـیعرەکانی

کـاکە عەوڵایـان پێبـووە، کە بەزمـانی خۆیـان تەرجەمەکرابـوو ئەیـان خوێنەوەو لەپەستا ئەڵا ئەڵایان بوو بەقسەی کێ؟ بەقسەی کاک عەوڵا خۆی.

لەم ووڵاتە هەر سیاسی درۆناکا فشەناکا فشە لای ئەمسالی کاک عەولاکـانی نـاو بـوارە فەرهەنگـیە داماوەکەمـانە، کە لەنەزانینـی ونارۆشـنبیری بڵاوکراوەکانامـا تیـشکیان ئەخـرێتە سـەرو لای خـوێنەری داماوی کورد ئەیان کەن بە ئایکۆنی ئەو بوارەی کەوێرانیان کردووە.

بـۆیە بـرادەران هەتـا بـوارە رۆشـنبیریەکەمان بەدەسـت ئەمـسالی عەولاو برادەرانی عەوڵاوە بیت قەت چاوەرێی باشبوونی رەوشی سیاسی وکۆمەڵاتی وئابوری مەکەن چوونکە ئەوانە هەموو گرێدراوی یەکترین. کاتێک کە وەکو دەزگای راگەیاندن لەزانین و نەزانینەوە گاڵتە بەریشی بینـەرو خـوێنەر ئەکەیـت، بـزانە بەوە بەردی بنـاغەت بـۆ کەڵچەرێـک دانـاوە کەحـونقە بـاز ئەبێتە پیـاو مـاقوڵ و دەسـت رەنگین ومامۆسـتای شیعرو نوسینی دەرکەوتوو.

گۆران وهێمن و ئەوانی دیکە بەیەک دیوان بوون بەدیوانی کورد. لەبەر ئەوە کـاکە عەولا گیـان پێـنج دیـوانەکەت زۆرە چـوونکە شـیعر بەتەغار نیە لەچەندی بێ، با هەر لە دانەیەکی بێ بەڵام توخوا با شیعر بێ.

## ▪ خۆ جوانکردن

زۆر جار کە ئەچمە دەرەوە سەیری ئاوێنەکە ناکەم یان راست تر بیرم ئەچێ سەیری خۆم بکەم، تاکو بزانم لانیکەم قژم باش وەستاوە یان یەخەی کراسەکەم هەڵنەگەراوەتەوە؟ ئەبێ هۆکەی جەنجاڵی ژیان و بیرکردنەوەو قورسی ئەرکەکانی ماڵ ومناڵ بێ، یان هەندێ کەس هەر بەتەبیعەت وابن؟ رەنگە منیش یەکێک بم لەوانە.

ئەوەی سەیرە هەرچی لەو دەردەسەریەی ژیانە کەبەسەر ئێمەی مەعشەری پیاوەوەیە بەسەر ژنیشەوەیە و لەهەندێ حاڵەتیشا زیاتریش. لەئێمە بەڵام ئەوان قەت بیریان ناچێ، پێش چوونە دەرەوە لانی کەم چارەکیک لەبەر ئاوێنەکەیا خەریک بن و تاو وتوێی ئەو جلانە بکەن کەلەبەریان کردووە ئاخۆ لێیان دێ یان بیگۆڕن، بەرەنگێک یان شتێکی کە.

من وای بۆ ئەچم کە ئەوان زەوقیان لەو روەوە لەپیاو سەلیم تربێ و هەر لە بنەرەتیشەوە ئاوێنە زەرورەتێکی حەیاتی تەواو ژنانە بێت و لەوەشا پیاو وەکو هەموو شتەکانی تریان، خۆی لێ کردبن بەشەریک .

شاژنی ئینگلتەرا ئەلیزابێی یەکەم کە لە سەدەی پانزەهەمیندا حوکمی کردووە، کاتی تەنیایی قیناعێکی لەقورقوشم کە سرکەی تێکەڵ کردووە بە دەم و چاوی خۆیەوە، تاوەکو روخساری زەردو ووشک بنوێنی چوونکە ئەو دەمانە مۆدەی ئەوجۆرە رەنگە بووە لە دەم وچاوا.

هەر لەو سەردەمانەدا لە ئەوروپا باوی ئەوە بووە، کەژنان ناوقەدیان زۆر باریک بێ، بۆیە پەنایان بردۆتە بەر تەوقێک کە بۆ ئەومەبەستە دروستکراوە و لەژێر جلەکەنیانا بەپەت بەتوندی بە ناوقەدیانا بە دووکەس هێناویانەتەوەیەک، هەرچەنە ئازاری زۆر بووە بەڵام تەحەمولیان کردووە فی سەبیلی ئەوەی کە چوونە ئاهەنگەکە بڵێن ئەوە فلانی ناو قەد باریکیش هات!.

خۆ جوان کردن لای ئێمەش لەدێر زەمانەوە هەیە، دەورانی قەدیم ئەسبابەکانی جوان کردن لای دوکانی عەتارەکان دەست ئەکەوت، بۆ نموونە سپیاو بۆ سپی کردنەوە ولابردنی پەڵەو دەم و چاو جوان کردن کەرەستەی سەرەکی ژنان بوو، ماڵ هەبوو خۆیان دروستیان ئەکرد و خەڵک ئەچوون لێیان ئەکرین ئەیان وت ئەوە باشترە لەوەی بازار.

جاران ساڵۆنەکانی جوانکردن تەنها بۆ رازانەوەی بووک ماوەیەکی زۆریان پێئەچوو ئەوەش ئاسایی بوو، چوونکە کچ یەکجار لەژیانیا فرسەتی شوکردن و ئاهەنگی گواستنەوە ئەبینێ. ئەبێ لانی کەم لەو رۆژەیا رەونەقێکی هەبێ بەڵام خەڵکە ئاساییەکە پێویستیان بەوکاتە زۆرە نەبوو ئەیان وت خۆ بوک نین.

ئەڵین ئیستا هەموو مساوین و ئەبێ بەقەدەر بوکێکی نازادار لە ئارایشتگا بەدەوری هەموویانا بێن، رەنگی بۆیە و ماکیاجیش لەگەڵ رەنگی پێستدا بێتەوە یان نەیەتەوە کێشە نیە ئەگەر رەش ئەسمەرێکی تۆخ بێت لەسەر داوای خۆی قژی بۆئەکەن بە ئاڵتونی، چاویشی

بەعەدەســە ئەکا بەشــینی عاســمانی، گــوپی قوپــاویش خــڕ ئەکەنەوە و کێش موعاریزە با بچێ تێر لەئاوی حەوزە ووشکەکەی ناو بازار بخواتەوە.

یەکێـک باسـی سـاڵۆنەکانی ئەو خـوارانەی ئەکـرد، ئەیـوت ئەوەنە دەسـت رەنگیـنن ئەگەر لەچـوونە ژورەوەیـا وەکو شـیتەی تەرەزان بێ کە هـاتە دەرەوە سـوبحانەڵڵا ئەڵێ کـچە هانـدەرێکی مـونتەخەبی روسـیایە و مەگەر بەقسەیا ئەگینا مێردەکەی خۆیشی نایناسێتەوە!.

## خۆم هەڵبژارد

مێژووی هەڵبژاردن زۆر کۆنترە لەمێژووی ئەو دیموکراسیەتەی کە ئیستا بۆتە پێوەری هەر حوکمێک، کە ئیدعای ئەوەبکات ئەو بەپاڵپشتی گەل و بەئیجازەی ئەو وڵات و دام ودەزگاکانی بەریوە ئەبات.

چەند سەدەیەک پێش لەدایک بوونی مەسیح رۆمانەکان هەڵبژاردنیان زانیوە و بەفیعلی ئیجرایان کردووە، لەسەدەکانی ناوەراستیشا بۆ دەست نیشانکردن ئیمپراتۆری جەرمانی کەنیسە ئەو رێگەیەی گرتۆتەبەر، تاوەکو ئیستاش ئەو پرۆسەیە بەردەوامە بەڵام گۆرانکاری زۆری لەرووی میکانیزم و فراوان بوونی بەشداریی خەڵک لەرێگەی حیزبە سیاسیەکانەوە و بەسەر هاتووە. سەرەتا ژنی لێ بێبەش کراوە لە وڵاتە یەکگرتووەکان ویلایەتی نیوجیرسی لە ١٧٧٦ وە ئەو هەقەی بەژن داوە، بەڵام لەسەر ئاستی قەومی لەساڵی ١٩٢٠ وە لەو وڵاتە بەرەسمی مافی دەنگدان بەژن دراوە. بۆیە فینلاند بەیەکەم وڵات دائەنرێ کە دەست پێشخەربوبێت لەوبوارەیا چوونکە ئەو لەساڵی ١٨٩٣ وە هەقی دەنگ دان وخۆ پاڵاوتنی بەژن داوە.

خۆشەویستێک وتی زەمانی بەعس هیچ کێشەیەک نەبوو کە ئەچویتە ناوەندی دەنگدان بەئاسانی وبەبێ قرە دەنگی خۆت ئەدا. وتم: ئەوە مەعلومە چوونکە ئەوزەمانە تەنها لیستی حیزبی قائید بەشدار

ئەبوو، واتا فرە حیزب و بەرنامەو بۆچوونی جیاوز نەبوو لەبەر ئەوە هەر کەسێک دەرچوایە نەعمەڵلا. چونکە هەموو کاندیدەکان بەعسی بوون وتی: ئەی ئیستا ئەم هەڵایە چیە ؟ وتم: ئەوەی ئیستا ئاساییە. وتی: دیارە تۆ حەزت لەو ژاوە ژاوەیە! وتم: کاکی برا ئیستا فرە حیزبی وفرە بەرنامەو فرە دیدو بۆچوون هەیە، وایە؟ وتی: وایە، وتم: کەواتە ئاساییە ئەوانە شەڕی راگەیاندن و کار بۆ بردنە پێشەوەی کاندید و بەرنامەی خۆیان بکەن. بەڵام یەک شت هەیە خۆزگە وا نەبوایە وتی: چیە؟ وتم: بڵاو کردنەوەی ئەو وێنە لەرادەبەدەرەی کاندیدەکانە بەناو شاردا و ئەو رەنگانەی کە بەتەناف بەم بەرو ئەوبەری شەقامەکانا هەڵئەواسرێن وبەری ئاسمان ئەگرن. لەبری ئەوە ئەتوانرێ وەکو ئەوروپا لەهەندێک شوێنی دیاریکراوا وێنەی کاندیدەکان دابنرێ و لەکەناڵی تەلەفزیۆنەکانیشەوە ریکلام بۆ خۆیان بکەن. وتی: ئەی رەحمەت لەباوکت ئەوە رەئی منیشە.

لەپڕ دەستی بۆ کۆنترۆڵی سەتەلایتە بردو وتی: بابزانین بانگەشە گەیشتە کوێ؟ کاندیدێک دانیشتبوو خۆی لەتەل یابوو ئەی وت: کە بڕیارم یا خۆم هەڵبژێرم! وتم: کاکە بیگۆرە وتی: بۆ! باتەواوی کا، وتم: کاکە هیچ نازانێ چی تەواو کا ئەوە لەبری ئەوەی بڵێ پاڵێوراوم یان کاندید کراوم ئەڵێ خۆم هەڵبژارد، ئەو پاڵێوراوە بۆ هەڵبژاردن لەلایەن حیزبەکەیەوە، هەڵبژاردن کاری دەنگدەرانە ئەوان بڕیار ئەیەن کێ دەرئەچی وکێ دەرناچێ.

خستمانە سەر کەناڵێکی کە کاندیدێک خەریکی وەعد ریزکردن بوو هەرلە مافی چارەی خۆنووسینەوە بیگرە تا گەرانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان وبڕۆ بۆ ژینگەو لەوسەرەوە بەلای مەعاشی کابانی ماڵ وەرگەڕێ تا مسۆگەرکردنی هەلی کار بۆ بێکارەکان. برادەکەم وتی ئەگەر ئەمانەی بۆ هەڵنەسورا چی لێئەکەن ؟وتم:بەسیتە لێی ئەوەستن تاچوار ساڵ تەواو ئەکا ئەوجا بەمەعاشێکی باش تەقاویتی ئەکەن.

## ■ خۆی یا لە سینیەک پاقلاوە

لەسـەدەی چـوار‌دەهەمی زاینـیەوە، دوای ئەوەی کە بازرگـانی لەرێگەی دەریاوە لەئیتالیاو دەریای ناوەراست پەرەی سەند، زەرورەتی ئەو بازرگانیەو مەترسیەکانی نوقم بوونی کەشتیەکان و ئەوکەلوپەلەی کە هەڵیگرتون، تأمینی بەحریی (دەریایی) فەرز کرد. ساحێب کەشتی و کەلو پەلەکە مەبلەغێک پارەیان قەرز ئەکرد، بۆ بەرێکردن وچاکردنی پاپۆرەکە و بۆ کرینی شتەکان. ئەگەر پاپۆرەکە نوقمی دەریا بوایە، ئەوە نە ساحێب پاپۆر ونە ساحێب کەلوپەلەکان، لەسەریان نەبوو هیچ لەو قەرزە بدەنەوە. بەڵام ئەگەر بەسەلامەتی پاپۆرو شتەکان، گەیشتنە جـێگەی خـۆی.ئەبـو قەرزارەکە قەرزەکەو مەبلەغێکـی قەبە لە سودەکەیشی بداتەوە بە خاوەن قەرز. کەنیسە ئەو سودەی پێ حەرام بـوو، بە فەتـوای پاپـا گریگـۆری نـۆهەم لەسـاڵی ١٢٤٣ ئەوەی بەیەکجارەکی حەرام کرد. ئەوەش وای کرد کە رێگە بۆ سیستمێکی نوێ لە تأمینی دەریایی خۆش بێت، ئەوەی تأمینەکە ئەکا بە عەقدێک کە شـەرتێکی تیابوو پاپۆرو شـتەکانی بەمەبلەغێکی دیاری کراو ئەکری لەبەرانـبەر سـودێک کە دیـاری کراوبـوو، ئەگەر پـاپۆرو شـتەکان بەسەلامەتی گەیشتنە شوێنی خۆی، عەقدی فرۆشتنەکە ئۆتۆماتیک بەتاڵ ئەبۆوە.

بەڵام تـأمینی سـەرزەمینی مێـژووەکەی ئەگەڕێـتەوە بـۆ سـەدەی حەڤـدەی زاینی، بە دەقیقـی بـۆ ١٦٦٦ ئەوسـاڵە لەنـدەنی پـایتەختی بەریتانیـا توشـی ئـاگرکەوتنەوەیەکی گەورە بـوو، ٨٩ کەنیسـەو ١٣هەزار ماڵ سوتان، لەوکاتەوە تأمینی لەدژی ئاگر کەوتنەوە دروست بوو.

هەرچی پەیوەندی بە تـأمین لەسـەر ژیانەوە هەیە، سـەرەتا لەهەمـوو ئەوروپا بەپێی ئاینی مەسیحی، بەشتێکی نا ئەخلاقی وقومارکردن بە رۆحی بەشـــەرەوە، لەقەڵەم ئەدرا. پاشـــای فەرەنـــسا لویـــسی چـــواردەهەم بەفەرمانێـــک ئەو تـــأمینەی لەوڵاتەکەی حەرام کـــرد. بەڵام لەســـەدەی هەژدەهەم دا ودوای ئەوەی کە تۆمـار کردنی لەدایـک بـووان و مـردوان هاتە ئاراوە، هۆکانی مردنیش پۆلێن کران، لەوکاتەوە دەرگا بەروی تأمین لەســـەرژیـــان جـــارێکی کە کـــرایەوە.بەڵام تـــأمین دژی پەرپرســـیاریەتی لەرووداوەکان دوای شۆرشی پیشەسازی، لەئاکامی بەکار هێنـانی قیتـارو پاپۆر و دوای ئەوان ئۆتۆمۆبێل بەشێوەیەکی بەربڵاو پەرەی سەند.

لەکۆتاییەکـانی سـەدەی نـۆزدەهەم دا ووڵاتە ئەوروپیەکـان تـأمینی دژی نەخۆشـیو پیریـان دەسـت پێکـرد.لەئەڵمانیـا لەهەشـتاکانی سـەدەی نۆزدەهەمینـدا مەعاشـیان بـۆ پیـر بـریەوەو تأمینیـان دژی نەخۆشـیو روداوەکـان دەسـت پێکـرد.ئەمـانە بـوونە بەردی بنـاغەی ئەوەی کە ئەڵمانیـا ببێـتە دەوڵەتـی رەفـاهیەت(خۆشـگوزەرانی) لەو سـەردەمەدا. لەبەریتانیاش لەساڵی( ١٩١١ )وە تأمینیان دژی بێ ئیشی دەست پێکرد و مەعـشیان بـۆ بـێ ئیـشەکان بـریەوە، بـۆیە بەریتانیـاش بەدەوڵەتـی خۆشگوزەرانی ناوی دەرکرد.

لای خۆمـان کەڵـچەری تـأمین کـردن زۆر لاوزە جـاران لەسـلێمانی ئەگەر کەسێک بیوتایە سـەرێک لەبازار ئەیەم، ئەیان وت کاکە شـتێک پـارە لەگەڵ خـۆت هەڵگـرە ئەی وت بـۆ چی؟ ئەیـان وت: ئەوا خۆتـدا لەسینیەک پاقلاوە! ئەوکاتانە سینەیە پاقلاوەو ودەنکە کولەکەو شێلم و دەنکە هەنار لەسەر شۆستەکان هەر وەکو ئیستا دائەنرا، ئەگەر یەکێک ئاگای لەخـۆی نەبوایە و خـۆی بـایە لەسـینیەک لەوانە ئەبـو بیبژاردایە. ئەوەی لای ئـێمە ئەگـوزەرێ پـێچەوانەی یاسـایە شۆسـتەکان بـونەتە حەوشــەی پێـشەوەی دوکانەکـان، خــواپێم نەگـرێ ئەڵـێن لەهەنـدێک شــوێنی بـازار سـەرقفڵانەش بـۆ جێ مێـز وعەرەبـانە لەسـەر شۆسـتەو شـاقامەکان وەرئەگیرێت!. ئەبینی عەرەبانەو سینیە خواردنەکان و مێزی شت فرۆشتن و شتومەکی دوکاندارە چاوگەشەکان، بۆسەر شۆستەکەو پیــادەش مەجبــور لە گەڵ ســەیارەکانا لەســەر جادەکــان تێــک ئاڵۆسکاون.بەحـوکمی ئەوەی قـانونم خوێنـدووە ئەتـوانم فەتـوا لەسـەر ئەومەسـەلەیە بەم: ئەگەر کەسێک خۆی بـا لەسینیەک پاقلاوەی سـەر شۆسـتەکە هـیچ بەرپرسـیاریەتێکی نـاکەوێتە سەرشـان چـونکە (ئەبـو پاقلاوە) تەجاوەزی کـردۆتە سـەر شـوێنێک کە بەقـانون جێگەی رۆشـتنی پیــادەیە. بەڵام لەوڵاتــانی وەکــو وڵاتــی خۆمــان، عــورف لەقــانون زۆر بەهێزتـرە ئەوعـورفەش ئەڵێـت پـارەی سـینیە پـاقلاوەکە یـان دەنـکە کولەکە رژاوەکە عایدی پیادەکەیە کە شۆستەکەی لێزەوت کراوە.

## ■ خێرکەرەکان

بەیانیـــان زوو کاتێــک کە ئەچــم بــۆ ســـەرکار بە وێــستگەی شـەمەنەفەرەکەی ئەم شـارەی کە لێی ئەژیـم ئەبـێ تێـپەڕبم چـونکە وێـستگەی سـەرەکی پاسـەکان ئەکەوێـتە ئەودیـویەوە، لەوێ هەمـوو رۆژێـک رۆژنـامەیەک بەنـاوی مەتـرۆ کە لە چەنـد سـندوقێکی کراوەیـا دانـراوە بـۆ خەڵکـی، ئەتـوانن بە بـێ بەرانـبەر لەگەڵ خۆیـان بـۆ نـاو قیتارەکە یان پاسەکان بیبەن و بەدەم ڕێگاوە بیخوێننەوە.

مـن زۆربەی رۆژەکـان دانەیەک هەڵئەگـرم لەنـاو ئە وپاسـەی بەرەو ئیشەکەم ئەمبا و شانزە کیلومەتر لە ماڵی خۆمەوە دوورە، ئەیخوێنمەوە یـان زیـاتر هەوڵ ئەدەم ئەو هەواڵە کورتـانە بخـوێنمەوە کە سـەرنج راکێشن.

لەم رۆژانەیـا سـەردێری هەواڵیکـی کـورت سـەرنجی راکێـشام کە نووسـرابوو سـەد و دوانـزە ملیـاردێر بڕیاریـان داوە نیـوەی سـەروەتەکەی خۆیـان لەپێنـاوی کاری خێرخوازیـا ببەخـشن، ئەوەش بێگومـان ئەکاتە چەنـدەها ملیـار دۆلار. ئەوەی زیـاتریش بەنـدەی وەسـتان لەسـەری ئەوە بوو ئەوانە کاتێک ئەو بڕیارە ئەدەن چاویان لەسـەر خەڵکی نەدار و برسی بەهۆی شەڕوشۆڕ و وشکەساڵی و کارەساتەکانی سروشتە لە ئەفەریقا و ئاسـیا.واتە ئەو بەخـشینەیان بـۆ کەسـانێکە بێگومـان نە لەسـەر ئـایینی

خۆیــان و نە ســەر بە رەگەزی خۆیــانن، ئەو بــڕە پــارانەش بەهــۆی سندوقێکی خێرخوازییەوە ئەخرێنە گەڕ کە قازانج و داهاتەکەی بۆ ئەو خەڵکانە ئەبێت و مایەکەش هەر بۆ ئەوان لەکارا ئەبێت، بە واتایەکی تر ئەو سەرمایەیە ئیتر موڵکی خەڵکانی بێدەرەتان ئەبێت.

ئەمەی کە ئەیگێڕمەوە واقیعێکە لەناو کۆمەڵگایەکا بەرجەستەبووە کە بەپێی بیرکــردنەوەی ئــێمە کەڵچەرەکەیــان کەڵچەرێکــی، مــادی و خۆپەرستییە، لەبەرانبەر ئەوە کەڵچەری ئێمە کە بە کەڵچەری میسالی و خێر و ئاگا لە دەرودرواسێ ناسراوە، تاوەکو ئێستاش نەمانبینی یان نەمانبیـست دەوڵەمەنـدێکمان، نیـوەی نـا، بەڵکو یەک لەسـەر هەشـتی سـەروەتەکەش دوای عـومرێکی درێـژی ببەخـشێت بـۆ کاری خێرخـوازیی، ئەو تاک و تەرایەش کە گوایا خێر ئەکەن مزگەوتێک یان قوتابخانەیەک ئەگەر دروســت بـکەن ئەبێ نـاوی خۆیـانی بە پـانی لەســەر بنووســن، بـۆئەوەی هەمـوو دونیـا بـزانن کە فـڵان خێرەومەنـد دروسـتی کـردووە و عالەم ئافەرینی لێبکەن.

ئایـا ئەو سـندوقەی کە ئەو ملیـاردێرانە ملیارەهـا دۆلای تیـا دائەنێن ناوی یەکە بە یەکەیانی خراوەتە سەر و لەبەر چاوی خەڵکانی خۆیان و برسی و لێقەوماوەکانی ئاسیا وئەفەریقا خۆیانی پێوە بائەیەن؟ تاوەکو لەگەڵ هەمـوو ژەمە خواردنێکـا کە وەریئەگـرن هەزار و یەک دوعـا بـۆ خێرەومەنــدەکان بنێـرن؟ بێگومــان نــا، باشــە کەی لەنــاو کۆمەڵگــای ئێمەشدا خەڵکانێک دروست ئەبن کە بەو هەناسەیەوە خێر بکەن، من ئەڵێم رەنگە دوای پێنج سەد ساڵی تر.

## ■ خەبەردار

دوو وشـە هەبـو بـۆ ئاگادار کـردنەوەی خەڵکە لەنـاو بـازاری سـەوزەو میـوەو گۆشـت و دەوری قـەیسـەریەکان ولای مەزاتخـانەکەو ژێـر پـردەکەو مەیـانی ماسـتەکەی سـلێمانی، کە زۆر ئەبیـسترا. ئەگەر عەرەبـانەیەک وەیان کەسێک شتێکی بەسەر شانەوە بوایە و بۆئەوەی ڕێگای بۆ چۆڵ کەن، لەپەستا ئەیوت خەبەردار یان خۆت لایە چەوربووی. خەڵکەکە بە ووشـەی یەکەمیـان کەمتر ئەسـڵەمینەوە، بەڵام بـۆ چەوربـوونەکە دەسـتبەجێ خۆیـان کەنـار ئەگـرت. چـوونکە جلەکانیـان پـیس ئەبـوو، ئەوکـاتەش زۆربەی خەڵـک هەریەک دەسـت جلـی هەبـوو، ئەوە چەوربـوایە ئەبـوایە بشۆرایەو دانیشتنایە چاوەروان بوونـایە تـا ووشـک ئەبۆوە.

ئەوکاتـانە وەکـو ئێـستە ئۆتۆمبیـل وعەشـاماتێکی ئـاوا بـێ شـومار نەهـاتبووە شـارەوە جـادەو شۆسـتەکان، بەشـی ئۆتۆمبیـل وپیادەشـی ئەکـردو لێـشی زیـابوو، واتـا ئەوان پێویـستیان بە ئاگارکردنەوەی خەڵـک ئەوەنە نەبوو.

ئەوسـاڵە بەسـەردان گەرامەوە حەزم ئەکرد زۆربەی کات بەپێ بڕۆم بـۆ ئەوەی هەمـوو ئەوشـوێنانەی کە جێگەی یادگارین ولەکاتی خۆیـا پیـا ڕۆیـشتووم، بیـان بیـنم. هەر ئەوەنەم ئەزانی لەدوامەوە هۆڕنێک لێئەیـرا وئاوڕم ئەیایەوە، وام ئەزانی کەسێکە ئەم ناسێ، وئەیەوێ سڵاوم لێبکا

مەخابن وا دەرنەچوو! ئێ باشە ئەم هۆڕن لێیانە ئەبێ سەبەبی چی بێ؟ بڵێی تازە دوگمەی هۆڕنەکەیان ئیکتیشاف کردبێ و حەزیان لێبێ خێرا خێرا وەکو مناڵێک، چۆن یاریەکی تازەی بۆ ئەکرن، دەستی پیابنێن بۆ ئەوەی گوێیان لە فیقەکەی بێ ؟.بە جەمالی کۆنە هاوڕێم وت:ئەرێ ئەوە بۆ وایە؟ وتی: کاکە ئەوە خەبەردارەکەی جارانی ناوبازارە، ئێستا هۆڕنە! وتم: ئێ باشە ئەوە بۆ قەرەباڵغیە بەڵام جارێک کۆڵانەکە هەرمنی لێبووم، خوا ئاگای لێیە بەسەر شۆستەکەشا ئەرۆیشتم لەدوامەوە شڵپ هۆڕنێکی لێیا. جەمال وتی: کاکە ئەوە بۆیە لێی ئەیا ئەگەر ئاوڕت یایەوە ناسیتی سڵاوێکت لێئەکا، ئەگەر نەشی ناسیت ئەڵێ بۆ ئاگاداری بۆم لێیاوی.کەواتە بە لێیانی دوحەسەناتی تیایە و لێنەیانیشی یەکدانەیە کە جەنابت ئیزعاج نابێ، لەبەر ئەوە لێی بەن باشترە.

خەریکی ئەوقسانە بوین جەمال چاوێکی لێداگرتم و بەسوکی وتی: خەبەردار نەختێک بیدەنگ بوم دوایی وتم: ئەوەچی بوو؟ وتی کاکە ئەوە ئەشرەفی ئیسلاحە، وتم ئیسلاح زەراعی؟ پێکەنی وتی: کورە دایەرەی ئیسلاح زەراعی کوا ماوە، لەداواکارانی ئیصلاحە وامزانی بۆ لای ئێمە دێ، وتم: کام ئەشرەف وتی: ئەوەی لەخاریج بوو هاتۆتەوە، وتم: ئێ چیەتی وتی: ئێستا کەوتۆتە ناو موعارەزەوە، وتم: ئێ ئێمە هەقمان چیە بەسەریەوە خەڵک ئازادە وتی: کاکە نەختێک سەبر بکە با تەواوی کەم، وتم: فەرموو وتی:ناڵێم ئازاد نیە کاکە هەر گوێی لەو رەخنانەی تۆبێ بەسەرا خۆی تێهەڵئەیاو یەکسەر سەروگوێلاکی ئەملا ئەکوتێتەوە. باوەڕ ئەکەی ئەورۆژە ئەیوت ئەم خۆڵبارینەی سلێمانی خەتای ئەملایە!

ئەمان وت: کاکە بۆ خاتری خوا ئەم خۆڵبارینە خەتای وشکەساڵیە، ئەیوت نەخێر ئەمە سیناریۆی دەسەڵاتە و سەری زمانی وبنی زمانیشی نابۆگەندەڵیە، وتم: ئەم ئەشرەفە؟ وتی: بەڵێ، وتم: کاکە ئەمە لەخاریج بەحیلە لەژنەکەی جیابۆتەوە، فی سەبیلی ئەوەی دومەعاشی سۆسیال وەرگرێ، وتی ئێ، - بەپشت ئێشەی ساختە خۆی لەئیشکردن دوورخستۆتەوە، حەڤە ساڵە لەو وولاتەیە یەک کەلیمەزمان فێر نەبووە. هەرکاتێکیش بنێرن بەدوایا بۆ ئیش ژنەکەی لەجیاتی خۆی ئەنێرێ، وتی: ئاوا؟ وتم: خوا وەکیلە خیلافی نیە، کەواتە جەمالی برام ئێستا کێ خەبەردار؟ ئێمە وتی: ئەشەمبیلا ئەشرەڤی چاکساز خەبەردار.

## ■ خەوتنی سەربان

ئێـوارەیەکی درەنـگ، کـاک جەبـارم لە جـادەی سـەهۆڵەکە تـوش هـات.وتـم: بڵێی ئەم وڵاتە جـارانیش ئـاوا گەرم بووبێـت؟ یـان کە مـن بەجێم هێـشت ئـاوای لێهـات! کـورە خـۆ لەسـەعات هەشـتی بەیـانیەوە ئەیکوڵێنێ تـاوەکو ئیستاش، ئەوە ڕۆژ ئـاوا بـووە کەچی ئەڵێی مەنجەنیقە وتی: ئێ کاکە تۆ چلەی هاوینەکە یێیتەوە، جارێک بەهار کاتی ڕێواس یان پایز وەرەوە کاتێ میوە پێئەگا، بزانە جەو چەن موناسیبە.

لەپڕ وتـی: ئـاتۆ چـاکەت هەڵقـوڕێنە بـا بچیـنە ئەولا ئەو سـەیارەیە ئەیەوێ لێرە رایگرێ، وتم بۆ لێرە لەسەر شۆستەکەش رای ئەگرن؟! ئەی پیـادە لەکوێـوە بـڕوا؟. باشـە مرور چی ئەڵێ ؟ لەو وڵاتـانە ئەمە جەزای قورسی لەسەرە، وتی: تۆ وەرە بەملاوە با نەشییا بەتەنگەمانا جەزای چی پیـادەی چی! ئـاوڕم یـایەوە سـەیارەیەکی بەرز بەقەدەر نانەواخـانەیەک گەرمی لەدوای خـۆیەوە فـڕێ ئەیـا. وتـم: ئێـستا بیرم کەوتەوە جـاران وا گەرم نەبـوو چـوونکە ئەو کاتـانە ئەم سـەیارانە و سـپلیت نەبـوو ئـاوا جادەو کۆڵان بکەن بەجەهەنەم.

جەبـار وتـی: وەڵا دەسـا ئـێمە شـەوو ڕۆژ نـایکوژێنینەوە، وتـم: بەرۆژ گەرمە بەڵام بەشـەو بـۆ؟ وتـی: کاکە ئێـستا خەڵـک هەمـووی لەژوورەوە ئەخەوێ کێ تـاقەتی سـەربانی هەیە، وتـم: وەڵـڵا مـن وام قەرار یـاوە ئەم

ماوەی کەلێرەم بەیادی جاران هەر لەسەربان بنووم، نیوە شەو فێنکی ئەکا. وتی: بەقسەی من ئەکەی لەخوارەوە بخەوە باشترە وتم: کورە ئەو هەوای سپلیتە هەمووی نەخۆشیە کار لە یەسقان ئەکا، ئێستا بەخۆتان نازانن ماوەیەکی کە دەرئەکەوێ. وتی: هەر لەسەربان و حەوشەکە باشترە. تێنەگەیشتم بۆ وا ئەڵێ؟ دەمێکە لەبەر ئەو شەماڵە فێنکەی شەوان درەنگی شارو بەرەبەیانا نەخەوتووم، دنیا قسەم بۆ بکا دەقەیەکی سەربان ساڵێکی سپلیت ئەهێنێ.

هاتمەوە بۆ ماڵەوە دەوروبەری سەعات دوانزە بوو، هیلاک بووم رێک بۆ سەربان سەرم خستە سەر سەرینەکەو خەوتم و نەخەوتم دەنگ پەیا بوو. سەرم بەرزکردەوە، لە سەربانەکەی ماڵەکەی ئەودیومانەوە بوو تەختەیان ئەبەست بۆ قاتی سێهەم، ئیتر ئەمە تەختە برینەوەو بزمار داکوتین و قسەوباسی خۆیان بوو، دوسێ جار وتم: پێیان ئەڵێم. دوایی وتم نا بەیانی ئەپرسم بزانم بۆ وایە؟ بەیانی بۆ سایەقی تەکسیەکەم گێرایەوە شتێکی وابووە، وتی: ئێ کاکە گوناحن رەمەزانە بەرۆژ بەرۆژوون و دنیا گەرمە مەجبور بەشەو ئیش ئەکەن. وتم: شەو بۆ خەوتنە، وتی: بۆ لەکوێ ئەخەوی وتم: سەربان، - کاکە بەخوا تۆ شەر ئەفرۆشی کێ لەسەربان ئەخەوێ! وتم: ئەزانی لە سویسرا لەدوای دەی شەوەوە هەتا سیفۆنی تەوالێتیش نابێ راکێشی، نەبا خەڵکی خەوتو ئیزعاج بکەی. وتی: مەرحەبا سویسرا، کاکە خۆ ئەمە سویسرا نیە، ئەوان ئەزانن ژیان چیە خوا عەقڵی یاونەتێ. کاتێک دابەزیم وتم: ئەمرکە، رۆژانە بۆ ئەو شوێنە بە سێ هەزار ئەیان گەیانم، ئەورۆژە معامەلەم نەکردبوو وتی: کاکە خۆی پێنجە بەڵام لەبەر خاتری ئەوەی ئەمشەو نەیان هێشتووە بخەوی چوارمان بەرێ و بەزیانێ.

## ■ دروست کردنی گۆرانی

دوای ئەوەی ئوم کەلسومی ناسراو بە ئەستێرەی رۆژهەڵات، لەسەر دەستی باوکی فێری شێوازەکانی وتنی سرودە ئاینیەکان ئەبێت. دەست ئەکات بە وتنەوەی ئەو تەواشیحانە لە ئاهەنگ و بۆنە ئاینیەکانا، تاوەکو ئاواز دانەری بلیمەت محەمەد قەسەبچی گوێی لێ ئەبێ، بەباوکی ئەڵێ حەیفە ئەو دەنگە جوانە بەتەنیا لەو قاڵبەیا بمێنێتەوە، کاتی ئەوە هاتووە لەئاسۆیەکی فراوانترا ئەوهونەرەی خۆی بنوێنێ. لەوێوە ئیتر قەسەبچی چەندین ئاوازی بۆ دائەنێ، لەهەمویان بەناوبانگتر گۆرانی (رق الحبیب)ە، دوای ساڵانێک لەهاوکاری رۆژێک ئاوازێکی نوێ ئەبات بۆ ئوم کەلسوم بەدڵی نابێت وپێی ئەڵێ کاتی ئەوە هاتوە ئیتر بۆ خۆت ئیسراحەت بکەیت!. لەو رۆژەوە چیتر ئاوازێکی ئەوی نەخوێند، بەڵام هەر لەوکاتەوە وبۆ ماوەی بیست ساڵ ئەو موزیکسازە بلیمەتە رازی بوو وەکو عود ژەنێک لەدوای کەلەسومەوە دابنیشێ، لە ژەنینی مۆسیقای ئەو ئاوازانەی کە ئاواز دانەرانی تر وەکو ریاز سونباتی و محمد عبدالوهاب و بلیغ حمدی و محمد ئەلمەوجی وئەوانی تر بەنۆرە بۆیان دائەنا بەشدار بێت، بەمەرجێک ئەو نەبوایە ئوم کەلسوم هەر لەبواری تەواشیحی ئاینیا ئەمایەوە. زۆر جار لەخۆم ئەپرسم بڵێی لای ئێمە لەبوارە هونەریەکەیا کەسانی ئاوا لەخۆ بوردومان هەبێ؟.

گۆرانیە بەناو بانگەکەی ئوم کەلسوم (الأطلال)، کە بە باشترین گۆرانی عەرەبی لەسەدەی بیستەمدا دائەنرێ. بێگومان (شیعرو ئاوازو ئەدا) بزانین بەچ دڵسۆزیەک وئازارێکەوە دروست بووە! شاعیرەکەی کە دکتۆر ابراهیم ناجیە، کاتێک خوێندکار ئەبێت حەزلەکچێک ئەکا، بۆخوێندنی توب ئەچێتە دەرەوەی وولات، کە ئەگەرێتەوە ئەیەوێ بیدۆزێتەوە، شەوێکی درەنگ بەتوندی لەدەرگاکەی ئەدرێ، ئەبینێ پیاوێکە ئەڵێ دکتۆر فریامان بکەوە ژنەکەم لەسەر منداڵ بوونە، ئەیبینێت خۆشەویستەکەی خۆیەتی و شویکردووە، منداڵ بونەکەی بۆ ئەکاو کەئەگەرێتەوە قەسیدەی اطلال لەژێر ئیحساسی ئەو کاریگەریەیا ئەنوسێت. کە ریاز سونباتی ئەیخوێنێتەوە زۆر بەدڵی ئەبێت، نزیکەی یەک ساڵ خەریکی ئەبێ تا ئاوازەکەی بۆ تەواو ئەکا، ئاوازی کۆپلەی یەکەمی شیعرەکە لەسەر مەقامی راحة الأرواح(هوزام)ە لەکۆپلەی دووەما کە شیعرەکە زۆر غەمگینی پێوە دیارە ئەچێتە سەر مەقامی سەبا کە بەو جۆرە دەربرینانە ناسراوە، دواتر مەقامی کورد و نەوا و گەرانەوە بۆ هوزام. لێرەیا ئەوەی مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە کە ئاوازدانەری بلیمەت لەخۆیەوە ئاوز دانانێت، پێش ئەموو شتێک شیعرەکە تەواو تێ ئەگا. دواتر ئاوازەکە لەسەر رۆحی شیعرەکە دائەنێ.

کاتێک کە سونباتی ئاوازەکە تەواو ئەکا لەگەڵ ئوم کەلسوم دائەنیشن گوێی لێبگرێ، ئەڵێن ئوم کەلسوم لە قفلی گۆرانیەکە واتا رستەی کۆتایی رازینەبووە، وتویەتی بەرزە نزمی کەیتەوە خۆشتر ئەبێ چوار ساڵ لەسەر ئەو کۆتاییە کە نیو دێرە گۆرانیەکە پەکی ئەکەوێ.

دواجــار رازی ئەبــێ وکاتێــک کەلە ســـەر شـــانۆ بەو بەرزیە کۆتـــایی بەگۆرانیەکە ئەهێنێ، هەموو ئامادەبوان لەجوانی گۆرانیەکەو ئەو قفڵە کە بەئەدایەکــی بەرزو حەماســی هەروەک ســـونباتی داینـــاوە ئەیڵـــێ هەڵئەسنە سەرپێیو ماوەیەکە باش چەپڵەی بۆ لێئەیەن. کەلسوم دوای ئـاهەنگەکە نـاجێتەوە بـۆ مـاڵەوە یەکـسەر ئەچێت بـۆ مـاڵی سـونباتی وبەگریـانەوە داوای لێبـوردنی لێئەکا چـۆن چـوار سـاڵ ئەو گـۆرانیەیەی لەبەر شتێک راگرتووە کە خۆی واتا کەلسوم هەڵە بووە تیایا.

ئازیزێک وتی: ئـاوازێکی خۆشـم بـۆ شـیعرێکت دانـاوە، کە گـوێم لێبـوو وتم ئەی دەست خۆش شیعرێکی سەنگینی شـانزە بڕگەیی پڕ لەعـاتیفە ئـاوازێکی دەهــۆڵی جوانــت بــۆ کــردووە!. گـۆرانیبێژێکی خۆمـان ئەیگـوت شـــیعری گـــۆرانیە چـــوار دەقەیـــیەکەم خـــۆم و فڵانـــی شـــاعیر نوســیومانە!.خەڵکــی ئــێمە نــازانن کە شــیعر جــگە لەمەســەلەیەکی ئیحساسی بـابەتێکی مەعریفیـشە نـالی وسـالم و مەحـوی ودواتـر گۆران و هێمن خوێنەواری سەردەمی خۆیان نەبوونایە نە ئەبوون بەو شـاعیرانە، ئێـستا سـەردەمی زێڕینی نەخـوێنەواریە لەشـیعرا. بـۆیە بێ دودڵی ئەگەر کەسێک بەچەپکێ گوڵەوە بۆ قەبری شـیعر گەرا، بیهێنە بۆ سـەر لاپەرەی رۆژنامەو گۆڤارە شیعریەکانی خۆمان.

## ■ دروشمی حەماسی

ئەڵێن لەسەر دەمی مەلەکیدا رۆژێك زۆربەی مەکتەبەکانی بەغدا، بەهوتاف و دروشمی حەماسی لەمەڕ بەڵی بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ لەگەڵ قەوارەی زایۆنی و نا بۆ تەسلیم بوون بەداگیرکەر، ئەرژێنەسەرجادەکان و بەرەو بارەگای سەرۆك وەزیران بەرێ ئەکەون. کاتێك نزیك ئەبنەوەپێیان ئەڵێن تکایەنەختێك هێور بنەوە، بێدەنگ بن ئێستەجەنابی پاشا قسەتان بۆئەکات، باوەڕ ناکەن، بەلام قسەکەراست دەرئەچێ و سەرۆك وەزیران لەباڵکۆنی باڵەخانەکەیەوەسەر دەرئەهێنێ و بەبڵند گۆ پێیان ئەڵی چیتان ئەوێت؟ داواکارییەکانتان چیەبا بۆتانی جێبەجێ بکەین.

قوتابییەکان هەموو بەیەك دەنگ بەڵی بۆ شەڕ و مقاوەمەت نا بۆ ترسنۆکی و دانیشتن و دەست بەکلاوەوەگرتن، ئەویش ئەڵێ زۆر چاکەبەلام کێشەیەکمان هەیە، ئەڵێن هیچ شتێك رێ لەفیداکاری لەپێناوی ئەو دۆزەموقەدەسەیا ناگرێت، پێمان نالێی کێشەچیە؟ پاشا ئەڵی خۆتان ئەزانن ئەو شەڕەشەڕی مان و نەمانە، هەموو تێکرا بەجارێ بەرەو سەرکەوتن، پاشا ئەڵی ئەوشەڕەپێویستی بەژمارەیەکی زۆر لەسەربازی فیداکارە، ئێمەش حاڵی حاز لەڕووی هێزی بەشەریەوەنوقسانیمان زۆرە، بۆیەهەر ئێستەتەلەفۆن بۆ جەنابی

وەزیری بەرگری ئەکەم ئەڵێم گەنجێکی خوێنگەرمی بێ شوومار ئامادەی فیداکارین، ئەوا ئەیانئێرم بۆ لاتان تکایەهەموویان لای خۆتان قەیدکەن و جلی سەربازی و چەك و تەقەمەنیان بەنێ.

دەفەرموون تەشریفتان بەرن بۆ بەر وەزارەتی بەرگری، تاوەکو ئێوەش ئەگەن ئەوان هەموو شتێکتان بۆ حازر ئەکەن و ئاواتی شەرەفی بەشداربوونی ئەوشەرەنەتەوایەتیەتان دێتەدی.

یەکێك ئەو رۆژەلەناو خۆپیشاندەرانا بووەئەگێرێتەوەئەڵێت، دوای ئەو قسانەحەماسی خۆپیشاندەران یەکسەر رەویەوەو موزاهەرەتەفرەقەی کردوو هەریەکەو چووەمالی خۆی.

ئەمەم بۆ برادەرێکی نووسەری دڵ پڕلەخرۆش و قەڵەم ئاگرین گێرایەوە، وتی: شەرت نیەئەوانەی هاندەری خەباتن خۆیان بەخەستی تێی کەون، وتم ئەی چۆن؟ وتی: ئێمەتەنیا بەقەڵەمەکەمان بەشداری ئەکەین. وتم: ئەی باقیەکەی لەسەر کێیە؟ وتی لەسەر ئەوانەکەنازانن قەڵەم بگرن.

## ▪ ڕاگەیاندنی بێلایەن

شـەممە: بەبـۆنەی رۆژی کرێکـارانەوە پیرۆزبـایی خۆمـان ئاراسـتەی سـەرجەم کرێکارانی کوردسـتان و جیهـان ئەکەیـن و هەروەکو هەمیـشە دوپـاتی ئەکەیـنەوە، کە تەنهـا و تەنهـا بەهێـز و بـازوی ئێـوەی چینی زەحمەتکـێش کوردسـتان ئـاوەدان ئەبێـتەوە، یەك ریزیـی ئێـوە چقڵـی چاوی سەرمایەدارنە.

یەکـشەممە: بێـشك سـەرمایەگوزارانی کوردسـتان چینێـك یـان تـوێژاڵێکی هەرە خەمخـۆری ئـاوەدانکردنەوە و بەرەوپێـشچوونی کوردسـتانن، بـۆیە لەدڵەوە پیرۆزبـایی جەژنـی دەوڵەمەنـدبوونتان لێـئەکەین و هیـوادارین هەمـوو سـاڵێك بەخێـر و بەرەکەتـی زیـاترەوە بگەڕێتەوە سەرتان.

دووشـەمە: بەرزی رائەگـرین یـادی دامەزرانـدنی و ئەوەنە سـاڵ لە خەبات وتێکۆشانی بێ وچانتان بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕەی سۆسیالیزم و پاشـان کۆمـۆنیزم لەم وڵاتە و، بەدڵنیـاییەوە ئەڵێـین کە رۆژێـك دێ مارکسیزم جارێکی دیکە لەسەرپێی خۆی ئەوەستێتەوە و سەرمایەداریی و هەموو ئەفکارێکی کۆنەپەرستی تر رائەماڵێ.

سێ شەمە: گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی یادی دامەزراندنی حیزبی بەرەکەت وفەزیـلەت ئەکەیـن و تەمەن درێـژی بـۆ پێـشەواکەی مەلا

نورئەلدین ئەخوازین و بەم بۆنەیەوە دوپات و سێ پاتی ئەکەینەوە، کە بە دروستبوون وهاتنەکایەی ئیۆەوە جارێکی دیکە ئەهمیەت بۆ ئەخلاق لەناو کۆمەڵگای ئێمەیا گەڕایەوە، دەی خوا دەست بە باڵتانەوە بگرێ وموەفەقتان کا ئینشەڵڵا.

چوار شەمە: تەنها و تەنها بە یەکڕیزیی و یەکدەنگی و یەك هەڵوێستیمان ئەتوانین ئەم دەستکەوتە مەزنەمان کە لە سایەی راپەرینی گەلە ستەم دیدەکەمانەوە، هاتۆتەدی و شکۆمەندی قوربانیانی ئەنفال و هەڵەبجە و هەموو شەهیدانی رێگای رزگاری کورد و کوردستان بپارێزین.

پێنج شەمە: پێشکەشکارە بە ئەزموونەکەی بەرنامەی تەلەفزیۆنە بێلایەنەکە کە حیزبێکی خێرخوا لە رای خوایا لەپەناوە دەستی پێوەیەتی، میوانێکی بانگ کردووە و لە بنەوە لەگەڵی رێککەوتووە کە مایك و کات لەخزمەتیا مەفتوحە تا بۆی ئەکرێ بە سەر ئەفزاڵ و چاکەی حیزبی (بۆت نەمێنم کوردستان) و سەرکردەکەیدا هەڵیدا. لەعەینی کاتیشا پێی ئەڵێ بتبینم بزانم چۆن شرۆشیتاڵی حیزبی هاوپەیمان نیشانی بینەرانی ئەم شاشە رەنگینەی ئێمە ئەیەیت، کە خوا شاهیدە لەوەتەی دامان مەزرانووە لەو شیعارەی خۆی کە ئەڵێ یەکڕیزیی گەل شوعارێکی مەرحەلی نییە بەڵکو ئامانجێکی ستراتیژ و دوورخایانە لای نەیاوە.

جوعمە: ئەو راگەیاندنە نازناوی باشترین راگەیاندنی لەلایەن ئەو خەڵکەی کە خۆی هەڵیبژرادوون و پرسیاری لێکردوون و هەروەها رێکخراوی (ئێم ئای دی) جیهانییەوە کە رێکخراوێکی لاکۆڵانە و ستاف و مقەڕەکەی بریتییە لە کۆمپیوتەرێك و پیاوێکی بێ ئیش، پێبەخشرا.

## ▪ راوێژکاری سیاسی

هـیچ گەلێـک وەکـو ئەم کـوردەی خۆمـان دەسـت رەنگـین نـیە لەبەهەدەردان و بێ ئەهمیەت سەیرکردنی تواناکانی، تۆ سەیرکە دەیان و سەدان لەجوانترین و باشترین کادری تەکنۆکراتی لەهەموو بوارەکاندا هەیە، بەڵام ئەوەنەی نەخوێنەوارو نیمچە خوێنەوار خاوەنی شەهادەی هەوانتە لە هەمـوو جومگەکانـا ئەبینی، بەرێـژەی یەک لەسـەر سـەدی ئەوانە نـابینی، یـان ئەگەر هەش بـن هـیچ کاریگەریەکیـان نـیە وەیـان راستتر بەقسەیان ناکرێت.

لەهەمـوو شـوێنێکی دنیـا پـرس و را بەخەڵکـی شـارەزا کـۆڵەکەی بنچینەیی هەر بڕیارێکە لەهەر بوارێکی ژیاندا بێت، ئەگەر پیشەسازی بێ یـاخود تەندروسـتی یـان کـشتوکاڵی، یـان ئـابووری یـان سیاسـی و هەتـا دوایـی ئەو جومگـانەی کە ژیـانی مرۆڤی لەسـەر ئەوەسـتێ وگـرنگە بـۆ بەردەوامیی و بەرەوپێش چوونی ئەو ژیانە.

لەدنیـای مەعـریفەت وپێـشکەوتندا، ناوەنـدی راوێژکـاری هەیە کە چەنـدین پـسپۆڕی تیـایە و وەکـو ئیختیـساس لەو بـوارانەدا نەک هەر خوێنـدویانە، بەڵکـو خیبـرەی عەمەلی چەنـدین ساڵیـشیان هەیە. ئەو نێوەندانە باوەڕپێکراون و لە پای دانی هەر مەشورەتێکی سیاسی وەیان قـانونی یان ئـابوری و هەتـادوایی هەقی ئەو کارە وەرئەگرن، واتـا بەپـارچە

کـار ئەکەن. بە کـوردیەکەی تـاعین نەبـوون بەمـووچەو رۆژانە بێکـار دانیشن و چاوەڕێبکەن داخۆ کەی کەی راوێژێکیان پێ ئەکەن.

لەئەمریکا پـلەیەک هەیە پێی ئەڵـێن راوێژکـاری ئەمنی قەومـی ئەو وڵاتە، ئەم کەسـە لەروی تایبەتمەنـدێتیەوە ئەبێ جـگە لە سـیڤیەکی تێرو تەسـەل جێگەدەسـتی لە بـوارێکی گرنگی ئەو وڵاتەیا دیـار بێ. واتـا ئەگەر کاتێک سەرۆک ناوی کەسێکی بۆ ئەو پلەیە هێنا ئەبێ تەواو دڵنیا بــێ لەوەی کە هەڵبــژرادە جــوانەکەی، نـــابێتە مـــایەی لاقرتـــێ و حیلکەحیلکی رکابەرەکانی، خۆی وحیزبەکەی لەکۆنگرێس.

کەواتە وەزیـفەی راوێژکار هەروەکو هەمـوو وەزیـفە بەرزەکانی کانی دیـکەی دنیـای عـیلم ومەعـریفەت، زۆر هەسـتیارە و ئەبێ زۆر بەئاگـاوە دەسـتی بـۆ ببـرێ، هەر بۆنمـوونە وەزیـری خەزێـنەی ئەمەریکـا ئەبـێ کەسـایەتیەکی زانـاو خـاوەن بیرۆکەی داهێـنەر بێ، لەبـواری دنیـای پـارە تـاوەکو ئیـدارە جـورئەت بکاو بڵی فڵانـم دەسـت نیـشان کـردووە بـۆ ئەو پۆستە.

ئەمە لەو وڵاتـانەی کە حساب بۆ ئەهلی کارو ئیختیساس ئەکەن و تەجـرەبەو زانیاریەکانیـان بەهەنـد وەر ئەگـرن. بەڵام لە وڵاتـانی ئەمـدیو بەحـرکەوە دەرچـووی بەشی علـومی شـەرعی لەبـری دەرچـووی علـومی سەناعی، ئەبێتە وەزیری سەنعەت سازی.

برادەرەرکەم وتی: ئەرێ لەسۆماڵ واباوە دوای موناقەشەی ریسالەی دکتـۆراو ماسـتەر هەمـوو تێکـرا موشـریف و لیژنەی موناقەشـە لەسـەر حسابی خوێندکارەکە ئەبرێن بۆ مەتعەم، بۆ قۆزی خواردن ئەوە چۆن

ئەبێ؟ وتم: وەڵڵاهی خۆی نابێ، بەڵام رەمبێکم لەبەر ئەوە بێ لەتەنیشت پـــلەی زۆر بـــاش یـــان ئیمتیـــازەکەوە بـــشنووسن خـــوا هەڵنـــاگرێ موناقەشەیەکی بەلەزەتیش بوو.

هەر ئەوە برادەرە لێی پرسیم ئەرێ هەندێک لەم سیاسەت مەدارنە ئەو جۆرە راوێژکارانەیان بۆ چیە کە هیچ نازانن وتم: ئەمانە سودیان زۆرە وتی: تێناگەم! وتم: ئەگەر کەسی لەخۆیان زیرەک ترو بەئاگادار ترو تێگەیشتوتر لەدەوریان بێ ئەی بەکێ بڵێن شەکرت شکان وانیە.

## ▪ ڕۆژی جلی کوردی

کە ئەگەڕێتەوە بۆ کوردستان بەتایبەتی بۆ ئەوشارەی کەلێی ژیاوی، چەن ساڵیک لەتەمەنت بەرەو گەنجی و گەرمەوو گوڕی بیرەوەیەکان لا ئەکاتەوە. یەکێک ئەڵێ باشە خۆ تاراوگە، هەموو وەسائیلێکی ژیانی بەزیاوە لێیەو ئەگەر نەخۆش کەوتیت خەڵک لەوڵاتەوە ئەگەر دارا نەبێ و بیەوێت سەفەری عیلاج بکات ئەبێ ماڵو حاڵی خۆی بۆ بفرۆشێ، تۆ خۆت لەوێیت بەشی زۆری عیلاجەکەشت دەوڵەت ئەیدا پیاو لەوێ گەنجتر ئەبێتەوە یان بێتەوە بۆ ووڵات!.

شاعیر ئەڵێ شام شەکرە بەڵانەکی ووڵات شیرینترە، ووڵات وەکو ئەو تاجی لەش ساغیەیە ئەوەی نەخۆش نەبێ نایبینێ ووڵاتیش ئەوەی غەریب نەبێ هەستی پێ ناکا.

لەو شیرینیانە وەکو بیرەوەی قۆناغی سەرەتاییم تاک وتەرا نەبێ هەموو جلی کوردیمان لەبەر ئەکرد، بەڵام کەچووینە قۆناغی ناوەندی ئیتر جلی کوردی مەنع بوو ئەبوایە پانتۆڵمان لەبەر بکردایە. زۆری پێچو تا راهاتین، ئەوساڵە بەسەردان گەرابومەوە کاک کوردستان کوردستانیم لە بازار توش هات، وتی کاتێکی باش هاتویتەوە حەفتەیەکی ماوە بۆ ڕۆژی پۆشینی جلی کوردی. وتم: وەڵا جلی کوردیم نیە بەهەردو دەستی کێشای بەسەری خۆیا، ئەمە یەک ببینم کوردێک ڕۆژتا ئێوارە

باسی کوردایەتی بکاو دەستێ جلی کوردیی لەماڵەوە نەبێ! خۆت تەنز ئەنووسی ئەمەیش لەسەر خۆت ئەنووسی، یان عەیبی خۆت نابینی! بەڵام بەسیتە ئەوە خەیات هەرخۆیشی قوماشی هەیە، ئەنازەی ئەگرتم بەخەیاتەکەی ئەوت ئەم کوردە عەیارە بیستو چوارە جلی کوردی نیە. دەست و بردێکی لێبکە بۆ رۆژی پۆشاکی کوردیمانە! قات لەکاتی خۆیا تەواو بوو، وتم: ئەی پشتێن وتی: لەبازار حازری هەیە ئەی بە نەخوێن؟ وتی: تیایەتی سەیرم کرد لەقوماش دروستی کردووە، وتم: جاران پڵیتەمان تێ هەڵئەکێشا ئەمە چیە؟ وتی: کاکە باوی پڵیتە نەما ئێستا ئەمەیە. بەڵێ باشە چووم پشتێن بکڕم وتم: مامە گیان پشتێنێکم نایەیتێ وتی: چەن مەترێ باوانم؟ وتم:وەڵا لەسێ مەتر کەم تر بەعەمەل نایە، دانەیەکی پیشان یام وتی: ئەم رەنگەت بەدڵە وتم: بەدڵمە بۆی پێچامەوە رۆژی مەخسەد لەبەرم کرد پشتێنم بەست لە دوو با زیاتر بەناو قەوما نەهاتەوە! خوایە بۆ وا کورتە پێوام دومەتر کەمتر بوو؟ چارم نەبوو کاک کوردستانی بەجلە کوردیە جوانەکانیەوە لەسەهۆڵەکە چاوەڕوانمە قیروسیام کردو بەنەخوێنی شەرواڵم تاتوانی شەتەک یا وپشتێنم بەست و بۆی دەرچووم ئەو رۆژە وابزانم لەناو ئاپۆرەی ئەو خەڵکەیا کە بەبۆنەی پۆشینی بەرگی کوردیەوە هەریەکە بە نەوعێک خۆیان ئەنوان، ئەوەنە لێیان جوان بوو هەر نەبێتەوە، تەنها من نەبێ لەلایەک پشتێنم مەترە تولێک بوو واتا یەک باو نیو لەلایەکی کەشەوە هەر بەوا رائەگەیشتم رووبکەمە دیوارەکەو بەنەخوێن توند کەمەوە. رۆژی قیافەی کوردیم لێ بو بە قوزەڵقورت بەیانی چوومەوە

بۆلای پشتێن فرۆش، برا پارەی سێ مەترەم یاوە ئەوە دومەتریش نابێ!
وتی: مامۆستا ئەم پشتێنانە خۆیان سێمەترن بەڵام دومەتر ئەنوێنن!
وتم: ئیستا بەنەخوێنەکەش بەرمەوە ئەویش ئەڵێ ئەم مۆدێلانە خۆیان توندن بەڵان جار جار شل ئەنوێنن.

## ▪ ڕۆشنبیریمان لەدەستێکی ئەمیندایە

بەگشتی نوسەرو هونەرمەندی ئێمە تاکو تەرای لێدەرچی، هەر ئەوەندە چوار کەس نەختێک بەباڵای شیعرەکەیا یان نوسینەکەیا یان مۆسیقاو گۆرانیەکەی یان نوندنەکەیا هەڵیاندا و لە لایەن جەماوەرەوە کرایە کەڵە نوسەر، یان هونەرمەند، ئیتر مەگەر بلیتی بۆ بەڕی تا ببینیت. لەهەر کۆڕو کۆبونەوەیەکا ئەگەر سەقافی یان کۆمەڵایەتی یان وەکو لای خۆمان ئەڵێن ڕێزلێنان بێت ئەبێ لەریزی پێشەوە دانیشێ، و هەر ئاوڕ باتەوە بۆ وەڵام دانەوەی بەخێر هاتنی لەدواوە. لە ڕۆژئاوا هونەرمەند یان نووسەر تاوەکو بەگیان خوێنەران یان بینەران بەجێ نەهێڵێ، مومکین نیە بخرێتە خانەی گەورە ونەمرانەوە. چوونکە پاش ئەوەی کە لەنوسین یان هونەر وەستا، ئەوکاتە لەسەر کۆی کارەکانی حساب وهەڵسەنگاندنی بۆئەکرێ و لەناوەندە ڕۆشنبیری وئەکادیمەکەوە پەردەی ناوداری وناوەزایی لەسەر هەڵئەدرێتەوە. لای ئێمە پەیکەرتاشەکە حوکم بەسەر جاویدانی کەسێکا ئەیا کە جارێ لەژیانا ماوە پەیکەرێکی بۆ قوت ئەکاتەوە، دەسەڵات داریی محەلیش لەوشوێنێکی جوانا بۆی دائەنین.

لەهەموو ئەوروپا بگەرێی نابینی دوپەیکەر لەتەنیش یەکەوە دابنرێن، مەگەر ئەو دوکەسە لەسەریەک کاری گرنگی نەتەوایەتی یان ئەدەبی

یانیش فکری یان زانستی پێکەوە ئیشیان کردبێ، ئەوەشم بەش بەحاڵی خۆم نەدیوە. ئێمە لە پەنجا مەتر مورەبەعا پەیکەری پێنج شاعیرمان داناوە کاتێک بینیم وتم: ئەوەچیە کۆبونەوەیان هەیە یان مانیان گرتووە؟. بۆ رەمزە سەقافی ومەعریفیەکانی ئێمە هەر ئەبێ شاعیر بن، باشە کتێب خانەی گشتی هەر دیوانی شیعری لێیە، یان سەدەها جۆر کتێب لەهەموو بوارەکانی زانست وفکرو ئەدەبی لێ دانراوە ؟ ئەگەر مەرجە ئەوەندە پەیکەری لێ دابنرێ هەرچەندە لەروی زەوق وجەمالیەتەوە بەداخەوە زۆر لەخوارەوەیە، بۆ پەیکەری مامۆستایەک یان نوسەرێکی ناوداری کورد یان کەسێک کەلەبواری زانستیا کاری کردبێ لێ دانەنراوە یان ئێمەش وەکو پاکستانی سەد ساڵ لەمەو بەر هەر شیعر بەمەعریفەت دائەنێین؟ هەرچەندە ئەویشمان بەدەست لەشیعر بەرەیکان چ وەکو شاعیر یان بڵاوکەرەوەکانی وەکو هەموو بوارەکانی تر بەقورا چووە.

کابرا چەن جارێک بانگهێشتی تەلەفزیۆن کرابوو وەکو خەبیر لەکاروباری روسیدا و قسەکانی بەهەند لێوەر ئەگیرا وتم: رەنگە ماوەیەکی باش لەروسیا ژیابێ. وتیان: بۆ یەک سەعاتیش روسیای نەدیوە، وتم: کەوابێ روسیش نازانێ -حەیفت نەکرد یەک حەرف!! ئەی چۆن شارەزای ئەوزاعی ئەوێیە؟ -کاکە ئەوەنە بەقورسی وەرمەگرە و بۆ خاتری خوا مەشیوروژێنە با ئەمەریکاشی ئەخاتە پاڵ کێبەکێیە لەمیدیای ئێمە، بەخوا دوێنێ ئێوارە کەتەواو بوو موزیعەکە یەک دنیا دەست خۆشی شیکاری وشرۆڤە بەنرخەکانی لێئەکرد و گفتی لێوەرگرت کە هەموو جارێک ئامادەی شاشە رەنگینە بێ مەعریفەتەکەیان بێت.

یەکێک شرۆڤەی دوکۆپلە (شیعری) خانمۆڵەیەکی تازە هاتووە ناو جیهانی نوسینەوە کردبوو، هەزارو پێنج سەد وشەی لەسەر نوسیبو،

وتم: ئەگەر شیعرێکی گۆران شرۆڤە بکا ئەبێ چەنی لەسەر بنوسێ، سەد هەزار ووشە!وتیان نەوەڵا رەنگە بە سەد ووشە تەقەی لێهەڵسێنێ.

رێکلامێکی جوانیان بەدەنگ ورەنگەوە بۆ سیمیناری روناک بیرێک کردبوو بەناونیشانی ئاستەنگەکانی بەردەمی دروست بوونی دەوڵەتی مەدەنی، بەرێزیان بەرێگاوە تالای هۆڵی سیمینارەکە سێ موخالەفەی مروریان کرد، لەدڵی خۆما وتم: یەکێک لەو ئاستەنگانە خۆیەتی.

لەگەڵ نووسەرێکی بەلجیکی لە قاوەخانەیەک دانیشتبوین پێشتر لێکۆڵینەوەو وتاری رەخنەیی لەسەر هونەری تەشکیلی ئەنوسی، دیار بوو تەمەن زۆری بۆ هێنابو.وتم: دەمێکە نەم بینیویت ئێستا چی ئەکەیت وتی تەقاویت بوم لەنوسین، بەڵام جار جار بەخۆبەخشی بابەتێک بۆ بڵاو کراوەیەک لەخانەی بەساڵاچوان ئەنوسم، بزەیەک گرتمی بەڵام نەم هێشت بزانێ بەو پێنەکەنیم بەخۆمان پێکەنیم، لەدڵی خۆما وتم لەووڵاتی ئێمە کەسی وەکو تۆ ئەوەنە ساڵە نوسەرێکی پرۆفیشیوناڵ بوبێت، ئەوەنە خۆیی و خەڵک بەگەورەی ئەزانێ ، بەسەر خانەی بەساڵا چوانا بروا پانی ئەکاتەوە.

## ▪ هەمو چین و توێژەکان

زۆر شـــتمان لەزمــانێکی دیــکەوە بەتــایبەتی عەرەبــی وئینگلیـزیەوە وەرگرتـووە، بەڵام بەجۆرێـک بەکارمـان هێنـاوە، ئەگەر عەرەبەکـان یـان ئینگلیزەکان گوێیان لێبێ نازانن مانای چیە. گوێم لێبو کاک جەمالی فیتەر ئەیوت کاکە ئەم سەیارەیەی تۆ کێشەی درایم شەفتی هەیە، چاری نیە ئەبـێ هەر بگـۆرێ. درایـم درایـڤە ئینگلیـزیەکەیە کە ئەکـاتە شــەفتی لێخورین.

وشەی بەحر لەعەرەبیا ئاوێکی پان وبەرینە رەنگە چەنەها ووڵاتانی لەسـەر بێ بـۆ نمـوونە دەریـای ناوەراسـت. لەلای ئێمە بە ئاوی بەنـدوای دوکـان ودەربەنـدیخان ئەڵـێن بەحـر! عەرەب دەمـێکە ئەوەیـان حەل کردووە ئەڵێن بوحەیرە کە بچوک کراوەی بەحرە ئەوەش ئەگەرێتەوە بۆ کـــاری زمانەوانەکانیـــان و بەکارهێنـــانی زمـــانێکی تەندروســـت لەمیـدیاکانیانەوە، کە وا لە گـوێگر ئەکا بەشـێوەیەکی راسـت زمـانەکەی خـۆی فێربێ، چـوونکە ئەوو ووشـەو دەسـتەواژانەی کە نـوخبەی ئەدەبی وسیاسی بەکاری دێنن، ئەبێتە زمانی خەڵکە عەوامەکەش.

ئەوەی لای ئـێمە ئەگـوزەرێ سەدوهەشـتا پـلە بە پـێچەوانەی ئەوانەوەیە راگەیانـدن و نوسـەری هەرزە نـووس زمـانی عەوامەکەشـی شـێواندووە. بەواتـایەکی ئەگەر ئەو راگەیانـدنە وازیـان لێ بێنێ خۆیـان

بەکوردیەکی سافتر وپاک تر و بەرزتر لەزمانی ئەو راگەیاندنەی کە بە مەقال و دراماو قسەو دۆبلاج و ژێرنووسی فیلمەکان چوونەتە هەموو ماڵێکەوەوە قسەئەکەن. هەندێک دۆستی نزیکم سەیرانێکی خێزانیان رێکخستبوو منیشیان وەکو میوان بەلوتفێکی زۆرە بانگهێشت کرد، لەوێ مناڵەکان نەختێک دوور لەئێمە بەکەیفەوە یاریان ئەکرد، دواتر هاتنەوە وتیان زۆر خۆش بوو یەک دنیا یاریمان ئەنجام دا!. لەئاستی ووشەی ئەنجام دا بزەیەک گرتمی، لەدڵی خۆما وتم: جاران کە ئێمە وەکو ئەم مناڵانە خەریکی یاری بووین، نەمان ئەوت ئەنجام -مان دا، ئەمان وت کرد. لەهەموو زمانە زیندوەکانی دنیادا بەردەوام زمانەکەیان بەرەو ئاسان وئاسانتر ئەچێت، چونکە تەبیعەتی هەموو شتەکانی تر وایە، ئەوەی لەم راگەیاندنە نوسراو بینراوەی کوردیمانا ئەبینرێت پێچەوانەی ئەو مەنتیقەیە. لەبری ووشەی کرد واتا کۆبەنەوەیەکیان کرد ئەڵێن ئەنجامیان دا کە یەکەم درێژکردنەوەیەکی بێ مانای ئەو ووشە کورتەیە، کە بەسێ پێت ماناکە بەتەواوی ئەیا بەدەستەوە دووەمیش ئەنجام دان قەت ئەو واتایە نابەخشێ.

کاتی خۆی لە سلێمانی بەنیوەی یەکەمی یاری تۆپی پێ ئەوترا ئافتایمی یەکەم، کە لە ئینگلیزیەوە وەرمان گرتبوو واتا هاڵف تایم کە ئەکاتە نیو یان لەبری هاند بۆڵ واتا تۆپەکە بەر دەست کەوتووە ئەمان وت هەم بۆڵ، ئەمانە هەڵە بوون بەڵام عەرەب وتەنی شایع بوون واتا هەموو خەڵک بەکاری ئەهێناو موشکیلەمان نەبوو لێشی تێئەگەیشتین. عەرەب ئەڵێن هەڵەیەکی شایع(باو، بڵاو) لەزمانا باشترە لە راستێک کە

کەس بەکاری ناهێنێ. بەنزینە خراپەکەی بازرگانە خراپەکان فیت پەمپی نەهێشت، بەسایەق تەکسیەکم وت من لەجیاتی فیت پەمپ فیوڵ پەمپم بەستوە! کێشەی سوتانی نیە وتی: بەقوربانم لەکوێ دەست ئەکەوێ بابچم بیکرم!.روناکبیرێک! ریکلامی بۆ کۆڕێکی شیعریی بەم شێوەیە نوسیبوو:(رۆژی پێنج شەممە کۆڕێکی شیعری بۆ کۆمەڵێک شاعیر لەفلانە هۆڵ ساز ئەکەین و هەوڵمان داوە هەموو چین وتوێژەکانی تیابەشدار کەین). کە خوێنمەوە لەدڵی خۆما وتم: ئەدەب چین و توێژی کوا ؟ بڵێی مەخسەدی لە کرێکارو جوتیارو دەربەگ و سەرمایەدار بێت، پێکەوە لەو هۆڵە شیعر بخوێننەوە ؟ ئێوارەیەک بینم عەینەکەکەی بە پەتێک بۆ خوارەوە شۆڕکردبۆوە پیاڵەکەی دور لەبۆینباخەکەی راگرتبوو موسەقەفانە چای ئەخواردەوە، وتم:تەنک دەرئەکەویت وتی: وەڵا چیبکەم رۆمانێکم بەدەستەوەیە وتم: ئەیخوێنیتەوە؟ وتی: نەوەڵا ئەینوسم. وتم:شتێک تۆ نوسیبێتت دیارە هەموو چین وتوێژەکان ئەیخوێننەوە! وتی: هەوڵم داوە وابێ وتم: موبارەکە.

## ▪ ڕۆنە هۆڵندەکە

هەمـــوو پێـــشکەوتنێک واتـــا دەرچـــون لە پـــاکێجی قۆنـــاغێکی کۆمەلایەتی، بە بیرکرنەوەو شیوازی ژیان و داب ونەریت و هەتا توقوسی ئـاینی و ئەوشتانەیـشی هەروەکـو ئەوروپـیەکە ئەڵێـت، (بـاوەڕی خـراوە سـەر) واتـا جگە لەبـاوەرە ئەسڵیەکە کە ئاینەکەو جێ بەجێکردنەکانێتی شـتی تـریش چـۆتە سـەر ئەو بـاوەرە و بـوە بەبەشـێک لێی. بۆنمـونە وەکـو چـونە سـەر قەبـری پیـاو چاکـان و نوشتەسـازو دوعـانوس وهەتـا دوایـی ئەوشـــتانەی کە لەکۆمەڵگاکانمانـــدا هەن و لەگەڵیانـــا ئەژیـــن، ئەوانە هەمووی قەڵغانێکی فیکری وا بەهێز بەدەوری ئەقڵدا دروسـت ئەکەن، کە زۆر قورسـە شـتێکی تازە واتـا پیـشتر نەبینراو یان بیستراو بێت و بتوانێ بچێـــتە ژورەوە. ئەگەریـــش خەڵکانێـــک هەبـــن، ئەو تەوقە بـــشکێنن، مەعلوم ماوەیەکی زۆر بەر نەفرەتی کلتور پارێزان ئەکەون و ئەبنە مایەی گاڵتەجـاری عەوامەکە. بیـرم دێ کـاتی خـۆی ئـێمەی منـاڵ، لەقۆنـاغی سـەرەتاییا بەجلـی کـوردیەوە ئەچـوین بـۆ مەکەتەب، کاتێـک چـوینە ناوەنـدی بەقـانون یاسـاغ بـوو ئیتر بەوجلانەوە لەسـەر تەختەی خوێنـدن دانیشین، ئەبو پانتۆڵ لەپێ بکەین ئەوەش ببوو بە موشکیلەی گەورەی زۆر کەس هەبوو ئەوەنـدە حەسانەکەی دژی ئەو نوێکاریە بەقـوەت بـوو، بەشـەرواڵەوە تـابەردەمی مەکتەبەکە ئەچـوو، لەوێ پانتۆڵەکەی بەسـەر

ئەوشــەرواڵە فەریحەیــا لەپــێ ئەکــردو کە تەواویــش ئەبــوو، هەمــان دەستور پانتۆڵەکەی دائەکەنەوەو ئەیخستە ناو زەفێکەوە، واتا نەئەبوو کەس بەپانتۆڵە بیبینێ چوونکە عەیب وشەرمەزاری و عار بووا!.

ئەمە هەرلای ئێمەی کورد نەبوو، لەو رۆژانەیا دەکومێتێکم بینی کەلەیەکێـک لەماڵپەرەکـانی ئەنتەرنێـت بـڵاو کرابـۆوە، دەقـاو دەق ئەو بەگژا چونەوەیەی تازەگەریە بوو لەمیسر نامەیەکی ئەحمەد عرابی پاشا رابەری شۆرشی میسری ساڵی ١٨٨١ بوو کە لە مەنفاکەیەوە لەسیلان بۆ کورەکەی حسن عرابی نوسیویەتی، دیارە خەبەری پێگەیشتووە کە حەزئەکا پاسکیل بکرێ، پێی ئەڵێ: ئەمما ئەو عەجەلەیەی کە بەپاسکیل ناوئەبرێ و حەزئەکەیت سواری بیت، کورەکەم بزانە کەئەوە خەتەرێکی عەزیمی لەخـۆی گرتـووە، بڕوانـاکەم هـیچ عاقڵێـک بەکاری بهێنێـت، چوونکە خەڵکێکی زۆر بەهۆی ئەوەی کەلەسەری بەربونەتەوە مردوون، یەکێـک لەوانە بـرای قەیسەری روسیایە، خەڵکێکی زۆریـش دەسـت و قاچیـان بەهـۆیەوە شـکاوە، ســەرەرای ئەوەش زۆرلەوانەی کەبەکـاری ئەهێنن توشی نەخۆشی دڵ بوون! کە ئەویش سەبێکە بۆ وەفـات کـردن بۆیە نەسیحەتی من بۆ تۆ ئەوەیە لەبری ئەو بەڵایە قاچەکانی خۆت کە خـوا بـۆ رۆیـشتن پێیی بەخـشیوی بەکـاربێنێ، یـانیش چی زۆرە ئەسـپ وکەرو هێـستر و عەرەبـانە زۆرە ئەوانە زۆر شـەرافتمەندار وموعەزەز تـرن لەو دەعبایەی کە کەڵکەڵەی کرینیت چۆتە سەر.

کاتێـک کە خەتـی شــەمە نەفەر لە بیـستەکانی ســەدەی رابــوردوا لەبەینی بەغـاو بەسـرایا لێ ئەدرێـت، دیاریـشە قیتـار خێراتـر لە حوشـترو

کەر و بەپـێ ڕۆیـشتن بنیـایەم ئەگەێنێـتە شـوێنی مەخـسەد، بـۆیە خەڵـکەکە بەپیـریەوە ئەچـن. پیـاوێکی ئـاینی ئەو نـاوچەیە لەوتـارێکی حەماسـیا بـۆ ئەوخەڵـکە ئەڵی: ئـای کە شـورەیی و لەدیـن و سـونەت و سـەلەفی سـاڵح لادانە، کەلتـوری بـاب و باپیرانتـان بەجێ ئەهـێڵن، دوای بـــودعەی کـــافران ئەکەون، (مەبەســـتی شــــەمەنەفەرەکەیە)و زۆر بە حیـــدەتەوە ئەڵـــێ ئەی خەڵەتـــاوان (اترکـــون حمیـــر الله و ترکبـــون الـــشمندوفر) واتـــا ئەوکەرەی کە خـــالق عەتـــای کـــردووە پێتـــان، واز لێئەهێنن وسواری قیتار ئەبن)!.

کاتی خۆی لەم کوردستانەی خۆمان هەتا لەشارەکانیش هەر ڕۆنی هێزە واتا حەیوانی بۆ چێشت لێنان بەکار هاتووە، دیارە دوای دروست بوونی دەوڵەتی عێراق حکومەت ڕۆنی ڕەوکی(نباتی)لەهۆڵەنداوە هێناوە دوای ئەوەش بـــوو بەڕۆنـــی نێرگـــز کە لەتەنەکەیـــا بـــوو بیـــرم دێ لەشەستەکانی سەدەی پیشودا لە باسی نا وەجاخ زادەیی ژنانا ئەوترا عەمری نەمێنی هەر بە ڕۆنە هۆڵندەکە چێشت لێ ئەنێ!.

## ■ ریزی پێشەوە

بۆ کاک عەبو بەکرم باس ئەکرد ئەم وت: تۆ بزانە بۆنە کۆمەڵایەتی وسیاسیەکانی کورد ئەوەندە زۆرن، وەختە بڵێم ئەگەر لەساڵیکا هەزار کۆبونەوەی کۆمەڵایەتی وسیاسی و ئەدەبی وجەماوەریمان هەبێت. رەنگە لەبەرانبەر ئەوەیا، دە بۆنەی ئابوری زانستیمان نەبێت. وتی: کاکە تۆ ئەوروپات دیوە ئیتر ئەتەوێ هەموو شتێ بەکڵاو ئەوێ بپێوی، ئاخر ئەوەش ناعەدالەتیە، ئێمە جارێ زۆرمان ماوە بەو ئاستەی ئەوان بگەین. خۆ ئەوانە لەپڕێ نەبوونەتە کورێ، چەنەها قۆناغیان بڕیوە تاوەکونێ گەیشتوون بەم مەرحەلەیە. نازانم ئەڵێی هەرتۆ ئەوروپات بینیوە سەری زمان وبنی زمانت ئەوێ وا وئێرەوا، وام لێهاتووە تۆبە بکەم وجارێکی کە ئەوغەڵەتە نەکەم لەگەڵتا دانیشم، تۆ بزانە لەهیچی ئێمە رازیت؟.

بیرتە ئەو ئێوارەیە جەماعەت کەلعادە کۆبوینەوە بچینە سەری گۆیژە نەختێک دەردی دڵی خۆمان بەبا بکەین، لەکن خۆم پیاوەتیم کرد وتم: با ئەوزاتەش چەن ساڵە لەوهەندەرانە وەکو قازی کوێر دانیشتووە، لەگەڵ خۆمان بەرین هەوایە وەرگرێ. ئاگات لێبوو چۆن دانیشتن و خواردنەوەو کەیف وسەفاکەت لێکردین بە زەهری هەلایی، کاک جەمیل بوتڵە بەتالەکەی فرێ یا، وتت کاکە

نەکەی وانابی، من خەڵوزە گەشاوەکەی دوای گۆشت برژاننەکەم لەولاوە کردە سەر ئەرزەکە، شیر فەلسەفەیەکت دادرێ. وتم:خێر ئەمجارە چی بوو؟ وەڵڵا نەختێکی کە ئەگەر بایەک هەڵیکرد زیاتر ئەگەشێتەوە و ئەوناوە ووشکە وهەمووی پوش وپەڵاشە، هەرچی دارەی ئەمناوەیە وساڵەهای ساڵە خزمەت ئەکرێ ئەسوتێ.

کاک هاورێ خەیاڵ بوو جەوی خۆش بوو حەزی ئەکرد لەو لۆفە خۆشانەی گۆیژەو ئەزمەر ئەو سەیارەکە لێبخورێ، وتت ئەولێی بخورێ من نایەمەوە لەگەڵتان، لەبەر خاتری تۆ ئەویشمان مەنع کرد. کاکە ئەزانی دوای ئەوەی تۆمان گەیان جەماعەت وتیان چی؟ وتیان نەخەڵەتابی جارێکی نموونەی وا لەگەڵ خۆت بێنی.

بۆخاتری خوا واز بێنە و رەزای خۆشت لەوە زیاتر قورس وناشرین مەکە. قابیلە ئەم عالەمە هەمووی کەرو گابێت وهەرتۆ داناو عاقڵ بیت!. بەخوا خەڵکیکی خۆیت بێ بەتوشەوە، ببینێ ئاوا راستەیەکت بەدەستەوەیەو بەملیم هەڵس و کەوتی ئەوعالەمە ئەپێوی، سیو دوو دانەت بۆ ئەخەنە ناودەمەتەوە، بابزانی ئەوشەوە جەماعەت لەبەر من قسەیان نەکرد ئەگینا پەلەپیتکەت لێبانایا ئەتەقین.

وتم: ئاوا؟ دەکەواتە ئەمەیش بابچێتە سەر ئەوانی تر، گۆم تا قوڵ بێ مەلەی خۆشترە، ئەورۆژە لەشوێنک چووین بۆ بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی وسیاسی کورسیەکان زۆربەیان چۆڵ بوون، من و دوبرادەری تر بووین وتیان لەکوێ دانیشین وتم: ریزی ناوەراست خراپ نیە، خەڵکەکان هاتن وهەموو کورسیەکان پڕبوونەوە. تەنها ریزی

پێــشەوە نەبێــت کــاتێکم زانــی ئەفەنــیەک بەپەلەو فەرمــوو فەرمــوو، جەمــاعەتێکی دوای خــۆی خــستبوو هێنــانی و بــردنیە پێــشی پێــشەوە داینیشانن! وتی: ئێ کاکە رەخنە لەوەش ئەگری؟ ئەوانە خەڵکی بەڕێز و گرنگ بـوون بـۆیە بـراونەتە پێشەوە. وتم: وەڵڵا ئەوەش راستە چوونکە کاتێــک کە سیاســەت مەدارەکە هەڵــسایە بەر مــایکرۆفۆنەکە، هەر ســڵاوی لەئامــادەبووانی بەرێــز کــرد. دیــارە هەرمەبەســتی لەریــزەکەی پێــشەوە بــووە چــوونکە ئەگەر خەڵــکەکە هەمــووی بەرێــز بــوایە، هەرکەسێک بۆی هەبوو لە ریزی پێشەوە لێی دانیشێ؟.

## رەحمەتی

مەشـــهەدی یەکەم: مـردووەکە ئەبەن بـۆ سـەرقەبران و ئەینێـژن و خۆیان لەولاوە دێنەوە.

مەشهەدی دووەم: خەڵکەکە لە ماڵی تازێ بارەکە دانیشتوون بە ڕیز چا ئەخۆنەوە.

کـاک محێـدین: (دوای فاتیحـا دایـان و فـوو لەنـاو لەپـی خـۆکردن و دەســـتهێنان بە ڕیـــش وســـمێڵیا) یـــاڕەبی خـــوا عـــافوی بکـــات، ئەرێ رەحمەتیتان لەکوێ ناشت؟

کـاک حەمەڕەشـی یەکێـک بـوو لەوانەی کە لەگەڵی چووبـوون بـۆ سـەرقەبران: عەرزی بەخزمەتـت بـکەم لەسـەر وەسـیەتی خـۆی گـردی سەیوان.

کاک حەمە تۆفیـق: ئـۆف جێگەیەکی شـازە لەوە چـاکتر نـابێ یـاڕەبی خـوا چاکتـان بـۆ بکـات و جەزای بەخێرتـان بـاتەوە، توخـوا بەکام دیـوا قەبرتان چنگ کەوت؟

کـاک حەمەڕەشی: جـا بڵـێم بەکـام دیـوا قوربـان، بەخـوا شـوێنێکی بەنـسیب بـووە هەر پیـاو چـاکی وەکو ئەو بەنـسیبی ئەبێـت، بەدیـوی شـارا ئەڕوانێ نزیک سەر جادەکە باوانم.

کاک محێدین: وەڵڵا باوکم ئەتوانم سوێند بخۆم، ئێستا پیاو بۆ لای ئائەم ئەزمەر گۆیژەیە بەسەیرانیش بڕوا شـوێنی ئاوا نزیک جادەی چنگ

ناکەویٚ، مەگەر هەر لەبەیانی سبای ساڵحانەوە بڕوا لەوی دانیشیٚ.ئەی یارەبی موبارەکی بیٚ و ئەمشەوی لە هەموو شەویٚک خۆشتر بیٚت.

کاک حەمە سابیری مەساح: (لەولاوە هەڵئەیاتیٚ) کاک حەمەڕەشی ئەی قەبرەکەی بۆ ناڵیٚی توخوا چۆن قەبریٚکی بۆ هاتبوو؟

کاک حەمەڕەشی: ئەشەهەدومابیلا ئەتوت قوتووە ئەوەنە جوان و ڕیٚک بوو، بۆ دڵ تەئمینیش لەپەناوە لە گۆڕ هەڵکەنەکەم پرسی، خۆ شویٚن قەبری تر نەبووە، وتی بەوەنەی سویٚن و قورئان شویٚن قەبری تر نییە، راستیشی کرد، گڵیٚکی ئەوەنە سوور و جوان بوو دیار بوو یەکەم جار بوو نوکە پاچی بەرکەوتبیٚ.

کاک محیٚدین: (بەدەم هەڵدانی پەرداخە ئاوە ساردەکەوە بە یەک جەرڕە) ئیٚ وایە کوا پیاو بچیٚتە قەبریٚکەوە کە هەر بۆ خۆی هەڵکەنرابیٚ و کوا بچیٚتە قەبری کەسیٚکی کەوە، رەمبیٚ ئەوە هەر گوناحیش بیٚ ;لە شەرعا فەرقی زۆرە باوکم.

کاک فەریقی خەتات: وەڵڵا بابە فەرقی ئەوەنە هەیە هەر نەبیٚتەوە.

کاک حەمە سادیقی دەلاّل لەپەناوە بەگویٚی کورە گەورەکەیا ئەچرپیٚنیٚ ئەریٚ ئەو شەش دۆنمەی قەراغ شارکە کاتی خۆی رەحمەتی کریبوی کرا بە سەکەنیی، مەخسەدم فەرز کرا؟ بەڵی کاک حەمە سادیق، کاک حەمە سادیق: ئەم ئیٚستا پارەی باش ئەکا.ئەگەر ئەیفرۆشن مشتەری هەیە.

حەمەسادیق: ئەلفاتیحە

## ▪ رەگەزی ئاری

تـازە رێـم کەوتبـوە تـاراوگە و یەکەمـین جاریـشم بـوو ئەوروپـی وەکـو کۆمەڵ لەنزیکەوە ببینم، ومامەڵەیان لەگەڵ بکەم، پیشتر لەووڵات هەر لەفلمی سـینەمایا ئەمـان بینـین و مـوعجەب بـووین بە پـاک وتەمیزی وجـادەی خـاوێن و خـانوبەرەی جـوان ریزکراویـان، هەتـا ئەگـاتە دارو دارستانی هەمیشە سەوزیان.

کاتێـک گەیـشتم ئەوخوتـوراتەی کەلە ووڵات هەم بـوو دەربارەیـان، نەک هەرلەجێگەی خۆیاندا بوون، بەڵکو هێشتا زۆریشی نوقسان بوو، لەوانە رێزگـرتن لەیەکتـری، ئیحتیرامـی مەوعیـدەکانیان، حەزکـردن لەئـیش، شـێوازی وسـەیارە لێخـوڕین و جێبەجێ کردنـی قانونەکـانی هاتوچۆ هەتا ئاخیری قانونەکانی تر.

بـۆ نمـوونە کەسێک ژن یـان پیـاو کە ئیشی پـاککردنەوە ئەکا هـیچ جیاوازیەکی نیە لەڕووی قیمەتی ئینـسانیەوە لەگەڵ کەسێکی دیکە کە سەرمایە گوزارە.

لە ئالانی خزمم کە لەووڵات ناوی تەها بوو، پێشترلەمن کەوتبووە ئەڵمانیا وتەجرەبەیەکی باشی لەگەڵیان هەبوو، پرسی ئایا عیللەتی چیە کە ئەمانە ئاوا رۆژبەڕۆژ خۆیان و ووڵاتیان جوانتردێنە بەرچاو؟ وتی: کـاکە ئەمـانە رەگەزی ئـارین، نـازانی ئـاری یەعنی چی ؟ یەعنی ئەقـڵ،

پێشکەوتن، ئیش کردن، وتم: وەڵلاهی راست ئەکەی ئاخ نازانم ئەم مێشکەی من بۆ وای لێهاتووە کورە خۆ بیرم چوبۆوە کە ئەڵمان ئارین.

وتی: ئەی چۆن خۆشمان وتم: خۆمان چی؟ وتی:هەر ئارین بەقوربان یەک رەگەزین لەگەڵ ئەمانە.

وتم: باشە رەگەزی ئاری چەن نەوعی هەیە؟ وتی: چەن نەوع چیە؟ هەر یەک رەگەزو یەک نەوعە، وتم: باشە ئەی بۆ لێرە کەس هۆڕن لێنایا؟ وتی: بۆ چی لێی بەن یەکەم ئیزعاجەو دووەم پێویست ناکا. وتم: ئەی بۆ لای ئاریەکانی خۆمان ئەڵێی لەجیاتی بەنزین سەیارە بە هۆڕن ئەڕوا! وتی ئێ! وتم: لێرە هەر دکتۆر دکتۆرە، لای خۆمان دکتۆر عەلادینی موزەمەید نەک هەر لەدکتۆرە راستیەکە دکتۆرترە بەڵکو موحەلیلی سیاسیشە، وتی: ئێ! وتم:لێرە ئەگەر خەڵکێک دوای شەست وپێنج ساڵ تەقاویت بکرێت ئەڵێی تەعزێ بارە، لایەک لە ئاریەکانی لای خۆمان بەواستە هەر بەگەنجی خۆیان تەقاویت کردووە. وتی: ئێ! وتم: لە ئەڵمانیا ئەوەی ئیشی نەبێ نەخۆش ئەکەوێ، لای خۆمان ئەوەی ئیشبکا هەموو رۆژێ نەخۆشە! وتی: ئێ، وتم: لای ئاریەکانی ئەڵمان ئەگەر کەسێکیان وەفاتی کرد هەر بەعەینی رۆژ ناشتن وپرسەکەشی تەواو ئەبێ.وتی: ئەی لای ئاریەکانی خۆمان؟ وتم:رۆژێک ئەنێژرێ دوو رۆژ پرسەیە دوای چل ڕۆژ چلەکەیەتی دوای ساڵێکیش خۆت بگرە بۆ یاد کردنەوەکەی. وتی: ئەی ئیشەکانیان چی لێئەکەن؟ وتم ئیشی چی حەیفت نەکرد ئەم ئاریە حەیاتەی خۆمان هەزار ئیش ئەکا بەقوربانی چلەیەکی موعتەبەریان یادێکی رێز لێنان.

## ■ زاخاو

زانیاریم دەربارەی پیشەی زەرنگەریی لە سنووری رشنبیریی گشتی تێپەرناکا، بەڵام لەوە یەقینم کە ئێمەی کورد لەوجولەکانەوە فێری بووین، کەپێشتر لەشاری سلێمانی لەگەڵ باوو باپیرانمان ژیاوون و کاتێکیش کۆچیان کرد، ئەم پیشەیەیان لەرێگەی شاگردە موسڵمانەکانیانەوە بۆ بەجێ هێشتین.

من نەمدیوون، ئەڵێن ئیش ومعامەلەیان ساغ بووە و بۆ جیاکرنەوەی ئاڵتون لەغەیری ئاڵتون و زانینی عەیارەکەی بەردێکیان بەکارهێناوە، کە پێیان وتووە سەنگی مەحەک، حەسەن زیرەک کە ئەڵێ سەنگی مەحەکم بۆ چیە کوردی بێ غەل وغەشم، مەبەستی لەو تاقیکردنەوەیە.

لەناو کۆمەڵگای کوردەواری خۆمان قەیرو رێزی ئەوەی شووی کردووە بەبڕی ئەوئاڵتونە دیاری ئەکرێ کەبۆی کراوە، بەجۆرێک جاری واهەیە وێنەی بوکێک ئەبینین کە لەئاهەنگی گواستەوەکەیا گیراوە ئەوەنەی ئاڵتوون پێوەکراوە، ئەگەر کەسێکی نامۆ بە کەلتوری ئێمە سەیری بکا وائەزانێ یەکێکە لە شەڕکەرەکانی سەدەکانی ناوەراست و زرێ پۆش کراوە بۆئەوەی بچێ بۆ شمشێر بازی.

لەفەیسبوک وێنەی بوکێک دانرابوو شوێنکی بەتاڵی نەمابوو ئاڵتونی پیا هەڵواسن، وتم باشە خۆ بەقەدەر جامخانەی زەرنگەرێکی دەوڵەمەند ئەشیای پێوەیە! مەعلوم شەوان لەترسی دز لەقاسەیا ئەخەوێ! دیارە ئەوەش بارێکی دەرونی خراپ لەسەر دەستەخوشکە هاورێکانی دروست ئەکا، ئایا ئەگەر ئەوان شوبکەن و لەوکەمتر ئاڵتونیان پێوەکرا ئەبێ چی بکەن؟. چوونکە تازە پێوەری خۆشەوسیتی و سەنگ وقورسایی کچ کاتی شوکردن بووە بەوبڕی ئاڵتەنەی کە بۆی ئەکرێ.

لەبەر دوکانی زەرنگەرێکەوە ئەرۆیشم بینیم نووسرابوو زاخاوی دەمانچە ئەکەین! بەو برادەرەی کە لەگەڵم بوو وتم: بڵێی ئێستا ئەوخەڵکە دەمانچەی فوڵ لەئاڵتون دروست کراویشیان هەبێ؟ چونکە زاخاو هەر بۆ ئاڵتونە یان رەنگە هەر دەمانچە ئاساییەکەبێ و بە ئاڵتون دایپۆشن، دواتر حیکمەت چیە لەوەی کە دەمانچە لەئاڵتوون دروست بکرێ ؟ برادەرەکەم وتی: بۆ ئەگەر سەرلەبەریشی ئاڵتون بێ چیە؟ وتم زۆرگران ئەکەوێت، وتی: کاکە بۆ هەندێک زۆر ئاساییە، وتم: ئەوەش سەرئێشەیەکی تر بۆ ئەم کۆمەڵگا نەگبەتە دروست ئەکا، وتی: چۆن؟ وتم: لەمەولا ئەوەی بەدەمانچەی ئاڵتونی بکوژرێ فەرق وجیاوازی زۆر ئەبێ لەگەڵ ئەوەی بەدەمانچەیەکی ئاسایی بکوژرێ، وتی: تێناگەم، وتم: ئەی دیارە حسابێکی جیاوازیان بۆ کوژراو کردووە ورێزێکی تایبەتیان بۆی هەبووە. ئەگینا هەر بەعادیەکە ئەیان کوشت. بۆ دڵنەوایی ئەهلی کوژراویش، ئەوخەڵکە جگە لەوەسفی جێگەو مەکانەی مەرحووم

لەحـاڵی حەیاتیـا ئەڵـێن حەتـا لەکوشتنەکەشـیا فەرقی زۆری هەبـوو لەگەڵ خەڵکـی ئاسـاییا، بەدەمـانجەی ئـاڵتونی عەیـارە بیـستو یەک کوژراوە! هەر گریانی ناوێ.

زۆرجار دوای موناقەشـەیەکی گەرم یەکێـک ئەڵێت: ئێـستا وەختێتی با پارچەیەک مۆسیقاتان بۆ دانێم، بۆ زاخاوی مێشک، هەرچەنـدە من خۆم بەتەواوەتی لەگەڵ ئەوەم کە گەورەو بچوک ئەبێ گوێ لەمۆسـیقا وگـۆرانی بـاش بگـرێ، چـوونکە سـەرەرای ئەوەی کە خـۆراکی رۆحە بەشێکیـشە لە رۆشـنبیری گـشتی، بەڵام قەت لەگەڵ ئەوەنـیم کەپـاش موناقەشـەیەکی بێزانیـاری و بـێ سـەرەوبەرە مێـشک پێوسـیتی بە زاخـاو هەبێ، زاخـاو بـۆ شـتێکە بەکار هـاتبێ، یەکێک لەدایک بـوونیەوە تـاوەکو ئەورۆژەی ئەچینە جێگەی هەق، لەسـەدا یەکی مێشکی بەکار نەهێنابێ ئەوە مەعلومە بەسپێتی هێشتویەتیەوە ئیتر ئەم زاخاوە بۆچی؟.

## ■ ژینگە پارێز

دەمی نیوەڕۆ بوو لەلای سابوونکەرانەوەبەرەو خوار ئەبوومەوەزۆر گەرم بوو، کاك حەمە رەمەزانی ی ژینگەم بینی، چوومەبەردەمی جامێك بەفرو دۆی ساردی نابوو بەسەریەوەتا چۆڕی لێنەبری چاوی هەڵنەهێنا، سەری هەڵبڕی منی بینی. وتی: ئەی یاخوا بەخێربێیتەوە، وەرەبەخوا قەت دۆی ئاوا خۆشم نەخواردووە، کەلەتەزێنە، خاڵەگیان جامێکی بۆ تێکە، دوای سڵاوو هەواڵ پرسین وتی: دەمێکەهاتوویتەتەوە؟ وتم: وەڵڵا ئەوەنەنابێت، وتی: کاکەبۆ وا بەجارێ خۆتان ون کردووە، وتم: ئیتر ئیشکردن و مەسئولیەتی ماڵ و مناڵ و زۆری تێچوونی سەفەریش لەولاوەبوەستێ، بۆیەناتوانین خێرا خێرا بێینەوەئەگینا لەدڵەوەحەز ئەکەم لانیکەم ساڵێ جارێك بێمەوەو هیچ نەبێ، نەختێك بیرەوەرییەکانم دەمەزەرد بکەمەوە. وتی: ئێستا بۆ کوێ ئەچی وتم: وەڵڵا پیاسەی عەشواییە، هیچ کوێیەك، وتی: دەوەرەبابچین تاوێك لەشەعب دانیشین، وتم: زۆر باشە، بەدەم تێك دانی چاکەوەوتی: ئەو پۆستەرەی ئەوبەر ئەبینی؟، وتم کامە: ئەوەی ریکلام بۆ سیمنار ئەکا؟، وتی: بەڵێ ئێوارەکۆڕێکە، وتم: لەسەر خێر، سەبارەت بەچییە؟ وتی: ژینگەپارێزی، وتم: موبارەکەبەڕاستی لەکاتی خۆیایەتی لەم کاتەیا کەژمارەی دانیشتوانی شارەکان دووقات و سێ

قــات لــەخــوا بــەزیــا بــێ زیــادی کــردووەو ژمــارەی ئۆتۆمــۆبێلیش بەجۆرێکەئێستا هەر ماڵێك ئەگەر دوو سەیارەلەبەردەمی ماڵەکەیا نەوەستابێ، یەك سەیارەوەستاوە. وتی ئەی سەد رەحمەت لەباوکت، ئاخر کەسێکی وەکو من لەسەرچی ناویان لێناوم(حەمەرەمەزانی)ی ژینگە، بەخوا لەهەر شوێنێك سیمینارێك مێزگردێك لەسەر ژینگەرێکبخرێ بەدوو سەعات پێش دەستپێکردنی ئەچم و خەڵکیش تەشجیع ئەکەم بچن گوێبگرن شت فێربن. هەرچەندەئەوەهەنگاوێکە، بەڵام خۆت ئەیزانی هەموو کارێکی گەورەسەرەتا بەهەنگاوێك دەستپێئەکا، وتم: بەڕاستی ئەگەر کەسانی وەکو ئێوەی ئاوا دڵسۆز بۆ ژینگەی کوردستان یەك بگرن کاری گەورەئەکەن. وتی: چی بکەین کاکەهەروا فریا ئەکەوین، باوەڕکەهەر ئێوارەی لێدێ، ئیتر نیوەی ئەم شارەئەیەنەئەو دەشت و لاپاڵ و سەر رێگایانە، ماڵێك چایان لێناوەچەرەس ئەخۆن و توێکڵەکەی بەم لاو ئەولا تەخشان و پەخشان ئەکەن، ماڵێك یاپراخیان هەڵڕشتووەلەسەر سینی هەتا لێی ئەخۆن لێی ئەخۆن، ئەوەشی مایەوەلەگەڵ ئێسقان و مێسقان کەهاتنەوەهەر لەشوێنی دانیشتنەکەی خۆیان قلپی ئەکەنەوەسەر ئەرزەکە، جەماعەتێکی کەلەولاوەبەدەم گۆشت برژانەوەو دانەدانەبیرەهەڵ ئەیەن، کاتێکت زانی چوار دەورەی خۆیان بەشوشەی بەتاڵ رازانۆتەوە، کەهەڵیشسان بەجێی ئەهێڵن، بڕوابکەئەو خەڵکەعەلاگەی نایلۆن هەتا دایبی مناڵەکانیشیان لەوناوەفڕێ ئەیەن .

وتم: وەڵڵا ئەوەکارەساتە، بەڵام سیمینارێك چەن کەس ئامادەی

ئـەبێـت؟ وتـی ئـەگـەر لـەحـدودی سـەد کـەسـا بێـت ئـەوەسـیمینارێکی سـەرکـەوتـووە، وتـم: باشـەهـەر وتیـان ئـەمڕۆ بـەهـارەئیتر تـاوەکو ئـەڵێن پـاییزێکی درەنـگ وەختـە، هـەمـوو ئێوارانێـك لایـەکی ئـەم شـارەروو لـەو شـوێنانەئەکات. وتی: ئەزانم ئەتەوێ بڵێی قسەکردن بۆ سەد کەس ئەو سـوودەی نییـە، بـەڵام هـەر باشـترەلـەوەی کـەهیچ نـەکـەی، هیچ نـەڵێی، وتم: ئەوەش راستە، وتی: ئێستا پێت نەوتم دێی بۆ ئەو سیمینارەیان نا؟ وتم چۆن نایەم .

ئێـوارەی دوایی لای حـەدیقـەی شـەعبـەوەپیاسـەم ئـەکرد یـەك دوو بـرادەرم بینـی وتیـان: سـبـەی ئێـوارەبـەتـاڵی؟ وتـم: بـەتـاڵم، وتیـان: دەباشـەدەعـوەتی ئێمـەی، وتم لـەکوێ، وتیان: کوڕەهـەرشـوێن زۆرەلای گۆیژەچۆنە؟ وتم شـاخی رەنگاو رەنگی گۆیژەباعیسی کـەیف وسرور؟ بۆ نا، کاتێك چووینەئەوێ بینیم حەمەرەمەزان و لەگەڵ جەماعەتێك لەو لاوەدانیـشتوون (ئـەو پـشتی لـەمـن بـوو نـەیبینـیم)، ئـەوەنـەکـەیفیـان خۆشـەخـەریکن ئـەیەن لـەشـەقـەی باڵ، بوتڵێکیـان بـەرامبـەر بـەخۆیان دانـاوەو بەتفەنگی سـاچمە نیشانەی لێئەگرنەوە، سـەرەی کاکـە(حەمە) هـات بـەیـەك سـاچمە وردو خاشی کـرد، هـاواری کـرد: ئـەمـەپێنج هـەم بوتڵ! ئێستا کێ یەکەم دەست راستە؟ جەماعەت هەموو بەیەك دەنگ: ئـەشـمـەبیللا هـەر لـەخـۆت دێ، بـەو بـرادەرانـەم وت: ئـەرێ ئـەمـە(حەمە رەمەزان)ی ژینگـەنییـە، یـان مـن چـاوم رەشـکەپێـشکەئەکا؟ وتیان بـەڵێ خۆیـەتـی، وتـم دوێنێ قـسەیـەکی تـری ئـەکـرد! وتیـان: کاکـەناهـەقی نییـەجـەوەکـەی خۆشـە، ئـەگینـا وەکـو تـر ژینگـەی ئـەم شـارەلـەخـۆی مەسئولە.

## ▪ ساڵی جوتێک شۆرش

هەڵگێرانەوەی حوکمی مەلەکی لەعێراق، بەکۆبوونەوەی چەن دانەیەک لەسەرکردەکانی سوپای عێراقی ئەوسا و بەچاو لێکەری، لەزوباتی ئەحراری میسر وەکو سەرۆک محمد نەجیب و جەمال عەبدولناسر بەرابەری زەعیم عەبدولکەریم، قاسم پلانی بۆ دارێژراو بەرپاکرا. بەڵام لەسەرەتای یەکەمین جوڵەوەتاوەکو کۆتایی و بەگەورەترین تراجیدیا لەمێژووی عێراقدا بەناوبانگە، شۆڕشگێرەکان لەعێراق عایلەی مالیکەیان لەناو قەسری رەحاب دوای ئەوەی کەتەسلیم بوون، بەکۆمەڵ کوشت. جەمارەر واتا عەوامەکەش بەدوای سەرانی حوکمی روخاوا کۆڵان بەکۆڵان ئەگەران، ئەوەبوو نوری سەعیدیان دەستگیر کرد تەرمەکەیان راکێشا. لەموحاکەمەیەکی خێراو سەرپێییا، سەعید قەزاز بەناوبانگترین وەزیری ناوخۆی ئەوکاتەی عێراق کەکورد بوو خەڵکی ئەم سلێمانیەبوو، حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەرا سەپان و ئیعدامیان کرد. کاتێک حوکمەکەیان بۆ خوێنەوە وتی:(سەرئەکەومە سەر سەکۆی ئیعدام و خەڵکانێک لە ژێر پێی خۆما ئەبینم ئەبینم کە شایەنی ژیان نین).

لەمیسر کەپێش عێراق حوکمی مەلەکی تیا هەڵگێردرایەوەو کرا بەجەمهوری ئەوان وەکو شۆڕش گێرەعێراقیەکان نەبوون، مەلیک

فاروقیان بەرێزەوەرەوانەی مەنفا کردوو، دەستیان بۆ هیچ کام لەکەسو کاری نەبرد. سەرەتا محمد نەجیبیان کرد بەسەرۆک کۆمار جەمال عەبدولناسر کەکاریزمایەکی بەهێزی هەبوو لەناو خەڵک و سەرکردایەتی سوپا و جەماعەتی ئینقلابیشا. دوای وازپێ لێهێنانی محمد نەجیب کرا بەسەرۆکی میسر و بەرابەری نەتەوەی عەرەبیش ناوزەنەکرا. ئیتر خۆیی لێببووەیەکێک لەسەرکردەگەورەکانی دنیا و میسریش بەیەکێک لە زلهێزەکانی ناوچەکە، هەر ئەویش دەستی هەبوو لەگۆڕینی حوکمی عەبدولکەریم قاسم و وهێنانی قەومیەکان، بەرابەرایەتی عەبدولسەلام عارف، کەهاو خەبات وهاوڕێی عەبدولکەریم خۆی بوو. ئەوەبوو عەبدالکریم و چەن سەکردەیەکی نزیک لەویان لەبینای رادیۆی بەغدا بەبێ موحاکەمەگولەباران کرد وبەوە قوناغی بۆ هەتاهەتایی دیکاتۆریەت وازنەهێنان لەکورسی حوکم دەستی پێکرد، ئەوەبو عەبدوالسلام کۆپتەرەکەی لە نزیک بەسرا کەوتە خوارەوەو مرد. دوای ئەو عەبدولرەحمانی برای کرا بە سەرۆک و دواتر بەعسیەکان لەساڵی شەست وهەشت بەدواوە، حوکمی عێراقیان بەئاگر ئاسن کرد. سەدام بو بەسەرۆکی بەیعەت پێدراوی هەمیشەیی عێراق و جێگەی بۆ کەس چۆڵ نەکرد، تاوەکو خستنی لالەیەن ئەمەریکاوە.

لەگەرمەی قۆناغە ناسکەکانی ئەمەریکادا وەکو جەنگی ئیستیقلال و قەیرانی ئابوری ساڵانی بیستەکان و بەشدارییان لەجەنگی جیهانی دووەمدا و کارەساتی نوقم کردنی کەشتی گەلی شەرکەری ئەمەریکی لە پێل هاربەر، لەلایەن یابانەوەو بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی، ئەمە هیچ

پاســـاوێکی نەدا بەدەســـت هـــیچ کـــام لەو ســـەرۆکانەوە، ئیمـــزا بە موسـەقەفین! بـۆ مـانەوەی سـەرۆک ترومـان یـان جـۆرج واشـنتون یـان هەرکامێکی تریـان کـۆبکەنەوە دەسـتور چی وتـوە ئەبێ ڕێـزی لێ بگیرێ ماوەی خـۆی تەواو خـوا لێـت رازی بێـت، شـەعب مەمنـونە و خۆشـیان ئەوێیــت بەڵام هەمــوان ئەبــێ یەکــسان بــن، لەبەردەمــی یاســادا و سەرۆکیش ئەبێ جوانترین نمونە بدات بە گەلەکەی لەورەوەوە.

ئەلــێن جەمــال عەبدولناســر لەئەوجی عەزەمەتــی خۆیــا ئەبــێ، لەیەکێـک لەسـەردانەکانیا بـۆ کارگەو پڕۆژەکـان سـەردانی مەعمەلێکی رستن وچنین ئەکات، دەست ئەخاتە سەرشانی کرێکارێکی داماو ئەڵێ رات چیە بەرانبەر بەم شۆرشـە؟ ئێستا باشترە یان سـەردەمی مەلـەیک فـاروق کرێکـارەکە ئەڵێ مـاڵ ومنـاڵم بەقوربـانی رەیـس بێـت ئەرەوەڵا ئەوەنە باشـە هـەر نـەبێتـەوەخۆزگـەم بـەخۆزگایـەتی خـوا، سـاڵی جوتێک شۆڕش لەم ووڵاتە بکرایە جا باخراپ بوایە!

## ▪ سرپیاتی کورد لە فەیسبوک

شەوانە کە چاو بە فەیسبوکا ئەخشێنم، دەیان هەواڵ وشرۆڤەو خوتەی عەسکەری وسیاسی وئەمنیم بەرچاو ئەکەوێ. لەوانە: ئەمشەو چەکە قورسەکان گەیشتنە مەتاری هەرێم و بەیانی تەوزیع ئەکرێن و بەپێی پلانێکی تۆکمەو سرِی و خوتە بۆ دارێژراو، هێرشی سەرتاسەری بۆ سەر مۆڵگەکانی داعش بەیانی زوو لەسی قۆڵەوە بە دەست پێئەکا بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئەم دیوی شارەکە!.

سەعاتی سفریش کەس نایزانێ و نهێنیە بەڵام تەلەفزیۆنی قەوماو کە لەژێر دورشمی (بێقەزابی کورد سرپاتی کوا)، مەعلوماتی ووردی لایە کە لە سەعات دوانزەی نیوەشەوا هێرشەکە دەست پێئەکا قۆڵە موهیمەکە لای چەپەوە ئەبێ، چوونکە بەپێی زانیاریەکان کە لەهەواڵگرەکەی ناو شارەکەوە کە لە ژێرزەمینەکەی ئەوماڵەی بەرانبەر بەریدەکەیە خۆی شاردۆتەوە، دەست کەوتووە. داعشیەکان ئیهتیمایان بەلای چەپی شارەکە نەیاوەو سەیتەرەیەک نەبێ ئەگینا هێزێکی ئەو تۆی لێنیە بۆیە وا بەتەمان زەختی هێرشەکەو قورساییەکەی بخەنە سەرئەولایە و لەو قۆڵەوە، هێزە سەرەکیەکە بچێتە پشتی شارەکەوەو تەوقی بکات. ئەو رەتڵەشی کە دانراوە بۆ ئەوەی لەناوەراستی شارەوە بەجادە رەئیسیەکەیا گوایا بچێتە سەنتەری شارەکە، وانیە هەر بۆ

چاوبەســتە، نەختێــک لەدوورەوە تەقە ئەکەن ئەگینــا خــۆی ئەســڵی خوتەکە ئەوەی لای چەپە. لێتانی ناشارینەوە زانراویشە ئەگەر هێزەکانی داعش لەو ناوچەیە تێکشکان نۆبەی سێ ئاواییەکەی بەرزاییەکانی لای راستی ئەوشارەیە، چوونکە پێگەکەیان زۆر ستراتیجیەو ئەگەر ئەوانە بگیرێت، ئەتوانرێ بوترێ کۆنترۆڵی ناوچەکەمان کردووە. خەمیشتان نەبێ پلانی تۆکمە وسریش بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو دێیانە دانراوە لامانە ئەگەر نەختێ سەبرتان هەبێ ئەویشتان لەم فەیسبوکەوە پێش هێرشەکە بۆ ئاشکرا ئەکەین.

هەواڵێکی تری فەیسبوک ئەیوت هەرئێستا و بەپەلە و زۆر نهێنی و سڕی ئەمەریکا بڕیاری دا کە فڕۆکەخانەیەکی عەسکەری لەپایتەخت دروســـــت بکـــات.بـــۆ ئەوەی یـــارمەتیە ســـــەربازیەکان و چەکە قورسەکانمان لەوێوە بۆدابەزێنێ، بەپێی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراویش ئەمەریکا نیازی وایە، ئەو مەتارە عەسکەریە بکاتە بنەکەیەکی سەربازی هەمیشەیی. حەوت دەوڵەتی ئەوروپیش ئامادەیی خۆیان بۆ پرچەک کردنی کوردستان دەربڕی.

ماڵپەرێک نووسیبووی فڕۆکەکانی‌ئەمەریکا لەئاسمانەوەبۆردومان ئەکەن و لەسەر زەویش هێزەکانی‌پێشمەرگەهەڵمەت ئەبەن! لە دڵی خۆما وتم: ئەمە زانیاریەکی تازەیە رەنگە لەشوێنی تر فڕۆکە لەئەرزەوەو هێزی پیادەش لەعاسمانەوە هێرش بەرن!..

کاک خورشید وتی: ئاگات لێیە ئەم خەڵکە هیچ لەدەمیانا ناوەستێ خۆ بەراست وناراست زانیاری، لەسەر جموجۆڵی هێزەکانی پێشمەرگەو

جۆری چەکەکان و چیمان نوقسانەو چیمان پێگەیشتووە وچی جارێ نەهاتووە لەسەر فەیسبوکە. وتم: خوا بەوە رەحمی کردوە خەریکی دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی نین، باوەڕ بکە هێشتا بناغەی ساختمانەکەی نوکە پاچێکی بەرنەکەوتبوو، لەو فەیسبوکە ئەنوسرا هەرئێستاو بەپەلە ئەوە قومبەلە زەریەکەشمان بەرێوەیە.

ئەگەر سەرکردەیەکی کورد بۆ هەفتەیەک سەردانی وڵاتێکی ئەوروپی یان ئەمەریکا بکا ئەم راگەیاندنە بی سەرەو بەرە و جوانە هەندێک جار هی موعارەزەش ئەڵێ بەخوا زۆری پێچوو؟! رەمبێکم چوبێ بۆ ئیسرائیل بۆ سیلاح کرین بۆ دروست کردنی دەوڵەتی کوردی!.

پەیامنێرەکەی تەلەفزیۆنە بێلایەنەکە، کاتی روماڵ کردنی ئەم سەرەی دوای کەرکوک ئەیوت: ئەوە داعشێک بەبرینداری لەو بینایەیا ماوە بەنیازن بە تۆپی سەدو شەش لێی بەن!.

## ▪ سلێمانی جاران

کاحەمە تۆفیق دیار نیت ؟ وەڵڵا بڵێم چی مەشغوڵم خەریکی قەرزی عەقارم. جائەییەن؟ وەڵڵا ئەیەن بەڵام بەچ دەردەسەریەک ئەڵێن تا نەگاتە دەرگاو پەنجەرە قیستی یەکەمت نایەیێ، قیستی دووەمیش کە سەقف تێکرا، ئەی بناغە؟ وەڵڵا ئەبێ بەقەرزو قۆڵە هەڵی سێنم. دەی یارەبی موبارەک بێ، زەویەکەت لەکوێ کڕیوە بەخێر؟ وەڵڵا لای شەخسکەی ئابلاخ، ئێ برا بۆ لەو چۆڵەوانیە بەخوا هەر گورگ وجەقەڵ ئەتان خوا، ئەی قورەکەی زستان چی لێئەکەی؟ کورە ئەیکەم بەسەری خۆما، ئەی چیبکەم لە کرێچێتی باشتر نیە، خوا ئەیزانی لە حەوشێکام بەمنەوە هەشت سەرخێزانی تری تیایە، کە ئەکاتە چل نەفەر، قەسەم بەخوا یەک بەلوعەو عەیب نەبێ لەروتانا یەک سەرئاومان هەیە.

ئەی چۆن فریای ئەو هەمووە ئەکەوێ؟ کورە فریای چی بەیانیان ئەبێ بەڕۆژی حەشر، ئەوهەموو کرێیەشمان لێ وەرئەگرێ ئەو بێدینە بانگوشێکی بۆ نەگرتووە، باران بباری خۆمان نەیگێڕین کاسەو کەوچک ونوێنمان لەئاو هەڵئەکێشرێ. ڕاستە شوێنەکەم چۆڵەوانیە، غایەتی لەخەریتەیا زەویەکەی من لەسەر ڕوکنە دوولام جادەیە.جا کەی جادەی بۆرا ئەکێشرێ؟ خوا کەریمە وورده وورده شار بەرو ئەوناوە پەل ئەهاوێ هەروا نامێنێ.

ئەی کا حەمە رەحیم تۆ خەریکی چیت؟ وەڵڵا هەر عەشیای ئەودیوە ئەم جەلـسە ورۆنی شاپەسـەنەیە ووردە ووردە خۆمـان پێـوە مەشـغول کردوەو مەعیشەتەکەی پێ بەڕێ ئەکەین، دەی خـوا رسـقت با. ئەرێ تـۆ پێم بڵێ تەمسیلیەکەی ئەمشەو چی لێبەسـەرهات ؟ بۆ ئێـوە گوێتـان لێ نەگـرت؟ نەوەڵـلا ئیـوارە شـوکروڵڵای بـابن شـیعرەکەی خـوێنەوەو حەسـەن زیـرەک تێی چیریکـان و رادیـۆ بـۆر هەرلەخـۆیەوە ئیـشی نەکـردو نەیکـرد ئەوە بـردوومە بـۆلای وەسـتا یاسـین ئەڵێ جـومعە وەرەوە بـۆی. چیەتی ؟ ئەڵێ:گڵۆپی سوتاوە.

وەڵـلا کابرای چـاوچنۆک وپیـسەکە حـاجی رەجەب، ئێ ئێ، هەمـوو ئاڵتونەکانیـان لێـدزی، وەی گیـان مـاڵی خۆنەخـۆر بـۆ چەکمە بـۆر، ئەی دوایی؟، بـاوکم بەتـۆ بڵێ کچەکەیـشی کەداینـابوو بەپارە بەو پیرەمێردەی بفرۆشێ، لەگەڵ ئەو سـوارەیەی کە دڵیـان بەیەکەوە بـوو، قـەول ئەکەن بەیەک و شـەوێک ئەوەسـتن تـا حـاجی ئەنـوێ و ئەڕۆن ئەچـنە مـاڵە خزمانیـــان لە ئـــاواییەکی ئەوبەرلەوێ لەیەکیـــان مـــارە ئەبـــڕن و زەماوەنـدێکی خۆشـیان بـۆ ئەکەن، ئەی یارەبی دەسـتیان خـۆش بێ. ئەی حـاجی رەجەب؟ عەرزی جەنـابی بـرای خـۆم بـکەم لەتـاو پـارەو ئـاڵتون لەنـاوە کەوتبـوو هەر ئەی بـاڕان، کـا رەحـیم:بەخـوا مـستەهەق بـوو قەمـتەری خـستبوە دەمـی خـۆی ومـاڵ ومنـاڵی. ئەی نیهـایەتەکەی ؟ رادیـۆکە وتی: چەپکێ گوڵ و جەپکێ نێرگز، کا حەمەتۆفیق و کا رەحیم بەیەکەوە مەرگتان نەبینم هەرگیزاو هەرگیز.

## سلێمانی هەرکفتە نیە

شەستەکانی سەدەی پێشوو شاری سلێمانی زۆر بچوک بوو، پەیەوەندیە کۆمەڵایەتیەکان گەرم وگور تر بوون، زۆری خەڵک یەکتریان ئەناسی، ئەگەر ناوی کەسێکت لەمەجلیسێکا بهێنایە بەدەگمەن ئەگەر یەکێک هەبوایەو بیوتایە نایناسم، یان ناویم نەبیستووە. بازارەکانی سلێمانی زۆر نەبوون، ناو بازار لە قادرەمەکانی سەرجادەی مەولەیەوە بۆخوارەوە داخڵ ئەبووی لەو سەرەوە لای ئەسحابەسپی سەرت دەرئەهێنا، ولەخواریشەوە لەسەر شەقامەوە دەرئەکەوتیتەوە. بازای مەزاتخانەکە لەحەوزە ووشەکەکەی بەر دوکانەکەی کە بەهەشتی عارف برنوتیەوە دەستی پێئەکرد، لەو سەرەوە لەجادەی کاوە تەواو ئەبوو، بۆیە پێیان ئەوت ووشک( چونکە تەنها بەلوعەیەک بوو، بەچیمەنتۆ بەردەمێکیان وەکو حەوزێکی بچوک بۆ دروستکردبوو، بۆئەوەی کە کرایەوە ئاوەکە بڵاو نەبێتەوە. بۆ ئاو بردن بەکار ئەهێنرا، بۆ دوکانەکانی دەورو بەر واتا حەوزەکە خۆی ئاوی تیا نەبوو). ئەوبازارە وەکو ئێستا نەبوو هەمووی بابەتی تازەو ئەلکترۆنی بێت، ئەوکاتە شتی دەستی دووی تیا ئەفرۆشرا لە جل وبەرگ، فەرش وهۆرتەی ئێرانی ئێستا ئەوشتانەی لێ نافرۆشرێ بەڵام هەر پێی ئەڵێن مەزاتخانەکە.

بازارەکانی تری سلێمانی بازارە بچکۆلەو جادەی سابونەکەران و چواربـاخ بۆ سەرشەقام و جادەی کاوە تا فولکەی سەرا ئەرۆی.

مەتعەمەکانی سلێمانی لەفولکەی سەراو بەر سینەماکانی سیروان ورەشید وسەرەتای جادەی کاوە بەرانبەر ئەسحابەسپی بوو، خەڵکێک ماڵ و خێزانی هەبوایە بەدەگمەن ئەچو بۆ مەتعەم، یان هەر نەئەچوو لەم دواییانەیا، کە شار ئەوەنە گەورەبوو ئیتر لەحەد دەرچوو، خەڵکیش سەری کردە سەر خواردنی دەرەوە، مەتعەمەکان زۆر بوون، برادەرێک بردمی بۆ لۆقتنەخانەیەکی زۆر گەورە گوایا تۆ ئەمر بکەو ئەوان ئەیهێنن! ئیتر نەم زانی مەبەست لەوە چیە، ئایا بەبەلاش ئەهێنن یان لەسەر حسابی خۆتە؟ ئەگەر ئەوەی یەکەمە زاڵم ئەمر نەکا بەڵام تا ئەتوانی بیهێنە، خۆ ئەگەر ئەمەی دووەم بێت، ئەبێ ئەو ئەمرە چ هونەرێکی تیابێ! دانیشتین پێش خواردنی رەئیسی ئەوەی خۆیان بەدڵیان بوو نەک بە ئەمری ئێمە هێنایان، بەحەدێک ئەو خواردنەی کە داوام کردبوو ئیشەڵا بیخۆم لەبەر چاووم کەوت و پێم نەخورا.

هەموو جارێک کە بیر ئەکەمەوە، ئەڵێم خۆزگە بۆ یاد کردنەوەو ڤیستیڤاڵەکەی دروست بوونی سلێمانی رایەک لەبەندە وەربگیرایە، نەک لەبەر ئەوەی خەڵکی تر نیە، هەیە ورەنگە زیاتریش بزانن، بەڵام تەنیا لەبەر ئەوەی کە من ئەزانم کە سلێمانی زۆرە لەوە زیاتر ئەهێنێ کە ئاوا باس ویاد بکرێتەوە گرنکترین باس لەلای رێکخەرانی یادی سلێمانی کفتەو گیپەو کەبابەکەیەتی، واتا خواردنە. بۆ زانیاری زۆر لەو خواردنانە لەرێگەی تورکەوە کەئەوانیش لەیۆنانیەکانەوە فێری بوون

هاتۆتە ناو مەتبەخی ئێمەوە، واتا بەئەسڵ هی خۆمان نیە! نازانم کەی لەوە ئەگەین کە سلێمانی هەرکفتە نیە سلێمانی مەڵبەندی تەنویر و ئەدەب و نوسین ورۆژنامەگەریی و زمانی پاراوی کوردی و دامەزراندی حیزب، کە یەکێکە لەهەرە دیاردەکانی کۆمەڵگای مەدەنی. راستە سلێمانی نیمچە رۆشنبیرو خوێنەوای بە واتا مەعریفیەکەی ئەوەنە زۆرە کە بووە بەدیاردە، بەڵام نوخبەی جوانیشی بەردەوام هەبووە. چۆن باسی سلێمانی ئەکرێت وکێ ئەیکا ئەوە گرنگە، راگەیاندن ئەتوانێ کاڵایەکی بێ ئەهمیەت بکا بە باشترین وجوان ترین کالا، هەر راگەیاندنیشە کە بەنەزانی قیمەتی کاڵایەکی پر بەها بکات بە عانەیەک.

شەوێکی هاوینی گەرمی سلێمانی لەگەڵ دۆستێکی دیرینی خۆما لەجادەی سەهۆڵەکەوە بەرەو لای مەعمەلی جگەرەکەوە سەرئەکەوتین، وتم: با سەرو قاوە لای ئەم قاوەچیەی سەرعەرەبانەیەی بەردەمی باخچەکەی مەعمەلەکە بێنین، ونەختێک لەسەر کورسیەک دانیشین، بەدەم خواردەنەوەی قاوەکەوە وتم: ئەزانی بیرم دێت کاتی منداڵێم شەوانی هاوین خەڵک ئەهات بۆ سەیری حەوزو فوارە رەنگاو رەنگەکەی ئەم مەعمەلە، وتی: مەعمەل نەما نە وتم ئەی چی لێ هات وتی: بەنیازن بیکەن بە سەنتەری رۆشنبیری، وتم: بۆ چی؟ وتی: بۆ شاعیران و نووسەران، وتم ئەی کەی سەنتەری فێرکردنی ئیش و سەنعە سازی ئەکەنەوە وتی: بۆ چی وتم بۆ ئەوەی هەندێک لە روناکبیرو ئەدیب وچاودێەی سیاسیانەی کە لە حاجەتی شەعبەکەمان زیادن، فێری ئیشیان بکەن؟.

## ▪ لە سلێمانی

- جـاران ئەگەر بچـوایەتەوە مـاڵەوەو پەڵپینەیـان هەبـوایە، داروبەردی ئەیا بەسـەریەکا و کارێکی بەودایکە قوربەسـەرەی ئەکرد، با بەدەواری شـڕی نەکردبێ. ئێـستا لەگەڵ ئەفەنیەکانی برادەریـا ئێـوارە مەوعیـد ئەکەن بـۆ ئەوەی بەیـانی زوو بچـن بـۆ پەڵپیـنەکەی ناوبـازار، دوایـیش وەکـو خۆهەڵکێـشان ئەڵێ وەڵا ئەم بەیـانیە بێ ئێـوە نـاخۆش خۆمـان یـا لەپەڵپیـنەکەی وەسـتا نەوزاد، جەمـاعەتیش کە هەروەکـو خۆی کە پێشتر لەحەربا بوون لەگەڵ پەڵپینەکەی دایکان، تێکڕا یارەبی عـافیەتتـان بێـت ئەی غەدار بـۆ ئـێمەت ئاگـادار نەکـردەوە! ئەویـش: ئـێ نەچووە بچێ بۆ ئەم جومعەیە بێتەوە، هەموو وەعد، ئەمیش وەعد.
- دوێنێ ئەیـوت: ئەورۆژەی دایکـم بڵـی بەیـانی نـان ئەکەم مـن تـائێوارە سـەرناکەمەوە بەماڵەوا، ئەوانی تـریش هەمـوو بەخـوا ناهەقـت نیە زۆر ناخۆشە کاکە نانە بازارەکە هەیە، ئیتر ئەم نانە تیریە فۆلکلۆریە چـیە واچەلـب بـوون پێـوەی. ئەمـڕۆ ئەفەنـی لەسـوپەرمارکێتەکەوە بە دەسـتەواریەک نـانی تیریەوە ئەوەنە بەزەوقە سـەر ئەهێنێـتە دەرەوە هەر ئەڵێی مـانگەو لەکێـوان سـەرهەڵێنێ ئەڵێ: بەخـوا حەیـفە لەسـەر نـانی تیریا!.

- قـۆری شوشــە ئەوەنە موبـارەک بـوو ئەگەر درزی ببـردایە بـۆئەوەی بەیەکجـاری نەشـکێ، ئەچـوون لەبـازار لای تەنەکەچی تەلیـان تێئەگرت، سەرەکەیشی بۆئەوەی نەکەوێتە خـوارەوو بشکێ بە پەت کە مورووی تێئەکرا ئەبەسترا بە دەسکەکەیەوە، ئاوی ساردو چایان تێئەکرد وئەیان خستە سەر کورەی خەڵوزەکە لەسەرخۆ دەمی ئەکێشا. وژوورە گڵەکەی پڕ ئەکرد لەبۆنی چا، تام وبۆن وخۆشی ئەوچایە ئێستا نیە.
- بەکـار هێنـانی ووشــەی حەمە وەکـو پێـشگرێک بـۆ نـاو هەر لەشـاری سـلێمانی هەبـووە بـۆ نمـوونە بە تۆفیـق ئەوتـرا حەمە تۆفیـق، هەروەهــا حەمەکەریــم، حەمە عەلـی، حەمە رەفیــق، حەمە ئەمــین و هەروەهــا. لە رۆژنامەیەکــا بینــیم نـــاوی هونەرمەنـــد حەمە جەزا وا نوسرابوو محمد جەزا. لێرەیا ئەبێ بەدوو ناو واتا خۆی ناوی محەمەدە و باوکیشی جەزا بەڵام لەڕاستیا خۆی ناوی جەزا بوو پێشگری حەمەکە کە بــۆ خۆشەویــستی یــان بەدوور گــرتن لەدەردو بەڵا ئەوتــرا ئەگەر نوسـراش ئەبێ هەروەکـو وتـنەکەی بنوسێ حەمە جەزا نەک مـحەمەد. ئەوەش تایبەتمەندێتی شاری سلێمانیە.
- ســاڵانێک کـابرایەک قەلێکـی ئەنـایە بـن دەسـتی داوای سـێ دینـاری لێئەکرد و وهەمـوو ناوبـازارو ناوشـاری تەی ئەکرد وابزانم پەنجا جـار فەحسیان کرد بزانن قەلی چـاکە هەر بۆی سـاغ نەئەبۆوە خەڵـک فەقیر بوون ئێستا کاکم کوللی ئیوارەیەکی لای خـوا ئەکشێ بۆ قەلەکەی ئەو مەتـعەمەی کە بەپێـشەوە جـێگە نـیە دانیـشی سـەری زمـان و بنی زمانیشی ئەم گەندەڵیە تاکەی.

- بە دروست کردنی برنج بەشێوازی ڕۆنو پیاز قرچان ودواتر ئاو تێکردن دوای ئەوە برنجەکەی تێ ئەکەن ئەوترێ قوبولی، ناوی قوبوڵێ لە شاری کابول ی پایتەختی ئەفغانستانەوە هاتووە لەوشارە برنج بەو شێوازە دروست ئەکەن.
- بەکوپەی ئاو ئەوترا مەرکانە و لەسە سێپایەکی دار لەشوێنێکی سێبەرا دایان ئەناو ئاویان تێئەکرد، بۆ ئەوەی سارد بێ وتەختەیەکیشیان ئەخستە سەری، بۆئەوەی پوش وپەلاش وخۆڵی گوێسوانەکە نەکەوێتە ناو ئاوەکەوە. جامێکی فافۆنی سپی جوانیشیان ئەخستە سەر تەختەکە، مەمنوعیش بوو سەهۆڵی تێبکەی ئەیان وت قرخ ئەبێ، چوونکە خەڵتەی سەهۆڵەکە کونە بچوکەکانی کوپەکەی ئەگرت، ئیتر بەبێ سەهۆڵ ئاوی سارد نەئەکرد.
- بیرم دێت عەلی باپیر ئاغای شاعیر کە ئەڕۆیشت بۆ بازار خەڵکیکی زۆر لەگەنج و پیر بەرێزەوە حەزیان ئەکرد بیدوێنن. هەر ئەو دەمە ئەوترا بابە فلانە کچ یان کوڕ نەوەی فلانە شاعیرە، خانەدانن، ئەوکات هەموو کەس نەیئەتوانی شاعیربێ، بەکوردیەکەی شیعر سەنعەت بوو. ئەوەتەی ئەم شیعرەی کە پێی ئەڵێن حور پەیابووە، لەبازارەوە تا دێیتەوە بەرقاپی خۆتان دەستەوارەیەکی جوان دیوانی شیعرت پیشکەش ئەکەن.

## فوڵ سەرخۆش

مەراسیمی خوادنەوەلای ئەهلی سلێمانی، وەکو هەموو شتەکانی دیکەیان لێی نووسراوە(مەید ئین سلێمانی) وتایبەتمەندیەکی ئەوشارەی پێوەیە. قەدیمیان ئەیان وت ئارەقخۆرەکانی ئەوسا، هەر ئێوارەی لێ ئەهات سەرو پیاڵەیان ئەخستەگیرفانی شەرواڵەکەیان و هەندێکیشیان بەجام ئەیانخواردەوە، و هەرکەسەش لەگەڵ ئەربابی خۆی نەبوایەنەئەچوو بۆ دەشت.

دەشتەکەش ئیتر لای کارێزی وەستا شەریف، یان قۆریەشکاو( ئەکەوێتەدامێنی ئەمنەسوورەکە)، یان سەر چنار و باخی بەختیاری و قلیاسان و باخی مەلا عوسمان (شوێنی ئێستای خەستەخانەی جامیعەکە)، و کانی ماسی و دەشتی مەولانە، و خوار شیوی قازی، و چەق چەق، وخانەکەی عەبەی شاە محمەد نزیک قرگەبوو.

هەندێکیشیان سەرەو خوار ئەبوونەوەبۆ گوێ چەمی تانجەرۆ لەوێ سەری خۆیان گەرم ئەکرد. خۆ ئەگەر دەنگ خۆشێکیشیان لەگەڵ بوایەئەوەئیتر فوڵ کەیفیان ساز بوو، دەنگ خۆشیش چنگ نەکەوتایەپەکی خۆیان نەئەخست خۆیان بەکۆمەڵ فاتمەدووچاوی مەست یان کراسەکەی بەرت گیانەچیتی شیرکەتی و کەتان کەتانەو هەی ئاغاو ئاغایان بەخۆشی برادەرانەوە ئەوت. مەزەش سەرەڕای

قسەی خۆش و مەقام و بەستەی سلێمانی، بەزۆری پاقلەو لەبلەبی بووە. چونکە ئەوکاتەوەکو ئێستا نەبوو خەڵک نەی توانیوە هەموو جارێک گۆشت ببرژێنێ.

شەوانەش لەچاخانەکانی کانیسکان و مەڵکەنی و سەرکارێز کۆڕیان گەرم ئەکرد، سودفەشی ئەکرد و لەپڕ دایک یان باوکی یەکێک لەسەرخۆشەکان خەبەری بۆ ئەچوو، کەکوڕەکەی خەرکی مونکەراتە، ئەهات بۆئەوەی دەستی خۆی سەوز بکا بەشەق بەر ئەبووەپیاڵەکان مەجلیسەکەشی بە کوڕەکەکەی خۆیەوەهەمووی حەرامزادەو کافری موتڵەق ئەکرد.

دواتریش نادی موەزەفین بووەشوێنی رەسمی و عەلەنی ئارەق خۆرەکان و هەرکەسەی ماڵی لەو گەرەکەبووبێ، قەت بۆنی کەبابەکەی ئێوارانی دوای عومرێکی درێژیش لەلوت نابڕێ. ئیتر هەبوو بەسلوکەت ئەی خوادەوەو هەشبوو ئەڕشایەوە، هەشبوو دوای قاپێک کەهەڵئەسا چارەکێکی سەفەری داوا ئەکرد ئەیانوت خێرەئەی وت: بەخوا هێشتا هیچی لێ حاڵی نەبوم! قەحتان و هادیش دووکەسایەتی خۆش مەشرەبی ئەو بەزمەبوون. ئەڵێن داوی ئەوەی لەلای دارەکانی دامێنی ئەزمەڕ بەسەرخۆشی دێنەخوارەوە، هادیان ئەو تاقەهەڵوژەیەی کەبۆ مەزەلەگیرفانی شەڕواڵەکەیا هەڵیگرتبوو ئەی یا بەمناڵێک ئەڵێ بەقوربان ئەوەبۆتۆ. تومەز ئارەقەکەی بێ مەزەفڕ کردووە.

کاکی براش دوای ئەوەی خەمی دڵداری یەک لایەنە لەکەلەی ئەیاو. هەر چەن ئەکاو تێش ئەکۆشێ لەبیری ناچێتەوە، و ئەبیستێ ئەگەر

بخۆیتەوەهیچ نەبێ بۆ چەن ساتێکیش بێ ئەو داڵغە نەعلەتیە لەکەلەی خۆت دەرئەکەی، یەک دانەبیرەئەکرێ و ئەوجا ئەکەوێتەمەزەحازر کردن، مەنجەڵێک نۆکاو لەگەڵ تەشتێکی بچووک خەیارو ماست تێکەڵ ئەکا، و نیو کیلۆ بستەش لەبەردەمی خۆیا دائەنێ. پێکێک پڕئەکاو قومێک هەرچۆنێک بێ ئاو دیوو ئەکاو نایکاو ئەکەوێتەگیانی مەزەلەو کاتەیا برابچکۆلەکەی یاری ئەکا، پێی ئەڵێ بڕۆ دەورم بەر بە بۆناچی لەشوێنێکی کە یاری بکە نەخێر بەقسەی ناکا بۆ تۆپەکەی ناکەوێتەناو جاجیکەکەوە، ئەڵێ وەڵلاهی فوڵ سەرخۆش نەبوومایەبچویتایەسەر حەسیب ساڵح ئەهاتم بەدواتاو ئەم هێنایتەخوارەوە، چەنم وت مەکەجەوەکەم لێ تێک مەیە، ئاخ بڵێم چیئێستا خەیاڵم ناتوانم.

## ■ سێ دەبڵ ئەخوا

لەسلێمانی یاریەک هەبوو چەن کەسێکی دیاری کراو کە لەرووی کۆمەڵایەتیەوە عەجولیان پێوە دیاربوو، بەلگاوچی مەشهور بوون. جەژنان لەبەردەمی ئێستای کاسیۆمۆڵ کە ئەوکاتانە بینایەک بوو پێیان ئەوت دائیرەی مەعاریفی سلێمانی(پەروەردەی ئێستا) دایان ئەنا. هەر لەوشوێنە کۆمەڵێک ئەرزوحاڵ نووس و ریزێک کامێرای شەمسی لێبوو وێنەیان بۆ مەعامەلات ئەگرت، کە لەروی کواڵیتیەوە لەورەسمانە خراپ تربوون کە لەستۆدیۆ بەکامیرای کارەبایی ئەگیران. هەر بەرانبەر ئەوێ ئەسپێکی تەختەو مەنزەرەی شاخێکیان دائەناو تفەنگێکی تەبەدۆرو دوو دەمانچەی یاری و شەپقەیەکیان ئەکردە سەری، ئەو منداڵەی کە ئەیویست بەسواری ئەسپەکەوە وەکو عەسابە رەسم بگرێت. ئەورەسمانەی کە هەندێک لەبەرەکانی شەڕ بەتاقم و تفەنگەوە بۆ جوانی گرتوویانە، ئەسپە تەختەکەی منداڵیم بیر ئەخاتەوە. رۆژێک بە برادەرێکم وت: ئەرێ رەسمی کورە قۆزەکەی برات لەجەبهە ئەبینم لەرامبۆ زیاتر سیلاحی پێیە! بەڵام جلەکانی لەسەر خەت ئوتوە! وتی: ئەوە بەراستە؟ کورە بەسەری خۆم وخۆت ئەو شوێنە سەد کیلۆمەتر لەجەبهەکەوە دوورە، هەردوکمان کۆلێک پێکەنین.

بێینەوە سەر باسی لگاو چیەکانی شار، بەعزێکیان لەسەر سنوقێکی تەختە دایان دائەنا، هەنێکیشیان مشەماکەیان لەسەر ئەرزەکە رائەخست و بەچیچکانەوە دائەنیشتن، شەش خانەی تیابوو، مۆرەکەش شەش پاڵو بوو، رەسمەکانی دینار وکوپ و لەنگەرو قەرەو تاج وسینەکی لەسەربوون. هەمان ئەو رەسمانەش لەسەر مشەماکە دروست کرابوون، خەڵکیش بەگوێرەی دڵی خۆیان پارەکەیان کە زیاتر پێنج فلس و دەفلس بوو لەسەر یەکێک لەو رەسمانە دائەنا. لگاوچیەکە مۆرەکانی ئەخستە قوتویەکی بچوکەوە کە زیاتر قوتوی شیری شل بوو زۆر وەستایانە بای هەڵئەیاو خڕەی لێئەهێنا لەسەر ماشەماکە بەدەما ئەیا بەعەرزا و پلە پیتکەیەکیشی ئەیا لەبنی قوتووەکە کەبۆ سەرەوە هەڵگەرابۆوە.ئینجا قوتوەکەی لەسەر زارەکان لائەبرد! ئەگەر یەکێک لەورەسمانەی سەر مۆرەکان کە پارەی لەسەرهەمان رەسم لەسەر مشەماکە دانراوە بۆ سەرەوە بوایە ئەگەر پێنج فلس بوایە پێنج فلسی بۆ ئەخستە سەری، ئەگەر دوجار ئەو رەسمە لەسەرەوە بوایە ئەوە دەبڵی بۆ حساب ئەکرا، بەڵام ئەگەر سێ رەسم لەسەر یەک بهاتایەتەوە واتا هەرسێ مۆرەکە بەسەر تاجا بکەوتنایەتەوە تەنها دەبڵ پارەی بۆ دائەنا. ئەیان وت: سێ دەبڵ ناخوا هەرکەسێیش داوای سێ دەبڵی بکردایە لگاوچیە چەتوونەکە قوتوکەی ئەیا بە ناوجەوانیا بۆیە کەس تاقەتی نەبوو بەوجەژنە لەفافێکی سپی بەسەریەوە ببەستێ و مەنزەرەی خۆی تێکبا. بەڵام هەندێ لگاوچی تر کە تازە مشەماکەیان دانابوو، هێشتا مشتەریان نەبوو هاواریان ئەکرد سێ دەبڵێش ئەخوا ئەمەیش

تا سێ چوار کەس لەدەوریان کۆئەبۆوە بڕی ئەکرد دوای ئەوە ئەبۆوە بەدوو دەبڵەکە. هەندێ حیزب و سیاسەتمەداری ڕۆژهەڵاتیش ڕێک ئەفعالی ئەو لگاوچیانەی کۆنی سلێمانیان هەیە، بەڵام هێشتا ئەوان بەویژدان تربوون ئەمان هەتا ئەندام و لایەنگیریان کەم بێ سێ دەڵ ئەخواو ساڵێکی خەبات بەسێ ساڵە!. کە دەوروپشتیان قەرەباڵغ بوو نیو دەبڵیش نیە قسەش بکەیت ئەڵێن تێ ئەکۆشی تێکۆشە تێناکۆشی هەر تێکۆشەر زۆرە.

## ■ من سیاسی نیم

مێژوو نووسانی خواردن ئەڵێن کەباب ووشەیەکی ئارامیەو بەواتای برژاندن یان بەخەڵوزکردن دێت. و لە سەدەی چواردەهەمینیشەوە بە شێوازێک لە برژاندنی گۆشتی قیمە کە لەشێوەی هەڵماتێکی گەورەیابوو ئەوترا کەباب.هەروەها بە گۆشتی برژاویش کە بەشیشەوە ئەکرێ لەهەندێک شوێن ئەوترێ کەباب.

رەنگە لەگەڵ هاتنی عوسمانلی بۆ کوردستان ئەو خواردنەشیان لەگەڵ خۆیان هێنابێ، دوور نیە لەئێرانیشەوە بۆمان نەهاتبێ، بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە ئەوەیە کەباب لەزۆر لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بە تام و نازناوی جۆراو جۆرەوە دروست ئەکرێ، بۆ نموونە لەئەستەمبول کەبابی سوڵتانی بەنامێیە، هەروەها لەئورفە پێی ئەوترێ کەبابی ئورفەلی و لەئەنتاکیا بەکەبابی ئەنتاکی مەشهورە، لەسوریاش لەشاری حەڵەب لەبەر بوونی لەوەرگای سروشتی گۆشتی مەرەکانیان زۆر بەتام وبەلەزەتن بۆیە کەبابی حەڵەب مەشهورە، ولەئێرانیش کەباب ئەخرێتە سەر برنج.

بەگشتی کەباب لە عێراق و تورکیا وقوبرس ویونان و سوریاو فەلەستین و میسر و ئەفغانستان و هیند دروست ئەکرێ.

شێوازی دورست کردنی کەباب لەسلێمانی هەرلەکۆنەوە تاوەکو ئیستا تایبەتمەندیەکی ئەوتۆی پێوە دیارە، کە لەشیوازوبۆن و بەرامەی کەبابی هیچ کام لەو وولاتانەی تر ناچێت. هەتا لەسلێمانیشا ئەڵێن دەستی وەستاکە ئەیگۆڕێ، خەڵکانێک هەبوون هەرلای وەستایەکی دیاری کراو کەبابیان ئەخوارد و تەنها بەهێنانی ناوی وەستاکە ئەزانرا کە جەماعەت کەبابیان خواردووە. بۆ نموونە ئەوترا نیورۆ لای وەستا عەباس یان وەستا عومەر یان بەکر یان وەستا گورون بووین. ئیتر و یەکسەر ئەوترا کاکە نیوەرۆ چەور بوون، واتا کەبابتان خواردووە.

هەرلەسلێمانی کاتی زوو خەڵک ئەوەنە پارەیار نەبوون، نیوەروان کەبابخانەکان بەرنەکەوێ و سەلاجەو موجەمیدەش نەبوو بۆ هەڵگرتنی قیمەکە، مەجبوور ئەوەی کە ئەمایەوە لەشیشیان ئەیاو ئەیان براژن و ئەیان خستنە سەرسینی و شاگرد بەبازارا ئەیان گێراو های کەبابیان ئەکرد و خەڵک بەپارو لێی ئەکرین. هەرئەوکاتانە وەکو ئێستا پانکەو مەکینەی هەوا نەبوو بۆ باوەشێنکردنی کەبابەکەی سەروەجاخەکە، بۆیە کەبابچی شاگردێکی بەتایبەت بۆ باوەشێن کردن، لەوبەری وەجاخەکەوە ئەوەستان و باوەشێنێکی گەوەری کەزۆرجار بە پارچە قوماش پینەش ئەکرا ئەیایە دەستی وئەی وت ئادەی رۆڵە دەی باوەشێن.

ئەگەر هەرکەسێکیش بهاتایەوە بۆ ماڵەوەو لوتە لابوایە لەچێشتەکە بۆ تەوس ئەیان وت: وازی لێبێنە کەبابی خواردووە. کەباب سەرتۆپی هەموو خواردنەکانی دیکە بوو لەسلێمانی، هەتا ئەهلی دەرەوەش ئەگەر

بهاتنـایه بـۆ شـار بـۆ سـەر دوکتـۆر کەبـابەکەی سـلێمانیان نەخـواردایه هەروەکو نەهـاتبێتن بۆ شـار وابـوو. بەتایبەتی ئەوانەی کە درەنگ رێیان ئەکەوتە شار.

لەدوای راپەریـنەکە بەمـاوەیەکی کـورت وەزعی سیاسـی کوردسـتان ونـاوچەکە بەجۆرێـک گـۆڕا، کە سیاسـەت و پـێش بینـیە سیاسـیە نـاو خـۆیی و هەتـا ئیقلیمی و نیـۆو دەڵەتیەکانیش، ببـوو بە جـێگەی بـاس و خواسـی هەمـوو کەس. ئەوکـات پـارێزەربووم هەنـدێک نیـوەڕۆ لەگەل دوسـێ بـرادەری تـر کە ئەوانـیش هاوپیـشەم بـوون ئەچـووینە کەبابخـانەیەک بۆ نـان خـواردن. کەبـاب چی هەرچـاوی بەئێمە ئەکەوت، ئیتر ئەهـاتە لای مێزەکەوەو ئـادەی رۆڵە ئیـدارەی مامۆسـتایانم بـۆ بەن و دەسـتی ئەکـرد بەشـیکاری لەسـەر وەزعی سیاسـی و جـاری واش هەبـوو، نەی ئەهێـشت نـانەکە بەدڵمـانەوە بنووسـێ ئەبـوو بەشـداری راو بۆچوونەکانیشی بکەین یەک شتیشی لەبەینی قسەکانیا زۆرجار دووبارە ئەکردەوە، ئەیوت من سیاسی نیم، بەڵام بەقەدەر دە سیاسی لێئەزانم. ئەلهەق کەبابەکەی زۆر بەلەزەت بوو بۆیە نەمان ئەتوانی تەرکی بکەین هەتـا نیـوەڕۆیەک چـووینەوە بـۆلای وکەلعـادە دەسـتی پێکـردووە هەسـتم کـرد، لای وەچـاخەکەوە بـۆنی سـوتان بەرزبـۆوە پـێم وت: وەسـتا گیـان منـیش کەبـابچی نـیم بەڵام بەقەدەر دە کەبـابچی لێـئەزانم وابـزانم کەبـابەکەت سـوتا. لەرۆژەوە ببـڕای ببـڕای ئیتـر نەهاتەوەلامـان وموناقەشەی سیاسی بکا وبرادەران وتیان سەرفراز بی وەکو ئاوا تەرکی ئەم سیاسەتەت پێکرد.

## ■ سیغار

دوسێ ساڵ لەمەو بەر هەواڵێکم خوێنەوە باسی ژنێکی ئەکرد دەعوای لەسەر کۆمپانیای (ئار جي رینولدز)"ی ئەمەریکی کە جگەرەی کەمێڵ دروست ئەکا قەید کردبوو. تیایا تۆمەتباری کردبوون بە کوشتنی مێردەکەی بەهۆی کێشانی ئەو جۆرە جگەرەیەی کە کۆمپانیاکە بەرهەمی ئەهێنێت توشی شێرپەنجەی سیەکان بووەو مردووە. هەواڵەکە ئەڵێ محامیەکانی لەکۆتاییا توانیان قەرەبووی مەبلەغی بیست و سێ ملیار دۆلار بەسەر ئەوکۆمپانیایەیا بسەپێنن بۆ ئەو بێوەژنەو لەگەڵ شانزە ملیۆن وهەشت سەد هەزار دۆلای تردا وەکو قەرەبویەکی دیکە بۆ ئەو بارە دەرونیەی کە بەسەریا هاتووە. بەهۆی لەدەست دانی پیاوەکەیەوە ئەوان داواکەیان لەسەر بنچینەی ئەوە بنیات نابوو کە ئەو کۆمپانیایە لەسەر پاکەتی جگەرەکە نەینوسیوە جگەرە کێشان هۆیەکی سەرەکیە بۆ توش بوون بە شێرپەنجە.

لای خۆمان رەنگە دەیەها نەوع ومارکە لەجگەرە هەبێت، کەس نازانێت کارگەو فابریقەکانیان لەکوێن بە چ جۆرێک ئەو جگەرەیە دروست ئەکرێ، ئەوەی ناو کاغەزەکە کە ئەسوتێ ئایا توتنی خالیسە یان تێکەڵ و پێکەڵی دەست کرد؟ ئەوە گرنگ نیە گرنگ ئەوەیە دوای خواردنی دوشیش جگەر لەگەڵ هاتنی چا خەستەکەیا جگەرەکەش

بەلای لێـویەوە بێـت؟ سـاڵانێکی زوو لەسـلێمانی جـگەرەیەک هەبـوو بێ فلتەربـوو پێیـان ئەوت جـگەرەی جەمهـوری، عـامەی خەڵـک ئەوەی ئەکێـشا. بەڵام هەنـدێک لە ئەفەنیەکانی شـار جگەرەکانی کۆنـسلێت و گرێڤن رۆسمانیان پێبوو رۆسمان ی ئەوکاتە بۆنی خۆش بوو.

کۆمپانیـایەکی یوگوسلاڤی بەتەمای دروسـت کردنی بەنـداو بـوون لە شـارەزور بەهـۆی پشێوی بـاری سیاسی وعەسکەری نیـوان ئێمەی کـورد بەعـــس، پـــرۆژەکە ســـەری نەگـــرت و گەرانەوە ووڵاتـــی خۆیـــان. کارمەنــدەکانیان زۆریــان حەز لەجەمهــوری بــوو تــا ئەوە بوەســتایە جگەرەی تریان نەئەکێشا دواتر جگەرەی بەغدا و سۆمەر هاتن ئەمەی دواییـان دوو جـۆر بـوون، یەکێکیـان عـادی ئەوی تـر درێـژ پێیـان ئەوت سـۆمەری بولغـاری.ئەوەیـان زۆر مەرغـوب بـوو زیـاتر بـۆ مەسـئوولین بـووا! ئەوەی گڵۆزێکی لەوە دەستکەوتایە پاشابوو.

لەسـلێمانی و دێهاتەکـانی ئەوانەی فەلاحەتیـان ئەکـرد تـورەکەی توتنەکەیـان ئەکـرد بەلای پـشتێنەکەیانەوە و سـیغارەکەو چەرخەکەش کەبەنەوت ئیـشی ئەکـرد هەر لەو تورەکەیەیـا بـوو ئەگەر سـەعاتێک خەریکی زەرعاتەکەیان بوونایە، ئەهاتنەوە بن کەپرەکەو خێرا بەپوش وپەڵاش ئاگریان ئەکردەوەو چاکەیان لێئەناو جگەرەکەیان ئەپێچایەوە. ئێتر ئەوە ئیـسراحەتەکەیان بـوو، هەرچی ئەوانەی ناوشـارە لەمـاڵەوە توتنەکەیان لەسـەر سینی ئەکردە قامیشە جگەرەوە کە بەتـۆپ لەبازار ئەیــان کــری و ئەیــان کــردە قوتــوە جــگەرەوە هەنــدێک بەتــایبەت توتنەکەیـان لەمـاڵەوە گـوڵاو پـرژێن ئەکـرد، بەوەیـان ئەوت جـگەرەی بۆننار.

لەسلێمانی پاکەتێک هەبوو ناوی شاور بوو جگەرەی (زەل)ی تێی کرابوو لەبەر هەرزانیەکەی خەڵک ئەوەشی ئەخوارد. ئەوکاتە ئەگەر یەکێک قوماری بکردایەو پێیان بوتایە کاکە بەسە بەڕەی ژێری مناڵەکانیشت دۆران ئەیوت ئەوا لەسەر دەستی ئێوەیا تۆبەم کرد ئەها ئەوە دەستی خۆشم داخ ئەکەم.پشتی دەستی خۆشی لەبەرچاوی هەموویان بەئاگری جگەرەکەی لەدوسێ جێوە ئەسوتان عەلا ئەساس خەتای ئەو دەستەیەتی وەرقەی قومارەکە هەڵئەگرێ ئەگینا خۆی قەت حەزی لێ نیە!.

## ■ سیلاح سز

به ئیستیفادەکردن لەبەیداخی ئاین، و بانگەشەی وابەستەیی بەکتابی خودا، و سونەتەوە، عوسمانلیەکان توانیان بۆ چەن سەدەیەک ئیمپراتۆریەتیکی گەورەو زەبەلاح بنیات بنێنن.کەتیایا رەگەزی تورکیی سەروەر بێت، و زمانی تورکی ببێتە زمانی رەسمی ئەو ئیمپراتۆریەتەی کە چەندین قەوم وزمانی لەخۆ گرتبوو.ئەوان بەناوی غەزای وولاتانی کافری! وەکو بلوگارستان ویۆنان و هەتا هەوڵدان بۆ داگیرکردنی نەمساش، شەری بەردەوامیان لەگەڵ روس پێوسیتیان بە هێزی شەرکەر هەبوو، کە لە قەومە بندەستەکانی خۆیان سوخرە کێش ئەیانبردن بۆ ئەو شەرانەی کە بەناوی ئاینەوە، بەڵام بۆ بەرژەوەندیی رەگەزی تورک بەرپائەکران.ئەگەر کەسێک توانای جەستەیی شەرکردن و سیلاح بەکار هێنانی نەبوایە، نازناوی سلاح سزی پێدراوە واتا ئەوکەسەی کە بێ چەکە، سیلاح سزەکانیان لەناو سوپایا هێشتۆتەوە وکاری خواردن ئامادەکردن وپاککردنەوەو حەماڵیان پێکردوون.

مێژوو نووسەکان ئەڵێن ئەفسەرە کوردەکان کەپێشتر لە سوپای عوسمانیلدا بوون، دەوری بەرچاویان لەدامەزراندن وبەرێوە بردنی سوپای عێراقیا هەبووە، لەوانە تۆفیق وەهبی کە لەشۆرشی شێخ مەحمود بەشدار ئەبێ و دواتر ئەیکەن بە موتەسەریفی سلێمانی،

ولەسەرئەوەی لەراپەرینەکەی بەردەکی سەرا عەریزەکەی ئەو خەڵکەی بەرزکردۆتەوە بۆ عوسبەتول ئومەم بۆ پاراستنی مافەکانی کورد ئەگیرێ، احمد زەکی بەگ مامۆستای قوتابخانەی عەسکەری بووە، دواتر کراوە بە بەڕێوەبەری کۆلیجی سەربازی .بەکر سدقی لە دامەزراندنی سوپای عێراقەوە بەشدار بووە تاوەکو گەیشتۆتە پلەی فەریق، لەساڵی 1936یەکەم ئینقیلابی عەسکەری لەرۆژهەلاتی ناوەراستا کەسەرکەوتو بوبێت بەکر سدقی کردی و بو بە سەرۆکی ئەرکانی سوپا.

لەبەیاننامەکەی کە بەتەیارە بەسەر بەغایا فرێیان دایە خوارەوە ئەمەی لێنوسرابوو - ئەی گەلی عێراقی مەزن سەبری سوپاکەتان کە لەرۆڵەکانی ئێوە پێکهاتووە، لەوحاڵەتەی کەپێوەی ئەناڵێنن گەیشتە ئەوپەڕی.تاوەکو ئەگاتە ئیمزا(بەکر سدقی )فەرماندەی هێزە چاکسازیە نیشتیمانیەکە.

هەندێک سەرچاوە بۆ ئەوە ئەچن بەکر سدقی بۆیە کوژرا چوونکە پلانی جیاکردنەوەی کوردستانی هەبوو .ئەڵێن کاتێک کە سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی عیراق علی جەودەت، ئەمری پێئەکا کە راپەرینی باکوری عێراق(کوردستان )سەرکوت بکا، رەفزی ئەکا.هەر ئەو سەرچاوانە ئەڵێن بەشداریی دوئەفسەری کورد لەکوشتنیا، بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی کە کورد خۆشی نەویستوە چونکە ئەو دوئەفسەرە سەر بەجەمعیەتی( النجوم الناریة )واتا ئەستێرە ئاگراویەکان بوون، کەزۆربەی ئەفسەرەکانیان عەرەبی نەژاد پەرست بوون، هەر بەپێی سەرچاوەکان کاتێک ئەکوژرێت لەجانتاکەیا نەخشەیەکی کوردستانی

گەورەی تیابووە .لەبەرئەوەیشی کە خاوەن کەسایەتیەکی زۆر سڕقایم ومەنگ بووە نیازی دڵی خۆی بۆ کەس ئاشکرا نەکردووە، تەنها ئەوەی لای باڵویزی ئەڵمانی فرترز گروبا درکاندووە .وداوای لێکردووە کە پلانێکی تۆکمە دابنێ بۆ داکۆکی کردن لە کوردستانی گەورە، لەحاڵی دروست بونیا .ئەویش کۆلۆنێل هاینزی تەکلیف کردوە، بەدانانی ئەو پلانە کەبەسیفەتی جیولۆجی هاتۆوە بۆ ناوچەکەو تا ئێرانیش چووە، هەموو هێڵە بەرگریەکانی ونوقتەکان ورێگاوبان وئیماکانتی لۆجستی و دابین کردنی تەقەمەنی، کردوە بە راپۆرتێک کە تەرجەمە کراوە بۆ ئینگلیزی نوسخەیەکی داوە بە فرترز، ونوسخەیەکیش لای بەکر سدقی بووە و بەردەوام لە جانتا تایبەتیەکەیا بووە .دوای کوشتنی دەست ئەگرن بەرسەر ئەو راپۆرت وپلانەداو و تەسلیمی ئینگلیزی ئەکەن. ئەوە چەن راستە؟ بەداخەوە بەڵگەیەک نیە کە یەکلایی بکاتەوە، بەڵام کوشتنی بەکر سدقی بەپلانی ئەفسەرە نەژاد پەرستە عەربەکان ئەوە پشت راست ئەکاتەوە.

لەبواری عەسکەریا سلاح سز یان غیر موسەلح دیارە بەکێ ئەوترێ بەڵام لەبورای مەدەنیا بەداخەوە بەکار نەهاتووە، ئەگینا زۆر لەو سیاسەت مەدارانەی کەسیاسەت نازانن، ئەبوو سیاسەت سز بکرانایە، زۆر لەوانەی کە هەرۆژەی تەسرێحێک ئەیەن و بەیانی وادەرناچی ئەبوو حیزبەکانیان تەسریح سزیان بکردنایە.ئەو دکتۆرانەی رۆژی حەفتا نەخۆش ئەبینن ئەبوو نەخۆش سز بکرانایە.زۆر بەناو نوسەرو شاعیرانەی کە لانی کەمی بەهرەو رۆشنبیری وتوانای نوسینیان نیە و هەر لەکۆڵیشی نابنەوە ئەبوو قەڵەم سز بکرانایە.

## ▪ سەرتەنوری سلێمانی

باجی ئایشێ بەدەم پاککردنەوەی تیرۆکەکەی لەو هەوریرە کۆنەی کە پێوەی ووشک بۆتەوە: ئەرێ رەحمە ئەو کچەتیوەی تر بۆ ناهێنی نیوەنانێکیشتان بۆ بکاتەوە هەر باشە، چوار هێڵکەت شێلاوە ئاخر بەچی تەواو ئەبێ؟ ئاگام لێیە ئیشی ئەم ماڵە هەمووی بەسەرشانی ئەو پاکیزە داماوەوەیە، بائەویش ماڵ وحاڵ ورێوجێ یەکی خۆی هەبێ ئاخر خوا بەرداری نیە سبەینێ ئەکەوێتە ژێر ترپ منەتی براو براژنەوە.

رەحمە: کچێ دایکم قوڕی کوێ بکەم بەسەرما فەوزی شویکردوەو ڕۆیشتووە ئەوی تریشیانم لەدارەو بۆ مامۆستایی ئەخوێنێ شەووڕۆژ سەری بەسەر ئەوکتێبەیا شۆڕکردۆتەوە ئەڵێ دایە ئەمساڵ ئاخرساڵە دەرسەکانمان زۆر قورسە منیش ئەڵێم ئەوەنەساڵی بڕیوە گوناحە موستەقبەلی بسوتێ هەتا ئێوارە هەر پاکیزە، خۆیشم ئەوەتا ئەبینی بەهەزار حاڵ هەڵئەسمە سەرپێ بەخوا پشتم لەدوام نایەت ئەویشم لەدەست بێتەوە چی بکەم.

باجی ئایشێ:ئەی هەروا دایئەنێی و پرچی سپی بەدیار خۆتەوە پی ئەهۆنیتەوە؟ کچی نەوەڵڵا خوا ئەکا یەکێکی باش داوای ئەکا بۆ نایەم بەشوو قیروسیا لەخۆم، چۆن ئەوگوناحە ئەهێنمە ئەستۆی خۆم.

باجی ئایشێ: باشە کورەکەی سەبری چۆنە؟ ڕەحمە: وەڵڵا تابڵێی کوڕێکی باشە، کاسبە، سەری بچێ نوێژی ناچێ، تائێستا ئەو سەبریە کڵۆڵەی دایکی دوجار هاتۆتە داوای، بوکە خان لوتی پیا داناهێنێ، ئەڵێم چیەتی کچم بۆ ڕازی نابی؟ ئەڵێ ڕەزای خواتەوە کە ئەوبینێ ئەمە لای خۆی چۆنی چاکی ئەکا دەم وچاوت هەمووی ئەکا بەتف.

باجی ئایشێ: ئەرێ ڕەحمە ئەم نانە هەر ناکرێتەوە شان وملم هەمووی کەوتە خوارەوە؟ چیبکەم ئاردەکەی زۆر بەپێزە تازە چیشی لێبکەم بەخوا مستێ پارەم پێ یاوە. ڕەشکەو شمڵیشم هەر بەشی ئەمجارە ماوە ئەبێ بیکرم بەخوا نان بێ ڕەشکەو شمڵی یەک عانەی قەڵب ناهێنێ.

ئەڵێن بەڕە لای تەنکیەوە ئەدرێ مایەکەشم کەڵکی نەماوە، کچەتیو بیرم خەیتەوە ئێوارێ گونکێ هەڵگرم بۆ هەویر ترش جاری پیشو بۆخۆی بیرم چوو، کاری حاجی پیرۆز ڕاست بێ سەلکێکی یامێ کردمە هەویری کولێرەکەوە، بەبێ هەویر ترش دوو ڕۆژیش دابنێی هەڵ نایەت.

پاکیز میچەکان لەکوێن ؟ ئەرێ دایە بۆ ئەوەنە بانگم ئەکەی خۆ ناوم لێنانێی هەر لای قاپی ڕۆنەکەوە دامناوە ئەوەتا لەپشتەوەیە، نۆکەکەشم کردۆتە ئاو ئەزانم دوایی سەرم ئەخۆی. باجێ ئایشێ: نۆکتان بۆ کردۆتە ئاو ؟ ئێوارە دوای کولێرەکە، دەمی گوڵبێنەکە جوان ئەئاخنم، ئێ؟ مەنجەڵە نۆکەکە سەرقاپەکەی ئەنێمەوەو ئەی ئەخەمە تەنوورەکەوە و سەری تەنوورەکەش ئەگرم، ئێ؟ ئیتر بۆ خۆی تابەیانی ئەبێ بەلۆکە و نوێژی بەیانیم کرد ڕۆن وپیازی بۆ ئەقرچێنم و ئەیکەم بەسەریا لەگەڵ نەختێک داوو دەرمان لەزەتی قەت تەواو نابێ.

پاکیز دولق دارم بۆ بێنە تەنوورەکە پشتی ساردبۆتەوە نانەکە تەواو ناگرێ با تا نان وچاکەمان ئەخۆین تیابسوتێ وگەرمی کاتەوە.

بەقوربانی بم ئەوە فەوزیش هات، ئەی کوا کورەکەت ؟ تینویەتی دەمی ناوە بەبەلوعەکەوە ئاو ئەخواتەوە ئا بانگی کە با مار مارۆکەیەکی جوانی بۆ بکەم.

## ▪ سەرسەری وشەلاتی

گەنـدەڵی لە فـساد –ی عەرەبـیەوە هـاتۆتە نـاو قاموسـی سیاسـی کوردیەوە، و بەواتای بڵاو بوونەوەی واستەو بەرتیل ورەشوەت وەرگرتن و دزینی سـامانی گـشتی و بەکارهێنـانی پـێگەی وەزیفیی بـۆ مەنفەعەتی شەخسیی و دابەش کردنی پۆست و وەزیفە بەسـەر خزم وکەس و کارا، بەشـێوەیەک کە نزیـک ئەبێـتەوە لە ئاسـتی ئافـات و گیـان وبونیـادی دەوڵەت وکۆمەڵگا بەجۆرێـک هەڵئەکـۆڵێ، ئەگەر بـایەکی سیاسـی یـان قەیرانێکی ئـابوری مـام ناوەنـدیش هەڵبکا رەنـگە خـۆی لەبەرا نەگـرێ. بەیەکێـک لەسیاسـەت مەدارە بەناوبـانگە ئەوروپیەکان ئەڵـێن قوربـان گەنـدەڵیەکی زۆرو مەترسـیدار لەنـاو دام ودەزگاکـانی دەوڵەتـدا بـڵاو بـۆتەوە، ئەڵـێ گەیـشتۆتە دادگاکـان؟ ئەڵـێن نەوەڵـلا تائێـستا ئەوێـی نەگرتـۆتەوە ئەڵێ دەباشـە کەواتە هێـشتا ئەمەلی ئەوە مـاوە کـۆنترۆڵ بکرێت.

سـاڵانی زوو گەنـدەڵی لەزۆر شـێوەی سـەیرو سـەمەرەو سادەیا خـۆی ئەنوان بۆ نمـوونە ئەگەر نانە عاشـەکە (بازار) (بۆیە پێیان ئەوت عاشـە چـونکە ئـاردەکەی لە دامەزراوەی (أعاشـە) واتـا ژیانـدن بەکـوردی، ئەهـات) و جـاری واهەبـوو کە لەتـت ئەکـرد تاڵێـک گـوش ئەوەی دەمـی فەردەکەی پـێ ئەدورایەوە تیـابوو. بەتەوسـەوە ئەوتـرا، نـاییبژنەوە هەر

ئەوکاتـانە ئەیـانوت ئـای کە عەیـبە فـڵانە قوتـابی بەواسـتە دەرچـووە!. لەهەمـوو لیـوای سـلێمانیا ئەگەر حـسابت بکـردایە ژمـارەیەکی زۆر کەم کە بەپەنجەی دەست ئەژمێردران تێکرای نمرەکانیان لە تاقی کردنەوەی بەکەلـۆری شەشی ئامادەییا سـەرو نەوەدەوە بێت، کەس نەئەگەیشتە نەوەد و نـۆ. لەبـرادەرێکم پرسی ئەبێ ئاسـتی خوێنـدن چـۆن بێـت؟ وتی نەوەدو هەشـت بـووە بەتـۆڵەکە، ئیـستا بـاوی سـەد لەسـەر سـەدو جاری واش هەیە سەدو دە!

کاتی خۆی ئەیانوت پیاو ئەبێ مەبدەئی بێت ئەگەر یەک زەڕە لەسەر بیروباوەڕی خـۆی لابا ئیتر کەس مەرحەبای ناکا، ئێستا نەخـوێنەوارەکە بەسـواری چەنکـوفەلەقەوە بە رانکوچـۆغە وکڵاشـی بەفـرینە ئەمـبەرو ئەوبەریەتـی و بەوپەری شانازیـشەوە ئەسـتێرەی بەرنـامە سیاسـی وئیقیسادیەکانە بێ ئەوەی هیچیشی لێبزانێ.

لەسـەردەمی عوسـمانلیەکانا گرانیی وقـاتو قریەکی زۆر بڵاوببـۆوە و بەدەسـت نەبـوونی و هەلپەرسـتیی وگرانجـانی توجـار باشـیەکانەوە ئەوەنەیتر خەڵـکەکە حـاڵ وگوزەرانیـان تێـک چوبـوو، بـۆ بەرگـرتن لەو گـران فرۆشـیە دەوڵەت جۆرێـک لەوەزیـفەی داهێنـا، کە بریتی بـوو لە دانـانی فەرمـانبەرگەلێـک کە ئیـشیان چـاودێری نرخـی شـت ومەک وخـواردەمەنی وکاڵاکـان بـوو لەناوبـازار.ئەوانە ناویـان شـەلاتی بـوو مـاوەیەکی زۆری نەبـرد فرۆشـیارەکان تەماعیـان خـستە بەر ئەو شـەلاتیانەو دەمیـان چەور کـردن. وایـان لێکـردن کە چـاو لە گـران فرۆشـەکان بپۆشـن وبـازار هەروەکـو جـاری جـارانی لێبێـتەوە. کاتێـک

بـۆگەنی گەنـدەڵی ئەوشـەلاتیانە گەیـشتەوە لـوتی دەوڵەت. هێنایـان جـۆرێکی تریـان لەفەرمـانبەران تەشـکیل کـرد، بـۆ مـوراقەبەکردنی شـەلاتیەکان و وناویـان لێنـرا سەرسـەریەکان. ئەوەبـوو پـاش چەن هەفـتەیەک ئەوانـیش لەلایەن توجارباشـی و فرۆشـیارەکانەوە کـڕان و کەوتـنە بەرتیـل وەرگـرتن و جـارێکی کە بـازارکەوتەوە دەسـت گـران فرۆشـەکان و ئەو دوونـاوە واتـا سەرسـەری وشـەلاتی بـوون بە هێمـای گەنـدەڵی و رەشـوەت وەرگـرتن.لای ئـێمەی کـوردیش ئەو دوونـاوە لە لەخەڵکانێـک ئەنـرا کە بەتـاڵ و حەتـاڵ ئەسـوڕانەوە و هـیچ بەهـایەکی کۆمەڵایەتی وقـانونی نەی ئەبەستنەوەو کێ پـارەی زیـاتری بـایە ئەبـوون بەپیاوی ئەو.

## ▪ سەرکردە قەت نابەزێ!

دوو سەدە لەمەو بەر ناپلیۆنی ئیمپراتۆری ئەوکاتەی فەرنسا، سوپایەکی حەوت سەد هەزار کەسیی پێش خۆی داو روسیا خۆت بگرەو هاتم، لەوانە سێسەد هەزایان فەرنسی بوون باقیەکەی لەملاو ئەولا وەکو سوخرە کێش کۆی کردبوونەوە، رەنگە یەکێک پرسیار بکا باشە بۆ پەلاماری روسیای دا؟ ئەوکاتانە ناپلیۆن لەگەڵ ئینگلستان لەبەربەرەکانێیەکی سەر سەختدا بوون، ئەو ئەیویست نیکولای یەکەمی قەیسەری روس پەیوەندیە بازرگانییەکانی لەگەڵ بەریتانیا بپچڕێنێ، بەوەش بەریتانیا ناچار ئەبێ کە سوڵح لەگەڵ فەرەنسا بکات. پلانی ناپلیۆن لەو هەڵمەتەیا وەکو ئەو شەرە تەقلیدیانەی کەلەدێر زەمانەوە لەهەموو دنیا روی داوە گەیشتن بەسوپای دوژمن بوو لەسەر سنورەکانی ئەو وڵاتەو بەیەک کەرەت تێک وپێک شکاندنی و بەئاسانی داگیر کردنی روسیا بوو، راستە ناپلیۆن خاوەن بیرێکی عەسکەریانەی زۆر داهێنەرو بەئەزمون بوو، بەڵام ئەم پلانەی کە هیوای لەسەر بنیاد نابوو بۆش دەرچوو!. چونکە ستراتیجیەتی سەرکردایەتی هێزەکانی روسیا نەدانی ئەو فرسەتە بوو بە ناپلیۆن و پاشەکشێیەکی رێک وپێک بوو، کە سێ مانگی خایان. سوپاکەی ناپیلۆن تا ئەهات بێ بەرگری زیاتر ئەچووە ناو قوڵایی روسیاوە، ووردە ووردە زستانی ئەو ووڵاتە بەرینە

نزیکتـر ئەبـۆوە، روسـیش بەرادەیەک پاشەکـشێیان کـرد مۆسـکۆی پایتەختیشیان بۆ بەجێ هێشت. ئەوەبو ناپلیۆن بائاسانی چووە پایتەختی روسـیاوە، بەڵام هەر بە سـەرکەوتنی تەواو لەقەڵەم نەئەدرا، چـوونکە هێـشتا لەگەڵ سـوپای روسـی لەمەیـدانی شـەڕێکی یەکلایـی کەرەوەدا بەرانەبەر بەیەک نەوەسـتابونەوە. بەواتـایەکی کە هێـشتا روسـیا هێـزە چەکـدارەکەی سـەلامەت بـوو. بەفـری زسـتانی روسـیا یـان راستتر(جەنەراڵی زستان) دەست بەبارین ئەکاو لەشکرەکەی ناپلیۆن ووردە ووردە بەرەو بێهێزی وکەمیی خـواردن ئەچێت، ناپلیۆن بڕیار ئەیا دەسـت لە داگیرکردنی روسیا هەڵبگرێ و بگەڕێتەوە فەرەنسا. مێژوو نووسـەکان ئەڵێن: لەکۆی حەوسەد هەزار سەرباز، تەنها بیستو حەوت هەزار لەگەڵ خۆیا ئەباتەوە بۆ پاریس. سەیرەکە لێرەدایە، بەوهەموو شکـستی و لەنـاو بردنی رۆحی سـەدان هەزار سـەربازو دەرەجەدار و راکردنی لەروسیا بەشکاویەکی زۆر ئـابرو بەرانەوە، فەرمـان دەرئەکـا، لەسەرەتای جادەی شانزێلیزیەی ئیستاوە تاقێکی بۆ دروست کەن، کە بەتاقی سەرکەوتن لەفەرەنساو دنیادا ناسراوە، تاوەکو ئیستا ملیۆنەها خەڵـک کەسـەردانی پاریـسیان کـردوە، بـێ سـەردانی ئەو تـاقە نەرۆشـتونەتەوە پرسـیارەکە ئەوەیە ئایـا ئەمە ئەوە نـاگەیێنێ کە مێـژو تەنها سەرکردەکان هەتا ئەگەر فاشیلیش بن جاویدان ئەکا.

لەسـەردەمی فیرعەونەکـانی میـسردا ئەوەی دیـزاین و وەسـتایی وکرێکـاریی لەئەهـرام وگۆڕسـتانەکانیانا کـردووە خەڵکانێـک بـوون، لە عـامەی شـەعبەکە، بەڵام ئەوەی نـاوی بە ئـاوی ئـاڵتون لەمێژودا تۆمار

کراوە، هەر فیرعەونەکانە کەسی تر دیار نیە، کێن ئەو ئەندازیارانەی کە دیزانــی ئەهرامەکانیــان کــردووە ئەو وەســتایانەی کە دیزینەکەیــان جێبەجێ کردووە ؟ مێژو باسیان ناکا.

بیـرم دێ منــاڵی گەرەک کـۆ ببـوینەوە لەدەشـتەکەی نزیـک گەرەک یاریمان ئەکرد، کۆمەڵێک شـەرەنگێز لەولاوە هاتن، شـەریان پێفرۆشتین (ئەوکاتەنە ئەقڵیەتی شـەرەگەرەک لەهەرەتی جوانیا بـوو) ئەو ئـازایەی کە گوایا ئەبوو سـەرکردایەتیمان لەوجۆرە هێرشـە چاوەروان نەکراونەیا بکات دیار نەما! ئاسمان هەڵی کێشا ئەرز قوتی یا؟ نەمان زانی لەو کاتە زەرورەیا چی لێهات! مەجبوور خۆمان بێ سـەرکردە تێهەڵچوین، مەعلوم دۆرانمــان، کەچـی دوای ئەوە هەریەکەو بەجۆرێــک باســی لێهــاتووی سـەرکردەکەمانی ئەگێرایەوە کە ئەو خـۆ وون کـردنەی بەتاکتیـک بـووە ئەگینا ئەو کون لەجگەریا نیە! بە هەردوچاوی خۆیان بینیویانە چۆن لە قۆڵێکی نادیارەوە لە کاتی پاشەکشێی دوژمنا ئیشی خۆی لێکردون.!

## ■ سەرکەوتووبی

ئەگەر چوویتە هەر شارێ و ویسست بزانی تاچرادەیەک ئەهلەکەی شارستانین، هەر کە لەنەقلیات دابەزیت یەکسەر تێئەگەیت ئەگەر رێک و پێک و پاکو تەمیز بوو؟ ئەوە بێخەم بە ناوشاروخەڵکەکەش وایە، بەپێچەوانەشەوە بوو، ئەگەر بەئیشی زەرور نەچووبووی ئەوە هەر لەوێوە ئەتوانی بگەرێتەوە بۆ ئەو شوێنەوی کەلێوەی هاتووی، رێک لاپەرەی شەخسی فەیسبوکیش ناونیشانی خاوەنەکەیتی لاپەرە چۆن بوو خاوەنەکەشی ئاوایە.

هەندێک وەکو ئامرازێکی بەیەک گەیشتن و دۆزینەوەی رەفیق و برادەرو خزمی دوورە وولات بەکاری ئەهێنن، هەندێکی کە وەکو پەنجەرەیەکی رۆشنبیریی بۆ بڵاو کردنەوەی نووسین وبیرو بۆچوونەکانی خۆیان، لەسەر مەسەلە کۆمەڵایەتی وژیاری وسیاسیەکانی کوردستان سودی لێ وەرئەگرن.

هەندێکی تر وەکو شاشەیەکی تەلەفزیۆنی گەورە ئەیبینن کە هەموو شتێک پیشان ئەیا شیعر، گۆرانی، وێنەی جوان، گرتەی سەیرو سەمەرەی یوتیوب خواردنی خۆش وجوان رازاوە، دیمەنی جوانی سروشت، کارەساتەکانی جەنگ وسروشت، بیرەوەریەکان و هەتا دوایی.

هەندێکیش وەکو خۆ نواندن و خۆ پیشاندان بە ئەنواعی ئەوزاع وجلو بەرگەوە تاوو تەرێنی تیائەکەن، شەو و رۆژێک لانیکەم شەش

وێنەی جیاوازی خۆیان دائەنێن، ئەبینی جارێک عەینەکەکەی لەسەر چاوی داناوە جارێکی کە کردویەتیە سەری، جارێک بە چاکو پانتۆڵ و بۆینباخەوە، جارێکی تر لەسەیرانە و قیافەتی کوردی لەبەرایە، یەکێک وێنەیەکی خۆی دانابوو بەپێوە وەستابوو قاتێکی تازەی لەبەرکردبوو، نووسیبووی تازەترین وێنەم پێشکەشە بەئێوەی خۆشەویست! هەروەکو ئەوخەڵکە پەرۆشی بینینی بەرگە نوێکەی بووبن.

کۆمێنتەکانی فەیسبوکی کوردی زۆرن بەڵام لەهەموویان کورت ترو بێ زەحمەت تر، کورتە رستەی سەرکەوتووبی-ە کە بەموناسەبەو بێ موناسبە ئەنوسرێ، ئاخۆ بۆ ئەو مەوقیفە باشە یان نا. . بۆ نموونە کەسێک رەسمێکی دانابوو لەسەر پەیژەیەک وەستابوو، وازیح نەبوو کە بۆسەرەوە بەنیازە بچێ یان بەرەو خوارەوە، ئەو عالەمە بۆی نووسیبوو سەرکەوتووبی، رەنگە ئەگەر نیازی هاتنە خوارەوەی بووبێ یان پشتی بئێشێ و نەتوانێ چیتر سەرکەوێ باشتربێ بۆی بنووسن خوارکەوتووبی!.

یەکێکی تر گەراوەتەوە بۆ کوردستان و رەسمێکی خۆی داناوە، لەگەڵ کەس و کار لەقەشقۆڵی یاپراخی گەڵامێو ئەخوا، بۆی ئەنووسن سەرکەوتووبی!.یەکێکی تر رەسمێکی گرتووە دانیشتووە لەسەر حەوزەکەی ماڵی خۆیان شوتی ئەخوا بۆی ئەنووسن سەرکەوتووبی.ئەویتر قاتێکی رەشی لەبەرکردووە بەو گەرمای تەموزە وعەینەکێکی تاریکی لەچاوکردووە ئەڵێی ئەوخەبیرانەیە کە هاوینان لەبەغاوە ئەهاتن بۆ گومرگەکەی سلێمانی شوێنی(حەسیب ساڵح) سلێمانی پالاسی ئیستا بۆ فەحسی توتن، بۆی ئەنووسن سەرکەوتووبی.

یەکێکی تر بەهەزار دەست ماچ کردن و واستەو ناڵی عەلی کراوەتە ژورەوە بــۆ گردبــوونەوەیەکی کــوردەواری وبۆشــی نــیە قــسەبکا، بەڵام ئەشهەدو رەقەمێکیان یاوەتێ لەیەخەی خۆی یاوە، تەنها ئەبێ گوێبگرێ رەســمێکی دانــاوە ســەیری کـامیراکە ئەکـاو وپێئەکەنێ، هەر ئەڵێی ئەو کۆبوونەوەیە ئەوی تیا نەبوایە مومکین نەبوو پێک بێ و بگاتە ئەنجام. کاتێ شــەو رەســمەکەی لەفیــسبوک دائەنێ وئەنووسێ ئێــوارەی ئەمرۆ بەشـــداریمان لەفـــلان کۆبوونەوەیـــا، ئەوعـــالەمە بـــۆی ئەنووســـن سەرکەوتووبی.

ئەنـــدام بـــالای حیزبێـــک کەبەشـــی یەک کورســـی دەنگیـــان کۆنەکردۆتەوە لەهەڵبژاردنا لەوێنەکەیا تورە دانیشتووە بۆی نووسراوە هەر بەسەرکەوتویی بیت بینین.

## ▪ شازی پشیلە

فشە کردن یان خۆهەڵکێشان نەخۆشیەکە ئێران وتورانی بگێڕێ عیلاجی نیە، ئەوەش تەنها دیاردەی قەومێکی دیاری کراو نیە، بەڵکو بەسەرانسەری دنیایا بڵاوە. بەلێکدانەوی خۆم ئەوکەسانە ئەوەی کە لە واقیعا ناتوانن بیکەن، وەکو ئازایەتی و بەخشندەیی و زیرەکی وا قەناعەت بەخۆیان ئەکەن، فیعلەن کردبێتیان، وەکو راستیەکی حاشا هەڵنگریش بۆ دەوروبەری دەجارو سەد جاری ئەگێڕنەوە، ئەوەیشی بڵێ وانیە یان سەرنجێکی گاڵتە ئامێز بنوێنێ لێی عاجز ئەبن!.

خاڵە مەولو بۆی گێڕامەوە وتی: ساڵانێکی زوو عەسکەر بووم، شەعبانێک هەبوو خەڵکی لای خۆمان بوو، کاتی ئیسراحەت لە مەشق کردن دیارە هاوین ئەبێ، بینیم لەبن سێبەری شۆرە بیەکا دانیشتووەو چەن جوندیەک دەوریان لێیاوە، باسی دەست و تفەنگ ونیشان شکاندنی خۆی ئەکرد. گوایا ئەم راهێنانە هیچ ناخاتە سەر ئەو توانا و ئیماکاناتەی کە ئەو هەیەتی لە تفەنگ چێتی و هونەری شەرا، ئەیوت سوێندتان لەسەرم نیە عەسرێک چووم بۆ راو بۆ ئەو کێوەی پشت ئاواییەکەی خۆمان. تا درەنگانێ مامەوە شانسی نێچیر هیچم توش نەهات!.وتم: هەرکاتێک هاتبم بەدەستی بەتاڵ نەگەراومەتەوە، وەڵا تا راو نەکەم نارۆمەوە. شەو لەو شاخە مامەوە، لێی خەوتم نیوە شەو هەستم کرد پرتەو بۆڵە پەیا بوو، تێم خوڕین کێن خۆتان ئاشکرا کەن،

نەخێـر ژاوەژاوو بـۆڵە زیـاتر رووی تێکـردم. وەڵا نەم کـردە نـامەردی پەلاماری پیرە برنەوم یاو یەک فیشەکم کرد بەناویاناو بۆڵە نەما و لێی خەوتمەوە!. هەموو: ئەی نەچووی بزانی چیبووە؟ شـەعبان: نەوەڵا بـۆ بچم! عەرزی جەنابتان بکەم، بەیانی تاریک ورون بوو هەڵسام چی ببینم! بەو فیشەکە حەوت وورچم تەخت کردووە! خاڵە مەولو وتی: خـۆم پـێ نەگیـرا وتـم: بـا وای دابنـێین تـۆ دەسـت راسـت بـووی فیشەکەکەشت حەوت وورچی بەکەرەتێ بڕیوە، باشە ئاخر خـۆ ئەو وورچانە عەسکەر نەبوون تا بەیەس یەم لەسەر یەک خەت بڕۆن، یەک دەفـعە هەر حەوتیـان بەی لەشـیش!. وتـی: لەورۆژەوە تـاوەکو ئێستاش ئەوە بۆ چل ساڵ ئەچێ قسەم لەگەڵ ناکا و نایکا وتم: ناهەق نیە لەو خەیاڵە خۆشەوە هێناوتەتەوە سەر ئەرزی واقیع.

کاک مەحمو وتی: عەجایەب جادەکانی ئەوروپا چوار سایدن و لە سەدو بیست زیاتر نارۆی؟! وتم: ئەوە قانونە وتی: دەسا هەشتاکان بوو لەولا سلێمانیشەوە بە سێ سەعات و نیو چوومەتە بەغا!. وتم: وابێ کەس لەتۆ سەریع تر نەبووە خێزانەکەی چاوێکی لێ بز کردووە نەختێک خـۆی کـۆ کـردەوەو وتی: ئەستەغفیرەڵڵا تەنها خەزورم کەبەلاما ئەرۆی ئەتوت من وەستاوم!.

هەیە هەموو شتەکانی شازە هەر لەکڵاشەکەیەوە تا رانکو چۆغەو تا ئەگا بەو شوتیەی کە لەتی ئەکا وقاشێکت ئەیاتێ و ئەڵێ شازی شوتیم هێناوە!. عەسرێکی هاوین لەگەڵ یەکێک لەوانە لە حەوشەکەی ماڵی خۆیان دانیشتبووم پشیلەیەکی چاو ریپۆقاوی بەر بەر قاچمانا ئەهات وئەچوو ئەو چەقەنەی بۆ لێ ئەیاو بانگی ئەکرد وتم: پشیلەشتان هەیە؟ وتی: شازی پشیلە!.

## ▪ شیتەی تەرەزان

لەشەستەکانا لەسلێمانی بەدوو ڕێگا ریکلامیان بۆ فلیمەتازەکانیان ئەکرد، یاندەهۆڵ کوتێک و زورناژەنێکیان سواری عارەبانەیەکی دووئەسپی ئەکردو بەگەڕەک و کۆڵانەکانی شارا ئەیان گەڕانن و ئەو خەڵکەیان ئاگادار ئەکردەوە، کەئەمجارەبەهێزترین فلیمیسکۆب ملەوەنیان هێناوە(سکۆب واتا هەموو شاشەکەی ئەگرتەوە) شایەنی ئەوەیەببینرێ.

ئیتر منالٌ دوای عەرەبانەکەئەکەوتن، عارەبانچیەکە قامچیەکەی ڕەوانەی پشتەوەئەکردو ئەچزا بەپشتی منالًی لاسارا و لەتاوا خۆی فڕێ ئەیایەخوارەوە. یانیش کابرایەک لەوحێکی تەختەی پێبوو، بەدارێکەوە قایم کرابوو خستبوویەسەر شانی، دیعایەی فلیمەتازەکەی بەگەڕەکەکانا ئەگەڕان و بڵاوی ئەکردەوە.

سینەمای ئەوکاتەسێ بەش بوو قاتی سەرەوەبەحەفتاو پێنج فلس بوو لۆجی خێزانیشی لێبوو، ناوەراست بەحەفتا فلس بوو ئەوەی خواری خوارەوەکە چەن کورسیەکی ڕەق بوون پێیان ئەوت چلیی، کەگڵۆپ ئەکوژایەوەهەندێکیان بەسەر ئەو پەرژینەئاسنینەی کەسەرەکانی وەکو ڕم وابوون بازیان ئەیایەحەفتاییەوە، بەلام بێ شانسەکان شەرواڵەکانیان شیڕ دا ئەدڕیەخوارەوە. هەندێکی تریش دوای ئەوەی

کەمحلەبیەکەیان ئەخوارد دەوریەفافۆنەکەیان بەسەر ئەو خەڵکەیا هەڵئەفڕان، ئەڕۆی تاخۆی نەکێشایەبەپەردەکەیا نەئەگیرسایەوە. گۆرانیەکانی پێش دەست پێکردنی فلیم بەزۆری حەسەن زیرەک و ئوم کەلسوم و نازم غەزالی وفەرید بوو لەجەژنانیشا سینەما رۆژانەلانی کەم حەوت کەڕەت ئیشی ئەکرد.

عەبەی سەیزایەو جەماعەتەکەی کەپۆستەو ئیدارەیان پێ ئەوتن پێش دەست پێ کردنی فلیمەکەگۆرانیان ئەوت. فلیمەکانی جەژن بەزۆری هەرقل و عەبەخڕەی هاو پەیمانی بوو، هەروەها ماشستی و ئۆرسۆز و حەوت بەتەڵەکە. ئەوەی سەیر بوو کە هەرقل دوای غاینەکان ئەکەوت، (هەر کەسێک دوژمنی هەرقل بوایە پێیان ئەوت غاین(خائن). سینەما گەورەو بچوک ئەیان کرد بەچەپڵەرێزان و بەیەک دەنگ ئەیانوت زۆر جوانەهەرقل!. هەروەها تەڕەزان ومەیمونەکەی کەناوی شیتا بوو ( ئەو عانەئەگەر یەکێک ناشرین بوایەپێیان ئەوت ئەڵێی شیتەی تەڕەزانە). بەوەناسرابوو کەلەکاتی تەنگانەیا هاوارێکی ئەکرد، هەموو حەیواناتەکان بەکۆمەکیەوەئەهاتن، بۆیەفلیمەکەتاهاواری زیاتر تیا بوایەبرەوی زیاتر بوو. جەژنێک بینیم جامانەبەسەرێک بەیەکێکی تری ئەوت، کەتازەلەبینینی فلیمەکەئەهاتەدەرەوە، چەن هاواری تیایە؟. ئەویش، حەوت، ئەی بەقوربانی خوای بم و وەکتەڕەزان و ئازاتریش لەو بەسەر ئێمەی منالی ئەوکاتەیا خۆی هەڵدا بۆ بەردەمی کونی بلیت بڕینەکەوبلیتی خۆی بڕی. تەرەزانی هیندیش دارا سەنگ بوو عاجباتیەکەی لەوا بوونیوەی فلیمەکەڕەش وسپی بوو نیوەکەی تری رەنگاوڕەنگ ؟.

هەر لەجەژنانا لگاوچیەکان لەدەوروبەری سینەماکان و بەر تەربیەی کۆن کەئەکەوێتەئەوبەری مزگەوتی گەورەوە، مشەمای لگاوەکانیان کەرەسمی تاج و قەرەو لەنگەرو سینەک و کوپ و دیناری لەسەر کرابوو را ئەخست. ئەگەر پۆلیسیش بهاتایە، تەنها پەلاماری مۆرەکانی ئەیائیتر لگاوچیەکەچەک ئەبوو چوونکە بێ مۆر لگاو نەئەکرا. هەر لەشتەخۆشەکانی جەژن نان و هێلکەو ترشیاتەکەبوو کەسەرەڕای ئەوەی هەموو یەکەم ڕۆژی جەژن سەر لەبەیانی تێرمان نان ئەخوارد، بەڵام ئەبوایەپاروەهێلکەکەشمان هەر بکریایە.

ئەو ساڵانەفلیمی هیندی وا دەماخ و ئەقڵی ئەو خەڵکەی پێچابوو کەسێک هەبوو ئەیوت من لەگۆپاڵ ئەچم بەراستی قۆزیش بوو ئیتر گەنجەکانی ئەوکاتە حەسودیان پیئەبرد، ناویان نابوو حەمەگۆپاڵ. بەندەو کۆمەڵێ خەڵکی تریش هەبوون حەزمان لەفلیمی هیندی نەبوو بەڵام کاتێک ئەکەوتینەموناقەشەوەلەگەڵ ئاشقانی هندو فلیمەکانی ئەوان یەک لەدوای یەک ئیستیفادەکانی چوون بۆ ئەو فلیمانەیان بۆ ریز ئەکردین، لەسەرووی هەموویانەباسی کوڕێکیان ئەکرد کەهەر لەڕێگەی سەیرکردنی ئەو فلیمانەوەفێری هیندی بووە، ئەمانوت گوێتان لێ بووەبەهیندی قسەبکا؟ ئەیانوت ئەی چۆن ئەمانوت چیتان گوێ لێبووەئەیانوت ئەوڕۆژەلەجادەی مەولەوی ئەو لەبەری مەکتبەی گەلاوێژ ئەبێ برادەرەکەشی لەبەری بازاری عەسری بەهیندی سڵاوی لێ کردووەوتویەتی هێ دۆست.

## ▪ شێرە بەفرینە

فەیسبوک شتی سەیرو سەمەرەی تیا دائەنرێ، ئەوەی بەدرێژایی عومرت لەناو خەڵک وکۆماڵگایا نەدت دیووە یان هەستت پێنەکردووە لەوێ ئەیبینی. یەکێک بەبۆنەی سەرکەوتەکانمانەوە لەکۆبانی سفرەیەکی جوانی رازانبۆوە، ئەتوت تازە لەسەفەربەر هاتونەتەوەو لەگژو گیای دەشت زیاتر هیچی تریان چنگ نەکەوتووە، بیخۆن. شوکو بۆ خوا گەیشتونەتەوە ئاوەدانی و تێی کە برسیمانە!. هەر ئەو خۆشەویستە لەگەرمەی داگیرکردن ومەترسیی گەورە بۆ سەر کۆبانێ هەمان سفرەی هەر رزانبۆوە، بەڵام نەمان زانی ئەوەیان بە چ بۆنەوەیەک بوو باسی نەکردبوو رەنگبێ بە موناسەبەی ئەوەوە بوبێت، کە دڵی تەنگ بوو.

لە سەروبەری بەفر بارینی ئەمساڵا رەسمێکی زۆری بەفریان لەفەیسبوک دانابوو، هەندێکیش گۆرانی وشیعرەکەی بەیانی زوو بوو لەخەو هەڵسام کەروانم بەفرەباریوە وسلێمانی ئەڵێی بەلقیسە تارازی زیووی پۆشیووە یان دانابوو. بۆ زانیاری بەلقیس شاژنی سەبەئی لای یەمەن بوو، لەسەر دەمی حەزرەتی سلێماندا حوکمی کردووە، واتا کورد نەبووە. لێرەشا بەداخەوە شاعیر ژنێک یاکچێکی کوردی نەدۆزیوەتەوە وەکو مۆدێلێکی جوان و تارای زیووی لەبەرکا و سلێمانی لە فەسڵی بەفر بارینا بەو بشوبهێنێ. چووە پەنای بۆ رەمزە نا کوردەکە یان عەرەبەکە بردووە!.

هەر بەبـــۆنەی بـــارینی بەفـــرەوە، یەکێکـــی کە وێـــنەی پەیـــکەری بەشـــەرێکی لەبەفـــر دروســـت کـــراوی لە لاپەرەکەی خـــۆی دانـــابوو، لێی نووسیبوو شێرە بەفرینە، بەمەی دواییان کۆڵێک پێکەنیم، ئەوکاتانەی کە منـــاڵ بـــووین بەفـــری کۆڵانەکەمـــان کـــۆ ئەکـــردەوە وپەیکەرێکـــی شـــێرێکمان لێ دروســـت ئەکـــرد. ناومـــان لێ ئەنـــا شـــێرە بەفـــرینە جێگـــای چاوەکانیـــشی خەڵوزمـــان تێ ئەکـــرد، واتـــا ئەوەی دروســـت ئەکـــرا شـــێرێک بـــوو وەیـــان هەوڵـــدان بـــوو بـــۆ ئەوەی ئەوشـــتەی کە دروســـتمان ئەکـــرد لەشـــێر بچێ. ئێـــستا بە هـــۆی ئەوەی کە هـــیچ شـــتێک لەم زمـــانە کڵـــۆڵەی کوردیمانـــا لەجـــێگەی خـــۆی نەمـــاوە، لەبـــری ئەوەی بڵـــی پیـــاوە بەفـــرینە، ئەڵی شێرە بەفرینە و ئەوخەڵکەش لەپەستا لایک وکۆمێنتی بۆ لێئەیەن. بێ ئەوەی هیچ کەسێک بەوە بزانی ئەوەی دانراوە پیاوە نەک شێر.

ســاڵانێک کە زمانی کوردی ئاوا سـەرموقولاتی پی نەدرابـوو ونەببـوو بە یـاری دەسـتی میـدیا کارو نووسـەرو شـاعیر و خـوێنەری نەخـوێنەوار. هەمـوو شـتەکان لەجێی خـۆی و لەموناسـبەتی خۆیـا ئەوتـرا، ئەبـوایە بەووردیش گوزارشتی لەو شتە بکردایە کەمەبەست بوو بگەیێنرێ. بۆیە بەراسـتی زمـانی شـار جیـاواز بـوو لەزمـانی دەورو بەر، ئەوەی لەدوورەوە بهاتـایەتە شــار، بەهەر کلۆجێـک بـوایە ئەبـوو خـۆی لەگەڵ شـێوازی قسەکرنی شـارا بگونجانـایە، ئەگینـا ئەبـوو بەجێی سـەرنجی خەڵکەکە. ئێـــستا ئەبـێ تـــۆ خـــۆت لەگەڵ زمـــانی دەورو بەر بگونجێنێـــت، ئەگینـــا ئەکەویتە بەر پرسیاری ئەوەی خاڵۆ ئەڵێی خەڵکی ئەم شارە نیت!.

بابێنیەوە سەر ئەو شێرەی کە لەبەفر دروستمان ئەکرد ئەوکاتانە وا باو بوو ئەگەر یەکێک زۆر بەشان و باڵی خۆیا هەڵی بایە، یان بە جەستە گەوەرە بوایە وبەکار هیچ، ئەیانوت شێرە بەفرینەیە هیچی لەبارا نیە!. کەواتە لەناوچەی سلێمانی شێرە بەفرینە زیاتر وەکو توانج بەکار دێت، شەوێک شێرە بەفرینەیەکی پاکو تەمیزم لەتەلەفزیۆنا بینی لەجەبهەکە رایکردبوو ئەیوت تەبیعی لەشەرا راکردنیش هەیە!.

## شەقاوە

دەستەواژەی شەقاوە لە ووشەی شقی عەرەبیەوە هاتووە واتا کەسێکی خراپ، تاوانکارکە لە ئاکامی بێهێزی دەسەڵاتی ئیداری و خراپی باری ئابوری وکۆمەڵایەتیەوە دروست ئەبی. ئەوانە لەبەغدا لە سەردەمی عوسمانلیا سەریان هەڵداو تاوەکو پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیستەمیش، لەوشارە چەن ناوێکی دیار هەبوون کە شەقاوەبوون. ئەوانە بەگشتی یان ئەکوژران یانیش هەموو ژیانیان بە خۆ شاردنەوە بەسەر ئەبرد.

ئەوکاتانە لەبەر ئەوەی کە دەسەڵات کزبووە، هەرگەڕەکێک پێویستی بەکەسێک لەخۆیان هەبووە، کە چاو نەترس و لەرووی جەستەیشەوە بەهێزبێ، بۆ ئەوەی لەدەست درێژی وگێجەڵ پێکردنی چەتوونەکانی گەڕەکەکانی تر بیان پارێزی. ئەمە دیوە روناکەکەی ئەو کەسە بووە کە بەشەقاوە ناسراوە، بەڵام دیوێکی تریشی هەبووە، کە شەڕەنگێزی و دزی کردن و روت کردنەوە بووە. بەگشتی شەقاوەکان بێ ئیش بوون، لانی کەمی خوێنەواریشیان هەبووە، یان هەرنەیان خوێندووە. بۆیە سەرچاوەی ژیانیان لەسەندنی سەرانە و دەستگیرۆیی ئەوانەی کە ئەرکی پاراستنی ماڵو حاڵیان گرتۆتە ئەستۆ بووە.

بەهێزەکانیان هەر بەدەست شەریان کردووە، ئەوانەی تر چەقۆو قەمەو بۆکسی ئاسن و هەتا دەمانچەشیان بەکار هێناوە. قەتیش سڵیان لەکوشتنی بەرانبەر لەبەر بێ ئەهمیەت ترین هۆ نەکردۆتەوە. هەندێک جوامێریشیان لێئەگێرنەوە، ئەڵێن لەبەغدای سەردەمی عوسمانلیا شەقاوەیەکی بەناو بانگ پلان دائەنێ بۆ چوونە سەرماڵی جولەکەیەکی دەوڵەمەن، تاقمەکەی لەحەوشەکە ئەگەڕێن خۆشی ئەچیتە سەربان دیارە هاوین بووە ئەبینێ کابرای جولەکە لەگەڵ ژنەکەیا خەوتووە و لەولاوە دومەنجەڵی بچکۆلە برنجو بامێ دانراوە. برسی ئەبێ تێری لێئەخوا و دێتەخوارەوە بە جەماعەتەکەی ئەڵێ چیتان هەڵگرتووە داینێنەوە! تەعەجوب ئەمێنن ئەڵێ نابێ دزی لەماڵێک بکەین کە نمەکمان کردوون!

ئەوەی من بیرم بێ شەقاوەکانی سلێمانی لەشەستەکانا بەپەنجەی دەست ئەژمێران، بەڵام ناو و ناوبانگی ئازایەتی و چاو نەترسیان لەسەر زاری گەورەو بچوک بوو. ئەوان زۆر جار جامانەکەیان ئەخستە بن باڵیان هەندێک جار عەوامە خەیاڵ فراوانەکە موبالەغەشیان لەوەسف کردنی جەسارەت و دەست و دەمانجەو خەنجەریشیانا ئەکرد. هەندێک لەو شەقاوانە لە بزوتنەوەی رزگاری کوردستانا دەوریان ئەبینی، واتا دیوی روناکیشیان دیاربوو. بەتایبەتیش ئەوانە لەبەر ئەوەی جەسارەتیان هەبوو، ئەیان توانی بێنە ناو بازارو بەرۆژی روناک جاسوسێک یان پیاوێکی داگیر کەر بکوژن.

هەر نزیـک لەو بـابەتەوە لەسـلێمانی ئەڵێـین کـابرا خـۆی کـردوە بەکەڵەگا، واتا بە زۆرداری ئەیەوێ خۆی فەرز بکات. یان مافی یەکێکی دیکە زەوت بکا، هەروەها ووشەی کەڵ بۆ ئەدەیب هەتا شەهیدیش کە لەسەر مەزارگەکەی ئەنووسرێت، کەم ژیا کەڵ ژیا هەمبانە بۆرینەکەی هەژارم سـەیرکرد وتـم: بـزانم داخـۆ مـانەیەکی تـری هەبـێ لەوێـش ئەڵێ:(کەڵ گـامێش: واتـا نێرەی جنـسی گـامێش). کەواتە ئەگەر ژنێکـی شـاعیری دانـسقە یـان شـەهیدمان هەبـوو نـابێ کەڵ بخەیـنە پـاڵ ناوەکەی، لەبەرئەوەی ووشەیەکە تایبەتە بەنێر. ئەوەیش ئەگەڕێتەوە بۆ شـێوەی بیرکـردنەوەی ئـێمەی پیـاو کە تـاوەکو ئیـستاش وەکـو ئەو شەقاوانەی شەستەکان واین، ئەگەر خۆمان هیچیش نەبین ژنەکانمان پرۆفیسۆریش بن هەر خۆمان کەڵین.

## ■ شەکراو خواردنەوە

یەکێک لەسەرکردە دیارەکانی بەعس کەناوی علی صالح السعدی بوو و دوای سەرکەوتنی کۆدێتاکەیان لە ١٩٦٣ کرا بە وەزیری ناخۆ، ئەو بە شانازیەوە ئەیگوت ئێمە بەقیتاری ئەمەریکی هاتووین.بەعس هەر لەسەرەتای کاری سیاسیانەوە پراگماتی بوون، واتا (مەسڵحەچی) ئەوان لەلایەکەوە لەقەتەر لەگەڵ (سی ئای ئەی) دەزگای گەورە ئیپریالیست! خەریکی پلان دارشتن بوون بۆ خستنی قاسم، لەولاشەوە جەمال عەبدولناسری نەتەوەیی ودوژمنی سەرسەختی ئەمەریکاو زایۆنیزم، کارئاسانی، بۆ هەمان مەبەست بۆ ئەکردن!. قەومیەکان ئەیانگوت قاسم شعوبیە( واتا نەتەوەیی نیە) ئیش بۆ شەعبی عێراقی ئەکا نەک بۆ نەتەوەی عەرەب. بەرای بەندە عەبدولکەریم قاسم دووجار نەگبەت بووە نەئیمپریالیزم لێی رازی بووە، نە قەومیە شۆرشگێرەکانی ئەو سەردەمەیش. هەرچەندە لەسەردەمی قاسمیشدا جارو بار هەر شەر لەگەڵ کورد هەبوو، بەڵام بەکەوتنی و هاتنی بیری ناسیۆنالسیتی عەرەبی بۆ سەرحوکم، شەرەکە بەهێزترو ئامانجەکان رونتر بوونەوە. بەداخەوە تاوەکو ئیستا بە رەسمی هیچ سیاسەت مەدارێکی کورد دانی بەوەدا نەناوە، کە شەری کورد لەگەڵ حکومەتی عێراقیی شەری کورد و بیری نەتەوایەتی عەرەبە، نەک شەری میللەتێک ورژێمکی

حــوکم.بەدەلیلــی ئەوەی بەدرێژایــی تەمەنــی دەوڵەتــی عێراقیــی یەک حکــومەتی ئەودەوڵەتە بەتەواوی دانــی بەمافەکــانی کــوردا نەنــاوە و بەردەوامیش ئەوەیان سـەلماندووە کە عێراق بەشێکی دانەبڕاوە لە خاک ونەتەوەی عـەرەب!

بێینەوە سـەر کۆدێتاکەی بەعس و نەبردنە سـەری ئەو وەعدەی کە بەدەمیی نەک بەنوسین بەسـەرکردایەتی ئەوسای کوردیان دابوو، گوایە ئەگەر لانی کەم لەکاتی بـزوتنەوەکەی ئەوان دژی قاسـم بـێلایەن بـن، دوای سـەرکەوتنیان ئیـشەڵا مافەکانی کـورد بەزیـاوە جێ بەجێ ئەکەن، کێ ؟ ئەمە بەعــس! هەر بەهاتنیــان بــۆ ســەرحوکم سیاســەتی خــاک بەتـورەکە بێژانەوەیان دژی کورد بەرپاکرد، لەملاشـەوە گـری کوردایەتی و مقـاوەمەت زیـاتر کڵپەی ئەسـەند. بیرمە منـاڵ بـووم عەسـرێک خـاڵم لەگەڵ کۆمەڵێــک گەنجــی وەکــو خــۆی لەماڵێــک ئەهــاتنە دەرەوە، بەحوکمی ئەوەی مناڵ حەزئەکا هەموشتێک بزانێ وتم: خاڵە بۆ چون بۆ ئەوماڵە؟ وتی: شـەکراومان خواردەوە، دوای ماوەیەکی زۆر بۆم دەرکەوت شـەکراو نەبـوو کۆبـونەوەی کـوردایەتی هەبـوو لەومـاڵە ئەوکاتـانە ئەگەر کۆبـونەوەیەکی ئـاوا لەماڵێک بکـرایە لەترسی خەفێ کانی ئەو سـەردەمە لەدەمیانەوە با(جاسوسی حکومەت تاکۆتایی شەستەکانیش لەسلێمانی پێی ئەوترا خەفێ) ئەیانوت شـەکراوە یان بۆ لای نەخۆش چووین.

لەســەر ناوهێنــانی شــەکراو کە کـردومە بەســەر دێـری بـابەتەکە، دیاردەیەکی زۆر سـەیر لە وولاتەکەمان ئەبینرێ، هۆڵی گەورە ئەگیرێ بـۆ ئەو موناســەبەتەو پرئەکـرێ لەخەڵـک و هەمویـشی خـوا خـوایەتی زۆر

پاقلاوەو ساردیەکە بخواو نوقڵەکە وەرگرێ و بروا واتا هیچ حیکمەتێکی کۆبوونەوەو بەیەک گەیشتن و گەرمیی پەیوەندی کۆمەڵایەتی تیانیە.

بـۆ یەکێـک لەو شـەکراوانە دەعـوەت نەکرابـووم خۆشەویـستێک بەزۆر بردمی وتم: کاکە یەک من تاقەتی ئەو شتانەم نیە، چونکە ئەزانم کەزیـادە دوەمیش بانـگ نەکـراوم. وتی: هەمـوو خەڵـک پێی خۆشـە بـت بینن، دیارە نەیان زانیوە هاتویتەوە ئەگینا یەکەم کەس ئەبوی!.

وتـم: ئـاوا؟ وتی: ئـاوا، پاشـنیوەڕۆیەکی ئـاب بـوو، پلەی گەرما لەگەڵ پەنجا شـەری ئەکرد، کەچـوینە هـۆڵەکەوە ئەو شـتانەم لەسـەر میزەکان بینی وتم: ئەرێ ئەمە موئامەرەیە بۆ کوشتن یان شەکراوە؟ وتی: بۆ؟ وتم: ئەوانەی کەلێرەن هەمـوی شـوکر بـۆ خـوا چلیـان تێپەرانـووە سێبەشـی شـــەکرەو زەختیـــانە و ماباقیـــشی ســـوکە مەرحەباییەکیـــان لەگەڵ هەردوکیـان نەبـێ ئەکیـد لەگەڵ یەکێکیـان هەر هەیە، بەڵام تـۆ واز لە زەخـت و شـەکرەکەش بێـنە، بـۆ خـاتری خـوا ئەوە چ زەوقـێکە پێم نـاڵێی کەی مۆزو پاقلاوە و ساردی لەگەڵ یەک رێک کەوتووە!. وتی: ئەوعالەمە ئەیخواو هیچ موشکیلەی نیە. تۆش بیدەنگ بیخۆ. لەدڵی خۆما وتم: وەڵا ئەیخـۆم پیـاو هەر ئەمرێ ئەمـرێ، بـرمە بیکـوژێ باشـترە لە پاشـەکەوتی موچە؟ بەس نیە ئەمەیان شیرینە.

## ▪ کاکی لیبراڵ

ئەوەشەوە گەیشتبوومەوە ووڵات، شەبەقی لەماڵ دەرپەریم و بەپێ بەرەو ناو بازار ئەڕۆیشتم لەدڵی خۆما ئەم وت ئەوەتەی سەری خۆم بەرەو ئەوروپا هەڵگرتووە، قەت ئاوا لەزەتم لە پیاسەو ڕۆشتنی بەیانیان نەبینیووە. کورە خۆ لەوێ کەس ناتناسێ ئەبێ وەکو قازی کوێر ملی ڕێگا بگری تا ئەگەیتە ئەوشوێنەی کە مەبەستە بچی بۆی و دوای ئەوەی کە ئیشەکەت تەواو بوو، ڕێک بەعەینی ڕێگا ئەبێ بێیتەوە بۆماڵەوە ئیتر نەسەلامێ نەکەلامێ.

تۆ سەیرکە چارەکیک نابێ لەماڵەوە دەرچوم وەڵامی پێنج سەلامم یاوەتەوە ئەمە لە لایەنی بارە کۆمەڵایتی و دەرونیەکەوە ئیستیفادەی زۆرە باوکم، هەست ئەکەی کە هەی خەڵک حسابت بۆ ئەکا ئاتۆ ئەوکاتە بچۆرە بازاری سەوزەو گۆشت فرۆشەکان بزانە چ خۆشیەکی بەیانیەکی تازە ئەچێژی، یەکێ ئاو ئەکا بەسڵق وکەوەر و تەرەتیزەکەوە ئەویان لاکە گۆشتی تازەی بۆ هاتووەو خەریکی هەڵواسینێتی. ئەمی تریان ریزێک چای خستۆتە سەرسینی و ئەیبا بۆ دوکاندارەکان، ئەم نیعمەتە لە کوردستان نەبێ لەهیچ شوێنێکی دنیا ئەی بینی؟.

لەو خەیاڵاتانەیا بووم دەنگێک هاواری لێئەکردم کاکە ئەڵێی ناماناسیتەوە! بەڵای دەنگەکەیا وەرگەرام کاک شەمسەدینی لیبرال

خواز بوو دوای چاک وچۆنی، وتی: وتمان چووی بۆ خاریج بەڵام هەروا زوو ئێمەت بیرچۆوە! وتم: بەخوا وانیە لەدالغەی بەراوردی ئێرەو ئەویا بووم. وتی: ئێ نەتیجە کام لا خۆشترە؟ وتم: وەڵڵا ئەگەر بەخۆم بێ ئێرە چوونکە هەموو بیرەوەریەکانم لێرەن، بەڵام منالەکان بەپێچەوانەی منەوە هەموو بیرەوەریەکانیان لەوێن.

وتم: هەر لەسەر مەبدەئەکەی جارانی، وتی خۆت ئەمناسی من دژی هەمو بیروباوەڕو داب ونەریێکی کۆن و سەقەتم، ئێستاش هەروام و دکتۆراکەشم هەر لەومەجاله هێنا!. وتم: ئاگادارم ئەشەمبیللا سەرسەخترین بەرگریکاری بیروباوەڕی پیشکەوتوو خواز بووی. جاری واش هەبوو لەگەڵ ڕەجعیەکانا لەنادی لێتان ئەبوو بەهەڵلا من شایەدم جارێکیان شەرە بوتڵیشی تێکەوت! وتی ئەی ڕەحمەت لەباوکت کاکە ئەو ئەوروپایەی کە تۆی لێیت بە بیری پێشکەتوو خوازو لیبرالیزم پێش نەکەوت؟ وتم: ئەوە مەعلومە ئەوان ئیشیان بۆ کردووە نارەحەتیان چێشتووە، خەباتیان کردووە، موفەرکیرەکانیان عەزیەت دراون بەڵام کۆڵیان نەیاوە تاوەکو گەیشتوون بەو نەتیجەیە، وتی: ئێمەش ئەبێ وابکەین هاوار بکەین ئیشی بۆ بکەین. من بەش بەحاڵی خۆم لەسەر ئەو بیروباوەرە چەندین وتار ولێکۆڵینەوەو کۆڕو سیمینارم پێشکەشکردووە، بەخوا ئەوشەوە لەوکەناڵەی کە پێشکەشکارە بەتواناکەی پرسیارەکەت لێئەکاو قسەکانیشت پێئەبڕێ، کۆنەپەرستێکم تەخت کرد.

ئافەرینم لێکرد و وتم: کورە هاوینی لای خۆمان ئەڵێی مەنجەنیقە خــۆزگە شــاعیرێک نووســەرێکی بەناوبــانگی عەرەب ئەمجــارە بە شۆرتێکەوە بهاتایە بۆ کوردستان وتی: تێ ناگەم! وتم: ئەگەر بەشۆرتەوە بێت ئەوخەڵکەو منیش بۆخاتری ئەوەی لەو بچین لانی کەم بەو هاوینە گەرمە لەبری ئەو پانتۆڵە درێژو ئەستورە سەرو شۆرتمان لەپێ ئەکرد، وتی: قەت ئەوەم لێ رانەئەبینی وتم: تۆی لیبرال وپێشکەوتوو خواز وائەڵێی ؟ وتی: کاکە لیبرالم لیبراڵ بەڵام کەی شۆرت لەبەرکردن لەگەڵ عادات وتەقالیدو کلتوری ئێمەیا دێتەوە وتم: ئەشەمبیلا تۆ لیبراڵیەکەی بیت سەد ساڵی تریش لەگەڵیا نایەتەوە.

## ▪ عەبە بازئەیا

جاران لەسلێمانی ئەوترا

دۆلار: ئیستا ئەڵێن گڵا

حەزم لێ نیە: ئیستا ئەڵێن حەزم پێی نیە

دەنگی خۆشە: ئێستا ئەڵین سەوتی خۆشە

پچرام لە پێکەنینا: ئیستا ئەڵێن قرتام

ئەوکەسە هیچی تیابەستەنیە:ئیستا ئەڵێن بێتامە

یاریەکەیان کرد: ئیستا ئەڵێن یاریەکەیان ئەنجام دا

ئەیانوت زەوقی نیە: ئیستا ئەڵێن جەوی نیە

ناوی سەیارەکان دۆج، ڤۆلکس واگن، شوفرلێت: ئیستا وەنەوشەو لەیلا عەلەوی وهەتا دوایی.

جاران: میسر، ئێران، کەندا: ئیستا وڵاتی میسر ووڵاتی ئێران.

جاران سلێمانی شاربوو پێشەنگ بوو ئێستا لادێیەکی گەورەیە پاشکۆیە. جاران تەکسی نوسینەگەیان هەبوو ئیستا لە دەقەیەکا بیست تەکسی بەملاو لاتا فرتە ئەکا. جاران سەیارە بەبەنزین ئەرۆیشت ئیستا بەهۆڕن.

جـاران ئەگەر باسـی بـاش رابـواردنی یەکێکیـان بکـردایە ئەیـانوت بەیانیان لای ئەحەی گوڵە جگەر ئەخواو کوللی نیوەڕۆیەکیش لای عەلی سورە.

جاران لەسلێمانی ئەوەی دەرلنگێکی شـەرواڵەکەی تا نزیک ئەژنۆی هەڵکردایە ئەیانوت پاسکیل لێ یاوە.

یەکێک بهاتایەتەوە بۆ ماڵەوەو خـواردنەکەی بەدڵ نەبوایە ئەیـانوت وازی لێبێنە کەبابی خواردووە.

ئەگەر لەزسـتانا یەکێـک تـازە لەحەمـام بهاتـایەتە دەروە و لەدەرگـا بدرایە ئەیانوت با ئەو نەچێ حەمامیە.

بەپاسـەکانی ناوشـار ئەوترا ئەمـانە، بەپاسـەکانی رێگەی بەغـا ئەوتـرا نێرن.

مـــجەور عەســـرانی جـــومعە بەســـەبەتەیەکەوە بەکۆڵانەکـــانی دەوروپـــشتی مزگەوتەکەیـــا ئەگەراو هـــاواری ئەکـــرد نـــانی جومعـــانە رەحمەتتـان لێبێ لەهەر ماڵێـک لانـی کەم نـانێکی تیری وەرئەگـرت بـۆ هەفەتەی داهـاتوو بـۆ خۆیـو ئەوفەقێیـانەی لەوێ دەرسـیان ئەخـوێن وئەمانەوە.

شـەوانی جومعـان نەئەبـوو دەسـت بـۆ کتێـب بەری وسـەعی بکەی، ئەیـانوت شـەوێکی موبـارەکە، زەینـت کـوێر ئەبێ. کەمنـاڵ لەبەر دەرگـا حەمامۆکێیان بەقوڕ دروست ئەکرد، ئەگەر بۆ نیوڕۆ بچونایەتە ژورەوە نورە نورەیان لێئەکرد (نورە نورە ئاگرە سورە ئەوەی ئەم حەمامۆکێیە بروخێنی دایـک و بـاوک و ئـازیزی بمـرێ).بـۆیە کاتێ منـاڵ حەمامۆکێیـان

بـدیایە نەیـان ئەویـرا تێکی بەن ئەگەر بهاتـایەو یەکێکیـان دەسـتی بـۆ بیرادیە ئەی تریان هاواری ئەکردی ئەیوت ئەوەچی ئەکەی کێ ئەڵێ نورە نورەی لێ نەکراوە.!

ئەگەر گەنمیـان بکوڵانـایە بـۆ سـاوەر دانولەیـان بەشی دراوسـێکان ئەدا، هەروەهـا تەمـاتە لەکاتی دۆشـاو گـرتن دا و تـرێش کاتێـک ئەیـان کردە کوپەوە بۆ سرکە.

ئەگەر بچونایەتە داوای کچێک بۆ کورەکەیان لە باش وەسـفکردنی کورەکەیانا ئەیانوت بەخـوا بـوخچەی نەکـراوەیە کەئەکاتە لـۆکی ئێـستا بەڵام هەرەوەکو شتی صینی گەرەنتی لەگەڵ نەبوو.

ئەگەر پیرێکی بەسـاڵاچو وەفـاتی بکردایە بۆ سێ ڕۆژگانەکەی خورماو ڕۆنیان ئەخستە سەربرنج.

لەدوای مەنعە تەجەولی یەکەم ساڵی شەستوسێ لەسلیمانی مناڵان ئەم گۆرانیەیـان ئەوت: (عەسـکەری بەعـسی دەرگـای پێگـرتین نیوەیـان بردین نیوەیان کوشتین رەوانەی سجنی حامیەیان کردین).

عەبەشـەکەنە شـێتێکی بەنـامێی شـاری سـلێمانی بـوو کاتێـک داوای پارەی لەخەڵک ئەکرد، ئەیانوت بۆ کێتە ئەیـوت بـۆ پیرۆز، پیرۆز دایکی بوو، جاروبار تەنەکەیەکی ڕۆنیان بۆ دائەنا باز بات بەسەریا، ماوەیەکی زۆر لەدیوێکی تەنەکەوە ئەوەستا، لەپەستا ئەیوت عەبە بازئەیا، ئەگەر بەلایـا تێـپەر بویتـایە ئەچـووی بـۆ بـازارو ئەگەڕایـتەوە عەبە هەر بـازی نەیابوو.

## ئەولیای ئومور

بـۆ جەنـابی عـارف ئەفەنـدی مـودیری مەعـاریفی سـلێمانی لەپـاش عرضـی ئیحترام وافیری تەقـدیر. ئـێمە کۆمەڵێـک لە ئەولیـای ئومـوری طەلەبەیـن بە حـضوری ئیختیـار وموختـاری گەرەک و مامۆسـتا مەلا سـالح. پێـشنوێژ و گوتـارخوێنی مزگەوتەکەمـان، جـومعەی پێـشوو دوای نـوێژی شـێوان لە مـزگەوت ئیجتماعێکمـان لەمـابەینی خۆمانـا کـرد و گەیشتینە ئەو قەرارەی کە مومکین نییە ئیتر ئەم حاڵە ئاوا سـەریان بکا و ئـێمەش هەر صـرفی نەظەری لێبکەین، منـداڵمان هەمـوو کە دێـنەوە دەسـت و پلیـان بە دار شـین بـۆتەوە، بەتـاتەن ئیـشتیاقیان بـۆ رەحـلەی مەداریس نەماوە و وا دەزانن لەسەر ئاگر دانیشتوون.

بـۆیە بە واجیبمـان زانـی کە بەشـێوەیەکی موسـتەعجەل و بیـدون تـأخیر مەطلەبێـک بنووسـین و خەبەری ئەم دائە کە موتەفەشـیە لە عمـومی مەداریـسی سـولەیمانیا و لەبەرئەوەی موفەتیـشینی تەربـیە و جیهـاتی مـوختەس رەنـگە ئەهمیەتیکێتـی وایـان پێنەدابـێ خۆمـان موباشەرەتەن ئیصالی بکەین بۆ مەسامعی کەریمتان.

جەنـاب بیمـائینە لە موتەسـەریفیەتی لیـوای سـلێمانی خۆتـان صاحیبی قەرای ئەول و ئـاخیرن لە سـلکی تەربـە و صاحیبی فەضـڵێکی گەورە و رائیـدێکی تەربەوی بـێ نەظیـرن لەو مەجـالەدا، بـۆیە

جەسارەتمان کرد کە بڵێین فقط ئێوە لە ئیمکانتاندایە بە قەرارێکی ئیداری بەشیدەت تەنبیهی بەعضێک لە ئەساتیذە و موعەلمین بکەنەوە کە دار لەگەڵ خۆیان نەبەن بۆ صنفەکان و ئیقتیراحمان ئەوەیە ئەو وەسیلە ناحەضارییە تەبدیل بکرێ بە موعامەلە و ئسلوبێکی وەها کە منداڵ بەشەوقەوە بەیانیان لە تەحیەتول عەلەما نەشیدی خوایە وەطەن ئاواکەی بڵێنەوە.

نەلەبەرئەوەی کە لاسامح الله ئێوە پێویستان بە تەنویرە، نەخێر ئێمە فقط بۆ تەذکیر ئەم ئیلتیماسەمان بۆ مەقامی جەنابتان رەفع کردووە چونکێ هەموو لەم جەمعە کەریمەی کە لای خوارەوە کە پەنجە مۆر و ئیمضامان کردووە شاهیدی ئەوەین کە مەعالیتان سید العارفین و هیچ شتێکتان لا خافي نییە و زەکا و نەظرەی ثاقیبتان بۆ ئەو ئومورانە فەوقی ئیمکاناتی متەواضیعی تەفکیری ئێمەیە.

ئەگەر قەراری مەعالیتان ئەوەبوو کە بەشێوەیەکی موەسەع تەعقیبی ئەو ئەمرە خەتیرە بکەن ئەمر بفەرموون کە وەفدێک لە ئێمە لە ئیجتیماعێکدا بۆ حەلی ئەو موعزیلەیە بە ریئاسەتی وەستا رەجەبی ستارخانی دروو حازر بێت، .ئەوەش فەضلێکی کە دەبێ کە دەخرێتە سەر ئەفضالی بێ حسابتانەوە خسوسەن بەسەر طولابی عیلم و ئەولیای ئومووریانەوە و عمومەن ئەهالی لیوای سلێمانی کیرامەوە.

## ▪ بەخودای غەدرم لەرەحمانی کرد

کـۆمەڵگەی فەلاحەت وحەیـوان داریـی جـاران رسـقیان لەسـەر ئەونەختە دانەوێڵەیەبـوو کە تۆویـان ئەکـرد، ئەبـوو چـاوەرانی کەرەمی بـارانیش بـن بـۆ سـەوز بـوونی، لەگەڵ بەروبـوومی ئەو چەن سـەر مەرو بزنەی کەهەیان بوو. هەتا سـەرەتای حەفتاکانیش گەنم بەهەنارو ترێ واتـا موقـایەزە، شـت بەرانـبەر بەشـت نەک بەرانـبەر پـارە لەهەنـدێک شـوێن هەر مـابوو، چـوونکە پـارە لای ئەوان دەگـمەن بـوو، ئەو بەروبومەی کەهەیان بوو تەنها بەشی بەکاربردنی خۆیانی ئەکرد، بەواتا ئابوریەکە بەشی هەناردەی بـۆ بـازاری بەدەگمەن تیا ئەبـوو ئەگەریش هەبـوایە هەمـوو فەلاحێـک ئەوەی نەبـوو. لەبەر سـەختیی بـاری ژیانیـان تێچـونی ژنهێنـان لای ئەوان زۆر قـورس بـووە، بـۆیە لەمەسـەلەی بەشودانی کچا گوێت لەوە ئەبوو ئەگەر ماڵی داواکار کچێکیان هەبوایە ئەوا ئاسان بوو ئەکرا بە ژن بەژن. ئەگەریش نەیان بوایە ئەهاتنە سـەر باسـی شـیربایی، بەواتـایەکی تـر پـارەی گەورەکردنـی ئەوکچەیـان بە مەبلەغەێک ئەقەبڵان و لەبری رۆشتنی کچەکە وەریان ئەگرت، کەزیاتر بـۆ هێنـانی ژن بـوو بـۆ بـراکەی یـان جاروبـاریش بـاوکەکە ئەگەر ژنەکەی لەژیانا نەمایە ژنی بۆ خۆی پێئەهێنا.

ئەم جـۆرە پەیوەنـدیە کۆمەڵایەتیـانە زادەی پێوسـیتی ژیانێـک بـوو کەزۆر قورس بوو هەروەکو ئەڵێن ئابوری بناغەی هەموو شتێکە هەتا کلتورو داب و نەریتی کۆمەڵگاش لەژێر کاریگەری تەواوی باری ئابورییایە.

بە حوکمی ئەوەی خوێندم لەرشتەی قانوندا بووە، ئەویش نزیکە لە باری کۆمەڵایەتی خەڵکەوە وتاقی کردنەوەیەکی ژیان وپیشەییشم تارادەیەک لەوبوارەیا هەبووە، بۆیە ئەزانم زۆربەی زۆری کێشەکانی کۆمەڵایەتی ئێمە ئەوەی پەیوەستە بە ژن وژن خوازی ومارەبرین وشەکراو خواردنەوە ودواتر مەسەلەی مناڵ، ئەگەرێتەوە سەر زۆر شتی بنەرەتی کەخەڵک پێش بەیەک گەیشتن حسابی بۆ ناکەن.لەوانە بەتەنها خۆشەویستی خێرانێکی ئاسودە دروست ئەکا! ئەگەر کورو کچەکە یەکتریان خۆش بوێت ئیتر کەس وکار بەهیچ کلۆجێک ناتوانن بێنە بەینەوە، ئازیزم تۆ قسەی چی ئەکەیت هەژاری چیە لەگەڵ تۆیا لە هێلانەی چۆلەکەیەکیشا بژیم وائەزنم گەورەترین ڤێلایە، تائەگاتە ئەوپەری خەیاڵی بەختەوەری ئەبەدی . بەڵام کاتێک کە بەیەک ئەگەن، ئیتر لە خۆشیی فرینی بەناو ئەوخایاڵانەیا ووردە وودرە دێنەوە سەر ئەرزی واقیع و لە پلە بەپلەی دابەزینیشیانا کێشەکان زۆرترو قورس تر ئەبن. ئەوروپی لەو بوارەیا زۆر لەئێمە ئەقڵانی ترن، ژن و ژن خوازی ئەوانیش راستە بەشێکی لەسەر خۆشەویستیە بەڵام قەت واقیعەکە ناکەنە قوربانی خەیاڵ. یەکێک لەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی کە ئێمە هەمانەو ئەوروپی نیانە لەیەک ماڵا ژیانی بوک وخەسووە.لای خۆمان دایک بەکور ئەڵێ بەساقەی سەرت بم بۆ ئەوەی مەشاکیل کەم بێتەوە نانو چێشتی خۆتان جیاکەنەوە بۆ خۆتان هەر لەقاتی سەرەوە بن. کورەکە بەعەلاگەیەک تەماتەوە بەسەر قادرمەکانا سەرئەکەوێت دایکەو خوشکەکانی لەم لاوە سەیری سەیری مل پانی ژنانی بەعەلاگە بۆی ئەباتە سەرەوە!. ئەگەر یەکێ ئاگاداری مەسەلەکە بێ دڵنیام دێتە جواب و ئەڵێ: ئەی چی بکا خۆتان ناردوتانە سەرەوە، نان و چێشتان پێ جیاکردۆتەوە بە عەلاگە نەیبا ئەی بەچی دانە بۆی هەڵبا!.

مام ئاغا لەبەر عومرو فەقیری بەحاڵ وەحدەی ژیانی تیامابوو، هەر جارێک کچێکی جوانی بدیایە ئەیوت بەخودای غەدرم لەرەحمانی کرد. رەحمانیش کچی جوانی ببینیایە ئەکەوتە جنێو بە مام ئاغای باوکی ئەم موعادەلەیەم قەت پێ حەل نەئەکرا، ئەم گوت خوایە پەیوەندی کچی جوان و جنێوی رەحمان و غەدر ئەبێ چی بێ؟ لەخزمێکی خۆیم پرسی ئەرێ ئەمەم بۆ شەرح ناکەی؟ وتی: کاکە ژنەکەی عەمری خوای کرد لەبری ئەوەی مشورێکی رەحمان بخوا تاقە کچەکەی بۆخۆی دا بەژن، وتم: کەواتە توشی ئازاری ویژدان بووە وتی: ئەوە هەر لای بەیانیان وایە ئێواران هەزار رەحمان ئەکا بەقوربانی.

## ▪ وەطەن یان عەشیرەت

تەهیئەی عقولی عیباد بۆ قبوڵ کردنی عینوانی هاونیشتیمانی و ئیعتیزاز کردن بە وەطەنەوە لەجیاتی ئینتیما بۆ قەبیلەو عەشرەت مەناطیق، واجبێکی موقەدەسە، لەسەر عاتیقی هەموو فەردێکی موثەقەف، بەتایبەتی طەبەقەی متنورە لەئەرجای کوردستاندا.

باعیثی غەمە کە لایزال سەوادی ئەعزەم لە ئەهالی و قسمێکی باش حەتا لە موتەعلمین لەتەنیشت ناوەکانیانەوە ناوی مەنتیقە وەیان عەشیرەتەکانیان زیکر ئەکەن، کەئەننەما وەتەن هیچ فەراغیکی لە فیکرو مەخیلەتی ئەوانا ئیشغال و جوزئێکی یەسیریشی لەعاتیفەو حوبیان بەلای ئەو مەسەلەیەدا ئیستیمالە نەکردبێ.

بەئەسەفێکی زۆرەوە فەقەط بەلای ئەو موسەمەیاتە دواکەتووانە مەیالە کە میراتی فکرێکی دواکەوتووی ئەقوامی موحتەلن ولەماضیەکی قەریبدا خۆیان سەید و قەڵەمرەوی ئەم وەتەنە بوون و جەهدی ئیمکان محاوەلەیان کردووە لەناو جەهل ومەرەض و تەخەلوفێکی شەدیددا ئیستیعبادمان بکەن، چونکێ تەوعیەو ئینتیشاری ئەفکاری عەصری دەبووە مایەی استیقاض و موجابەهەی زوڵمو زۆری ئەوان.

فوق هذا وەزاک کاتێک فەردی کوردی عوسارەی عومری خۆی و رەیعانی شەبابی لەسەر علومی مەدرەسی و گەران بەدوای مەناهیلی

عیلما فانی دەکا، فی سەبیلی ئەوەی لەموستەقبەلدا ببێتە عونصرێکی نافیع لە موجتەمەع دا، کە تەخەروج دەکا و دەیەوێ لە ثەمەرەی جەهدو سەهەری لەیالی خۆی بۆ تەلەقی ئەو علومە مەنفەعەت بگەیێنێ، کاتێک دەکەوێتە ناو مەعمەعەی ژیانی واقیعیەوە تووشی خەیبەتول ئەمەل دەبێ و ئەذیالی هەزیمە بەدوای خۆیدا رادەکێشێ.

لەم دیارەی ئێمەدا کەپێی دەڵێن کوردستان ئەوەی حیسابی بۆناکرێ تەحصیلی عیلم ومەعریفەتە بە شەتتا ئەنواعیەوە، وەلاکین فی ئەلموقابیل ئەوەی مایەی وەجاهەت و فەصاحەتو بەلاغەت و حیساب وکیتابە لەرِویی ئیجتیماعیەوە، ئەو ئەلقابانەیە کەهیچ خەلفیەتێکی دیراسی وەیان شەهادەیەکی عیلمی موعتەبەر وەیان سەقافەێکی رەصینیان لە پشتەوە نیە، لەعەینی کاتیشا ئەگەر کەسێک توانیبێتی بەئیماکاناتی زاتی خۆی بێتە واجهەی ئەمامی دیارە بەشەقی ئەنفوس و بەمحینەتێکی زۆر شەدیدا مروری کردووە تاوەکو هێشتویانە بیگاتێ.

فەلەبەر ئەوە ئیکثار لە دروست کردنی مەکتەب بۆ هەردوو جنسەکە بنات وبەنین و رعایەو تەنشیئەی ئیجتیماعی و عیلمی بۆ ئەو طەلەبانەو تەبلیغی ئەولیای ئومور لەرێگەی موختاری محەلەکانەوە بە مەنافیعەکانی ناردنی ئەولادیان، فەلەزاتی ئەکبادیان بۆ مەکتەب وتەحصین کردنیان لەمیکرۆبی ئەصحابی عقولی موتەحەجیرە کە دەڵێن گوایا ئەوعیلمەی لە مەکتەبەکان تەحصیلی دەکەن هەمووی علومی شەیتانیە. رێگەی خەلاس و تەوقی نەجاتە بۆ ئینتیشالمان لەبەحری جەهالەت و گەیشتنەوەمان بە قیطاری حەضارەت.

مساوات وئەفضەلیەت تەنها بۆ ئیمکانات و تەحصیلی دیراسی لە وەرگرتنی مەناصب و تەوەلی زیمامی ئومور لە مەرافیقی دەوڵەت و سائیری مەجالەکانی تردا فقط کاتیک مومکین ئەبێ کە موجتەمەعی کوردیمان لە موجتەمەعی ما قبل ئەلتەمدونەوە تەحەول بکات بۆ موجتەمەعی موتەمەدن.

ئەوعانە دەتوانین بەکاملی ئیفتیخارو ئیعتیزازەوە لەناو شعوبی مجاویرەو حەتا موتەقەدیمشدا سەرهەڵبڕین و جەهارەت بە ووجودی خۆمان بکەین. لەخیتاما ماوە بڵێم یاحەبەذا لەو ئینە کوتتابی ئەم عەسرە دوورئەکەوتنەوە لەئیستیعمالی کەلیماتی بێگانە و بەلوغەتی شیرین و فەصیحی کوردی مەقالەکانیان ئینشا دەکرد.

## ■ عەتری سلێمانی

هـاوینی سـاڵی شەسـت و حەوت بـوو کـاک ڕەزا شـوتیەکی گەورەی لەبـن دەسـتابوو، لەبەر دەرکـی سـەرا لەبەر دیـواری بەریـدەکەیا وەستابوو، ئەو نووسینەی ئەخوێنەوە، کە بەخەتاتی لەسەر مقەبایەکی لاکێـشەیی سپی گەورە لەژێر سـەعاتەکەیا هەڵواسـرابوو. ئەیـوت:ڕۆژی پێـنج شـەممە سیانزەی مانـگ کاتژمێر پێـنج، بەهێزتـرین یـاریی تـۆپی پـێ لەنێـوان هەڵبژاردەی سـلێمانی و هەڵبژاردەی عەمـارە لەیاریگـای ئیـدارە محەللی(مەلعەبەکە)ئەکرێت.(لەدڵی خۆیا ئەی بەقوربانی خوای بم پێنج شـەممە هەر نـوێژی عەسـرم کـرد بـۆی ئەکـشێم بەرەو مەلـعەبەکە. لەو کاتەیـا کـاک واحی نـانەوا بەلایـا تێـپەڕ ئەبـوو، کـاک ڕەزا هەسـتی پێکـردو بەدەسـتەکەی تـری بـاڵی گـرت و وتـی مەڕۆ، چـۆنی، دەوەرە ئەوە یـارییە، کـاک واحی: کێ و کێ؟ کـاک ڕەزا: ئەرێ کـاکە ئەوەچیـتە بەلامـا ئەڕۆی نامبینی، ڕۆژی سێ جار لێم ئەپرسی کەی یارییە ئەوە یارییەو مقەبایەک بەقەدەر لادیوارێک ئەبێ لێی نووسراوە کەچی نایبینی! بە کاک ئەحمەیی شێخ ئەڵێی پاپۆڕێک چا-ت لەهیندستانەوە بەڕێوەیەو لەناو بەحرەکەیا گیری خـورادووە بەهینـدی بەرقێیـان بـۆ لێیـاوی ئەڵـێن فریـاکەوە نیـوەی بارەکە خزاوەتە ناو ئاوەکەوە.

کاک واحی: کورە خۆزگە چا بوایە، سالاری کوڕم، رەزا: سالار چیەتی توخوا خۆ هیچ نەبووە؟ کاک واحی: ئەوە دووەم ساڵێتی لەپێنجی سانەوی داخڵی بەکەلۆری بێ، پار دەرنەچوو، بەرانێکم دابەستووە بۆی ئەیکەم بەخێری مەولوی پێغەممەر بەشەرت بێمزەرەت ئەمساڵ تەواویکا، بەخوا ئەشترسم موزمەعیل بێ، ئەو شەو تا فەرداهی بەیانی سەری بەسەر ئەو کتێبەوەیە.

کاک رەزا: شەوی جومعانیش؟ کاک واحی:کورە بێقەزابی من بەکوردی قسە ئەکەم ئەرەوەڵڵا شەوی جومعە لەهەموو شەوێک زیاتر، کاک رەزا ئێ کاکە دەوابڵێ ئەوە بۆیە دەرناچێ؟ کاک واحی: چۆن تێناگەم؟ کاک رەزا: کاکە پێی بڵێ شەوانی جومعە شەوێکی ئازاو موبارەکە، بەس دەست بەرێ بۆ کتێبەکەی شەیتان لەگەڵی ئەکەوێتە سەعی و هەرچیەک بخوێنێتەوە لەم گوێچکەیەوە ئەیباو لەو گوێچکەیەی تریەوە جوان و زەریف بەبێ ئیستیفایە ئەیهێنێتە دەرەوە! کاک واحی: هەر هی ئەو شەوە؟ کاک رەزا: وەڵڵا کورت موختەسەر پێت بڵێم ئەڵێن یەک دانە حەفتە چی رەوان کردووە لەبیری ئەباتەوە. کاک واحی: قوڕی کوێ خەستە؟ کاک رەزا بۆ؟ کاک واحی:وەڵڵا ئەمەوێ تێی نیشم، برارۆ بەقسەم ناکا ئەڵێ باوکە هەمووی خورافاتە، ئەم تەیارانەی کە ئەیبنی بەعاسمانەوە تەراتێن ئەکەن نیوەی زیاتر لە شەوی جومعەیا سەعیان تیاکراوەو دروست کراون؟ کاک رەزا: ئەولایی ئێستا تەڵفیسی بەقسەی ئێمەو مانان یێ مامۆستا چیان پێ بڵێ لەوە زیاتر ناچێ بەمێشکیانا ئەوانیش لەدەرسی شایەتینی زیاتر چیان پێ

ئەڵێن؟ کاک واحی وەڵڵا قسەکەت تەواوە برا، رۆژێک هاتۆتەوە ئەڵێ ئەو بارانە هەڵمی بەحرە. کاک رەزا: دەورە شێت نەبی.

کاک رەزا: باشە پێم بڵێ پێنج شەممە حازری ؟ کاک واحی ئەی چۆن بەڵام خوا بکا وەکو یارییەکەی پێشوومان لێ بەسەرنەیە، کاک رەزا: کامە؟ کاک واحی: ئەها ئەوەی یەک و یەک بووین حەکەم پەنارتیەکی بۆ گرتین کاکم سەعاتێک ئەملاو لای نوکی قۆنەکەرەی بەعەرزەکایا ئەهێنا تیژی ئەکردەوە کە هاتە دواوەو گورِی لێبەستەوە هەموو مەلعەبەکە وتمان ئێستا تۆپەکە بەگۆڵچیەکەوە ئەکا بەگۆڵا، وەڵڵا بۆ لێی نەیا ئەو گۆڵە کە سێ هۆدەو هەیوانێک مەساحەکەیەتی ئەو سێمەتر لەسەر گۆڵەکەوە فڕانی. رەزا: ئێ ئێ بیرم کەوتەوە ئەوەبوو کە ئەیوت ئەگەر لەبەرازیل یاریم بکردایە ئێستا ناوبانگێکی کەم ئەبوو، واحی: دەم خۆش خۆیەتی..

## ■ فولکەکەی عەقاری

لەقاموسی عەرەبیا فلکە یان فولکە بەزمانی ئێمە، بە شتێک ئەڵێن کە لەزەوی بەرز بوبێتەوەو خر بێت لە هەر جێگەیەک کە چوار رێیانی ئۆتۆمۆبیلی بەسەرەوە بێت ونەیانەوێت رۆشتنەکە بوەستێ ئەوەی لێ دائەنین. ئیتر لەهەر لایەکی ئەو چوار رێیانەوە سەیارە ئەتوانی بچێتە ناوبی و ولەوێوە ئاراستەی خۆی بگۆرێت. یاسای هاتو چۆ لەهەموو وولاتانی دنیا ئەڵێ ئەو سەیارەیەی کە چۆتە ناو فولکەکەوە پێشرەوی هەیە، واتا تا دەرئەجێت ئەوجا ئەبێ لەئاراستەکانی ترەوە سەیارەی تر داخڵی فولکەکە ببن. چونکە ئەگەر وانەبێ ناریک وپێکیەکی زۆر لە ئاسانی چونە ژورەوەوە هاتنەدەرەوەی فولکەکە پەیا ئەبێت، وئەبێتە هۆی پێکدادان.

لە ووڵاتی خۆمان فولکە ماڵی دایکی کەس نیە، کورِ ئەو کورەیە رێگە بەوەی تر نەیا لەفولکەیا پێشی بکەوێت، ئەوەیشی وانەکات ناشیە و هەزار واو وا لەوەشی کە ئیجازەی سایەقیەکەی داوەتێ!. بەیانیەکی هاوین لەفولکەی خوار مزگەوتی نالی لەبن سێبەری دار توەکەی بەرانبەر بە فولکەکە چاوەڕێ ئەوپاسەم ئەکرد، کە سەعات زیاتری پێئەچو تا وەکو مانگی چوارده لێم هەڵئەهات!. بینیم سەیارەیەک سەرو خوار لەئاراستەی مزگەوتەکەوە ئەهات. لەبری ئەوەی لای راستەوە بێتە ناو

فولکەکەوە لەلای چەپی فولکەوەوە ناوی خوای لێهێناو هەر بەچەپا واتا شەفتولی بەو فەرعەیا کە ئەچێتەوە سەر ژوری بازرگانی بۆ سەر جادەی جادەی سەهۆڵکە، شکانیەوەو وەکو کورێکی ئازا قانونەکەی شکان. ئەوەی کە رێگەی لە حادیسەیەکی ناخۆش گرت ، نەبونی سەیارە بوو لەو لەحزەیەیا کە بەپێچەوانەی ئاراستەی ئەوەوە بێت، لە خاڵۆی ناو فولکەکە چومە پێشەوە وتم: ئەوە راستە؟ وتی: ئیتر قەیچیکا رەمبێکم ئیشێکی زەروری هەبوێ!.وتم باشە ئەی ئەگەر لەو دەقەیا سەریارەیک بەرەو روی بهاتایە و لەیەکیان بایەو خوانەخواستە منالێک کەسێکی تیا بریندار بوایە یان بمردایە، دوای تەعزێکە ریش سپی و پیاو ماقولانی کۆ ئەکردوەوە بۆ ماڵی کۆست کەوتوو بۆ سوڵح، چونکە قەزاو قەدەر بووەو ئەوەی کە تیا چووە ئەبوایە هەر ئەو رۆژە بمردایە، لەبەر ئەوەی ئەکید رۆژی تەواو بووە!.خاڵۆی ناو فولکە بەڵی بەڵی مامۆستا بەخوا یەکێک رۆژی تەواو بوبێت ئیتر ئەبێ هەر شتێکی بۆ نازڵ بێت!.

ئەمە تێفکرینی ئەو کلتورە دژ بە هەموو قانون و رێکخستنی باری ژیانی ئەو میللەتەیە بەداخەوەکە لەبری لێپێچینەوە لە سەرکێشیی تاوانکار مردنی کەسێکی ئەخاتە ناو لەوحی مەحفوزەوە کە ئەبوایە هەر روی بدایە.

لە سەرو ئەو فولکەیەوە فولکەیەکی تر هەیە زۆر لەو کۆنترە بە فولکەکەی عەقاری بەناو بانگە، شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی پیشو بنەکەیکی تەندروستی لەسەر بوو بە مستەوسفەکەی عەقاری بەناو بانگ بوو، خزمەتێکی زۆری ئەو دەورو بەرەی ئەکرد ئێستا

بیناکەی چۆڵە کراوە بەزبڵدان!. بەوبەرەوە نانەو خانەیەکی لێبوو بەنانەو خانەکەی فەرەج مەشهور بوو مۆدێرێن ترین نانەوخانەی سلێمانی بوو، ئەومێزەی نانەکەی لەسەر دائەنرا، وەکو لەفولکەکەی عەقاری خڕ بوو بەدەوری خۆیا ئەخولایەوە. هەر بەو بەرەوە بینای کۆنی مەتحەفەکەی سلێمانی(مۆزەخانە)بوو دوای راپەرین بوو کرا مقەری حیزبی شیوعی. لەو فولکەیەوە سەر ئەکەوتی ئەچویت بۆ ساحەی جەیش عەسکەرەکان یاریان لێئەکرد، تیپە میللیەکانی شاریش ئەیان توانی راهێنان و یاری لێبکەن. یەکێک لەو تیپانە تیپی مەولەوی بوو کە هەموو یاری زانەکانی بە قەبارەو تەمەن لەچاو یاری زانی ئەوکاتە منداڵ ترو بچوکتر دیار بوون، بەڵام زۆر جوان یاریان ئەکرد لەسێمانی پێیان ئەوتن ئەفلام کارتۆن.

بێینەوە سەر موخالەفەو خراپ لێخورینی ئۆتۆمۆبیل بەرای بەندە بەرێو بەرایەتی هاتوچۆی شارەکانی کوردستان ئەگەر جەزای سەرپێچی کەران رێک بخەن ئەتوانن تەنها لەوپارەیە موچەی کارمەندانی خۆیان ویەک دوو دائیرەی دەوروپشتی خۆشیان دابین بکەن. ئێمە لەسلێمانی ئەگەر شتێکمان بەدڵ بێت ئەڵێین نوری علی نور، کەواتە ئەوەش دوو نورە نورێکیان جەزای سەرپێچی کەرەکەیە نورەکەی تریان دابین کردنی موچەکەیە.

## فەتاح پاشا

ساڵی ١٩٢٦ نوری فتاح پاشا وباوکی، فتاح پاشا، یەکەم کارگەی عێراقیی رستن وچنین لەبەغدا دائەمەزرێنن. چیرۆکی دامەزراندنی ئەم کارگەیە ئەگەرێتەوە بۆ زاواکەی، فەتاح پاشا کەناوی ساڵح ئیبراهیم ئەبێ ولەسەردەمی عوسمانلیا بەرێوبەری هونەریی کارگەی رستن وچنینی(عەباخانە)ئەبێ. لەبەغدا لەساڵی ١٩١٧ کاتێ عوسمانلی ئەیانەوی بەغدا بەجێ بێڵن، بە ساڵح ئەڵێن مەکینەکان هەمووی تێک بشکێنە، بەقسەیان ناکا مەکینەکان ئەکاتەوەو ئەیبا بۆ موسڵ لەوێ زۆر هەوڵ ئەیا کارگەیەکی چنین ورستن دامەزرێنێ، سەرناکەوێ. ئەگەرێتەوە بەغدا داوا لە فەتاح پاشای خەزوری ئەکا کە ئەفسەرێکی باڵای سەردەمی عوسمانلی ئەبێ، لەبەغدا دایبمەزرێنن.ئەویش بەقسەی ئەکاو دواتر ئەوکارگەیەی لێ دەرئەچی، کە زۆر بەناو بانگ بوو لەعێراق وهەتا لە ناو چەکەش، جگە لەقوماش بەتانی و سەرچەف وملپێچ و بلوزو گۆرەوەی جل وبەرگی سەربازیشی بۆ جەیشی عێراقی دروست کردووە.

ئەوەی لێرەیا لام گرنگە ئاماژەی پێبەم قوماشی فەتاح پاشا بوو کە زۆر بەناو بانگ بوو، کاتێکیش ئەیان پرسی ئەم شەرواڵ ستارخانیە قوماشەکەی هی کوێیە تۆسەیری کە ماشەڵا کە سفت وجوانە پیرۆز بێت.ئەی وت: ئەوەڵ بابە فەتاح پاشایە باوکم!. جەماعەتیش هەموو

ئەها کاکە هەرباشـە رەفیقیی ئێمەی پیاوی فەقیریش ئەکەیت، فەتاح پاشا نەبێت لەبەری ناکەیت! کابرای قات لەبەر: سوێند تان لەسەرم نیە یەکێکی تریشم هەیە لە باوڵەکەیا بە ئەسپەنیکەوە هەڵم گرتووە هێشتا دەقی نەشکاوە.

دوای ئەو پێشەکیە ئەمەوێ بگەڕێمەوە سەر مەبەستی بابەتەکە، لەبەر کردنی جل بەپێی کات و شوێن و وەزیفەی ئەوکەسەی کە لەبەری ئەکا ئەگۆڕێ. بۆ نموونە لە ئەوروپا کەخۆیان داهێنەرو دیزانکەری چاکەت وپانتۆڵن، چارەکی ئێمە پەرۆشی لەبەر کردنی نین. ئەڵێن راستە جوانە بەلام عەمەلی نیە بۆ کارکردن، بۆ نموونە مامۆستایەک پیاو بێت یان ژن کە ئەچێت وانە بڵێتەوە بەبەرگێکی ئاساییەوە ئەچێتە پۆلەوە. نابینی چاکەتی لەبەرا بێ وبۆینباخی بەستبێ هەروەها فەرمان بەرانی دائیرەکان، خەڵکێکی کەم نەبێ بۆ نموونە بەڕێوەبەری فەرمانگەیەکی گەورە، یان فابریکێک یان ئەوانەی کەپێیان ئەڵێن بزبس مان کەسی تر نابینی بەقاتەوە بێت وبچێ.

خەڵکی ئاسایی لەدوو بۆنەیا لەبەری ئەکەن. کاتێک کە ئەچن بۆ بەرێ کردنی جەنازەیەک، یان لە ئاهەنگی ژنهێناندا بۆیە ئەگەر بەقات وریباتەوە بت بینن ئەڵێن چیە ئەڵێی بوکت بۆ دابەزیوە.

پاش نیوەرۆیەکی گەرم وابزانم پلەی گەرما سەرو چل پێنج بوو لەساحەکەی ئەوبەری سەراوە، یەکێکم بینی قاتێکی رەش و عەینەکێکی رەش و بۆینباخێکی بەستبوو جانتایەکی دیبلوماسی جوانیشی بەدەستەوە بوو!. پرسیم ئەوبەرێزە بەوگەرمایە ئاوا خۆی خستۆتە

عەزابەوە ئەبێ مـودیر عـام بێ وچـاوەڕێی وەفـدی یابـانی بکـا؟ وتیـان: نەوەڵڵا.وتـم: ئەی ئەبێ بـزنس مـان بێ؟ وتیـان: نەوەڵڵا، وتـم: دڵـم تەقی کەسـەیری ئەکەم خەریکم من لەگەرما ئەتوێمەوە ئەی کە ئەمانە نیە ئەو جانتایەی بۆ بەدەستەوەیە؟ وتیان کاکە ئەوە دیوانە تازەکەی تیایە چاوەڕێی برادەرێکی ئەکا دانەیەکی پێشکەش کا وتم ناوی ناوە چی؟ وتیان (هەناسەکەت فێنکایی دڵمە).

## ▪ فەرهەنگ

ئەو کـایە فەرهەنگـیەی ئـێمەی کـورد، بەتـایبەتی لەباشـوری کوردسـتانا، لەرووی بڵاو کـراوەو رادیـۆ وتەلەفزیۆنـا، لەچـاو بەشـەکانی دیـکەی کوردسـتانا پێـشەکەوتنێکی بەرچـاوی لەروی چەنـدێتیەوە بەخۆیەوە بینیوە کە خۆی لەدەیان رۆژنامەو گۆڤارو کەناڵی تەلەفزیۆنی دەزگای چاپ وپەخشدا دەبینێتەوە. هەروەها رێژەیەکی زۆریش سەرقاڵی نووسـینی سیاسـی و ئەدەبـین بەهەمـوو بەشـەکانیەوە، ئەگەر بەراوردی بـکەی بە هەنـدێ وڵاتـی تـر، کە لەروی ئیمکانـاتی دەوڵەتیی و سـەقام گیـری سیاسـی وئـابووریەوە لەئـێمە تـۆکمەترن، ئەبینی لەوبـوارەدا ئەوانمـان بەجێهێـشتووە بەڵام وەکو سـەرەتا ئامـاژەم پێـدا، ئەوە لەرووی ژمارەو چەند بەرابەرە نەوەک چۆنیەتی.

دروست کردنی ئەقڵی کوردیی قۆناغی زۆر سەختی لەبەرە بیبڕێ کە هەمـووی لە خوێنـدنا چـر ئەبێـتەوە، لەزانکـۆی ئاسـت سـتانداردا لە گەرانەوەی بەهـا بـۆ مەعـریفەت و بەرزبـوونەوەی ئاسـتی خـوێنەر پـێش نووسەر، بینەر پێش ئەکتەر، بەرز کردنەوەی جەژی هونەری لەهەمبەر مۆسـیقاو گۆرانی کوردیـدا. کـرانەوە بەسـەر زمانەکـانی دەوروپـشتمان و بـرەو دان بەبزاڤی وەرگێران لەسـەر بنەمـاو رێبازێـک کە ئاسـتێکی بەرزی شـارەزایی لە زمان و بابەتی وەرگێرانەکەیا تیا بێت، هەر بۆ نموونە کاتێک

کەسێک کە یاسای نەخوێندووە بابەتێکی یاسایی وەرئەگێڕێت، ئەبێ چ کارەساتێک بەسەر مەفهوم و دەلالەتی دەستەواژە یاساییەکاندا بهێنت بەهەمان شێوە بابەتێکی ئابوویش.

لەمەوبەر خەڵک تا ئەینووسی ئەبوو چەندین ساڵ بخوێنێتەوە ئێستا ئەوە پێچەوانە بۆتەوە، ناڵێم سەد دەر سەدری خەڵکەکە وایە بەڵام ئەوەی کەوایە زۆر زیاترە لەوەی کە بەوجۆرە نیە، ئەمە نەک هەر قەیرانە لەبواری فەرهەنگیدا بەڵکو تیشی پەراندووە بەرەو کارەسات.

کاتێک لەچاوپێکەوتنیا ئەیبینم یاخو ئەبیستم میوانەکە بەم جۆرە پێشکەش ئەکرێ (نوسەرو روناکبیر) لە نووسەرەکە تێئەگەم بەڵام نازانم مەبەستیان لە ووشەی روناک بیر چیە؟ ئایا (مثقف)ە عەرەبیەکەیە؟ ئەگەر ئەوە بێت روناکبیر ناکەتە ئەوەی کەلەعەرەبیەکەدا هاتووە. روناکبیر ئەکاتە (متنور) یان پێشکەوتوو خواز کە پێچەوانەی تاریک بیرە، بۆیە مەرج نیە (مثقف) روناکبیر بێت رەنگە تاریک بیریش بێت!.

هەر لەمیدیای ئێمەوە ئەگوترێت بۆ نموونە ووڵاتی ئەمەریکا یان تورکیا و هەتا دوایی، ئەکرێ بپرسین ئەبێ شتێکی کە هەبێ لەسەرانسەری ئەم دنیایە، ناوی ئەمەریکا بێت و ووڵات نەبێت و بۆیە ئەڵێن ووڵات بۆ ئەوەی لەو ئەمەریکایەی جیا بکەنەوە کە ووڵات نیە؟. پیناسەکردنی شتێک کە خۆی ناسراو بێت نەلەروی زمانەوانی ونەلەوری مەنتیقیشەوە دروستە.

لە کۆمەڵگای تەندروستدا بەئاسانی چینی ناوەراست کەبناغەی هەموو پێشکەوتنەکانە کارایە و رۆڵی مێژووی خۆی ئەبینێ، کە ئەکاتە دکتۆرو ئەندازیارو مامۆستای زانکۆ ولێکۆڵەرەوەی زانستی و پیشەگەران وماموستایان و میدیاکار، تا ئەگاتە نووسەرو بیرمەندو فەیلەسوف. لەکوردستانیش ئەوکاتانەی کە ئەو چینە رۆڵی پێشەنگی لەناو کۆمەڵەگادا ئەبینی شار ببووە سەرمەشق بۆ دەوروبەر، ئیستا بەهۆی نارونیی سنوورەکان ورۆڵی ئەو چینە، ئایەتەکە هەڵگەراوەتەوە. مێژوونووسەکان ئەڵێن ئەهرامەکان فیرعەونەکان دروستیان کردووە، خەڵکی تر ئەڵێن نەخێر ئەو هەزارەها کۆیلەو رەش و روتەی میسر دروستیان کردووە کە بەزۆرەملی ئیشیان پێکردوون. بەڵام کەس باسی رۆڵی سەرەکی ئەندازیار وتەکنیک کارو ئەو دیزاینەرانە ناکات کە بێ ئەوان مەحاڵ بوو توحفەیەکی مێژوویی ئاوا لەمیسر ببینرێت کە بێگومان لەچینی ناوەراست بوون.

## ■ فەزڵ وهونەر

لەجــادەی ســەهۆڵەکە لەبەری عەرەبــانەی لەفەو گــۆڵەبەڕۆژەوە چــاکە بــووم، چــاوەڕێی برادەرێــک بــووم مەوعیــدمان هەبــوو، لەپــر تەلەفــونەکەم زرنگــایەوە، وتــی ئەوە ئەتبیــنم لەوبەری وەرە ئەمــبەر، قــاوەیەکی خۆشی لێیە. وتم: کاکە چۆن بێم نـاوێرم؟ وتی وەرە مەترسـە ماوەیەکی کە تۆش وەکو ئێمە رابێیت.

لەدڵی خۆمـا وتـم: وەڵڵاهی بەکـۆڵێ گونـاحەوە لەپـردی سـیرات بەم لەمە ئاسانترە لەوێ رەحمی خـوا چانسێکی پەرینەوەت هەر ئەیاتێ، لێرە ئەکەویـتە بەر رەحمی کەڵچەرێـك، لە سـەیارە لێخـوڕین کە ئەڵێ (ئەم پیادەیەیان بۆ خۆم دانێن).

چـۆنم بیرکـردەوە خـشت وابـوو، سێ سـەیارە تـاک وجـوت نیـشتنە ئەوەنەم پێکـرا بەدەســت ئیـشارەتێکی نەختێــک هێواشــیان بــۆ بــکەم فایـدەی نەبـوو خۆشـم نـازانم، چـۆن خـۆم هەڵـدایە سـەر شۆسـتەکەی لای برادەرگیان ئەوەی گوێم لێبوو، لەپشتمەوە هۆڕنێکی قەوی قـۆڵ و مـزرە جنێـوێکی سـیاحی بـوو. نەختێـک تـاس بـردمیەوە و بەدەم ئـاو دیـو کردنـی ئەو قــاوەیەی کە بــرادەرگیــان هێنـامیە ئەمــبەر بـۆی، ئەو وتە بەنــرخەم بیــر کەوتەوە کە ئەحــمەد موختــار جــاف لەشــیعرەکەیا رەنگـانوێتی و ئەڵێ (عــالەم هەمـوو شـاهیدی فەزڵ وهونەرتـانە)و لەبەر

ئەهمیەتی بۆ پێگەیاندنی توانای ئەقڵی وئەدەبی ئێمەی ئەوسای منداڵ، لەگەڵ هەمــوو شــیعرەکانی کەیــا لەمەکــتەب بەتــۆپزی پێیــان لەبەر ئەکردین.

هەر بـۆیە بەدرێژایـی تەمەنـم مەراق وخولیـام ئەو فەزڵ وهـونەرەی کە دارکــاری کــراوم لەســەری تــاوەکو رەوانــم کــردووە، بــدۆزمەوە هەرچیەکم ببینیایەو بەردەستم بکەوتایە لە سەیارە ئەشیای ئەلکترۆنی خێــرا ســەیری ناونیــشانەکەیم ئەکــرد، تــاوەکو بــزانم ئــاخۆ فەزڵ و هـونەرەکەی ئێمە دروسـتی نەکـردووە ؟. مەخـابن یـان یابـانی دەرئەچـوو یـان ئەڵمـانی، ئێـستاش یەک شـوێنی دنیـا نەمـاوە کە فەزڵ و هـونەری چینی لێنەبێ. ئەمـوت نـابێ ئـێلان ئێمەش شـتێکمان هەیە کە هـونەری خۆمان بێت، قابیلە شاعیر هەر ئاوا لەخۆیەوە ئەوەی وتبێ ؟ پەرینەوەی ئەو ئێــوارەیەم لەو جــادەیە هەمــان کــاریگەری بەســودفە کەوتــنە خــوارەوەی ســێوەکەی ئەودارەی کە ئەنــشتاین لەبنیــا یــاری بەریــشی ئەکـرد هەبـوو. ئەو قـانونی جـازبیەتی پێ دۆزیەوە منـیش گەیـشتمە ئەو فەزڵ و هونەرەی کە شاعیر باسی ئەکا.

## ▪ فەیس بوک

لەگەڵ کاک جەوهەر خەریکی بیرورا گۆڕینەوە بووین، سەبارەت بە بەوپێشکەوتنە خێراییانەی ئەم دواییانەی بواری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و بەتایبەتی داهێنانی فەیسبوک و ئیستیفادەکانیمان ئەبژارد. کە هەرچی رەفیق وبرادەری مناڵیشت هەن ئەوەی سی ساڵیش ئەبێ نەت دیون لەوێ ئەیان بینیتەوە، دووەم خۆت سەرنووسەرو نووسەری لاپەرەکەی خۆتی، واتا چیت بوێ لەوێ بڵاوی ئەکەیتەوە. کاک جەوهەر وتی: رەحمەت لەباوکت لەمەنەتی قەسابی بێ مەنەت کردین، کورە خۆ هەر گۆڤار بوو لەو وولاتە دەرئەچو نەشت ئەزانی سەرنووسەرەکەی ئاستی خوێنەواری ورۆشنبیری چیە؟، بروا بکە هی وایان تیایە حەیفە لە دەزگایەکی رۆژنامەگەریا پاککردنەوەشیان پێبکەی، ئەوەندە بێ سەوادن، توخوا قەت بووە نووسەرێکی ماقوڵ لەبەر دەرگای نەزانێکی وایا بوەستێ؟، داخۆ رازیە نوسینەکەی بۆ بڵاو بکاتەوە یان نا ؟. وتم: باشە کاک جەوهەر خوابەوە رەحمی کرد ئەم فەیس بووکە لەداهێنانی ئێمە نەبوو وتی: بۆ؟ وتم: ئاوا ئیستیفادەمان لێئەکرد:

رۆژی یەکەم: ریکلامی فەیسبووک لەهەموو تەلەفزیۆنەکان مژدە مژدە داهێنانێکی نوێ، کە سەد لەسەد بە دەست وهزری کوردیی

هـاتۆتە کایەوە، ئەمە فەیـسبووکی هەمـوو کـوردێکی بەشـەرەفە نەخێر بگرە لەخزمەتی هەموو جیهاندایە، بەبێ گوێدانە رەگەزو تیرەو هۆز بەبێ گوێـدانە جیـازاوی بیرو بۆچـون، هەمـوو کەس ئەتـوانی راکـانی خـۆی سـەبارەت بەمەسـەلە کۆمەڵایەتی و سیاسـی ئیقتیـسادیەکان بەئـازادانەو بەبێ هیچ سانسۆرێک دەربڕێت. فەسیبوک ماڵی هەموانە و پاوانی هیچ حیزب و دەسـەڵاتێک نـیە، تەنـانەت هی حکـومەتیش ئەمە دەزگـایەکی مەدەنـی سـەربەخۆیە، فەیـسبوک لەئێـوەوە بـۆ ئێـوە خۆتـان خـاوەنین هەرخۆشتان بەرێوەی ئەبەن

رۆژی دووەم: فەیسبوکی ناوەندیی حکومەتی هەرێم کەوتە ئیش تکا لەهاوڵاتیـان ئەکەیـن، کە ئەم فەیـسبوکە تـاقە تـۆڕی رەسـمیی وبـاوەڕ پێکـراوە لەهەرێمی کوردسـتاندا، هەرچی زووە لێرە نـاوی خۆتـان تۆمـار بکەن و لەرێگەی ئەم فەیسبوکەوە ئەتـوانن بەزەمـان وئەمـان بێ تـرس لەهـاک کـردن ئیـدامە بە هـاتنە سـەر فەیـسبوک بەن و نـامەو چـاتە جوانەکـانی خۆتـان لەمـابەینی خۆتانـا بەبـی وەی بگـۆڕنەوە، چـونکە شیعارمان پاراستنی خسوسیەتە.

رۆژی سـێهەم: مـژدە مـژدە خۆشـبەختانە فەیـسبوکەکەی حیزبـی هەمیـشە زینـدوو کەوتە ئـیش و رۆژ بەرۆژ ژن وپیـاوو پیرو لاو سـەردانی ئەکەن، نـاوی خۆیـان لەفەیسبوکەکانی تـرا رەش ئەکەنەوە و دێـن لێرە خۆیان ناو نووس ئەکەن. لەبەر هیچ نـا هەر بۆ خـاتری ئەوخەبـاتەی کە لەبەر چـاوەو کەس نـاتوانێ نکـوڵی لێ بکـا، چ لەبـواری عەسـکەریدا وچ لەبـواری ئـاوەدانی و مەدەنیەتـدا. بـۆ زانینـیش ئێـستا کەس نـاچی بەلای

ئەوەی حکومەتدا ئەڵێن قەتعی زۆرەو بەینی خۆشمان بێ خاوە هەموو چاتە دڵداریەکانیشتان کۆپی ئەکا.

رۆژی چوارەم: وەرە فەیسبوکەکەی حیزبی کۆڵنەدەر ببینە، کەبە شیعاری لەمەیدانی بەهارا شارەکەی ئەنگۆ تۆپەکەی سەر بورجی خەلیفەی لەدوبەی دایە بەر شەق وەکو گۆ، کەوتۆتە خزمەت. بۆ ئەوانیش دایان نا؟ ئەی بیقەزابی دەمێکە خەریکن.

رۆژی پێنجەم حیزبی عەدالەت فەیسبوکەکەی کەوتۆتە ئیش بەڵام لایک و بلۆک شەیرو کۆمێنتەکەی بەخوا جارێ نۆرەئەکا.

رۆژی شەشەم: حیزبی کرێکاری بەختەوەر فەیسبوکێکی داناوە بۆ کرێکار نیوە قیمەتە.

رۆژی حەوتەم: فەیسبوکی سەد دەر سەد حەڵاڵیش بەشیعاری (ناتوانین بە داعش بڵێین کافر چونکێکم قیبلەیان هەروەکو قیبلەی ئێمەیە) چاوو دڵی خەڵکی رۆشنکردەوە.

رۆژی هەشتەم: فەیسبوکی چاوباشقاڵەکانی ئەم گەلە ستەم دیدەیەش بەجیا کەوتە ئیش، حەزئەکەیت لەپشتەوە لەرۆژێکا دەجار ئاد بۆ کچۆڵان بنێرە ئادیان کردی نوری عەلا نوور نەیان کردی داخی خۆت بەگەندەڵی برێژە و موتەمئینیش بە نهێنیەکانی ئەولات پارێزراوە.

## ▪ لەفەیس بوک بۆی دانیشتوون

پـێش ئەوەی فەیـس بـوک دابـێ نەم ئەزانـی بریـانی بەچەن نەوع لێئەنـــرێ، ئیـــستا بەواســـتەی ئەوەوەی کە زۆر لەخۆشەویـــستان لەورێگەیەوە خواردنە خۆشەکانی خۆیان پیشانی خەڵک ئەیەن، ئەزانم مـاڵی کێ لەبریانیـا یەکەمـن! مـاڵی کی یاپراخەکەیـان جـێگەی فەخـرو شـانازی هەمـوو کوردە. ماڵی کێ لە لێـدانی کەبـاب لەشـیش و برژانـدنی جەرگ و دڵ وگۆشـتا هەقە دەورە بـۆ کەبـابچی و جگەرچیەکـانی شـار بـکەنەوەو سـەرلەنوێ فێـری ئەو سـنعەتەیان بـکەنەوە، مـاڵێ کـێش کفتەکەیان لەکفتەی کوردی هەر چوار پارچەکە خر ترە!.

هەر بەوهـۆیەوە زانـیم کێ فەیـسبوک بەشایـستەی ئەزانـێ ببێـتە سـەرۆکی وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا!، کێ موستەشـاری ئەڵمانیـای بـۆ دەرچـووە و کێش سـەرۆکەیەتی فەرنسـای بـووە بەنیـسب بەڵام لـوتەلایە و بەکەمی ئەزانێ، حەزی ئەکرد کەنەدای بۆ دەرچێ!.

ئاشـنایەکی دورمـان هەیە سـێ شــەهادەی لە چــوروکی و ورەزیلـی ویپسەکەییا بە فەخرەوە وەرگرتووە، فەیسبوک پێی وتووە: کاکە نەختێ دەسـتی پێـوە بگـرە تـۆ پـلەی بەخـشندەیی و ودەسـت بڵاویەکەت حەدی ماقولی تێپەرانووە.

هەر بەهۆی فەیسبوکەوە زانیم خەڵکی ئێمە دوژمنی خوێندنەوەن، بۆ نموونە کە تەنزە وتارەکەم لەکوردستانی نوێ بڵاو ئەبێتەوە، لە واڵەکەی خۆشم دایئەنێمەوە. جارێک مولاحەزەم کرد تازە دام بەزاندبوو خۆم کە نوسەری وتارەکەم هێشا سێ دێرم لێنەخوێندبۆوە، شڵپەی سێ لایک هات! لەبەر خۆمەوە وتم: خۆزگە ئەم فەیسبوکە هەڵبژرادەی لایکی نەئەهێشت، تەنها بۆیان هەبوایە کۆمێنت بنوسن، کێشە نیە با خراپ لەسەر شیعرەکە یان نوسینەکە بنوسن، با رەخنەیان هەبێ شەرت نیە هەر بەباڵاهەڵدان بێت، بەڵام خۆ تێی ئەگەیت کە خوێندویانەتەوە.

هەر لەفەیسبوکا فێری ئەوەبوم ئەتوانی لەسەر تەختەی عەمەلیات بە دکتۆر یان موزەمیدەکە بڵێی: قەرزارم بن کەبەنجتان کردم ئەگەر وێنەیەکم بەم هاندیەی خۆم لێنەگرن، بۆ فەیسبوکمە دایئەنێم بەشکم برادەرانم، بەتایبەتیش کچان بڵێن وەیش کەجوانە بەبەنجەوە. باشە ئەگەر یەکێک بۆی بنوسێت ئێشەڵا ئاخر بەنجت ئەبێت لەژیانتا وجارێکی کە دەم نایەیتەوە بەیەکا ناهەقێتی؟.

فەیسبوکیەکە بەهاران ئەچێتەوە بۆ کوردستان لەوباخ وشاخو دۆڵ و لەلای ئەو کانیاوە شیرینانەوە رەسم ئەگرێ، ولەفەیس دایئەنێ و ئەنوسێ: ماشەڵا کە خۆشە هیچ شوێنێک بەئەنازەی کوردستان جوان نیە، وێنەمان لەگەڵ هاورێیان لەم بەهەشتە دڵگیرە، هەزار هەندەران بە قوربانی ئەم کانیاوە بێت، لێرەیا ئەوانە ئەتەقێنێ کە وەکو خۆی نەچونەتەوە بۆ کوردستان!. هەر عەینی موبارەک کەدێتەوە بۆ هەندەران

کاتێـک هــاوینی کوردســتان لەو بێکارەبابیەیــا شــەر لەگەڵ چلـو پێــنج دەرەجەیا ئەکا، وێنەی خۆی دائەنێ وئەنوسێ ئازیزان ئەوەتام لەباوەشی سروشـتە جوانەکەی ئەوروپا، ئێستا پلەی گەرمی لەدەوری بیستایە و هەوایەکی فێنـک وخـۆش ئەیـدا لە رومەتـم پروشـەی بارانیـشی هەیە، مەلعون لێرەیا خزمانی وڵات ئەتەقێنی.

رۆژانە کە فەیـسبوک ئەکەمەوە لەبـری پەنجەرەیەکی رۆشـنبیری و گــۆڕینەوەی زانیاریەکــان ببیــنم، زۆربەی زۆری وێــنەی شەخــسی و پیـشاندانی سـفرەی رازاوەی پـر لە چەوریـی و هەواڵ و وێـنەی سـەفەرو سیاحەتی ئەوخەڵکە لەهەموو شتەکانی دیکە زیاترە.

لەفەیـسبوکەوە زۆر شــت فێربــووم، فێـری ئەوەبــووم کە بەشـێک لەوانەی لەسـاحەی رۆشـنبیریا شـڵپە شـڵپیانە، لاپەڕەکەنیـان لەلاپەری ئەوانە لاوازتـرە کە ئەو سـاحەیەیان قەت نەدیوە.فەیسبوک فێری کـردم کە بـواری رۆشـنبیریی ئـێمەی کـورد، زۆر لەوە وێرانتـرە کە دوژمنانمـان وەکو تانە لێمان ئەدەن.

زۆر لەخەڵکی فەیـسبوک بەتەنهـا لایکێـک لەسـەر هەواڵی مردنـی کەسێک دائەنێن لایکیش بەواتای بەدڵمە، کەواتە پێیان خۆشـە لەدنیا دەرچووە!.

ئەوشـەوە باپیری برادەرێک دوای عـومرێکی درێژ ئەمری خـوای بەجێ هێنـابوو، وتیـان لەکوێ بـۆی دانیـشتون بـائێمەش بچین، وتـم: بـۆ کوێ ئەچـن هەر لەمـاڵی خۆتـانەوە ئەتـوانن سـەرەخۆشی بنێرن، وتیـان:چۆن؟ وتـم: ئێـستا دوای دورۆژەکەی مزگەوتی یەک حەفـتەش لەفەیـس بـوک بۆی دائەنیشن.

## ▪ قاپەکەی وەزیری دەرەوە

قەدیمی لەسلێمانی نەوت زۆر باوی نەبوو، خەڵک دارو خەڵوزی بەکار ئەهێنا بۆ چێشت و چا لێنان وخۆگەرم کردنەوە. ئەوکات نەوت بەقاپیش ئەفرۆشرا، کە بوتڵێکی شوشە بوو نەوتیان تێئەکرد بۆ چرا و بۆ ئاگر کردنەوە، لەبەر بۆنەکەیشی زۆر بە ئاگاوە دەستیان بۆ ئەبردو لەشوێنێکی پەنا دائەنرا بەو بوتڵەیان ئەوت قاپە نەوت، ئیستاش بەو شوشەیەی کە ئارەق تێئەکرێ هەر ئەوترێ قاپ، ئەوەشی کەچێشتی تێئەکرێ بۆ خواردن هەر قاپە.

ئەوترێ قاپێک چێشت بەڵام قەت ناوترێ قاپێک کەباب، ئەوترێ دەوریەک یان سینیەک کەباب، دەوریەک برنج بەڵام بۆ زۆر خۆری و زیارۆیی لەخواردنیا ئەوترێ دوقاپ برنجی خورادووە!. سەری مەنجەڵیش بەبنەکەی ئەڵین مەنجەڵ بەڵام بەخۆی ناڵین سەر مەنجەڵ ئەڵێن سەر قاپ! کاتی خۆی کە پارە کەم بووە یان دەگمەن بووە خەڵک لەبری پارە شتی بەشت گۆڕیوەتەوە، بە عەرەبیەکە ئەوترێ (مقايضة) بۆ نموونە ئەوترا گەنم بە ترێ، گەنمەکە هەر بەقاپ موقایەسە کراوە.

بۆ کەیبانووی ماڵ قاپ شتن پێوەری هیلاکی و ئازایی بوو هەرچەنە ئەوەی رۆژانە ئەشۆرا هەرقاپ نەبوو مەنجەڵ و کەوچک و قۆری و کتری و پیاڵە وسوراحی وپەرداخ و ئەوانەی هەموو تیابوو، بەڵام ئەو

ئیشە هەر بە قاپ شتن بەناوبانگ بوو، ئەگەر چیش هەندێ جار ئەوترا حاجەتەکان ئەشۆم کە ووشەیەکی عەرەبیە بەواتای پێوستی دێت.

عورفی سلێمانی وابوو لەهەر کۆڵانێکا مزگەوتی تیا بوایە، لە گەڵ بانگی شێوانا لە ماڵەکانەوە ئەگەر چیشتیان هەبوایە، (مەرج نەبوو هەموو ماڵێک چێشتی هەبێ) قاپێکیان بۆ مجەورەکە ئەبرد، ئەو فەقێیانەشی کە بۆ خوێندن لەو مزگەوتە بوون و هەر لەوێش ئەخەوتن، ئەوانیش لێیان ئەخوارد و لەبەر ئەوەی چێشتەکان فرە جۆر بوون کرابوو بە مەسەل و بۆ هەر کارێک کەتێکەڵ وپێکەڵ بوایە، ئەوترا چێشتی مجەور.

قاپ و دەوری جیاوازن قاپ قوڵترە لەدەوری، ئەتوانرێ شلەمەنی تێبکرێ، بەڵام دەوری تەختە هەر بۆ شتی ووشک بەکاردێ وەکو برنج و یاپراخ کەباب و محلەبی و پاقلەی کوڵاو لەسەر عەرەبانە هەتا داویی و هەرچەندە پاقلە ئەکرێنە دەوری پچوکەوە نەک قاپ بەڵام ئەوترێ زەحمەت نەبێ قاپێک پاقلەمان بۆ تێکە، نەک دەوریەک پاقلە!.

لەژیانی رۆژانەیا قاپ بەشێوازی جۆراو جۆر بەکار دێت بەڵام تا ئەورۆژەی کە کۆنگرەکەی سەرانی عەرەب لەسەروبەندی داگیرکردنی کوەیتدا بەستراو تاریق عەزیزی وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی عێراق، قاپێکی نەگرتە وەزیری دەرەوەی کوەیت، نەم زانی بوو وەکو چەکی دورهاوێژیش بەکار دێت.

لەگەڵ برادەرێک پیاسەمان ئەکرد برسیمان بوو باسی خواردنمان ئەکرد وتی: ئیستا قاپێک شلەبامی نەبێ تێی ووشی!. وتم: مەڵێ شلە بامی وتی: ئەیچی بڵێم؟ وتم: هەر بامێکە بڵێ کافیە ئیتر خەڵک ئەزانێ شلەیە، تۆ قەت بیستوتە کەس کردبێتی بەقوبڵی!.

## ■ قژ زەردو جاو شین

نیوەی دووەمی نەوەدەکان بوو، لەگەڵ ماڵ ومناڵ رووم کردە ئەوروپاو دوای تێچوونێکی زۆر، لەووڵاتێک گیرساینەوە. چەن رۆژێک بوو گەیشتبووم، بەیانیەک بۆ کرینی هەندێک پێوستی رووم لەبازاڕ کرد. چەن پاسکیل سوارێک بە پێچەوانەی ئاراستەی رۆیشتنەکەی منەوە ئەهاتن، یەکێکیان رووی تێکردم و وشتێکی بەزمانی خۆیان پێوتم نەم ئەزانی چی ئەڵێ، بەڵام بە جۆری دەربرینەکەیا دیاربوو قسەیەکی باش نەبوو، ئەوەشی زیاتر کە دڵنیای کردم لەو هەستەم سەرکۆنەی برادەرەکانی بوو، کە دیار بوو هەموو بەیەک دەنگ پێیان ئەوت نابێ.

لە دایەرەی پەنابەران ئەوەی کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ئەکردم کورێکی گەنج بوو، قەناعەتی بە قسەکان و ئەوبەڵگانە کرد کە لە وەڵامی پرسیارەکانیا ئەم خستە روو، پێیوتم: هیوادارم لەگەڵ مناڵەکانتا لەم ووڵاتە کە ئەبێ بە ووڵاتی خۆت ژیانێکی ئاسودە بەسەر بەریت. ئیتر منیش چوومە ریزی ئەوپەنابەرانەی کە پێش من، لەو ولاتەو هەموو ئەو ولاتانەیتر گیرساونەتەوە و رەگەزنامە بەخۆمان و مناڵمان دراوەو بە ئەندازەی هەر هاو ولاتیەکی تری ئەو ووڵاتانە مافمان وەرگرتووە.لەوانە بەشداری کردن لە هەڵبژرادن کە چارەنووسی سیاسی ووڵات دیاری ئەکا، مافی ئیش کردن، خانو کرین چوونە بەر خوێندن سود وەرگرتن لە بیمەی بێئیشی و تەندروستی و هەتا دوایی.

دوای بـوژانەوەی، کوردسـتانم وەکـو ئەو ئەوروپـایەی کە پانزەسـاڵ لەمەوبەر پەنام بۆ برد، هاتە پێش چاو. کە نەک هەر هاوڵاتیانی خۆی ئەژێنێ و ئەمن و ئەمانیان بۆ دابین ئەکا، بەڵکو ئەتوانێ ژیانێکی شیاویش بە پەنـابەرانی رەوا ببینێ. بەتایبەتی ئەوانەی کە لەناوەراسـت ورۆژئـاوای عێراقەوە، بەهۆی پشێوی لە رادە بەدەری ئەو ناوچانە روویان تێکردوە. خوشەویستێک وتی: کەی ئەوە حاڵە شارەکەمان پر بووە لەعەرەب.وتم: کاکە ئەوانە یەکەم پەنـابەرن دوو خۆیـان مەسـرەفی خۆیـان ئەکەن واتـا ئوتێل وبـازار و چێشخانە بەهۆی هاتنی ئەوانەوە بـوژاونەتەوەو پـارەیەک هـاتۆتە ناوبازارەکانمـان کە ئەمـرۆ لەهەمـوو رۆژێـک زیـاتر پێویـستمان پێیەتی. ئێمە بەوە دو نیشانە ئەپێکین، یەکەمین لەرووی مرۆڤایەتیەوە بۆ دنیای پیشان ئەیەین کە کوردستان وخەسڵەتی کورد لەئاستێکی زۆر بەرزدایە، دوەمین ئیستیفادە ئیقتیساديەکەی بۆ ئێمە زۆر زۆر گرنگە. نەخێر هەر باوەڕی نەهێنا، ئەورژە بینیم لەگەڵ دوکەسی تر کە خۆیان پەنـابەری ووڵاتێکی ئەوروپـین و بەزیـادەوە ئیـستیفادەیان لە و مافـانە کـردووە کە بەپەنـابەر ئەدرێ. کەمپینێکیـان بەرێ کردبـوو بـۆ وەدەرنـانی ئەو پەنابەران لەکوردستان! بە کاک ئاریم وت: ئەزانی هەندێک تانەنەت رەگەزپەرستی لەسەر خۆشیان ئەکەن وتی: چۆن شتی وائەبێ! وتم: ژنێکی لای خۆمـان مناڵیـان نـابێ، رۆژێـک گـوێم لێبـوو ئەیـوت مناڵێـک هەڵئەگرمەوە بەڵام سەبر ئەگرم تا چاوشینێکی قژ زەردی سورو سپیم دەست ئەکەوێ!. وتی: ئێ قەیچێکا ئیتر بەشەرە زەوقی ئەو وایە. وتم: لەوە ئەگەم بەڵام لەوە ناگەم کە خۆی ئەسمەری تۆخ و قژ وچاوی رەش بۆ

منـاڵێکی ئاسـایی نزیـک لەخـۆیەوە نـاوێ، خـۆ کـورد لەسـەدا نەوەدو هەشـتی چاورەشـە. باشـە ئەگەر دایکی خـۆی وەکو ئەم کوشـتەی چـاو شـین و قـژ زەرد بـوایە، خـۆ ئەبـوو ئەمـی فـڕێ بـایە. یـان پەرۆیەک لەئەنجـیلا جـولی بـۆ دانـادڕی، ئەو خـۆی چـاوی شـینە سێ چـوار منـاڵی هەڵگرتۆتەوە کەسیان چاو شین نین ؟کاک ئاری وتی: کاک خالید خۆت عەزیەت مەیە، من لەنـزیکەوە ئەیـان ناسـم ئەمـان لەئەڵـقە تورکیەکان زیـاتر سـەیری یەک شـتی ترنـاکەن، ئەوانـیش لەگەڵ خۆمانـا لە هەمـان کلتـور ئاویـان خـواردۆتەوە، بـاوەژن منـاڵی مێردەکەی کەلەژنێکی کەیەو دایکی مـردووە، قەت پێ قـوت نـاچێ، ئیتر چـۆن بزانـێ ئەنجـیلا جـولی کێیە؟ دواتـر ئەو چۆن کافر ئەکا بەسـەر مەشـقی خـۆی. وتم: وەڵا بـاوکم خۆ وایە نازانم چۆن ئەوەم بیر چوبوو ؟!.

## قورمساغ

وتیان: سوبحانەڵڵا ئەم کابرایە هیچ حسابێک بۆ ئەو ژنەی ناکا وتم: وانیە قوربان وتیان: چی وانیە بڕوات بێ قسەی خۆشەکەی لەگەڵیا دەمت داخە، بڕۆ ملت بشکێنە، هەر ژن زۆرە، توخوا ئەوە بیچمە.

وتم: کاکە وەڵڵا خراپ تێی گەیشتوون لەخۆی دڵ ناسک تر نیە، وتیان: چۆن ئەکرێ بۆمان شی بکەیتەوە؟ وتم: بەچاوان، با عەرزتان بکەم ئەوکەسەی کە ئێوە ئاوا بەدڕندەی ئەزانن بەرانبەر بەژن، جوانترین و رازاوە ترین و ناسکترین ووشە ئەخاتە شیعرەوە بۆژن، بۆجنسی مێینە، لەم کوردستانەو بگرە ژنانی دەرو دراوسێشمانی لێ بێبەش ناکا.

کاکە ئەمەی ئەم بۆ ئەو نیوەجوانەی کۆمەڵ ئەینووسێ وئەیهۆنێتەوە، بڕوا بکەن نەنزار قەبانی عەرەب و نە گۆران ونە هێمنی خۆشمان نەیان توانیووە بیگەنێ.یەک پارچە هەست و سۆزی لێ ئەبارێ بۆیان، بەرادەیەک ئەتوانم بڵێم نیو ووشەی جوانی بۆ کەس نەهێشتۆتەوە، کە ڕۆژێک لەڕۆژان ئەگەر ویستی بەگوێی کچێکیا بات بەمەبەستی خۆشەویستی ولێک نزیک بوونەوە وەیان بۆ ئیدامەی ئەو خۆشەویستیەی کە لەمابەینا هەیە. مەجبور پەنا بۆ ئەم ئەبەن تاوەکو رستەیەکی ئەوین و وەفاداری لێبخوازن.

بـرا ئەوە ئێـوە ئەڵـێن چی بـۆ تفەنـگ بەتـاریکیەوە ئەنێـن بڕواتـان هەبـــێ زوڵمێکــــی گەورە لەم زاتە ئەکەن، کە بەرای زۆرمــــان مەدرەســەیەکە لەو بوارەیـا، کـاکە ئەمە ئیمپراتـۆری تەختی عەشـق و ئەویندارییە رجاتان لێئەکەم.

وتیان: باشـە ئەی لەم هەموو ووشـە جوانانە یەکیکیان بەر ئەو ژنە داماواکەی نـاکەوێ ؟ وتم نـا!، وتیـان بـۆ ؟ لەبەر ئەوەی هەمـوو سـاڵێک لای خـــوا، وتیــان ئــێ، ئەگەڕێ بـــۆ ناســکترین ووشـــە تـــا لەشـــیعر وپەخـشانەکانیا خەزنیـان کا. وتیـان: بـۆ کەی؟ وتـم، بـۆ رۆژی ڤالانتـاین، وتیـان: ئێ زۆر چـاکە نـاکرێ جـارە جـارە یەکێـک لە وێـنە شـیعریانە یـان وشـە ناسکانە بگرێتە ژنەکەی خۆی؟ وتم: ناکرێ، وتیان بۆ؟ وتم: ئەوەنە ژن وکچـی جـوانی بەتەمـا کـردووە تـا لەورۆژەیـا وبەو بـۆنەیەوە گـوڵاو پرژێنیـان بکـا، بـڕوا بـکەن رەنـگە لێـشی ببڕێ، خـۆ ناشـکرێ دەسـت بەرویـــانەوە بنێ وتیـــان: هەموویـــان بەیەکەوە دێـــن؟ وتـــم نـــا نایکـــا بەقەربالغی یەک یەک، کەسیشیان ئاگای لەوی تریان نیە.

## ▪ قومتار ناناسم

کاتێک لە کۆلیجی یاسا خوێندکار بووین هەمان بوو ئەیوت قەتعیەن لەگەڵ عەرەب قسەناکەم، هەرچی بەندەیە رای پێچەوانەم هەبوو ئەموت کورینە ئەم چەن ساڵی خوێندنە لەناو ئەم عارەبانە فرسەتێکی زۆرباشە بۆئەوەی زمانەکەیان فێربین و بزانین چۆن بیر ئەکەنەوە. برایان کلیلی چوونە ژورەوەی ناو بیروباوەرو کلتورەکەیان زمانەکەیانە، ئەوانە لە دروست بوونی دەوڵەتی عێراقییەوە حکومی ئێمە ئەکەن. هەتا زمانەکەیان نەزانین نەئەوان لەئێمە ئەگەن و نەئێمە لەئەوان، دواتر زۆربەی سەرچاوە فیکری وسیاسی وقانونی وئەدەبیەکان بەوزمانەی ئەوان چاپکراوە، چونکە ئەوان بیست و ئەوەنە وڵاتن دەیەها زانکۆیان هەیە، ئەکرێ لەو روەوە سود لەزمانەکەیان بۆ خۆ رۆشنبیر کردن و خۆ ئامادەکردن وەرگرین. بۆ وەڵام دانەوەیان بەزمانی خۆیان، بە بەڵگەو مەنتیقی بەهێز هەبوو ئەو بۆچوونانە سەرنجی رائەکێشاو هەش بوو ئەی وت: تێی هەڵدە بڕۆ تۆ فێر بە ئێمە نامانەوێ.

لێرەوە ئەمەوێ شتێک بڵێم، مەرج نیە هەر کەسێک خوێندنی باڵای تەواو کرد رۆشنبیری گشتی هەبێت. راستە خوێندن جگە لەبابەتی زانستی بابەتی رۆشنبیریشی تیایە، بەڵام هێشتا هەر دائەنرێت بەکلیلێک بۆ ئەودەروازە گەورەیەی کەلەسەر ئەوبوارە بەروتا داخراوە.هەیە

ئەوکلیلە بەکار ئەهێنێ، زۆری تریش بەتەواو کردنی خوێندن کلیلەکە فڕێ ئەیەنە بەحرەوە، ئەڵێن تەواومان کرد ئەم کتێبە هەتا بۆ چاویش خراپە!.

دوان لەبەشی ناوخۆیی لەبەغدا شەو شتێک ئەخۆن توشی سک چوونێکی خراپ ئەبن، بۆ بەیانی ئەچن بۆ لای دکتۆر پێش ئەوەی بڕۆن هەر بیری لێ ئەکەنەوە چۆنی تێبگەیێنن هەرچۆنێک بێت بەپرس و ئەم لاو لا فێریان ئەکەن بەعەرەبی بڵێن سکمان ئەچێ، یەکەم ئەچێتە ژورە دکتۆر ئەڵێ (ها ابنی شبیک) ئەڵێ دکتۆر (عندی اسهال) سک چوون فەحسی ئەکاو نۆرەی دووەم دێت، پێی ئەڵێ ئەی تۆ ئەڵێ (دکتۆر نەفس ئەلشی)، دکتۆرەکە لەسەر گازی پشت ئەکەوێ ئەزانێ بەهەردووکیان هەر ئەو دوکەلیمەیەیان پێبووە.

جاری واهەیە کە وتارێک ئەبینیت بەکوردی نووسراوە نووسەرەکەی شەش حەوت سەرچاوەی عەرەبی لەژێرەوە ریز کردووە وائەزانی ئەوکەسە تەواو ئەوزمانە ئەزانێ، یەکێک لەوانە وەڵامی وتارێکی کابرایەکی عەرەبی رەگەزپەرست کە لەماڵپەڕێکی عەرەبی نووسیبووی، بەکوردیەکی جوان لەماڵپەڕێکی کوردی دابوەوە!. نیوەی یەکەمی شەستەکان تازە شۆرشی کوردی دەستی پێکردبوو ئەوکات بەکۆپتەر لەئاسمانەوە ئاگاداریان بۆ شار و شارۆچکە نشینەکان فڕێ ئەیایە خوارەوە، خەڵک دوای ئەکەوت بزانێ چی نووسراوە، یەکێک لەوبەیانانە ئەگرنەوە دوو ووشەی تیایە، هەرچەن ئەکەن نازانن مانای چیە. ئەیبەن بۆ یەکێک ساڵانێک لەو خوارانە عەسکەر بووە، ئەڵێن

کەلیمەی یجوز یانی چی ئەڵی بەسیتە یەعنی نابێ(خۆی یەعنی ئەبێ)، ئەڵێن زۆر باشە ئەی لایجوز یەعنی چی ئەڵێ ئەوە هەر بەتاتەن نابێ!.

تازە دامەزرابووم لە دادگا یاردەدەری قەزائی بووم حاکمەکە عەرەب بوو کابرایەک هات شایەدی بات لە قەزیەیەکا حاکمەکە ناونیشانی لێپرسی وتی: (منو مختارک) واتا موختارەکەتان کێیە فریا نەکەوتم بۆی تەرجومە بکەم یەکسەر وتی قومتار کێیە؟! بەخوا نای ناسم ونەم دیوە!.

## ▪ قۆریە شکاو

نیوەی یەکەمی شەستەکانی سەدەی پێشو بوو، باوکم پارچەیەک زەوی کری بیکا بەخانوو، ئەیانوت لەکوێ کڕیوتە ئەیوت لەقۆریە شکاو. (نزیک ئەمنە سورەکەی ئێستا)، ئەوکات چۆڵەوانی بوو ئەیان کرد بەگەنم. هەبوو ئەیوت هەرچەنە دوورە شارو بازارە، بەڵام دەسەڵات نیە لەکرێچێتی باشترە، هی واش هەبو ئەیوت باوکم بەخوا ئەوێم بەخۆڕایش لەسەر تاپۆکەن ناچم. وورده ووردە خانووی لێئەکرا و ئەوگردەی کە پێی ئەلێن عەلی ناجی بەناوی عەلی ناجی کەرکوکلی زادەوە ناونراوە، کەسایەتیەکی دەوڵەمەندبوو لەوگردە خانویەکی هەبوو، پێش مردنی وەسیەتی کردبوو کە خانوەکەی بکەن بە بنکەی تەندروستی بۆ ئەوگەرەکە، بنەکەکە بەناوی ئەوەوە ناونراو دواتر ناوەکە هەموو گردەکەی گرتەوە. مزگەوتێکیش هەیە هەر لەوێ بەناوی ئەوەوەیە، پێش ئەوەی ئەوگردە ئاوەدان بێتەوە بیرمە کە بەفر ئەباری تەشتێکی مسمان ئەبرد، ئەوەی دایکمان ئەیکرد بەسەر مەنجەڵەکەیا بۆئەوەی برنجەکە دەم بکێشێ ودۆشەکڵەمان تیا رائەخست و لەسەرەوە بۆ خوارەوە خزانی سەبەفرمان ئەکرد.

قوریە شکاو کارێزێک بوو شوێنەکەی ئەکەوێتە دامێنی رۆژهەڵاتی ماڵی خوالێخۆش بوو مامۆستا عومەر مستەفا، کە ئێستا پێم وابێ بووە

بە شوێنی ئوتوی جلو وبەرگ.ئەوجادەیەش کە بەبەر ئەمنە سورەکەیا دێتە خوارەوە بۆ سەهۆڵەکە، شیو بوو ئاوی کارێزەکەو باران بەویا ئەچووە خوارێ تا جادەی سەهۆڵەکە، لەوێ پردی بۆ کرابوو بەژێریا ئەرۆیشت. هەر خوار ئەمنە سورەکە لەچوار رێیانەکە پردێکی بچکۆلەی لێبوو، یەک سەریارە ئەیتوانی بەسەریا بڕوا، کاتی بەهاران شوێنی ئەمنە سورەکە هەمووی ئەبوو بەسەوزایی خەڵک سەیرانیان لێئەکرد. ئەڵێن کاتی خۆی ئەگەر فەقێ نیوەڕۆ دەعوەت بووبن و باشیان خواردبێ و بۆ ئێوارەش لەشوێنێکی کە مەولو خوێننەوە هەبووبێ بەتایبەتی فەسڵی بەهار، چوون بۆ قۆریەشکاو لەوێ دەستیان گرتووەو تێر لەدەوری کارێزەکە هەڵپەریون بۆئەوەی ئەوەی نیوەڕۆ هەزم بکەن و ئێوارەش هەمان دەستور چیشت و گۆشتێکی باش بخۆن.ئەو کارێزە ئاوێکی سازگاری هەبوو ئێمەی منداڵی ئەوسا بە قرچەی نیوەرۆی هاوینیش لەبەر یاری نەئەکەوتینە ماڵەوە، ئاوی قۆریەشکاو دەرمانی تێنویتی وفێنک کردنەوەی دەوم چاومان بوو. دواتر ئەوشیوە کرا بە زێرابی سندوقی و قۆریەشکاویش بوو بەژێر سەقفی ئەو زێرابەوە. ئەوەی سەیرە لای بەندە لە ئەوروپا بەهەموو تەمەدون وپێشکەتنەیانەوە ناوە کلتوریەکانی شوێنە کۆنەکانیان پارستووە، بیستم لای ئێمە بۆ ناونانی گەرەک وجادەکان ئەدیب وشاعیریان راسپاردبوو تاوەکو ناوی ناسک ناسک بۆ گەرەکەکان بدۆزنەوە! هەروەکو ناو لەمناڵێک بنێن کە پیشتر نەبووە. قۆریەشکاو رەنگە سەد ساڵ زیاتر بێ ناوبێ، دەیان کچ و کورو ژن و پیرو منداڵی سلێمانی و ئەوناوە ئاویان لێخوردۆتەوەو سەیرانیان

لێکـردووە، کەچی ئەوەی پێنەبـڕا نـاوی ئەو گەرەکەی لێبنـێن. وتیـان: شـاعیرێک نـاوی پەپولەکانی بـۆ گەرەکێـک پێـشنیاز کردبـوو. وتـم: بەش بەحـاڵی خـۆم قەت نـاتوانم لە گەرەکێـک بەونـاوەوە دانیـشم! وتیـان: بـۆ خۆشـترین نـاوی هەیە، وتـم: لەدەعوەتـا بەلەمەیـک بـرنج لەبەردەسـتم هەڵنـاگیرێ ئەگەر لـێم بپرسـن خـاڵۆ لەکـام گەرەک دائەنیـشن، بەچ رویەکەوە بڵێم پەپولەکان.

## ▪ کارئاسانی بۆ بکەن

بە کابرایەکیان ئەوت فشەکەر، من ئەموت ئەو داماوە لەبەر ئەوەی حەزی زۆرە، بەواتـایەکی تـر ئەیەوێ لەهەمـوو شـتێکا دەسـتی رەنگـین بێت، بەڵام یان هێزی جەستەیی یان توانا زیرەکیەکەی، ئەوەندەنیە کە بـۆی بهێنێـتە دی، مەجبـور پەنـا بـۆ فەنتازیـاو خەیـاڵ ئەبـا. ئەوەیـشی کەبەخەیاڵ توانیویەتی بیگاتێ، خۆی لێی ئەبێ بەراست و هەر بەو تامەو بەدڵ سـافیەکی زۆرەوە، بـۆ دەورو بەری خـۆی ئەیگێـڕێتەوە، خـۆ ئەگەر سیاسـیەک زۆر خەیـاڵی فراوانتر بێ لەکابرای فـشەکەر، و دواتـر قـسەو وەعـدەکانی هیچیـان نەیەنە دی یـان وانەبـوبێ، کەس پێـی نـاڵێ فـشەی کـرد، ئەڵـێن سیاسـەت فەنـی مـومکینە لەو قـوڵەوە نەیتـوانی لەقـوڵێکی کەوە ئیستا خەریک وسەرگەرمی بەجێهێنانێتی .

ئازیزێـک لەباسـی بەشـداریی چـالاکی خـۆی لەراپەرینەکەیـا ئـاوا ئەی گێـڕایەوە: دوای گرتنـی مەعــسەکەرێک لەلایەن خــۆی و قــوەتەکەیەوە (تەبـعەن پێـشمەرگە نەبـوون هەر ئەهـالیەکە بەڵام بەقیـادەی خـۆی)، کاتێک ئەچنە ناوی بەرێزیان گومان و شک ئەخاتە سەرشـوێنێک! ئادەی کورینە ئێرەم بۆ هەڵکەنن کاتێک تەماشا ئەکات سەرقاپی ژێر زەمینێکی گەورەیە حەفتـا زابتی بەپـلەی رائیـد تیـایە.ئەگەر خەیـاڵەکەی لێ تێـک

بدەی ئەبێ بڵێی هەمو جەیشی عێراقی رەنگە سێ حەفتا رائیدی نەبێ، ئەم حەفتا رائیدە لەوچاڵەیا چۆن کۆببونەوە؟ مەجبور ئەبێ کارئاسانی بۆ بکەیت ئەگینا جارێکی کە ئەو فەنتازیاو قسە خۆشانە دوبارە نەکاتەوە.

لەکاتی پارە زۆریەکەمانا پلەو پایە زۆر ئاسان دابەش ئەکرا ئەڵێن ویستویانە یەکێک بەپلەی مودیر عام خانەنشین بکەن بەڵام هیچ شەهادەیەکی نەبووە تا لەپێشا پلەکەی بەنێ و دواتر یەکسەرش بۆ تەوقاویتیەکە. وتویانە باشە بچۆ شەهادەیەکی سەرەتایمان بۆ بێنە ئەویشی نەبووە، بۆیان نوسیوە هەڵگری نامەمان کەسێکی دڵسۆزی گەل و نیشتیمانە، شەهادەیەکی سەرەتایی پێویستە تکایە کارئاسانی بۆبکەن!.

ئەچوینە هەر شوێنێک بەقەدەر قەڵای هەولێر بەقەدو باڵای عیلمەکەما هەڵێ ئەیا! لەهەمویشی قەباعەت تر ئەیوت ئەمە دکتۆراو ماستەریشی هەیە! ئەموت ئەگەر دکتۆرات هێنا ئیتر پێویست ناکا باسی ماستەرەکە بکەیت، قەت بیستوتە بەموهەندیسێک بڵێن موهەندیسەو شەهادەی ئامادەیشی هەیە؟ رەنگە زۆر ناخۆش نەبێ نەختێک بەشان و باڵتا هەڵدەن بەڵام ئەگەر کەسێکی زانا نەیکا حەیات ئەبا. ئەموت بۆ وائەکەیت ؟ ئەیوت نازانم بەخوا زۆرم خۆش ئەوێیت.دواتر زانیم ئەوە بۆیە ئەمباتە حەوت تەبقەی عاسمان، بۆئەوەی لەبەر حورمەتی ئەو هەموو عیلمەی بەندە کە نیوەی زیادە! کار ئاسانی بۆخۆی بکەن.

ئەورۆژە وەزیری گواستنەوەی عێراق لەئاهەنگی کردنەوەی مەتاری ناسریە ئەیوت سۆمەریەکان ٥٠٠٠ ساڵ لەمەو بەر لەم شارە مەتاریان دروست کردووەو کەشتی ئاسمانیان بۆ دۆزینەوەی هەسارەکان هەڵداوە،

ئەنجـومەنی پارێزگـاش لەدەوری بـوون بەڵام پـێم وابـێ تـۆپەکەی وەزیـر ئەوەنە قەبە بوو، هیچ کارئاسانیەکیان پێ نەئەکرا بۆ رایی کردنی.

رۆژنامەی ئەندیپێندتی بەریتانی ئەڵێ هەدوو وڵاتی نایجریا وبۆرکینا فاسۆی ئەفریقی ئەمبارگۆیان خستۆتە سەر هەناردەکردنی کەر بۆ چین بەرپرسـێکی نـایجیری وتـویەتی سـاڵی ٢٠١٦ هەشـتا هەزار کەرمـان بەبەراورد بەسـاڵی ٢٠١٥ کە بیـستو حەوت هەزار کەر بـووە، لەووڵات دەرچـوون! ئەڵـێ لەبەر ئەوەی توجـارەتی کەر قـازانج مەنـدە زۆر لە حەیوانـدارەکانی ووڵاتەکەی رویـان لە کەرداری کـردووە، ئەگەر حـاڵ وا بـروا مـاوەیەکی زۆرنـابا نایجیریـا یەک دانە کەری تیانـامێنی وای لێهـاتووە نرخی کەرێک سـێقات چـۆتە سـەرەوە، یەکێـک ئەپرسێ باشـەچین ئەم هەموو کەرەی بۆچیە؟ هەر ئەو رۆژنامەیە ئەڵێ بۆ دروست کردنی داوو دەرمانی شەعبی ئیستیفادە لە پێستەکەی ئەکەن.

ئەلـێن کەرەکـانی ووڵاتـی خۆمـان وتویـانە، ئـێمەش هیچمـان لەکەرەکانی نایجیریا کەمتر نیە مەسـەلەکە تەنها کار ئاسـانیەکەیە ئێمە بۆمـان نـاکرێ. ئەگینـا پـێش ئەوان لەچـین ومـاچینەوە لەئەنـستگرام وواتس ئاپ وفەیسبوکەوە رەسم و سڵاومان بۆ ئەناردنەوە.

## ■ مەعمەلی جگەرەکە

بیرم دێ چیمەنەکەی پێشەوەی حەوزو فوارەیەکی لێبوو شەوانی هاوین ئاوی رەنگاو رەنگی بەئاسمانا هەڵئەیا، ئەوکات ئێمەی منالْ و خەڵکە سادەکە ئەچووین بۆ سەیری، وامان ئەزانی ئاوەکان هەر یەکەو رەنگێکە نەمان ئەزانی بەهۆی ئەو گڵۆپانەوە بوو کە لەبن هەر یەکیک لەو فوارانەوە چەسپ کرابوو ئەگەر گڵۆپەکە شین بوایە ئاوەکە شین ئەبوو، ئەگەر سور بوایە سور ئەبوو وهەروەها .

ئەوخەڵکەی ئیشیان تیا ئەکرد سیفەت و رەنگ رووی کرێکاری نیزامیان پێوە ئەبینرا، بەدلەیەکیان لەبەر ئەکرد کە رەنگەکەی شین بوو ئیشەکە بە شەفت بوو واتا مەعمەل بەردەوام ئیشی ئەکرد. وەجبەیەک لەبەیانیەوە تاوەکو عەسر ئیشیان ئەکرد، وەجبەیەکی تر لەدوای ئەوانەوە دەستی پێئەکرد، کاتی دەست پێکردن و تەواو بوون شوتی لێئەیا. بۆ یەکەم جار بوو لەمێژووی سلێمانیا ژن وپیاو پێکەوە لەیەک شوێنا ئیش بکەن، ئەوشوێنە کارگەی جگەرەی سلێمانی بوو. لەو سەردەمەیا شتێکی تەواو شارستانی بوو، چوونکە هاتنە دەرەوەی ژن لەماڵەوەو بۆ ئیشکردن راستە هەنگاوێکی بچوک بوو، بەڵام پتەو بوو بۆ بەدیهێنانی یەکسانی وعەدالەتی کۆمەڵایەتی.

لەدوای راپەرینەوە بەهۆی کەمیی هاتنی کەرەستە بۆ دروست کردنی جگەرە، کارگەکە ئیشی کز بوو، ئێستا لەکار کەوتووە.بیرۆکەیەک هەیە ئەڵێ نویژەن بکرێتەوە تاوەکو وەکو جاری جاران لانیکەم لەم بێ ئیشیەیا نزیکەی هەزار کرێکارێکی تیا بکەوێتەوە ئیش. دو بیرۆکەی تر هەیەن هی هەندێک لە ئەهلی کتێبە، یەکەم ئەڵێ: لەبەرئەوەی شاری سلێمانی پایتەختی رۆشنبیریە، پێشنیازمان وایە بکرێتە کتێبخانەی نیشتیمانی ئەوی تریش ئەڵێ خۆزگە بکرایەتە مەڵبەندێکی رۆشنبیریی گەورە.ئەگەر ئەم دوو فیکرەیەی دواییان لەووڵاتیکی غەیری کوردستان کە رادەی بێ ئیشی بەهۆی زۆری هەلی کار و دەست رەنگینی خەڵکەکەوە ئەوەنە کەم بۆتەوە کە هیچ مەترسیەک لەسەر لایەنی ئابووری ووڵات دروست ناکا، تەرح بکرێن، بەدڵنیایەوە شتێکی ئاساییە. بەڵام لای ئێمە کە بەرادەی بێ ئیشی زۆر و کەمی دەرفەت لەبەردەمی گەنجانا بۆ دۆزینەوەی کار و دەست سپێتی بەناو بانگە، ئەو جۆرە پێشنیازانە زیاتر یارمەتی بێش بوون ئەیەن، بەتایبەتیش ئەم ووڵاتەی ئێمە خوا قورێکی وای کردوە بەسەریا شاعیر و نووسەرو ئەهلی کۆڕو سیمیناری لە ئیشکەری زۆر ترە، خەرجیە رۆشنبیریەکانی لەگەڵ ئاستە رۆشنبیریەکەیا قەت نایەتەوە.تۆ تەماشاکان رۆشنبیریەکی هەژاری هونەریی و ئەدەبی فکری بەڵام سەخاوەتێکی عەجایب لە پارە خەرج کردن لەو بوارانەیا!.

بۆیە پێم باشترە ئەو مەعمەلە بکرێتە نیوەندێکی گەورەی راهێنانی پیشەیی، بۆ ئەوانەی کانسی تەواو کردنی زانکۆ وپەیمانگاکانیان نەبووە، بۆ ئەوەی لەوێ فێری خەیاتی، ئاسنگەری، بەنایی، سەرتاشیی، کاری

بۆری چێتی، کارەبایی، میکانیکی سەیارە بن. لە ووڵاتانی پێشکەوتوو ئەو نێوەنـدانە لەهەمـوو شـارەگەورەکان هەیە، گەنجـان دەسـت رەنگـین ئەکەن، بـاوەڕ بکەن ئەگەر خەڵک لە خـۆ رۆشـنبیر کـردن بێ لەمـاڵەوە زیـاتر ئەتـوانێ خـۆی پێبگەێنی. بەڵام سـەنعەت فێربـوون راسـتە کەمێکی تیـۆریە، بەڵام زۆربەی عەمەلـیە لە شـوێنی تـایبەت لەبەردەسـتی شـارەزا نەبێ فێری نابی.

## ▪ کاری هونەریی ئێمەو ئەوان

دەرهێنەرە بەناوبانگەکانی هۆلیوود کاتێک کە پرۆژەی فلمێک ئامادە ئەکەن، پەنا بۆ چەندین پسپۆڕ لەبوارە جیاجیاکاندا ئەبەن، بۆ ئەوەی فلمەکەیان تەوواو تەکمیل دەرچێ و نەک هەر رەخنەی نەیەتە سەر، بەڵکو ئامادەش بێت بۆ خەڵاتی ئۆسکار یان هەر ڤیستیڤاڵێکی دیکەی تایبەت بەفیلم. هیچ فلمێکیش لەخۆیەوە ناتوانێ بچێتە پێشبڕکێی ئەو ڤیستیڤالانەوە ئەبێت لە پێشا رەخنە گران بیپاڵێون. دروست کردنی فیلم لە وڵاتی پێشکەوتوو، بەتایبەتی ئەمەریکا پیشەسازیە و هەر پارچەیەکی ئەدرێتە دەست پسپۆرێک لەو بوارەیا. بەواتایەکی کە دەرهێنەری سەرەکی فیلم، هەموو ووردەکاریەکان خۆی نایکا، ئەگەر پەنا بۆ کادری پرۆفیشیۆناڵ نەبا، فیلمەکەی ئەبێت بەمایەی گاڵتەجاری عەوام پیش شارەزایان. چوونکە ئەوخەڵکە وەکو تەکنیکی دەرهێنان و نواندن و حیوار و سیناریۆ و مۆنتاج مێشکیان پربووە، لە کاری دانسقەو پرۆفیشیونال کە ئیتر غەڵەت یان کاری لاواز قبوڵ ناکەن. لەبەر ئەوە ئەبینی ئەوانەی کە بەتەمای فیلم دروست کردنن، هەزارو یەک حساب بۆ ئەوە ئەکەن و دواتریش لەوێ کێبەرکێیەکی زۆر بەهێز لەنێوان دروست کەرانی فیلمدا هەیە، کە هیچ بەزەیی ورەحمێکی تیانیە. کەس وەکو بەرهەم هێنەری فیلم، ئامادە نیە پارەی خۆی لەبەرد

بـدا، لەوێ حکومەت هەقی بەسـەر ئەو ئیـشانەوە نـیە، هەمـووی کـاری بازرگـانیەو کەرتـی تـایبەت پێی هەڵئەسێ، حـسابی قـازانج وخەسـارەت رۆڵـی سـەرەکی لەو پیـشەسازیەدا ئەبینێ.هەتـا بە پەنجـا فلـتەری خـۆ ئیسپات کردنا تێپەر نەبێ، هیچ ئەکتەرێک ناهێڵێرێت وەکو کۆمبارسیش دەرکەوێت، چوونکە هەمـوو شـتێک بەواسـتە بتوانیـت دەسـتی بخەیـت، ناتوانی ئەکتەرێک یان گۆرانبێژێک والێبکەیت کە جەماوەر رای لێبێت.

بەرای بەنـدە هەتـا کۆمەکی حیزب یـان دەوڵەت بۆ کاری هـونەری بەو شێوەیەی ئیستا بەردەوام بێت، کارەکان نـاچنە پێشەوە، رەنگە بەوپەری دڵسۆزیـشەوە بەهانـای هـونەرەوە بچـن، بەڵام ئەوانەی کە لەکارەکەیـا بەشـدار ئەبـن، لەبەرئەوەی چـاوەڕێ نـین لەداهـاتی ئەوکـارە بـژین، یـان بەدەست کەوتەکەی کاری تری پێبکەن. چونکە ئەوان بۆ کاری ئایندەش هەر بەرۆکی حیزبەکە یـان دەوڵەت بـۆ کۆمەک ئەگرنەوە، ئەویـش بەبێ ئەوەی سـەیری ئەوەبکا کاری پێشویان بـاش بوبێـت یـان خـراپ، حـاتەم ئاسـا لەرقی حیـزبەکەی تـر، یـان لە نەشـارەزاییەوە بـودجەی قەبەو قۆڵیان جارێکی تر بۆ ئەخاتەوە گەر.

ئەگەر فیلمێکـی هولیـۆدی، بـۆ نمـوونە بـاس لە جەنگـی ئـازادی ئەمەریکا بکا، پەنا بۆ ناوەندە ئەکادیمی ومێژوو نوس و ئەو کتێبانەی کە بـاس لەو قۆنـاغە ئەکـات، ئەبەن. بـۆ ئەوەی کارەکەیـان بەکەمتـرین هەڵەوە بەرچـاوی بیـنەری شـارەزاو هەتـا نەشـارەزای ئەوقۆنـاغەش بکەوێت، لای خۆمـان ئەوشـتانەی سـەرەوە هەمـووی فـشەیە، بەسـەری خـۆم سـیناریۆکەم بەدەم تـاوڵەوە رێکخـستووە، حیـوار نوسـین لە

ئیختیساسی کاک حەمە شەریفی لەبلەبانە، ئەوەی لەسەر خواردنەوە بۆ قسە دامێنێ، ئەکتەرگیان تۆش ئەزانی چی ئەکەیت وەکو جەریدە حیوارەکەی خۆت ئەخوێنیتەوە، بەبێ ئیحساس دەری ئەبڕی.باشە بەقوربان دەرهێنەریش ئادەی کامیرای یەک لەقتەیەکی نزیکی دەموچاوی کچەکەی بەتەڵی دراماکەم بەرێ، کاتێک خەم بارەو گڵۆپێکی گەورەی بە بنێشتەکەی دەمی کردوە!. کامیرای دویش بابچێتە سەر عەبدوڵی دەزگیرانی لەوکاتەیا کەلەئەشکەوتەکەیا گیری خواردووە پێنج رۆژە وورچێک دەرگاکەی لێگرتووە ناتوانێ بێتە دەرەوە، بەڵام خەتی ئوتوی شەرواڵەکەی شوتی پێ قاش بکە، ئەوەندە تیژە و ریشیشی وا تاشراوە ئەڵی دیعایە بۆ باشترین گوێزان ئەکا!. لیونارد دیکابریو لەچاو هەندێک ئەکەتەری ئێمەیا بەمناڵی دوێنی دائەنرێ. لەهەر فیلمێکا جۆرە کاراکتەرێکی هەیە، کە سەدو هەشتا پلە جیاوازە لەوانەی تر بۆنمونە جارێک رۆمانسیە جارێک شەر فرۆش، جارێک قومارباز، جارێک کەسێکی داماو، لەهەمویشیا سەرکەوتووە، کەسیش پێی ناڵێ بەئەزمون. لای ئێمە هەمانە چل ساڵە لەیەک دەور زیاتری نەتوانیوە ببینێ. واتا یەک ستایل و یەک تۆن، کەچی بەئەزمون ترین ئەزمون دارەکانە! ئەوساڵە جەماعەت تازە دەستیان لە وێنە گرتنی درامایەک هەڵگرتبوو، لەیەکێک لەوتەلەفزیۆنانەی کەنازانن بەچی کاتەکەیان پربکەنەوە، بانگهێشت کرابوون لەپەستا دەست خۆشی ئەوکارە جوانەیان کە جارێ پیشان نەدرابوو، تابزانرێ نایابە یان نا لە جمبورەکەیانەوە (جمهور) بۆ ئەچوو!.

## ▪ کازم ئەلساهر

هەر لەقۆنــاغی ســەرتاییمایەوە، حەزم لە زانیــاری وەرگــرتن بــوو دەربارەی هەمو شتێک، ئیتر هەواڵی روداوێک بوایە، یان هەر شتێکی کە. هەبوو تا بەشی پشتەوەی کێشە کۆمەڵاتیەکانیش ئەچوو، ئەوکاسانە بە فزوڵی، ناو ئەبرێن واتا لوت ژنەنە هەموو شتێک هەتا ئەگاتە ئەو تایبەت مەندیانەی خەڵک، کە پەیوەندی بەوەوە نیە. بە تاقیکردنەوەی ژیانی خۆم، ئەو کارە دولایەنی هەیە، یەکێکیان خراپەکەیە، کە لە بازنە کۆمەلایەتیەکەیا ئەمێنێتەوە و زۆر جار بوە بەهۆی دروست کردنی کێشە بۆ کابرای فزولی ودەوروبەریشی، لەباری زانیاری وەرگرتن و کەڵەکە بوونی رۆشنبیریش، هیچ شتێ لای خاوەنەکەی دروست ناکا. هەرچی دیوەکەی ترە کە لایەنە ئەرێنیەکەیەتی ئەوەیە، کە بەندەی سەرقاڵ کردبوو هەر شتێکم بەردەست کەوتایەو قوەتم بەسەریا بشکایە بۆ خوێندنەوە حەزم ئەکرد بزانم چی تیایە. ئەوکاتانەی مناڵی من کتێبە کوردیەکان زۆر نەبوون ئەوانەشی کە هەبوون زۆر ئەستور نەبوون، کاتی زۆر نەئەبرد بۆ تەواوکردنی، بیرمە کردنی یەکێک لەو کتێبانەی کە حەزم لەخوێندنەوەی بوو، چیم دی ئەحمەد خواجە بوو، کە شایەدیەکی عەیانی بوو لەسەر شۆڕشەکەی شێخ مەحمود. کتێبێکی تر هەبوو کە تاحەدێک لەبەرم کردبوو، داستانی رۆستەم

وزۆراب بوو کە شاعیر عەلی باپیر ئاغا کە بەشیعرێکی رەوان تەرجەمەی کردبوو. زۆر کتێبی دیکەش کە ئەو دەورانە هەبوون، دواتر لەقۆناغی ناوەندیا وورده وورده فێربووم بەعەرەبیش بخوێنمەوە، ئیتر مەودای گەرانم یان فزولیەتەکەم زیاتر بوو.هەر لە نووسینەکان لەسەر ئەدەب سیاسەت وەرزش هەتا هونەری وێنە کیشان و پەیکەر سازی و شەری ساردی نێوان روسیاو ئەمەریکاو هاو پەیمانەکانیان و پێش برکێی داگیر کردنی بۆشایی ئاسمان و داهێنانی چەکی نوێ.

ئەو دەمانە واتا پێش شەری ناوخۆ لوبنان بەوپێیەی کە لەکەشێکی تارادەیەک باش لە سەربەستی راگەیاندن و فکریا ئەژیا ببوە پێگەو ناوەندی راگەیاندنی عەرەبی. ژمارەیەکی زۆر لەرۆژنامەو گۆڤار لەوێوە دەرئەچوون، ئەوەی بیرم بێت گۆڤاری دەستور کە سیاسی بوو دوو گۆڤاری تریش کە هونەری بوون هەواڵەکانی هونەری و هونەرمەندەکانیان بەوێنە بڵاو ئەکردەوە، ناویان شەبەکە وئەلسەیاد بوو.جارێک باسێکی لەسەر گۆرانبێژی بەناوبانگی عەرەب ئوم کەلسومی تیابو، ئەیگوت بۆ پاراستنی تەلەکانی قورگی قەت بەلای خواردنی شتی تون و ترشا نەچووە. لەوێوە بەندە ئەو رۆشنبیریەی وەرئەگرت کە تاقە سەروەتی گۆرانیبێژ قورگیەتی ئەبێ پارێزگاری لێبکا، گۆرانبێژێکی کە ئەیوت قەت جگەرەم نەکێشاوە، ئەوەش بۆمن کە گۆرانی بێژ نەبووم یان راستتر دەنگم ئەوەنە نەبوو کە بم بکات بەگۆرانیبێژ، زانیاریەک بوو. ئەگەر گۆرانی بێژێکی کوردم ببینیایە لەنزیکەوە رەنگە پێم بوتایە، بەڵام دڵنیا بووم قەت گوێی لێنەئەگرتم. وگاڵتەی بە قسەکانیشم

ئەهـات. ئەورۆژە لەیوتیـوب گـۆرانیەکی تـازەی (کـازم ئەلـساهر)م گـوێ لێبـوو هەسـتم کـرد ئەو گۆرانیبێژە هەرچەنە تەمەنی سـەرو پەنجاکانە. بەڵام دەنگی بێخەوش و بەهێز و پر لە ئیحساس لەقورگیەوە دێتە دەرێ. گەرام بەدوای چاوپێکەوتنێکیـا بینـیم لەباسـی خەمی دەنگی خۆیـا. ئەڵێ کە ئەو جـگەرەو مەشـروب وئەوشـتانە نـاخوا کە کـار لەدەنگی ئەکەن. سـەرەرای ئەوەش وەرزشـێک ئەکـا، کە سـنگی بەجۆرێـک فـراوان بکـا بـۆئەوەی توانـای هەناسـەی وا بهێڵێـتەوە کە یـارمەتی قورسـترین ئەدای لەگۆرانیەکانیـا بـدا. لەوکاتەیـا هەنـدێک لەگـۆرانیبێژانی خۆمـانم بیرکەوتەوەو کێـشام بەسـەری خۆمـا، کـاکم لەدانیـشتنێکی دۆسـتانەیا بوتـڵ ونیـوێکی لەگەڵ دوو پـاکەت جـگەرەی بەدەم گـۆرانی وتـنەوە فـڕ کردووە. ودەنـگ ورەنگی ئەو گەعدە نەشازەش بۆ بەیانی لەبازار دانراوە. بەداخەوە ئەوگـۆرانیبێژە کە بەو شـێوەیە قـورگ وسـنگی خـۆی وێـران ئەکا، کە لەتەمەنی چـل تـا چـل وپێـنج سـاڵیەوە، فـڕی بەسـەر ئەدای سەلیمەوە نامێنێ و لەبەر خرەی قورگ وخیزەی سنگ دەنگی دەرنایە. لە هەموویـشی قەبـاعەت تـر هەر بە گـۆرانی بێـژی گەورەو ماومۆسـتاو فێرکەر، لەکۆنسێرت وچاو پێکەوتنەکانا تەقدیم ئەکرێ.

## ▪ کاک دکتۆر مارکس

لەسـەرەتای ژیـانی خوێنـدیەوە واتـا لەتەمەنـی حەڤـدە سـاڵیەوە مـارکس حەزی لە خوێنـدی فەلـسەفەبوو، بەڵام لەژێر کاریگەری باوکیـا کە ئەیویـست قـانون بخوێنێـت چـوونکە ئەوە بـوارێکی لەبـارترە بـۆ ژیـان وگوزەران بەرەو باشتر چوون واتا داهاتی باشـە، ناچار قانون ئەخوێنێت. بەڵام دواتـر هەرئـاواتەکەی خـۆی ئەهێنێـتەدی و تێـزی دکتـۆراکەی بـۆ فەلـسەفە بەنـاوی (جیـاوازی لەنێـوان فەلـسەفەی دیمـوکریتس فەلـسەفەی ئیبیکـۆر) ئەنوسـێ، سەرپەرشـتیکارو موناقەشـەکارانی تێزەکەی بەم جۆرە وەسفی ئەکەن: (کارێکی داهێنەرانەیە کەتیادا دەری خـستووە ئەبـێ لاهـوت ملکەچـی حیکمەتـی بەرزی فەلـسەفەبێت). ویکیپیـدیا وا بـاس لەمـارکس ئەکات: ( فەیلەسـوفێکی ئەڵمـانی و ئـابوری نـاس و زانـای کۆمەڵ ناسـی و مێژو نـوس و ورۆژنـامەگەر کە بیروراکانی رۆڵێکی گرنگیـان لە دامەزرانـدنی زانـستی کۆمەڵناسـی و لەپێش خـستنی بزوتنەوە سۆسیالیـستیەکانا بینیـوە. بەرای بەنـدە ئەوەی چـرای داهێنـانی بیرکـردنەوەی لەسـەر مـارکس هەڵگیرسـان، ئەو تێفکـرینەی بـوو کە نەی ئەویـست کـۆپیەکی تـر بێـت لەفەیلەسـوفان وبیرمەنـدانی پـێش خـۆی، بەتایبەتی هیگل، کە ئەو سەردەمە قسەکردن دەربارەی بیرو باوەڕەکانی زۆر گەرم بـوون. ئەو بیروبـاوەڕە متافیزیکیەکانی ئەو فەیلەسـوفەی وەکـو

رۆشـــنبیرێکی رادیکـــاڵ، بەدڵ نەبـــوو. بەڵام مەنتـــیقە دیـــالکتیکیەکەی (جەدەلـیەکەی) بـۆ رەخـنە سـازی دەربـارەی کۆمەڵگەو سیاسـەت وئـایـنی وەرگرت و کردی بە دەسپێکی بیرکردنەوەیەکی تر.

ئەو جـۆرە کەسـانە خەڵکانی نەوعـین واتـا لەنـوخبە زۆر بەهـادارترن، ئەوانەن کە ئەتـوانن جـوڵەی مێژو و کۆمەڵگـای ئینـسانی بەبـارێکی تـردا بگـۆڕن، بەواتـایەکی تـر ئەونـدە دانـسقەن بێگومـان لەبـواری فیکـردا، زۆر گـرانە کە جۆریـان وەکو ئەقـڵ وبلیمەتیی دوبـارە بێـتەوە. ئەوانە لەقەبـی عیلمی یـان دیراسـی بـۆ ئەوە وەرنـاگرن، تـاوەکو لەهەمـو شـوێنکا بـیکەن بەسنگی خۆیانەوە. ئەو جـۆرە لێکۆڵەرەوە بلیمەتانە تێزی دکتۆراکەیان و دواتـر بڕوانامەکەیان وەکو کلیلێـک بـۆ دەروازەیەکی زانـستێکی زۆر لەوەی کە لەدوتـوێی نامەکەیان دا هـاتووە بەکار هێنـا، بـۆیە ئەبینین بڕوانـامەی دکتـۆر وەیـان دکتۆراکەیـان زۆر لەوە پچـوکتر بـوو کە دواتـر پیـشکەشیان بەو زانـست وبـوارانە کـردووە، کە عەشـقی بـوون و کاریـان تیـا کـردووە، جێگە دەستی خۆشیان خستۆتە سـەر هەمـوو ئەو دەرگایانەی کە لێیـان داوە. لەگەڵ ئەوەشـدا لەهـیچ شـوێنێکی دنیـا نـابینی لەسـەر کتێبێکی یـان نـامەیەکی یـان وتـارێکی یـان لێکـۆڵینەوەیەکی ئەو زاتە نوسـرابێ دکتــۆر مـــارکس! هەرچەندەیـــشە وەکـــو عەرەب ئەڵـــێن بەجەدارەتەوە ئەو موستەحەقی ئەو تایتڵە بوە.واتا بەرەنجی شانی خۆی، بەتوانای خۆی، بە فکـرو هوشـیاریی و داهێنـانی عەبقەریـانە لەو بـابەتەی کە تێـزەکەی تیانوسیووە پلەی دکتۆراکەی وەرگرتووە.

لەبەرانەبەر ئەوەیا لەلای ئێمە خوانەکا یەکێ دکتۆری ئاسایی یان دکتۆرای هەبێت ئیتر بۆ هەموو شتێک بەکاری ئەهێنێت، ئێستا بەداخەوە هەندێکمان ناڵێم هەموو، کونەکەمان دۆزیوەتەوە بەتەنەکەو بەگاڵۆن دکتۆرای لێ ئەهێنینە دەرەوە، ئیتر لەقەب خۆت بگرەو هاتم بۆ نموونە ئەگەر پزیشک بێو لەسەر بابەتێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی بنوسێت، کە فرێ بەسەر ئیختیساسەکەی خۆیەوە نیە، ئەنوسێت لەنوسینی دکتۆر فلان، ئیتر ئەو خەڵکە وائەزانێ لەوبابەتەی کەنوسیویەتی دکتۆرە. خاوەن دکتۆرایەکی تر شیعر ئەنوسێ لەتەنیشتیەوە ئەنوسێ دکتۆر فلان، لەوە ناگەم ئایا ئەگەر نوسەری شیعرەکە دکتۆرای لە کیمیا هەبێ ئەوە پەیوەندی بەشیعرەوە چیە ؟

خاوەن دکتۆرای وامان هەیە ئەگەر پێی بڵێی چوار دێرم بۆ هاتووە بەزمانی ئەو وڵاتەی کە تێزە دوسەد لاپەرەییەکەت بەزمانەکەی نوسیوەو گوایا وەکو بولبولیش موناقشە و وەڵامی رەخنە بێ بنەماکانی دەستەی موناقەشەی دکتۆراکەت داوەتەوە! سوپاست ئەکەم، ئەگەر حاڵیم بکەی چی تیانوسراوە، ئەڵێ ئێستا کارێکی بەپەلەم هەیە ئەبێ برۆم، هەڵی گرە بۆ کاتێکی کە!. ئەگەر فریای خۆمان نەکەوین شەش حەوت ساڵی تر بەیابان وئەڵماو ئینگلیز وئەمەریکا پێکەوە بەقەدەر ئێمە هەڵگری بروانامەی ماستەرو دکتۆرایان نابێ.

## ■ کتێبخانەی گشتی

حەفتاکانی سەدەی پێشوو سەردەمی زێرینی کتێب وکتێبخانەی گشتی بوو لە شاری سلێمانی. ئەوکاتانە خوێندن گرنگیەکی تەواوی هەبوو، هەرکەسێک بیویستایە باری ژیان وگوزران و پلەی کۆمەڵایەتی خۆی باشتر بکا، تا پلەکانی خوێندنی باڵاتر بوایە زیاتر لەو ئاواتانەی نزیک ئەبۆوە، چوونکە تاکە رێگا بۆ گەیشتن بەوە بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەرزی خوێندن بوو.ئیتر دوای ئەوە دەرگاکانی ناوو ناو بانگ و گوزەرانی باشتر و پلەو پایەی کۆمەڵایەتیت بەروودا ئەکرایەوە، لەبەر ئەوە خێزانەکان مناڵەکانیان بەو ئاراستەیە پەروەردە ئەکرد، بەتایبەتی دەست کورت و چینی ناوەراست، کە ئەبێ بەردەوام چاویان بەسەر کتێبەکانیانا شۆڕبکەنەوەو ولەوە بترازێ هێچی کە نەکەن و نمونەشیان بۆ کوری فلان باخەوان فیسار پۆلیس و فلان بەقاڵ ئەهێناوەیە کە ماشەڵا بۆ خۆیان بوون بە دکتۆرو مامۆستا و موهەندیس ومعاون و زابت و تادوایی ئەو کارانەی کە ئیتر لەمەشەقەتی ژیان دەری ئەکردن و پاک وتەمیز تریش ئەیخستنە بەرچاوی خەڵک. و ئەگەریش داوای هەر کەسێکیان بکردایە و بگوترایە مامۆستا یان دکتۆرە دیارە زەنگێکی بەهێزتری ئەبوو لەوەی کە بیانوتایە بێکارە، یان کارێکی ئاسایی ئەکا.

هەر لەو روانگەیەوە بەنـدە کەلەمەکـتەب ئەگەرایەوە کتێبخـانەی گشتی خۆت بگرەو هاتم، ئەوکاتانە ئەگەر زستان بوایە، ئەچومە هۆڵی خوێنـدنەوەکە ولەوێ دەرس ودەوری خـۆم ئەکـردەوە و کەتەواو ئەبـووم کتێبـێکم وەر ئەگـرت بەگـوێرەی کـات لـێم ئەخوێنـدەوە، وتەسـلیمم ئەکـردەوە. ئەوکاتـانە گۆڤارێـک هەبـوو بەنـاوی مەعـریفە کە بە وێـنەی رەنگاو رەنگەوە هەموو جـۆرە باسـێکی زانـستی مێژوویی جـوغرافی و زۆر شـتی بەکەڵکـی تیـابوو، ئەوانەشـم وەر ئەگـرت و سـودم لێئەبینی، هەروەهـا گۆڤـارێکی تـر هەبـوو بەنـاوی (العربی) کـوەیتی بـوو ئەویـش زۆر بـابەتی سیاسـی وئەدەبـی وهـونەریی تیـابوو ئەوانەشـم ئەخوێنـدەوە. یەکێک لەو نووسـەرە عەرەبانەی کە بەدڵـم بـوو (سلامە موسی) میسری بـوو کە بە رابەری بیـری سوسـیالیزم لەمیـسر دائەنـرێ و کەوتبـووە بەرکاریگەری سۆسیالیزمی کۆمەڵەی فابی لەبەریتانیا کە داوای گەیشتن بە سۆسیالیزمیان ئەکرد بەبێ توندو تیژی و دور کۆدێتا کە دواتر بوو بە حیزبی کرێکـارانی بەریتانیـا.بێگومـان بـێ ئەوەی دەرسـەکانم فەرامـۆش بـکەم پـلەی یەکەم خوێنـدنەکە بـوو دوای ئەوە بـوارە رۆشـنبیریەکە، خەڵکی تریش هەبوون هەمان شێوە.بەداخەوە ئێستا هەمووی تێکەڵ بـووە نەخوێنـدن ئەو سـەنگ و قورسـاییەی جـارانی پێـوە مـاوە نەبـوارە رۆشـنبیریەکەش لەوەش خراپتر شـتەکان زۆر ئاسـان بـوون ئەوکاتـانە تـا کەسـێک بروانـامەی بکالۆریۆسـی ئەهێنـا رۆحی دەرئەچـوو ئیـستا کێ حەزی دکتۆرایە بابێ.

رۆژانە لەوکتێبخانەیە رۆژنامەکانمان ئەخوێنەوە هەوڵمان ئەدا زۆر ترین سود لەوکتێبخانەیە وەربگرین، بۆ ئێمەی ئەوکاتە زۆر قورس بوو بتوانین رۆژنامەو کتێب بکرین، لەوێ هەمووی بێ بەرانبەر هەبوو .

ئەورۆژانە ئیسراحەتێکی بچوکم ئەخستە بەینی سەعی کردن و خوێننەوەی بابەتی رۆشنبیری ئەچوم بۆ چاخانەکەی کاک مەجی کە بەرانبەر بە بەنزین خانەکە بوو. لەوێ چایەکم بە دەم گوێ گرتن لەو گۆرانیە خۆشانەی کە بە تەسجیلەکەی لێی ئەدا ئەخواردەوە. ئەوماوانەی تاقی کردنەوەی سەری ساڵ بەتایبەتی ئەوانەی پۆلی شەشی ئامادەیی شەوتابەیانی لە رارەوەکانی حەوشەی کتێبخانەکەو حەدیقەکەی پێشەوەو دوایەوەیا سەعیمان ئەکرد. هەر ئەوکاتانە هەبوو گوزەرانی خێزنیان زۆر باش بوو، بەردەوام قاتی تازەی لەبەرابوو، لەگەڵ ئەوەشا زۆر دڵی ناسک بوو! مەکتەب تەواو ئەبوو ئێمە بۆ کتێبخانەو ئەو بۆ بەر مەکتەبی کچان ساڵان هاتن وچوون مەعلوم ئەو بۆی تەواو نەکرا و بەها کۆمەڵایەتیەکانیش گۆرانکاریان بەسەرا هات. ئەو لەرووی مادیەوە هەر تێرو تەسەل و لەبەندە لەپێشتر بوو، بەڵام کە سیمایم ئەخوێندەوە هەستم ئەکرد ئەزانێ شتیکی قەت بەپارە بۆ پرناکرێتەوە ئەویش رۆشنبیریەکەیە.

## ■ کلاشینکۆف

میدیا بەتەنها بنیاو ساختمان و کۆمپیوتەرو مێزی جوان و ئیدارەو هاتوو چۆی پەیامنێران نیە، میدیا بەتەنیا ژمارەیەکی زۆر لەو وگۆڤارو رۆژنامانە نیە، کە ئەگەر دەستگیرۆییان لە پشتەوە نەبێ رەنگە بەرگەی تێچوونی دوژمارە نەگرن.چونکە بەهیچ شێوەیە ناتوانن دە لەسەر سەدی تێچونەکەیان لەرێگەی فرۆشتنەوە دەست بکەوێتەوە، میدیا بریتیە لەو ئەقڵەی کە بەریوەی ئەبات، لەو کادرە دەست وفکر رەنگینەی کە کاری تیا ئەکات.

ئەتوانی بەپارە باشترین دەزگای چاپەمەنی، تەلەفزیۆنی لەرووی کەرەستەو تفاقی وینەگرتن وئامێرەکانی دیکەی پێوسیتی مۆدێرین لە بەناوباگترین مارکەو مودێلی تازە بهێنی و باشترین تەکنیکاریش بۆت دابمەزرێنن. بەڵام قەت ناتوانی ئەو هەست و نەست و رۆشنبیریە پر لەسەلیقە و مەعریفەتە بەپارە دروست کەیت.

لەکوردستان ئیستا ئیمکاناتی مادی هەیە بەڵام ئایا ئیمکاناتی مرۆیی لەروی نەوعیەوە مەبەستم بۆ کاری میدیایە لە چ ئاستێکایە؟ چی لەسەر میدیا ئەوترێ، ئەوەندەش کارگێری ئەگرێتەوە لەیەکێک لەبڵاوکراوەکانا خوێندمەوە باسی چەن تەنێک خوێی ماوە بەسەر چووی ئەکرد کە کەڵکی بەکار بردنی مرۆیی نەمابوو لیژنەیەکی هاوبەش

خۆشبەختانە لەناویان بردووە (پێم وابێ خراوەتە چاڵەوە)، ئەگەر ئەولیژنەیە بیری لەوبەستەڵەکەی زستانی پار بکردایەتەوە، کە شەقامەکانی ناوشارو رێگاکانی دەرەوەی گرتبۆوە، ئایا نەئەکرا لەبری لەچاڵ نانی، سود لەو خوێیە بۆ رەوینەوەی بەستەڵەکی زستانی داهاتووی بەشێک لەو رێگایانە وەربگیرایە؟

ناونیشانی وتارەکەم ناوی جۆرێک لە چەکە کە ناوبانگێکی جیهانی هەیەو گومان لەوەیا نیە، کە هیچ شۆرشێک لەهەرکونجێکی دنیادا بوبێت بەشۆڕشی کوردیی خۆشمانەوە بێ ئەوچەکە توانیبێتی ئیدامە بەخاباتی چەکداریی خۆی بدا.

ئەو چەکە لەداهێنانی کەسێکی روسیە، کەلەجەنگی جیهانی دووەما لەسەرەتای چلەکانی سەدەی پیشوا بەشداری ئەوشەرە وەکو عەریفێک لەسوپای سۆڤیەتی ئەوکاتە ئەکات و بەسەختی برینداری ئەکرێ. لەماوەی ئیجازەی چارەسەریەکەیا کەدیارە درێژەی کیشاوە، بیرلەوە ئەکاتەوە کە چۆن تفەنگێکی ئۆتۆماتیکی دروست بکا، کە لەهەمان کاتا سوک بێت و برِێکی زۆریش فیشەک لەیەک دەست پیاناندا بتەقێنێ، ئەوەبوو توانی ئەو چەکە دروست بکا بەناوی خانەوادەکەیەوە ناوی نا کلاشینکۆف.

ئێستا لەکوردستان هەندێک کەناڵ فیلمی بیانی ئەخەنە سەربۆ بینەرانی کورد، کە ئەوەش جێگەی دەست خۆشیە بەڵام ئەوەی کە ئەو دەستخۆشیە ناگرێتەوە، ئەو تەرجەمە حەرفییەیە خراپەیە کە لە دامێنی خوارەوەی شاشەکەیا دەرئەکەوێ و گوایا بۆ ئەوە کراوە کە بینەر زیاتر لەفیلمەکە بگات. ئەوەی کەئەیبنی گوزارشت لەوە ناکا کە

کوردی زانێکی هەتا مام ناوەندیش، تەرجەمەی کردبێ یان لانیکەمی خوینەواریەکی کەم یان رۆشنبیری هەبێ.

بەرێکەوت سەیری یەکێک لەو فیلمانەم ئەکرد، کەچیرۆکەکەی باسی روداوێکی ئەکرد، لە بیستەکانی سەدەی رابردودا لەئەمەریکا روویدا بوو. کابرا ئەیگوت ئا ئەو کڵاشنیکۆفەم بۆ بێنە! وتم: باشە یەکەم: کلاشنیکۆف لەوسەردەمە هەر دروست نەکرابوو. ئەگەر دروستیش کرابێ خۆ ئەوچەکەی کە دەرئەکەوێ کلاشینکۆف نیە، باشە بۆ وائەڵی دواتر گەیشتمە ئەو نەتیجەیەی کە کاکی موتەرجیم وائەزانی بەهەموو چەکێکی ئۆتۆماتیکی ئەوترێ کڵاشینکۆف!. بەدایکی مناڵەکانم وت ئەم حکومەتە سەری ئیشێ وتی بۆ؟ وتم باشەو ئەوپارەیەی کەئەدرێ بەو موتەرجیمە بدرێ بە موزەفێک کە مەعاشەکەی دواکەوتووە باشترنیە؟.

## ▪ کولیچەی جەژن

جەژن لە سلێمانی بۆن و بەرامەو تایبەتمەندێتیەکی وای پێوەبوو کە لە هی هیچ شوێنێکی دیکەی دنیا نەئەچوو، بیرمە کاتێک کە نزیک ئەبۆوە، باوک ودایک لەخەمی پەیاکردنی تفاقی جەژنا بوون. چوونکە تەنها دەوڵەمەن هەموو رۆژێکی جەژن بوو، ئەگینا فەقیرو مام ناوەندیەکە لەساڵێکا هەر دووجەژنی هەبوو. بۆیە خواردن و جلی تازە برپڕەی پشتی جەژن بوون. وەکو ئێستە نەبوو قەلیان بۆ جەژن دائەبەست، ئەویش هەموو ماڵێک نا. زیاتریش جلی کوردی لەبەر ئەکرا، وەکو ئیستاش نەبوو بتوانی بەحازری لەچینەو ماچینەو بیهێنی، ئەبوایە بەکردمان بایە، بەخەیاتەکەمان ئەوت پێش جەژن تەواو ئەبێ؟ ئەیوت خوا کەریمە، هەر جارێک بچوینایەتە بازار ئەبوو سەرێکی لێ بەین و بڵێین ئەرێ تەواو نەبوو؟. ئەویش ئەیوت ماویەتی، زۆر جار عارفە تەواو ئەبوو.ئێوارە لەبەرمان ئەکرد و بەپێڵاوە تازەکەوە لەژورەکەیا ئەهاتین وئەچووین پێوەی، دایکمان خێرا لەبەری دائەمەڵین و ئەیوت باپیس نەبێ، ئەی بەیانی چی لەبەر ئەکەن! پێڵاوە تازەکانیشمان شەو کاتی نوستن لەگەڵ جلەکانا ئەخستە ژور سەرمان بۆ ئەوەی بەیانی زو بێینە دەست.

هەر ئەو عایامە خۆشترین شوێن سینەمابوو، کە بۆئەوەشی رۆژی لانی کەم حەوت جار فلیمەکە لێبپاتەوە زۆری لێ ئەبڕی و کورتی ئەکردەوە، خەڵکەکە هاواریان ئەکرد پەڕانی!. زیاتریش ئەو فلمانە بوو کە جوڵەی تیایە، ئازایەتیەکەی هەرقل و پاڵەوانە مێژووییەکانی رۆمان و یۆناستانی کۆن و باز بازێنەکەی تەرەزان بابەتی سەرەکی ئەو فلمانە بوون. ئەوکاتانە خەڵک ئەیانوت جەژن یەعنی کولیچە! دوسینی گەورەیان بۆ پڕ ئەکردین وئەیان خستە سەر سەرمان و بەپێ لێخورە بۆ فڕنەکەی کە شەکرلەمەو پسکیت و چۆرەکی ئەبرژان. لەوی خاڵەی فڕن ئەیوت ئەی کوا هێلکەکان؟ چونکە ئەبو لە کولیچەکانی بایەو ئینجا بیخستایەتە فڕنەکەوە، ئەوەی پێی نەبوایە ئەیناردەوە بیهێنێ و سەرەی سینیەکەی جارێکی کە ئەچوەوە دواوە.

ئەڵێن کۆن بەیانیانی جەژن پیاوان لەمزگەوت نانیان خواردووە، بەڵام کاتی ئێمە ئەوە نەمابوو دوای نان خواردن، پیاوەکانی کۆڵانەکە کۆ ئەبوونەوە دەنگ زۆڵاڵێکیان لەبەر دەرگاوە:خوا موبارەکی کا! ئەوترا فەرموون وەرنە ژوورەوە، هاواری ئەکرد نایەین نوقڵەکەمان بۆ بێنن گەردنیشمان ئازاکەن!.

بەحاجی سەیفەدینی خزمم وت: ئەرێ ئەمانە ئەڵێی هەر بۆ نوقڵەکە دێن، باشتر نیە هەرماڵێک لەدەرەوە تورەکەیەک نوقڵ هەڵواسێ و خۆیان خزمەتی خۆیان بکەن؟ بزەیەک گرتی و وتی: زۆر ئەڵێی بەخوا. وتم: ئەی جەژنی رەمەزان هەر ئەم تاقمە نەبوون داوای گەردن ئازاییان کرد؟ وتی ئەی قابیلە لەگەرەکێکی کەوە هاتبن، چوونکە خزمم بوو

مـردوی هەردوکمـان موشـتەرک بـوو، وتـم: ئەی رەحـمەت لەمردومـان، ئەی بـۆ چەژنـی قوربـانیش هەمـان شـت داوا ئەکەنەوە؟ دیـارە گەردن ئـازاییەکەی جەژنـی رەمەزان مەفعـولی نەمـاوە!. دووبـارە یەکـی بـاری عەڕەبانەیەکی تریـشقە زەم یـان کـردوینەتەوە، هـاتوون عەدادەکە سـفر کەنەوە، ئەمجارەیـان مـام حـاجی خێـسەیکی لێکـردم، وتـی قـسەکانت لەگوێرەی عەمرەکەت نیە، تومەز خۆیشی ئەوە ئیشی بوو لەگەڵ دەرو دراوسێ و خزم و ئەحبابەکەنیا.

## ▪ کەس بەپێ ناڕوا

گوێم لێبوو سایەقێک لە چاوپێکەوتنێکی سەرپێی تەلەفزیۆنیا ئەیوت کاکە جادەکانمان بۆ پانتر بکەنەوە، بەشمان ناکا، سەیارە زۆربووە کاک سابیری چایچی دیژلەمەیەکی خەستی خستە سەر تەپڵەکەکەی بەردەمم و وتی: کاکە هەقیەتی ئەوخەڵکە هاربوون، ماڵێ پێنج سەد مەتریش لەبازرەوە دوربێ، بەسەیارە نەبێ ناڕوا. لەدەقەیەکا پانزە تەکسی بەملاو ئەولاتا ئەخولێنەوە. ئێوارەی لێ یێ مناڵەکان ئەخەنە ناو سەیارەکەوە رەنگە دەجار بەوجادەی سەهۆڵەو توی مەلیکا بچنە خوارەوەو بێنەوە سەرەوە. وتم: باشە ئەی ئەو هەموو هۆڕنە چیە لێی ئەیەن؟ لەکوردستان سەیارە بەهۆڕن ئەڕوا؟ وتی: دیارە لەخاریجەوە هاتویتەوە شارەزا نیت، کاکە لەناو شار سەیارەت پێنەبێ و لەشوێنێکا بوەستی یان بەپێ بڕۆی تەکسیەکان بۆت لێئەیەن چونکە بەدوای نەفەرا ئەخولێنەوە .

وتم: باشە خۆ وولاتانی ئەوروپی لەئێمە سەیارەیان زۆرترە بەڵام قەت جادەکانی ناوشاریان بەو شێوەیەی ئێمە نابینی، سەیارە لەسەر یەک تۆپەڵ بوبێت، راستە ئەوانیش بۆ بەکار هێنانیان کریوە بەڵام کەی و لەکوێ ؟ بەیانیان زوو پێی ئەچن بۆ سەر کارو ئیوارە ئەگەرێنەوە ماڵەوە. یانی جادەکان بەیانیان زوو لەگەڵ ئێواران قەرەباڵغی

بەخۆیـانەوە کەواتە لە هەشـتی بەیـانیەوە بـۆ چـوار ئەو قەرەبـاڵغیە نابینێرێت، خۆ ئەگەر هەشبێت بەهۆی یاساو ڕێنماییەکان و باش ڕێک خـستنی جـادەو هێماکـانی هـاتووچۆوە، هەروەهـا ئەو جەزا زۆرەی کە ئەخرێتە سەر سەرپێچی کەر، هەستی پێناکرێ چوونکە هەموو لەکات و وەختی خۆیا ئەڕوات.

لای ئێمە لەبەیانی زوەوە تاوەکو نیوەشەو جادەو کۆڵان و فولکەکان جمەیـان یـێ، کەس حەدی نـیە پـیش ئەوی تـر بـکەوێ، لەخەتـی پەرینەوەیا ئەگەر ووریا نەبیت، سەیارەکان نیشانەت لێئەگرنەوە وئیتر بەقـسمەتی کامیـان بـووی ئەوەیـان شـڵپەت لێ هەڵئەسێنێ و دواتـر بەسـوڵحی عەشـایەری و پاسـاوی قەزاو قەدەر، ئەگەر قوربـانیەکە ئەنیـشتانیش بوبێـت ئەڵـێن کـاکە هەر بـاش بـوو بەهەزار نـاڵی عەلی بە دەفتەرێک ڕازیمان کردن.

بەیـانیەک بەلای قوتابخـانەیەکی دوا ناوەنـدیا ئەڕۆیـشتم بیـنم ئوتـۆمبێلێکی زۆر بەدرێژایـی جـادەکە و کۆڵانەکـانی دەورپـشتی قوتابخانەکەیا، پارکیان کردبوو، وتم: تۆ بڵێی کۆبوونەوەی باوکان بێت، یـان ئەوەنە مامۆستایان هەبێ؟ هیچیـان مـاقوڵ نـیە کۆبـوونەوەی باوکانیش بێ قابیلە لای خۆمان باوکان ئەوەنە تامەزرۆی هەواڵی ئاستی خوێنـدن و هەڵـسوکەوتی جگەرگۆشـەکانیان بن!. لەو بیرکردنەوەیا بـووم یەکێـک بەرەو رووم ئەهـات وتـم: پرسـیار عەیـب نـیە هەر چەن ئەکەم نـازانم ئەم هەمـوو سـەیارەیە بـۆ لێرەوە وەسـتاون؟. وتـی: بـرا ئەوە هی قوتابیەکانە وتم: بۆ بە سەیارە دێن؟ وتی: ئەی چی ئەمە هیچ نیە لەچاو

زانکۆیا برۆ سەیری ئەوێ بکە ئەڵێ گەراجی بەغایە، وتم: باشە جاران کە سەیری مامۆستامان ئەکرد قاتی جوانی لەبەرابوو و تاک وتەراش سەیارەیان پێبوو، تەشجیع ئەبووین ئەمان وت: با بخوێنن بۆ ئەوەی ئێمەش پاشە رۆژ بتوانینن وەکو ئەمان بین. باشە ئێستا ئەم قوتابیانە هەموویان بەزیاوە هەیە ئیتر بۆ بخوێنن ؟.

## ▪ گاور دروستی ئەکا!

تەلەفونە دەستیەکەم شوشەکەی درزی بردبوو، وتم: لەئەوروپا چاکی ناکەم زۆری تێئەچی خۆ جارێ هەرواش ئیش ئەکا عەیبی نیە هاوینێ ئەگەڕێمەوەووڵات، ئەیبەم بۆ یەکێک لە وەستاکانی لای خۆمان کەمتریشی تێ ئەچێ، دواتر قابیلە وەستای ئێمە چی کەمتر بێ لەم وەستایانەی ئەوروپا. ڕەنگە فەرقەکە هەر ئەوە بێت ئەمان چاویان شینە و ئەوانەی ئێمە ڕەش، ئەگینا لەدەست ڕەنگینی و ئەمانەت و کارامەیی وخێرا دۆزینەوەی موشکیلەکەو چارەسەرکردنی یەک موویان فەرق نیە. بگرە لەمانە باشتریشن، لەهەموویشی گرنگتر زمانەکەیە کوا بەزمانی شیرینی خۆت موشکیلەی تەلەفونەکەت شەرح کەی بۆ وەستا گیانی تەلەفونی دەستی و کوا بەم زمانەی ئەم ووڵاتانە بەخوا فەرقی زۆرە باوکم.

چۆنم نەخشە کێشابوو ئاوا، هەر بەگەیشتنەوەم بۆ ووڵات تەلەفونم بردە سەر وەستا وتم: کاکە گیان جوان سەیریکە لەدەستم کەوتۆتە خوارەوە شوشەکەی درزێکی تێکەوتوە، بەڵام ڕێک وپێک ئیش ئەکا ئەتوانی شوشەکەیم بۆ بگۆڕی؟ وتی داینێ بەسەرچاو بەسیتە.

دەمەو ئێوارە چوومەوە لای وەستای تەلەفون! وتی: فەرموو بیبەرەوە چەن ئەکا؟ فەرمووی پەنجا هەزارمان بەرێ ئەمە پەنجا

هەزارو تەلەفونم خستە گیرانمەوە و بەرەو ماڵەوە کاتێکم زانی تەلەفونم بۆهات نام بەگوێچکەمەوە ئەتوت لەچاڵام دەنگەکە کپ ئەهاتە گوێم گوێچکەشم خەریک بوو ئەسوتا. بەیانی بردمەوە وتی: ئەزانم خەتای چیە سەماعەکەیم رێک دانەناوەتەوە ئێوارە چوومەوە وتی: ئەوە چاکم کردووە شەو لەماڵەوە سەیرئەکەم ووردە ووردە شاشەکە رەش ئەبوو، تابەیانی نیوەی لای سەرەوەی بەتەواوی تاریک ببو. بەیانی بردمەوە سەروەستا وتم: کاکە تەلەفونکە وای لێهاتوە. وتی: من وام لێنەکردووە، بە ساحێب دوکانەکەم وت بۆ سومعەو ناونیشانی دوکانەکەتان باش نیە ئاوا لە شتی خەڵک ئەکەن. ئەگەر ئەم وەستایە لەشتێک نازانێ بۆ وەری ئەگرێ، ئەگەریش ئەیزانێ ئەبێ هەرچیەکی لێهات بەدەستیەوە زەمانەتی بکاو چاکی بکاتەوە.نەخێر هەروەکو لە سلێمانی ئەڵێین بێ فایە بوو، چارم چیە بیکەم بەشەر؟ نەخێر بڕۆم باشترە دواتر برادەرێک بردمیە لای یەکێکی کە بەتەواوەتی هەموو شاشەکەی بۆ گۆڕیم. کاتێک هاتمە سەر حساب لەوەی ئەوروپا زیاتری تێچو بوو، لەئەوروپا ئەگەر شتێک چاک بکەن لانی کەم گەرەنتی سێ مانگی ئەوچاککردنە ئەکەن، ئەم هی یەک رۆژیشی لەگەڵ نەبوو، بەهەر حاڵ ئەو دەقەیە بۆم مەعلوم بوو کە جیاوازی وەستاکانی ئەوروپا لەگەڵ ئەوانەی ئێمەیا چیە.

هەر لەو سەفەرەما بوو گڵۆپێکی درێژی ماڵەوە سوتابوو، چووم بۆ لای دوکانی ئەشیای کارەبایی، وتم:خاڵۆ بێزەحمەت گڵۆپێکمان نایەیتێ وتی: فەرموو وتم: جا ئیش ئەکا تاقی نەکەینەوە؟ وتی: توخوا ئەوە

بەراستە مامۆستا تۆلەکن خۆت موسەقەفی ئەبێ ئێوە ئیمە و مانان فێرکەن، بۆ خاتری خوا چۆن قسەی وا ئەکەیت، دنیا کاول ئەبێ ئا ئەمە فلێپسی ئەسڵە، گاور دروستی کردووە، ئەوانە شتێک ناخەنە ناوپاکەتەوە هەتا لێی تاکید نەبن وتم: ئەوە مەعلومە بەڵام ئێمە ئەی فرۆشین وتی: ئەشەمبیللا ئەوە راستە.

## ▪ گسکی بەغا

بەحوکمی پایتەختیەکەی بەغا ناوەندی بڕیاری سیاسی وعەسکەری عێراق و مەڵبەنـدی بازرگانیی ورایـی کردنـی ئەومەعامەلاتـانە بـوو، کە شـارەکان سـەلاحیەتیان نەبـوو بیکەن. بۆ نمـونە بـۆ دەرهێنـانی جنسیەی عێراقی کاتی خـۆی هەر لەبەغـدا ئەکرا، ئەگەر نەت بـوایە سـەرەتا ئەبوو بیـسەلمێنی کە بـاو باپیرانـت لەتەبەعـیەی عوسـمانلین واتـا هـاوڵاتی ئیمپراتـۆریەتە هەڵوەشاوەکەی ئالی عوسمان بوون. سـەیرەکە لەوەیا بوو پـێش هـاتنی ئینگلیـز دەوڵەتێـک نەبـوو بەم شـێوەیەی ئێـستا، لەنیـوان سەدەی یانزەو شانزەدا ئەوترا خاکی هەردو عێراق، عێراقی عەجەم کەلە حەمـــرینەوە دەســـت پێئەکـــا، وعێراقـــی عەرەب کە ئەکـــاتە ئەو دیـووی.عەجەمیش بەهەمـوو قەومێـک ئەوتـرا کە عەرەب نەبـوایە، واتـا کوردیشی ئەگرتەوە. دوای هاتنی عوسمانلی ناوچەکە کرا بەسێ ویلایەت (بەسـرا، بەغـدا، موسڵ ) ئەو مەنیقەی کە یاسـای پێـدانی رەگەزنـامەی عێراقی لەسـەر دارێژراوبـوو، بەرای بەنـدە تـایفە گەریەکی زەقی پێـوە دیـار بـوو. بـۆ نمـوونە کـوردە فەیلیەکـان کە پـێش دروسـت بـوونی دەوڵەتـی عێراقی لەو شـوێنەیا ژیـاوون، بە تەبەعـیەی ئێرانی لەقەڵەم دران و هەقی هـاووڵاتی بونیـان لەسـەردەمی حـوکمی سـەدام حـسێن دا لێ سـەنرایەوەو مڵـک ومـاڵیـان لێـزەوت کـرا. بـازاری شـۆریجەی بەغـدا کە سـەدام

بەنەفەسە شۆفێنیستەکەی ناوەکەی گۆری بە (السوق العربی) زۆربەی زۆری تاجری جوملە فرۆشی فەیلی بوون. پیاوەکانی ئەمن رۆژێک یایان بەسەریا و تاڵانیان کرد و لەگەڵ هەموو کوردە فەیلیەکانی ترا رەوانەی ئێرانیان کردن، گوایا ئەمانە ئێرانین عێراقی نین!.

هەر بەلەغداوە خورماو دەرمانمان بۆ ئەهات، ئەوانەشی کەبوون بە دکتۆر وموهەندیس و محامی وزابت ومامۆستای کوردی لە سانەوی، کاتی خۆی ئەچون لەبەغدا ئەیان خوێند.واتا ئەوانەشمان بۆ ئەهات لەگەڵ ئەوەشا بڕیاری سوتاندن و راگوستن و مەنعە تەجەولیشمان بۆ ئەهات لەناوەراستی شەستەکانەوە، بەغدا حەزری خواردەمەنی و نەوتی خستە سەرکوردستان، کاڵای عێراقی لەکوردستان رکابەری سەرسەختی لێپەیابوو قوماش و پێلاوی لاستیک و رۆنی شاپەسەند وپسکیت وشیرینی ئێرانی هەموو بازاری گرتەوە، قوماشی جەرسە کەلای ئێمە بە جەلسە بەناو بانگ بوو حەسەن زیرەک (ئەڵێ جەلسەی کاری تارێ تەر نابێ بەبارێ).لەگەڵ ئەنگۆرە بوون بە جلی ژنانی کورد. هەر لەبەغداوە لەئیزگەی بێتەلی کوردیەوە کەکاتی خۆی موزیعەکە وای ئەوت مەبەست لەوە بوو، زۆر موهیمە بەبێ وایەر پەخشەکەی ئەگا(لاسلکی)ە گۆرانی عەلی مەردان وحەسن زیرەک وتایەر تۆفیق وگوڵبەهار حەسەن جەزراوی وشەماڵ سائیب و عومەر رەزاو هەتا دواییمان بەرادیۆ گوێ لێئەبوو. بەڵام کە خۆمان ئیزگەی شۆڕشمان دانا هەر لەو بەغدایەوە تەشویشمان بۆئەهات، گۆرانیەکی رۆژئاواییان ئەخستە سەری کە سەرەتاکەی ئەیوت (هانی هانی)، ئیتر

نەی ئەهێـشت و پچـر پچـر گوێمـان لە هەوڵ وچالاکیەکـانی شـۆرش ئەبوو.

لەسلێمانی هانی هانی بۆ هەموو تەشویشێک بەکار ئەهات، بیرمە خزمێکمـان تـازە ژنی هێنـابوو دایکی لەگەڵ ژنەکەی رێـک نەئەکەوتـن ئەیـوت دایکـم هـانی هـانیەکەی لەسـەر ژنی بـراگەورەکەم گواسـتۆتەوە خـستۆیەتە سـەر ئەودامـاوەی مـن!. هەر بەبەغایـا ئەچـوین بـۆ حەج ناوەراسـتی حەفتاکان بـوو کابرایەک لەبـازار بەلاما تێئەپەری وبەدەنگی بەرز جنێـوی ئەیا و ئەی وت: ئەی باشـە بەکوێیـا چـوم بـۆ حەج؟.دواتـر پرسـیم وتیـان: کاکە ئەوە تـورەی ئەکەن ئەڵـێن حـاجی بەغـای نەدیـوە!. سـاڵانێک بەغـا بینـین و سـەفەر کـردن بـۆی خەون بـوو، بیرم دێ ئەگەر یەکێـک سـەفەری بەغـای لەبەر بـوایە، ئەیـانوت بە قەمەرە ئەچی یـان نێرن ؟ نێرن پاس بوو، هەر ئەو بەغـایە گسکێکی بەنـاوەوە بـوو لەپەلکی خورمـا دروسـت ئەکـرا، پێیـان ئەوت گـسکی بەغـا. کاتێـک کە ژنـان گسکەکەیان خراپ ئەبوو ئەچون بۆ کرینی گسکێکی تازە، هەبوو ژنێکی شـارەزای لەگەڵ خـۆی ئەبـرد ئەویـش زۆر وەسـتایانە ئەمـدیوی دیـوی ئەکـرد و جـارێکیش لەبەردەمی خـۆیەوە دەسـتوری گـسک دان ئەی بـرد بـۆ پێـشەوە و سـەرێکی رەزامەنـدیی بـۆ ئەلەقـان واتـا ئەمەیـان هەڵگـرە بەدڵمە!.

## ▪ گۆڵەکەی کاک هاوکار

لە وولاتـان وەرزش لەسـەر ئاسـتی جەمـاوەری گرنگیەکی زۆی پـێ ئەدرێ، لە قۆنـاغی سـەرەتاییەوە، کـورو کـچ فێری مەلە ئەکەن، بـۆیە کەسـێک نـابینی مەلە نەزانێـت، مەگەر فۆبیـا(ترسـی ئـاوی هەبـێ). لەو رێگایـانەی کە تـایبەتن و قەدەغەیە ئۆتۆمۆبیلی پیا بڕوا، پاسکیل سـوار یان ئەوانەی کەحەزیان لەراکردنە ژن وپیاو، وەرزشی خۆیانی لێئەکەن.

کاتێـک کە یاریەکانی نێـوان یانەکانی ئەوروپـا ئەکـرێ کە لەو بوارەیـا سـەرتۆپن لەهەمو جێیەکی دنیا تەماشـاکەران بە پەرۆشـەوە لەبەردەمی تەلەفزیۆنەکەیا ئەبڵەق دائەنیـشن وهەر یەکە خـوا خـوایەتی یـانەکەی خۆی سـەرکەوێ، و یاریزانە خۆشەویستەکەی جوانترین وزۆر ترین گۆڵ تۆمـار بکـا، بـۆئەوەی هانـدەرە رکـابەرەکەی پـێ بتەقێنێ و ئیتر هانـدان وتەماشـاکردنەکە لە شـتێکی گشتیەوە کە بـۆ خۆشی بینینە لەو هـونەرە ئەبێ بەشـتی شەخسی ورەنگە شـەری قـورسیـشی لێبکەوێتەوەو خەڵکی تیـا برینـدارو کوشتنیـشی جـارو بـار تێبکەوێ!. بـۆ نمـونە میسی ورۆنالـدۆ کەدوو یاریزانی دیاری ئیستای ئەو یاریەیەن، دنیایای تۆپی پێیان کردووە بەدوکەرەتەوە، مەبەسـتم لە تەماشـاکەرانە نایـشارمەوە مـن خـۆم کە رۆناڵـدۆ گۆڵێـک ئەکـا لەخۆشـیا لەجیـاگەی خـۆمەوە مەتریـك ئەچـم بەحەوایـا، کەمیـسیش گۆڵێـک ئەکا، ئەڵـێم ئاسـاییە ئەگەر منـیش ئـاوا

برادەرانم لەیاریەکە پاسم بەنێ ئەتوانم گۆڵی لەوە جوانتریش بکەم!. بەڵام خوا بەوەر رەحمی کردووە لەماڵەوە وائەڵێم، ئەگەر لە شوێنێکی گشتیا بیڵێم و هاندەرانی بەرشە گیانی لێمێ رەنگە فیتنەیەکی وا بنێمەوە، سەری پەنجا کەسی تیایا بشکێ. ئەگەر بێیتە سەر راستیش ئەو خەڵکە ناهەق نیە، کەئاوا خۆشی بوێن. بەحوکمی ئەوەی بەندە بەگەنجی نەختێک بەدوای تۆپا رای کردووە، لانی کەم ئەوە ئەزانم کە ئەوەی ئەوان لە ساحەی تۆپ تۆپێنا ئەیکەن شتێکە لەدەرەوەی توانای خەڵکی سەرو ئاسایشە لەو بوارەیا، ئاخر یاری زانێک بە قاچ و بەسەر هەمان ئاستی گۆڵکردنی هەبێ قاچی راستو چەپی وەکو یەک بەکاربێنێ وگۆڵی پێبکا لەراکردنا کەس نەیگرێتەوە کۆنترۆڵی لەسەدا سەدی تۆپی هەبێ، ئەوانە هەمووی لەیەک کەسا زۆر زۆر دەگمەن کۆ ئەبێتەوە.جاران ئێمە کە بەدوای تۆپا رامان ئەکرد، یان کە ئەچوین بۆ مەلعەبەکەی سلێمانی و سەیری یاری یاریزانە بەتواناکانی ئەوکاتانەمان ئەکرد، قەت کەسێمکان بە یەک لەسەر دەی ئەو مواسەفاتانە نەئەبینی، بەڵام ئەوەی باش بوو کفری نیعمەتمان نەئەزانی و شوکور بووین بەوەی کەهەیە.

بێنەوە سەرباسی ناونیشانی وتارەکە، لە تەمەنی خۆما گۆڵی زۆر جوانم بینوە هەر لەبیلیەوە تاوەکو ئیستای رۆناڵدۆ ومیسی بەڵام بەقەناعەتەوە ئەیڵێم ئەوانە هەمویان لەلایەک، گۆڵەکەی کاک هاوکار کەلە کاک محەمەدی کرد لەلایەک، ئاخر زۆر موهیمە لەژیانتا قەت تەمرینی سویدیشت نەکردبێ چ جای تۆپ تۆپێن، ئەم تۆپە لەم سەری

ساحەیەوە بۆ ئەوسەری بفرێنی بەناو ئەوهەموو کاندیدەیا کە سیڤیان بۆ ئەو پۆستە لێوەرگیراوە دەری کەیت وگۆڵی خۆت بکەی! ئەشەمبیللا ئەوە هونەرەێکە هیچ یاریزانێکی عالەمی نەینواندوە. کاک محەمەد سکالای دڵی خۆی لای ئەکردم: کاکە کاندیدی بێ رکابەر بۆ ئەو پۆستە خۆم بووم، وتم: ئێ، وتی: ئەم کاک هاوکارەیان بۆ دەستنیشان کردم گوایا لەخزمەتی مەسئولینایە لەپایتەخت و دۆسێکەم زوئەخاتە بەر دەستیان بۆ دەرکردنی ئەمرەکەم پرسیم بڵێی هاوکاریم بکا؟ وتیان: ئەی بێقەزابی بەخوا ناوەکەی خەسار نەکردووە هەر لەدورەوە بڵێ کاکە هاوکار نەشت ناسێ ئەڵێ ئەمرکە قوربان. وتم ئێ ئێ، وتی جابا عەرزی جەنابت بکەم، ماوەیەکی زۆری پێچو دەنگی پۆست نەبوو کاتێم زانی وتیان کاک هاوکار پۆستەکەی بۆ خۆی بچریوە! وتم ئەشەمەبیللا لەسەر ئەم گۆڵە جوانەی هەقە پێلاوە ئاڵتونیەکەی ئەمساڵ لە حیسەی کاکە هاوکار بێت؟!.

## ▪ گێڕانەوەی نوکتە

کاریگەری نوکتە لەسەر بیستەری جگە لە بەهێزی و دەگمەنیی ناوەڕۆکەکەی، تەکنیکی گێڕانەوەکەشی دەورێکی گرنگی تیا ئەبینێت. رەنگە نوکتەیەکی بەهێز لەرێگەی خراپ وەیان بێ سەلەیقەیی گێرەرەوەکەی مەبەست و تامەکەی بکوژێ. بەتایەبەتیش ئەگەر بەزمانێکی سادە نەیگێرێتەوە واتا بیکا بە قەواعیدی.مەرجیش نیە هەموو نوکتەیەک زادەی ئەوشوێنە بێت کەلێی کەوتۆتە سەر زاری خەڵکەکەو دەماو دەم ئەڕوا رەنگە سەرچاوی نوکتەکە ئەوروپی یان فارسی یان عەرەبی بێت. ئەوە گورێن و جوان هێنانەوەی ئەو کەسەیە کە کردویەتی بەکوردی وەیان کوردانویەتی وای لێئەکا کە بمێ بەنوکتەیەکی محەلی.

ئەمەی لای خوارەوە سێ نوکتەن کە بەزمانی عەرەبی خوێندومنەتەوە و کردومن بەکوردی هیوادارم توانیبێتم خوێنەر والێ بکەم کە هەست نەکا سەرچاوەکەی کوردی نیە.

سەرخۆشێک ئەچێت بۆلای قەساب گۆشت بکڕێ لەوکاتەیا پشیلەیەکی سەر خر خۆی ئەکا بە ژوراو ئەمیاوێێ سەرخۆشەکە بەقەسابەکە ئەڵێ توخوا پارچەیە جگەری بەرێ ئەویش لەتێ جگەری بۆ فڕێ ئەیا، ئەوە ئەخوا وجارێکی تر ئەمیاوێێ سەرخۆشەکە ئەڵێت

نیوکیلۆ گۆشتی نەختێک چەوریش بخەرە بەردەمی. قەساب ئەڵێ بەڵێ باشە کاتێک سەرخۆشەکە ئەیەوێ بڕاو کابرای قەساب ئەڵێ ئەی پارەی جگەرو نیو کیلۆ گۆشتەکەی کە وتت بیدە بەپشیلەکە؟ ئەڵی من هەقی ئەوەم چیە! قەسابەکە ئەڵی چۆن هەقت چیە تۆ نەت وت بیەرێ سەرخۆشەکە ئەڵێ بابە گیان من تەنها تەرجومان بووم میاو میاوەکەم بۆ تەرجومەکردی کەداوای ئەوانەی ئەکرد.

یابانیەک ئەچێتە بازاری سەوزەکەی سلێمانی تەماتەیک هەڵگرێ ئەڵێ ئەمە چیە؟ کابری بەقاڵ ئەڵی قوربان ئەوە تەماتەیە، یابانی ئەڵێ بۆ وابچوکە درۆم نەکردبێ تەماتەی لای ئێمە سێ ئەوەنەی ئەمەی ئێوە ئەبێ و بگرە زیاتریش. ئێشارەت بۆ هەنجیرەکە ئەکا ئەڵێ ئەی ئەمە چیە؟ ئەڵێ هەنجیرە باوانم، یابانی ئەڵی پیف لەم هەنجیرە سوێندت لەسەرم نیە هەنجیری لای خۆمان خراپەکەی چوار بەقەدەر ئەمەی ئێوە ئەبێ.کابرای بەقاڵ هەر پیش ئەخواتەوە و لەدڵی خۆیا ئەڵێ توخوا ئا ئەمەش رزقە بەم سبای ساڵحانە دەستگیرم بووە، جارێ سفتاحم نەکردووە ئەم رەزا قورسە کورتەبنەیەم لەکوێوە لێپەیابوو. نەخێر یابانی هەر واز ناهێنێ دەست ئەبا بۆ کاڵەکەکە ئەڵی ئەی ئەمەیان چیە؟ کابرای بەقاڵ ئەڵێ بەقورعان فریای خۆم نەکوم حەیای کاڵەکەکەش ئەبا کورە خۆهیچی بەدڵ نیە ئەڵێ کاکی خۆم ئەوە ترێی ئێمەیە، خەڵک بەهێشو بۆی ناکڕێ مەجبور بەدەنک دەنک ئەیفرۆشین.

ژنێک دارتاشەکەی دراوسێیان بانگ ئەڵێ دۆڵابەکەمان جیڕە جیڕی لێوە دێت کابرای دارتاش سەیری ئەکا دەستی لێوە ئەیا جیڕە نیە!

بەژنەکە ئەڵێ هیچی نیە زۆر مەزبوتە ژنەکە ئەڵێ بەخوا کاتێک قیتارەکە تێپەر ئەبێ، دەست ئەکا بەجیرە جیڕ. بچۆ ناو دۆڵابەکە کە قیتارەکە هات سەیری کە تاقی کەرەوە، بزانە لەکوێوە جیرەی لێ دێت خێرت ئەگا بەشکم بۆ مان چاک کەیت، ، کابرای دارتاش ئەڵێت ئەلحوکم لیلا ئەچێتە ناو دۆلابەکەوە و دەرگاکە لەخۆی دا ئەخا بەشکم لەکاتی رەت بوونی قیتارەکەیا، فەحسی دۆڵابەکە بکا لەوکاتەیا مێردی ژنەکە دێتەوە ئەیەوێ کراسەکەی بگۆڕێ دەرگای دۆڵاب ئەکاتەوە ئەبینێ دارتاشەکەی دراوسێیان دانیشتووە. دارتاشی فەقیر ئەڵی توشەرەف ئەگەر ئێستا پێت بڵێم لەم دۆڵابەی ئێوەیا دانیشتووم وچاوەڕوانی قیتار ئەکەم باوەڕم پێ ئەکەی.

## ▪ گەعدەی عاتیفی ودڵداری!

سالانی شەستەکان وحەفتاکان سەردەمی زێڕینی گۆرانیی عەرەبی و کوردی بوو، لای ئێمە مەزهەر وحەسەن زیرەک وعەلی مەردان وتایەر تۆفیق و هەتا دوایی، لای عەرەبیش ئوم کەلسوم وفەریدو عەبدولحەلیم و وەردە جەزائیری وفەیروزو نەجات سەغیرە و لیستێکی درێژ لەوناوانەی کە بەهونەرمەندی سەنگینی عارەب لەو بوارەیا ناویان دەرکردبوو. گوێ و دڵ ودەرونی گوێگری عەرەب وغەیری عەرەبیش، لانیکەم ئێمەی کوردیشی پر کردبوو، لەئاوازو مۆسیقاو ئەدا خۆشەکانیان. لەسەرو هەمووشیانەوە، ئەو قەسیدە بەرزانەی کە ئاواز دانەرە بلیمەتەکانیان وەکو عەبدولوەهاب و فەریدو بەلیغ حەمدی و مەوجی و زۆری تر، کە بە سەلیقەیەکی بەرزەوە هەڵیان ئەبژارد، بۆ ئەوەی ئاوازی بۆ دابنێن. ئەوانە بەتەنیا مۆسیقی نەبوون بەڵکو رۆشنبیر و ئەدەب دۆستیش بوون. چاوپێکەوتنێکی محەمەد عەبدولوەهابم بینی، ئەیوت، بەردەوام چیرۆک ورۆمان و شیعر ئەخوێنمەوە. بەرای بەندە سڕی هەڵبژاردنی ئەو قەسیدە جوانانەی کە بۆ (ئوم کەلسوم، حەلیم، نەجات – هتد یان) کردووە بەئاواز ئەو باکراوەندە ئەدەبی و رۆشنبیریە بووە کەهەیان بووە. بۆیە ئاستێکی بەرز لە شیوازی ئاوازدانان و ناوەرۆکی ئەو گۆرانیاەی ئەوسەردەمەیا ئەبینرا.

خەڵکـی ئـێمە لەوەناگـا کە رۆشـنبیریی شـتێکی زۆر جیـاوازە لەخـوێنەواری، لەبەرنـامەیەکی کوردیـا کەسـێک بەچـاکەت وپـانتۆڵێکی جوانەوە دانیشتبوو، راوبۆچونەکانی کابرایەکی شوانی داماو دەرهەق بە مێینە سەد قات لەو ئەفەنیە باڵا تر ئەبوو، ئەگەر بیاندوانایە. لە نیوەی بەرنامەکەیا هەویکەی خۆی وەکو ئەڵێن (لەبەرکی دەرهینا) و وتی نەڵێن کابرا موسـەقەف نیە، ئەوەش هەویەکەم مامۆستایمە؟. ئەم تێفکـرینە لە رۆشـنبیریی سـەرچاوەی هەمـوو ناهامەتیەکـانی ئـێمەیە. بەپـاریزەر، دکتـۆر، موهەندیس هەرکەسێک شەهادەیەکی هەبوو پیی ئەڵین لەکن خۆت موسەقەفی؟ نازانن خوێندن بەشێکی کەمە لە رۆشنبیری، راستە تەواوکردنی بەشێکی خوێنـدن شـارەزاییت لەو بەشـەیا ئەیاتێ بـۆ نمـونە موسـیقیەک ئەتـوانی ئامێرەکەی باش بەکاربێنێت. بەڵام رەنگە بەردەوام شـتێک دیـار نەبێ لەئیـشەکانیا ئەویـش رۆشـنبیرییە، ئەگەر نەیبێـت بەهەمـان شـیوە نوسـەریش، ئەبێ پێش ئەوەی نیەتی خـوای لێبێنێـت وەدەسـت بەنوسـین بکـا، فەحـسێکی لایەنی رۆشـنبیریی خـۆی بکـا، دەنـا دەربرینەکـانی یـان زانیاریەکـانی لای خەڵکی شـارەزاوە، ئەبێـتە جـێگەی گاڵتە جاڕی.

بێینەوە سەرباسی گۆرانی ومۆسیقا ئەوکاتانەی کە سەردەمی زێرینی مۆسـیقاو گۆرانی عەرەبی بـوو، یەکێک لەمیسر پەیابوو گۆرانی میللی ئەوتەوە نـاوی ئەحـمەد عەدەویە بـوو، لای عـامەی خەڵکەکە زۆر لەبەر دڵان بـوو. ئەوان لەو جـۆرە هونەریـان زۆرە بەڵام شانبەشـانی پێداویستی زەوقی میللی، زەوقە بەرزەکەشیان پاراستووە. واتـا نەیـان هێـشتووە ئەو

زەوقە میللـــیە کەلە ئاکـامی بڵاوبــونەوەی نەخـــوێنەواری و رۆشـــنبیری ناتەندروســـت گەشـــە ئەکـا، ببێـــت بەڕابەری گـــۆرانی و مۆســـیقا ســـتاندارەکە بـــۆیە ســـەر قـــافڵەکە لەوبوارەیـــا هەر بەدەســـتی زەوقە شارستانیەکەوە مایەوە.

ئەوەی بەری لەوەگرت تونـاو بلیمەتیی و رۆشـنبیریی بەرزی مۆسـیقی و ئـاواز دانەرەکـان و گـۆرانی بێژەکانیـان بـوو، لەگەڵ دام و دەزگـایەکی رۆشـنبیریی، کە خەڵکانی بەهەق رۆشـنبیرو خـوێنەوار سەرپەرپـشتیاری بوون.

ئـێمە هـونەری میللیمـان تـابلێی دەوڵەمەنـدە، مەخـابن کەوتـۆتە دەسـت هەمـوو کەسـێک، یەکێـک لە ماڵێـک گۆرانی ئەوت لەگەڵ بزنـا رێـک یەک تۆنیـان هەبـوو، بەڵام تـابلێی لەبەر دڵـی گـوێگرانی بـوو لەڤیـدۆکەیا وئافەرینیـان لێ ئەکـرد. باشـە بـۆ زائـیقەی ئەوخەڵـکە بەو جـۆرە لەقـور گیـراوە، بڵێی بیـست و ئەوەنە سـاڵ لەحـوکمی خۆمـان هەرئەوەندەی لەباری فەرهەنگیەوە تیابوبێ؟.

ئەی ئەو خەڵکـانە چییـان لێهـات کە گوێیـان لە مەزهەری خـالقی و حەسەن زیرەک و دیلان و رەفیق چالاک وعەلی مەردان و ماملێ ئەگرت.

یەکێکی کە لەو گۆرانیبێژە میللیە زەوقیـانە واتـا پسپۆر لە گۆرانی ریتمی هەڵپەرکێ و شـادی. سـیدیەکی تازەیـان بـۆ دروسـت کردبـوو گوایـا ســـتایڵەکەی لەم ســـیدیەیا گۆریـــوە لێـــی نوســـرابوو گـــۆرانیبێژی خۆشەویست(....) گەحدەی (گەعدە) عاتیفی و دڵداری!.

## ▪ لافیتەی مەرحوم

راگەیانـدنی مردنـی کەسـێک لە کەڵچەرێـکەوە بـۆ کەڵچەرێکـی تـر ئەگۆڕێـت، بـۆ نمـوونە ئەوروپیەکـان کە ئازیزێکیـان ئەمرێـت، ئەگەر ئەوکەسـە فەرمـانبەر وەیـان کرێکـار بێـت لەکارگەیەک کارتێک لەشـوێنی کارەکەی کە نـاوەکەی وهەنـدێک ووشـە یـان شـیعرێک کە بـۆ ماڵئـاوایی بـشێت، ئەنوسـرێت و کاتی بەرێکردنی بـۆ سـەرقەبرانیـشی لەسـەر دیـاری ئەکرێت، کە زیاتر رۆژانی شەممان ئەبێت چوونکە پشووە.

ئەو دۆسـت وخزمانەی کە پێویـستە ئامادەی بەرێکـردنەکە بن کارتی تایبەتیـان بەو بـۆنەیەوە بـۆ ئەچێ، بـۆ مـاڵەوە ئەورۆژە ئەچـنە کەنیـسە و لەوێ دوای ئەوەی کە رێورەسـمی ئـاینیی خۆیـان تەواو ئەبێـت بەرێـی ئەکەن بـۆ سـەرقەبران. کە ئەو کـارە تەواو بـوو هەمـوو پـێکەوە لەگەڵ خـاوەن تـازێکە ئەچـن بـۆ قاوەخـانەیەک، کە پێـشتر تازێبـار لەگەڵی رێککەوتـووە کە ئامادەکاری بـۆ ئەوەنـدە نەفەر بکا.لەوێ قـاوەو سـەمون بە پەنیـرو کەرەوە ئەخـۆن بەوەش، پرسـەکە تەواو ئەبـێ واتـا ئیتـر نە لەمـاڵ و نە لە کەنیـسە بـۆی دانانیـشن و هەرکەسـە ئەچێـتەوە بەلای کاری خۆیەوە.

رەنگە یەکێک بڵێ جـائەوە چ کلتـورێکە خـۆ سیلەی رەحمیـان بـووە بەسـفر، یـان بۆ مردنیش خەم نـاخۆن، ئەگەر پێوەرەکە بەدرێژی رۆژانی

پرسەکە بێت ئەوە راستە، بەڵام خۆ خەم خواردنیش ئەتوانرێ بەتەنیا بخورێ و رەنگە هەندێ جار زۆر کاریگەر تربێت لەوەی کە قەرەباڵغ بیت.

لای خۆمان هەموومان ئەزانین کە ئەو مەراسیمە چۆن بەرێوە ئەچێ بەڵام ئەوەی کەلەم دوادواییانەدا بەدی ئەکرێ، بەتایبەتی لە ئاگادار کردنەوەی خەڵک وخوا لە مردنی کەسێک لەسەر هەندێک لافیتەی ئاگاداریی کردنەوە، بۆ پرسە جگە لەناوی خوالێخۆش بوو و شوێن وکاتی پرسەکە شتی زۆر سەیرو سەمەرە ئەبینی، جاری واهەیە ناوی مەرحوم لەبەر ناوی کەسوکار و دیاری کردنی پیشەکانیانیا بەزەحمەت ئەدۆزیتەوە، بۆنموونە باوکی فڵانی موهەندیس و موشریف زەراعی و وەکیلی تایەو برنجی دەنک درێژی ئەبو ئەژدیها، بێژەری سەرکەوتوو، هەروها کە دەکاتە مامی هەریەک لە ئەدیبی ناسراو، مامۆستای زانکۆ، دکتۆری ئەشیعە، هونەرمەندی کۆمیدی گەورە و وەستای دیکۆرات، هەرەوەها کە دەبێتە خاڵی هەریەک لە خاوەنی پیتزای...، موحاسیبی بانقی...، کاک فەرحانی جوملە فرۆش و هەتا دوایی.

ئەڵێن کابرایەکی پیسکە باوکی ئەمرێ خەڵک وخوا ئەڵێن ئەی لافیتەی بۆ هەڵناواسی لەبەردەرکی سەرا؟ ئەڵێ لافیتەی بۆچیە کاکە خۆ یاری تۆپی پێ نیە ریکلامی بۆ بکەی، ئەڵێن کاکە گیان ئەوە دەستورە هەرکەسێک بمرێ پەرۆیەکی رەشی بۆ هەڵئەواسن و کات و شوێنی تەعزێکە لەکام مزگەوتە ئەنووسن، بۆ ئەوەی خزم وبرادەر بزانن وبێن بۆ پرسەکەی ئەڵێ ئاوا ئەڵێن ئاوا. ئەڵێ ئەلحوکم ولیللا ئەچێت

بۆلای خەتات ئەڵێ کاکە لافیتەیەکم بەچەن بۆ ئەنووسی باوکم ئەمری خوای بەجێهێناوە، ئەڵێ برای شیرینم حەسەبی ووشەیە وشەی پێنج هەزارە ئەڵێ کەم زیا؟ خەتات ئەڵێ بڕوابکە کەمم پێ وتووی چاری نابێ ئەڵێ دەباشە بنووسە حاجی سەیفەدینی باوکی وەستا غازی، ئەوەی سەتەلایت بەنرخێکی گونجاو دائەنێ ئەمەیش ژمارەی مۆبایلەکەیتی، ئێوە خۆش.

## ■ لاکشمیبای

شـــاژن لاکـــشمیبای وەکـــو فەرمانـــدەیەکی عەســـکەی لەشـــەری ئیستیقلالدا لەهیندستان ناوبانگێکی باشی هەبووە.هەقایەتی بوونی بە بەرهەڵستکار؟ ئەگەرێتەوە بۆ شوکردنی بە جانجاهارا حاکمی جانسی و دوای ئەوەی کـورە چوارمـانگەکەی ئەمـرێ، بـۆئەوەی کەسـێک هەبـێ لەپـاش خـۆی جـێگەی بگـرێتەوە، میردەکەی کوڕێـک هەڵئەگـرێتەوەو بەخێوی ئەکا.

پـاش مردنی، لـۆرد هاوسی وحـاکمی عـامی ئینگلیزی رازی نـابن کە یەکێک لەگۆشـت وخـوێنی خـۆی نەبێ جـێگەی بگـرێتەوە، بـۆیە خـۆیان دەسەڵاتەکەی ئەگرنە دەست و جگە لە ماڵ وحاڵی تایبەت هیچی دیکە بۆ میرات گرەکەی ناهێڵێنەوە، لێرەوە شاژنی جانسی تورە ئەبێ ولەگەڵ حـاکمە نەیارەکانی تـرا پێکەوە ئەکەونە بەرهەڵستکاری ئینگلیز، تـاوەکو لەشـەرێکا بەخەستی برینار ئەکرێ و لەئاکامدا ئەمرێ شـایەنی باسە ئەو بەرهەڵستکاریەی لاکشمیبای تەنها یەک ساڵی خایاند لە ١٨٥٧ تـاوەکو ١٨٥٨.

ئەوکـــورتەیەی لای ســـەرەوە باســـم کـــرد پـــوختەی مـــادی ئەو مەلحەمەییەیە کە دەرهێنەرێکی هیندی و ستافێک لەئەکتەرو تەکنیک

کارو نووسەر بەشداریان تیاکردووە و ئەو ساڵە خەباتە کە پاڵنەرەکەی زیاتر شتی شەخسی بووە کردووە بە زیاتر لە پێنج سەد ئەڵقە لەنوسخە هیندیەکەیا.

ئەگەر رۆژەکانی ساڵ سێسەدو شەست شەش رۆژ بێت کەواتە بەم پێیە هەر رۆژێک لەخەباتی ئەو ژنە کراوە بەئەڵقەو نیوێک، یان بەواتایەکی تر وەکو ئەوە وایە کامێرا بەدوایەوە بوبێت و دەقە بەدەقەی هەڵسو کەوتی ئەوژنەی لەو کاتەیا گرتبێت.

هیندستان بەناوبانگن بەوەی کە ساڵی زیاتر لە شەش سەد فلم بەرهەم ئەهێنن.جگە لە زنجیرەو کاری تەلەفزیۆنی دیکە، ئەوەش ئەگەرێتە بۆ رەسەنیی سەنعەتی سینەما سازی و بونی بازاری ناوخۆ. هەروەها ژمارەیەکی باش لەئەکتەری سەرەکیی ولاوەکی و سوپایەکیش لەکۆمبارس. ئەوەی من بینم کارێکی درامیی درێژ دادڕ بەبێ هۆ، هونەری نواندن و دەرهێنان وسینارۆ تیایا هەتا لەمستەوای دەستی سێ ئەوڵاتەشدا نیە!، کە تیایا بەرهەم هێنراوە. لەسەرەتای دەست پێکردنی هەر ئەڵقەیەکەوە تاکۆتایی بەشاتەشاتی لاکیشمیبای وژنە نەیارەکەی ساکا ئەبڕێتەوە، لەهەمووشی خۆشتر لاکیشمیبای کێشی پەنجا کیلۆ ئەگەر بێ، بەتاقی تەنیا و خۆیشی نەبەستووە جوتێ نەعلی لەپیایە لەهەقی فەوجێک سەربازی بەریتانی و ئەوەندەی ئەوانیش جاشی هیندی ئەوسا دێت.

پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بینەری ئێمە شتی لەوە باشتری پیشان نەدراوە، تاوەکو ئاوا شەیدای کارێکی لەو جۆرە بێ ؟ ئەورۆژە بە

برادەرێکم وت خۆزگە کاندید بوومایە بۆ ئەم هەڵبژاردنە جابزانە چۆنم مسۆگەر ئەکرد. وتی: چۆن؟ وتم: تەنها یەک بەڵێن زیاتریشم نەئەیا بەدەنگدەرانی ئازیزم! وتی: بەڵێنی چی ؟ وتم: ئەموت دەنگی خۆتانم بەنێ وەعدبێ بەزوترین کات دیدە گەشەکانتان بە دۆبلاجی بەشی سێهەم و چوارهەمی لاکشیبای بەکوردی برازێنمەوە، جابزانە دەنگم ئەهێنا یان نا؟. وتی:لاکیشیمبای کوژرا تەواو بەشی تر چۆن ئەکرێ وتم: منیش هەروەکو وەعدێکی هەڵبژاردن ئەم وت و هەرئەوەنەش مەفعولی ئەبوو تاوەکو دەرئەچوم، دوایی ئەوە کێ بەکێیە وتی: وەڵڵا بەزیاشەوە دەنگت ئەهێنا.

## ▪ بەشداری کردن بەشیعر

وتیان: کاکەزۆربەی زۆری قەڵەم بەدەستان خەریکی نووسینی جوانن بۆ یادی هەڵەبجە، تۆ چیت بۆ نووسیوە؟، وتم: هیچ، وتیان: عەجایەب! ئەو کارەساتەگەورەیەهیچی لادروست نەکردوویت؟، وتم: بەڵێ، وتیان: چی؟، وتم هەڵەبجەزیاتر پێویستی بەبێڵ و خاکەنازو گسك بەدەستە، وتیان: چۆن! تێناگەین، وتم: بۆ نموونەمن ئەتوانم مەقالێك وەیان شیعرێکی لاواندنەوەی زۆر ناسك بۆ ئەو یادەبنووسم، بەڵام ناتوانم بۆ رۆژێك تا ئێوارەلەکارێکی بەکۆمەڵی خۆبەخشیا لانی کەم شەقامێکی ئەو شارەلەو یادەیا پاك بکەمەوە، نەمامێك بچێنم، وەیان چەن سەعاتێك کرێکاری لەخانوویەکی هاووڵاتییەکی کۆست کەوتووی ئەو شارەیا بەبێ بەرانبەر کاربکەم. وتیان: ئەوەبەچ رێگەیەك ئەکرێ؟، وتم ئەوەسەقافەتی کاری خۆبەخشی و تەحەدای کارەساتە، کەلای یابانی و ئەڵمان و ئینگلیز هەیە، بەڵام لای ئێمەی کورد، بەداخەوەهێشتا ئەو گیانەدروست نەبووە، وتیان: ئەی حکومەت ئیشی چییە؟ وتم راستە، بەڵام ئەوەبەتەنیا کاری حکومەت نییە. وتیان: ئەو گیانەچۆن دروست کەین؟ وتم با لەخۆمانەوەئێمەی نووسەرو ئەهلی قەڵەمەوەدەست پێبکەین، یەکەم کاری هەرەوەزی وەیان وەجبەی ئیشکردن بەبێ بەرانبەر، لەهەڵەبجەی شەهید،

لەشانزەی سێی داهاتوودا، بەوانەدەست پێبکەین کەجوانترین شیعرو پەخشانیان بۆ ئەو کارەساتەگەورەیەنووسیووە، دوابەدوای ئەوەئەبینیت کەخەڵك چۆن هەموو ساڵێك لەو یادەیا پێشبرکێیانەبۆ خۆ ناونووسکردن بۆ ئەو کارەهەرەوەزییەنەتەوایەتییە. وتیان پێشنیازێکی بەجێیە، چۆن دەست پێبکەین نووسراوێك بنووسین بۆ لایەنی پەیوەندیدار لەناو قەڵەم بەدەستان؟ وتم: نا، وتیان: ئەی چۆن؟ وتم: ئەبێ پێشنیازەکەلەخۆمانەوەبێت وتیان تێناگەین روونی کەرەوەوتم: لەهەموو دنیادا نووسەر پێشەنگی ئەو خەڵکەیەو رێ پیشاندەرێتی وایەیان نا؟ وتیان: ئەشەمبیللا وایە، وتم کەواتەجوان نییەئێمەی نووسەرو رۆشنبیر خەڵك ئەوەمان وەبیربێنێتەوە. کەسێکی کورد لەیوتیوب جلوبەرگی مەلای پۆشیبوو، لەوتارێکی تایبەتدا کەبەموناسەبەتی نەورۆزەوەئامادەیکردبوو و بەدەنگ و رەنگێکی جوان بۆی تۆمارکرابوو ئەی وت: موسڵمانینەنەخەڵەتابن بەشداری ئاهەنگەکانی نەورۆز بکەن، چونکەئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوەحەرامەئاگرکردنەوەش لەو رۆژەیا واتا ئاگر پەرستی، بەڵگەشی بۆ ئەوەئەوەبوو کەسەحابەکان رەزای خوایان لەسەر بێت، لەگەڵ ئەولیای تابعین، ئەو جەژنەیان نەگێڕاوە، بۆیەئێمەش واجیبەلەسەرمان کەشوێن پێی ئەوان هەڵگرین و هەرچی زووەئەو بۆنەیەلەخۆمان و ماڵ و مناڵمانی حەرام بکەین. تائێرەش کێشەنییە، چونکەئەتوانین لەوەبگەین کەئەو بەڕێزەکەسێکەبیروباوەڕی وایەو ئێمەش ساڵەهای ساڵ خەباتمان بۆ ئەوەکردووەکەئەم

ئازادیەبێتەکایەوەو خەڵك لەسەر دەربڕینی بیروڕا لۆمەو ئەشکەنجەو ئازار نەدرێت. بەڵام ئەوەی لێی تێنەگەیشتم ئەوەبوو کەئەو زاتەلەوکاتەیا کەئەیوت لەبەر ئەوەی ئەو خوا لێڕازیبوانەجەژنی نەورۆزیان نەگێڕاوە، ئەبێ ئێمەش وەکو ئەوان بکەین. خۆی لەستۆدیۆیەك لەبەر تیشکی جوانترین و بەشەوقترین گڵۆپ دانیشتبوو و مایکرۆفۆنێکی لەبەر دەما بوو بەکامیرای دیجیتاڵیش وێنەی بۆ ئەگیرا! هەمووماان بەو مامۆستایەشەوەئەزانین، کەئەو ئامێرانەهەموویان داهێنانی نوێن و یەکدانەیان لەو زەمانەدا دوورەدا کەبەڕێزی کردویەتییەبەڵگەلەسەر ئەم میللەتەی خۆی بۆ ئیلغاکردنەوەی جەژنەکەی نەبووەو بەکار نەهاتووە، بەڵام بەخۆی رەوائەبینێ ئیستیفادەی لێبکا بۆ ئەوەی بەجوانترین شێوەدەنگ و رەنگی خۆی بەموسڵمانان بگەیێنێ و یەك زەڕەش خۆی هیلاك ناکا بچێت هەر لەو کتێبانەی کەچەنەها سەعات تیا گەڕاوەتا حەرفێك وەیان رستەیەك بدۆزێتەوەکەتاقەخۆشی و سیمبولی گەلەکەی هەر نەورۆزێکەئەویشی لێحەرام بکا، نەختێکیش بەدوای ئەوەیا بگەڕێ کەداخۆ ئەوکامێرا دیجیتاڵەو گڵۆپ و ئەو مایکرۆفۆنەی ئەم ئێستا بەکاریدێنێ و لەداهێنانی غەیرەدینن داخۆ فەزیلەتی بەکاری بێنێ؟ یان نەخێر نابێ، چونکەئەوانەبودعەن و هەموو بودعەیەکیش لەڕێگەدەرچوونەو خاوەنەکەی بەرەو ئاگری جەهەنەم ئەبا.

## ▪ لە بیل بوتوم

مامۆستای جوگرافیا ئەیوت ئاو هەوای ئەم ناوچەیە کیشوەریە زستان زۆر سارد وهاوینیش لەحەد بەدەرە، لەدڵی خۆما ئەم وت: مەزاجی ئێمە لەمەزاجی ئاوو هەواکەمان ئەچێت، بۆیە بەشەری ئێمە بە نیو سانیە پلەی عەسەبی بونەکەی ئەچێتە سەرو کوڵان و لەنیوەکەی تریشیا دێتەوەو ژێر سفرا. فەسڵە میانرەوەکەشمان هەر دوسێ هەفتەیە و ئیتر ئاو بێنەو دەست بشۆرە.

لەهاوینی ئەوسای سلێمانیا، جگە لەشەربەتی مێوژ کە بەفری چاڵە بەفرەکانی شاخەکەی تێئەکرا و کەلەی ئەتەزان. ئەم جۆرە ساردیانە هەبوون کە زۆر بەلەزەت بوون، بەڵام وەکو ئەوەی ئێستا نەبوون هەمووی ئەسڵی بوون: کۆکاکۆلا، بیبسی کۆلا، سێڤن ئەپ، سینالکۆ، مشن، تراوبی، کراش، میراندا، شابی. زۆر بەی زۆری ئەو مەشروبانە ئەمەریکی بوون، تەنها سینالکۆ نەبێ کە ئەڵمانی بوو وئەویش رەواجێکی باشی هەبوو.

پێش ئەمانەش خواردنەوەیەک هەبووە ئەویش لەشوشەیا بووە بەناوی راملێت بەریتانی بووە. تام ورەنگی جیاواز جیاوازی هەبووە سۆدەی تیابووە کاتێک خواردنێکی قورسیان خواردبێ بۆئەوەی ئەزمی کەن(هەزم). ناملێتێکیان کردوە بەسەریا، دوای ناملێت سیفۆن هاتووە،

کە بە سۆدە سیفۆن لەناو زاکیرەی میللیدا بەناو بانگ بوو. دەورو بەری کۆتایی شەستەکانی سەدەی پێشو، شیرین یاد سامی کاسبر لەیەکێک لەدوکانەکانی تەنیشت ئوتێل ئاشتی لەسلێمانی، مەعمەلێکی بچوکی دانابوو، جیهازێک بوو ئاوو رەنگو تام و سۆدەی تێکەڵ ئەکردو ئەیکردە بوتڵی ساردیەوە پێمان ئەوت عەسیر (عصیر) شوشەی بە دەفلس بوو، ئەو منداڵەی بچوایە سنوقێکی لایهێنایە ئەبو تەسکەرەکەی دابنێ تا بەتاڵەکان ئەباتەوە تەسکەرەکەی جاران دەفتەری بوو ئەوەی من لەسەری نوسرابوو یەک سندوق واتا سندوقێکم بردووە. ساردی یاریشی لەسەر ئەکرا، پێیان ئەوت (دەرکردن) لەخەلیج پێی ئەڵێن (طاش ماطاش) دوکەس گرەویان ئەکرد کە یەکێکیان بوتڵە ساردیەکەی زۆر توند رائەوەشان، ئەوی تر بەهەردو دەستی بۆی ئەگرت، ئەبوایە ئەوساردیە دوای هەڵپچرینی بەکلیلەکە بگەشتایەتە ئەو خەتەی کە ئەکێشرا، ئەگەر نەگەیشتایە ئەوەی هەڵی پچریوە ئەی دۆران، ئەوەی تر براوە بوو، چی تیابمایەتەوە بۆخۆی بوو، دۆراویش ئەبو پارەکەی بدایە بەدوکاندارەکە.

هەر لەسلێمانی و دەورو بەری ئەگەر باسی جوان بەخێر هاتنی جەماعەتێک یان کەسێکیان بکردایە، کە حورمەتێکی زۆریان بەرانبەر نواندوون، ئەیانوت بەسەری ئیوە (کۆکەم بۆ شکانن) واتا کۆکاکۆلام بۆ هەڵپچریون! جەماعەتیش وەڵا باوکم واجبی خۆت بەزیاوە بەجێ هێناوە. ئەوکات ساردیەک بە پانزە فلس بوو پیشتر بە چواردە فلس بووە کەئەکاتە سێ عانەی زەمانی مەلیکی، بەڵام ئەڵێن دوای تەموزی ١٩٥٨

عەبدولکەریم قاسم هەرعانەیەک فلسێکی بۆ زیاد ئەکا و عانە ئەبێ بە پێنج فلس ساردیەکەش ئەبێت بە پانزە فلس.

بۆ زانین عانە بەئەسڵ دراوێکی هیندیە لەسەر سیستمی چوار بەچوار ئەرۆیشت عانەکە چوارفلس بوو دوای ئەوە قران ئەهات کە چوارعانە بوو روپێیەکیش چوارقران بوو واتا شەست وچوارفلس.

ئەوەی من بیرم بێ لەسلێمانی نەنکم بەرەحمەت بێ نەی ئەوت حەفتاو پێنج فلس ئەیوت روپێیەک ئەگەر مەبەستیشی لە پانزە پەنجایی بوایە ئەیوت دە روپێ.

رۆژانەی مناڵ پێنج فلس بوو، مەگەرخوا پێیاو دەفلسی وەربگرتایە چلورەی کارگەی شەهلاو ئەرخەوانی سلێمانی خۆشترین ساردمەنی ئەوکاتەبوون یەکی بە دەفلس بەڵام بایی پێنجیش هەبوو، ئەی کرد بەدوکەرتەوە. ئەگەر بەدوو کەس لەشوێنێک ساردیەکیان بەربکەوتایە ئەبو یەکەم نیوەی بخواتەوە ونیوەکەی تری بۆ برادەرەکەی بهێڵێتەوە، جاری واهەبوو ئەوەنە لەزاری بەتام بوو چۆڕی لێئەبری جەماعەت ئەیانوت بێ قەزابێ لەبیل بوتم نای بەسەریەوە ( ئەمە لەسلێمانی جاران ئەوترا ئێستا نابیستم)، بیل بوتم ووشەیەکی ئینگلیزیە لەدوو بەش پێک هاتوە (bell bottom) واتا جەرەسی بنەکەی، بەکوردیەکەی کاکم هیچی نەهێشتەوە جەرەسی بە بنی بوتڵەکە لێیا.

## ■ لەپەنجاکانەوە ئەخوێنمەوە

لەچاخـانەکە دانیـشتبووین کـاک سـەرکەوت وتـی: نـایەی بـۆ سیمینارەکەی کاک دەرکەوت، وتم: سەبارەت بەچیە؟ وتی: دیراسەیەکی تێـرو تەسـەلی لە سـەر شـیعرەکانی مەحـوی کـردووە، لەوێ ئەیخوێنێتەوە.وتم: یەک دەفعە مەحوی ؟ وتی: بۆ کاکە نابێ؟ وتم: بۆ نـابێ ئەو بـرادەرە نەبـوو کە لە قاوەخـانەی فەلـسەفی دانیـشتبوو باسـی شیعری کلاسیکی ئەکرد؟ وتی: دەم خۆش خۆیەتی وتم: ئێ رەحمەت لەمردوت ئەورۆژە زۆر باسی مەحوی ئەکرد، منیش پێموت: ئەتوانی شـەرحی نیوە دێری (منی غەفلەت زەدە هێـشتا خەریکی مەسـئەلەی دەورم)بکەیت؟ وتی: کوێی شەرح کەم وتم: مەسئەلەی دەور چیە؟ وتی: ئەوە گرنگ نیە! وتم باشە لەشوێنێکی کەیا مەحوی ئەڵێ (قەزیەم مانع الجمع) ئەی مانع الجمع یانی چی؟ ئەویشی نەزانی مەجبور وازم لێهێنا باشە ئیتر لەو سیمینارەیا چی لەبارەی مەحویەوە ئەڵێ! ئاخر پیاو بەو هـاوینە گەرمە لەهۆڵێکا دانیشێ نابێ لەبری ئەوە نەختێک مەعریفەت وەرگرێ؟.

لەلای هەمـوو گەلانـی دنیـا نوسـین لەهەر بوارێکـا بێـت، ئەبێـت مەعریفەتی لەپشتەوە بێت لەم وولاتەی ئێمەیا نەبێ شاعیر نەخوێنەوار نوسەری وتار هەمان شێوە، لێکۆڵەرەوە لەوان کڵۆڵ تر بەشی ئەدەبیی

گۆڤـارو رۆژنامەکـان رەفیـق رەفیقێـنەیە، ئەوەی ئەدەب وهـونەر بـێ جێگەی تیا نابێتەوە. ئەندام بوون لەرابیتەی خاوەن قەڵەمان! مەرجی یەکەمی ئەوەیە نوسـەریی چەن دانە دیوانەکـۆکەیەکی ناشـیعری بێـت، کە لەخـۆی زیاتر کەسی تر نـایخوێنێتەوە. ئیتر دەیەهـا وتـار ولێکـۆڵینەوە وکتێبی ئەکادیمیت هەبێ واستەیەکی قەوی وقۆڵت نەبێ وات فڕێئەدەن لە کەنـداوی عومـانیش خـۆت نەگـرێتەوە. هەمـوو جومگەکـانی بـواری رۆشـنبیریی ئـێمە بەداخەوە مـودەعی سـەقافەت کۆنترۆڵیـان کـردووە ئەگەر شـێخ رەزا بمابـایە لەبەر هەجـوی ئەوانە فریـای هەجـووی کەسیدیکە نەئەکەوت. نەشیعرمان لەشیعر ئەچێ نە رۆمانمان رۆمانە نە وەرگێرانیـشمان وەرگێرانە، هەر هەمـووی بە پـاتەوە وەژور کەوتـووە، برادەرێک وێنەی کتێبخـانەکەی ماڵەکەی خۆی دانابوو حسابم کرد بە شـەش دانە فەیلەسـوفی مـوعتەبەری دنیـا ئەوەنە کتێبیـان لەمـاڵەوە نەبـووە، کەچی ئەو بەرهەمانەشـیان بـۆ بەجێ هێـشتوین ئەو بـرادەرەی لای خۆمـان بەو هەمـوو کتێـبەی کە گوایـا خوێنـدۆتیەوە نـاتوانی نیـو وتاری ماقوڵ یان شیعرێکی نیوداشتیش بنوسێ .

کـاک سـەرکەوت لەبەر خـۆیەوە: خەڵکانێـک بەردەوام رەخـنەی روخێنەر ئەگرن وتم: ئەی رەخنە ئەبێ چۆن بێت؟ وتی: بنیادنەر، وتم بینایەک خوار دروست کرابێ، ئەگەر نەیروخێنی چۆن بەرێکی دروستی ئەکەیتەوە؟. ئەم دیوارە رۆشـنبیریەی ئێمەش کە بەدەگمەن رۆشـنبیریی تیـا ئەبینی. ئەبێ جارێکی دیکە دورسـت بکرێتەوەو جومگەکانی بـدرێتە دەسـت کەسـانی بەهەق رۆشـنبیر، وتـی: کـاکە ئەوە ئەڵێی چی منێـک

کەلەپەنجاکانەوە ئەخوێنمەوە چۆن ئاوا بەئاسانی تەسلیمی ناشیەکی بکەم؟ وتم: راست ئەکەی لەپەنجاکانەوە ئەخوێنیتەوە بەڵام خۆ خوێنەنەوەش مێشکێکی ئەوێ کەتێی بگا، وتی: کاکە ئێمەی کورد گرێی خۆبەکەم زانینمان هەیە، ئەگینا دەیان بیرمەند وەهەتا فەیلەسوفیشمان هەیە! وتم: ناوی یەکێک لەو فەیلەسوفانەم پێبڵێ وتی: پیرەمێردی شاعیر وتم: پیرە مێرد رۆشنبیرو شاعیرێکی زۆر جوانی کوردە بەڵام نەک فەیلەسوف بیرمەندیش نەبووە. ئەوەی کە ئەم خەڵکە وەکو تۆ واتێی گەیشتون کە فەلسەفەیە نوسینەوەی پەندی پێشینانە بە نەزم (شیعر) وتی: دیارە تۆ پیرەمێردیشت بەدڵ نیە وتم: ئەگەر بەدڵم نەبوایە ئاوام بۆ یادەکەی نەئەنوسی:

(سپی وەکو رەنگی بەفر سادە وەکو ئاوی کانی
رێبوارێک بووی لەئەستانە دارتویەک بوی لەسلێمانی
هزرت بۆنی نێرگسی تەر رۆحت شەیدای کوردەواری
سەدان ساڵ بوو هەر چەکوش بوو نەورۆزت کرد بەگۆرانی)

لەدڵی خۆما وتم: کاک سەرکەوت راست ئەکات لەپەنجاکانەوە کتێبی بەدەستەوەیە، بەڵام یان شتێکی نەخوێنۆتەوە مەعریفەتێکی تیابێ یان تیابوەو لەم گوێیەوە چۆن هاتووەلەو گوێیەوە بەبێ ئیستیفادە رۆشتۆتە دەرێ.

## ▪ لەسەر زیافەت بووم

لەسلێمانی جاران، ووشەی زیافەت بۆ چون بۆ نانخواردن بۆماڵی دۆست وناسیاو لە ووشەی دەعوەت زیاتر بەکار ئەهات، بۆ زانین هەردوو وشەکەش عەرەبین زیافەتەکە لە(ضیافة)واتا میوانداریەوە هاتوە ئەوەی لێی گۆرابوو، تەنها پیتی یەکەمی بوو کە بۆ ئێمەی کورد قورس بوو بیڵێین بۆیە گۆریبومان بە (ز) دەعوەتەکە، کە ئێستاش هەر بەکاردێ ئەویش لە (دعوة)وە هاتوە، واتا بانگ هێشت کردن. ئەوەی زیاتر گوزارشت لە چون بۆ دێنی و نان خواردن ئەکا زیافەتەکەیە نەک دەعوەتەکە. کەواتە سلێمانی پەنجاکان و شەستەکان ووردتر قسەیان کردووە نەوەک هی ئێستا.

هەر لەسلێمانی ئەگەر دەعوەت لەدەرەوە بوایەو شایەنی باس و گرنگی پێدان بوایە ئەواترا دەعوەتێکی عەلی سورتان بۆئەکەم، یان ئەوترا کاکە لە عەلی سور کەمتر قبوڵمان نیە.عەلی سور بەرێزێکی خەڵکی شارەکە بوو مەتعەمێکی هەبوو ئەکەوتە تەنیشت چاخانەی ئەوقافی جاران، بەرانبەر دەرگای سینەمای رەشید سالانی شەستەکان، زۆر بەنامێ بوو، بۆیە ئەوێ ئیتر ئاخری مەتافی خواردنی چاک و خۆش بوو.

ئیــستیفادەکردن لە ووشـــەی بێگـــانە ئەگەر نەشـــارەزاییانە کـــرا بێگومـان کارەسـاتە، جـاران ئەوتـرا دەنگی خۆشـە، ئێـستا ئەڵێن سـەوتی خۆشـە! لەبری چاوەروان نەکراو یان کوتوپر ئەڵێن سـوپرایز! کاتی خـۆی ضـیق الـنفس (رەبـو) کرابـوو بە دوقڵی ئەلـنەفەس هەمـو کەسـیش تێی ئەگەیـشت، یـان مـوت موفـاجئ واتـا مردنـی کوتـوپر کرابـوو بە مەرگی موفاجـات! ئەگەر بەقــسەی میــدیاکارەکانی ئێــستامان بــوایە ئەبــوایە بـوترایە مردنی سـوپرایز!. کاک قاسـید شـیعری شـاعیرانی بە موسـیقاوە ئەخـوێنەوە بـۆ ئەوعـالەمە، گـوێم لێبـوو ئەیـوت: زەڕەیەک خـاکی وەطەن نـادەم بە قەصـری قەیـصەری، وتـم: کاکە بـۆ وا بەوخەسـتیە! وتـی: ئەی شـیعرەکە وایە، وتـم: قەت وانەبـووە شـاعیر خـۆی خەڵکی سـلێمانیە، تـۆ بیـستوتە لەسـلێمانی بڵـێن قەیـصەری نەقیـب یـان قەصـرەکەی تۆفیـق قەزاز یان وەطەن؟ هەر قەیسەری و قەسرو وەتەن نەوتراوە ؟.

نیـوەرۆیەکی گەرمی هـاوین لەمەحکەمەی جارانی سـلێمانیەوە بەرەو مزگەوتـی گەورە سـەربەرەوخوار ئەبـومەوە، لەنـاو ئـاپۆرەی عەرەبـانەو خەڵکەکەیا یەکێک لەدواوە دەستی خستە سەرشـانم، - ئەڵێی بەدزیەوە دێیـتەوە کوری بـاش، ئـاخر چـۆن وائەبێ یـان کە ئەچـنە ئەو هەنـدەرانە یەکسـەر خۆتان لێئەگۆڕێ و ئیتر کەس ناناسـنەوە. وتم: خۆ بەمناڵی رووم لەوێ نەکـردووە تـاوەکو بگـۆڕێم بەخـوا تـازە بەتـێڵاش نـاگۆڕێم. - دەی وازی لێبێـنە هەر بـۆ خۆشـی وامـوت خـوا ئاگـای لێـیە ئێـستەش قـسە خۆشـەکانی بەرنـامەکەو ئامۆژگـاریە جوانەکانـت لەگوێمانـا ئەزرنگێـتەوە وتـم: بیرتـان مـاوە! - ئەی بێقەزابی مـن یەکێـک بـوم لە موتـابیعینە سـەر

سـەختەکانی بەرنـامەکەت. دەی کەی لەخزمەتتـا بـین - کـاکە گیـان خزمەت لەمنەوە، پێوسیت بە ئەزیەت ناکا - بەوەنەی سوێن و قورعان هیچ مەجالێکی تیانیە هەر ئەبێ نیوەرۆیەک ئێوارەیەک لەماڵی خۆمان پـێکەوە دانیـشین. - باشـە دێـم بەڵام چـایەک ئەخـۆینەوە. -حەی لەم هـاتنە دیـارە ئەوروپـا خـواردنی کـوردی لەبەر جـاو خـستووی! کاکە تـۆ گوێبگرە رۆژی جـومعە بـۆ نیـوەرۆ بـێم بەشـوێنتا؟ - نانـا پێویـست ناکا عینـوانەکەم بەرێ خـۆم دێـم. رۆژی دیـاری کـراو مـاڵی خوشـکم تەلەفونیـان کـرد وتیـان وەرەوە لای خۆمـان قوبـوڵی بەروبە هەنارمـان هەیە ئەوەی تۆ حەزت لێیە، - ناتوانم بەخوا. - مامۆستا زیافەتی کردوم نەچـم عەیـبە، تەکـسیەکم گـرت ساردیەکەشـی ئیـشی نەئەکـرد تاگەیانمیە ئەوێ خوسانمی، لەدەرگام دا کردیانەوە: مامۆستا لەماڵە؟ - نەوەڵا، لەوە نەئەچـو عـیلم و خەبەریـان لەم زیـافەتە هەبێ! بڵـێم چی زیـافەتی مامۆسـتام ؟ - کـاکە ئیـشت پێی هەبـوو کەهـاتەوە بڵێـین کێ هــاتبوو ؟– لەبەرنــامەی مەتەڵ و بەخشیــشەوە هــاتووم، بڵــێن ئەم پرسیارەی بۆ بەجێ هێشتووی ئەگەر هەڵی هێنا پاداشتەکەی بۆ دێتەوە ماڵەوە (لەچ مەوقیفێکا ئەوترێ کوردەکەی لەهەردو جەژن بوو)؟.

## ▪ لەگەڵ زاهیر

لەگەڵ کاک هونەر-ی هونەر دۆست دانیشبووین، وتم: ئەزانی میدیا بەگشتی و بەتایبەتی بینراو و بیستراو لەناو کۆمەڵگا پێشکەتووەکانی دنیایا، کاریگەری سەرەکی هەیە لەسەر بڕیارو و جۆری بیرکردنەوە. هەتا ئەگات بەدروست کردن و گۆڕینی ڕێرەوی رای گشتی، باشە ئەگەر ئەوە بەو جۆرە بێت لەناو جۆرە کۆمەڵگایەکا کە لەبواری پێشەسازیا زۆر پیشکەوتوون یان وەکو ئەمەریکا چوونەتە ئەودیوی قۆناغی پێشەسازیەوە و رادەی نەخوێنەواریان نزیکە لە ئاستی سفر. واتا کەس نابینی حەرف لێک جیانەکاتەوە، ئایا ئەبێ لای ئێمە چۆن بێت ؟ کە ئەورادەیە نەک هەر بەرزە بەڵکو زۆربەی زۆری خوێنەوارەکەشمان دوای تەواو کردنی خوێندن، ئیتر شەق لە هەموو خوێندنەوەیەک هەڵئەیەن و ئەڵێن تەواومان کرد! چیتان؟ تەواو کرد ئامۆزا؟ خوێندن!. ئەوە راست نیە چوونکە تا ئەوکاتەی سەرت لەبەردی ئەلحەد ئەیەی، هەر لەسەر تەختەی مەکتەبی و فێر ئەبی توخوا وانیە کاک هونەر؟ کاک هونەر ئەی بێقەزابی هەر خەریکی ئەم فەلسەفانەی بۆیە کەس حەزی لەچارەت نیە. ئەورۆژە هاتی بۆ چاخانەکە بروا بکە هەر کە لەدورەوە دەرکەوتی جەماعەت دۆمینەیان ئەکرد، وتیان یاحافیز ئێستا سەرو دڵمان ئەگرێ نەشڵێی ئەوانە هیچ نین، ئەوانە هەموویان موسەقەف

وخــوێنەوارن رەمبێ هەنــدێکیان لەتــۆش زیــاتر. بەڵام بەخــوا حەزیــان لەقسەکانت نیە کاکە گیان ئەوەش نەبێ دنیا خۆی هەر ئەروا، قابیلە ئەوخەڵکە لەسەر سەقافەت پەکیان کەوتبێ!. دواییش یەکێک مەکتەب و زانکـۆ یـان پەیمانگـایەکی تەواو کردبێ بڵێی بـایی ئەوەی پێنەبێ لەنـاو جەماعەتێکا دوو قسە بکا، وەرە خەڵکت بۆ بێنم هیچیش ناخوێننەوە لەبلەبانێکن بۆ خۆیان! ئەمویست تێی بگەێنم کە سەقافەت ئیدامەی مەعلومــاتە و بەردەوام پێوســیتی بە تــازەکردنەوە هەیە، ئەو ئەیــوت قسەی چیم بۆ ئەکەی باوی کتێب ومتێب نەما نە. من بەش بەحاڵی خــۆم ئێــواران ئەیــخەمە ســەر ئەو کەنــاڵە کوردیــانە هەر لەچێــشت لێنانەوە تیایەتی تاوەکو ئەگاتە موناقەشەی سیاسی و باسی فەلسەفی بەقەوەت، کــاکی خــۆم خــۆت نەتــوت ئەلعــان ســەردەم ســەردەمی میـدیایە؟. وەڵا ئەوشــەوە لەبەرنـامەی لەگەڵ زاهیـر وتـم: زاهیـر کێـیە؟ ماڵـت ئـاوا بێ ئەو بەرنـامەیە سـەیر نـاکەی، پـێم نـاڵێی تـۆ سـەیری چی ئەکەیت؟. بـۆ ئێستا بەرنامە بەناوی پێشکەشکاریشەوە ناو ئەنرێ؟ بـۆ نابێ! ئەی ئەگەر ئەو حەفتەیەک نەخـۆش بـوو، تایەر ناوێک لەبری ئەو پێـشکەشی کـرد، ئەنووســن ئەمجارەیـان لەگەڵ تـایەر!. کـاکە تـۆ هەر رەخــنە ئەگــری ئەوان میــوانی زۆر بەتوانــا ئەهێــنن، لەســەر مەســەلە کۆمەلایەتی و ئیقتیسادی و سیاسی وئەدەبی وفەلسەفیەکان قسەمان بـۆ ئەکەن. ئەورۆژە هەر لەو بەرنامەیەیـا هـاوڵاتیەک باسـی نەهـامەتی خـۆی ئەکرد. باوەڕ ئەکەی زاهیر خۆشی هـۆن هـۆن ئـاو بەچاویا ئەهاتە خـوارەوە، بـۆی بـڕوا نـاکەم تـۆ بتـوانی ئـاوا بەراسـتی لەسـەر تەلەفزیـۆن

بگریـت ؟. وتـم: رەحـمەت لەباوکـت ئەوشـوێنەی زاهیـر ئیـشی لێئەکـا سـەبەبی بەشـێکی ئەو قوربەسـەریەی ئەو هـاوڵاتیەیە. فەریـدون: دەوەرە شەق نەبەی بەراستی تۆ پیاو دەهری ئەکەی ئێ راگەیاندن بڵێ چی! کاکە ئەوتەرحە راگەیانـدنە بێ حـساب دۆلاری  ئەم نەوتەی کە حەفتا سـاڵە شەڕمانە لەسەری لێ خەرج ئەکرێ.

## ■ لەوەسفی گیپەیا

ئێمەی کورد گرنگیەکی ئەوتۆ مان بە ئەدەبی نامە گۆڕینەوە بەشیعر نەداوە، تەنیا ئەو نامەیەی بەینی سالم و نالی نەبێت کە بەدو چامەکە بەناوبانگن. ئەوانیش ڕێک ناچنە ژێر وەسفی نامەوە چونکە شتی شەخسی نەبوون، ئەوەی لەئەدەبی عەرەبیا بەرچاوم کەوتوە، بەشێک لە شیعریان هەیە پیی ئەڵێن ئیخوانیات، نامە گۆڕینەوەیە لەشیوەی شیعر یاخود نەزمدا کە تەنز ئامێزە، لەنیوان ئەو شاعیرانەی کە برادەری یەکتری بوون جۆرێک لە تەحەدای مانا کاری و هۆنینەوەو بەردەوام بوونی تیایە. سەرچاوەکان ئەڵێن لەسەردەمی بۆیهیەکاندا کە دوروبەری ساڵی ١٠٦٥ زاینی حوکمیان کردووە ئەو تەرحە شیعرە زۆر برەوی هەبووە. من هەندێک نامەم بەو شیوەیە بۆ ئازیزی خۆم نوسیوە بەڵام لەبەر ئەوەی بە خوێنەریان ئەدەبی کوردیمان نامۆیە بروانا کەم لەهیچ شوێنێک بڵاو بکرێتەوە، خۆیشم هەوڵی ئەوەم نەداوە.دڵنیاشم کە تاک وتەرا خەڵکی تریش ئەو تاقی کردنەوەیان هەبووە ئەوانیش هەر لەبەر ئەو هۆیە رەنگە گرنگیان پێ نەدابێ. دواتر ئەوە ئەبێ لەنێوان دوکەسا بێت کە هەردوکیان شاعیر بن، ئەگەر سالم نەبوایە ئەبو کێ وەڵامی نالی بەشێعرێک لە هەمان جنس وهێزی شیعرەکەی ئەو بدایەتەوە؟.

بابەتێکی تر هەر لەشیعری عەرەبیدا بەرچاو ئەکەوێ و لەشیعری کوردیدا دەگمەنە، ئەویش هەر تەنز ئامێزە وەسفی خواردنە ( ابن الرومی) یەکێکە لەشاعیرە گەورەکانی عەرەب کە لەسەردەمی کە عەباسیەکاندا ژیاوە زۆر بە ووردی وەسفی خواردن ومیوەو شیرینی کردووە، بێگومان ئێستاش ئەو جۆرە شیعرانە مەبەست لەئیخوانیات و وەسفی خواردن لەشیعری عەرەبیدا بەردەوام ئەبینرێن.

ئەڵێن پیرەمێردی شاعیر نەوسن بووە، بە دەلیلی ئەوەی بەردەوام پارویەک کەبابی لەگیرفانا بووە، من ئەوە بۆ نەوسنی ناگێرمەوە بەڵکو بۆ عاداتی ناوازەی نووسەران، کە لەژیاننامەی نوسەرە گەورەکانی جیهاندا بە پێچەوانەی ئێمەوە یاداشت کراون. رەنگە لای ئێمە ئەو شتانەیان بە گرنگ نەزانیبێ! بۆ نموونە (گۆتە) ی گەورە ئەدیبی ئەڵمان هەر بەپێوە شتی نوسیوە. بەڵام مارک توین پێچەوانەی ئەو بەپاڵکەوتنەوە شتی نوسیوە. ئەڵێن مصطفی العقاد نوسەرو بیرمەندی میسری بەناو بانگ، ئەو مێزەی شتەکانی لەسەر نووسیوە، ئەوەنە بچوک بووە نەیتوانیوە بە ئیسراحەت قاچی لەژێرا رابکیشێ! بەڵام قەت بیریشی لەگۆڕینی نەکردۆتەوە!. احمد شەوقی میری شاعیران، زۆر جار شیعری لەبەری دەستیا نووسیوە، بەڵام ئێمەی کورد نەک هەر عاداتی شاعیرە کۆنەکانمان بەڵکو هی ئەوانەی سەدەی بیستەمیشمان نازانین. بۆ نمونە ئایا گۆران چ شتێک زۆر دوبارەبۆتەوە لەژیانیا؟ چۆن و لەچ کەشێکا شیعری نوسیوە نایزانین؟.

شەوێک دانیشتبووم زۆم برسیبوو لەوەسفی سەروپێیا شیعرێکم نووسی لە واڵەکەی خۆم لەفەیس بوک دام بەزانـد، زۆر بەی زۆری ئەوانەی خوێندیانەوە وتیان بەیانی یان خۆمان لێی ئەنێن یان ئەچین لەسەروپێخانە ئەیخۆین لێتان ناشرمەوە خۆیشم کەخوێنمەوە حەزم لێکرد! لەوەڵامی کۆمێنتی ئازیزێکا نووسیم کەوابێ ئەبێ سەروپێخانەکان ئیشتیراکی بەلاشی لانیکەم سێمانگی گیپەم بۆ بکەن چوونکە ریکلامێکی باشم بۆ کردوون.

**وەکو داعش هەڵمەتی برد بۆ سەر سفرە لەولامەوە**
**شانێکی وای تێسرەوانم دوو دەورەی رێک خولامەوە**
**وتم چی بوو خوایە بۆ وا سەبرو تەحەمولی نەبوو**
**کاتێک بینم گیپە هێنرا منیش یەکسەر گیرسامەوە**
**ئەم لام ئاوی سەروپێ بوو پر لەزمان و پێچکەی کوڵاو**
**ئەولام ریزێک گیپە دانرا نەختێک دور بوو هێنامەوە**
**دانەیەکم هەڵوشان چی! برنج دانە دانەو مێخەک**
**بیبەری رەش داو دەرمان لەبەرامەی بورامەوە**
**وتیان فریای کەون دۆیەک یان ئاوێکی ساردی بەنێ**
**کاتێک ناوی شیلاوگ هات لەبێ هۆشی گەرامەوە**
**نەم ئەزانی چۆن زۆر بخۆم ئاخر ئەوە هەر یەک جارە**
**بیبسیەکم بین پێوە ناو بۆ جەولەی دوو هەڵسامەوە**

## ▪ مردووەکانی کاک زەینەدین

کاک زەینەدین تەزبیحە قەزوانەکەی کردە مەچەکی و چا تاڵەی کردە ژێر پیاڵەکەوەو پارچەیەک شەکری خستە گوپی ئەم سەری ومژێکی لەچاکەیا و وتی: کاکە هەروا دەبێ، کەسێکتان دیتوە لەپڕێکا بوبێتە کوڕێ؟. جەماعەت:وایە وا، بەرام ئاخر، کاک زەینەدین: بەرامی چی؟ ئێوە دەتانەوێ ئێمەش وەکو ئەمەریکای بین رەحمەت لەباوکتان ئەوان وەکی دەرێن پێنج سەد ساڵ زیاتریش، لەو مەجالەی دا لەپێشمانەوەن. توشەرەفتان پێشی ئەوەی ئازاد بین یەک بیرەنەفتمان لە کوردستانێ هەبوو؟ مەخسەدم کەرکوکێ نیە ها، ئەویش هەر کوردستانە دوایە لێم نەکەنە هەرای، خانی بەرزمان لە سێ قات و چار قات تێپەری دەکرد؟ ئەوەندە سەیارەو جادەی کەشخەمان هەبوو ؟ ئێوە تەماشا کەن وەڵڵا پایتەختی ئەمە شان لەشانی قەتەرو ئیماراتی دەدا، ئەنگۆ لۆ هەر شتە خراپەکانی دەبینن؟ خۆ دنیا خەراب نابی نەختێکیش باسی شتە باشەکانی بکەن، برادەرینە ئەوەندەی رەش بین مەبن مە.

کاک جەوهەر: ئاخر موعارەزەیش قسەی خۆیان هەیە؟ کاک زەینەدین: ئەی سندان لەبناگێی موعارەزەی توخودا ئەوەش بوو بە موعارەزە، بەمن نارێن موعارەزەی چ دەکەن؟ وەڵڵا لەخۆشیانا

هـاربووینە هەر یەکەو سـەتەلایت و جەریـدەو گۆڤـاری لۆخـۆی دانـایەو بە کەیفی خۆی جون دەداتن، کەسیش پێی ناڕێ ئەولای کەپوت نوختەکی ڕەشی پێـوەیە، لەوە دیموکراسی تـر ئیتر چیـان دەوێ؟ ئێ خـۆ دەسـەڵات وەرگـرتینیش هەروا هەوانتە نیە؟ بـرام ئێـوە خۆتـان وەکیـل بـن کام لەو عزبـانەی کە ئێـستا ناویـان لەخۆیـان نـایە موعـارەزە ئەگەر دەسـەڵاتیان لەبـن هەنگڵـی بـایە ئاوهـا بەئاسـانی تەسـلیمیان دەکـرد؟ بـرام ئەمە حکومەتە پارلەمانە دام ودەزگایە گەمەی منـدارانی نـیە، هەر کەسـێکی بێـت ونەزانی لەکـوێ راهـاتووە تەسـلیمی کەی، لەوەش مهیم تـر کاکە عـزب هەیە جەمـاوەری خـۆی هەیە دەنگی خۆیـان دەدەنێ و دەردەچێ، ئەوجـا موعـارەزەی بـا هەر لەوورگی خـۆی بـداتن. راوەسـتە ئەمـن دەزانـم ئەوانە لـۆ وا دەکەن کـورت وکرمـانجی جەماوەریـان نـیەو دەیـانهەوێ بەتۆبزی دەسەڵاتی بفرێنن.

کاک ئەمیر سیاسی لەلاوە توند بەلەپی دەستی دای بە سنگی خۆیاو وتـی: ئەشـهەدو مـابیلا ئـا لەمەدا سـەد لە سـەد لەگەڵـتم، ئەوە راسـتە دەبێ ئەوەی لـۆ حـوکمی جەماوەری بەجێ بهێڵرێت. کاک زەینەدین: ئەی ڕەحـمەت لەبابـت ئەوێ ڕۆژێ کەنـاڵی حەفـت کەڕەت حەفـت بەرنـامەکی هەبـوو لەسـەر پەرۆشـی خەڵـک بـۆ دەنگـدان لەبـۆ ئەولایەنەی کە خۆشـیان دەوێ لە وڵاتەکی نـاوەکەیم ئێـستا لەفکر نەمـایە، بـڕوا بـکەن یەکێـک بە جەڵـدە مردبـوو هـاتبووە خەوی لایەنەکەی و پێ گودبـوو لەو دکتـۆرەی خـۆش دەبـم کە ئەگەر زو بهاتـایە بەلامەوە ئـاوا نەدەمـردم، بەرام بەو خـودایەی ئەگەر نـاوی مـن و ئەومـردیە بەرێـزانەی کەئێـستا

لێرۆکانە لەگەرمن لە تۆماری دەنگدەران رەشکەنەوە و لۆمان نەکرێ بەشداری ئەو دەنگدانە پیرۆزەی بکەین قەتاو قەت گەردنتان ئازا ناکەین.

## ■ مریشکی خواردووە

کاک حسێن ئەوەنە زیتەڵ بوو، دوای تەقاویت بونیشی لەسلکی عەسکەری بە قەدەر کورێکی چواردە ساڵ بەنەشات بوو. هەرچیەکیشت لێبپرسیایە نەی ئەوت نایزانم! ئەم وت ئاخر ئەوە ماقوڵ نیە، پیاو دکتۆراشی هەبێ هەر لەبابەتێکا هەیەتی، یان ئەگەر سەنعات کار بێ ئەوا دوو بلێ سەری لەچوار سەنعەت دەرکرد، ئاخر هەموو شت زانین باوکم بەخوا موبالەغەیە. کاک ماهیر سەری لەکارەبا ئەخورا، لەملامەوە خەریکی فیوزەکەی مەتعەمەکەبوو سوتابوو لەبەر خۆیەوە: باوکم چۆن ناسوتێ، ئەوەتا تەلێکی باریکیان لێبەستووە خۆی ئەبێ ئەستور بێ! وتی: کاکە من ئەزانم کاک حسەین بۆ وا ئەڵێ وتم: بۆ؟ کاکە ئەو تەقاویت بوەو مەعاشەکەی دایمە کورت ئەهێنێ، ئەیەوێت دەستی لەئیشێک گیربێت. وتم باشە کەوایە بەشکم لەم لۆقنتەخانەیە ئیستیفادەیەکی لێبکەن، کاک ماهیر وتی: ساحێبەکەی چووە بۆ حەج ئێستا لێرەنیە، دوای جەژن تەشریفیان دێنەوە بزانم قسەیەکی لەگەڵ ناکەم. ماوەیەکی پێچوو رۆژێک چومە مەتعەمەکە بینیم سفرەچیە! لەدڵی خۆما وتم: ئەشەمبیلا راستی کرد لەهەمو شتێک ئەزانێ هات بۆلام وتی:ئەمرکە وتم: زاڵم ئەمرنەکا فاسۆلیایەک. لەوبەرمەوە کابرایەک دانیشتبوو قۆزی ئەخوارد پێش من دەستی هەڵگرت و دەست ودەمی

بەهێواشی شت و چوو بۆلای مێزی پارە واسڵ کردنەکە، کاکی سفرەچی دوای کەوت منیش هەر سەیرم ئەکەم بزانم بۆچی وابەپەلە دوای کەوتووە؟ هەردوکیان بەیەکەوە گەیشتنە بەردەمی مێزەکە کاک حسەینی سفرەچی وتی: ئەمە گۆشتی خواردەوە! ووشک بووم وتم: خۆ بەدزیەوە نەیخواردوە، بلێی تاوانێکی کردبێ دواتر گۆشتی خواردەوە چیە؟ گۆشت نەوعی زۆرە براژاو کولاو قۆزی یان هەر گۆشتی ئاسایی؟ شوکری خوام کرد وتم: بەس نەبو منیش قۆزیم داوا نەکردبوو، ئەگینا منیشی بەو دەردە ئەبرد و جاوەرە دومناڵی ئەم شارە گوێیان لێبێ ئیتر لەهەرکوێیەکەوە بڕۆی بەگۆشتی خواردووە شێتیان ئەکردی.

لەهەموو ئەو وولاتانەی دنیا کە ئەیانەوێ سیاحەت بەشێکی گرنگ بێ لە داهاتی نەتەوەییان زۆر گرنگی بە کەرتی مەتعەم ئەیەن و فێرگای تایبەتیان بۆ پێگەیاندنی کادیری کارامە لەوبوارەیا کردۆتەوە. چۆن میوانەکە بەخێرهاتن ئەکرێ، چۆن خواردنی پێشکەش ئەکرێ، چۆن کەتەواو بوو بە هێواشی وەسڵی حسابەکەی بەشێوەیک لەسەر مێزەکە بۆ دائەنرێ کە نەبینرێ، نەوەک زۆر بێتو چای دوای نانخواردنەکەی بەدڵەوە نەنوسێ. نازانم بۆ تائێستا بیرمان لەوە نەکردۆتەوە یان ئەمانەوێ ئەونەوتەی کە هەمانە چۆڕی لێببڕین دوای ئەوە بکەوینە خۆمان و سەرچاوەیەکی تربۆداهات بدۆزینەوە ؟.

هەر بەبۆنەی گۆشت خواردنەوە ئەڵێن لەسەرتاسەری جیهانا زیاتر لە پەنجا ملیار مریشک هەیە ئەم مریشکانە هەمووی لە کێڵگەی بەخێو و زۆر کردنا بەرهەم ئەهێنرێن، چونکە مریشکی بە تەبیعی بەخێو

کراو بەقەولی خۆمان مریشکی کوردی بۆ زانین عەرەب پێی ئەڵێ (دجاج عەرەب) فریای ئەو هەموو مریشک خۆرە ناکەوێ. ئەوساڵە لە یەکێک لەو دێهاتانەی کوردستانی لای خۆمان بینیم هەر خەڵکەو بەدارەوە رائەکات!. منیش بۆ فزول دوای قەرەباڵغیەکە کەوتم بزانم چیە بینیم چەقەڵێکێکیان گرتووە بەهەرچوار دەورا کەوتونەتە وێزەی. وتم: بۆ وا لەو بەستەزمانە ئەکەن چی کردووە ؟مام عەول هەڵی یایە: مامۆستا برۆ لەولاوە بوەستە تۆ خەڵکی شاری دڵت ناسکە بەدەم وەشانی دارەکەی دەستیەوە بۆ لاقەبرغەی چەقەڵی داماو: نازانی ئەم بێدینە! چی کردووە دوو مریشکی ماڵی مام ئاغای خواردەووە وتم: مام عەول لەو پەنجا ملیار مریشکەی کە ئێمەی بەشەر ئەیخۆین ئەم چەقەڵە دو مریشکی ناکەوێ ؟.

## ■ معاون ئەدیب

لەگەڵ کاک حەکیم لەقاوەخانەکە دانیشتبووین، باسی هونەرو شیعرو ئەدەب وپەیوەندی هەرسێکیان بەیەکەوەمان ئەکرد. ئایا ئاوازی جوان لەسەر شیعری جوان دروست ئەبێ؟ یان بەبێ ئەوەش هەر ئەتوانرێ ئاواز دروست بکرێ؟ رای من ئەوەبوو ئاواز دانەری بەسەلیقەو ئەسڵیی لەسەر شیعرەکە ئاواز دائەنێ، واتا چەن جارێکی ئەخوێنێتەوە وکاتێک کاریگەری شیعرەکە لای دروست بوو، ئەوکاتە ئاوازەکەی بۆدێ. چونکە هەروەکو چۆن شیعر ئیحساسە ئاوازیش بەهەمان شێوەیە.

وتی: ئەزانی من هەر ئەم باسانەم لەباسی سیاسی پێ بەلەزەت ترە، وتم: سەد قات، جاکوا جارو باریش کۆرو سیمینارەکان ئەم باسانە بوونایە و مۆزیکزان وئاواز دانەرەکان و گۆرانیبێژەکانیش بەشداریان تیا بکردایە.

بەدەم خواردنی محلەبیەکەی بەردمیەوە کاک حەکیم وتی: وەڵا باوکم قسەکەت سەد دەر سەد لەجێی خۆیەتی و من هاوڕاتم ئەڵێی چی من ئەمە هەر بەناوی خۆتەوە لەلای برادەران، تەرح کەم ؟. هاواری کرد کاکە ئاوێکی ساردم بۆ بێنە بەخوا ئەوەنە شیرین بوو لەدڵی یام. وتم: کاکە حەکیم گیان کێشە نیە بەناوی کێوە بێ، گرنگ ئەوەیە بەجدی

بیری لێبکەنەوە و وەکو شتەکانی تر سەری ئەشەمبیلای بۆ بانەیەن و دواتر بیەنە بەر بای شەماڵ.

لەولاترەوە دووکەس دانیشتبوون، وتم: حەکیم گیان وابزانم ئەمەی ئەملایانم بینووە، وتی نایناسی؟ وتم: بەخوا دەمێکە لەووڵات نیم شێوەی ئەکەم وتی: کاک سەمیرە وتم: بیرم کەوتەوە لەرەسما بینیوومە هی بۆنەو کۆڕو ڤیستیڤاڵە سەقافیەکانی ووڵات بەڵام نووسینەکانیم نەبینیوە، لەوە ئەچێ نوسەرێکی دیارو چالاک بێ؟ وتی: وەڵا نەنوسەرە و نەهیچ! وتم: ئەی شاعیرە، وێنە کێشە، شانۆ سازە ؟وتی کورە وەڵا هیچیان نیە، ئەی چیە؟ خۆ جار جار ئەنوسێ ئەندامی فلان رابیتەی رۆشنبیران؟. وتی: ئێستا هەر رابتیەو کۆمەڵەی رۆشنبیریە ئەکرێتەوە، دەیانی وەک ئەم بەرێزەی تیایە. وتم: بەڵام کەس وەکو ئەو لەهەموو بۆنەیەکا دەم و چاوو جلە جوانەکانی نادرەوشێنەوە و هەر وەفدێکی سەقافی وهونەریش بێت بۆ ئەمناوە، ئەو رەسمێکی لەتەنیشتیەوە گرتووە و بۆ ئێوارێ لەفەیسبوک دایناوە. وتی: ئەوەش بەهرەیەکە خوا بەهەموو کەسێکی نەیاوە، بەڵام شتێکیشت پێبڵێم کاکە کەس وەکو ئەوی پێناکرێ زستان بێ چلەی هاوین بێ ئاگر ببارێ ئەو کامیل موکەمەل خۆی گۆڕیوە، لەهیچی نوقسان نیە.حازر و بزر هەر کامیرایەک بێتە ژوورە ئەو ئامبازی ئەبێ، لەهەموویشی خۆشتر لەهیچ رشتەیەکیشا فلسێکی قەڵبی پێ نیە! وتم: ئەم وڵاتە چەن ئەدیب و نووسەری هەیە، وتی: هی ئەسڵی ئەڵێی یان تێکرا ؟ وتم: ئەسڵی وتی: وەڵا هەمانە، ئەی لەخەستەخانەیەکا چەن دکتۆری لێیە؟ رەنگە سی

چلێک، ئەی چەن معاون توبی؟ وتی: چۆن بێ معاون توبی ئەبێ وتم: دە بەوهەمـوو نوسـەرە ئەگەر یەک دوو معـاون ئەدیبـیش لەدەوریـان بـێ نابێ؟ وتی: بۆ نابێ بەڵام لەئەدەبا بەعەکسی توبەوەیە معاون ئەدیبامان لەئەدیـب زیـاترە و یەک معـاون ئەدیبـشمان بەقەدەر پەنجـا ئەدیبی موعتەبەر رۆشنایی لەسەرە.

## ■ موجامەلە

لەم لاوە بەخـوا کفـتە شـێلان و خرکـردنەوەی هەر قابیـل بەخـۆتە، بـڕوا نـاکەم کەس وەکـو تـۆ ئـاوا پـڕ لەقـیمەو بـایەم وکـشمیش وداوو دەرمـان، لەنـاو لەپـی دەسـتیا بـای هەڵبـاو وبیخـاتە ئـاوەکەوە. لەولاوە توخوا ئەوەش کفتەبوو قیمەم هەر تیا نەدی.

لەم لاوە وتـارەکەتم خوێنـدەوە دەسـت خـۆش شـیکاریەکی جوانـت کردووە، لەولاوە ئەوە بەراستی خۆی لێبووە بە وتار نووس!.

لەم لاوە شـیعرەکەت تاسـاندمی بردمیەوە بۆ دنیـایەک لەوشـە وێنە کە تـاوەکو ئێستا کەس نەیوتـووە، تـایبەتە بەخـوا تـایبەتە. لەولاوە بـرا رۆ مێشکی بردین بەم میعرانە.

لەم لاوە کاکە ئەوە تۆ ئەڵێی چی من ئەزانم تۆ چ قارەمانێک بووی، سـاڵانێک تـۆ بەسـەرمای زسـتان وگەرمـای هـاوین، بەو شـاخ ودەشـتەوە بوویـت. پـاتەت بـۆ ئەم مـیللەتە ئەدڕی، ئـێمەو مانـان لەنـازو نیعمەتـی ناوشـارو جێگەی گەرمـابووین، بەگەردنم بەلیـوا روکـن تەقاویتـت کەن هێـشتا هەر کەمە. هەرنەختێـک لەولاتـرە کـورە بەشـەرەفم بەهەمـووی وابـزانم حەوت مانـگ لەدەرەوە نەبـوو، ئەویـش فیرابـوو لەمقەڕێکـا کەوتبـوو هەمـوو چـالاکیەکەی ئەسـپێ کوشـتن ونـاوی مەسـؤول لەبەر کـردن بـوو، رادیۆکەشی نـابوو بەپەنـا گوێیەوە، بـۆچی؟ بـۆ زانینی هەواڵ

وچالاکیەکان؟ کورە نەوەڵڵا ئەیخستە سەر رادیۆی بەغا، رادیۆی بەغا بۆ ؟ چاوەڕێی عافوات بوو بگەڕێتەوە. ئێستاش هەر ییێت وئەچێ ئەڵی ئێمەکردمان و کێ خواردی.

لەم لاوە کاکە پیرۆزە بەدڵی خۆش ئەم تەلارە جوانە بەراستی سیمای شارەکەی جوان کردووە، خۆزگە هەموو دەوڵەمەندێک وەکو جەنابتان بە تەنگ ئاوەدانی و پێشکەوتنی ئەم شارەوە ئەهاتن، جابزانە لە واعەی پێنج ساڵا دوبەیەک نەئەبوو بۆ خۆی!. کاکە گیان رزقی حەڵاڵ یەعنی بەرەکەت. نەختێک بەولاوە دەوەرە شەق نەبەی خوا ئاگای لێیە لەراپەرینەکەیا شقارتەت پێوە بنایە بۆن کروزی لێهەڵنەئەسا، خەڵک خۆی بەکوشت ئەیا، ئەم تەلی دڕکاویی و مێخی ئاسنی چواردەوری مەعسکەرەکان وچینکۆکانی هەموو ئاودیوکرد، دوایش چی کابڵی مسی ژێر عەرزبوو بوو بەتراکتۆر رایکێشاو هێنایە دەرەوە ئەویشی رەوانە کرد، تۆ بزانە ئەوەنە چاو چنۆکن هەر یەک بستیش تەرک ئەکەن بۆ سەوزایی، هەموی ئەکەن بەبینا بۆ کرێ.

لەم لاوە کاکە لەسەر خۆتا باخ و بیر لێدان و حەوزو خانوو دروست کردن تیایا حەرامە، کورە ئەمە جەنەتە لوبنانێکە بۆخۆی، یارەبی خوایە ئاوەدانیکەی تۆ سەیری ئەوهەوا فێنکە بەو قرچەی نیوەڕۆیە لەلای شانی راستمەوە هەڵی کردووە ئای کە خۆشە، کاکە پێشینیان هەڵەیان نەوتوە ئەگەر پارە وئەقڵ یەکیان گرت، موعجیزە دروست ئەبێ!.(خۆی پەند نیە لەبەرخاتری ئەو دروستی کردووە) بەبێ موجامەلە ئەمەی تۆ کردوتە رێک ئەوەیە. لەرێگا بەسەیارەکە بەرەو ماڵەوە

ئەڕواتەوە قسە بۆ ئەوەی تەنیشتی ئەکا: کاکە نازانم ئەمانە لەکوێی ئەهێنن، ئەرزی وەرگرتووە ئەمە گوایا ئەیکا بەباخ وژینگە جوان ئەکا، بۆ چاوبەستنیش چوار داری قۆڕی تیا ناوە و باقیەکەشی کردووە بە خانوو، ئەمە شوێنی حەوانەوەی خۆیەتی!.شەوەناشەوێک تا دەمەوبەیان ئیتر گۆشت وماسی برژانن وفرکردنی ویسکیە و سەری زمانی و بنی زمانیشی بەسە بۆ گەندڵی و بەڵێ بۆ چاکسازی.

## ▪ ئەیماڵین بە بەغایا

مەعمەلی جگەرەکەی سلێمانی ساحەیەکی بۆ چالاکیی وەرزشیی بەتایبەتی تۆپی پێ هەبوو، ئەکەوتە پشت کتێبخانەی گشتی سلێمانیەوە، هەر خۆڵ بوو.باران بباریایە ئەیکرد بەقوروليتە، ئیتر یاری تیانەئەکرا.هەندێک لەتیپە میللیەکانی سلیمانی و تیپەکەی کارگەکەش لەوێ راهێنانیان ئەکرد و یاریشی لێئەکرا. ئەو ساحەیە ئێستا نەماوە پێم وابێ ئیزافەی کتێبخانەی گشتی کراوە. ئەوکاتانە واتا شەستەکان وحەفتاکانی سەدەی پێشو تەنها مەلەعەبەکەی سلێمانی کە پێی ئەوترا مەلعەبی ئیدارەی محەلی، یارگایەکی نیزامی بوو، ئەرزەکەی چیمەن و پلیکانەی تەمەشاکەرانی هەبوو، هەروەها دەورەکەی سیاج بوو، واتا بۆ تەماشاکەر نەبوو بێ بلیت سەیری یاریە گرنگەکان بکات. بیرمە جارێک هەڵبژرادەی سلێمانی لەگەڵ یانەیەکی بەحرەینی یاریەکی دۆستانەیان کرد ئەوەش بۆ دووەم جاربو لەمێژووی سلێمانیا یاری نێو دەوڵەتی تیا بکرێ، جاری یەکەم تیپێکی جەزائیری هاتبون لەساحەی سانەوی سلێمانی لەگەل سلێمانی یاریان کردبوو. ئەمەیش جاری دووەمە کە سلێمانی بۆنەیەکی وەرزشی ئاوا بەخۆیەوە ئەبینێ، یەکێک چووبوە بەرمایکرۆفۆنەکە ولەخۆشی ئەو یاریە نێو دەوڵەتیە هیچی لەسەر تۆپی پێ چنگ نەکەوتبوو بیڵێ، بەحەماسەو ئەوشیعرەی

ئەخوێنەوە کەبەمناڵی لەمەکتەب پێیان لەبەر کردبووین، (ئەی تۆپەکە فتبۆڵەکە من دێم لەدەستم رامەکە تۆ تۆپی یاری کردنی وەک کوڵەکەی رۆحی منی).

بێنەوە سەر ساحەی مەعمەل ئەوکاتانە تیپە میللیەکان هیچ یارمەتیەکیان نەبوو، لەسەر ئابونەی ئەندامەکانیان و هەندێک یارمەتی شەخسیی ئەیان توانی جل وپێداویستی یاری بکرن سیستمی ئیحتیراف نەبوو، بۆیە ئەگەر تیپێک یاریەکی بەهێزی هەبوایە یارکەرێکی لەتیپێکی کە قەرز ئەکرد، بۆ نمونە ئەگەر دیفاعەکەیان زەعیف بوایە دیفاعێکی باشیان ئەهێنا بۆ ئەو یاریە، ئەمە لەیاریە دۆستانەکاندا.

رۆژێک بەدەوری ساحەکەی مەعمەلا وەستابوین تیپێکی میللی یاری هەبوو لەگەڵ تیپێکی کە، ئەوەی یەکەم یاریزانێکی قەرز کردبوو لەشارێکی کەوە هاتبوو گوایا لەوێ نەوعی نیە. خەریک بوو یاری دەستی پێئەکرد ئەم جارێ جگەرەی ئەکێشا! راهێنەرەکە ئەیوت کاک فلان خۆت ناگۆڕی نەختێک لەساحەکەیا خۆت گەرم کەی؟ ئەم ئەیوت پەلەت چیە بەسیتە جارێ چارەکێکی ماوە! بەهەر حاڵ قەرزکراو تاخۆی گۆڕی کاکی مودەریب کەخۆیشی هەر کاپتنی تیپ بوو واتا یاریشی ئەکرد! سەری سپیکرد. کاتێ قەرزکراو چووە ساحەوەو یاری دامەزرا چوار گۆڵی جوانیان لێکرا! لەسلێمانی بۆ تەوس وگاڵتە پێکردن هاندەرانی تیپی یەکەم بەهاندەرانی تیپەکەی ئەولایان ئەوت، گۆنێی باشتان هێناوە بۆ گۆڵ کۆکردنەوە؟ واتا بەدەرزەنێک دەرناچن لەم یاریە. ئەوکاتانە دوجۆر پێڵاوی یاری هەبوو یەکێکیان زۆر هەرزان بوو

هەر لەسلێمانی دروست ئەکرا و ژێرەکەی بەبزماری کەوشی دارێژابوو، پێیان ئەوت پێڵاوی شەعبی (میللی) هەرزان بوو و قوربەسەر ئەو یاری کەرەی کە یاریکەری بەرانبەر بەوپێڵاوەوە بەری لێئەگرت، هەمووی بزمار بوو قاچی دائەرنیە خوارەوە. جۆرەکەی تر لە دەرەوەی وڵاتەوە ئەهات، گران بوو ژێرەکەی پلاستیک بوو یەک بزماری تیانەبوو، زۆر سەلامەت بوو مەرغوب ترینیان مارکەی (پۆما)ی ئەڵمانی بوو.

هاوینان جێیەک نەبوو بۆ مەلەو خۆفێنک کردنەوە تەنها لەسەر چنار شوێنێک هەبوو، پێیان ئەوت دوتوان، کورو کاڵ مەلەیان لێ ئەکرد یان لە بەردەمی پردەکۆنەکەی قلیاسان.رێگەیەک بەناو کانەبەردەکانا ئەچوو بۆ سەرچنار، پێیان ئەوت رێگا کۆنەکەی سەرچنار لەوێ بەردیان هەڵئەکەن و نەقارەکان رێکیان ئەکردوە بۆ بینا دروست کردن وبەگەڵابە ئەهێنرا بۆ ناوشار، بەردەکان پێچەوانەی بەردی مەڵکەنی کە بۆر بوو ئەمان سپی بوون..

ئەوعەیامە کوردایەتیەکە بێ غەل وغەش و بێ بەرانبەر بوو. گوێم لێبوو داپیرەیەکی کورد پەروەر بەحەماسێکی زۆر گەرمەوە بۆ شۆرش بە ژنەکەی بەرانبەری ئەوت: کچێ ئاگات لەچیە بەقوربانیان بم بەخوا ئەڵێن تۆپیان بۆ هاتووە ئەوەنە گەورەیە من و تۆ لەناو لولەکەیا یاری ئەکەین، پشتیوان بەخوا ئەمجارە رێک ئەیماڵین بەبەغایا.

## ■ ئەوکاتانە خۆش بوو

- ئەوکاتـانە سـەیری یـاری تـۆپی پـێ خـۆش بـوو کە لەشـاری سـلێمانی تەلەفزیـۆن نەبـوو، تـاوەکو ئاسـتی یـاری ویـاری زانەکـانی یـانە جیهانیەکان بزانین. منـاڵ بـووین کە ئەچوین بۆ مەلعەبەکە بۆ سـەیری یـاری، پـارەی کڕینی بلیتی چـوونە ژوورەوەمـان کە پەنجـا فلـس بـوو پـی نەبـوو، مەجبـوور لە سـیاجەکەی دەروە کە بەشـیش دروسـت کرابـوو سـەیرمان ئەکرد. ئەوەنـدەمان پێخـۆش بـوو وامـان ئەزانی هەڵبژاردە نـیە لە دنیادا شان لەشانی هەڵبژاردەی شارەکەمان بات.
- ئەوکـاتەنە سـواری پاسـکیل خـۆش بـوو کە لەگەرەکێکـا یەک کەس پاسـکیلی هەبـوو، هەمـوو گیـانی بە ئـاوێنەو تێـپ و گڵـۆپ و شـتی رەنگاو رەنگ رازانبۆوە، خواخوامان بوو بیەڵێ تەنها دەستێکی لێوە بەین.
- ئەوکاتانە گۆشت خۆش بوو کە هەفتەی جارێک ئەخورا.
- ئەوکاتـانە پـێلاوی تازەمـان لا خۆشەویـست بـوو کە بـۆ جەژن بۆیان ئەکرین و شەوان کە ئەخەوتین ئەمانخستە ژوور سەرمانەوە.
- ئەوکاتـانە سـەفەر خـۆش بـوو، کە لەم شـارەیا سـەد سـەیارە زیاتری تیانەبوو.

- ئەوکاتـانە گـۆرانی خـۆش بـوو، کە هەرلەرادێـوە ئەبیـسترا و گـۆرانیبێژەکە تەنهـا بەهێـزی دەنگـی، خـۆی فەرز ئەکـرد بە سـەر دڵ وهەستی گوێگردا.

- ئەوکاتـــانە چـــاخۆش بـــوو کە ئیـــوارە دوای نـــان خـــواردن دراوسێکەمان بەبێ مەوعیـد لەدەرگای ئەیاو فەرمویـان لێئەکـرا دەسـتە گوڵی مەجلیـسەکە قـۆریەکی شوشـەی جـوانی چابوو کە ئەخـرایە سـەر عەلادینەکە.

- ئەودڵـــداریە خـــۆش بـــوو کە ئەگەر نەیکردیتـــایە بەشـــاعیر ئەیکردی بەموریدی شاعیرە رۆمانیسەکان.

- ئەوکاتـانە تەلەفـون خـۆش بـوو کە لەگەرەکێکا تەنهـا ماڵێـک هەیـان بـوو، ئەگەر کەسـێکی ئەوگەرەکە بچـوایەتە شـارێکی کەو کارێکی پێویستی بەماڵی خۆیان هەبوایە، تەلەفـونی بۆ ئەوماڵە ئەکردو ئەوانیش ئەچـوون لەدەرگـای ماڵەکەیـان ئەیـا وپیایـان ئەوتـن لەسـەر تەلەفـون بانگتان ئەکەن، یەکێکیان بەڕاکردن ئەچوو بەدەم تەلەفونەکەوە.

- ئەوکاتـانە نـان خـورادن لە مەتـعەم خـۆش بـوو کە مـشتەری ئەوەنە زۆر نەبوو خـاوەن مەتـعەم هەرچیەکیـان بۆبکاتە قـاپەکەوە بڵێن مەمنون.

- ئەوکـاتە گـوێگرتن لەفـشە خـۆش بـوو کە بەهەمـوو لیـوای سـلێمانی دوو فـشە کەری ئەسـڵی تێـانەبوو، واتـا هەمـوو کەسـێک لێی نەئەهـات فـشەبکا ئیـستا فـشە بـووە بەگـاڵتەی سـەر تەلەفزیـۆن و رۆژنامەو گۆڤار.

- ئەوکاتــانە گــوێگرتن لە شــیعر خوێنــدنەوە خــۆش بــوو کە بەهەمووومان یەک شوکرەڵڵامان هەبوو.
- ئەوکاتـانە ماسـت خـۆش بـوو کە ئەکـرایە کاشـیەوەو خـامێکی سـپی لەژێـر کـوپەی ئـاوەکە ئەدار بەسـەرا، بەیانیـان کە خامەکەیـان لائەبرد تاوەکو بیکەنە کاشی بچکۆلەوە بۆ بەرچایی وەکو پەنیری لێهاتبوو ئەوەنە خەست ببۆوە.
- ئەو کاتــانە چلــورە خــۆش بــوو کە کـارگەی شــەهلا لەگەڵ مونافیسەکەی ئەرخەوان بەقەدەر ریال و بەرشە لەسلێمانی لایەنگیریان هەبوو.
- ئەوکاتـانە مەکـتەب وخوێنـدن وشـەهادە خـۆش بـوو، کە هەر کەسێک لانی کەم جگە لەقانون دوشەهادەی تری لەبەخەڵا نەبوو.
- ئەوکاتـانە کەڵەشـێر خـۆش بـوو کە سـاڵی جارێـک بـۆ ئێـوارە ئەخـرایە سـەر بـرنج، نەک هەمـوو شــەوێ لەسـەعات دوانـزە بەدواوە لەمتعەم نیوەشەو هەموو بەیەک دەنگ هاوار کەن کەڵەشێر قرانە.
- ئەوکاتـانە سینەما خـۆش بـوو کە هیچ وەسیلەیەکی تـر نەبـوو بـۆ بینینی فلـم، بیرم دێ بلیتیـان بـۆ منـاڵ نەئەبـڕی ئێمەش سێ کەس بـووین، تەنهـا پـارەی دوبلیتمـان پێبـوو ئەوبرایەمـان کە شـتێک لەئـێمە بچـوکتر بــوو بــۆئەوەی وەکــو منــاڵ دەریخەیــن کردبومــانە بــاوەش، ئەوکـابرایەی کەبلیتـی چـوونە ژورەوەی لێـوەرئەگرتین وتـی: ئەتـوانن ئەومنـاڵە لەباوەشـتان داگـرن کـاتێ دامـانگرت بەقەدەر خۆمـان ئەبـوو، دەستی کرد بەپێکەنین و وتی: قەینا بچنە ژوورەوە.

## ■ جوعمەو شەمە ناتوانم

کاک ئیحسان هەموو جارێک ئەیوت، کاکە ئەگەر نیازی چوونە دەشتان هەبوو، باخەکەی دکتۆر فەوزی زاوام هەیە بەخوا لەوەتەی دروستی کردووە بڕوانـاکەم سێ جار چوبێ، باوەڕکەن کار لە پانزە دەفتەر تێپەری کردووە کەتیا سەرف کردووە، بەڵام ئیتر مەشغەڵەتی ژیان و ئیشەکەی وای کردووە کە نەتوانێ وەکو شەخسیی خۆی بۆ حەوانەش ئیستیفادەی لێبکا. وتم: ئەوە زۆر راستە زۆربەی زۆری ئەو ئەرزە تەلبەن کراوانەی کەناویان لێنراوە باخ، بەبێ ئیستیفادەیەکی ئیقتیسادی لەوناوە کەوتوون، ئەگەر ئەو زەویانە بەدەست جولکە یان ئیسپانی یان ئیتالیەکانەوە، کورە بەدەست ئێرانیەکانەوە بوایە، ئێستا بازاریان پڕ کربوو لەمیوە.ئەمانەی ئێمە بەشی خاوەنەکەشی میوە بەرهەم ناهێنن، ئیتر نازانم حیکمەت لە پێدانی ئەم زەویان بەوخەڵکەی کەهیچ لەباخداری و فەلاحەت نازانن چی بێت.

ئەورۆژە کاک فەرحانم دی گلەیی هەبوو ئەیوت کاکە ئەو جیهەتانەی کە مەسئوولن لە پێدانی ئیجازە بۆ باخ، دەستی دەستیم پێئەکەن بەسەری تۆ هەموشتێکیشم تەواو و تەکمیلە پیاوی چابە یەکێکیان لێناناسی بەشکم ئەوەنە گێچەڵم پێنەکەن. ئەوان چیان داوا لێکردووم بەزیاوە تەنفیزم کردووە، هەر ئەوەنە پێیان بڵێ چیتان لەو

بەستە زمانە ئەویّ! وتم: کاکە دیارە شتێک هەیە بەپێی قانون و تەعلیمات نوقسانە پرسە بزانە چیە؟ بۆیان جێبەجێ بکە، با لەسەر معامەلەکەت بنوسن ئەشەمبیللا ئەمجارە عەیب لەچاوی ئێمەیا هەبێ لەو معامەلەیا نیە و فەرموو ئەوە کتابی موافەقاتی ئوسوڵی. وتی: بەخوا تۆش خوا بۆی یای پێمان رابوێری، وتم: ئەتوانم بێم سەیرێکی باخە جوانەکەمان بکەم وتی بۆنا؟ پاش نیوەرۆیەکی ئابی گەرم هات بەشوێنما گەیشتینە باخچە هەڵواسراوەکانی کاک فەرحان، راستی ئەکرد تەلەبەنێکی جوانی بۆ کردبوو، بیرێکیشی تیا هەڵکەنبوو سۆندەی راکێشابوو، بەڵام دارەکان هیچیان بەردار نەبوون! وتم: ئەی کوا داری قەیسی وقۆخ وهەنار وهەڵوژەو ترێ و سێوو هەرمێ وگوێز باخ عیبارەت نیە لەم شتانە ؟.

روبەری ووڵاتێکی وەکو بەلجیکا، رەنگە بەقەدەر ئیستای هەرێمی کوردستان نەبێ بەدووەم وڵات لە بەرهەم هێنانی تەماتەیا لە عالەما دائەنرێ. روبەری ئیسرائیل بەقەدەر ئەم هەرێمەی ئێمە نابێ، بازارەکانی ئەوروپا پرە لە میوەی ئەوان. برا گیان ئەمەی ئێمە ئەیکەین باخداری نیە لەسەر ئاستی ستراتیجیش هیچ خزمەتێک بەم ووڵاتە ناگەیێنێ. بەگوێرەی ئیجازەی ژمارەی ئەوباخانەی کە لەم کوردستانە دراوە ئەبوایە یەک کیلۆ ترێ یان هەنجیر یان سێومان لەدەرەوە نەهێنایە. وتی: قوربەسەرم ئەولیژنەیەی ئیشەکەی منیان بردووە بەقورا هەرتۆی نوقسانی بۆ ناچیتە ناوی، تا پێرەکە پێرفێکت کەیت.

بێنەوە سەرباسی باخەکەی خزمەکەی کاک ئیحسان قەرارمان یەک خست لەگەڵ کاک رەمزی وکاک ئاراس و کاک عەلی ئێوارەیکی خۆش لەوێ بەسەر بەرین، تەلەفونمان بۆ مامۆستا فەلاحیش کرد، تازە لەخاریج گەرابۆوەو بەردەوام گلەیی لەوە بو کە ئەوخەڵکە بۆوا خراپی بەسەر هاتووە، هیچ وەعدێک نابەنە سەر، ئەو وەکو گوڵی مەجلیسەکە لەگەڵ خۆمان بیبەین. وتی بەس جوعمەو شەمە نەبێ، وتمان بۆ؟ وتی ئەدورۆژە بەردەوام حیجزم. وتمان دەوەڵا ئێمەش هەر ئەو دورۆژەمان هەیە، ئەی ناکرێ سەرە بنوسین بەشکم ئاوا لەدوهەزارو حەڤەیا بەرمان کەویت؟ کاک ئاراس وتی: کاکە ئەوە ناز ئەکا وئەیەوێ زیاتر لێی بپارێنەوە، سێ جوعمەیە لەچاخانەکەی مام شەریف ئەیبینم لەتاو گەرما دەمی بستێک داچەقانووە و نازانی چی بکا.

## حەسەن ئەمبرێڵڵا

کاتێــک کە لەناوەنــدی بــووم مامۆســتایەکمان هەبــوو عەرەبــی ئەوتەوە، ڕۆژێک لێی پرسین ئەتانەوێ پاشەڕۆژ ببن بەچی؟ هەریەکێک لەقوتابیەکانی هــاورێم شــتێکی باشــیان بۆخۆیــان هەڵبــژارد. ئەوەی لە هەندەســەیا کــۆڵ بــوو، ئەبــوو بە موهەنــدیس، جەمیــل شوشــەی عەینەکە زەربینەکەی بەقەدەر بنی ژێر پیاڵەیەک ئەستوربوو، بەحاڵ تەختەڕەشەکەی ئەبینی، ئەبوو بە تەیارەچی. ڕێبوار نمرەکانی زۆر باش بــوون، مامۆســتا وتــی: ئەکیــد تــۆ حەز ئەکەی ببی بە دکتــۆر. حەســەن لەدواوە دائەنیشت ساڵی دووەمی بوو، بەوە بەناوبانگ بوو کە ئیستاو ئەوساش فێرنەببوو بە ئینگلیزی بڵێ ئەمبرێڵڵا (واتا چەتر بەکوردی). هەڵی دایەو وتی: مامۆستا منیش ئەمەوێ ببم بە مامۆستای ئینگلیزی، هەموو سنفەکە لەسەرگازی پشت کەوتین.

مامۆستا وتی: هەتیوو لاقرتیمان پێئەکەی؟ حەسەن وتی: مامۆستا ئەی بۆ ڕێبوار ببێ بەدکتۆر ؟مامۆستا: بۆ ئەو تۆیە سنفی بە دوو سێ ساڵ ببڕێ، جەمالیش کە لەهەمووشتێکا هەروەکو حەسەن وابوو. وتی: مامۆســتا حەســەن حەزی لەمەکــتەب نــیە بەزۆر ئەینێــرن، وتــی: ئەی حەزی لەچیە؟ جەمال: مامۆستا بــۆکس خەنــجەرو بۆکسی ئاســن و چەقۆی عەبو عەڵقە کەوتن بەسەر شەڕا، ئەمانە.

هاتە سەرمن وتی: ئەی تۆ وتم بەهیوام بچمە زانکۆ بەشی رۆژنامە نووسی تەواو بکەم، وتی: یەک دەفعە رۆژنامەنووس! وتم: بەڵێ وتی: کێ ئەبێ بەرۆژنامە نووس؟ وتم: ئەوەی ئەو بەشە تەواو ئەکا و رۆشنبیری و سەلیقەیەکی باشی نووسین لەو مەجالەیا پەیا ئەکا لەگەڵ ئیش کردن لەدەزگایەکی رۆژنامەوانی خاوەن تەجرەبە. وتی: ئافەرین وام ئەزانی هەر لەخۆتەوە ئەوناوەت بیستووەو هەڕەمەکی هەڵتبژرادووە.

ساڵان هاتن وچوون شەوێک بەدێنی چووینە ماڵی برادەرێکی مناڵیم وتی: حەسەنت لەبیرە؟ حەسەن ئەمبرێڵڵا؟ وتی: دەم خۆش، وتم: ئێ چیەتی؟ وتی: کاتی خۆی موالیدەکەی هاتەوە چوو شەش مانگ لەو دێهاتانە بەبیجامەوە دانیشت، ئیستا سیاسەتمەدارە مەسئولە، وتم: ئەی جەمالی رەفیقی؟ وتی: ئەو لەبواری رۆشنبیریا مەشغوڵە، چی ئەکا؟ وتی: سەرنووسەری گۆڤارێکی فەلسەفیە. بۆ بەشی فەلسەفەی تەواو کرد؟ وتی: کورە متەوەستەکەشی هەر نەبڕی فەلسەفەی چی؟ ئەی چۆن! وتی: ئیتر ئێستا ئەوە ئاوایە.

ئەی رێبوارە زیرەکەکە وتی: جا با باسی رێبوارت بۆ بکەم ئەو توبی تەواو کرد ئێستا دکتۆرە، وتم: موستەحەق بوو. وتی: ئەورۆژە لەئیستیعلاماتەکە بینم، ئیستیعلاماتی کوێ؟ نوسینگەکەی کاک حەسەن، ئێ، وتی: پرۆژەیەکی پزیشکی خێر خوازی هەیە هەر موافەقەتی بۆناکەن بەتەمای کاک حەسەنە شتێکی بۆ بکا، وتم: جا هیچی بۆ کرد؟ وتی نەوەڵڵا شانسی ئەو وەفدێکی فینلەندی لابووە پێیان وتووە بڕۆ دوای جەژن وەرەوە. وتی ئەی تۆ چیت کرد لەگەڵ رۆژنامە

نووسـیەکەتا، وتـم وەڵڵا بـاش بـوو لەومەجالەیـا نەم خـوێن، بـۆ؟ وتـم: ئەوکاتـانە رۆژنـامەنووس زۆر نەبوون پیاو ئەگەر ببـوایە بەرۆژنـامەنووس لانی کەم چـوار کەس ئەیـان وت فـڵان رۆژنـامە نووسـە و ئیعتیبارێکیـان بــۆ دائەنــا، وتــی ئەی ئێــستا؟ وتــم: ئێــستا لەم وڵاتە هەر لەدوبــرا یەکێکیــان رۆژنامەنووســە، وتــی ئەی بــراکەی تریــان وتــم: ئەویــشیان شاعیرو نوسەرو رۆژنامەنووس.

## ئەفەنی فەردە

ووشەی ئەفەندی (efendis) بەیۆنانی، لای زۆربەی زۆری خەڵک بە لەبەرکردنی چاکەوت وپانتۆڵو بۆینباخەوە بەستراوەتەوەو وائەزانن پێش ئەوە نەبووە، بەڵام راستیەکەی ئەو ووشەیە زۆر کۆنەو بەئەسڵ ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانیەکان و لای ئەوان بەواتای مڵکدار وەیان سەید (کەسێک کۆیلەنەبێت)، پلەوپایەی بەرز بێت بەکار ئەهات، لەسەدەی سیانزەهەمینیشەوەکەوتەناو زمانی تورکیەوە. لە عەیامی عوسمانلیا بەچوار تویژیان وتووەئەفەندی فەرمانبەرەکان و خوێنەوارەکانی چینی ناوەراست. کورەکانی سوڵتان بەڵام کچەکانی پێیان ئەوترا ئەفەندینا، (دواتر لەمیسر بەخدێوی سوڵتانی ئەو وولاتەش هەر ئەوترا ئەفەندینا). ئەوانەی کەموسڵمان نەبون بەتایبەتی ئەرمەنەکان کەئەگەیشتنەپلەی بەرز پێیان ئەوترا ئەفەندی. هەروەها ئەوانەی کەپلەی ئاینی بەرزیان هەبوو.

هەر لەوسەردەمەیا سوڵتان مەحمودی دووەم لەساڵی ١٨٢٤ چەن سەربازێکی تونسی بەفەرماندەیی ئەفسەرێکی فەرەنسی ئەبینێ تەربوشی سوریان لەسەرائەبێ بەمارش ئەرۆن ئەودیمەنەی زۆر لەبەر دڵ ئەبێ فەرمان ئەیا کە هەمو ئەفسەرو سەربازە عوسمانلیەکان ئەبێ تەربوش

لەسەرکەن بۆ ئەو مەبەستەش وەکو وەجبەی یەکەم ئەنێرێ پەنجا هەزار تەربوشیان لەوتونسەوە بۆبێ و فابریقەی تەربوش دروست کردنیش لەئەستانە دائەمەزرێنێ. چوار ساڵ دوای ئەوە تەربووش ئەبێ بە کڵاوی سەری هەموو فەرمانبەرەکانی دەوڵەت هەتا وەزیرەکانیش بەڵام بەپێی پلەی وەزیفی رەنگی تەربوش ئەگۆڕا.

عێراقیش کە لەژێر حوکمی عوسمانلیابوو ئەفەندیەکان تەربوشیان لەسەرئەکرد دوای هاتنی ئینگلیز بۆ عێراق و دامەزراندنی حوکمی مەلیکی، مەلیک فەیسەڵی یەکەم تەربوشی گۆڕی بەسدارە و یەکەم کەس لەعێراقا خۆی لەسەری کرد.هەر بۆیە پێشیان ئەوت فەیسەلی لەساڵی ١٩٣٦ دوای ئینقیلابەکەی بەکر سدقی بەرەگەز کورد حکومەتی ئینقیلاب بەسەرۆکایەتی حیکمەت سلێمان یاسایەکی دەرکرد کە ئەبێ لەمەولا خەڵک لەجیاتی سدارە شەپقەی ئەوروپی لەسەرکا و بیانووەکەشیان ئەوەبوو، کە شەپقە بەعەکسی سدارەوە رەمزی بەرەو پێش چوون وتەمەدونە. بەڵام ئەوانەی ئەوکات ئاگایان لە خەلفیاتی دروست کردنی ئەو قانونەوە بوو، ئەڵێن گویا کاتی خۆی یاسین ئەلهاشمی محافیزکار، لایەنگیرێکی سەرسەختی سدارە بووە کۆمەڵەی ئینقیلابیش لەگەڵ یاسین هاوکۆک نەبوون وەک داخ نانێک بەدڵیەوە ئەو یاسایەیان دەرکردووە! سەرەتا کۆمەڵێک گەنجی خوێن گەرم شەیدای کەڵچەری ئەوروپی شەپقەیان لەسەرکرد، بەڵام دوای کوشتنی بەکر سدقی جارێکی کە سدارە گەرایەوە ریزی پێشەوەی مۆدەی ئەوکاتە.

لـەکوردسـتانیش بـەهـەمـوو کـەسـێک کـەجلی کلتـوری لـەبـەرا نەبوایەئەوترا ئەفـەنی هـەروەها بـەفـەرمانبـەرو مامۆسـتاکان کـەناویان بهێنرایەئەبوایەئەفـەنیـەکـەی پێـوە بـوایە. لای خۆمـان ئەگەر بیانەوێ بەتەوسـەوە قـسـەیەک بەیەکێک بڵێن ئەڵێن: وازی لێ بێنە ئەو ئەفەنیە بێزی نایە فڵانە ئیش بکات وهەتا دوایی.

سـاڵانی دوای دروسـت بـوونی حـوکمی مەلەکی لەعێراق چـاکەتو پـانتۆڵ لەبـری جلی فۆلکلـۆری بـوو بە پۆشـاکی مامۆسـتاو مەعمـوری دەوڵـەت بەجۆرێـک کە نیـشانەی وەجـاهەت و جیـاکرنەوە بـوو لەچیـنە نەخـوێنەوارو فەقیرەکە ئەگەر سـەیری وێنەکانی ئەو سـەردەمانە و هەتا شەسـتەکان و حەفتاکـانی سـەدەی رابـردوش بکەیـن ئەبـین هەتـا بـۆ سـەفرەو سـەیرانیش لە شـاخ ودۆڵانە کە مەفـروزە پیاو جلێکی لەبەرابێ کەئیسراحەت بێ ئەوان بەکامیلی قیافەی ئەفەنیەوە چوون بۆینباخیش تا بیناقاقا توند کراوە! هەر لەشەستەکا لەعێراق جلو بەرگی دەستی دوو لەدەرەوەی ووڵات ئەهێندرا، هەمـووی لەفەردەیـا کەپـس کرابـوون پێیـان ئەوت لەنـگە. هی وا هەبـوو حەزی ئەکـرد، ئەویـش ئەفەنـی بێـت بەڵام خـوێنەواریەکی ئەوتـۆی نەبـوو کە بیخـاتە ریـزی ئەوانەوە لەبەرگـرانیش خەڵـک بەقیـست ئەیکـرد. ئەچـو لە لەنـگە چـاکەتو پـانتۆڵ وکـراس وبۆینبـاخی هەمـووی بە نیودینـار یـان پـانزە پەنجـایی ئەکـری ولەبەری ئەکرد. ئەگەر بهاتایەو خۆی با بایە بەسەر خەڵکا گوایا لەوانە لەژوورترە یـان قـسـەی مـاقوڵ تـرو موسـەقەف تـرە لەبەینی خۆیانـا ئەیـان وت تۆسەیری ئەم ئەفەنی فەردەیەش ناکەی.

## ئیفتیتاحی رەسمی

هەمــوو ئیــشەکانی خەســتەخانە تــازەکە لەکـات و واعەی خۆیـا ئەڕۆیـشتن بەڕێـوە، جەنـابی مـودیری شـارۆچکەکە هەر وەکـو وەعـدی دابــوو بە جیهــاتی عولیــا ودەنگـــدەرانی حیــزبەکەی، کە ئەو وەزعەی مــودیری پێــشوو خولقــانبووی لە فەوزا و بــێ خزمەتــی نــاوچەکە، وگەنـدەڵی بنە بڕ بکا، بۆیە شەخسیەن رۆژانە ئامادەی بەڕێـوە چـوونی کارەکانی ئەبوو.

لەکۆبــوونەوەیەکی جەماوەریــدا لەگەڵ کارمەنــدان و کاســبکاران و پیشەگەرانی شـارۆچکەکە، مـودیر ئەوەی دوپـات کردبـۆوە کە گەرانەوە بـۆ دواوە گوزەشــت، خەڵکی بەعەریــزەی نــارەزایی یــان خۆپیــشاندانی جەمـاوەری مەتالیبەکانیـان بەرز کەنەوە، ئێـستە تەبـدیلات و گۆرانمـان بەسـەر هەمـوو شـتەکانا هێنـاوە.عەسران دوای چاو کولیچە خـواردن نـاو بەنـاو کارمەنـدانی تـایبەتی شـارۆچکەکەمان ئەگەرێن، بەسـەر ماڵەکانا و یەکە یەکە پرسـیاری چـۆنیەتی بەڕێوەچـوونی خـزمەت گـوزاری ئاسـتی گوزەرانیـان سـوئال ئەکەن و دواتـر لیژنەی مـوختەس سـەیری ئەکەن و لەبەر رۆشـنایی راپۆرتی ئەوانـا، مـودیری شـارۆچکە دەرامەت و تواناکانی لەمەرکەزەوە بۆ دابین ئەکا.

بەرێـزان بەخەیـاڵی کامتانـا ئەهـات لە شـارۆچکەیەکی ئـاوا دوورە دەسـت وپەراوێـز خـراو بەردی بنـاغەی خەسـتەخانەیەکی مۆدێرنی سـەد قەرەوێڵەیـی دابنـرێ و لـە مـاوەیەکی قیاسـیا بەو قەشـەنگیە چـاوو دڵی ئێوەی دەنگدەری ئازیزو خۆشەویستی ئێمە، روناک و رەنگین بکاتەوە؟. هەروەکــو وەعــدمان دانــێ پــێش هەڵبــژاردن و ئێــستاش دووپــاتی ئەکەینەوە، گوتارو حەماسی ئەوکاتەمان و ئێستاش کە براوەی رەسمین نەک هەریەک گوتـارو حەمـاس ئەبێـت، بەڵکـو بەجۆشـترو خەسـتتر جەخـت لەسـەر جێبەجێ کردنـی هەمـوو بەڵینەکانمـان ئەکەیـنەوە و چاوەڕوانی کاری گەورەترو شتی جـوانتر بن. داوا لەئێوە جێبەجێ کـردن لە بەنـدەی موخلیـستان (هـارەی چەپـڵە). بە هێمـای سـەری ئیـشارەتی وەکیـل ئەکا، ئەویـش بەپەلە مەلەفەکەی بندەسـتی ئەخـاتە بەردەمی و ئەکەوێـتە هەڵـدانەوەی پەرەکانی و یەک یەک پـرۆژە موسـتەقبەلیەکان کە دیزاینیـــان تەواو بـــووە وچـــاوەڕێی بـــودجەن ریـــز ئەکـــا. هەر لە قەسـابخانەی شـارۆچکەوە بـۆ بینـایەی ناوەنـدی و دواناوەنـدی کـوران وکچـان تـاوەکو ئەگاتە پـارکی شـارۆچکەکە و لەوێـوە بـۆ خـانەی پیری و کتێب خانەی گشتی، هەتا تەلاری کۆمەڵەی کەیبانووی ماڵ ریزی ئەکا.

رۆژی ئیفتیتـــاحی رەســـمی خەســـتەخانە گەورەکەی شـــارۆچکە، میـوانێکی زۆر و تـایبەتی حیزبی وحکومی لەمەرکەز و شـارەدێکانی دەوربەر بانگ هێشت کرابوون، تیپی مۆسیقای شـارۆچکە ئاوازی خـوایە وەتەن ئاواکەیان چڕی و مودیر هەڵسا بۆ پێشکەش کردنی وتارەکەی کە شـەرح و تەفـسیلی چـۆنیەتی گەڵاڵە بـونی بیرۆکەو قۆناغەکانی دروسـت کردنـی

خەستەخانەکە بوو. تا هاتە سەرباسی گرنگی دابین کردنی ئاو بۆ ئەو پرۆژە ستراتیجیە وتی: کێشەی گەیاندنی ئاومان هەبوو، خۆشبەختانە بەهەڵکەندنی ئەوبیرەی کە لە دامێنی ئەمسەری بینایەکەوەیەو ئاوێکی بەردەوامی جوانیشمان کە لەروی سحیەوە فەحس کراوەو سەد دەرسەد سازگارە بۆ دابین کرد.

ئەچرپێنێ بەگوێی نایبەکەیا، ئەگەر موزەخەکە بخەنە ئیش مەزبوت ئاو هەڵئەیا تا بەرێزان ببینن؟ نایب: بێخەم بە دوێنێ بەدەستی خۆم دوتانکەر ئاوی جوانم تێکردووە! مودیر: تانکەری چی ئەی ئاوەکەی خۆی ؟ یاریدەدەر: خوا وەکیل سەدو دە مەترمان لێیا هەر نەگەیشتە ئاو ئەمرۆش مەوعیدی ئیفتیتاحەکەبوو چی بکەین مەجبوور ئاومان تێکردووە!.

## ئامادەی جەرگەی مەیدانم

کاتی منداڵی ئێمە هێشتا ژیان وبیرکردنەوە لەناو سادەیی خۆیا ئەهات و ئەچوو، بۆ نمونە لەقەب و نازناوی ئازایەتی، زۆر لە پلەوپایەی زانستی یان ئەدەبی وفیکری، بازاری گەرمتر بوو، ئەیان وت فلانیان دیوە شانێکی وای سرەوانۆتە فلان خولانۆتیەوە ونەیوێراوە فزەبکات، کەڵچەکەرەکە ئەمەی بەسەروەری بۆ هاروهاجەکە تۆمار ئەکرد. بە کەسی بێوەی ئەوترا دەستی گرتووە بەکڵاوەکەی خۆیەوە نەوەکا با بیبا، یان ماشەڵڵا لەم زەلامە هەرلەپەنا دیوارەوە ئەروا، لەسێبەرەکەی خۆیشی ئەترسێ. مەبەست لەوە بوو ئەبوایە ناوەڕاستی ڕێگاکە بگرێ و باڵەکانی وەکو تەیارە چۆن خۆی بۆ فرین حازر ئەکا، ئاوا فش بکاتەوە بۆ ئەوەی خەڵکەکە هەست بەبونی بکەن. دیکارتی فەیلەسوف ئەڵێ: (من بیرئەکەمەوە کەواتە من هەم) ئێمە پێچەوانەی دیکارت ئەمان وت:(من حساب بۆ کەس ناکەم کەواتە من هەم)!.

لەقۆناغی خەباتی چەکداریشا ناوو شۆرەتی خەڵکە ئازاکە واتا شەڕکەرەکە لەخوێنەوارەکە بەهێزتر بڵاو ئەبێتەوە، پیاو هەقیش بڵێ ئەوەی بەوان ئەکرێ واتا شەرو پەلاماردان وسەنگەر چۆڵ نەکردن بە نوسەرەکە ناکرێ، ئەمەی دواییان لەروی تیۆریەوە لەسەر لاپەرەی

دەفـتـەر جـوانترین بیرو بـاوەڕ بـۆ بەرەنگـار بـوونەوەی دوژمـن دائەرێـژی بەڵام ئەرکی جێبەجێ کردنەکەی ئەخاتە سەر ئەوانی تر!.

زۆر بەی زۆری ئەوانەی لە سـیەکان و چلەکـانی سـەدەی پێـشو بیروبـاوەری چەپ و عەدالەتـی ئیجتیماعیـان بـڵاو ئەکـردەوە کرێکـارو جوتیـارکە زوڵـم لێکـراوەکە نەبـوون، ئەفەنـیە موسـەقەفەکان بـوون ئەوانەی ئەو ئیشانەیان نەئەکرد!.

ئەوەی جـێگەی سـەرنجە شـۆرش بەگـشتی زیـاتر جەنگاوەرو کەمتر بیرمەنـد پێئەگەیێنێ، دەورانێـک ئەژیـاین ئەگەر یەکێـک قەدوبـاڵای رێـک جــوان بــوایە ئەیــان گــوت بەخــوا حەیــفە ئەو قەدو پــشتوێنە چواردەخۆرێکی پێوە نەبێ! ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە هەقی نەبو کاکی باڵا عەرعەری بەچەکی حکومەت خۆی ئەرازێنێتەوە یان پێشمەرگە ؟ گرنگ ئەوەبـوو کـوڕی قـۆز نـابێ بێ چەک بێـت! قەت نەیئەگـوت حەیـف بـۆ ئەوکـورە جـوانە ئەگەر مەکتەبی تەواو بکـردایە ئیـستا بـۆ خـۆی دکتـۆر یان موهەندیس یان مامۆستا ئەبوو.

برادەرێکم هەبوو وەکو خۆم خوێنەوار، فەسڵ نەورۆز وبەهار بوو بە جەماعیی چوینە دەرەوەی شار بۆ سەیران لەرێگا کە چاوی بەو شاخ و دۆڵ و ئاو سـەوزاییەکە کەوت بۆ حەماسـە شۆڕشـگێریەکەی لەپلەی کۆڵانیش تێپەری نەکرد، کوردستانی جوان تۆ قیبلەگاهی منی بێگومان، واوەتەن خەمڵیـوە وەک گـوڵ نەوبەهـاری مـیللەتە، ئامـادەی جەرگەی مەیـدانم ی بەدرێژایی رێگاکە ئەوت، تـاو تـاویش ئەیچرپـان بەگوێ منـا: ئیتر بەسـە بەخـوا ئێـوارە لەگەڵتـان نـایەمەوە عەیـبە تـاکەی ئەم سـەر

شـۆڕیە بـۆ دوژمـن ؟ ئەرۆم ئیلتیحـاق ئەکەم ئەزانـم ئێـوە بەبیـانوی خـوێننەوە یەک سـانیە چـیە پیـشمەرگایەتیتان پـێ نـاکرێ، کـورت وموختەسـەر پێتان بڵێم کوردایەتی یەعنی پێشمەرگایەتی، یەعنی شاخ، بەراسـتی لەدڵیـشیەوە ئەیـوت. یەک عەیبی هەبـوو کەبەسـەر خواردنـا ئەکەوت ئیتر بیری ئەچۆوە ئەگەر ماعیدە زۆری تێبکەیت ئیتر دەرگاکەی دانـاخرێ. دەمەو عەسر خـواردن و هەڵپەڕکێ وتنی گۆرانی حەماسیی و موناقەشـەی گەرم تەواو هیلاکی کردبـوو، لەپەنـاوە: عەیـب نەبێ پیـاو لەکوێ دەستێک بەئاو بگەیێنێ ؟وتم: لێرە تەوالێت نیە بچۆرە پەنا دارێک بەردێـک کەهـاتەوە دیـاربوو لەگەرانەکەیـا بـۆ نادیارێـک، زەختـی خـواردنەکە لەسـەر ریخـۆڵەی تەواو پەرێـشانی کردبـوو. لەو حەماسـەی پێـشووی شـتێک دایبەزانبـوو ووردە ووردە لەبەرخـۆیەوە خـوا فەرسـەتی ئەوانە بـا کە دایـمە بەم شـاخ وکێـوەوەن باشـە ئەی لەکـوێ خۆیـان ئەشـۆن لەکوێ ئەنوون؟ سـوکێ بـردمیە ئەولاوە خـۆ لای کەسیان نەت وتـوە نـایەتەوە ئەبێ بە پێـشمەرگە؟ نانـا بـۆ خـاتری خـوا چـۆن شـتی وائەکەم ئەوشتە سرپاتە، -دەباشـە، - ئەرێ قەرار سـەعات چەن بوو بۆ رۆشتنەوە ؟وتم: ئیتر وەختێتی وتی: ئەرەوەڵا وەختێتی .

## ئەستێرەی ئاسمانی ئەدەبیات

ئەمە قسەی من نیە قسەی هەموو ئەوانەیە کەوە کو بەندە لانی کەمی خوێنەواری و رۆشنبیریان هەیە، یان لەئێمەو مانان لەومەجالەیا باڵاترن. قەت ناتوانی باس لە نوسەرێکی باش یان شاعیرێکی دانسقە یان هونەرمەندێکی پر لە جوانیی هونەر بکەیت، تاوەکو وەرگرێک (خوێنەر و بینەرو بیستەرێک)ی بەسەلیقەو زەوق بەرزو رۆشنبیرت نەبێ. چونکە ئەوەی کە چاوی رەقیبە لەسەر هەموو کارەکانی ئەوانە، رەخنەگری پرۆفشیوناڵ نیە، بەڵکو ئەوانەن کە رۆژانە گوێ بۆ مۆسیقاو گۆرانی رائەدێرن، یان وتار وشیعرو چیرۆک ورۆمانەکان ئەخوێننەوە، یان سەیری بەرنامە هونەریە بینراوەکان وەکو درامای تەلەفزیۆنی یان فلمی سینەمایی ئەکەن.

لە رۆشنبیرێکی وولاتێکی تازە پێگەشتویان پرسی بوو ئایا دیموکراسی بە واتای بەدەنگ هاتنە سەرحکوم بۆ وولاتەکەی تۆ باشتر نیە لەدیکتاتۆری؟ وتبووی نەوەڵا! ئەوەی پرسیارەکەی کردبوو بەسەر سورمانەوە لێی روانیبوو دەفەرموو ئەفەنی ئەو دیموکراسیەتە کە جوانترین بەرهەمی بیری سیاسیە بەدڵی نیە! کابرای رۆشنبیر وتبووی ئەگەر بیەڵی فکرەکەم بگەێنم راو بۆچونی تۆش لەوبارەیەوە ئەگۆرێ. (بەتەوسەوە)چۆن فەرموو تێمانگەێنە. رۆشنبیر: کاکی برا ئەم گەلەی

ئـێمە یـان نەخـوێنەرای ئەلـف وبێـی خـوێنەواریە یـان خـوێنەواری نەخـوێنەوارە بەمانـا رۆشـنبیریەکەی یـان سیاسـیەکەی، ئەگەر لەسـەر مەسـەلە سیاسـەکان یـان لە هەڵبژارنـی سـەرکردەکانی خـۆی رای وەربگریت، بێگومان دژی بەرژەوەندیەکانی خۆی دەنگ ئەیا. چونکە ئەو بەئاسـانی کاریگەریی کاریزمـا یـان لایەنی مێژوویی یـان قەداسـەتی ئـاینی کاری لێئەکاو ئیدی ئەوشتانەی تر، وەکو بێ ئیشی ومەعیشـەت و گرانیی و بـاری تەندروسـتی وژیـنگەو هەتـا دوایـی مەسـەلە گرنگەکـانی ژیـانی کـــۆمەڵایەتی، هـــیچ قورســـاییەکی لەســـەر ئاراســـتەی ئیـــرادەی هەڵبژرادنەکەی نابێت.

ریکلامێک دیارە بەنوسین بوو سەرنجی زۆر راکیشام نوسرابوو (بەم زوانە ئەستێرەیەکی نوێ لەئاسمانی ئەدەبیاتی ئەوروپا سەر هەڵدێنێ)! بەحـوکمی ئەوەی حەزی سـەرەتاتکێ(فـزول)م زۆرە وتـم: بـابزانم ئەو ئەستێرە نوێیە کێیەو لەچ بوارێکی ئەدەبیدا ئەوەندە دەست رەنگینە، وا بەم زوانە لە ئاسـمانی ئەدەبیـاتی ئەو کیـشوەرە پـر لەئەدیبی بەراسـتی ئەدیـب وفەیلەسـوف وبیرمەنـد ئەدرەوشـێتەوە!. درێـژەی ریکـلامەکەم خـوێنەوە بینـیم ئەدیبێکی خۆمـانە بەپێی ریکـلامەکە کتێبێکی تەرجەمە کـراوە بـۆ زمانێـک لەزمـانە ئەوروپیەکـان بەڵام هێـشتا نەکەوتـۆتە بەر دیـدەی خـوێنەرانی ئەوروپـی. ویـستم موناقەشـەیەکی بچـوکی لەگەڵ بکەم، بیرم کردووە لەوەی کە ئەو ئاوا یەک دەفعە کردبێتی بەئەستێرەو هەڵیدابێتە ئاسمانی ئەوروپاوە تازە وەکو کورد ئەڵێ قسەکردن لەسەری بـێ فـایە (فایـدە) یە ئەوشـتە لای ئەو بـووە بەئیمـان وئیمانـداریش

مەسـەلەیەکە نـاچێتە چـوار چێـوەی شـکەوە ئەبێ هەروابێ بـۆیە ئەو بیرۆکەیەم وازلێهنا ئەوەی من ئەم ویست بیڵێم ئەمەبوو هیچ لاریەکم لەسەرهیچ کوردێک نیە کە بێ بە ئەستێرەیەکی جیهانی نەوەک بەتەنیا ئەوروپی یـان محەلی بەڵام ئەو قەزاوەتە ئەبێـت کێ بیکـا خۆمـان یـان خـوێنەر یان بینەری ئەوروپی؟ ئەکرێ لای خـۆت یان لەوڵاتی خـۆت ئەو توانـایە دەگمەن بێـت یان وەکو ئەفەرمویت ئەسـتێرەبێت ئەوەش وەکو پێـشتر لەمەسـەلەی دیموکراسـیەکەو موناقەشـەی رۆشـنبیرەکەو و بەرانـبەرەکەی ئامـاژەم پێـدا زۆر شـت کـاری لێئەکـا کـێن ئەوانەی کە حـوکم بەسـەر ئەسـتێرەیی مندا ئەدەن ئاسـتی خـوێنەواری تێگەیـشتنیان رۆشـنبیریان چەنـدە ئایا جگە لەزمانی کوردی بەزمانێکی دیکە ئەتـوانن بخـوێننەوە ؟. ئەمـانە هەمـووی کار لەسـەر دەنگـدانەکەیان بـۆ نمـونە لەسـەر بەندە ئەکات. خـۆ ئەبێ ئینتیزار بکەین تـا بەرهەمەکە دەرئەچێ و دڵ ودیدەی ئەوروپیەکان شـاد ئەکاتەوە! دواتر خـۆیان حـوکم بەسـەر ئەو کـارەدا بـدەن و بڵـێن ئەسـتێرە کۆنەکانمـان دەمـێکە ئەدروەشـێنەوەو وەحـدەیان تیانەمـاوە خەرکە بەیەکجـاری ئەکـوژێنەوە ئـۆخەی ئەوە ئەستێرەیەکی تازەمان لێ هەڵهات.پرسیار ئایا ئەقڵی رۆژهەڵاتی چ کاتێک لەکـۆت و زنجیری سـەپاندنی راو بۆچـونی خـۆی، خـۆی پـێش دەوروبەر خۆی رزگار ئەکات؟.

## ■ ئیستیفادەکانی قەرنابیت

بەیانیەکی زووی فێنکی هاوین بوو کەلعادە بەدەم رێگاوە بووم بۆ بازار قسەم لەگەڵ خۆم ئەکرد، ئاگام لەدەورو بەر نەمابوو، گەیشتمە عاستی چاخانەو مەتعەمەکە، دەنگێک هاواری لێکردم ناسیمەوە کاک شەیپور بوو وتی: ئەرێ بۆخاتری خوا زەق زەق سەیرمان ئەکەیت ونامان بینی!. یان خۆتمان لێ هەڵە ئەکەیت؟ وتم: بەخوا وانیە داڵغەکە ئەوەنە زۆرە بۆ هەرکوێیەک بچین لەپێشمانەوە ئەروا، نایەڵێ بەرپێی خۆشمان ببینین. وتی: ئەگەر غایلەو بیرکردنەوەی دنیابێ ئەوە ئێمەو هەزارانی لە ئێمە باشترو جوانتری بردووەو هێشتا بەشی ئێمەشی بەزیاوە بەجێ هێشتووە. مەترسە کەس بەشت ناخوا هەرکەسە کۆڵێکی قورسی خۆی بەکۆڵەوەیە، وەرە بەخوا دائەنیشی نیسکی ئەخوارد.

هاواری کرد وەستا گیان قاپێکی تر نیسکی جوان و نانی گەرمیشمان بۆ بێنە، بەدەم خواردنی نیسکەکەوە خۆشە بەخوا خۆشە، زۆربەی بەیانیان هەرلێرە نان ئەخۆم خێرا خێرا هێلکە رۆنیشی هەیە، ئەمەی ئەودیو گۆشت وجگەرێکی جوانی هەیە، ناو بەناو ئەوانیش ئەخۆم بەڵام بەخوا زیاتر نیسکەکەم پێخۆشترە ئیستیفادەی نیسک هەرتەواو نابێ توخوا وانیە؟. منیش بەڵێ بەلی نیسکی چاکە بەڵام رونە خۆزگە نەختێک کەمتر ئاویان تێئەکرد، کاک شەیپور ئەزانی بۆ وایە؟ چوونکە هەیە تێی ئەوشێ ئالەبەر ئەوە.

نیسکمان تەواو کرد وتی: وەرە باچین دوچای خەست بخۆینەوە، چایەکی جوانی هەیە، بەدەم تێکدانی چاکەیەوە کتێبە تازەکەت بینیم؟ نەوەڵا کاکە شەیپور، کتێبی چی؟ ئەی بێقەزابی ئەوە دووەمین کتێبمە با چاکە بخۆینەوە لەسەیارەکەمایە نوسخەیەکت پێشکەش ئەکەم. ئەمەیان نەختێک قوڵ بۆی رۆشتووم، دەربارەی چیە وتم؟ وتی: کاریگەری فەلسەفە لەسەر رۆشنبیر!.ئێ خەرمان بەرەکەت بەخوا باوکم تاقەتێکی چاکت هەیە کتێب کاری زۆری ئەوێ کاتی ئەوێ سەرچاوەی زۆری ئەوێ، خوێننەوەی ئەوێ. دواتر خۆ ئەبێ شتێک بکەیت کە نووسەری تر ئەوانەی لەو بابەتەیا نوسیویانە ئاوا وەکو تۆ بۆی نەچووبن، بەکوردیەکەی شتێکی تازەت وتبێ و لەسەرو هەمووشیانەوە ئەبێ لانیکەم لەزانکۆیەک ئەو رشتەیەت خوێندبێ کتێب هەوانتە نیە.

کاک شەیپور: ئەرێ برا ئەوهەموو شەرت و شروتە چیە داتناوە خوا بەوە رەحمی کرد وەزیری رۆشنبیری یان بەرێوەبەری دەزگایەکی چاپەمەنی نەبووی. وەڵڵا خۆ نەت ئەهێشت یەک کتێب دەربکەین، کاکە سەرچاوەی زۆری بۆ چیە شتەکان خۆی دیارە، دواتر پیاو بایی ئەوەنەی پێنەبێ کە کتێبێک بنووسێ باشترە قەڵەمەکەی خۆی بشکێنێ هەویەکەشی بباتەوە بۆ رابیتەی ئەدیبان. بۆ زانیاریشت یارمەتی دوکەسیشم داوە لەماستەر نامە و دکتۆرایا وتم: لەچییا؟ بابەتی ئەدەبی و فیکری، وتم: باشە کاکە شەیپور گیان سەرکەوتووبی وتی: کتێبەکەم بخوێنەرەوە حەزیش ئەکەم لەسەر پەیوەندی بین ئەوەش

ناونیشانمە لە فەیس بووک وتم: پێم خۆشە ئێوارە سەیری پەیجەکەیم کرد هیچ شتێکی وای تیانەبوو ئاماژە بەوە بات کە لاپەڕەی نووسەرە لای سەرەوە رەسمێکی قەرنابیتێکی دانابوو، لەژێریا دانە بەدانە ئیستیفادەکانی ئەو قەرنابیتەی بەکوردی ریز کردبوو لەبەر خۆمەوە وتم: ئەی ئیستیفادەکانی نیسکەکەی کەبەیانی ئەیخوارد کەی دائەنێت!.

## ▪ وەجاخ زادە

لەسەر ئەوەی کەچۆتەخوازبێنی کچەکەی، باوکی کچێکی سعودی لەبنکەی پۆلیسی عەزیزیەلەمەدینەی منەوەرەشکاتی لەگەنجێك کردووە، بەدعوای ئەوەی کەئەو گەنجەلەخێڵێکی غەیری خێڵکەی ئەوانەو ئیشکەشی زۆر هیچە، سایەق تەکسیە! لەسەر ئەو شکاتەکوڕەکەلەپۆلیسخانەتەوقیف دەکرێت.

ئەم هەواڵەیان رووداوەئەگەر لەمەنزوری ئەقڵێکی مۆدێرنەوەحوکمی بەسەرا بەیت بێگومان وەکو ئەو فیلمانەوایەکەباس لەقۆناغی پێش قرپوونی دایناسۆرەکان ئەکات، بەڵام ئەگەر بیخەیتەوەکایەکەلتوریەکەی خۆی ئەبینی شتێکی ئاساییەکەگەنجێك بۆی نەبێ هەروا سوك و ئاسان جورئەت بکاو بچێتەداوی کچێك، کەماڵەباوانی هێشتا لەژێر سێبەری ئەقڵی خێڵی خۆمان باشترین خێڵەئەژین. لەوەش ئاساییتر ئەوەیەکەباڵبەست بکرێ و لەلایەن معاون هەرچی شورتەی ئەو مەخفەرەش هەیەکەمیوانداری لێ کراوەسەر زەنشت بکرێ و داوای لێبکەن هەرچی زووەبەسوڵحی عەشایەری کۆتایی پێ بێنێت. ئەگینا ئەگەر دەعوا بگاتەدادگا لەسەر ئەو ناماقوڵییەی، قازی خراپی بەسەر دێنێ.

جێگەی گومان نییە، لەئەوروپاش ئەو تەرحەئەقڵەلەسەدەکانی ناوەڕاستا کەبەتاریکستانی مێژوویان بەناوبانگە، وەکو خۆهەڵکێشان بەنەسەب و خۆهەڵواسین‌بەچینی ئوروستکراتیەکانەوەزۆر گەرم بوو، پاش شۆڕشی پیشەسازی کەجیاوازی، شارستانیی، لادێ و شاری بەهۆی راکێشانی هێڵی ئاسن و دواتر ئۆتۆمۆبێلەوەتەسك کردەوە، ئەو نەریتەش لەگەڵ هەموو شتەخراپەکانی ئەو سەردەمەیان، بوو بەحەرفی ناو کتێبەمێژووییەکان و بەدەرەجەیەك ئەو عادەتەیان تورڕدا، ئێستا کچێك کەپاکردنەوەدەکات، بۆی هەیەببێتەژنەمیر یان وەزیر، هەروەها بەپێچەوانەشەوە.

لەلای خۆشمان ئەو جۆرەبیرکردنەوەیەلەناوەڕاستی حەفتاکانەوەبەهۆی بیرو باوەری پێشکەوتوو خوازانەوەتا دەهات کەمتر دەبۆوەو بەڕادەیەکیش بوو، منی والێکرد، لەدانیشتنێکا لەگەڵ هەندێك عەرەب و ئەوروپیدا کەباس باسی کەلتور بوو، بڵێم کاکەئێوەباسی چی دەکەن زۆر لەمێژەئێمەی کوردیش فشەفشی بەگ و ئەسڵ و وەجاخ زادەمان لەقەبرێ ناوەو لەو مەسەلەکۆمەڵایەتیانەیا تەنها ئەوکەسەخۆیمان لەبەر چاوەو بەس ئیتر ناپرسین کوڕ یان کچی کێیە.

ئەوەباوەڕو قەناعەتی من بوو هەتا ئەو عەسرەی کەباجی بەدری تەشریفی بۆ ماڵی ئێمەهێنا، دوای بەخێر هاتنێکی گەرم وتمان خێرەباجی دیار نیت؟ وتی بەخوا مەشغوڵی حەفلەی کچەزاکەم بووین، وتمان: موبارەکەشووی کرد؟، وتی ئەرەوەڵڵا بەکوڕێکی زۆر باش، باوانی لەشێخانی دەوروبەری سربستانن!، وتم جا ئەو دەوروبەرەشێخی

کوا؟، وتی ئەی بێقەزابن چۆن نیەتی، وتم وەڵڵا موهیمەچۆن ئەو شێخەتان لەوێ پەیا کرد؟، وتی ئێمەخۆمان وەجاخ زادەین و هەر بەئەسڵیش شێخین، خۆ ناکرێ تێکەڵی هەموو کەسێك بین، ئێوەش خۆش بن خەڵکیشمان زۆرەبەپرسیار گەیشتینەسەر بنج و بناوانی.

لەبەر خۆمەوەئەموت خەڵکێك وەکوماڵی ئەم باجی بەدریەئاوا وەجاخ زادەبن ئەبێ لەدیواخانەکەیانا بیستوچوار سەعاتەزیرەی سەماوەری بێت، خۆ ئەمانەلەم هەندەرانەیارمەتی سۆسیالیان لێبڕێ ئەمرن لەبرسا، باش بوو گوێی گران بوو ئەگینا عاجز ئەبوو، وتی ئەوەماملۆستا ئەڵێ چی، دایکی مناڵەکان وتی هیچ باجی گیان ئەڵێ ئەم مانگەدایەرەی سۆسیال بەبۆنەی جەژنی دارودرەختەوەدوو مەعاش ئەیەن، وتی توخوا بەڕاستەئیتر بەتەواوی رەنگ و رووی کرایەوە، وتی جا پارەیان زۆرەقەیچێکا با لەساڵێکا جارێکیش دوو مەعاش بەن خۆ لێیان کەم نابێتەوە. قومێکی لەشەربەتەکەیاو وتی ساڵی پاریش، وتمان ساڵی پار چی؟ وتی کوڕەزاکەم وتمان ئەو چی؟ وتی کچێکی ئەڵمانی هێنا ئەویشمان لێ موبارەکردو وتمان حەتمەن ئەویش باپیرەگەورەی بەردی بناغەی بەرلینی داناوە، وتی هەر مەپرسەئەوەنەوەجاخ زایەن نەبێتەوە.

## ▪ ناوی موبارەك

دایکی مناڵـەکان وتـی فلانـی ناسـیاومان مناڵیـان بـووە، نـەچـین پیرۆزباییـان لێبکـەیـن؟ وتـم باشـەبـا کۆتـایی هـەفتـەبێ، چونکـەرۆژانـی تـر ئیش ئەکەین، کاتێك چووین و دوای سـەلام و هـەواڵ پرسـین و پیرۆزبایی کردن، لێم پرسین ئەم بەبەجوانەناوی چییەخوا لێتان نەسێنێ؟ ناوێکی عـەرەبیـان پێـوتم، کـەلـەپـێش هـاتنی ئیـسلامەوەهـەیـە، واتـا لانـی کـەم دووهـەزار سـاڵ کۆنـە، منـیش پـێم وتـن نـاوی کـوردی زۆر خـۆش هـەیـەبـۆ منـاڵ بـەتایبـەتی ئێـستا، بـۆ ئـەو نـاوەتـان لێنـاوە؟ ئێـوەبینیوتانـەعـەرەبێك یـان تورکێك یـان هـەر قـەومێکی کـەنـاوێکی کـوردی لـەمنـاڵـەکانی بنێـت؟ خێزانـەکـەم سـیخورمەیـەکی نـەرمی لـەپـەنـاوەتێسرەوانـم کـەلـەکـەی بـڕیم، فیما مەعنا، کاکەتۆ هەقی ئەم سەر ئێشەیەت چییە، ئەمان تازەبڕیاریان یـــاوەو سووریـــشن لـــەســـەری و قـــوەت نییـــەپێیـــان بگـــۆڕێ. نـەخێر هـەر موسـیڕ بـووم، بـاوکی منـاڵـەکـەنـەختێك بـەحیـدەتـەوەوتـی کاکەئەم ناوەعـەرەبیانـەموبـارەکن، نـاوی ئـەسحابـەو ژن و پیاو چاکانن، وتـم کـاکی بـرا ئـەم ناوانـەپـێش هـاتنی ئـاییني ئیـسلام هـەر هـەبـوون، سـاڵەهـای سـاڵ نـاوی خـەڵکانێك لـەتیرو هـۆزەکانی عـەرەبی نیـشتەجێی نیوەدوورگەی عەرەب بوون، کەئیسلامیان نەدیووە، وەیان راستر کاتێك هەبوون هێشتا ئیسلام وەکو باوەڕو عەقیدەدروست نەبووە.

هەر بۆ میسال ئەو ئەبوجەهلەی کەتا مرد دژایەتی ئیسلامی کرد، ناوی(عمرو بن هشام بن المغیرەبن عبدالله بن عمر بن مخزوم) بوو، ئایا ئەبوجەهل ئەم ناونانەی لێ موبارەك بووە؟، ئەگەر دوای ئەوەش خەڵکانێك هاتبن ناویان عەبدوڵلا وەیان عمر بوبێ و پیاو چاك ئەولیای ساڵح بووبن، گوایەخەڵکانی تر نییەکەهەمان ناویان هەڵگرتبێ و زۆر خراپ بوون وەیان ئێستا خراپن؟ بۆیەناو هیچ پەیوەندیەکی بەموبارەکی ناموبارەکی شەخسەکەوەنییەئەوەئەفعالەکانێتی کەرادەی پاکیی ئەو کەسەدەستنیشان ئەکا دواتر لەهیچ دەقێکی قورئاندا نەهاتووەکەغەسب لەئەقوامی غەیری عەرەب بکا ئەگەر ناوەکانیان لەگەڵ ناوی عەرەبیدا جوت نەکەن ناچنەبەهەشت.

من زۆرم رست، بەلام دیار بوو قسەکانم وەکو تۆپێکی بچوکی پڕ لەهەوا بێت و بیدەی بەدیوارێکی کۆنکرێتیا، یەکسەر بۆ دەموچاوی خۆم ئەگەڕایەوە، بەتایبەتیش باوکەکە، کەپەتی تەحەمولی پچڕی و وتی کاکەهەر کەسەو ئازادەچ ناوێك بۆ مناڵەکەی هەڵئەبژێرێ، سیخورمەیەکی جوانی ترم لەلایەم دایکی مناڵەکانەوەبەهەدیەوەرگرت، ئەوجا بێدەنگیم لێکردو شەربەتەکەی بەردەمم بەیەك بین هەڵقوڕان و بابەتەکەم گۆڕی و هاتمەباسی فەزیلەت وتم با ئەمەیان دامەزرێنم هیچ کێشەیەك دروست ناکا، چونکەدیارەماڵی ئەم ناسیاوەمان زۆر موتەمەسیکن پێوەی و ئەمەیان پێخۆشەسەد دەرسەدیش دەم خۆشی و دەست خۆشی جوانی بۆ چوونەکانم لێئەکەن، هاتم بڵێم هەندێك لەو ژن و مێردەکوردانەی کەلەم هەندەرانەئەژین بەداخەوەبەدوور

لەهەموو عورف و عادەت و ڕێنمایی ئەو ئایینەی کەلەسەرین، چوون لەدادگای ئەو وڵاتانەبەڕەسمی لەیەك جیابوونەتەوەبۆخاتری ئەوەی دوو جار مەعاشی یارمەتی کۆمەلایەتی وەربگرن، توخوا قەت ئەوەقەت لەگەڵ ئەوراستگۆییەیا دێتەوەکەقورئانی پیرۆز ئەمرمان پێئەکا، کەلەسەری بڕۆین؟ باشەپەیوەندی ئەو ژن و مێردەبەمناڵەکانیشیانەوەکەدوای ئەو تەلاقدانەرەسمیەبەردەوام و دروست ئەبن، سەرد دەرسەد حەرام نییە؟ ئەمجاریان سیخورمەنەبوو ئەرز ئەرزێك بەر کەڵلەکەم کەوت و ژنەکەم وتی پیاوەکەبابڕۆین کاتمان درەنگ کرد.

کەهاتینەدەرەوەوتی: ئەرێ تۆ لەئێرانەوەبۆ توران ئەهێنێتەوەدەمت ئەڵێی چیکەنەیەیەك دەقەناوەستی، وتم: ئێ خوا عافوت کا لەمەوزوعی ناوهێنانی موبارەکا تێت سرەوانم وتت ئەمانەزۆر موتەدەینن و بێدەنگ بە، هەرچەندەبۆچوونەکەی من راست بوو و لەسەر هەق بووم، چونکەهەڵبژادنی ناوی عەرەبی فرێ بەسەر دینەوەنییە، بەلام وتم: ئەلحوکم ولیلا با لەسەری نەڕۆم .هاتمەسەر بابەتی خواناسی و راستگۆیی ئەمجارەوات تێسرەوانم ئەشەمبیللا هەناسەت لەبەر برِیم، وتی: تۆ خۆت گێل ئەکەی یان نازانی؟، وتم چی نازانم، وتی: ئەی نازانی ئەمانیش لێرەبەڕەسمی لەیەك جیابوونەتەوە، وتم دەمێکە؟، وتی: هەر کەهاتن، بەلام تۆ سیخورمەکارت لێ ئەکا؟، بەخوا تۆپیشت پێوەنێن لەم دەمەی خۆت ناکەویت، بزانەکەست بەئێمەوەهێشتووە، ئەرێ تۆ بۆ پیرۆزبایی مناڵەکەچوویت یان پێیان بڵێی بەچکەکەتان ناشەرعییە؟، وتم ئێ من چوزانم ئەمانەهیچ شتێکیان موبارەك نییەتەنها ناوی ئەو بەستەزمانەنەبێ کەتازەلەدایکبووە.

## ■ نیهایەت

مەنیج ئەوە تۆی ئەی یارەبی بەخێربێی، کچێ بەخوا من وتم: گوێم لەدەنگی تەقولبابەکەبوو منالان وتیان دایە گوێچکەت زرنگاوەتەوە ئەی ئێمە بۆ گوێمان لەهیچ نەبوو.

ئاکچێ هەڵسە جامی ئاوی لەمەرکانەکە بۆ بێنە بادەمی تەڕکا وچایەکی جوانیشمان بۆ لێنێ. چای چی تۆخوا عەزیەت مەکێشن، ئەیەڕۆ چا گوڵی مەجلیسە. تۆجارێ پێم بڵێ چۆن بوو دەرگاکەت قلێشانینەوە، بەخوا رەنگە رێگات وون کردبێ؟ نەوەڵڵا دەمێکە ئەمەوێ دێنیتان بکەم، چیبکە بەخوا قاچم لەدوام نایەت ئەژنۆی راستم بەتەواوەتی پەکی خستوم. پێرێ سەبیحی کچم بردمی بۆ زیارەتی کاک ئەحمەدی شێخ بەقوربانی بم، بەخوا عەرەبانەی نەهێنایە نەم ئەتوانی بچم.

ئەرێ شەمسە تۆ ئەوگوڵە جوانەی باخەکەت بۆکەی هەڵگرتووە؟ کام گوڵیان لەخوا بەزیابێ کچەکانم هەریەکەو گوڵێکن بۆ خۆیان. ئەی یارەبی لەچاو نفوس بەدوور بن هەموو گەرەک بە عەزرەتەوەن نمەیەکی دەنگیان ببیستن، بەخوا ئەوەنە سەنگین وسەلارن بچنە هەرماڵێک ئاوەیانی ئەکەنەوە.

مەنیج فەقیانەی کراسەکەی ئەکاتەوەو چاوو لوتی پێ ئەسڕێ :جەبارم دایکی کوێر بێ خێری لەخۆی نەدی، هەر منداڵ بوو ئەسکەرەکان باوکیان لەمەنعەتەجەولەکەیا کوشت( ئۆە یارەبی زەعیم سەدیق بەکۆی زوخاڵ بی، شەمسە ئامین خوایە).

ئەویانم نەختێک لەوانی تر هەراشتر بوو مەجبور خستمە سەر دوکانەکە ئیتر خۆت ئەزانی بەوکۆشە خێزنە خواو ئەو دوکانەو جەبار گیانمان هەبوو. ئێستا ئەمەوێ ژنی بۆ بێنم ئەگەر نەدیوو نەناسراوێکی بۆ بێنم خوا ئەیزانێ سبەینێ جەبارم بە بیانووی دایکت زۆر لەسەر شت ئەڕوا لێ هەڵناگێڕێتەوە، ئەوسا قوڕی کوێ بکەم بەسەری خۆما.

بۆیە چەن سەرم هێناو سەرم برد لەنیهایەت گیانم باشتر نەدۆزیەوە، ئەگەر خوا بیکا تاعومر باقی بێ شەرتبێ وەکو دایک وکچ پێکەوە دانیشین.

مەنیج گیان جەبار کوڕی خۆمەو خواشایەتی حاڵە هەموو جارێ کە ئەچمە سەربەرماڵەکە هەر دوعای خێری بۆ ئەکەم، ئەوەنە ساڵحە هەر نەبێتەوە بەڵام نازانم چی لە نیهایەت بکەم لەهەموو شتێکیا لەخۆم ئەچێ بۆ نەگبەتی ئەم کەڵڵەرەقیەی چۆتەوە سەر باوکی. بەخوا هەر ئەمساڵ شەش داواکاری هەبووە، کورەکەی رەعنای حەمدی بەگ وتبووی بەشەرت رازی بێ یەک خانوی لەسەر تاپۆ ئەکەم، ئەڵێ دایە جارێ شوناکەم ئەمەوێ مەکتەبەکەم تەواو کەم.

لەو قسانەیا نیهایەت بە قۆریەچاکەو پیاڵەکانەوە خۆی ئەکا بەژورا و پارچەیەک شەکری کڵۆی لەدەسرێکەوە پیچاوەتەوە ئەڵێ: پورە مەنیج، مەنیج: گیانی پورێ، نیهایەت: ئەوە شەکری کڵۆیە بۆم هێناوی لەگەڵ خۆت بیبەرەوە خۆم کوڵانوومە حێلم تێکردووە زۆر خۆشە.

## ناودارو بێ ناو

منداڵ بووم کاتێک کە دایکم کفتەی دروست ئەکرد، لەبەر ئەوەی من حەزم لەکشمیش نەبوو، ئەبوایە ئەوەی من بێناو بووایە، بۆ ئەوەشی کە کوڵا لەمەنجەلەکەیا بناسرێتەوە، ئەبوو نەختێک درێژ کۆلە بوایە.

ئەوکاتانە ئەگەر وەسفی شتێک یان کەسێکیان بکردایە، خواردن بوایە یان دەست رەنگینی یان هەر شتێکی کە، کە ناوازە بوایە ئەیان وت: بەنامێ بۆ نموونە ئەوترا کڵاشی عەبو بەکر بەنامێیە، کەبابی سلێمانی یان هەناری نازەنین بەنامێیە.

زۆر جار ئەو دەستەواژەیە بۆ شتی ئەرێنی بەکار ئەهات جاروبار شتی خراپیشی تێ ئەکەوت، ئەگەر باسی خراپی و شەرنگێزی یەکێک بکرایە، پیاو بوایە یان ژن ئەیانوت لەگەڕەکا بەنامێیە.

لەنیوان کفتە ناودارو بێ ناوەکەی دایکم و بەنامێیەکەی سرکەکەی پورە مەنیج و نەخوێنەواریەکەی ئەو عەیامەو خوینەواریە زۆر بۆرەکەی ئەم عەیامە، زۆر شت وون بوون. بۆ نموونە ئەو دەورانە یەک ووشە بەبێ هۆ وبەبێ ئەوەی تەواو مانای خۆی نەبەخشێ بەکار نەئەهات. نەنکم خوێنەواری نەبوو بیرمە ئیوارەیەک سەید عەلی ئەسغەر لەرادیۆکەوە تێی چریکان (ئەی رەفیقان) وتی: ئای کە دەنگێکی

غەریبە! ئەو ووشەیە هەموو واتاکانی دەگمەنی و سۆزو عاتیفەو ئەو خەمەی کەلەو دەنگەیا هەبوو، تیا جێ ئەبۆوە. ئیستا خوێنەوارەکە کە ئەڵێ سەوتی خۆشە! ئەم دەربڕینە زۆر سادەیە ئایا چ دەلالەتێکی ئیحساسی یان چ هەڵسەنگاندنێکی تیایە؟. یان ئەڵی فلان گۆرانیبێژی ناودار! ئایا حەسەن زیرەک بۆچیەتی ووشەی ناوداری لەگەڵا بوترێ تەنها بە بیستنی ناوەکەی گوێگر یان خوێنەر تەسەوری چی ئەکا؟ جگە لەگۆرانی وئاوازو مۆسیقایەکی کوردی دەگمەن، کە قەت کۆن نابێ.

هەندێک شت هەیە پێوسیتی بە تاریف وناساندن نیە، چوونکە ناوەکە بۆخۆی تاریفە، کەس هەیە نەزانێ ناوی چارڵی چاپلن یان بیتهۆڤن چ واتایەکی هەیە؟. ئەو ناوانە بۆ خۆیان گوزارش لە بەرزترین داهێنان لەهونەری نواندن ومۆسیقای کلاسیکا ئەکەن. چ پێوسیت بەشتی ترە کەلەپاڵیانەوە بوترێ، یان بنوسرێ تاوەکو زیاتر بناسرێن.

ئێوارەیەک لەگەڵ دوبرادەر چوبووین بۆ ئەودیو ئەزمەر بەوهیوایەی نەختێک هەوای سازگار هەڵمژین دەوروبەری سەعات شەش بوو تەلەفونێکم بۆهات، دوای ئەوەی خۆی پێناساندم وتی: حەز ئەکەم تەشریف بێنی بۆ بەشداری لەبەرنامە تەلەفزیۆنیەکەما وتم: کەی؟ وتی: بۆ سەعات هەشت حازر بە. وتم: هەشتی سبەینێ ئێوارە؟ وتی: نا ئەم شەو، وتم: براگیان بەم کوتوپریە ؟ ماوەیەکم ئەوێ تا زانیاری تەواو لەسەر بابەتەکە ئامادەئەکەم، وتی: کاکە بۆ ئێوە مانان کە ناودارن ئەو بابەتە شتێکی ئەوەندە قورس نیە، قەناعەتم هەیە کە ئەتوانن زۆر بەسەرکەوتویی لەسەری بدوێن، وتم: ببورە نامەوێ لەبابەتێکا قسە

بکەم کە خۆم بۆ ئامادە نەکردبێ هەتا باسی چیرۆکی ژیانی خۆشم بێت. دواتریش نامەوێ زانیاری هەڵە بە بینەر بەم.

شەو کاتی بەرنامەکە خستمە سەرئەوکەناڵە بینیم ناودارێک کە دیاربوو دوای من تەلەفۆنی بۆکرابوو بەتێرو تەسەلی وەڵامی هەموو پرسیارێکی ئەیایەوەو جارو باریش نۆرەبڕی لە میوانەکەی تریش ئەکرد کە بە تەلەفوون لەسەر خەت بوو!.

## ■ جەبهەی ئەمامی

لەسـەردەمی قادسـیەی سـەدامدا، کێـشەی گەورەی ئەفـسەرانی سـوپای عێراقی ئەوەبـوو، کە سـەربازەکان لە سـەرەتای دەسـپێکردنی هێرشـی بەرانـبەرەوە هارەیـان ئەکـردو ئەشـکانەوە. ئەوان ئەیـانوت ترسـنۆکن راسـتیەکەی وانەبـوو، دیکـاتۆریەت هـیچ مەجـالێکی بـۆ خۆشەویستی نیشتمان نەهێـشتبۆوە، هەمو حەزی ئەکرد وەتەن کاول بێ بەسەر دام ودەزگا ئەمنیە ناوبانگ خراپەکانیا. شەڕێکی کاول کەرانە لەبـری وولاتـی کەنـداو وبەپـارەی ئەوان هەڵگیرسـابوو، گەنـجە عێراقیەکان لەهەمو رەگەزو تایەفەکان لەناو ئەچون، یان کەمئەدام ئەبـوون. بـۆ گاڵتەجـاری سـەربازە عێراقیەکـان ئەیـانوت، لەسـعودیە بەگەورەیی نوسیویانە تا دواین سەبازی عێراقی شەری ئێران ئەکەین.

کاتێـک کە سـوپای عێراقی بەبریـارێکی سیاسـی سـەرەرۆ، غافـڵ گیر رژانە نـاو خـاکی ئێرانەوە شـاری محەمەرەیان داگیرکرد و تا دەوروبەری عەبادان چوون. راپۆرتە نهێنیەکانی دەزگای ئیستخباراتی عێراقی ئەوکاتە، باسـی لەوە کردبـوو، خەڵکـی عەرەبـی ئەونـاوچەیە کە بەعەرەبـستان مەشهورە، لەبری عێراقی عەرەبی کەلەگەڵ ئەوان هاورەگەزە، بە قـولایی خۆیـان بـزانن و سـەدام حـسێن بەفریـاد رەسـی نەتەوەیی قبـوڵ بـکەن، ئەوان بەرەو قـولایی ئێـران کـشانەوە. سـوپای عێـراق وەکـو داگیـرکەر

رەفتاری لەگەڵ ئەوانیش ئەکرد، هەمو کەلوپەلی ناوماڵیانیان سواری لۆری کردبوو هێنابویان بەم دیوا و لەتۆماری غەنیمەی شەرا تۆماریان کردبوون، هۆیەکی تریش هەبوو ئەویش ئەوە بوو ئەوان شیعە مەزهەب بوون و لە عێراق سونە مەزهەب باڵا دەست بوو، لەو حاڵەتەیا بۆ ئەوان مەزهەبەکە لەپیش نەتەوەوە بوو.

ئەوکاتانە سەربازە عەرەبەکان بە سەربازە کوردەکانیان ئەوت ئەگەر وەکو ئێوە شاخمان ئەبوو، قەت عەسکەریمان نەئەکرد. کورد بەعام عەسکەری نەئەکرد، یان راستر یەک نەخت شوێنەکەی خراپ بوایە، یان نەقڵی جەبهە بکرایە فیراری ئەکرد. نیوەی یەکەمی هەشتاکان رادەی کوردی فێرار لە جەیشی عێراقی مەترسی لەسەر رژێمی ئەوسای عێراقی دروست کردبوو، ئەگەر عەرەبی عێراق تەواو بێزار ببون لەوشەرە، کورد دوجار وسێ جار هەقی بوو لەشەرێکا نەکوژرێ لە بەهیچ شێوەیە لەپێناوی ئەوا نەبوو، ئەوان شیعاری دیفاع کردن لە دەروازەی پێشەوەی ئومەی عەرەبیان رۆژانە لەمێدیاکانەوە پەخش ئەکرد. کوردیش ئەبوو لەخزمەتی ئەو شیعارەیا بمرێ.

ئەوکاتانە قیادەی سیاسی عێراقی بەبریاری مەجلیسی قیادەی سەورە، قەراری لێبوردن و تەسریح کردنی کوردە هەڵاتوەکانی لەجەیشی عێراقی دەرکرد. لێکدانەوی ئەوە ئاسان بوو بۆ یەکێک ئاگاداری ئەودیوی دەرگاکان بێت. مقاوەمەتی سوپا و دەزگا ئەمنی وحیزبیەکانی بەعس لەکوردستان پەرەی سەندبوو، ئەوان بۆئەوەی ئەو گەنجانە بێلایەن کەن، واتا وانەکەن کە هیچ مەجالێکیان نەمێنێ

مەجبور بدەنە پاڵ باڵی عەسکەری مقاوەمەتی کوردیی ئەو بڕیارەیان دەرکرد. سەرەرای ئەوەش ئەو کاتانە عێراق چەکی کیمیاوی پەیا کردبوو، کە بە (عەتادی خاص) لە نامە عەسکەریەکانا ئاماژەی پێئەدرا و بەهۆیەوە توانیان لە گور وتینی هێرشە ساڵانەکانی سوپای ئێران کەم بکەنەوە.

هەرئەوکاتانە بۆ ئیحتیواکردنی ئەگەنجە کوردانەی کە نەئەچون بۆشەری قادسیە، هەڵسان خەڵکانێکی عەشایەریان تەکلیف کرد بە کردنەوەی فەوجی پیادە، چەکدار بە سیلاحی سوک، ناویان لێنرا فەوجی خەفیفە. ئیتر لەلایەن کوردە نیشتیمان پەروەرەکانەوە، وەکو سوکایەتی ئەوترا عەمری نەمێنێ فلان خەفیفەیە، بەواتای (سوک وسەلیم).راپۆرتی حیزب و دەزگا ئەمنیەکان وای لەقیادەکرد کە ناوەکەیان بگۆڕێ بۆ ئەفواجی دیفاعی وەتەنی، فیرارە کوردەکە لەوێ ناوی خۆی ئەنوسی ئیتر دەوامی نەئەکرد وەرقەی ئیجزاەیان بۆئەکرد بۆ خۆی بێترس ئەسورایەوە، موستەشارەکەش مەعاشەکەی بۆ خۆی هەڵئەگرت بەواتایەکی کە ئەوانە قوەتی بن دیوار بوون ناویان هەبوو ئیشیان نەبوو.

هەر ئەوکاتانە ژنێک ئەچێتە تەعزێی خزمێکیانەوە هەر لەدەگای حەوشەوە خۆی ئەرنێتەوە و ئەگری، ماڵەتەعزێکە لەتاو ئەو کۆستەکەی خۆیان بیر ئەچیتەوە، ژنەکانیتریش هەوڵئەیەن ئەهوەنی بکەنەوە ئەویش ئەڵی من بۆ ئەمە ناگریم بۆ ئەو شێرو پڵنگەی جەبهەی ئەمامیم ئەگریم کاتێک ئەچنە بنجو بناوانی ئەبینن شێرو پڵنەگە دوساڵیش ئەبێ فیرارن.

## ■ های لایف

سالأنێک کەس لەپڕێ نەئەبووە کورێ، تەنها رێگەی لانی کەمی گوزەران وەیان لەباشترین ئەحوالأ مام ناوەندیی گوزەران خوێندن یان کەسابەت بوو. هەبوو لەخوێندنەکەیا ئەچوە پیشێ، تاوەکو تەواوی ئەکرد، ئیتر مامۆستای سەرەتایی بوایە، یان ناوەندی یانیش ئەگەر ئاستێکی باشی بنوانایەو زەینی رۆشن بوایە و بەیەک کەرەت دەرسەکە بچوایەتە مێشکیەوە، ئەبوو بە دکتۆرو موهەندیس. ئەوانیش هەر ژیانێکی نەختێک سەرو مام ناوەندیان ئەتوانی دەستەبەر بکەن.

ئەو وەختانە یەکێک ئەیوت ماڵی بەدری خوشکم های لایف ئەژین خۆیی و مێردەکەی مامۆستان، ئەشەمبیللا هەر کەوتیان ئەم ئێوارەیە ئاگری نەورۆزە، ئەوان مەنجەڵە یاپراخیان پێچاوەتەوەو بۆ بەیانی قەشقۆڵی خۆت بگرەو هاتم!. یەکێکی کە ئەیوت: باوکم ئەوانەی من ئەیان ناسم، های لایفیشیان تێپەرانووە، هەر دانێکیان لەسەر تەعامێکە (هەر رۆژەی نەوعە چیشتێک ئەخۆن). یەکێکی کە ئەیوت: ئەو رۆژە لەدوکانەکەی حاجی رەوفی خۆمان بووم بەخوا تا دەرگای قاسەکەی نەکردەوە.من هەروام ئەزانی ساحێبی سێ هەزارە کە کردیەوە چی ببینم هەمووی سەفتەی پێنج دیناری بوو، درۆم نەکردبێ خۆی ئەیا لەشەش هەزاریش!.

بیرم دێ مامۆستا جەمال لەسەر کورسیەکی داری بچکۆلە لای حاجی غەریبی عەلاف دانیشبوو، ئەیوت حاجی گیان بڵێ خوا پیاوەکان نیوەروان لەکوێ نان ئەخۆن ؟. حاجی غەریب: وەڵڵا بڵێم لەکوێ لای کابرای نانو هێلکە و ترشیاتەکە؟. مامۆستا: کورە حاجی هێلکەو ترشیاتی چی کوللی نیوەڕۆیەک لای عەلی سورن، حاجی: وەڵلا باوکم ئێمەو مانان مانگی جارێکیش ناتوانین بچینە مەتعەمەکەی ئەولاش چ جای عەلی سور، وەی وەی.

نوری حەماڵ لەولاوە لەسەر فەردە ئاردەکە هەڵنیشتبوو، وتی: ئەرێ حاجی های لایف یەعنی چی ؟ مامۆستا جەمال: نوری ئەگەر بیشیزانی بەتۆ چی!. یەعنی رەفاهیەت، نوری سەری لەمەی دواییشیان دەرنەکرد سەرێکی بایاو جاش کڵاشەکەی کەژێرەکەی لەلاسیکی تایە دروست ئەکرا، پەنجەی تێهەڵکێشاو کردیەوە پێی و بەلەپی دەستی شەرواڵەکەی لەدواوە تەکان و رۆی.

لەرۆژانەیا ئەوەی سیاسەتی بکردایە قورقوشمیان ئەکرد بەقوڕگیا و قوڕی بۆ ماڵ و مناڵ و کەسو کاریش ئەگرتەوە، ئەگەر نەگیرایە ئەبوایە هەتا قالو بەلا قاچاخ بوایە. یان چاوەڕوان بوایە تا حوکومەت عافواتێکی دەرئەکرد، ئێستا سیاسەت بووە بەنیعمەت هەرچۆنێکی بکەی قازانجتە، بەشەرتێ لێی بزانی.

کاک سوارە وتی: وەڵا باوکم ئێستا زۆربەیان تا خەڵکەکە متمانەیان ئەیەنێ، برابچوک و خزمەتکاری تێکرای ئەوخەڵکەن. کاتێکیش سەرکەوتن ئیتر خەریکی قۆستنەوەی بەرهەمی ئەو بەخت و شانسەن

کە بەبێ مەشـەقەت چنگیـان کەوتـووە، هەر لە مەعاشی باشـەوە تـا سـەیارەی بەرزو و ناومـاڵی تـازەو هەتـا تەقـاویتیەکی چەوریش. وتم: کاکە ئەوان لەکـاتی هەڵبژاردنـا دوو دروشـمیان هەیە یەکێکیـان جەمـاوەر ئەیبنێ، ومەعلومە ئەوی تریـان مەخفیە وتی: ئاشکراکە ئەزانین ئەوی تر، مەخفیەکە چیە؟ وتم: ئەمەیە (دەنگدەری ئازیز بۆ ئەوەی متمانەی تۆ بەهەدەر نەدەین شـەرت بێ هـای لایفی زەمانی کۆن بەچکە چۆلەکە بێت لەچاو ئەم هایلایفەی کە دوای دەرچوونمان ئەیکەین).

## ئەکادیمیست

کاک سەمەد عادەتێکی هەبوو، ئەگەر رۆژ تائێوارە ئەگەر لە ناو ئەدیبان و رۆشنبیران و بیرمەندان وفەیلەسوفی شارەکەیا کاتی بەسەر نەبردایە، وا حسابی ئەکرد کە ئەورۆژەی نەک هەر بێ سەمەر بووەو، بەڵکو بەهەوانتەش لەگەڵ خەڵکی بێ مستەوای فیکری وسەقافی تێی پەرانووە.

ئاخر ئەو ئەیویست لەیەکێک لەوبوارانەیا نەخشێک، یان لانی کەم مەعریفەتێک بنوێنێ، ئەیوت من بروام بەو بۆچوونە نیە، کە ئەڵێ باشترین هاوەڵ کتێبە، راستە کتێب زۆر شتی تیایە، بەڵام بۆ منێکی خولیای بەردەوام فێربوون و دواتر خۆ دروست کردن، ئەبێ بگەرێم بەدوای سەرچاوە هەقیقیەکانی ئەدەب وفیکرو فەلسەفەو سیاسەتا. ئەبێ مەعریفەت لەزاری مەعریفەتدارانەوە، خۆیان وەرگیرێ ئێمەی کورد ئەوەتا سیقەمان بەخۆمان نیەو خۆمان پێکەمە، دەنا دەیان موفەکیرو فەیلەسوف و ئەدیبی گەورەمان هەیە، کە مستەوای جیهانیان هەیە رۆمان و شیعرمان هەیە وەرگێردراوەتە سەر زمانی بێگانەو ولەزنکۆکانی جیهان وەکو شازترین تاقی کردنەوە لەو مەجەلەیا ئەخوێنرێن. ئیتر بۆ من نەچم لەگەڵ ئەو بلیمەتەنایە خۆیان دانیشمو شتیان لێوە فێربم، بۆ بچم لەو کتێبە مردوانەوە کە ناتوانن دیالۆگت لەگەڵدا بکەن، بەدوای زانیاری و شێوازی نووسینا بگەرێم.

رۆژێــک لەچاخــانەکە بەجانتــایەکەوە دانیــشتبوو، لەگەرمەی ئەو هێنـان و بردنەیا بـوو، بینیمی وتی: بـاش بـوو لەکاتی خۆیا هـاتی، کاکە ئەگەر لەئەوروپـا شـیعری ئـێمە لە قوتابخانەکـان لەدەرسـی ئەدەبـدا بخـوێنرێ کفـرە؟. وتـم: بـۆ خـاتری خـوا ئـاخر شـیعر و ئەدەبی ئێمە چـۆن لەزانکۆی ئەمەریکی و ئەوروپی ئەخـوێنرێ! بـۆ خۆیـان شـاعیرو ئەدیبیـان نــیە؟ باهەیــانە بەڵام دیــارە ئەوانەی ئــێمە شــتێکیان کــردووە کە بەنووسەرو و شاعیری خۆیان نەکراوە!.

وتـم: کـاکە لەئەوروپـا دەرسـێکیان نـیە نـاوی دەرسـی ئەدەب بێـت، ئەوان شیعری شاعیرانی خۆشیان ناخوێنن، چ جای شیعری ئێمە. حەی ئەی چـۆن ئەبـن بە ئەدیـب و نووسـەر، وتـم: ئەوان لە مەکـتەب فێری خوێنــدنەوەو نووســینیان ئەکەن، ڕێزمانیــان فێـر ئەکەن، وهانیــشیان ئەدەن بــۆ خوێنــدنەوەی کتێــب، ئیتـر ئەوەی تـر ئەکەوێـتە سەرشــانی کەسـەکە خـۆی. هەیە بەهـرەی نووسـینی تیایەو ئەبێ نووسـەر، هەشـەو ئەو حەزەی نــیە بــوارێکی دیـکە ئەگـرێتەبەر. هەر بۆنمـوونە جارێکیــان شــیعرێکی زۆر ڕۆمانـسی خـۆمم تەرجەمە کـرد، بـۆ زمـانی ئەوان کاتێـک خوێنـدیانەوە وتیـان: ئەوەچـیە ئەڵێی ئەلـف لـێلەو لـێلەیە!. کـاکە ئـێمەو ئەوان دو عالەمی زۆر جیاوازین.

ئەورۆژە دیـم کەیفـی سـاز نەبـوو، وتـم: کـاک سـەمەد خێرە دیـارە ئەمرۆشـت فـت، ڕۆشـنبیرانت نەدیـوە! وتـی: وازم لێبێـنە خەریـکە ئەبـم بەدوکەرتەوە لە قاوەخــانەی فیکــری ســیمینارێکی گرنگیــان بــۆ ئەکادیمیست و دکتۆر نەوشاد سازکردووە، بۆ خۆی لەکیسم چوو وتم:

کام نەوشاد؟ وتی: ئەوەی ساڵانێکە لەخاریجە.وتم: کاکە باشتر نەچوی نە دکتۆرەو نەئاکادیمیست وتی: ئەی چۆن وائەنووسن وتم: خۆی رەحمی پێکردوون، ئەگەر بیشیوتایە کەشتیەوانی ئاسمانی ئەویشیان بۆ ئەنووسی، وتی: کاکە لە رۆژنامەش موقابەلەی کراوە هەر وانووسراوە، وتم: باسی تێزی دکتۆراکەیان لێپرسیووە لەسەر چی بووە؟. وتی: نەوەڵڵا وتم: کەواتە ئێستا دکتۆرو ئەکادیمیستی بێ تێزیشمان هەن.

## ئیختیساسی کەلەیە

هەر چەندە لەسەردەمی مناڵیمانا لەگەرەکێک ئەژیاین، تا حەدێک دوور بوو لەو گەرەکانەی کە بە شەرە گەرەک و کانگای شەقاوە مەشهور بوون و لەو بوارەیا چەن دانە سەرەوری وهەتا داستانیشیان تۆمار کردبوو. بەڵام چیرۆکەکانی سەرکەوتنیان بەسەر گەرەکی دوژمنا! ناردنەوەیان بەسەری شکاوو قونی دڕاوەوە، بۆ پێگەکانی خۆیان جێگەی سەر سورمان و ئافەرینی ئێمە بوون!.چوونکە ئێمەش هەر لەو کەڵچەرە ئاومان ئەخواردەوە، کە ئازایەتی دەست و بازو و هەڵمەت بردن بە هەق و ناهەق بەئازایەتی و جوامێری وەسف ئەکردو ئەقلیش بە ترسنۆک و ناپیاویی!.ئەوکاتانە گەرەکەکان بەتایبەتی کۆنەکانی سلێمانی سنوری خۆیان هەبوو، خەڵکی غەریبە مەبەست گەرەکی ئەملاو لا، هەروا بۆی نەبووە پیا تێپەربێت، ئەبوو یان خزمێکی نزیکی نیشتەجێی ئەوێ یان برادەرێکی خۆشەویستی لەوێ بوایەو ئەوکات بەرگەی تێپەر بوونی بۆ ئەکرا!. دایمە خەڵکی غەریب لەگەرەکا بەچاوی شکەوە سەیرکراوە ئەمە کێیە؟ چ کارەیە؟ بۆچی هاتووە؟ بۆئەوەی شەڕی پێبفرۆشن، هەر هیچیان لێ نەدۆزیایەتەوە ئەگەر درێژ بوایە، ئەیان وت: سەیری کە ئەڵێی پەیژەی دزە، یان ئەگەر کورت و نەختێک پر بوایەو بەنەوعێک برۆشتایە، کە جۆرێک لە فیزی پێوە دیار بوایە،

ئەیانوت تۆ تەمەشای رێ ورۆشتنی ئەم گۆزەیەش ناکەیت؟ خوا بەوە رحمی کردووە بالآی بەرز نیە؟. هەرئەوەنەشت ئەزانی یەکێک لەجەماعەتەی کە لەبن دیوارەکەیە بێئیش دانیشتبون بەگورچ شوێنی ئەکەوت و شانێکی لێئەیا، ئیتر قور بەسەر ئەوەنەی بەس بوو بڵێ کاکە بۆ شان ئەهاوی؟ ئەمیش:بەئارەزوا! ئەوەش دوایین ووشە بوو کە گوێی لێئەبوو، ئیتر بەهاوکاری برادەرانی بن دیوار کوێت ئێشێ بکوتە، ئەگەر یەکێک ئەسڵی مەسەلەکەی نەزانیایە و ئەولێیانەی ببینیایە وای ئەزانی خوانەخواستە قەباعەتێکی زۆر خراپ وئابرو بەری لێقەوماوە، بۆیەئاوا بەقینەوە شەق و شەپازەلەی کوری گەرەک ئەخوا. بۆیە ئەویش بێ سێو دوو بەشداری ئەو ئەرکە نیشتیمانیەی گەرەک ئەبوو.

بورە کەڵڵە یەکێک بوو لە لەهەرە سوارچاکەکانی بواری شەر فرۆشتن و بە کەڵڵە هاویشتنیش مەشهور بوو، قور بەسەر ئەوەی توشی موناقەشەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی ئەبوو لەگەڵی، بەیەک دانە کەڵڵە لەدوانزەی نیوەرۆیا ئەستێرەی بەجریوە ئەهێنا دەوری سەری!

رۆژان هاتن وچوون من قۆناغەکانی خوێندنم بڕیو، ناوو ناوبانگم بە زیرەک وموسەقەف و بەتوانا رۆیشت. هەروەکو دیاریشە حوکمی خۆمان بۆ بۆخۆمان دایمە پیاوی موناسیبی لەجێگەی شیاوی خۆی داناوە. بۆیە بەرێزەوە داوایان لەبەندەی موخلیسی ئەم کوردستانە کرد، ببێ بە ئەندامی وەفدێک کە تەشریفیان ئەروا بۆ فەرەنسا بۆ ئاگادرا بوونەوە و ئیستیفادەکردن، لە تواناکانی ئەوان لە کاری دیبلوماسی

بەتـــایبەتیش دان وســـتان لەبـــواری مفاوەزاتـــا. چـــوونکە ئەوەی کە نیـشانەی دیـاری ئێمەیە وا رۆیـشتوە کـورد ئەوەی بەخەبـاتی چەکـداری چنگمـان ئەکەوێ، لەسـەر میزی دانوسـتان ئەیدۆڕێنین!. رۆژی مەخـسەد دیـاری کـرا، بـۆ کۆبـونەوەی وەفـدەکەو ودواتـر سـەفەر کردنمـان بەرەو پـاریس ی پـایتەختەتی شـۆرش و رونـاکی و بیرمەنـدە سیاسـیەکانی وەکـو مونتـسکیو روسـۆ و مـافی مـرۆڤ، کاتێـک چـووینە هـۆڵی کۆبـونەوە، بیـنم کاکە بورە لەملامەوە لەمن جوانتر بۆینباخەکەی بەستبوو!. کاک نەزمی کە شـارەزایی هەبـوو لەبـواری تەنـزیم کـردن و رێکخـستنی ئەو وەفـدانەی کە ئەنێـرڕێن بـۆ خـاریج، سەرپەرشـتیاری کۆبوونەوەکەبـوو، لەپـشتمەوە وەسـتابوو. پێمـوت ئەمە چی ئەکا لێرە؟ وتی کاکە منیش نـازانم فەرزیـان کـردووە، وتـم: باشـە هەروەفـدێک بچێـتە ئەو وڵاتـانە ئەبێ ئەنـدامەکانی خـــۆی بناســـێنێ، بـــۆ کـــاکە بـــورە بڵێـــین چـــی خوێنـــدووە؟. وتـــی: بڵـــێن ئیختیـساسی کەللەیە! وتـم: کـورە حەیامـان ئەچێ، وتـی: مەترسـە ئەوان عادەتیـــان نـــیە زۆر لەســـەر شـــت بـــرۆن وائەزانـــن دکتـــۆری جـــوملەی عەسەبی بووە.

## ■ ئامانەکە

لەسـیەکانی سـەدەی پێـشودا دەوڵەتـی عێراقیـی ئەوسـا بەرێـوبەرایەتیەکی بـۆ گواسـتنەوەی گـشتی دامەزرانـد، بەنـاوی مەسڵەحەی نەقڵی روکاب ( مصلحة نقل الركاب) و لەرویی ئیداریەوە بەستیەوە بە ئەمانەتی بەغداوە. ئیترە لەوەوە لە زاکیرەی میللی عەرەب وکوردا، ئەوپاسانەی کەسەر بەو شوێنەوە بوون ناویان لێ نرا ئامانە. ئەوترا ئامانەکە هات، ئامانەکە بەجێی هێشتم، یان لەناو ئامانەکەیا دیم. شەستەکانی سەدەی پێشو سەردەمی زێرینی ئامانە بوو، پێم وابێ ئەوپاسانە مرسیدس بوون، دوجۆر کورسیان تیابوو ئەوانەی پێشەوە نەرم وبەرگ تێگیراو بوون (کوشن) نرخی دانیشتن لەسەری پانزە فلس بوو، کورسیەکانی دواوەش تەختە بوون، نرخی دانیشتن لەسەریان دەفلس بوو. رێئەکەوت کەسێک بلیتی دەفلسی بریبوو، ئەچووە سەر کورسیە پانزە فلسیەکە دائەنیشت، جابیەکە پێی ئەوت بچۆ لەسەر تەختەکە دانیشە. جاری واش هەبوو ئەفەنیەک سەر ئەکەوت، کورسیە پانزە فلسیەکان هەمووی گیرابوون، بەڵام لە دەفلسیەکان جێگا هەبوو ئەچوو پانزە فلسیەکی ئەبڕی و بەپێوە لەرارەوەکە لەتەنیشت کورسیەکەی پانزە فلسیەوە ئەوەستا!.

ئەوکاتـانە تـێکەڵ بـوونی چینـی خـوارەوە لەگەڵ ناوەراسـت کە تەبەقەی ئەفەنی شـار بـوون، واتـا مەعـاش خـۆری حکومەت، لەگەڵ دەوڵەمەندەکە کە زیاتر تاجری ناوبازارو مڵکداری خانو بەرەو زەوی وزار بـوون، زۆر زەحمەت بـوو. هەتا ژن وژن خـوازیش تـارادەیەک لەنێوانیانا گـران بـوو. ئەگەر یەکێک ماڵیـان لە قەراغی شـار بـوایە، لەترسی ئەوەی نەکەوێتە بەر سەرنجی دەروبەرەکەی مەگەر زۆری لەخۆی بکردایە ناوی گەرەکەکەی خـۆی ئاشـکرا بکـردایە!. لەهیندسـتان چینێـک هەیە بەهنـدی نـاوی( سـیندرا) بەعەرەبـی پێیـان ئەوتـرێ (المنبـوذون) دورخراوەکان یـان نەفـرەت لێکراوەکـان، زۆر دەسـت کـورتن و بەکـاری پاککردنەوەو پێستە خۆش کـردن و جل شـۆردنەوە خەریکن و پێستیان رەشـە لەبنی بنەوەی هەرمی کۆمەڵگای هینـدیان، بۆیـان نیە قەت لەو چینەی خۆیانەوە بۆ چینێکی ژورتر سەرکەون.

کارکردن لەو عەیـامەدا لەنـاو کۆمەڵگـایەک بەو کەڵـچەرەوە ئاسـان نەبوو وەیان راستر جۆری پیشـەکە وەکو حوکمێـک کە لە پای تـاوانێکی گەورەیا درابێ بەسـەر کەسێکا باس ئەکرا ئەوترا دایکی جل شـۆر بووە یان باوکی عەمەلە( کرێکار) یان حەماڵ بوو بەڵام لەو کۆمەڵگایانەی کە کارکردن تیایاندا ئامرازێکە بۆ ژیان ئەوشـتانە قەت بـاس نـاکرێ وگرنگی لە هەڵسەنگاندنی کەسەکەدا نیە.

بێنیەوە سەرباسی پاسەکانی مەسڵەحەی جارانی سلێمانی دیارە شار ئەوکـاتە وەکـو ئیـستا ئـاوا قەرەبـاڵغ نەبـوو، مەوعیـدی هاتنیـان بـۆ مەوقیفەکان زۆر مەزبـوت بـوو. جگە لە سـایەق یەکێکی کەشی تیـابوو کە جلی تـایبەتی لەبەرابـوو پێیـان ئەوت جـابی، ئەو بلیتی بـۆ ئەوانەی کە

سەرئەکەوتن ئەبڕی. زۆر مولتەزیم بوون ئەوەی بلیتی نەبریایە دایان ئەگرت، زۆر جار لەبەینی ئەوان و زیاتر ئەوژنانەی کە سەرئەکەوتن مشتومر پەیا ئەبوو، لەسەر ئەوەی کە نەیان ئەویست بلیت بۆ منالەکەیان ببڕن، دیارە لەسەر تەمەنەکەبوو ژنەکە ئەیوت تولفێکی ئاوا بلیتی بۆ چیە جابیەکەش ئەیوت دایەگیان تولفی چی ئا هەڵی سێنە سەرپێ بزانە بەقەدەر من ئەبێ یان نا!.

قالە یەکێک بوو لە شێتە خۆشەویستەکانی شار زۆری حەز لەسواری پاس بوو سایەقەکان دڵیان نەئەشکان سواریان ئەکرد ئەگەر جارێکیش بۆنێکی ناخۆش لەناو پاسەکەیا بەرزبوایەتەوە بێ ئەوەی ناوی کەس بێنێ سایەقەکە بەدەنگی بەرز:(پف لەم بۆنە) قالە یەکسەر ئەیبردە سەر خۆی لەجێی خۆیەوە هاواری ئەکرد بەخوا من نەبووم! ئەترسا دایبەزێنێ. بیرمە رۆژێک باوکم بردمی بۆ لای سەروپێ فرۆشەکان هاوین بوو یەک زەمیلەی بۆ پرکردم لەسەروپێی جوان! ماڵەکەمان خوار مزگەوتی نالی بوو وتم: قورسە تائەوێ ئاوا بیبەمەوە! وتی: ئا لەوبەرەوە بەردەمی (قەسرەکەی تۆفیق قەزاز) ئەوە ئامانەکەیە. سایەقەکە زانی بارەکەم سەروپێیە نەیهێشت سواربم، وتم بۆ خاڵە نابێ؟ وتی خۆت ئەبێ بەڵام مێشەکان نابێ، مەجبور خۆم ومێشەکانم دابەزینەوە من بەپێی وئەوان بەفرین بەدوامەوە تاماڵەوە کوتامان.

## ■ یاساوکۆمەڵ

نیـوەی یەکەمـی نەوەدەکـان سـەردەمی کەف وکـوڵی شـۆرشـگێڕی و جوانی خۆبەخشی و نانەسکیی کارکردن، لەهەمـوو بوارەکانی کوردایەتی و گەرم وگــوڕی پەیوەنــدیە کۆمەڵایەتیەکــان بــوو. ئەوســەردەمەی کەتەلەفزیـۆنی گەلی کوردسـتان میـوانی شـیرینی شـەوانی هەمـوو ماڵێـک بوو،

هەر ئەوکاتـانە نووسـینگە پـارێزەریم هەبـوو لەجـادەی مەولەوی و لەهەمـان کاتیـشا بەرنامەی یاسـاو کۆمەڵم ئامادە پیشکەش ئەکرد، واتا ببـوومە کەسێک کە خەڵکێکی زۆر ئەیناسی، وتەکلیفم رووبەرو ئەبۆوە و زۆر جـار ئیـشم بەخـۆراییش بـۆ خەڵکانێـک ئەکـرد کە دەسـتیان کـورت بـوو، هەتـا جارێـک دوعـایەکی خێریـان بـۆمن ئەکـرد، دەجـار بـۆ یەکێتیـان ئەکرد وایان ئەزانی ئەو پارەکەم ئەداتێ.

ئێـوارەیەک چەن پیاوێـک هـاتن وتیـان: رجـایەکی شـەخـسیمان هەیە وتـم: فەرمـوون وتیــان ئەم کــورە ژنەکەی تــۆراوە؟ وچــوار منــاڵی وردی بەجـێ هێــشتووە چەن پیاومــان نــاردووە بــۆ مــاڵی بــاوکی، رازی نــابن بگەرێتەوە ئەگەر تۆ تەشریفمان لەگەڵ بێێ دڵنیاین کە ناتوانن بڵێن نا. وتـم: بەسـەرچاو، ئێـوارە چـووین بۆمـاڵەکە دەسـتم کـرد بەقـسەکردن بـاوکی کـچەکە وتـی: مامۆسـتا مـادام تـۆ هـاتی ئیتر هـیچ قـسەیەکم نـیە

کــچەکەی بانــگ کــرد، کــچە وتــی: حەدم نــیە قــسەی تــۆ بــشکێنم حەزئەکەم بزانی کە لەخۆشـیا نەرۆیـشتووم، ئەم کابرایە مەسـرەفمان ناکا چی پەیا ئەکا ئەییا بە بیرە!.

کـابراش ئەوەنەی سـوێن وقورعـان راسـت نـیەو بەعـومری دەمـی لەبیرەوە نەیـاوە ونـازانێ هەرەنگیـشی چـۆنە سـەرەرای هەمویـشی کـاک خالیـد حەدیـسی لەسـەرە کە حەرامە چـۆن ئەیخـۆم، منـیش بـۆ هێـور کردنەوەی وەزعەکە وتم:منیش قەناعەتم نیە عەبدول بیرە بخـواتەوە، بـزانە کی ئەم قـسەیەی هەڵبەسـتووە؟ لەوابـووم ژنەکە چنگێـک سـەرە سۆدەی جوانی بیرەی خستە بەردەمم وتی: کاک خالید گیان ئەمە چیە سـەیرم کرد ئەلهەقی هی بیرەبوو! قسەم بۆ نەما وتم: دایکە گیان راستە ئەمە هی بیرەیە بەڵام لەخەستەکەی نیە ئیتر باوکی یایە پرمەی پێکەنین و ئـاژاوەکە بەپێکەنـین تەواو بـوو ژنە لەگەڵ مێـردەکەی چـۆوە بـۆڵای مناڵەکانی بەو وەعدەی کە ئیتر بیرەی روونیش لەخۆی حەرام کا.

## ئەی تۆپەکە فتبۆڵەکە

دوهەزراو پێنج سەد ساڵ پێش زاین چینیەکان جۆرێک لەم یاریەیان کردووە، و ناویان لێناوە( tsu chu ).

کاتێک تۆپی پێ گەیشتەبەریتانیا زۆر بەخراپی پێشوازی لێکرا، شا ئیدوارد لەنێوان سالانی ١٣٠٧ـ ١٣٢٧ ئاگاداریەکی بۆ هاوولاتیانی مەملەکەت لەوبارەیەوە بڵاو کردەوە، کەتیا هاتبوو (بەهۆی لێدانی ئەو تۆپەزلانەوەکە بگرەو بەردەیەکی زۆر لەناو شاردا دروست ئەکاوبۆتە مەبعەسی شرورلا سامح الله بۆیە بڕیارماندا هەرکەسێک بەویاریەوە بگیرێ حەپس بکرێت.

لەسەردەمی شاژن ئەلیزابث- یشدا هەرکەسێک ئەویاریەی بکردایە بۆماوەی هەفتەیەک بەند ئەکراو ئەبوو کەفارەتیش بابەکەنیسە.

هەر لەشیعارەکانی ئەو سەردەمە ( یاری تۆپی پێ کارێکی قێزەونە، ئەوەی بیکا کەم رەوشتە). بەلام ئەمانە هیچیان نەیان توانی بەر لەو یاریەبگرن، ئەوەبوو لەساڵی ١٨٠٠ یاری تۆپی پێ بوو بەیاری سەرەکی و جەماوەری لەسەرانسەری مەملەکەتدا.

لەساڵی ١٨١٥ قوتابخانەی بەناوبانگی ئینگلیزی( Eto College) لەگەڵ چەند قوتابخانەیەکی ترا، یاسایەکیان دانا کەبو بەبنەما بۆ ئەو یاریە، دواتر لەساڵی ١٨٤٨ دا هەموار کرا و بەناوی یاساکانی زانکۆی

کـامبردج وەناسـراو، لـەلایـەن هـەمـوو زانکـۆو پـەیمانگاکـانی تـری بەریتانیاوەپەسەند کرا. لەئۆکتۆبەری ١٨٣٦ یانزەتیپ نوێنەری خۆیان نـارد بـۆ موناقـەشـەکردنی ڕێساکانی ئـەویاریـە، هـەر لـەئـەنجامی ئـەو کۆبوونەوەیەدا، یەکەم یەکگتووی تۆپی پێ لەجیهاندا دروست بوو. بۆیە ئەتـوانرێ بـوترێ کە ئینگلیز یـەکـەم میللـەتـن کـەیاری تـۆپی پێی تـازەیـان داهێناوە.

هەر ئینگلیزەکـــانیش بـــوون کە تـــۆپی پێیـــان هێنـــایە کوردســتانەوە. سـەرەتا خەڵـک بەتـۆپی لەپەرۆ دروسـت کـراو یاریـان کــردووە، دواتــر تۆپێـک کە چـوپێکی تێئەکـراو دەمەکەی بەقەیتـان ئەبەســتراو هەو دەقەیەک لەعــانی یــاری کردنــا ئەیــان وت: مـلەکەی دەرهـات ئەو لـولە لاستیکەی کە بەچوپەکەوە بـوو لەقەیتانەوە ئەهـاتە دەرەوە، ئەبـوایە بیـان ئاخنـایەتەوە بەناویا وبەپارجە مقەبا دەمەکەیان بگرتـایە! پاشـان ئەو تـۆپەی کە ئێـستا هەیە و بەتەواوی داخـراوە بەکـار هات.

ئەڵـێن دوهەزار سـاڵ پێش ئێـستا لەچـین ئەو تیـپەی کەدۆرانـویەتی جەڵـدەیان لێـداون، ئەوەشـی بـردویەتیەوە دەعـوەت کـراون بـۆ نـان خواردن. ئەوەی ساڵی ١٩٧٦ لە تیپیکەی ئێمە روویدا بە عەکسەوە بوو یاریەکەمان لەگەڵ تیپی شـارۆچکەیەکا کرد لێمان بردنەوە، بەپیکابێک چووبـووین پێیـان ئەوت گـازی عەربەتـی کە هـاتینەوە سـەرۆکی تیـپ و ڕاهێنەرەکەمـان چـوونە پێـشەوە دانیـشتن، ئـێمەی یـاریزانیش هەمـوو لەدواوە، جەمـاوەری تیپی دۆڕاو بە هویهـاو بەردەبـاران لەشـار دەریـان کردین.

لەمێژووی تۆپی پێیا لەشاری سلێمانی باشترین تیپی میللی تیپی کەمال سەلیم- ی حەفتاکانی سەدەی پێشوو بوو، بەتایبەتی کە شەهید جەمالی عەلی باپیر سەرپەرشتی ئەکردن، ئەگەر تیپی شارێکی کە لە هەڵبژاردەی سلێمانیان ببردایەتەوە، جەماوەرەکە هاواریان ئەکرد ئەگەر راست ئەکەن لەگەڵ کەمال سەلیم یاری بکەن!.

هەر ئەو دەمانە خاڵەحاجیەک هەبوو زۆر حەزی لەسەیرکردنی یاری تۆپی پێبوو، بەتایبەتی کە مونتەخەبی سلێمانی لەمەلعەبەکە یاری ئەکرد، عەیبێکی هەبوو کەس نەیئەوێزا لەبەردمیا دانیشێ چوونکە کاتێک کە سلێمانی هجومی ئەبرد خۆی لێئەبوو بەو یاریکەرەی کە تۆپەکەی پێیە ئەوەی بەردەمیشی تۆپەکە، ئیتر بەنووکە شەق تێی بەر ئەبوو تا ئەیکرد بەگۆڵەکەیا.

## ■ وتەی بەنرخ

کەمنـاڵ بـوین هەر ئەوەنەی فێـری حەرف لەیەک جیاکردنەوەیـان ئەکـردین ئیتـر بە لەبەر کردنـی شـیعر و وتەی بەنـرخ ئەکەوتـنە وێـزەی عەقڵمـان، مامۆسـتا یەکە یەکە هەڵی ئەسـانین بـۆ بەردەمـی تەخـتە رەشـەکە، ئەگەر شـیعرەکە یـان دەقەکەمـان وەکـو تـوتی نەوتـایەتەوە بەدارەکەی تێان بەر بەئەبوو.

سـەقافەتی پێ لەبەرکـردن بەو جـۆرەی کە مامۆسـتا یـان پەیـرەوی فێرکـردن ئەی ویـست، سـاڵ لەدوای سـاڵ عەقڵێکـی تەمەڵـی حـازر ویـستوو و دەق پەرسـتی دروسـت ئەکـرد. بەجۆرێـک کە دوای چەن دەیەیەک تـاک وتەرا نەبێ، هەمـوو کۆمەڵگـای والێ کـرد دژی هەمـوو گۆڕنکاریەک بن لە عەقڵ و بیرکـردنەوەو جـۆری ژیـان و دروسـت کردنی واقیعێـک و شـیوازێکی جیـاتر، لەو واقـیعەی کە سـاڵەهای سـاڵە گۆرانکـاری روکـاریی نەبـێ، هـیچ جـۆرێکی کەی لە جیـابوونەوەو لەو کەڵەکەبـووە کلتـوریەی کە هەمـووی هەتـا بەشـیعری شـاعیران و وتە بەنرخەکانیـشەوە بـووە بە مـوقەدەس بەخـۆوە نەدیـوە!. وەیـان راسـتر عەقڵـی جەمعیمـان هەر حـاڵەتێکی هەسـت پێکردبـێ کە ئەوە جیـابوونەوەیە، یـان هەوڵە بـۆ لێکترازانـدن لەگەڵ ئەو جـۆرە بیرکـردنەوەیە، هەمـوو توانـا عەقڵـی و هەتـا غەیبیەکانیـشی بـۆ تەیـار

کــردووە، تـــاوەکو لەگەڵ ئەو هەوڵەیـــا بکەوێـــتە جەنـــگەوە و لەزۆر حاڵەتیشا بەخواردنی سەری ساحێبەکەی تەواو بووە.

بیرمە کاتێک لەقۆناغی سـەرەتایی بـووم، مامۆسـتای وانەی کوردی وتـی: ئەم دارشـتنەمان لە دایـرەی مەعـاریف (پەروەردەی ئیـستاوە) بـۆ هـاتووە، باسی جـوانی فەسڵی بەهاری ئەکرد. ئەبێ لەبەری کەن و دواتر لە تـاقی کــردنەوەی کوردیــا پرســیارێک ئەبــێ وئەبــێ وەکــو خــۆی بینووسـنەوە. مـن لەتـاقی کردنەوەکەیـا باسـی بەهـارم وەکـو بینینی خـۆم کـرد، نەوەک وەکـو ئەوەی مامۆسـتا پێی لەبەر کردبـووین، نوسـینەکەم بەقەدەر توانـای نووسـین و ئەقڵیی ئەوکـاتەی خـۆم بـوو، کاتێـک کە وەرەقەی تاقی کردنەوەکانی هێنایەوە بانگی کـردم: ئەوە چیت نووسـیوە؟ مامۆســتا باســی بەهــارم کــردووە. خــۆت باســت کــردووە؟ وتــم بەڵـێ مامۆسـتا، چـوار داری مزری لێ یام! وتی مێشک پوت جارێکی کە چیان پێ وتی ئەوە ئەکەیت، بـۆ تـۆ جیـای لەوعـالەمە؟ ئەوکات بۆمـان نەبـوو وەڵامــی مامۆســتا بەیــنەوە، بەڵام ئەمویـست بڵـێم بەڵـێ جیــام بەڵام لەکوێ؟ لەنـاو دامەزراوەیەکی عەقڵی داخـراوا کە رێگە بە دەربـاز بـوون نایـات! ئەگەر وانەبـوایە، ئەبـوو مامۆسـتا لەبری سـزا وەکـو نمـوونەیەکی باش پیشانی هاوەڵەکانمی بامایە.

یەکێـک نووسـیبووی نوسـەری گەورە ئەڵـێ مـن (لەیـادمە شـەوە زەنگێـک دروســتی کــردووم بەڵام حاشــاکردنی تــۆ لەتــاریکی نــمەک حەرامیە) ئەمە هیچ مانایەکی نیە، هەرچەنم کرد لەوە نەگەیشتم چۆن بـوو بەدەقێـک کە بەنمـوونە بهێنـرێتەوە؟ یەکێکی کە ئەم نووسـینەی

لەچـوار چێـوە گرتــووە مێــشل فۆکـۆ ئەڵێ:( ئــای چ نــاعەدالەتیەکە، ئەودەمەی کەسێک ئیشی پێت نامێنێت، ئیـدی ڕەفتاریشی لەگەڵتـدا دەگۆڕێ..)!

ئەمە ئەوسیـستمە سـەقەتەی خوێنـدنی منـاڵیمی بیرخـستمەوە کە مێـشکی بەجۆرێـک تەمەڵ کـردووین بـۆئەوەی بـزانین کە پەیوەنــدیە کۆمەڵایەتیەکان چیتر لەسەر بنچینەی سۆزو خۆشەویستی نەماوە بەڵکو تەواو بەرژەوەنـدیە، ئەبێ میشیل فۆکۆ پێمـان بڵێ، ئەگینا سـەد ساڵی تریش بخولێینەوە خۆمان نایزانین!.

## ▪ مامۆستا ژوانی هەیە

- ژووان دەلالەت لە مەوعیدی خۆشەویستی یاخود غەرامی زۆر چەپەک و پەنا ئەکات، ئەو رۆژە مامۆستا فەریدم بینی بەپرتاو ئەرۆیشت، سڵاوم لێکرد و بەبێ وەستان وەڵامیدایەوە، دیاربوو نەیئەویست مەحتەل بێت، وتم بۆ وا خێرا؟ وتی کاکە ژووانم هەیە، پرسیم لەگەڵ کێ؟ وتی لەگەڵ کاک محێدین! وتم دەی خوا هەزار ژووانی وا ببڕێ.

- کۆمێنتێک لە فەیسبووک بۆ پشتگیریی کەسێک نووسرابوو ئەیوت چیتر قبوڵی ناکات لە قەدەری ئەو بەرێزەی کە نووسەری موفەزەڵێتی کەمبکەنەوە، چونکە ئەو ئەوەندەی بەسە کە بە تاقی تەنیا بە نووسینەکانی زمانی کوردی پێشخستووە! خۆ ئەگەر هەر بەو ئەقڵە بیر لە رزگارکردنی کوردستانیش بکەینەوە ئەبێ بڵێین یەک پێشمەرگەی لە نەوعی ئەو نووسەرەشمان کافیە بۆ رزگارکردنی هەموو کوردستان، ئیتر ئەو زیا مەسرەفیەو سەرئێشەی قوات تەشکیل کردن و سیلاح کڕینە بۆ؟.

- حەزرەت حەزرەت دوای نالی و سالم و مەحوی کەوتووە ئەوەشتێکی خراپ نیە کە رێزێکی زیادیان لێئەگرێ، بەڵام ئەگەر ئێستا

شیعرێک بنووسیت بۆنی ئەو ستایڵەی ئەوانی لێبێت ئەڵێت کاکە کەی باوی شیعری کلاسیک ماوە، تازە بنووسە تازە.

- لەلای ئێمە ئەگەر "هێمن" شاعیر نەبوایە، سێ دکتۆرای هەبوایە و بیرمەندێک بووایە لە ڕیزی عەبدولکەریم سروش یان عەلی وەردی کەس وەڵامی سەلامەکەیشی نەئەدایەوە.
- وەلی دێوانە لەشیعرەکەیا کە پیرەمێرد هێناویەتە سەر شێوەی سۆرانی ئەڵێ تەنیا گۆڕەکەم لەڕێی خێلان بێ نزیک هەوارگەی جاف و گۆران بێ: جاف وگۆران ئەوکاتانە قەت رێک نەبوون ئەوشوێنەی کە وەلی پاشمردنی ئەیەوێ لێبنژێرێ لە عورفی عەسکەریدا ئەبێت بەئەرزی حەرام واتا هەردوولای شەڕکەر ناتوانن نزیکی بکەونەوە ئیتر شەم چۆن بتوانێ بچێتە سەردانی شەم مەنتیق ئەڵێ شەم سەر بەچ عێلێک بووە ئەبو وەلی ئاواتی خواستبێت لەسەر ڕێی یان هەوارگەی ئەوا بنێژرێ.
- لێوان لێو بۆ شەراب، شەربەت، ئاو، واتا هەمووشتێکی شل ئەتوانی بەکاری بێنێ.میدیاکە باسی هۆڵێکی ئەکرد ئەیوت لێوان لیو بوو لە خەڵک!ئەگەر یەکێ گوێی لە ووشەی خەڵکەکە نەبێ بیری بۆ شۆربا ئەچێت وائەزانێ هۆڵەکەیان پڕکردووە لەشۆربا.
- لەم حیزبانەی کوردستانی لای خۆمان ئەندامی لای خواری خواری خواری خوارەوەی وای تیایە، لەو بەرپرسەباڵایەی کە هەموو خەتای نوشتستی حیزبەکە لەململانێ سیاسیەکە ئەخەنە ئەستۆی لەناشرین کردنی حیزبەکەی خەتا بارترە. کاتێکیش دێتە سەرباسی

ئەسبابی نوشستی شییرپ یەک وتار لەسەر چۆنیەتی چاک کردنی حیزب دائەبەزێنێ.

- کابرایەکیان بانگهێشت کردبوو و هۆڵێکیان بۆ پڕ کردبوو لە گوێگر بە مۆسیقاوە شیعری کلاسیکیان بۆ بخوێنێتەوە وتم: بۆ ئەو جەماعەتە نەخوێنەوارن؟ وتیان: نەوەڵڵا بۆ؟ وتم: ئەی بۆ خۆیان نایخوێننەوە.
- وتم: باشە بارە رۆشنبیریەکە ئاوا چۆن ئەڕوا بەڕێوە؟ خوا عەلیمە لە نزیک ترین دراوسێی سەقافیمانەوە ساڵێکی زەوئی دورین وتی: ئەی بێقەزابی ئەڕواو نیویش وتم: چۆن؟ وتی: نەک هەر ئەڕوا بەڵکو هەمووش تیایا شاد و بەکەیف و مەسرورن موسەقەف و ناموسەقەف.

## نەورۆزمان پیرۆزکرد

سێ رۆژ پێش ئێوارەی ئاگری نەورۆز کاک ئاگر خەریکی کڕین و کۆکردنەوەی تفاقی سەیرانەکەی یەکەم رۆژی جەژنی نەورۆز بوو، لەبەر خۆیەوە گۆشتە ئەورۆژە بکرم؟ یان ئێستا بەخوا ئەترسم ئەورۆژە هی جوانم دەست نەکەوێ، دەی ئەچم بۆلای سابیری قەساب قەت شتی خراپی بۆ دانەناوم. لەودیوەوە دایکی مناڵەکان پیاوەکە پاقلەکەت بیرنەچێ، ژنەکە ئەوە دوایی جارێ کات ماوە، نازانم ئیتر بۆ ژێر یاپراخەکەمە نەیهێنی نەیەیتەوە بۆ ماڵەوە. بزانە ئاوا دوکیلۆ گوڵەبەرۆژەی جوانیش لەوەی ئەورۆژە نەبێ -دوکیلۆ زۆر نیە؟ چەرەسی تریشمان هەیە بێجگە لەبستە - ئەخورێ پیاوەکە تائێوارێ لەودەشتەین بەڵێ باشە.

لەبازاری توشی بوو بەتوشی خاڵە تەحسینەوە، خەریکی چیت ؟ کۆکردنەوەی ئەسبابی سەیرانە بۆ نایەین پێکەوە بچین خۆشترە، بۆنا بەڵام بۆ ئەوەی خواردنەکان دوبارە نەبنەوە با تەوزیعی کەین ئێمە چی حازرکەین و ئێوە چی؟. وەڵلا بڵێم چی، ئەوە هیچ یاپراخەکە هەر ئەبێ بکرێت، ئێ خۆ جارێ گەلا نۆبەرەی نەهاتووە! کاکە تۆ خوشکی خۆت ناناسی قایم کارە، گەلای پاری واهەڵگرتووە هەر ئەڵێی ئیستا لەرەزەکەوە هاتووە. رانێکی جوان و سێ کیلۆ باڵیش بۆ برژانن و پێم

وابێ باسی بریانیشی کرد، ئەوە سێ نەوع خاڵەتەحسین: ئێ زۆر باشە کەواتە منیش سێ وورگ لەگەڵ کەللەو پیچکەی جوان ئەبەمەوە، بەخوا گیپەش خۆشە لەسەیران خاسەتەن ئاوا لای ئێوارە. کاک ئاگر ئەی بەقوربانی خوات بم بەخوا ئەڵێی لەدڵی منای، باشە ئەی شیرینی وئەوانە چی بەرین سێ کیلۆ لەموشەکەلەکەی ئەوجارەی تر چۆنە؟ عەیبی نیە. وەڵلا جارێ خۆ نەورۆز سێ رۆژیشی ماوە بیربکەرەوە چیترمان نوقسانە با وەکو سەیرانەکەی ئەوجارەی قەشقۆڵیمان لێ نەیە بەپێنج زەلام بە بەرخێکی نۆ کیلۆییەوە چووین! لای عەسر مەنجەڵە کفتەکەی ماڵی کاک رەمزی نەبوایە ئەمردین لەبرسا!. لەولاوە کاک سەمدی موزەمید بەحوکمی ئەوەی لەخەستەخانە رۆژانە نەخۆشی ئەبینی و ئامۆژگاری دکتۆرەکانی گوێ لێبوو، سەری زۆر لە خواردنی سجی دەرئەچوو، بەتایبەتی بۆ جەماعەتی زەخت وشەکرە وتی: ئەرێ کاکە ئەوخواردنانەی کەریزتان کردووە، یەکەم بۆ چەن کەسەو دووەم بۆ چەن رۆژە؟.کاک ئاگر بۆ دوماڵ لەحدودی هەشت کەس، ئەی بۆچەن رۆژ خاڵە فەرەیدون چی بۆ چەن رۆژ، بۆ سەیرانەکەی نەورۆزە، لە چێشت ئەنگاوەوە تائیوارێ، کاک سەمەد کەم نیە؟ کاک ئاگر و تۆ خۆش بیت سەیارەمان پێیە هەرچیکیشمان لێبڕا ئەچین لەو دەوروبەرە بەفرکانێک ئەیهێنین!.

رۆژی مەقسەد لەسەیرانە هەموو شتەکان خورا، ئەوەی ناوی توێکڵ و یەسقان و پاشماوەی سفرە و خەڵوزو عەلاگەو بوتڵ و قوتوی ساردی و تلپی چا بوو، بەچوار دەوری خۆیانا پەخشیان کرد بۆ شەو

هەر دوو کـاک لەفەیـس بـوک چەن وێنەیەکـی سـەیرانەکەیان بەو مەنـزەرەیەوە لەژێـر ناونیـشانی ئەم سـاڵیش نەورۆز مـان پیـرۆز کـرد، دانـابوو.خەریـک بـوو بـۆی بنوسـم ئەگەر کاوەی ئاسـنگەری رەحمەتـی بمـایە و ئەم حـاڵەی ببینیـایە دوای لێبـوونەوەی لەزوحـاک دو مـزرە چەکوشیشی رەوانەی لای تۆ خاڵە تەحسین ئەکرد.

## ■ نان بۆ نانەوا

لــەگــەڵ کــاک ســەرتیــپ لــەباخــەکــەی مامۆســتا بــەدرەدیــن دانیـشتبووین، بـەدەم هـەڵقـورانی پـەرداخـەبیرەکـەکـەلـەتـەزێنـەکـەی بەردەمیـەوەو هـەڵانی دوسێ دەنک بستەبەدوایا، وتی: کاکـەگیـان من ســەرم ســورماوە هەرکەســێک هەڵئەســێ و شــیکاری لەســەر وەزعە سیاسیەکە ئەکا، ئاخر وانابێ هەر لەدێر زەمانەوە وتویانە نان بۆ نانەواو گۆشــت بــۆ قەســاب. نــازانم ئەوخەڵــکە بــۆ نــاچن خەریکی کاســپیەک ئیـشێکی تر بن، سیاسـەت وهەڵسەنگاندنی وەزعی سیاسی پیاوی خـۆی ئەوێ، خۆ گاڵتەی منالان نیە. ئەو کەسەی کەتەحلیلی سیاسی نازانێ با بێدەنـگ بێ و رێگـەبـەخـەڵکی شـارەزا بـا قـسەی خۆیـان بکـەن. خـۆی مەبەستی زیاتر لەمن بوو، چوونکە لە موناقەشـەیەکی پێشوا قسەکەیم لەدەمیا بەشـەکر پێ برانبـۆوە، پێم وتبـوو کاکە دەوڵەت هەر بەبریاری خۆمان دروست نابێ، ئیتر ئەوەی لەدڵ گرتبوو وابزانم لای برادەرانیش وتبـووی تـا ئەم خاینـانە پـاک نەکەیـنەوە، دەوڵەتمـان وا بەئاسـانی بـۆ نـایەتە پێش!. خـاڵە سـەرتیپ ئەشـیزانی کە مـن قـانونم سـاڵانی گرانیی شــــەهــــادەخوێنــــدبوو، بەڵام لەلای ئــــەو بــــۆم نــــەبــــوو دەم لەسیاسـەتەوەوەردەم بەلانەکی خۆی بەڵێ، چوونکەئامادەیی کشتوکاڵی

تـەواو کردبـوو ئـەگـەر لێـشیان بپرسـیایەکاکـە سـەرتیـپ بـەرای تـۆ وەکـو کشتوکاڵیەک گوێز بەچەن ساڵ دێتەبەرهەم مەوزوعەکەی ئەگۆڕی!.

ئـەیـوت بـامن کـورت و موختـەسـەر پێتـان بڵـێم، دەوڵـەتـی کـوردی خـۆی بـەفیعلی هـەیە، وئەوەی مـاوەخـۆمـان رایبگـەێنین، بـەڵام ئـاخ بـۆ دودڵیی قیـادەی سیاسـیمان کـەنـاتوانێ تـەنانـەت بـۆ کـەرەتێکیش بێـت بڕیـارێکی ئـاوا چـارەنـوس سـازو ئازایانـەبـا، ئەوە مەسـەلەیەبەراسـتیش چووبـووە مێـشکیەوەو موسـیر بـوو لـەسـەر ئەوەی کە هەرخۆمـان خـۆ بەخـۆی خۆمـان ئەبێ دروسـتی ئەکەیـن و نـابێ منەتمـان بە کەس بێـت. هەر لەدەرو دراوســـێوە تـــاوەکو زلهێزەکـــانیش، ئەو ئەیفەرمـــوو کە هەرئەوەنـدە ئیعلانـت کـرد ئیتر دود دووسێ سێ دەوڵـەتـان وەکـو هەوەڵ ڕۆژی جەژن دێـــن بـــۆ پیرۆزبـــایی لێکردنـــت.بـــڕوابکەن لـەخۆشـمەوەقـسەناکـەم کتێبێکـشیم بەدەسـتەوەیە لەسـەر چـۆنیەتی دروسـت کردنـی دەوڵەت، بەتەفـسیلی ئیـشەڵا هەمـووی بـاس ئەکەم، وپشتیـشم بـۆ زۆر سـەرچـاوەبـەسـتووەهی کـەڵـەنوسـەر لـەو بـوارەیـا بـا خـوێنەرانی وەکو ئێوەو مانـان کە هێشتا باوەڕتـان بەوەنیە، کە کوردیش دەوڵەتی خـۆی هەبێ و سیاسـەت مەدارەکانیش هەموویـان نـا ئەوانەی کە وەکو ئێوەوان و هەر خەریکی پاسـاو هێنانەوەن بـۆ دروسـت نەکردنی کە گوایا لەم مەرحەلەیا هێشتا قورسە با ئەوانیش بیخوێننەوە.

ئـا لەو عـانەیا کەوچکێکی لەماستەکە وەشـان و بە کاک بەدرەدینی وت: بەخـوا ماسـتی چاکە، هیچ ماسـتێکی دنیا بەماسـتی کوردیی خۆمـان ناگا، رووی کـردە مـن و وتـی: توخـوا لـەکوێی دنیـا ماسـتی وات خـواردوە؟

وتم: کاکە سەرتیپ گیان ئەوەمەعلومەکەماستەکەمان باشە، بەڵام بەخوا ئەم شیکاریەی جەنابت ولەگەڵ ئەوانەی شەوانەمیوانداری ئەکرێن لەتەلەفیزۆنەکان، ئەگەر تەرجەمەبکرێت بۆ زمانێکی غەیری کوردیی سەربەقوڕی پێ دێتەپێکەنین، وتی: دەفەرموو هەمدیسان سەرودڵی گرتینەوە، بۆ چیمان لەوعالەمەکەمترە؟ ئەوەبۆ خەڵکی خۆمان پێ بەکەم دێتەسەرچاو! وتم: کاکی خۆم ئەو شەوەلەکەناڵی بێ بەرانبەر چاودێرێکی سیاسی شرۆڤەی ئەو وەزەعەی کە تۆ باسی ئەکەی ئەکرد، ئەیگوت هەتا ئێوەومانان ئاوا بکەن نایەڵین ئەو دەستورەی هەرێم کە بەنیازان ئاواو ئاوای تیابنووسن دەرچێ، کاکە سەرتیپی گوڵ پێم نالێی ئەگەر ئێمە نەتوانین دەستورێک بۆ هەرێمێک بنووسینەوە کەلەدەستوری بەشەری سەدەی بیستویەکم بچێت چۆن ئەتوانین دەستور بۆ دەوڵەتێک دانێنن!.

## ناشی کار

هەشتاکانی سەدەی رابردوو بوو کاتێک کە تەرجەمە کوردیەکەی رۆمانە بەناوبانگەکەی یەشار کەمال، حەمەدۆک کەوتە بازارەوە، کە ئەتخوێندەوە وات ئەزانی عەبدوڵای حەسەن زادە بەکوردی نووسیویەتی و یەشار کەمال وەری گێراوە بۆ تورکی. چوونکە سیحری زمان وشارەزاییەکەی عەبدوڵای حەسەن زادە وای لەو رۆمانە کردبوو، ئەگەر ناوی یەشار کەمالی لەسەر نەبوایە، یان نەنوسرایە لەتورکیەوە تەرجەمەکراوە، قەت نەت ئەزانی کە ئەوە لەزمانێکی دیکەوە کراوە بەکوردی.کوردیەکەی وەرگێر ئەوەندە بەسەلیقەو جوان و سەرکەوتوو بوو، لەهەڵبژاردنی بەرانبەرە تورکیەکە بەکوردی، قەت ووشەیەک یان رستەیەکت لێ عاسی نەئەبوو و بگەڕێتەوە سەری ئاخۆ نووسەر لێرەیا مەبەستی چیە.

قەت بڕواناکەم وەرگێر فەرهەنگی بەکار هێنابێ، چوونکە وەرگێری دانسقەو شارەزا دەست بۆ کارێک نابا کەبزانێ قوەتی بەسەریا ناشکێ، ئەگەر وانەبێ ئەبێ کاکی وەرگێر، رۆژانە لەوچاخانانە بە قەڵەمێک و دەفتەرێکی شەست لاپەرەییەوە بەسەر ئەو خەڵکانەیا بگەڕێ، کە تۆزێک ئەوزمانە ئەزانن، بڵێ رەحمەتی خوتان لێبێ ئەو ووشەیەم

لێگیراوە نازانم مانای چیە!.یان شەش حەوت فەرهەنگی موعتەبەری لەدەورپشتی خۆی ریز کردووە، چی ئەکەی کاکە؟ وەڵڵا خەریکی تەرجەمەی ئەم شاکارەی فلان نووسەری ئەڵمانی یان سویدی یان ئینگلیزیم!. راستە رەنگە بەزمانەکەی خۆی شاکار بێت، بەڵام کاکی وەرگێر بەو تەرجەمە حەرفیە قاموسییە و کوردیە لاوازەی خۆی، وای لێئەکا کە لەشاکارەوە ئەیکا بە (ناشی کار) و ئەو نووسەرەشت لەبەر چاو ئەخا کە رۆمانەکەی بەزمانی خۆیشی نووسیوە.

ئەمرۆ بزوتنەوەیەکی وەرگێرانی بەربڵاو لەکوردستان لەئارادایە بەڵام بێ سەرەوبەرەیە، لای ئێمە هەرکەسێک زمانێکی دیکە فێربوو، یان نیوە ناچڵ فێربوو، ئیتر وەرگێران خۆت بگرەو هاتم. ئەو نازانێ کەئەبێت پێش هەموو شتێک زمانی دایکی خۆی باش فێربووبیت، دەنا تەرجەمەکە دەبێت بەو پیاوەی کە سمێڵی لەجێی بڕۆیەتی. لەکاری زۆر لە تەرجومانەکای ئێستایا لەبەرگەکەیەوە واتا ناونیشانەکەیەوە هەست بەهەڵە ئەکەیت، زمان گرێ گرێە ئەڵێی لەپیکابێکا لەدواوەدانیشتووی وریگاکە هەمووی هەڵتەک وداتەکە. کێشەکەش لەوەیایە کە زۆربەی زۆری خوێنەر هەستی پێناکا!.بڵێی خوێنەری ئەمرۆ زمانی هێمن وگۆران و هەژارو شوکر مستەفا و عەبدولای حەسەن زادەو عەلادین سەجادی بزانن؟. ئەگەر ئەیزانن بڵێی نوسینی ئەم وەرگێرە تازانە لەهی ئەوان بەقوەتتربێ بۆیە هەر هەموویان بەشاکار لەلایەن خوێنەرانیانەوە لەقەڵەم دراون!. وەرگێرێک(الأخوان المسلمین)ی کردووە بە (برایانی موسڵمان). کاتێک کە وەرگێر نەزانێ هەندێک شت هەیە وەکو مارکەی

لێهاتووە، قەت تەرجەمە ناکرێ و ئەبێ وەکو خۆی بهێڵیتەوە، پێم وابێ وازلەوەرگێڕان بێنێ باشترە. بەرای من هەندێک لەوانەی بەگەرمی دەستیان داوەتە تەرجەمە کردن، پێشان هەوڵیان داوە ببنە نووسەر. جا لەهەر بوراێکی نوسینا بێت.بەڵام سەرکەوتوو نەبوون بۆیە دەستیان داوەتە وەرگێڕان بۆیە ئەبینی بێ سەرو بەریەیەکی زۆرزەقی پێوە دیارە ئاخرکەسێک نەتوانێ دەقێک لەبەرهەمی خۆی بنوسێ، چۆن ئەبێتە وەرگێڕێکی سەرکەوتوو ئێوە سەیری هەژراو شوکر موستەفا وحەسەن قزڵجی بکەن، بزانن وەکو نووسەر چەن بەهەرەمەند بوون.

یەکێک ئاوا تەرجەمەی کردووە: چوومە قاوەخانەکەوە کچەکە لەولاوە دانیشتبوو منیش چوومە مێزەکەی ئەوبەریەوەو بۆی دانیشتم! (بۆی دانیشت واتا یان تەپکەی بۆناوەتەوە یان بەتەحەداوە بەرانبەری وەستاوەتەوە و چاوەڕێ ئەکا لەفرسەتێکا جەزرەبەی پێبگەیێنێ، یەکێکی کەلەرۆمانێکی ئەستورا نوسیویەتیخۆم هەڵدایەئاوەکانەوەئەرێ کورد قەت وتویەتی کەوتەئاوەکانەوە! یان ئەڵێ کەوتەئاوەکەوە؟. وتیان: ئەوەبۆ وای نوسیووەوتم: ئەو بەرهەمی خۆی نیەدزیویەتی وتەرجەمەی کردووەرەنگەلەوزمانەیا ئاوەکان راست بێت چونکەکوردیەکەی باش نیە، وتویەتی قەیچیکا با بەکوردیەکەش هەر بڵێین ئاوەکان، چۆن مرۆڤ کەناوی جنسەواتا رەگەزکۆناکرێتەوەبەڵام ناشی کارەکارەکانی ئێمەکردویانەبەمرۆڤەکان ئاوەکەش بەو دەردە چووە بەڵام ئەمەرۆژەکەیەئەگەر لەمەو دوا خەڵک لەخۆشەویستی ئەو وەرگێڕە بلیمەتە نەیانوت خۆمان هەڵایەئاوەکانی مەسبەحەکەوەمن هیچم نەزانیبێ.

## ■ مەعرەزی مەعاش

کاک عەبدوڵای مالیە عومرێکی جوانی لە وەزیفەی حکومییا بەسەر بردبوو، هەرکاتێک لێیان پرسیایە، ساڵانی خزمەتکەت هەمووی هەر لەمالیە بەسەر بردووە؟ ئەیوت جا با عەرزت کەم. حەزی ئەکرد لەنوکەوە بیگێڕێتەوە، سەرەتا لە موتەسەریفیەتی لیوای ناسریە لەمالیەکاتب بووم، دوای بووم بەمعاون مولاحیز، چەن ساڵێک ئاوا مامەوە لەبەرکەفائەت و زیرەکی خۆم، هێشتا ئەم بەعسیانەنەهاتبونەسەرحوکم، رۆژێک مودیری ئیدارەناردی بەشوێنما. وتی: کاکە عەبدوڵا مەسۆولی مالیە تەقاویت ئەبێ، لەبەرکەفائەت و ئیخلاست بۆ ئیشەکەت وسەیری ئیزبارەکەشتم کردووە لەم ماوەیەی خزمەتەکەتا سێ شوکرو تەقدیرت بۆ هاتۆتەوە و عەلاوەیەک و قیدەمێکشت(تەرفیع پێش ئەخا) هەربەوبۆنەیەوەدراوەتێ، حەزئەکەم ئەوجێگەیە کەسێکی وەکو تۆی مولتەزیم بیگرێتە دەست. ئیترلەو تاریخەوە کەئەکاتە یەکی سێی هەزارو نۆسەدو شەستو پێنج، تا تاقاویت بووم هەر مەسۆولی مالیە بووم.دوای ئەوەی کەبەعسەیەکانیش هاتن و سەگ وگورگی خۆیان لەناو دایەرەکانا بڵاوکردەوە منیان هەرلانەبرد، بۆچی چونکێکم کەسێکی وایان نەبوو کە جێگەو مەکانەتی من بگرێتەوە. مەسئولێکی حیزبیی لێبوو بەعەدنان فەلتان مەشهور بوو

فەلتـان واتـا فەلەتـی کـردووە ( ناگیرێتـەوە!). کـاتی خـۆی کـابرایەکی نـارەحەت بـووە لەگەرەک و نـاوچەکەی خـۆی خەڵـکەکە بە فەلتـان یەعنی بەرەڵا ناویـان لێنـاوە، کـاتێکیش بـووە بەحیزبی و پلەی رەفیقـی وەرگرتـووە، وفێری قـسەی ئیلتیزام و سیاسی لە نەوعی ختـوت عەریـزەو وەتەنی عـەرەبی مین ئەلموحیت ئیلا ئەلخەلیج بووە و پاندانێک وقەڵەم جـافێکی نـەوعی پارکـەری گوایـا موسـەقەفە بەڵام لەراسـتیا بـۆ تـەقـاریر نوسـین کردبـووبـەلا بـەشـانی جلـەزەیتونیـەکانیـا!، هەر ئەوفەلتـانەی لێنەببـۆوە. هەمـوو جارێـک کەئەهـات بـۆلام ئەیـوت کاکە عـەبـدوڵا وەڵا ئـەنـت خـۆش وەلـد و ئـیش زۆر بـاش ئەکەیـت موخلیـست، بەلام ئـاخ خـۆزگە ئینتیمـات بکردایـەبـۆ حیزب، ئیتر هـەر بـەجارێـک بێ عـەیـب ئـەبـووی!. منـیش ئەمـوت کـاکە عــەدنـان بەعـسی چـیە؟ ئەوە نـیە کەئیـشەکەی خـۆی بـۆ وەتـەن و قایـد بـاش جـێ بـەجـێ ئـەکـا؟ سەیدوئەلرئیسیش خوا حیفزی کا خۆی وانالْی؟ ئەیوت ئەشـەمبیلا وای وتوە، ئەفەنم بەو لەونە تا تەقاویت بووم هەر لەوشوێنەی خۆم مامەوە. کاک کەریم لەولامانەوە دانیشتبوو وتی: کاک عەبدولا کەواتەلەمەعاش و ئەوانە بـاش ئەزانی قەت بـووە مەعاشی مـوەزەف وکرێکار ومامۆسـتا دوابکەوێ؟ کاک عەبدوڵا: قەت مومکین نەبوو هەموو دایەرەکان لەکات و واعەی خۆیا ئەهـاتن بـۆ خەزێـنە و حـصەی خۆیـان بەپێی ئەوەی کە بۆیان دانراوە وەرئەگرت و لەرۆژی خۆیا موچەیان دابەش ئەکرد.

کاک سیفەدین بەبیستنی ئەوەبرینی کولایەوەو لەولاوەهەڵی یایەوتی: تو ویژدانتان، کاتی خۆی لە صەیا حەڤەکەی بەغامان بۆ ئەهات عەبی

چی بوو؟ کاک کەریمی چایچی بەدەم دانای چاکەوەوتی: ئەرێ ئەشەمبیلا لەسەرمان ئەهاتو لەپێمانەوە دەرئەچوو کاکەمەشاریع وپرۆژەی باڵەخانەی نیشتەجێ بون و پارک وحەدیقەی ناوشارو دەورو پشتی شار، سەفەری هاولاتیان بۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەستی تەبدیل هەواو چارەسەریی و کرینی سەیارەی حەجم ومۆدێل بەرز بەرز ئەم کوردستانەی وا گرتبۆوە، کورەژنی ماڵەوەتاقەتی نەبوو خۆی ماڵەکەی خۆی پاک کاتەوەووڵات پربوو لەکارەکەری نیپالی و سیریلانی.

تۆ بزانەچیمان بەسەرهات، مامۆستا تۆ ئەمەچی لێ ناو ئەنێی؟ وتم: وەڵا ناوی نیەبەس پێشنیازێکم هەیەهەموو وتیان چیە؟وتم: لەبەر ئەوەی موچەدرەنگ دەرئەکەوێهەق وایەهەمو سەری ئەومانگانەی کەموچەی تیا نایرێ مەعرەزێك بۆ موچەدانێن‌و هەر لەروبعەوەتا هەزارو دەهەزارو بیستو پێنج هەزای تیا عەزر بکرێت، ئەوخەڵکە تیفتیفەلەخۆیان بەن و بۆ تەسکینی دڵیان لانی کەم شتێک پارە لەمەعرەزی مەعاشا بیبینن.

## ■ کەمانچە ژەنەکە

ئەورۆژە لەسلێمانی رۆژێکی گەرممان بەسەرد برد، وتم: ئێوارە پیاسەیەکی بێ دەنگیەکەی پارکی ئازادی، لەبری جەنجاڵی جادەو شەقامەکانی شار خراپ نیە.

خەڵکێکی زۆر کورد هەروەها عەرەبی لەدەست تەقینەوەو داعش راکردوو لەسەر چیمەنەکانی ئەوێ جێگایان راخستبوو بە نەوعێک سەرقاڵی خواردن و خواردنەوەی چاو شەربەت و چەرەس تروکاندنن بوون ئەت وت هیچیش لەو بەشەی تری عێراق ناگوزەرێ.

ئەوەم بیرم کەوتەوە، نزیکەی حەڤدە ساڵ لەمەو بەر سلێمانیم بەماڵ ومناڵەوە بەجێهێشتوە و رووم لە رۆژئاوای ئارام کردووە، وتم ئەوەی لەغەریبیا بەدوایا ئەگەرام، ئێستا لای خۆمان هەیە بڵێی مەنتیقی ئەقڵ وحیکمەتی سیاسەت مەدارانمان مەبەستم ئەهلی نفوزە لەناو حیزبەکانا بیەڵێ، جارێکی تر ئاوا هەزاران خەڵکی دەست رەنگین تەکنۆ کرات کادری سیاسی وکۆمەڵایەتی وزانستیی پێگەیشتوو وولات بەرەو ئەودیووی دنیا بەجێ بێڵن؟.

لەو سەداو بیرکردنەوەیا بووم دەنگی کەمانچەیەک هاتە گوێم ئەیوت بابروا یارم بەو لەنجەو لارە سوبح وئێوارە ماچ قەرزدارە، ئەی وەی زارا گیان دیدەم زارا.ئەوەندە دەستو پەنجەی جوان لەسەر تەلی

ئەو کەمانچەیە یاری ئەکرد، بەدەس خۆت نەبو ئەبوو گۆرانیەکەی لەگەڵ بڵێیتەوە و بەجۆرێک رێک لەو زەمزەمەی بولبولی بەهارانە ئەچوو کە ووشکە سۆفیەکەشی ئەهێنایە گۆرانی.

چومە لایەوە دانیشتم بە بێ وەستان لە وێوە بۆ بەردە بەردەکەی شەماڵ سائیب ودواتر بۆ ئەوکچە لەوماڵەکەی حەسەن زیرەک، بەبێ ئەوەی هەست بەگواستنەوەکان لەمەقامێکەوە بۆ مەقامێکی کە یان نەغمەیەکی کە بکەی ئەڕۆی. هەتا شل بووم گوێم لێگرت سەرنجی دەستو پەنجەو تەکنیکی ژەنینەکەیم ئەیا بەتایبەتی لە گۆرانیەکانی حەسەن زیرەکا کە ئەیویست بەئەمانەتەوە رۆحو هەست ونەستی موجتەبای میرزادەی لێ بێنێتە دەرەوە، جارێکی کە گەورەیی وبلیمەتی ئەوزاتەم بیرکەوتەوە، کە هەمیشە وتوومە هەر دەڵێی خوای گەورە کاتێک حەسەنی زیرەکی بەو کوردە داماوە بەخشی و هەمووش ئەزانین کە کارەکانی خودا لەهەموو روویەکەوە هەردەم کامیل وتەکمیلە و ئەم دەنگە بەبێ دەست وپەنجەو کەمانچەکەی میرزادە نوقسان ئەبوو، بۆیە ئەو میرزادەیەشی بەدیاری بەخشیە ئەوکوردەی کە تەنها هونەرەکەی نەبێ، کە ئەویش دەماو دەم پاراستبوومانە ئەگینا لەهەموو شتێک بێ بەری بوو.

میرزادە و حەسەن ئەوەنە تایبەت خولقاون ئەڵێی پارچەی یەکترین کەسیان بەتەنیا لەگەڵ شتێکی کەیا نەگونجاون، حەسەن لەگەڵ زۆر لە مۆسیقا ژەن و تیپی مۆسیقی شارەزا لەمەقامات و پلەو پەیژەی مۆسیقیا گۆرانی وتووە، بەڵام کەسیان نەیاتن توانیوە، بگەنە پلەی

یەکەمی ئەوپەیژەیەی کە سەرئەکەوی بەرەوە ترۆپکی رۆح وئیحساسی ئەو هونەرمەندە. موجتەباش مۆسیقاو ئاوازی بۆ زۆر لە گۆرانیبێژانی بەناوبانگی تر ئامادە کردوە، یان ژەنیوە بەڵام هیچیان وەکو ئەو مۆسیقایەی کە بۆ حەسەنی کردووە، بەوجۆرە دەماخ و دڵی گوێگری ئاو نەیاوە.

بەداخەوە ئەوەی کە نایبینی لەپایتەختی رۆشنبیریا پەیکەرێکە کە بەرجەستەی ئەو دوو هونەرمەندە پێکەوە لەیەک ئیشا بکا چوونکە هەروەکو وتم: حەسەن میرزادە، دوو دیووی یەک ئایکۆنی هەرە جوانی هونەری گۆرای ومۆسیقای کوردین.

بەڵام ئەوەی کە ئەیبینی هی وا هەیە جارێ فەوتیشی نەکردووە پەیکەرێکیان بۆ هەڵ بەستووە.

## ■ رۆشنبیرو ئیزراب

دەوروبەری ساڵی ١٩٧٩ لەبەغدا خوێندکاری زانکۆ بووم دوای ئەوەی ئەو ساڵەم تەواوکرد، پشووی هاوین دەستیپێکرد، یەکسەر نەگەرامەوەبۆ سلێمانی بۆ بەسەربردنی پشووی هاوین، وتم با جارێ بەدوای ئیشێکدا بگەڕێم، تاوەکو هەندێ پارەپاشەکەوت بکەم، بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ساڵی ئایندە. بۆیەلەبری ئەوەی منیش وەکو برادەران جانتاو بەتانی و پێداویستییەکانم بەم بەشانمدا، رووەو نەقلیاتی نەهزەبکەومەڕێ، رووم کردەناوچەی پیشەسازیی، لەوێ کارگەیەکم دۆزییەوەکرێکارەکانی هەموو کورد بوون، هاتبوونەبەغداو لەوێ بەبەردەوامی ئیشیان ئەکرد. کاتێك چوومەلای خاوەنکار، کابرایەکی عەرەب بوو، وەزعی خۆمم تێگەیاند، کەخوێندکاری زانکۆم و ئەمەوێ پشووی هاوین ئیش بکەم، وتی: باشە، بەلام ئیشەکەی ئێمەقورسەو مانگی تەمموزو ئاب-یش لەبەغدا پلەی گەرمی لەپەنجا تێپەڕ ئەکات، تەحەمول ئەکەی؟ وتم: بەڵێ چارم نەبوو ئەبوو ئیش بکەم. ناوی خوامان لێهێناو بۆ بەیانی کەوتمەئیش دوای چەند رۆژێك لەگەڵ کرێکارەکان ئاشنایەتیمان زیاتر پەیاکرد، کەنزیکەی (١٥)کەسێك دەبوون هەموو نەخوێنەواربوون، هەر لەکارگەکەش نانمان دەخواردو ئەخەوتین پاش تەواو بوون لەئیش بەو رۆژەگەرمەی بەغدا،

چونکەهەموو کوڕی لادێ بوون و ماندووبوونیان نەئەزانی، دەستیان ئەگرت قەیرێك هەڵئەپەرین زانیبوویان من ئەزانم بنووسم و بخوێنمەوەیەکێکیان دەفتەرێکی دووسەد لاپەڕەیی لەگەڵ قەڵەمێك کڕیبوو، ئیتر دوای ئیشکردن کاری من نامەنووسین بوو بۆ ئەوان، ئەیاننارد بۆ بەرنامەی گۆرانی داواکراو لەئێزگەی کوردی لەبەغدا، کەتیایا داوای گۆرانی کوردییان ئەکرد، دوای ریزکردنی ناوی هەموو کەسوکارو خۆشەویستانیان، ئەبوو ناوی منیشیان بهێنایەوەکو نووسەری نامەو بەرێزەو گۆرانییەکەیان پێشکەشی منیش ئەکرد، زۆرم لێئەکردن کەپێویست ناکا ناوی بەندەی تیابێ، بێ فایدەبوو، منیش دڵم نەئەشکاندن، وابزانم ئەو ماوەکەمە(٢٠) جار گۆرانی (ئامان میم گورجی)یان پێشکەشکردم، بەهەرحاڵ ماوەیەکم ئاوا بەسەربرد لەگەڵیان، تاوەکو ئێوارەیەك وتیان: کاکەئێمەبەیانی ناچینەسەر کار، وتم: خێرەوتیان مان ئەگرین، وتم بۆ؟ وتیان رۆژانەکەمان کەمە، لەدڵی خۆما وتم ئەم بەدواداچوونی مافی چینی کرێکارەهەر ئەبێ لەو مانگەیا بێ کەمن ئیشی تیا ئەکەم و پێویستی زۆرم بەپارەکەیەتی، ناکرێ تاجیلی کەن؟!، بەهەرحاڵ خوا هەڵناگرێ هەرچەنەخەڵکێکی سادەبوون، بەلام هەستیان بەهەڵوێستی من ئەکرد، داوایان لێکردم کەمن هەقی ئەوانم نەبێ و کاری خۆم بکەم، چونکەمن بۆ ماوەیەکی هاتبووم ئیش بکەم، واتا سیفەتی کرێکارم بەسەرا تەتبیق نەئەبوو، بەلام نەلەرووی عەمەلیەوەمومکین بوو، چونکەکارگەکەبەیەك کەس موستەحیل بوو بکەوێتەئیش، نەلەڕووی ئینسانیشەوەبۆ من جوان بوو، ئەو خەڵکەمان

بگـرن و مـن بـەتـەنیـا بکـەومـەکـار، بۆیـەمنـیش بـەناچـاری کـەوتمـەمانگرتنێکـەوەکـەنـەپـێم خـۆش بـوو لـەوکاتـەدا بکـرێ، نـەلـەبـەرژەوەندیـشم بـوو، نـەئاگاشـم بـەتـەواوەتی لـەهۆکارەکانی بـوو، بەهەرحاڵ بۆ بەیانی خاوەن کارگەبەئۆتۆمبیلەموکەیەفەکەیەوەخۆیکرد بـەکارگـەیـا، بینی بێ دەنگـە، وتـی: بـۆ کـار ناکـەن، کرێکـارەکـان وتیـان: رۆژانـەکـەمـان کـەمـە، تـەلـەفـۆنی کـرد شـەریکـەکـەشی هـات کابرایـەکی عەگال بەسەری پارەداری تکریتی بوو، بەهۆی بوونی سەدام بەسەرۆکی عێراق بـەرژەوەندییـەکانیـان رۆژ لـەدوای رۆژ لـەهـەڵچوونـا بـوو. سـەرتـان نـەیـەشـێنم پـاش کۆبوونـەوەیـەکی داخـراو لـەمابـەینی هـەردوو شـەریکا، ناردیــان بــەشــوێن بــەنــدیا وتیــان: تــا جــەنابــت نــەهــاتبووی ئــەم کرێکارانەعەیبیان نەبوو، ئێمەبەخێرێ وتمان خۆێندکارەو فەقیرەبا ئیشی بەینێ، کەچی کەوتیتەهاندانی کرێکارەکان لێمان، دیارەشتت زۆر لەژێر سەرایە، فەرموو شتەکانت بپێچەوەو برۆ ملت بشکێنە، شوکری خواش بکەئێمەئەو چاکەیەشت لەگەڵ ئەکەین، کەدەزگای ئەمنیت لێ ئاگادار ناکەینەوە، خۆت قانون ئەخوێنی و ئەزانی سزای هاندانی خەڵك لەدژی سـوڵتەی وەتـەنی چییە، من دەرکرام و کرێکارەکان مانەوە! جار جار ئەو مانگرتنەم بیر ئەکەوێتەوە، کەبەتۆپزی پێم کرا، لەدڵی خۆمدا دەڵێم تۆ بڵێی ئەگەر چینی کرێکار هاتنەسەر تەخت، ئەوەم بەخەبات بۆحلێب نـەکـەن؟ یـان ئـەڵـێن قـانون حیمایـەتی پیـاوی موغـەفـەل ناکا تۆیـەك کەکرێکار نەبووی هەقی ئیزرابت چی بوو.

## ■ طلبێکی موستەعجەل

مەعالی مودیری صحەی لیوای سلێمانی، حضرەتی دکتۆر ئەرکان سەعید بابا عەلی موحتەرەم.. بەواصیطەی دکتۆر رەشید ئەفەندی معاونی مودیر بۆ شئونی ویقایە لە ئەمراضی موعدیەی موحتەرەم.. بەواصیطەی مودیری ئیدارەی صحەی مەرکەزیی لیوا، جەنابی فەوزی ئەفەندی موحتەرەم. دوای عەرضی واجبی ئیحتیرام. ئەمانەوێ لەفتی نەظەرو ئیهتیمامی مەعالیتان بۆلای ظاهیرەیەکی خەطیر لە لیواکەمان بکەین. کە لەم ئاوینەیەی ئەخیرا بە صورەتەێکی عەلەنی بڵاو بۆتەوە، کەئەویش ظاهیرەی ذەبحی حەیواناتە، لەسەر رێگاو طروقاتی داخل و ئەطرافی شار کە بەموناسەبەتی قودومی جەژنی قوربانی موبارەکەوە، بێ خەوف لە عواقبی قانونیی وحەتا ئیجرائاتی فەوری جیهاتی تەنفیزی، بەشیوەیەکی عەلەنی ئیجرا دەکرێت. محەلی تەئەسوفەکە سوڵتاتی ئیداری شار، تاوەکو کیتابەتی ئەم ئیلتیماسە هیچ تەداخولیکیان لامین قریب وەلا مین بەعید نەکردوە. فەوق هاذا وذاک تەرک کردنی موخەلەفاتەکەیەتی لەدوای خۆیانەوە، بەتایبەتی لەم فەصەلەدا، کە دەرەجاتی حەرارەت موتەفاویتە لەمابەینی ۱۱۳ بۆ ۱۲۲ دەرەجەی فهرنهایتیە. ئەوەش بۆتە باعیثی کۆبونەوەی مێش ومەگەز وحەشەراتی ضارە لەدەوری و ناهیکەعەن مەنظەرەی قەبیح و رەوائیحی عەفینەی .

خـافی نـیە لەلای هـیچ ذو بەصـیرەیەک لەنـاو غەیـری موختەسینـشدا لەمەجـالی صحەدا. حەتـا ئەوەی لەدوریـشەوە کتـابی ئەشـیاو صـیحەی بینیبێ، دەزانـێ کە فرێـدانی زبـڵ وموخـەلەفـاتی حەیـوانیی باعیـسی بـلاو کــردنەوەی ئەمراضــی موعــدیەن، چ جــای ئەوەی زاتێکــی وەکــو کە جەنابتــان شــەوطێکی بەعیــد لە تەحــصیلی عــیلم ومەعریفەتتــان، خــصوصەن لەومەجالەیــا قەطــع کردبــێ و صــاحیبی خیبــرەو تەخەصوصـێکی فـوق العـادة بـن نەک هەر لەلیـوای سـلێمانیا، بەڵکـو لەعـومی مەملەکەتی عێراقی وبگرە لە شـەرقی ئەو سەطیشدا مەعـروف بـن و بەبەنـان ئێـشارەتیان بـۆ بکـرێ. ، حەلی شـک نـیە کە بوعیـدی نەظەری ئیـوە ئیحتیـاجی بە ئیمتیحـانی ئێمەو و بورهـانی مەعالیتـان نیە لەسەری. وەلاکین فەقط ئەوە هەروەکو لای سـەرەوە ذیکرمان کردوە بۆ لەفتی ئینتیباهی مودیریەتی صحەو عـاملینە لەسـەر زەبت و ریعـایەی ئەو قوطـاعە مـوهیمەی کە مەعالیتــان بەفەخـرەوە ریئاسـەتی دەکـا.ئـێمە اصـالەتەن عەن خۆمـانو نیـابەتەن عەن هەمـوو ئەوانەی کە حەریـصن لەســــەر نەضــــافەتی بیــــئەی مەرکەزی لیــــوای ســــلێمانی و حەتــــا ئەطرافەکەیـشی، ئیلتیمـاس و رەجامـان ئەوەیە کە مەنعی ئەو ظـاهیرەیە بکەن و بەتـاتەن مەهـێڵن بەدەعـوای خێرکـردن بەو موناسـەبە پیرۆزەوە، صحەتی ئەهـالیەکە بـخەنە خەتەرەوە و جیهـاتی مـوختەس لە بەلـدیەو شـورطەی ئیـدرارەی محەلی تەوجیـە بکرێن کە مەفـارزی موشـتەرەکە لە صـحەو بەلەدیە لەگەڵ قوەتێـک لە شـورطە بـۆ ئەو غەرەزە تەشـکیل بکرێ ومەنعی ئەو سەربرینانە، لە غەیری ئەماکینێک کە بۆ ئەو غەرەزە

موخەصەصە بکرێ و ومخالفین راپێچی حاکمیەت بکرێن بۆ ئەوەی جەزای بەشیدەت بدرێن و ببن بە عیبرەت بۆ هەر کەسێک کە بیر لەو نەوعە تەجاوەزاتانە بکاتەوە، کە هیچ شعورێکی وەتەنی و ئینتیمای بۆ حضارەت تیا ئیحساس پێناکرێ و فەقەط ئەنانیەتێکی موفریطەو هیچی تر. ئێمەنەظەرمان وایەبۆ نزیک بونەوەو تەقەروب بەنەحری حەیوانات لە باری تەعلا لەجەژنی قوربانی پیرۆزدا، مومکین نیە ئەگەر ناحیەی صحی عیبادەکەی بەنەزەری ئیعتیبار وەرنەگیرێ. ئێمە فەقەط بەم ئیلتیماسە ویستمان ئیراحەی ضمیری خۆمان، دەربارەی ئەو تەجاوزانە لەسەر صحەتی شارەکە بکەین و خودا شاهیدە لەموقابیلی ئەوە هەروەکو ئەڵێن طالیبی جەزائو شوکر نین فەقەط وەکو مواطنێکی صالح محاوەلەمان کردەوە بە ایصالی جدیەتی ئەو ئەمرە خەطیرە بۆ مەقامی عالیتان بکەین و موتەئەکیدین کە جەنابتان لەهەموو زیاتر ئەو مەوضوعە جیگەی ئیهتیمام وموتابەعەی جدیتان دەبێ ولەئاخیرا طەلەبمان لەباری عەزەوەجل ئەوەیەکە لیوای سلێمانی مەحفوز بکا لەهەر مەکروهێک و سێبەری ئێوەو هەمو قائیمین لەسەر ئەمن و ئەمان و رەفاهیەت و صیحەتی شارو ئەهالیەکەی دەوامی هەبێ.

ئیمضا

خالد ئەفەندی تەحریر

سابیقەن مودیری تەحریر

لەقائیمقامیەتی مەرکەزی لیوای سلێمانی

حالییەن موتەقاعید

## ■ هەموو ئۆ زایدین

کـاک نـەجـدەت-ی بـرینپێچ دەسـت ڕەنگینیەکی زۆر بیـوێنەی لەکارەکانی، برینپێچیو دەرزیو هەتا تەقەڵ لێدانی هەندێ بڕاویی پچوکیشا هەبوو. ئەو سەرەڕای ئەوەی کە ئیشەکەی خۆی خۆش ئەویست ساڵانێکیش لەخەستەخانە لەگەڵ جەراح ئیشی کردبوو. بەزیرەکی خۆی هەندێک لەشتەزەرورەکان فێرببوو، ئەیتوانی بۆ هەندێک حاڵەتی ناکاو کە نەگاتە ئاستی عەمەلیاتی گەورەتەداخول بکاو یارمەتی ئەوەی پێوسیتی بەیارمەتی هەبێ بدا. دوای ئەوەی ئەویش وەکو خەڵکانی تر چووە شاخ، لەوێ ئەو دەست ڕەنگینیەو هونەرەی لەناو پیشمەرگەو خەڵکی ئەو دیهاتانەی کە ڕێی ئەکەوتە لایان ئەنوان، ئیتر بەیەک جەڕە لەبرینپێچەوەلەقەبی دکتۆری درایە، لەو ڕۆژەوە ئەگەر نەتوتایە دکتۆر نەجدەت کەس نەیئەزانی مەخسەدت لەوە .

دوای ڕاپەڕینیش کە ئیتر شۆڕشگێڕەکانی شاخ هاتنەوە ناوشارو کار لەچەکداریو مەفاریزو دیهاتەو دێهاتو شاخەوشاخەوە گەڕا بەپارلەمانو ئیجرای سیاسەتو ئیدارەت. کاک دکتۆر نەجدەت ئەگەر لەهەر کۆڕو کۆبوونەوەیەکیش سەرەی قسەی بهاتایە ئەوترا با دکتۆریش تاقیبو موداخەلەکەی خۆی بفەرموێ. لەڕاستیشا ئەو ناوەو نازاناوە وا پێکەوە نوسابوون، زۆر ئاستەم بوو لێک جیابکرێنەوە. هەتا

خۆیـشی ئەگەر تەلەفـۆنی کردبـا بـۆ برادەرێـک، یـان ئەوەی بەرانـبەر دەنـگەکەی سـەرەتا نەناسـیایەتەوەو بیگوتـایە ببـورە کـێم لەگەڵە؟ ئەیگوت دکتۆر نەجدەت.

لە کلتـوری ئێمەیـا بەزۆر پیـشەگەر ئەوتـرێ وەسـتا، بۆنمـوونە: کەبابچی، فیتەر، ئەوەی سەتەلیتو سپلیت بۆ ماڵان دائەنێ، ئاسنگەر، دارتاش، بیناساز، بۆیەچی، ئەوەی تەبەدۆر دائەنێ، کارەباچی، بەرانبەر بەوە لەڕۆژئاوا، ئەوترێ بیناساز، میکانیک، کارەبایی، ئەلکترۆنیک، واتا ئەو کەسانەی کە شارەزاییان لەچاکردنو دانانی ئەو شتانەیا هەیە، لای ئـێمە وشـەی وەسـتا بەردەوام هێمـایە بـۆ دروسـتکردنو چـاککردنو لێزانین. هەندێکجار بۆ گاڵتەجاڕیش ئەگەر یەکێک نەشارەزاییانە دەست بۆ چاکردنی ئامێرک بەرێو بەتەواوەتی پەکی بخا ئەوڵێن کاکم وەستای خـۆی تیـاکردووە! ئەوسـاڵە خۆشەویـستێک لەهەنـدەران عەمەلیـاتیکی گەورەی دڵی بـۆ ئەکەن دوای ئەوەی لەخەسـتەخانە دەری ئەکەن، ئەو پرۆفیـسۆرەی کە نەشـتەرگەرییەکەی بـۆ کـردووە، رەچەتەی دەرمـانی بـۆ ئەنووسێ کە ئەبێ بەکاری بێنێ. ئەویش پێش ئەوەی بچێ بـۆ سـەیدەلی، ئەڵی کـاک شـەوقی مـاوەیەکی زۆر لەکوردسـتان بـرینپێچ بـووە، ئەچـم پیشانی ئەوی ئەیەم بزانم دکتۆر باشی بۆ نووسیوم!.کاتێک پیشانی ئەیا کاک شـەوقی ئەڵێ کاکە تـۆ بـاوەڕ بەو پرۆفیـسۆرەناکەی کە عەمەلیـاتی دڵەکەی بۆ کردوویت هـاتوی بـۆ لای منێکی بـرینپێچ تـا بزانی دکتـۆرەکە راستە یان نا؟ ئاخر من چی لەوە ئەزانم.! وتیان کابرایەک کە لەدورەوە ئەتبینی لەشـێری مەیـدان نەبێ لەهـیچ تـر نەئەچـوو ئەمە سـمێڵو ئەمە

دەفەی ناوشـــانو ئەمە مـــۆڕەو هەڕەشـــەی کوشـــتن لەوانەی کە ئەگەر بەئاستەم کێشەیەکی بچووکیان لەگەڵی هەبووبێت. ڕۆژێک خێزانەکەی لەخەستەخانە عـەمـەلیـاتی بـۆ ئـەکـرێ پێوسیتی بەخـوێن ئەبێ، کـچە پەرستارەکە پێی ئەڵی کاکە خوێنمان ئەوێت وەرە با فەحسی خوێنەکەت بکەیـن، ئەگەر بـۆ ژنەکەت گونجـا بەشـکم بوتڵێکـت لێـوەرگرین. وتیـان یەکسەر رەنگی زەردبـوو هـەمـوو گیـانی کـەوتـەلـەرزین! نابابە خـوێنی چی خـوێنم کـوا؟ بوتڵێـک بەچەن بێ مـوهیم نیـیە ئەیکـرم بەس لەخـۆمی رانەکێشن.!

ئەو ساڵە تەعلیماتێکی سحی وا هاتبوو کە پێویستە نەوعی خوێنی هـەمـوو پێـشمەرگەیەک بزانـرێ، تـاوەکو لەحـاڵەتی بریـنـداربوونا بەپەلە خـوێنی لەوجـۆرەی خـۆی تـێکەن. کاتێـک کە ئەچـن بـۆ لای پۆلێـک پێشمەرگە دیارەسودفەهەموو کوڕی گەڕەکێک بوون. یەکێکیان ئەڵێ کاکە فـەحـسی نـاوێ تێکـرا ئـۆ زایـدین! ئـەڵـێن چـۆن؟ ئـەڵێ هـەمـوو چواڕباخین.

# پێڕستی بابەتەکان

ناوی بابەت لاپەڕە

ئاوێنەکەی سەی شوکر....................................

دانەکانی ئەسپ....................................

دۆستی کورد....................................

کۆلیسترۆڵ ....................................

مامۆستاو قوتابی جاران ....................................

یانزە سوارەی مەریوان! ....................................

بابچینە سەر وەیس ....................................

باراش....................................

باش کاتب....................................

بایعیەکە....................................

بن دیوار....................................

بۆ دوای جەژن....................................

بێ مێشک....................................

بیجامەکەی کاک شوکری....................................

بیست وچوار سەعات کارەبا....................................

لێیدەن بە ئیفتیخاری....................................

بەتەنکەو بەگاڵۆن....................................

بەخوا تۆش پیری....................................

بەرخی چەمی....................................

بەرنامەو پێش کەشکار....................................

بەقوربانە پیازیشی تێکە....................................

پاتەی قوڕاوی....................................
پارەی تێنەکراوە....................................
پورزای کارمەندمان....................................
پوشێک خورما....................................
پیاوی حیزب....................................
پیاوی ئازا خوێنەواریی بۆچییە؟ ....................................
پیاوە ناماقوڵەکان....................................
پەیکەرستان....................................
تورکیی ئەستەموڵی....................................
تەحلیلی سیاسی....................................
تەعزێکەی هەندەران....................................
تەنز نووس....................................
سەهۆڵەکە....................................
جارانی سلێمانی....................................
چایەکی جوان....................................
چۆن ئەخورێ؟....................................
چەکوش ودینار....................................
حاتەمی تەی!....................................
حەسیر مەیان....................................
حەسەن زیرەک....................................
حەیفە یارم منداڵە! ....................................
خەباتی دەشت....................................
زاواکەی عەبدولقادر....................................

بەڕێز زوحاك....................................
زۆپای پۆلار....................................
سەهۆڵ چی....................................
مجەورەکەو پیشکەوتو خوازەکە....................................
ناوو ناتۆرە....................................
نەوزادی بەلەم....................................
وەجاخ زادە....................................
ئازارەکانی داهێنان....................................
ئەساسی سەعادەت....................................
ئەمنە سورەکە....................................
ئەوە بۆ واگۆڕاوی....................................
خاڵە برایم....................................
خاوەنی پێنج دیوانم....................................
خۆ جوانکردن....................................
خۆم هەڵبژارد....................................
خۆی یا لە سینیەک پاقلاوە....................................
خێرکەرەکان....................................
خەبەردار....................................
خەوتنی سەربان....................................
دروست کردنی گۆرانی....................................
دروشمی حەماسی....................................
ڕاگەیاندنی بێلایەن....................................
راوێژکاری سیاسی....................................

ڕۆژی جلی کوردی....................................
ڕۆشنبیریمان لەدەستێکی ئەمیندایە....................................
هەمو چین و توێژەکان....................................
ڕۆنە هۆڵندەکە....................................
ڕیزی پێشەوە....................................
ڕەحمەتی....................................
ڕەگەزی ئاری....................................
زاخاو....................................
ژینگە پارێز ....................................
ساڵێ جوتێک شۆڕش....................................
سرپیاتی کورد لە فەیسبوک....................................
سلێمانی جاران ....................................
سلێمانی هەرکفتە نیە....................................
لە سلێمانی....................................
فوڵ سەرخۆش....................................
سێ دەبێ ئەخوا....................................
من سیاسی نیم....................................
سیغار....................................
سیلاح سز....................................
سەرتەنوری سلێمانی....................................
سەرسەری وشەلاتی....................................
سەرکردە قەت نابەزێ! ....................................
سەرکەوتووبی....................................

شازی پشیلە....................................

شیتەی تەرەزان ....................................

شێرە بەفرینە....................................

شەقاوە....................................

شەکراو خواردنەوە....................................

کاکی لیبراڵ....................................

عەبە باز ئەیا....................................

ئەولیای ئومور....................................

بەخودای غەدرم لەرەحمانی کرد....................................

وتارێک بۆ قەزاتەیەکی کۆن....................................

عەتری سلێمانی....................................

فولکەکەی عەقاری....................................

فەتاح پاشا....................................

فەرهەنگ....................................

فەزڵ وهونەر ....................................

فەیس بوک ....................................

لەفەیس بوک بۆی دانیشتوون....................................

قاپەکەی وەزیری دەرەوە....................................

قژ زەردو جاو شین....................................

قورمساغ....................................

قومتار ناناسم....................................

قۆریە شکاو....................................

کارئاسانی بۆ بکەن....................................

مەعمەلی جگەرەکە......................................
کاری هونەریی ئێمەو ئەوان......................................
کازم ئەلساهر ......................................
کاک دکتۆر مارکس......................................
کتێبخانەی گشتی......................................
کڵاشینکۆف......................................
کولیچەی جەژن......................................
کەس بەپێ نارِوا......................................
گاور دروستی ئەکا! ......................................
گسکی بەغا......................................
گۆڵەکەی کاک هاوکار......................................
گێرانەوەی نوکتە......................................
گەعدەی عاتیفی ودڵداری! ......................................
لافیتەی مەرحوم......................................
لاکشمیبای......................................
لێوارەکانی رەخنە ......................................
لە بیل بوتوم......................................
لەپەنجاکانەوە ئەخوێنمەوە......................................
لەسەر زیافەت بووم......................................
لەگەڵ زاهیر......................................
لەوەسفی گیپەیا......................................
مردووەکانی کاک زەینەدین......................................
مریشکی خواردووە......................................

معاون ئەدیب.......................................................
موجامەلە.................................................
ئەیماڵین بە بەغایا.......................................
ئەوکاتانە خۆش بوو.................................
جوعمەو شەمە ناتوانم......................................
حەسەن ئەمبرێڵڵا.....................................
ئەفەنی فەردە.................................
ئیفتیتاحی رەسمی.......................................
ئامادەی جەرگەی مەیدانم ..............................
ئەستێرەی ئاسمانی ئەدەبیات..........................
ئیستیفادەکانی قەرنابیت...................................
وەجاخ زادە.................................
ناوی موبارەك ......................
نیهایەت...............................
ناودارو بێ ناو..............................
جەبهەی ئەمامی...............................
های لایف.................................
ئەکادیمیست.........................................
ئیختیساسی کەلەیە...........................
ئامانەکە............
یاساوکۆمەڵ..................................
ئەی تۆپەکە فتبۆڵەکە ...............................
وتەی بەنرخ.......................................................

مامۆستا ژوانی هەیە...............................................

نەورۆزمان پیرۆزکرد..................................

نان بۆ نانەوا.........................

ناشی کار..............................................................

مەعرەزی مەعاش..........................

کەمانچە ژەنەکە......................

رۆشنبیرو ئیزراب ................

طەلەبێکی موستەحجەل .........................................

هەموو ئۆزایدین .........................................................